تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

مێژووی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەمریکا

فریشته نورانی
و. هەورامان فەریق کەریم

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردى - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

مێژووی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەمریکا

مێژووی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەمریکا

فرشتە نورائی

وەرگێڕانی

هەورامان فەریق کەریم

دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی

● مێژووی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەمریکا

● نووسەر: فرشتە نورائی، (مامۆستای زانکۆی تاران)

● وەرگێڕانی: هەورامان فەریق کەریم

● نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی

● بەرگ: ئاسۆ مامزادە

● ژمارەی سپاردن: ٣٩٧

● نرخ: ٤٠٠٠

● چاپی یەکەم: ٢٠٠٧

● تیراژ: ١٠٠٠

● چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆک)

زنجیرەی کتێب (٢١٨)

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

پێڕست

پێشەکی نووسەر	١
بەشی یەکەم: کۆچکردن و نیشتەجێ بوون	٥
بەشی دووەم: شۆڕش و سەربەخۆیی	٣٧
بەشی سێیەم: کۆماری تازە بونیادنراو	٥٩
بەشی چوارەم: دیموکراسیی و چارەنوسی یەکلاکەرەوە	٧٩
بەشی پێنجەم: کۆمەلایەتی و شەڕی ناوەخۆ	١٠٣
بەشی شەشەم: ئەمریکای پیشەسازی	١٣٧
بەشی حەوتەم: سەردەمی روداوە پێشکەوتن خوازیەکان	١٦٥
بەشی هەشتەم: : فرانکلین رۆزفلت و پلانە چاکسازیەکان	١٩١
بەشی نۆیەم: ئەمریکا لە نێو گێژاوی سیاسی و سەربازیدا	٢٠٩
بەشی دەیەم: پڕ لە ئازارو گۆڕانکایە کۆمەلایەتییەکان	٢٢٩

باتو یاد هیچ کس نبود روا

قطره دانش که بخشیری زپیش

متصک گردان به دریاهای خویش

پێشکەشی دەکەم بە:

- دایک وباوکی بەرێزو ماندوونەناسم.

- هاوڕێ خۆشەویستەکانم، هەروەها برای بەرێزم کاک ئەکرەم بارام کە هەر لە منداڵیەوە وەک مامۆستایەکی دڵسۆز ئاراستەی کردووم.

* زۆر سوپاسی هەموو ئەو خۆشەویستانە دەکەم کە هاندەرو یارمەتیدەرم بوون، بە تایبەت بەڕێزان دکتۆر قادر محمد، مامۆستا عەلی کەریم کەپێداچوونەوەی کتێبەکەیان گرتە ئەستۆی خۆیان و مامۆستا سروە عوسمان و مامۆستا موسلح نیروانی و مامۆسا مراد حکیم و کاك سۆران بهاو...

پێشەکی

ئەم کتێبە کە لەناوەڕاستی سالآنی حەفتاکانی سەدەی بیستەم لەلایەن (د.فرشتە نوداتی)یەوە نووسراوەو مێژووی گۆڕانکاریە کۆمەلآیەتی و سیاسیەکانی ئەمریکا هەر لەسەرەتای سەدەی شانزدیەمەوە تا دوای ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی بیست لەخۆ دەگرێ، زانیاری بەسودی لەسەر مێژووی ئەمریکا بەتایبەت مێژووی سیاسی تێدایە، ئەم کتێبە، پێدەچێ نووسەرەکەی هەر لە ئەمریکا نووسیبێتی و، لەنزیکەوە مامەلەی لەگەلّ ماددەی خاوی بابەتەکەی کردووە، هەروەها سەرچاوەی جۆراوجۆری بەکارهێناوە، بەپوختی بابەتەکانی خستۆتەروو و شیکردنەوەی بۆکردوون و تێگەیشتنیان ئاسانە، هەرئەم تایبەتمەندیانەش وایان کرد، کە کتێبەکە وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی.

بە زمانی کوردی لەبارەی مێژووی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا نەمزانیوە، هەتا بەم دوواییانە، نووسراوێك چ وەرگێڕدراویان دانراو هەبێ ، کە ڕابردووی ئەو ولآتەی بەشێوازێکی دیرۆکی زانستیانە لە خۆگرتبێ وبشێ توێژەران و هەلّوەداپانی ئەو بوارە، پشتی پێ ببەستن. بۆیە وەرگێڕانی ئەم کتێبە، هەرچەندە هەولّی بەرکولّ و هەنگاوی بەرایی یە، بەلآم دلّنیاین بەرهەمی دیکەی ـ لەو بوارەدا ـ بەزمانی کوردی بەدوادا دێ و بایەخدەران بەمێژووی ئەمریکا لێی بەهرەمەندو لە بەرامبەرکۆششی وەرگێڕدا سوپاسگوزارو ڕەزامەند دەبن.

نێوەڕۆکی ئەم کتێبە چ گرێ و گولّ و کەندو لەندی وای تێدانین کە پێویستیان بەشیکردنەوەو شەت و کردن بێ و ئەقلّ لە ئاستیاندا هەلّوەداو سەراسیمەو دەربەست بێ، بەلّکو بەزوبانێکی سادەو دەربڕینێکی ڕوان و پاراو نووسراوە. ئەمە زۆرلە وەرگێڕانە

کوردیەکەدا دەردەکەوێ، کە وەرگێڕی کتێبەکە ئەوەندەی دیکە، بەرەنج و کۆششی خۆی، لە بارو لەبەر دلاّنی کردووە.

لەساڵی خوێندنی ٢٠٠٥-٢٠٠٦ کە گەلاّلـەی ئەرکـەکانی خۆمـان لـە بەشـی مێـژوو دادەڕشت، لەو وەختەوە دانـان وەرگێڕانـی کتێبی جۆراوجـۆری مێـژوویی کـە بەتایبـەتی سەرچاوەی گرنگی بابەتەکانی خوێندنی بەش بێ، ئەوا خرانە بەرنامەی کارەوە و بەئـەرکی ئەکادیمیانەی خۆمان زانی کە لەو بوارەدا کاربکەین و، بۆئەوەش مامۆستایان و قوتابیانمان هانداو سەرەتای کارەکانمان خۆشبەختانە بەگەرم و گوڕی دەستی پێکـردو تـانەو هـەنگاوی باشمان ناوەو ئێستە بەرەی ئەو کارە بەبایەخە، ئـەم کتێبـەی بەردەسـتتانە، کـە سەرچاوەیەکی بـەپێزی قوتابیـان وتوێـژەرانی مێـژووە و لەکتێبخانـەی کوردیـدا جێگـای شـیاوی خـۆی دەکاتەوە.

وەرگێڕانی ئەم کتێبە کەلەلایەن قوتابی ئـازیز، کـاک هـەورامان ئـەنجام دراوە، زمـانی فارسی دەزانێ و لەم وەرگێڕانەشیدا دیارە کە شارەزاییەکی باشی لە زمانی کوردی هەیـە و زۆر وەستایانە و بەسـەلیقەوە وشەو دەستەواژەی کوردی بەکارهێناوە، کـە بـۆ وەرگێڕێکـی گەنجی لـە کـاک هـەورامان، هـەروا کـارێکی ئاسان نـەبووەو مانـدووبوون و شـەونخوونی ویستووە. بۆ بەئەنجامدانی کارەکەی بەسـەرکەوتوویی ئومێـد بەخـشە و بریـا زۆری دیـان هەبان و توێژەران و قوتابیانمان چاویان لێ کردباو بەهرەو شایستەیی خۆیان نەشاردبایەوە.

هیوادارم خوێندکاران و توێژەرانمان سوودی زۆر لەم کتێبە وەربگرن و ببێتەسـەرەتایەکی باش بۆ بە ئەنجام گەیانـدنی پـرۆژەو کـاری دیکـەو، دڵنیـایین مامۆسـتایان و قوتابیـان و پسپۆڕانمان لەو بوارەدا قۆڵی لێ هەڵدەماڵن و بناغەیەکی نوێ بـۆ بـەکوردیکردنی هەرچـی زیاتری سـەرچاوەی دیکە دادەنێن و سەرکەتن هەر لە خواوەیە.

د. قادرمحمدحسن

سەرۆکی بەشی مێژوو- کۆلێژی ئەدەبیات

زانکۆی سەلاحەدین

پێشەکی نووسەر

ئەو گۆڕانکاریەی کە بە درێژایی ڕەوتی مێژوویی سی ساڵی کۆتایی پاش جەنگی دووەمی جیهانی هاتۆتە ئاراوە و ئەو ڕۆڵەی کە ئەمریکا لەم پێناوەدا لە بواری سیاسەتی جیهانی دا گێراویەتی، پێویستی بە ئاگا بوونی زیاتری ئێمە دەربارەی ئەو وڵاتە و ناسینی ئەو گۆڕانکاریانە دەسەلمێنێت. ئەم بەرهەمە خۆی لە خۆیدا بەشێکە لە زنجیرەیەک بابەتی گرنگ، لە بواری مێژوو و فەرهەنگ و کۆمەڵگەی ئەمریکاو لێکۆڵینەوە و بڵاوکراوە ئەکادیمیەکان لەم بوارەدا، هەروەها گەورەترین نیشانەی دەرک کردنە بە بایەخ و هۆشیاری ئەم گۆڕانکاریە جیهانی یە. چ ئەم ڕووداوە مێژوویی یە نوێ یە بە درێژە پێدەری فەرهەنگی ئەورووپا لێک بدەینەوە، یان ناسنامەیەکی سەربەخۆو هەر هیچ نەبێت دیاری کراوی بۆ دابنێین، پێویستی لێکۆڵینەوە و بە دوا دا چوون دەربارەی ئەمریکا بە باشی هەستی پێ دەکرێت.

ئەمریکا، میراتگری شارستانیەتە جیاوازەکانە، ئەورووپا کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی لەسەر گۆڕان و پشت ڕاست کردنەوەی هەبوو، هەروەها ئەفریقا لە بتەو کردنی بونیادەکەیدا بەشداری کرد و لەماوەی چوار سەد ساڵدا، ئەمریکا لە قۆناغێکدا کە داگیرکەیەک زیاتر نەبوو، لە شێوەی زەمینێکی جیهانی دا دەرکەوت و، کاریگەری لەسەر گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگاکانی تر و شێوازی ژیانی خەڵکی وڵاتە جۆربەجۆرەکان دروست کرد و، سیاسەتی جیهانی لە چوار چێوەی بیر و بۆچونەکانی خۆیدا ئاڕاستەو ڕێنمایی کرد.

هیچ کۆمەڵگەیەک وەک ئەمریکا، بیرۆکەی پێش کەوتنی بە بەشێک لە هزری کۆمەڵایەتی خۆی و بیرۆکەی ئازادی و یەکسانی باڵاتر لە ئیمتیازاتی نەریتە باوەکانی کۆمەڵگەکەی دانەناوە. لە لایەکەوە بۆتە پەناگایەک بۆ هەڵهاتن لە دەست درێژی یە سیاسی و مەزهەبیەکان و، لەلایەکی ترەوە ناوچەیەک کە مزگێنی چاکتر بوونی مەرجەکانی ژیانی ماددی و دەرفەتی پێش کەوتنی بە تاکێکی ئاسایی داوە.

فەرهەنگی ئینگلیزی بونیادی حکومەت و کۆمەڵگەی ئەمریکای ڕەنگ ڕێژی کرد و، ژینگەی جوگرافیای، باروودۆخی سروشتی، فراوانی کیشوەری، سنورە گۆڕاوەکان، شەپۆلی کۆچ کردنە یەك لە دوای یەکەکان، ئەو هەمروو گۆڕانکاریە جۆراو جۆرەی لێکەوتەوە، و هێدی هێدی بناغەی کۆمەڵگەیەکی نویّ ی دامەزراند کە بە بەردەوام بوونی فەرهەنگی ئەورووپی، تایبەتمەندیەکی تەواوی ئەمریکایی وەرگرت. بزاوتی کۆمەلایەتی، متمانە بە ئاییندە، عەشق بۆ ئازادی، حەز کردن بە ئەزموون و تاقی کردنەوە، گوڕ و تین بەرەو خۆ پێگەیاندن و، هەوڵدان لە پێناو خۆشگوزەرانی ماددی بە تێکڕا کاریگەریان لەسەر گۆڕانی ئاسۆی کۆمەلایەتی ئەمریکا هەبوو .

تێکڕای ئەم دیاردە کۆمەلایەتیانە، واتە گرنگی دان بە زانست و پیشەسازی، باوەڕ بە پێشکەوتن و بەرەو پێشەوە چوون، جەخت کردنەوە لەسەر لێهاتوویی تاك لەگەڵ ئازادی و ناسینی مافی شارستانی و، کاریگەری گروپە جۆراو جۆرەکانی کۆچبەران لەسەر یەکتر، دەستیان دایە دەستی یەکترو تایبەتمەندیەکانی کەسایەتی ئەمریکایی و فەرهەنگی تایبەت بەژیانی کۆمەلایەتی ئەمریکایان دروست کرد. کۆمەڵگەی ئەمریکا بوویە نموونەی ئەزموونێکی گرنگ لە بواری حکومەتی دیموکراسی سیاسی دا.

شۆڕشی ئەمریکا لە جۆری بزوتنەوە ئازادی خوازیەکانی چینی مام ناوەندی کۆمەڵگەیە، لە گرنگترین بەرهەمەکانی، دیموکراسی سیاسی و چەسپاندنی (مشروگیت) ی دەسەلاتی دەوڵەت بوو. پشت و پەنای فەلسەفەی دیموکراسی سیاسی، باوەڕ بە بونیادی تاك ، ئازادی یە کۆمەلایەتیەکان، مافی شارستانی و، حکومەتی میللی یە، کە لە قانونی ئەساسی دا ڕەنگی داوەتەوە. سەرکردایەتی ئەمریکا هەولی دەدا کە قانونی ئەساسی دەرهاویشتەی ڕێسا و یاسایەك بێت کە دەسەلات بەسەر پەیوەندیەکانی نێوان میللەت و دەوڵەت لە لایەکەوەو هەروەها سیستەمی دەوڵەت دابگرێت ـ بەو هیوایەی کە دەسەلاتی کۆمەڵگە فراوان و بێ سنور بێت، بەلام لێپرسراو و هەڵسوڕێنەرانی بەهێزی ملکەچ کردنیان بۆ یاسا بچوك و سنوردار بمێننەوە. باوەڕ بە دەنگی زۆرینە، حکومەت لە ڕێگای هەڵبژاردنەوەو، جەخت کردنەوە لەسەر یەکسانی تاکەکان لە بەرامبەر یاسادا، بەشێك لە سیستەمی دیموکراسی سیاسی ئەمریکا پێك دەهێنێت.

دیموکراسی سیاسی لە بنچینەدا حکومەتی چینی ناوەندە. کۆمەڵگە هەمان ئەندازە کە باوەڕی بە بناماکانی مەرج داربوونی دەسەڵاتی دەوڵەت، حکومەتی یاسا و مافی کۆمەڵایەتی تاك هەیە، بەهەمان ئەندازەش جەخت لەسەر خاوەنداریتی تاکەکەسی و داهێنانی ئابوری تاك لەسەر مایە گوزاری تایبەتیدا دەکاتەوە.

خوێندنەوەی مێژووی ئەمریکا بەشێکی زۆر فراوانە کە لە ڕووی لایەنە جۆر بە جۆرەکانی سیاسی، ئابوری، فەرهەنگی و هونەری یان بە واتایەکی تر تەکنەلۆجی یەوە گرنگیەکی زۆری هەیە. هەڵبەت تێڕوانینی مەملەکەتە جیاوازەکان بۆ ئەمریکا لە ڕووی چییەتی مەسەلەکانی ئەو کۆمەڵگانە و پەیوەندیان لەگەڵ ئەو وڵاتەدا جیاوازە، تێڕوانینی کۆمەڵگەی ئەورووپای پێشەسازی بۆ ئەمریکا بەدڵنیایی یەوە لەگەڵ هەڵسەنگاندنی ئەو کۆمەڵگانەی کە تازە بەرەو کاریگەری تەکنەلۆجیا و گۆڕانی ئابوری هەنگاو دەنێن و، یان وڵاتانی ئەفریقی کە تازە جاری سەربەخۆییان داوە، جیاوازە .کاریگەری ئەمریکا لەسەر کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا یان ڕۆژهەڵات، بەئاشکرا هەستی پێ دەکرێت.

بڵاوکردنەوەی کتێبە جۆر بە جۆرەکان و، لێکۆڵینەوە گەورەو فراوانەکان دەربارەی لایەنە جۆراو جۆرەکانی مێژووی ئەمریکا بایەخ و گرنگی ئەو دونیا نوێ یەمان بۆ دەردەخات.

لەژیانی ئەمرۆدا ڕووداوێکی نوێ لە بواری لێکۆڵینەوەی مێژوویی دا بەرچاو دەکەوێت و شێوازێکی زانستی دیاری کرا و بۆ گەیشتن بەم ئامانجە بەکار دەهێنرێت، بۆ ئەوەوەی شیتەڵ کردن و شیکردنەوەیەکەی ڕوون و ئاشکرا لە ڕابردوو بدات بەدەستەوە.

ئەو کتێبە ڕەنگاو ڕەنگانەی کە دەربارەی مێژووی ئەمریکا لەم ساڵانەی کۆتایی دا بڵاو کراونەتەوە، چیرۆکێکی ڕاستەقینەی ئەم گۆڕانکاریە ئەکادیمیە نوێ یە دەگێڕنەوە. لێکۆڵینەوەی پسپۆڕانی دەرەکی سەبارەت بە ئەمریکا، نیشانەیەکی دیکەی بایەخی خوێندنەوەی گۆڕانکاریەکانی ئەم وڵاتەیە. هەموویان تێڕوانینێکی پۆزەتیڤیان بۆ ئەمریکا نەبووە، بەڵام ئەم وڵاتەیان بە خاوەنی وەها عەجاییباتێك کە لە بارەیەوە چەندەها لێکۆڵینەوەو سەرنجیان پێشکەش کردووە. ((ئەلکسیس دۆتۆکویل)) و ((جیمس برایس)) لەسەدەی نۆزدەیەم، ((دنیس بروگان)) و ((هارۆڵد لسکی)) لەسەدەی بیستەم، لەو جۆرە کەسانەن.

ئەم کتێبە بەرهەمی چەند لێکۆڵینەوەیەکە کە بە سوود وەرگرتن لە دەرفەتی خوێندنەوە لە زانکۆی ییل ئەنجامم داوە. لە نوسینەوەی دا سوودێکی زۆر لە نوسینەکان و بەرهەمی مێژوو نووسانی ئەمریکی وەرگیراوە. هەوڵ دراوە کە مێژووی ئەمریکا بە لەبەرچاو گرتنی گۆڕانی ڕووداوە فکری و کۆمەڵایەتیەکان هەڵ بسەنگێنرێت.

لە زانکۆی ییل سودێکی زۆرم لە بیر و ڕاو ڕێنمایی یەکانی مامۆستایانی ئەم بەشە وەرگرتووە و بەتایبەت پرۆفیسۆر ((جۆن بلوم)) پرۆفیسۆر ((ڕابین وینکز)) و پرۆفیسۆر((دانیەل ئارون)) مامۆستای زانکۆی هاروارد کە زۆر سوپاسیان دەکەم. بۆ ڕێك خستنی ووردەکاریەکانی ئەم کتێبە بەڕێز غولامرەزا شکوهی دەرچووی بەشی مێژووی زانکۆی تاران هاوکاری یەکی زۆری کردووم و سوپاسی ئەویش دەکەم.

فریشته نورائی

بەشی یەکەم:

کۆچکردن و نیشتەجێ بوون

لەسەدەی دەیەمی زاینیەوە گەشتکردن بەرەو قارەی ئەمریکا لە لایەن گروپە دەریاوانەکانی ((وایکینگ))ەوە کە لە باکوری ئەوروپا و ئۆقیانوسی ئەتلەسیدا نیشتەجێ بوو بوون دەستی پێ کرد، بەلاّم ئەم گەشتانە زۆر سەرنج ڕاکێش نەبوون و، جگە لەوەش ئەوروپیەکان زیاتر بایەخیان بە ولاّتانی ڕۆژهەلاّت دەداو شەڕی خاچپەرستەکانیش ڕۆژئاواییەکانی تاسەدەی سیانزەهەم بە خۆوە سەرقالّ کردبوو.

﴿دەکرێ بلێین﴾ گۆڕانکاری نوێ ی سەرمایەداری، بە هۆکارێکی کاریگەر دادەنرێ لە سەفەرەکەی ((کریستۆف کۆلۆمبز))دا بۆ بەدەست هێنانی مالّ و سامانێکی فراوان ـ کە دۆزینەوەی ئابوری و ڕامیاری کیشوەری ئەمریکایی بە دواوە بوو. شەڕی خاچپەرستەکان، هۆکاری ئاشنا بوونی ئەوروپیەکان بوو لەگەلّ ژیان و ژیاری ڕۆژهەلاّتدا. هەروەها شارەکانی تری ئیتالیا خالّی پەیوەندی نێوان ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوا بوون لە ڕووی بازرگانیەوە. سەفەری بازرگانەکانی ئیتالیا بەرەو ڕۆژهەلاّت بەتایبەت سەفەرەکەی ((مارکۆ پۆلۆ)) بەرەو چین، سەرنجی ولاّتانی ئەوروپای بۆ لای خۆی ڕاکێشا. مەبەستی سوود و بەرژەوەندی، بیر کردنەوەی سنور داری سەدەکانی ناوەڕاست و ترسانیان لە ژینگەی نامۆ، ئەوروپیەکانی بەرەو ڕووداو خوازی دۆزینەوەکان زیاتر هانددا. پێویستی ڕۆژئاوا بۆ شتومەکی ڕۆژهەلاّت، هۆکاری سەرەکی دروست بوونی ئەم پەیوەندیانە بوو. ڕێگاکانی هاتووچۆی بازرگانی کە لە ماوەی چەند سەدەیەکدا پێداویستیەکانی ڕۆژئاوای لە کەرەستەکانی ئاوریشم و بەهارات و بەرهەمەکانی تری ڕۆژهەلاّت پڕ دەکردەوە، بەهاتنەکایەی عوسمانیەکان و ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی لە سالّی ١٤٥٣ دا، داخران. ئەوروپیەکانیش بە مەرامی دەست بە سەرا گرتنی سەروەت و سامانی ڕۆژهەلاّت، بە دووی ڕێگایەکی دەریای نوێدا دەگەڕان و پورتوگال، یەکەم ولاّتی

ئەورووپی بوو کە بۆ پەرەپێدان بازرگانی و بەدەست هێنانی بەرهەمی ڕۆژهەڵات، دەستی دایە دۆزینەوە دەریایەکان و، لە هەمان کاتدا کۆتا وڵاتیش بوو، کە بەو پەڕی حەسرەتەوە زەویە بەدەست هێنراوەکانی بەجێ هێشت.

شازادە ((هێنری))، ناسراو بە دەریاوان، یەکێك بوو لە هاندەرانی دەریاوانی و دۆزینەوە جوگرافیەکان . ناوبراو، ناوەندێکی بۆ توێژینەوەی ئەستێرە ناسی و لێکۆڵینەوەی جوگرافی و دروست کردنی کەشتی دامەزراند.

[لەهەنگاوێکی تردا] ((بارتلمو دیاز)) لە گەشتێکدا کە دەوری ئەفریقای دایەوە لە ڕێگەی لوتکەوی هیوای چاکە وە،کە بە هیوای چاك ناسراوە، لە ساڵی ١٤٨٦ ڕێگایەکی نوێ ی بۆ پەرەپێدانی بازرگانی دەریایی پورتوگال دۆزیەوە و، پاش ئەو ((ڤاسکۆ دۆگاما)) لە ساڵی ١٤٩٨ بەسوود وەرگرتن لەم ئەزموونانە توانی خۆی بگەێنێتە زەویەکانی هیندستان.

ئیسپانیاش پاش جێگیرکردنی هێزی سیاسی وڵاتەکەی، لە لایەکەوە بە دروست کردنی پەیوەندی ژن و ژنخوازی نێوان دوو بنەماڵەی پاشایەتی و، لەو لاشەوە بە زاڵ بوونی بەسەر موسڵمانانندا، توانی بارودۆخی ناو خۆی وڵات هێور کاتەوە و، دواتر بۆ فراوانکردنی بازرگانی وڵاتەکەی دەستی بە دۆزینەوە دەریایەکان کرد . شکستی موسڵمانان و پاشە کشێ کردنیان لە خاکی ئیسپانیا، هاوکات بوو لەگەڵ گەشتە مێژوویەکەی ((کۆلۆمبز))دا کە لە ساڵی ١٤٩٢ بە ئەنجامی گەیاند. لە لایەکی ترەوە ئەو گۆیە جوگرافیەی کە ((بی هایم)) لە ساڵی ١٤٩٢ دروستی کرد، ماوەی نێوان ئەورووپاو ئاسیای لە ڕووی ڕۆژئاواوە نزیکتر کردەوە هەر ئەمەش هانی ((کۆلۆمبز)) و دەریاوانەکانی تریدا ،کەلە ڕێگەی ڕۆژئاواوە دەستیان بگەێننە هند و زەیەکانی ڕۆژهەڵات.

پورتوگال و ئیسپانیان، کە تا ماوەیەکی زۆر بە حەسرەتەوە بینەری چالاکیەکانی ئیتاڵیا لە بازارەکانی ڕۆژهەڵاتدا بوون، بە سوود وەرگرتن لە ئامێرە پێشکەوتوەکانی دەریاوانی بڕیان لە ڕێگایەکی کورت تر بەرەو هندستان دەکردەوە.

((کریستۆف کۆلۆمبز)) و هاوەڵەکانی چوار گەشتیان بەرەو ئەمریکای مەرکەزی ئەنجامدا و، زۆربەی دوورگەکانی دەریای ((کاریبی)) و کەنارەکانی باکوری ئەمریکای باشور لە هندۆراسەوە تا پەنەمایان کەشف کرد. ئەم گروپە وا هەستیان دەکرد کە توانیویانە بەشێك لە ئاسیا بدۆزنەوە و، دانیشتوانەکەیان بە هێندی پێناسە کرد و تەنانەت بەشێك لە دورگەکانی دەریای ((کاریبی)) یان بە هندی ڕۆژئاوا ناو دەبرد.

بەم شێوەیە گەشتە یەك لە دوای یەكە دەریاییەكان پاش سەفەرەكەی ((كۆلۆمبز)) شێوازێكی نوێ یان بە خۆوە گرت. كەسێكی خەڵكی فلۆرانس بەناوی ((ئەمریكۆ فسپۆچی)) كاتێك كە لە ساڵەكانی نێوان ١٤٩٧ ـ ١٥٠٥ دا سەفەرێكی بۆ ئەم ناوچانە كرد بوو، دڵنیا بوو لەوەی كە ناوچەیەكی نوێ ی دۆزیوەتەوە، كە لە هەموو رویەكەوە لەگەڵ هندا جیاوازی هەیە ، پاشان ووتارێكی بە ناوی ((دونیای نوێ)) بلاّو كردەوە و، دواتر لە لایەن جوگرافی ناسی ئەڵمانی ((ڤالدرز مولەر)) وە چاپكرا و، هەر ئەویش بوو پێشنیازی كرد، كە وا ناوچە تازە دۆزراوەكە بەناوی ((ئەمریكۆ فسپۆچی))ەوە ناو بنرێت.

دەستەی دۆزەرەوەی ئیسپانی بەرابەرایەتی ((ماجەلان))، لە ساڵی ١٥٢٠ لە ئۆقیانوسی ئەتڵەسیەوە خۆی گەیاندە ئۆقیانوسی ئارام و، بە ئارامیشدا گوزەری كرد و لە كۆتاییدا توانی پێ بخاتە نێو دورگەكانی فلیپینەوە، هەرچەندە [ئەم سەفەرە كۆتایی بەتەمەنی ماجەلان هێنا] بەلاّم ئەندامانی گروپەكە لەسەر گەشتەكەیان هەر بەردەوام بوون و دواتر لە رێگەی ئۆقیانوسی هیندیەوە گەرانەوە بۆ ئیسپانیا. بەم شێوەیە دەریا وانەكان توانیان بۆ یەكەم جار بە دەوری گۆی زەویدا بسورێنەوە و هەر ئەم زانیاریە نوێ یانەش یارمەتیدەرێكی باشبوون بۆ جوگرافی ناسان، بۆ ئەوەی بتوانن نەخشە كانیان بە شێوەیەكی راستتر و وێنە بكێشن.

هەرچەندە ((كۆلۆمبز)) و هاوەڵەكان، لەم بەشە گرنگەی جیهاندا شتێكی پایە بەرزو مەزنی وەك زەویەكانی رۆژهەلاتیان نەدۆزیەوە، بەلاّم ئەم ناوچانە لە هەموو رویەكەوە بۆ ئیسپانیەكان جێگەی سەرنج و بایەخ بوون. پیاوە ئاینیەكان زەویە دۆزراوەكانیان كردە شوێنێكی تازە بۆ بلاّو كردنەوەی ئاین و بانگیەێشت كردنی خەڵكی بۆ ئاینی مەسیحییەت. حكومەتی ئیسپانیا [هەر لە سەرەتاوە] ئەم زەویانەی بەسەر چاوەیەكی نوێ بۆ پركردنی خەزێنەی دەوڵەت لە زێر و زیو لێك دەدایەوە و، پیاوە گەورەكان، كەشەر و شۆریان كرد بووە پیشەی هەمیشەی خۆیان و بەتاڵ و وەتاڵ مابوونەوە، بە مەرامی بەدەست هێنانی سەروەت و سامان بەرەو ئەم ناوچانە شۆرِ بوونەوە، بەم شێوەیە فراوان خوازە ئیسپانیەكانیش روویان كردە زەویە تازە دۆزراوەكان و سەروەت و سامانی ناوچەكەیان لە نێوان خۆیان و پورتوگالیەكاندا دابەش كرد. پاپا ئەلێكساندەری شەشەم بەناوی كڵێسەوە داوای تێكرای زەویە كە شفكراوەكانی كرد، بۆ ئەوەی بیاغاتە ژێر ركێفی خۆیەوە، بەلاّم لە ساڵی ١٤٩٢ بەرەسمی دانی بە دەسەلاّتدارێتی ئەو ولاّتانە بە سەر ئەم زەویانە دانا، پورتوگال ناوچەی رۆژهەلاّتی ئەمریكای باشوری ـ كە بە بەرازیل ناو دەبرا ـ بەركەوت و، ئەوەی مایەوە درایە پاڵ ئیسپانیا.

ولاتی فەرەنساش کەتا ئەم ساتە وەختە هیچ سودێکی لەم دەفەتە وەرنەگرتبوو، ((ژاك کارتیە)) ناوێکی بۆ ((دونیای نوێ)) نارد و، ئەویش توانی سەرەتای کەنداوی سن لۆران بەناوی فەرەنساوە کەشف بکات. لە لایەکی ترەوە ((هێنری حەوتەم)) پادشای بەریتانیا ئیتالیایی یەکی بەناوی ((جان کابوت)) رەوانەی کەنارەکانی زەریای ئەتلەسی کرد و ئەویش بەشێك لە لابرادۆر تا کەنداوی چزاپیکی کەشف کرد و، بەریتانیا دەست بەسەر راگرتنی ئەم ناوچانەی لەسەر بنچینەی دۆزینەوەکانی ((کابوت)) راگەیاند.

یەك ئەوە دوای((کۆلۆمبز)) چەند رووداوێك لەو ئەوروپا روویاندا، کە کارگەریەکی راستەو خۆی لەسەر ((دنیای نوێ)) هەبوو، ئەویش راپەڕینی ریفۆرم و چاکسازی مەزهەبی لە سالی ١٥١٧ و، دامەزراندنی کلێسەی پرۆتستانت بوو.

هەرچەندە ((جان کابوت)) لە سەردەمی (هێنری حەوتەم)) دا کە نارەکانی رۆژهەلاتی ئەمریکاری باکوری دۆزیەوە و بەلام کۆچکردنی ئینگلیزەکان بۆ ئەم کیشوەرە یەك سەدە دواتر بە ئەنجام گەیەنرا. ئەو فاکتەرانەش کە کارگەریەکی راستەو خۆیان لەسەر دورست کردنی داگیرگەکانی بەریتانیا هەبوو بریتی بوو لە :

-گۆرانکاری تیجارەت و شۆرشی بازرگانی.
-گۆرانکاری لە کشتوکالدا.
-چاکسازی مەزهەب.

گەشە سەندنی بازرگانی ئینگلیز و دامەزارندنی کۆمپانیا بازرگانیەکان لە سەدەی شانزدەدا ، کارگەریەکی راستەوخۆیان لە سیاسەتی فراوانخوازی ئەو ولاتەدا هەبوو. دەستەی ئکتشافی بەریتانی کە بە دوای رێگایەکی گونجاو تر لە باکوری رۆژهەلاتی ئەوروپادا دەگەران، لە سالی ١٥٥٣ توانیان دەریای سپی لە کەنارەکانی روسیا بدۆزنەوە و، بازرگانانی ئەو وولاتە سەفەرکردنیان لەم رێگەیەوە بەرەو روسیا دەست پێ کرد و، لە رۆژەوە ((ئارخانگل)) وەك بەندەرێکی بازرگانی لە کەناری زەریادا ناوبانگی دەرکرد. بۆ زیاتر پەرە پێدانی بازرگانی، حکومەتی ئینگلیز ((کۆمپانیای بازرگانی مۆسکۆی)) دامەزراند و بە مەبەستی جێگیر کردنی بازرگانیەکەی لە رۆژهەلاتی دەریاری ناوەراست، سالی ١٥٩٢ ((کۆمپیانیای بازرگانی لوانت))ی خستە کار و، دوای ئەو دامەزراندنی (کۆمپانیای هیندی رۆژهەلات))لە سالی ١٦٠٠ بوو بە فاکتەرێکی سەرەکی لە پەرەسەندنی بازرگانی حکومەتی ئینگلیز لە هندستاندا. هەر ئەم گۆرانکاریە بازرگانیەش هۆکاری سەرکەوتنی بازرگانانی ئەو ولاتە بوو

بەسەر بازرگانە ئەڵمانی و ئیتاڵیەکاندا. لە ئەنجامدا خوری بەریتانیا کە تا ئەم ماوەیەش وەك کەرەستەیەکی خاو بەرەو وڵاتی فلاندەر دەنێررا، بە زیاد بوونی سەرمایەی گەورە بازرگانەکان توانیان سودێکی زۆر باش بۆ بەرهەم هێنانی پارچە لەم دەرفەتە وەربگرن و لەبری ئەوەی خوریەکە وەك ماددەیەکی خاو ڕەوانەی وڵاتی فلاندەر بکەن، خۆیان ببنە مەڵبەندێکی ناردەنی شتومەکی بەرهەمهێنراو بەرەو وڵاتانی دەرەوە.

گۆڕانێکی دیکەی ئابوری ئینگلیز، لە بواری کشتوکاڵ کردندا بوو. لە سەدەی شانزەیەمدا ڕاپەڕینێکی نوێ لەو وڵاتە سەری هەڵدا. کە بووە هۆی زیاد بوونی دەسەڵاتی سەرمایە دارەکان. چینی دەسەڵاتدار کە هێزی پەرلەمانی ئەو کاتەیان پێك دەهێنا، چەند یاسایەکیان دەرکرد کە بە هۆیەوە زەوی یە کشتوکاڵیەکانی سەرمایەدارە گچکەکانیان بە پێدانی برێك پارە دەکڕی و، خۆیان دەبوونە خاوەنی ئەو زەویانە. ئەم یاسایە بە یاسای (چەپەرە) ناوبانگی دەرکرد. یاسای (چەپەرە) هاوکات لەگەڵ پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئامێرەکانی بەرهەمهێنانـدا دوو ئەنجامی گرنگی لێکەوتەوە، لە لایەکەوە بووە هۆی زیاد بوونی ڕێژەی بەرهەم هێنان لە بواری کشتوکاڵدا و لە لایەکی ترەوە ژمارەیەکی زۆر لە کۆلکە جوتیارەکانی ئاوارەی شارەکان کردوو، ئەمەش دەبووبە هۆی زیاد بوونی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی ژمارەی دانیشتوان لە نێو شارەکاندا. لە ژێر کاریگەری ئەم بارودۆخەدا ئەم بیرۆکەیە سەری هەڵدا کە بە دروست کردنی ژمارەیەك داگیرگەی نوێ ڕێگا بۆ بەشێکی زۆری ئەم جوتیارانە خۆش بکرێت بۆ ئەوەی بتوانن بەرەو ((دونیای نوێ)) کۆچ بکەن و، بەم شێوەیە ڕێگە لە پەرەسەندن و زیاد بوونی ناهاوسەنگی دانیشتوانی وڵاتەکەیان بگرن. لە کاتێکدا کە ئیسپانیا ئەو پەڕی مەرجی تایبەتی لەسەر کۆچبەران دادەناو تەنها ئەو کەسانە بۆیان هەبوو کۆچ بکەن کە لە لایەن دەربارەوە هەڵدەبژێران، حکومەتی ئینگلیز سیاسەتی هاندانی بێ کۆسپ و تەگەرەی بۆ کۆچ کردنی هاوڵاتیان پەیڕەو کرد.

هۆکارێکی دیکەی دامەزراندنی ئەم داگیرگانە لە ئەمریکای باکوور شۆڕشی مەزهەبی ئەوروپای سەدەی شانزەیەم بوو، کە ئەنجامەکەی بە دامەزراندنی کڵێسەی پرۆتستانت کۆتایی پێ هات. لە بەریتانیا پاش ئەوەی ((هێنری هەشتەم)) بە پشت بەستن بە دەسەڵاتی پەرلەمان لە یاساکانی کڵێسەی کاتۆلیکی سەرپێچی کرد و لەگەڵ دام و دەزگاکانی ڕۆم دا پەیوەندی یەکانی بچڕاند. لە ساڵی ١٥٣٤ پەرلەمان یاسایەکی دەرکرد، کە بەهۆیەوە پادشای ئینگلیزی بە بەرزترین سەرچاوەی دەسەڵاتی کڵێسەو باڵاتر لە پیاوە ئایینیەکان دادەنا و، هەرچی

سەروەت و سامانی کاتۆلیکەکانیش بوو لە بەرژەوەندی دام و دەزگای حکومەتدا دەستی بەسەردا گیرا. لەسەردەمی دەسەلاتی ((ئیلیزابێتی یەکەم)) دا، کلێسە شکڵ و شێوازێکی نوێ ی بەخۆوە گرت و، پێک هاتەی کلێسەی پرۆتستانتی لۆتەری هاتە کایەوە و، کلێسەی ئینگلیزی بوو بە کلێسەیەکی نێو دەوڵەتی و ژمارەیەکی زۆری خەڵك بەدووی کەوتن، چەند یاسایەکی قورسیش بەسەر ئەو کەسانەی کە سەرپێچی فەرمانەکانی کلێسەیان دەکرد، سەپێنران.

جیا بوونەوە لە کلێسەی کاتۆلیکی دوو ئەنجامی گرنگی هەبوو : بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندین بیرو باوەڕی نوێ و چەند دەستەیی لە بنەماکانی دیانەتدا و جگە لەمانەش دەسەلاتی بێ سنووری حکومڕانی کەوتە ژێر گومانەوە. هەموو ئەم بیرکردنەوانە لەگەڵ کۆچبەرە تازە هاتووەکاندا بۆ ((دونیای نوێ)) گوازرانەوە.

ئەم گۆڕانکاریانە لەئەنجامی پێشکەوتنی ئابوری و سەرمایەداری لە ئەورووپادا هاتنە کایەوە و هۆکاری سەرەکی ئەم گۆڕانکاریانەش بۆ پەرەسەندنی بازرگانی بەهۆی دروست کردنی ڕێگای هاتو چۆی بازرگانی دەریایی، دەست بەسەرا گرتنی زەویە دۆزراوەکان و پشتوانی و هاندانی بازرگانەکان دەگەڕێتەوە. سیاسەتی بازرگانی دەوڵەتان لەم سەردەمەدا بریتی بوو لە پشت گیری کردنی بازرگانەکان و دانانی هەندێك یاسار ڕێسای تایبەت بە ئاڵ و گۆڕکردنی بازرگانی کە ئەمەش دەرگای بۆ هێنانە ناوەوەی زێڕ و زیو لە ولاتە ئەورروپیەکانەوە والا دەکرد.

بیرۆکەی کۆکردنەوەی زێڕ و زیو هێدی هێدی شوێنی خۆی بۆ قوتابخانەیەکی ئابوری سەربەخۆ و بەهێز چۆڵ کرد کە ئەویش دواتر ناوی قوتابخانەی ((مەرکانتالیزم))ی لێنرا ئەم شێوە بازرگانی کردنە بەم جۆرە ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد : بازرگانی هۆکاری زیاد بوونی ماڵ و سامانەو بەرەو دان بە بازرگانی تەنها فاکتەرێکی بەهێز بوونی حکومەتە. بۆ بەهێز کردنی دەسەلاتی سیاسی، دەوڵەتان پێویستە لایەنی بازرگانی گەشە پێ بدەن، بۆ ئەوەی زەوی بە کۆنترۆڵ بکەن و، هەوڵی زیاد کردنی ناردەنی و پیشەسازی بدەن و لەبەرامبەریشدا ناردەنی کەرەستەی خاو و سەرەتایی کەم بکەنەوە و بە پێچەوانەشەوە هاوردەنی خۆیان تەنها بە هاوردەی کەرەستەی خاو تایبەت بکەن، بەم شێوەیە دەتوانن هاوسەنگی بپارێزن و ولاتان ناچار بکەن کە قەرزەکانیان بە زێڕ بۆ بگێڕنەوە. بەپێی ئەم سیستەمە، حکومەت بە پشتیوانی و پارێزگاری کردنی چینی بازرگانان هەرجۆرە دەست تێوەردان و چاودێری کردنێکی ڕاستەوخۆی خۆی لەنێو کاروباری ئابوری دا بەڕەوا دەزانێ و لەگەڵ ئەمانەشدا بەهەموو شێوەیەك هانی دامەزراندنی کۆمپانیا بازرگانی بە جۆر

بەجۆرەکان دەدات. بەناوبانگترینی ئەم کۆمپانیایانە ، کۆمپانیای ((هیندی ڕۆژهەلاتی))یە، کە ئینگلیزەکان لە سەرەتای سەدەی حەڤدەیەمدا دایانمەزراند. لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکە لەم کۆمپانیایانە جۆرێك لە دەست تێوەردان و قۆرخ کاریان تێدا پەیڕەو دەکرا. بە واتایەکی تر تەنها کۆمپانیا تایبەتەکان بوون کە مافی کارکردن و ئاڵ و گۆڕ کردنی بازرگانیان پێ درابوو. پێویست بوو لەسەر ئەم کۆمپانیایانە کە بۆ فرۆشتنی شتومەکی ناوخۆی وڵات، بازارێك پێکەوە بنێن و لە بەرامبەردا زێڕ و زیو بهێننە ناو وڵاتەوە.

سەرمایەداری بازرگانی تا کۆتایی سەدەی هەژدەیەم بە گرنگترین و باوترین جۆری سەرمایەداری ئەو کاتە دەژمێررا، بە تایبەتی پاش ئەوەی کە توانیان هێزی ئامێر لە بواری بەرهەم هێناندا بەکار بهێنن، ئەم سیستەمە زیاتر لە جاران بایەخی پێ دراو دواجار گۆڕانی بەسەردا هاتو و گۆڕرا بەسەرمایەداری پیشەسازی . بەیارمەتی ئەم کۆمپانیا بازرگانیانە، سیاسەتی ئیستعماری وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ئەمریکا و ئاسیادا گەشەیەکی بەرچاوی بە خۆوە بینی و هەریەکێك لەم کۆمپانیایانەش بوو کە یەکەمین داگیرگەی ئینگلیزی لە ساڵی ١٦٠٧ بەناوی ڤیرجینیا لە ئەمریکای باکوردا دامەزراند. کۆمپانیای ((بازرگانی لەندەن)) سەد و چل کۆچبەری بەفەرمانی ((جیمزی یەکەم)) پادشای ئینگلتەرا بەرەو ڤیرجینیا نارد کە سی و نۆ کەسیان پێش ئەوەی بگەنە کەنارەکانی ئەمریکا گیانیان لەدەست دا ئەوانەش کە مانەوە شارێکیان بەناوی جیمز تاون بۆخۆیان دروست کرد و تیایدا نیشتەجێ بوون. کۆمپانیای ((پلیمۆت))یش ئیمتیازێکی دیکەی لەلایەن دەسەڵاتی ئینگلیزەوە بەمەبەستی پەرەپێدانی بازرگانی پێ بەخشراو، ئەویش لەبەرامبەردا هەوڵەکانی خۆی بۆ هاندانی کۆچ کردن بەرەو ئەو داگیرگەیە چڕ کردەوە. لەو بڕیارەدا کە ((جیمزی یەکەم)) بەناوی کۆمپانیاکانەوە بۆ دامەزراندنی داگیرگەکان و فراوان کردنی بازرگانی لە ئەمریکا دەری کرد، هاتووە : ((پەنابەرانی ئێمە کە بە مەبەستی نیشتەجێ بوون بەرەو داگیرگەکان کۆچ دەکەن دەبێت لە مافەکانی ئازادی و پارێزگاری یاسایی وەك هەموو هاوڵاتییەکی ئینگلیزی بەهرەمەند بن و منداڵەکانیشیان کە لە ئەمریکادا لە دایك دەبن پێویستە هەمان مافی ئازادیان بۆ دەستە بەر بکرێتەوە.))

لە ساڵەکانی سەرەتادا، ژمارەیەکی زۆر لە کۆچبەران بەهۆی برسێتی و نەگونجانیان لەگەڵ ئەو بارو دۆخە نوێ یەدا بوونە قوربانی. لە ساڵی ١٦١٩ و بە مەبەستی زیاتر هاندانی کۆچکردن لە لایەن کۆمپانیا بازرگانیەکانەوە، هەندێك ئاسان کاری لەبارەی گواستنەوەی

خاوەندارێتی زەوی کشتوکاڵی بۆ کۆچبەرە تازە هاتووەکان ئەنجام درا. هەروەها کۆچبەران مافی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆی خۆیان و پێک هێنانی ئەنجومەنی ناوچەکان و جگە لەوەش بەکارهێنانی مافی ڤیتۆیان لە بەرامبەر بڕیارەکانی کۆمپانیاکاندا پێ درا، کە ئەمەش سەرەتایەک بوو بۆ دامەزراندنی جۆرە حکومەتێکی مەحەللی لەسەر بنەمای ڕاوێژ و ڕاگۆڕینەوە لە داگیرگەکاندا.

کۆچبەرە بەریتانیەکان بەپێچەوانەی بۆچوونی کۆمپانیاکان نەیانتوانی هیچ جۆرە زێڕ و زیوێك لەم ناوچەیەدا بدۆزنەوە، بەڵام توانیان هەرچیچ نەبێت چاندنی توتن لە دانیشتوانە ڕەسەنەکەیەوە (ئەمیتڤەکان) فێربن و، چاندنی ئەم بەرووبوومە بەخێرایی لە ناوچەکەدا بڵاو بوەوە بووە هۆی برەو سەندن و ئاوەدان کردنەوەی ناوچەکە، هەرچەندە کۆمپانیای بازرگانی لەندەن لەسەر بنەمای ئەم ڕووداو خوازیە وەرشکست بوو، بەڵام ساڵی ١٩٢٤ ڤیرجینیا شێوەی داگیرگەیەکی خانەدانەکانی بەخۆوە گرت.

پەرەپێدانی چاندنی توتن پێویستی بە کرێکارێکی زۆر هەبوو، بۆ ئەوەی بە بەردەوامی و بە ڕێك و پێکی کاری تێدا بکەن. بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٦١٩ کۆمەڵێك ڕەش پێست لە لایەن کەشتیەکی هۆڵەندی یەوە بەرەو زەوی یەکانی ڤیرجینیا گوازرانەوە، هەر لەو کاتەوە بازرگانی کردن بە کۆیلەو بەکارهێنانی لە چاندنی توتن دا ڕەواجێکی زۆری پەیدا کرد هەرچەندە ئەم گۆڕانکاریانە هێواش و لەسەر خۆ ئەنجام دەدران . لەسەدەی حەڤدەیەمدا، ژمارەی هەموو ئەو ڕەش پێستانەی کە لەم زەوی یانەدا جێگیر بووبوون ئێجگار کەم بوو و ڕێژەیان لە ٤٪ ی کۆی دانیشتوانی ناوچەکە تێپەڕی نەدەکرد، بەڵام پاش پێشکەوتن و برەو سەندنی چاندنی توتن لە ناوچەکەدا، وردە وردە ژمارەی کۆیلەکان ڕووی لە زیاد بوون کرد، تاوەکو گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە لەسەردەمی شۆڕشی ئەمریکی دا ژمارەی ڕەشەکان لە ٢٤٪ ی تێکڕای دانیشتوانی ئەمریکایان پێك دەهێنا.

ڤیرجینیا شێوەی جۆرێك لە ئیستعماریەتی بازرگانی لەژێر چاودێری حکومەتی ئینگلیزی لێ هاتبوو. لە ساڵی ١٦٢٠ لە بەشی باکوری ئەمریکادا جۆرێکی نوێ لە کۆچ نشینی بەریتانی هاتە ئاراوە. ئەم کۆچبەرانە گەشتیارانی نێو کەشتیەکی بەناوبانگ بوون کە ناوی ((می فلاوەر)) بوو، ئەمانە لەبەر هۆکاری جیاوازی مەزهەبی لە کڵێسەی ئینگلیزی جیا بوو بوونەوە و بەرەو هۆڵەندا هەڵ هاتبوون و، لەساڵی ١٦٢٠ مۆڵەتی کۆچکردنیان بەرەو ئەمریکا پێ درا. ئەم گروپە دوای ماوەیەکی دوورو درێژ لە سەرگەردانی لەنێو ئۆقیانوسی ئەتلەسی دا،

له کۆتایی ساڵی ۱۸۲۰ له کەنارەکانی ((نیـو ئینگلانـد)) کـه شـاری ((پلیمـۆت))ی لەسـەر دروست کراوه دابەزین و، تەنانەت ئەو تاشه بەردەی که ئەم کۆچبەرانەی لەسەر دابەزیون ئێستا له شوێنی خۆیدا ماوەتەوە.

ژیانی سەرەتایی ئەم گروپه مەزهەبی یه که سەر به گروپی ((پیۆرتینەکان)) بوون ئەوپەڕی سەخت و دژوار بوو، بەڵام ئەوان باوەڕیان وابوو که له پێناو خزمـەت کردنـی خـودا و بـەرگری کردن له بیر و باوەڕی مەزهەبی خۆیان و بەهێز کردنی بنەماکانی ئـاینی مەسـیحی دا لەسـەر ئەم ژیانه سـەخت و دژواره ئـارام دەگـرن و، سـوریش بـوون لەسـەر ئـەوەی کـه ڕوو بـەڕووی دژواریەکانی ئەم سەر زەوی یه نویّ یه ببنەوه تاوەکو حکومەتێکی سەربەخۆ بـه دڵـی خۆیـان دابەزرێنن. ژمارەیـەکی زۆر لـه ئەنـدامانی ئـەم گروپـه لـه سـاڵەکانی ۱۶۳۰ ـ ۱٦٤۰ بـه سەرکردایەتی ئەشە ((جۆن وینترۆپ)) بـەرەو ماساچۆسـێت کۆچـیان کـردوو و بەشـێوەیەکی ڕاستەوخۆش فەرمانێکیان له لایەن پادشای ئینگلیزەوه بۆ پێك هێنانی کۆمپانیای بازرگـانی و بەرێوه بردنی ناوچەکه لەگەڵ خۆیاندا هێنا که جۆرێك له سەربەخۆیی ناوخۆیی پیّ دەبەخشێن.

ئەم گروپه، سوربوون لەسـەر ئەوەی که حکومەتێکی جێی متمانەی خۆیان لەسـەر ئەساسـی بنەماکانی ئاینی مەسیحی دابەزرێنن و وتەکانی ((جۆن وینترۆپ)) ڕابەری گروپەکه نیشانەی هیمەتی بەرز و هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوامی ئەوان : سـورین لەسـەر ئـەوەی کـه ((شـارێکی نمونەیی بەسـەر لوتکەی بەرزایەکانەوه دروست بکەین که سەرنجی هەموو جیهانیان بۆلای ئێمـه ڕاکێشراوه .)).

حکومەتی ئینگلیز، تەنها مافی وەبەرهێنان له زەوی یه کشتوکاڵیەکانی تایبـەت نەکردبوو به کۆمپانیا بازرگانی یان گروپه جۆر بەجۆره مەزهەبیەکان، بەڵکو ئەم ئعبـارەی وەك پاداشـت به تاکەکانیش دەبەخشی. لۆرد ((باڵتیـمۆر)) یەکێك بوو لەو کەسـانەی کـه خاوەنـدارێتی زەوی یەکی بەرفراوانی له ناوچەی ڤیرجینیا گرته ئەستۆ، که دواتر ناوچەکه بەناوی خێزانـی پادشـای ئینگلیزەوه به مری لەند ناوبانگی دەرکرد . یەکێکی تر لەو کەسانه ((ولیـەم پـن)) بـوو، کـه ئەویش سـەر بەگروپی مەزهەبی کواکرەکان بوو، پاش وەرگرتنی فەرمانێکی تایبەت ناوچەیەکی بەرفراوانی بەناوی خۆیەوه ـ پەنسیلڤانیا ـ ناوەدان کردەوه.

پاش شکانی کەشتی گەلی هۆڵەنـدی لەلایـەن هێزەکـانی ئینـگلیـزەوه ئـەو زەویانـەی کـه هۆڵەندا خۆی بەخاوەنیان دەزانی، بەناوی برای پادشای ئینگلیزەوه دەسـتیان بەسـەردا گـیراو، ناوی نیۆیۆرکی لیّ نرا. خاوەن پشکەکانی کۆمپانیا بازرگانی یەکان به مەبەسـتی پەرەپێـدانی

چاندنی توتن، چەند نشینگەیەکی نوێیان لەناوچەکانی باشوور بۆ کۆچبەران دروست کرد، یەکێك لەو نشینگانە کارۆلینای باشور بوو. هەروەها لە پێناو ڕاکێشانی زۆرترین ژمارەی کۆچبەران، ((جۆن لۆك)) فەیلەسوفی ئینگلیزی یاسایەکی تایبەتی بۆ بەڕێوەبردنی ئەم نشینگەیە دانا.

مەبەستی سەرەکی ئەم کۆچبەرانە کە پاڵی پێوە دەنان بۆ ئەوەی نیشتمانەکەیان بەجێ بهێڵن، سود و قازانج بوو، کە هەندێك جار لەگەڵ هۆکارەکانی تری وەك حەز کردن بە ئازادی، هەڵهاتن لە دەست درێژی مەزهەبی و سیاسی و یان گیانی ڕووداوخوازی دا یەکانگیر دەبوو.

لە سەدەی حەڤدەیەمدا بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسی یەی کە وولاتی بەریتانیای پێدا تێدەپەڕی، کۆچبەرانی ئەو ولاتە زۆرینەی ڕێژەی کۆچبەرانی نێو ئەمریکایان پێك دەهێنا، کە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لە گواستنەوەی فەرهەنگی ئینگلیزی بۆ ناو خاکی ئەمریکا هەبوو.

کۆچکردن بەچەند ڕێگایەك ئەنجام دەدرا :

١- لە ڕێگەی دام دەزگا تایبەتەکان و خاوەن بەرژەوەندی یە بازرگانیەکان، کە هەندێك جار پارەیەکی ئێجگار زۆریان دەدایە کەشتیوانەکان بۆ ئەوەی هانی کۆچ کردن بدەن. تەنانەت هەندێك جار دەستیان دەدایە ڕفاندنی هاولاتیان، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە بتوانن بە ئەندازەی پێویست هێزی مرۆیی لە کۆچنشینەکاندا نیشتەجێ بکەن.

٢- شێوازێکی دیکەی هاندانی کۆچکردن ئەوەبوو، کە حکومەت دەسەلاتێکی تایبەتی بە دادوەر و لێپرسراوی گرتووخانەکان دەبەخشی کە لە جیاتی ئەوەی تاوانبارەکان ماوەی سزاکەیان لە گرتوخانەکاندا بەسەر بەرن، ڕەوانەی کۆچنشینەکانی ئەمریکایان بکەن و لەوناوچانەدا جێگیریان بکەن.

٣- کارگەکان ،خاوەن زەوی یە کشتوکاڵیەکان، یان خێزانە دەسەلاتدارەکانی دانیشتووی ئەمریکا بەشێوەیەکی جودا و سەربەخۆی لەگەڵ ژمارەیەکی دیاری کراو لەو کەسانەی کە ئامادەبوون کۆچ بکەن بڕیارێکیان لەنێوان خۆیاندا مۆر دەکرد کە لەبەرامبەر کرێ ی سەفەر کردنەکەیاندا، کۆچبەرەکان ماوەی چوار تا حەوت ساڵ بۆ خاوەن بڕیارەکە ئیش بکەن و پاش ئەوەی ماوەی بۆندەکە کۆتایی پێ هات زەوی یەکی کشتوکاڵی بە ڕووبەری پەنجا هەزار مەتری

چوارگۆشەیان پێ دەدرێت و دەتوانن بە شێوەیەکی سەربەخۆ کشتوکاڵی تێدا بکەن. ئەم کۆچەرانە بە کرێکاری بۆندی ناوبانگیان دەرکرد.

٤ـ شێوازێکی دیکەی کۆچکردن لە لایەن کۆمەڵە کەسانێکی خوێندەوار و خۆشگوزەرانی ئەوروپییەوە بە ئەنجام دەگەیەنرا، کە زۆرجار لەبەر هۆکاری مەزهەبی و جیاوازی بیر وباوەڕ لەگەڵ کڵێسەی ئینگلیز یان حکومەتەکەیاندا ناچار بە کۆچ کردن دەبوون. ئەم کۆمەڵەیە کە لە چەسپاندنی فەرهەنگ و ژیانی کۆمەڵگەی ئەمریکیدا ڕۆڵێکی سەرەکی و کاریگەریان گێڕا، هەمان ((پیورتینەکان)) بوون.

کۆمەڵگەی ئەمریکی وردە وردە لەژێر کاریگەری هۆکارە کۆمەلایەتی و سروشتی یەکانی ئەو سەردەمەدا گەشەی کرد: کۆچکردنی خەڵکانی ئەوروپی بە تایبەتمەندی بە نەتەوەیی یە جیاوازەکانیانەوە، هەروەها کاریگەری ئەو ژینگە نوێ یەی کە داب و نەریت و فەرهەنگی ئەوروپیای هەماهەنگ و پشت ڕاست کردەوە. بارودۆخی تایبەتی جوگرافی زەوی یە نوێ یەکان و کاریگەری گروپە جیاوازەکانی کۆچەران لەسەر یەکتری، کۆمەڵێك گۆڕانکاری نوێیان هێنایە کایەوە کە وردە وردە بونیادی کۆمەلایەتی کۆمەڵگەیان ڕەنگ ڕێژی کرد و بە مانەوەی بەردەوامی فەرهەنگی ئەوروپا ئەم گۆڕانکاریانە بەسیمای و تایبەتمەندی یەکانی کۆمەڵگەی ئەوروپی ڕووپۆش کرا.

سەردەمی کۆچنشینی:
زەمینەی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری

شارستانیەتی ئەمریکا درێژەپێدەری فەرهەنگ و کولتوری ئەوروپایە، سەدەی حەفدەیەمیش سەدەی گۆڕانکاری فیکری و سەرهەڵدانی کۆمەڵگەیێکی نوێیە لە کیشوەری ئەمریکادا.

لەم سەدەیەدا هەرچی بیرو باوەڕ و بیر و بۆچوونی پێشیینان هەبوو، گومانیان تێدا کرا و بنچینەی بیر کردنەوەی زانستی لەسەر بنەمای زانیاری ڕاستەقینە کە مرۆڤی لە وەهم و بیر کردنەوەی هەڵە دەپاراست، باڵی بەسەر فەرهەنگی ئەوروپادا کێشا.

((گالیلە)) ، ((دیکارت)) ، ((نیوتن)) ، ((هاروی)) و ((بۆیل)) بناغە و ئەساسی زانستی نوێیان دامەزراند . ((دیکارت))، کە یەکێکە لە بونیادنەرانی بیر کردنەوەی زانستی نوێ، باوەڕی وابوو کە بە بەکارهێنانی شێوازی عەقڵی دەتوانرێ ((ڕێسای بیرکاری)) جیهانی

سورشتی بناسێنرێت. لێکۆڵینەوەکانی ((نیوتن)) ڕۆڵێکی کاریگەریان لە گۆڕانی بنەماکانی فەلسەفەی سروشتی دا گێڕا. شارەزایی ئەو لە سیستەمی میکانیکی چەسپاوی سروشتدا، ئەم بۆچونەی بەهێز تر کرد، کە دەتوانرێ سیستمی کۆمەڵگەش بخرێتە ڕیزی هەمان یاسا میکانیکیەکەوە.

یەکەمین بیردۆزە سیاسیە نوێیەکان لەسەر بنەمای بیر و باوەڕە دیموکراسیەکان، لە سەدەی حەڤدە یەمدا سەری هەڵدا. شەڕی ناوخۆی بەریتانیا لەسەر دابەشکردنی بەرپرسیاربردنی دەوڵەت لە نێوان دەسەلات و پەرلەمان، گۆڕانکاری سەرمایەداری نوێ، هاوکات لەگەڵ ڕاپەڕینی چاکسازی مەزهەبی، لە هاتنەکایەی ئەم گۆڕانکاریانەدا کاریگەربوون. ڕاپەڕینی ریفۆرم، سوڵتەی مەزهەبەکانی بەسەر ڕۆح و فیکری کۆمەڵگەدا خستە ژێر گومانەوە و، دوابە دوای چەند ڕوو بە ڕووبونەوەیەکی خوێناوی دامەزراوەکانی ئاینی پرۆتستانت بەرەسمی دانی پێدانرا. بیرکردنەوەی زانستی لەسەر بنچینەی ئەزمون و تاقیکردنەوە، زانیاییەکانی مرۆڤی بۆ جیهانی سروشت پەرەپێداو حکومەتیش لەسەر بنەمای پەیمانی کۆمەڵایەتی بایەخێکی زۆر پێدا.

ئەم واتایانە کەلێنێکی گەورەیان لە بنەماکانی بیرکردنەوەی پێشناندا دروست کردو، گۆڕانێکی ((ژهنی)) نوێ، بە ئاراستەی بیرکردنەوەی عەقلی سەری هەڵدا و، باوەڕ بە زانیاری تحققی ـ زانستێك کە بناغەکەی لەسەر ئەزمونی عەینی ڕاوەستا بوو و پەیوەندی مرۆڤی بە جیهانی بورنەوەرەوە لەسەر بنەمای کردار و تختیار دیاری دەکرد.

دنیای نوێ مزگێنی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی نوێی لەسەر بناغەی ئەزمونی ڕابردوو بە کۆمەڵگا دەدا. شارستانیەتی ئەمریکا درێژەکراوەی شارستانیەتی ئەوروپا بوو، کە لەگەڵ بارودۆخی ئەم ژینگە نوێیەدا تێهەڵکێشن کراو فۆرمێکی دیاریکراوی وەرگرت.

زەویە بە پیتەکانی کیشوەری ئەمریکا، بەرەخساندنی زەمینەیەکی لەبارو گونجا و دەستەبەرکردنی پێداویستی و دەرفەتی مادی فراوان، پێشوازی لە گروپە جۆراو جۆرەکانی کۆچبەران دەکرد. لەبەرئەوە بەهەزارەها کەس لە وڵاتانی ئەوروپیەوە، هەریەکەو لەبەر هۆکارێك ، توێشووی سەفەریان ساز کردو بەرەو ئەمریکا کەوتنە ڕێ. بەڵام پاش سەدان ساڵ ڕوو بەڕووبونەوەو جیاوازی مەزهەبی، قات و قڕی و وشکە ساڵی و، دەرکەوتنی چەندین نەخۆشی ترسناکی وەك تاعون، کە دەستە دەستە گیانی ئەم کۆچبەرانەی دەکێشا ، دونیای نوێ موژدەی ژیانێکی نوێ ی بە میوانەکانی دەدا. فراوانی ڕووبەری زەوی، ژمارەیەکی زۆر لە خێزانە هەژار و بێ دەرامەتەکانی ئەوروپای بەرەو ئەمریکا پەلکێش دەکرد. زەوی کشتوکاڵی

زیاتر بوو لە هێزی مرۆیی، کە ئەمەش ڕۆڵێکی سەرەکی لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی دانیشتوان و پێکهێنانی کۆمەڵگەی ئەمریکی دا دەگێڕا. ئەم سەر زەوی یە پان و بەرینە ئامێزی بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە بەدەست گرفتەکانی ئابوری و دەسەڵاتی خانەدانەکانەوە دەیان ناڵاند کردبوویەوە و، بەرەخساندنی هەل و مەرجی لەبارو فراوان بە ئاسانترین شێوە ئینویەتی ئەوانی بۆ کۆکردنەوەی ماڵ و سامان دەشکاند.

ئەو هەولانەی کە بۆ چەسپاندنی سیستەمی فیودالیزم بە ئەنجام گەیەنران، لەبەر فراوانی زەوی یە بە پیتەکان و زۆری سەرچاوە سروشتی یەکان بێ ئاکام بوون. لۆرد ((بالتیمۆر)) وەك یەکێك لە خانەدانە دەسەلات دارەکانی بەریتانیا کە توانی بە یارمەتی پادشای ئەو ولاتە ناوچەیەکی بەرفراوانی دونیای نوێ بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و کۆچ نشینی مەری لەند دابمەزرێنێت، ئەو لە هەوڵەکانی دا بۆ چەسپاندنی سیستەمی خانەدانی ئینگلیز سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. ئەو کرێکارانەش کە بە ((کرێکاری بۆندی)) ناودەبران لەپاش تەواو بوونی ماوەی بۆندەکە دەیان توانی ببنە خاوەنی پارچە زەوی یەکی دیاری کراو بەنرخێکی داشکاو و بۆ ئەوەی ژیانێکی سەربەخۆی تێدا بەسەر ببەن. هەر ئەم بەرفراوانیەی ناوچەکان بوون کە گەورەترین کۆسپی لەبەردەم چەسپاندنی سیستەمی خانەدانی ئەورووپی دا لەم کیشوەردا دروست کرد. جگە لەوەش. لەبەر ئەوەی ئەم کۆچبەرانە هەریەکە بیرو باوەڕێکی مەزهەبی جیاوازیان هەبوو هەروەها بەسەر چەند گروپێکی جۆراو جۆری ئاینی پرتستانتی دا دابەش دەبوون، دامەزراندنی کلێسەیەکی یەکگرتوو بەهێز و کاریگەر لەم کۆمەلگەیەدا زۆر ئەستەم بوو.

بۆیە هەردوو لایەنە سەرەکیەکەی سیستەمی چینایەتی ئەورووپا : خانەدان و کلێسە، بەهیچ شێوەیەك نەیان توانی ڕەگ و ڕیشەی خۆیان لەنێو خاکی دونیای نوێ دا دابکوتن و پەروەردەی بکەن. تەنها هۆکارێك کەدەستی لە پشت خەڵکی دەدا بۆ ئەوەی بەرەو دونیای نوێ کۆچ بکەن، کۆکردنەوەی سەروەت و سامان بوو و، هەر ئەم ماڵ و سامانەش تاکە پێوەر بوو بۆ ئەوەی پێگەی کۆمەلایەتی تاکەکانی پێ دەست نیشان بکرێت. ئەو پلە وپایە کۆمەلایەتیەش کە گەورەکان بە میرات و لەرێگەی خزمایەتیەوە بۆیان مابوویەوە، بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەو بارودۆخ و کۆمەلگە نوێ یە دا سازگار نەبوو. ناوچەی ((نیو ئینگلەند)) هەر لە سەرەتای دروست بوونیەوە خاوەندارێتی (موڵکایەتی) زەوی یەکانی لەسەر بنەماکان دابەش کردنی زەوی و زار و وردە سەرمایە داری دیاری کرد. کۆکردنەوەی ماڵ و سامان لە جیاتی بەدەست هێنانی شانازی یە خێزانیەکان، بە تەنها فاکتەری بەرەو پێش چوونی ژیانی کۆمەلایەتی دانرا.

پانتایی رووبەری زەوی یەکەشی، دابەش کردنی یەکسانی و هاوسەنگی سامانی وولاتی لێکەوتەوە.

هاوکات لەگەڵ ڕوودانی ئەو هەموو گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیانە، بیر و باوەڕە سیاسیەکانی سەدەی حەڤدەیەمیش بڵاو بوونەوە. بیردۆزە سیاسیەکانی ((جۆن لۆك)) فەیلەسوفی بەناوبانگی ئینگلیزی، ڕەگ و ڕیشەی بیرکردنەوەی لیبرالیزمی ئەمریکایان دامەزراند. ڕەوشی ژینگەی کۆمەلایەتی، پشت بەستن بە سیستەمی سەرمایەداری، بلاو بوونەوەی بیر و باوەڕی لیبرالیزمی، کە جەختی لەسەر توانای تاکەکان و باوەڕ بە ئازادی و مافی شارستانی دەکردەوە، لەگەڵ هەموو ئەو ئاسان کاریانەی کە لەڕووی مەزهەبیەوە دەکران و، کۆسپ دانان لەبەردەم چەسپاندنی سیستەمی خانەدانی و چینایەتی، بیری یەکسانی و ڕەخساندنی دەرفەتی بۆ پێش کەوتن و چاك کردنی ژیانی مادی پەروەدە کرد. بەدەست هێنانی ماڵ و سامان بوو بە پیشەی سەرەکی زۆرینەی خەڵك و، بلاو بوونەوەی بیر و ڕاکانی ئایینی پرۆتستان، ڕێز و پلەو پایەیەکی تایبەتی بەم تێڕوانینە بەخشی بیر کردنەوەی سەرمایەداری ئەوروپا کە کۆمەڵناسی بەناوبانگ ((ماکس ڤیبەر)) لە ئایینی پرۆتستانتەوە وەری گرتبوو، لە لایەن هەردوو گروپی بەناوبانگ ((پیۆرتین)) و ((کواکرەکان))ەوە بۆ ئەمریکا گوازرایەوە.

جەخت کردنەوە لەسەر پێك هێنانی کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران و، هەوڵ و کۆشش لە پێناو چاك کردنی ژیانی هاولاتیان، بەیەکێك لە کۆڵەکەکانی ئایینی پرۆتستانت دەژمێررا. بەدەست هێنانی سەروەت و سامان وەك پیشەیەکی بەرێز و شکۆدار سەیر دەکرا ، ئیدی سەردەمی جوامێری و شانازی خانەدانەکان بەسەر چوو بوو هەروەها کۆمەڵگەی بۆرژواری پرۆتستانت، پلە و پایەی کۆمەڵایەتی خۆی لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی ماڵ و سامان دانابوو.

ئەو کۆچبەرانەی کە ڕوویان لە ناوچەی ((نیو ئینگلەند)) کرد پرۆتستانت و شوێنکەوتوانی کالڤن و لایەنگرانی ڕێبازێك بوون کە بەهۆی ئارامگرتن لەسەر ئەو هەموو ڕەنج و ماندوو بوونەی لە پێناو جێ بەجێ کردنی بنەما مەزهەبیەکاندا دەیانکێشا، بە ((پیۆرتینەکان)) ناوبانگیان دەرکرد. ((پیۆرتیانیزم)) لەنێوان چینە مامناوەندەکانی کۆمەڵگەی ئینگلیزدا ڕەواجێکی زۆری هەبوو، زۆرینەی کۆچبەرەکانیش سەر بەم چینەی کۆمەڵگە بوون ئەمانە لە حکومەتی ئینگلیزی بێزار بوون و لەسەر ئەوەی کە باوەڕیان پێ ی هەبوو، بەچاوێکی سووك سەیر دەکران. ئومێدی سەرکەوتنی ڕێباز و بیر و باوەڕەکەیان لە کۆچ کردنەکانیاندا ڕەنگی دابوویەوە. بەو پەڕی ئیمان و باوەڕەوە، سوور بوونی خۆیان بۆ

دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران و ڕێکوپێك پشت ئەستور بە بنەما ئاکاری و مەزهەبی یەکان دوویات دەکردەوە. باوەڕ و بەندایەتی لە ڕوانگەی ئەوانەوە، تەنها لە ڕووی مەزهەبی و مەعنەوی یەوە نەبوو، بەڵکو ئامانجیان ئەوەبوو کە سەرەتا پەیوەندی یە کۆمەلایەتی یەکانی خۆیان ڕێك بخەن و دواجار کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران کە پشت بە بنەماکانی سیستەمی سەرمایەداری ببەستێت پەروەردە بکەن.

بەپێ ی ئەو یاسا سەرەتای یانەی کە ((پیوٚرتینەکان)) لە ((نیو ئینگلەند)) دا پەیڕەویان کرد، هەموو جۆرە بێکاری و تەمەڵی و خۆدزینەوەیەك لە کار و کۆشش بۆ کۆکردنەوەی ماڵ وسامان قەدەغەکرا. کەسە بێکارەکان بە توندی سزا دەدران بە کەسانێکی داماو ناوزەد دەکران کە شەیتان ئەوانی لەسەر ڕێگای ڕاست کە کۆکردنەوەی ماڵ و سامانە هەڵە کردووە.

پەرستش و خۆپارێزی، تەنها بریتی نەبوو لە گوێڕایەڵی کردنی فەرمان و پەیڕە و کردنی بنەما ئاینی یەکان، بەڵکو کەسی خۆپارێز ، کەسێك بوو، کە بە هەوڵ و کۆشش لە پێناوی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە و چاککردنی ژیانی تایبەتی خۆی تێبکۆشێت. خۆ خەریك کردن بە ئیش کاری دنیایی بەشێك بوو لە عیبادەت و ئەرکە مەعنەویەکانی تاکەکەس. کەسێکی مەزهەبی ، ئەو کاتە دەبوویە خاوەنی کەسایەتی یەکی سەربەخۆ و ڕێز لێگیراو، کە ئەو پەڕی هەوڵ و تەقەلای خۆی لەپێناو چاك کردنی ژیانی ماددی خۆیدا بخاتەگەڕ. ڕەزامەندی پەروەردگاریش تەنها لەم ڕێگایەوە بەدەست دەهێنرا. لە لایەکی تریشەوە، قەشەکان، ئامۆژگاری و هانی خەڵکیان دەدا بۆ ئەوەی ژیانێکی ماددی خۆشگوزەران بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن و، دەیانووت ئیش و کار و هەوڵ و کۆشش جۆرێکە لە پەیمان و لێپرسراوێتی کۆمەلایەتی. ئیمان بە خودا بە واتای باوەڕ بە توانای تاکەکەس لە کار و چالاکی کۆمەلایەتی دا لێك دەدرایەوە، لە ئەنجامدا لەسەر کەسی باوەڕدار و خۆپارێز پێویست بوو، کە کەسێکی سەرکەوتوو بێت لە ژیانی ماددی دا.

لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەیەمدا، ڕەونەقی ئابوری ماساچۆسێت و سەروەت و ئاوەدانی ناوچەکە، شاهیدی سەرکەوتنی ئەو ئیدعایە بوو، کە ئیمانی مەزهەبی و باوەڕ بە ژیانی خۆشگوزەرانی ماددی بەلای ((پیوٚرتینەکان))ەوە یەکسانن و [دەتوانرێت هەریەکە و لە تای یەك تەرازوودا دابنرێن].

گروپێکی دیکەی مەزهەبی پرۆتستانتی، ((کواکرەکان)) بوو، کە ئەمانیش ئەو پەڕی هەوڵ و تەقەلای خۆیان بۆ بەدەست هێنانی کۆشش لە پێناو چاککردنی ژیانی ماددی دا، خستبوویە

کار ئەم گروپە لە لایەنگرانی ((ویلیام پـن)) بـوون، کـە بـە فـەرمانێك لـە لایـەن پادشـای ئینگلیزەوە، دەستیان بەسەر داگیرگەیەکدا گرت و دواتر ناوی پەنسیلڤانیایان لێنا. ئامۆژگـاری ((پن)) بۆ لایەنگرەکانی ئەوەبوو، کە ئەرك و مەسرەفی کەمتر و پاشـەکەوتی زیـاتر چـاکترین شێوازی بەڕێوەبردنی ژیانە. ژیانێکی سـادە و دوور لـە هـەموو جـۆرە ڕازاندنەوەیـەك، پـشت ئەستوور بەکار، سادە پۆشی و بەبێ هیچ جۆرە ڕابواردنێك، ڕێنوێنیکەری ((کواکرەکان)) بـوو. ئەم گروپە ئەوەندە حەزیان لە سادە پۆشی بوو کە پـاش مـردنیش هـیچ جـۆرە ناونیـشانێکیان بەسەر بەردی گۆڕەکانیانەوە بەجێ نەدەهێشت. تەمەنیان لـە ئـیش و کـار و هـەوڵ و کۆشـش پاشەکەوت و کەمترین ئەرك و مەسـرەف و چاککردنی ژیانیان کورت دەکرابـەوە، کۆکردنـەوە و زیادەڕەوی نەکردن، بەوتای خۆپارێزی و تەقوا لێك دەدرایەوە. ((کواکرەکان)) هەر لە سـەرەتای نیشتەجێ بوونیانەوە، بـە کەسـانێکی لێهـاتوو، زیـرەك و، سـەرکەوتوو ناوبانگیـان دەرکـرد. ئامۆژگاری یەکانی ((بنجامین فرانکلین)) لە سـاڵنامەی ((ڕیـچاردی هـەژار)) دا ـ هەرچـەندە دوورە لەهەر جۆرە بابەتێکی مەزهەبی ـ لەسـەر ئەو بیر و باوەڕە ڕاوەستاوە کە ئـیش و کـار و کۆشش لە ژیانندا بەهیچ شێوەیەك عەیب و نەشـیاو نیە، هەموو ئیش و کارێك بۆ خۆی مـەزن و پیرۆزە، مرۆڤی بەڕێز و گەورە کەسێکە کە خۆی بەئیش و کارێکی تایبـەتی یـەوە سـەرقاڵ کردووە، کۆکردنەوەی ماڵ و دارایـی لەگـەڵ زیـادەڕەوی نەکردنـدا هاوتایـەو، بەختـەوەری لـە زیادەڕەوی نەکردندایە. جەخت کردنەوەو گرنگی دان بە ماددە، کە پیشەی سەرەکی ئـەمریکی یەکانە، لەژێر کاریگەری هەمان بۆچوونەکانی سەرەتای دامەزراندنی داگیرگەکانـەوە هاتووەتـە ئاراوە.

((پیۆرتینەکان)) هەمان ئەندازە کە جەختیان لەسـەر کـار و کۆشـش و چـاککردنی ژیـانی ماددی دەکردەوە، بەهەمـان ئەندازەش، خێزان و ژیانی ژن و ژنخوازی بەلایانەوە بـەڕێز و پـیرۆز بوو. ئافرەت کە لە ڕوانگەی کاتۆلیکەکانەوە بـە بەلایـەکی زەروری و وەسوەسـە گـەری پیـاو دەژمێررا، بە بۆچونی ((پیۆرتینەکان)) مەوهیبەیەکی ئیلاهی بوو، کە بەبێ بـوونی ئـەدەتوانرا ژیانێکی خۆشگوزەران دەستەبەر بکرێت. بەچاوی ڕێـز و حورمەتـەوە سـەیری ژن و ژنخـوازی و پێکهێنانی خێزان دەکرا. ژن و پیـاو ناوکی سەرەکی کۆمەڵگەیان پێك دەهێنا. کە بەهاوبەشـی یەکتر، هاوکاری و ڕێزلێگرتنی بەرامبەر، بۆ بـەرەو پـێش چـوونی کۆمەڵگـە کاریـان دەکـرد. تێکۆشان بۆ گەیشتن بە بەختەوەری پێویستی بەهاوکاری و پشتیوانی هەردوولا هەبوو. ڕێزگرتن لە پلە و پایەی ئافرەت لەم کۆمەڵگە نوێ یەدا بە بەراورد لەگەڵ ئەوروپا، زۆر زیاتر بوو و، لەم

ڕوانگەیەوە ((پیوریتینەکان)) بیرکردنەوەیەکی پێشکەوتووتریان هەبوو، لەهەمان کاتیشدا خەڵکانێکی خاوەن ڕەوشتی بەرز بوون و، ڕێڕەوی ژیانیان لەسەر بنەمای پێوەرە ئاکاریەکان و پابەند بە بنەما مەزهەبی یەکان، لەگەڵ سڵ کردنەوە لەهەر جۆرە گوناه و تاوانێك کە ببێتە مایەی نیگەرانی کڵێسە، ڕەنگ ڕێژی کردبوو. لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەوان ((هەڵبژێرراوانی)) خودان، بۆتە مەزهەبی و وتارەکانی خۆیان بە بە بەرز و باڵاتر لەخەڵکانی تر دەزانی. ڕێگای وورووژاندنی هیچ جۆرە پرسیار و شك و گومانێکیان بە لایەنگرانیان نەدەدا و، بەهیچ شێوەیەکیش ئامادە نەبوون، گوێ لە بچوکترین نارەزایی و ڕەخنەیەکی شوێنکەوتوانیان بگرن و، هەر ئەم سەختگیریەیان بووە مایەی دووبەرەکی لە نێوانیاندا. کەسێکی وەك ((ڕاجێر ولیامز))، پاش ئەوەی ڕەخنەیەکی توندی ئاراستەی کڵێسە کرد و ڕەفتاری کڵێسەی بەرامبەر بە خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە [ئەیتفەکان] بەڕەفتارێکی نامرۆڤانە و پێچەوانەی ڕەوشت وەصف کرد، لە کڵێسە دەرکرا و، دواتر ئاوبراو ویلایەتێکی بچوکی بەناوی ((ڕد ئایلەند)) بۆ لایەنگرەکانی دامەزراند. ((ئان ها چینسۆن))یش کە یەکێك بوو لە ئافرەتە بلیمەتەکانی ئەو سەردەمە، لەبەر ئەوەی کە تێگەیشتی بنەما مەزهەبیەکانی لە گفتوگۆ و گوێ ڕایەڵی نەکردنی کوێرانەی فەرمانەکانی کڵێسەدا دەبینی، لەنێو لیستی دوور خراوەکاندا بوو.

((پیوریتینەکان))، بەو وورەیەکی پۆڵایین، ئیمانێکی بەهێز و، باوەڕ بە لێپرسراوێتی مەعنەوی، توانیان گۆڕانێکی گەورەش لە بنەما سیاسیەکاندا بکەن. بەهێزی باوەڕەکەیان، لێك هەڵوەشانی کڵێسە، تەفر و تونا بوونی دەسەڵاتی دیکتاتۆری - لەڕوداوێکدا - لەسێدارەدانی پادشای لێکەوتبوویەوە (سەردەمی کرامۆڵ و کوژرانی چارلزی یەکەم لە ئینگلتەرا).

لەم لاشەوە، پرۆتستانتەکان، دەسەڵاتداریتی ڕەهای قەشەکانی کاتۆلیکیان لە ئاراستەکردنی بابەتە مەزهەبی یەکاندا بەهەموو شێوەیەك ڕەتکردەوە و ڕاشیان گەیاند، کە کەسی باوەڕ دار بەبێ ئەوەی پێویستی بە هیچ نێوەنجیەك هەبێت، دەتوانێت لەم بنەمایانە تێبگات. لە ئەنجامدا، لە پەیوەندی نێوان تاکەکەس لەگەڵ خواوەندا، ئەرکی سەرەکی کەوتەسەر شانی خودی کەسەکەو، تەنها مرۆڤەکە خۆی دەیتوانی ڕێگای ڕزگاری و سەرفرازی بۆ خۆی دیار بکات. دەرەنجامی وەها گریمانەیەك، جەخت کردنەوە لەسەر هێز و ئازایەتی خودی کەسەکە بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی گیروگرفتەکان بوو، لەو ڕووەوە زۆر ئاسایی پێشوازیان لەو هەموو ڕەنج و ماندوو بوونە دەکرد کە لەم کێشوەرە نوێ یەدا دووچاریان دەبوو. هەر گرنگی

دان بەو تاك گەراییەبوو، کە بووە هۆی یاخی بوون و ڕاپەڕینی کەسانێکی وەك ((ڕاجێر ولیامز)) و ((ئان ها چینسۆن)) لەناو گروپی پیۆریتنەکاندا. وورده وورده و بەتێپەڕبوونی کات ((پیۆرتیانیزم)) بووە مایەی پشت ڕاست کردنەوەی ئەم شێوازە. بەڵام جەخت کردنەوە لەسەر توانی تاك و، ئەرکی تاك لە هەوڵ دان بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی چاکتر، هەروەکو خۆی مایەوە و وەك یەکێك لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی ڕۆحییەی ئەمریکایی ڕەنگی دایەوە.

لەوەها هەل و مەرجێکی فیکری دا، مەزهەب و مەنگق وەك یەك گرنگییان پێ دراو لە کەسی باوەڕدار چاوەڕوان دەکرا کە عەقڵی خۆی بکاتە ڕێنیشاندەر [لەکارەکانی دا]

شێوازی بەڵگە هێنانەوەی عەقڵی، ڕێنمایی کەری بیرکردنەوەی سەدەی حەڤدەیەم بوو، لەلایەن ئایینی پرۆتستانتەوە جەختی لەسەر کرایەوە و، پەیوەندی تاکەکەس لەگەڵ جیهانی هەستی لەسەر بنەمای کردار و ئیختیار دانی پێدا نرا.

باوەڕ بە هێزی عەقڵ هۆکارێکی سەرکی پەرە سەندنی فێرکردن و پەروەردە بوو. ((پیۆریتنەکان))، ئەزانیان بە ((دایکی کوفر)) ناودەبرد ئەوانەش کە زاناو خوێندەوار بوون تەنها پیاوە ئاینی یەکان بوون. هەر بۆ پارێزگاری کردن لەم ئەریتە بوو کە هەوڵی دروست کردنی زانکۆیان دەدا. تێکڕای چالاکیەکانیان لە بازنەیەکدا دەسوڕایەوە، کە لە لایەن کڵێسەوە بڕیاری لەسەر درابوو. لەساڵی ١٦٣٦ کۆلێژی هاروارد لە ماساچوسێت کرایەوە. بەسەدان قوتابی دەرچووی زانکۆی ئۆکسفۆرد و کمبریج، پێش ١٦٤٠ لەو ناوچەیەدا نیشتەجێ بوو بوون و هەر لەو سەرەتایەوە فێرکردنی زانستەکانی ئەدەبیاتی یۆنانی و لاتینی و فەلسەفەیان دەست پێ کرد. بیرۆکەی خوێندنی باڵا لە سەرتا سەری داگیرگەکاندا بڵاو بوویەوە. کۆلێژەکانی ییل لە ١٧٠١ ، ولیام و میری ١٦٩٣ ، کۆلۆمبیا ، دارتمۆپ، پرینستۆن و، پەنسیلڤانیان لەماوەی کەمتر لەیەك سەدەدا دامەزراند. بە بەراورد لەگەڵ ولاتێکی وەك ئینگلیز، کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا ئەوجا توانی سێ یەم زانکۆ لە ولاتەکەیدا بکاتەوە، ئەو گرنگیەی کە ئەم کۆچبەرانە بە خوێندنی باڵایان دەدا و ئەو کاریگەریەی کە ئەوان لەسەر پەرەسەندنی فەرهەنگی ولاتەکەیان هەیانبوو، زیاتر ڕوون دەبێتەوە. لە ڕاستیدا ((پیۆرتیانیزم)) هۆکاری پەرەسەندنی فەرهەنگ و ئازادی بوو.

لە پێشەکی ئەو کۆمەڵە یاسایەی کە بە مەبەستی دروست کردنی چەند قوتابخانەیەك لە ساڵی ١٦٥٠ دەرکران، هاتووە : ((لەبەرئەوەی کە شەیتان دوژمنی مرۆڤایەتیە، بەهێزترین چەکی خۆی لەنەزانی تاکەکانەوە بەدەست دەهێنێت. جێگای بایەخ و گرنگی پێدانە، کە

ئەهێڵین گرنگی ڕوناکی و زانستی باوباپیرانمان لەگەڵ تەرمەکانیاندا لەژێر خاکدا بنێژرێن، لەبەرئەوە پەروەردەو فێرکردنی منداڵەکانمان بە گرنگترین بابەت و بەرژەوەندی یە نیشتمانی یەکان دادەنرێن.)) دروستکردنی قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لەکۆمەڵگەدا زۆر پێویست و زەرورە، بۆ ئەو ناوچانەی کە زیاتر لە پەنجا خێزانیان تێدا دەژی، قوتابخانەی سەرەتایی و، ناوچەکانی دیکە کە زیاتر لە سەد خێزانیان تێدا نیشتەجێ دەبوون، دامەزراندنی قوتابخانەی ناوەندی پێشنیاز کرا. هەرکاتێك بەخێوکەرانی منداڵ ڕێگریان دەکرد لە چوونی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە، لە لایەن حکومڕانی شارەکەوە سزا دەدران و جەریمەشیان لێ دەسەنرا و دواتریش خۆی ئەرکی پەروەردە و فێرکردنی منداڵەکەی دەگرتە ئەستۆ. پلانی پراکتیك کردنی خوێندنی بەخۆڕایی و ئیجباری، بۆ قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندی، کە لە سەدەی نۆزدەیەم دا لە سەرتاسەری ئەمریکادا پەیڕەوکرا، پاشماوەی کەلەپووری فەرهەنگی ((پیوریتینەکان))بوو.

دامەزراندنی ئەم قوتابخانەو کۆلێژانە، هۆکاری پێگەیاندنی نەوەیەکی لاوی خوێندەوار بوو کە ڕۆڵێکی کاریگەریان لە پەرپاکردنی شۆڕشی ئەمریکادا گێڕا. ئازادی مەزهەب، جیاکردنەوەی دین و دەوڵەت ، دەرەنجامی بیرکردنەوە ئازادی خوازی یەکانی کیشوەرێك بوو، کە لەگەڵ فەرهەنگی ئینگلیزی دا بەرەو داگیرگەکان گوازرایەوە .

میرات و کەلەپوری حکومەتی ئینگلیز، لە دروست کردنی پەیکەری دیموکراسی ئەمریکا دا، زۆر کاریگەر بوو. لە لایەکی ترەوە، ڕێگە گرتن لە دەست تێوەردانی ئینگلیز لە کارو باری ناوخۆی داگیرگەکان، گەشە سەندنی سیاسی و هۆشیاری و بەدەست هێنانی ئەزموونی لە ڕووی بەڕێوەبردنی سەربەخۆیی کاروباری داگیرگەکان لێکەوتەوە. لە واقعیشدا سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەمریکا، بۆ پاراستنی ئەم سەربەخۆیی یە بوو، ئەك گۆڕانی ڕەوش و باری کۆمەلایەتی کۆمەڵگە. گۆڕانکاری یە کۆمەلایەتیەکانی سەدەی حەڤدەیەم، کاریگەری فەرهەنگی پیورتینەکان و پێشکەوتنی بازرگانی، حکومڕانی چینی ناوەڕاستی بەسەر کۆمەڵگەی ئەمریکادا بەرجەستە کرد.

کۆمەڵگەی ئەمریکا لەسەر بنەمای ئابووری سەرمایەدارانی سەردەمی ((مەرکانتالیزم)) دا پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی. پەرەسەندنی بازرگانی و بڵاوبوونەوەی بنەماکانی سەرمایەداری ئەوروپا، هاوکات لەگەڵ دروست کردنی کۆچنشینەکانی ئینگلیز لە ئەمریکا، بنەماکانی ئابوری سەرمایەداریان لەم ناوچەیەدا چەسپان. بژێوی ژیانی زۆرینەی خەڵکی داگیرگەکان لە ڕێگەی کشتوکاڵ کردنەوە بەدەست دەهێنرا، بەڵام هاندان و گرنگی دان بە

بازرگانی و کرینی شتومەك لە ئەستۆی حکومەتی ئینگلیزی دا بوو، ئەمریکی یەکان کە لە ئاڵوگۆڕکردنی شتومەکی بازرگانی دا پشتیان بە شوێنە ستراتیجیەکانی وەك بەندەرەکانی کەنارەکانی ڕۆژهەلات دەبەست، وردە وردە چینێکی تایبەتیان لەبازرگانەکانی نێو شارەگرنگەکانی وەك بۆستۆن، نیۆیۆرك، فیلادلفیا، چارلستۆن و نیوپۆرت پێك هێنا و تەواوی کارو بارەکانی کڕین و فرۆشتن و ئاڵگۆڕی بازرگانییان بۆ خۆیان مۆنۆپۆل کرد و، تەنانەت خاوەنی زەوی یە بەپیتەکانی باشووریش بە مەبەستی گواستنەوەی بەروبومی تووتن پشتیان بە بازرگانەکانی باکور دەبەست.

بایەخی لایەنی بازرگانی و پەیوەندیەکان، حکومەتی ئینگلیزی بە ڕێکخستنی کاروباری کەشتیوانی و ئامادەکردنی کەل و پەلی پێویست بۆ گەشتە دەریایەکانی نێو داگیرگەکان ناچار کرد. گواستنەوەی پۆستی، پەرەیەکی زیاتری پێدراو ئامێرەکانی تایبەت بە پەیوەندی کرد لەنێو شارە جیاوازەکاندا ڕێك و پێك کران. زۆربەی خێزانە دەوڵەمەندەکان لەنێو شارەکاندا دەیانتوانی پەیوەندی بەیەکەوە بکەن، پەرەسەندنی لقەکانی فراماسۆنەری لەسەرتاکانی سەدەی هەژدەیەم و ژن و ژنخوازی نێوان خێزانە دەسەلاتدارەکان، هۆکاری بەرقەرارکردنی پەیوەندی نێوان ئەم گروپە بوو. پەرەسەندن و گەشەکردنی بازرگانی، پلەو پایەیەکی تایبەتی بە ڕۆڵ و پیشەی مافپەروری لە کۆمەڵگەدا بەخشی. کاروباری مافی بازرگانەکان لە ئەستۆی کەسانێکدا بوو کە لە نێو شارە گرنگەکاندا بە پیشەی وەکالەتەوە خۆیان سەرقاڵ دەکرد و زۆرجاریش بەهۆی دەسەلاتی ماددی خۆیان و زەماوەند کردن لەگەڵ خێزانە خاوەن پلەو پایەکان، دەچوونە ڕیزی دەسەلاتدارانی کۆمەڵگەوە. چینی بازرگان و مافپەروەرەکان، لە ڕاستی دا کارتێکەرترین گروپە کۆمەلایەتی یەکانی ئەم سەردەمە بوون. پەیوەندی نێوان گروپە ڕووناکبیرەکان لە ڕێگەی ((ئەنجومەنی ئەمریکی فەلسەفە)) وە کە لە ساڵی ١٧٤٤ و لە لایەن ((بنجامین فرانکلین)) ەوە بونیاد نرا، دەستی پێکرد. جگە لەوەش بڵاوبونەوەی چاپەمەنی هۆکارێکی دیکەی بەرقەرار کردنی پەیوەندی نێوان ئەم گروپانە بوو. لە نێوان ساڵەکانی ١٧١٣ ـ ١٧٤٥ نزیکەی بیست و دوو بڵاوکراوەی هەفتانە لە نێو کۆچنیشنە جۆراوجۆرەکاندا، دەخرانە بازاڕەوە. چەندین چاپخانەی جۆراوجۆر بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی کتێب دەست بەکار بوون و، شاری بۆستۆن پاش لەندەن، پلەی گرنگترین شاری ژێر دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیای بۆ بڵاوکردنەوەی کتێب بەدەست هێنا.

ئەم پەیوەندی و هاوکاری کردنە، تایبەت بوو بە چینی مام ناوەند و خوێندەوارەوە. لە ئینگلیز و فەرەنسا و کۆمەڵگەی داگیرگەکانی ئەمریکا، چینی ناوەڕاستی خۆشگوزەران و خوێندەوار لە ڕێگەی بلاّوکراوەکان، ئەنجومەنە زانستی یەکان، دامەزراوەکانی فراماسۆنەری و باروودۆخی ژیانی کۆمەلاّیەتی یەوە پەیوەندیان بە یەکەوە دەکرد و ئەم هەنگاوەشیان کاریگەریەکی بەهێزی لەسەر شێوازی سەرکردایەتی سیاسی و کۆشش لە پێناو ڕیفۆرم و چاککردنی ژیانی کۆمەڵگەدا هەبوو.

هاوکات لەگەڵ ڕەخساندنی دەرفەت بۆ پێشکەوتنی ماددی، باوەڕ بە یەکسانی و هاوتایی ئیمکانات و باروودۆخی کۆمەلاّیەتی لە ئارادا بوو. هۆکارە سەرەکی یەکەشی بۆ فراوانی و بەپیتی زەوییەکانی دەگەڕایەوە. هزری کۆمەلاّیەتی، لەسەر بنەمای خاوەندارێتی تایبەتی، هەوڵدان لە پێناو چاککردنی ژیانی ماددی، جەخت کردنەوە لەسەر مافی یەکسانی بەبێ پەیڕەو کردنی سیستەمی خانەدانی ئەورووپی، بزاوتێکی کۆمەلاّیەتی نوێ ی هێنایە کایەوە و گەشە سەندنی بیری ئازادی و مافی یەکسانی و مافی خاوەندارێتی تاکەکانی بە دوادا هات.

باوەڕ بە یەکسانی مرۆڤەکان، زەمینەیەکی لەبار و گونجاوتری بۆ ئافرەتان ڕەخساند. ژمارەی ئافرەتانی کۆچبەر لەچاو پیاواندا زۆر کەمبوو، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگە پێویستییەکی زۆر بەهاوکاری کردنی ئەوان هەبوو. لەکاتی ڕووبەڕووبونەوەی گیر و گرفتە سروشتیەکاندا، بۆ دروست کردنی خانوو، لە ئیش و کاری نێو کێلگەکان و دابینکردنی ماددە خۆراکیەکان، شان بەشانی پیاوان بەشداری دەکرد. ژیانی ئاسایی و ژینگەی کۆمەلاّیەتی و پێویستی بەدەستی کار، تا ڕادایەك پێگەی ئافرەتی لەگەڵ پیاواندا یەکسان کرد. ئەو ژنانەی کە وەکو ئافرەتی کارەکەر بەرەو ئەمریکا کۆچیان دەکرد، بە تەواو بوونی ماوەی خزمەتەکەیان دەیانتوانی سوود لەو ئیمکاناتە ماددیانە وەربگرن کە دەخرایە بەردەم پیاوان. کەمی کرێکار، هەلێکی لەباری کارکردنی بۆ ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتان ڕەخساند و، هەندێکیشیان توانیان لە چالاکی یە بازرگانییەکاندا بەشداری بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا نابێت وابیربکەینەوە کە بیروبۆچوونی پیاوانی ئەمریکی لە بنچینەدا لەگەڵ کۆمەڵەکانی دیکە جیاوازی هەبووە، چونکە تا ئەوکاتەش ئیشوکارە سەرەکییەکانی وەك پیشەی پزیشکی و خزمەتکردنی کڵێسە و پارێزەری مافەکان لە گەمارۆی پیاواندا بوون و، تەنانەت کاروبارەکانی بواری فێرکردن کە دواتر خرایە ئەستۆی ئافرەتان، بەبەشێك لە ئەرکەکانی پیاوان دەژمێررا، بەلاّم هەل و مەرجی ژینگەی سروشتی،

پێویستی بەدەستی ئیشکەر و، ڕووبەڕووبونەوەی گرفتەکان، کە پێویستی بەهاوکاری هەردوولا هەبوو بایەخی هێزی کاری ئافرەتانی لە داگیرگەکاندا زیاتر کرد.

ژن لەکاتی ئامادەنەبوونی پیاوەکەیدا، تاکە لێپرسراو و بڕیاردەر لە بەڕێوەبردنی کاروباری دارایی خێزانەکەی بوو. هەڵبەت ئەم ئازادیی یە لەمافی خاوەندارێتی دا سنووردار بوو، پیاوی ماڵەوە دەیتوانی داوای موچەی ڕۆژانەی ژنەکەی بکات. لە هەندێك کۆچنشینەکاندا، یاسا مۆڵەتی بە ئافرەتان دەدا، بۆ ئەوەی بتوانن لە دادگاکاندا ئامادە ببن و شاهیدی دژ بە پیاوەکانیان بدەن و، دەبوو بە دواداچوون و لێکۆڵینەوە لەسەر سکالاکانیان بکرێت و لەهەندێك حاڵەتدا، ئەو ئافرەتەکەی کە مێردەکەی کۆچی دوایی کردووە و لە وەسیەت نامەی هاوسەرەکەیدا بە مافی یاسایی خۆی نەگەیشتووە، لە لایەن یاساو دادگاوە پشتیوانیەکی تەواوی لێدەکرا. بارودۆخی ژینگەی کۆمەلایەتی ئەمریکا، پێویستی بە هاوکاری و هاودەنگی ئافرەتان لە هەموو بوارەکاندا هەبوو، ئەمەش هۆکاری سەرەکی بەرز بوونەوەی پێگەی کۆمەلایەتی ئافرەتان بوو لە کۆمەڵگەدا.

حکومەتی داگیرگەکان هاوشێوەی حکومەتی ئینگلیز پێك هێنرا. حکومڕانی ئینگلیزی لەلایەن پادشای ئەو ولاتەوە بۆ بەڕێوەبردنی داگیرگەکان دەستنیشان دەکرا. سیانزە کۆچنشینی سەرەتا هاوشێوەی حکومەتی ئینگلیز خاوەنی دوو ئەنجومەنی دووانی بوون. تەنها کەسانی خاوەن سەرمایە، مافی دەنگدان و بەشداری کردن لە کاروباری سیاسییان پێ درابوو ـ وەك ئەو شێوازەی کە لە ئینگلیز پەیڕەو دەکرا ـ بەلام ژمارەی سەرمایەدارەکانی ژێر کاریگەری بارودۆخی ژینگە و پێداویستیەکانی ژیان بە بەراورد لەگەڵ ئنگلیزدا تا ڕادەیەك زیاتر بوو. لە کۆچنشینی ماساچۆسێت دا، مەرجەکانی بوونی ماڵ و دارایی بۆ بەشداری کردن لە کاری سیاسی زۆر ئاسان و زیاتر لە ٨٠٪ ی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بەشدارییەکی بەرچاویان لەم پرۆسەیەدا دەکرد. هەرچەندە لە داگیرگەکانی تردا مافی بەشداری لە سیاسەتدا بەو ڕادەیەی ماساچۆسێت نەبوو، بەلام بە بەراورد لەگەڵ خودی ئینگلیز یان ولاتانی تری ئەورووپا تا ڕادەیەك پێشکەوتوتربوو.

لەڕووی پێکهاتە سیاسیەکانەوە، ئەنجومەنی ویلایەتەکان بەهەمان شێوەی پەرلەمانی ئینگلیزی بەڕێوەدەچوو، بەلام تا کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەیەم و نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەیەم، هەریەکە و ڕێگایەکی جیاوازیان گرتەبەر. پەرلەمانی ئینگلیز لەپێناو بەدەست هێنانی دەسەلاتی زیاتر و کۆنترۆڵ کردنی کاروباری سیاسی وولات، سنورێکی بۆ سوڵتەی

ولاتەکەی دانا و، خۆی وەك هێزی سەرەکی ناساند. قانونی ئەساسی ئینگلیز، بریتی بوو لە کۆمەڵێك یاسا و دابونەریت و ڕێ و شوێن کە بەشێوەیەکی گشتگیر باڵی بەسەر کۆمەڵگەدا کێشا. لە داگیرگەکاندا، ئەنجومەنی ویلایەتەکان شێوازێکی نوێیان بۆ پاراستنی سەربەخۆیی و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان گرتە بەر، کە ئەویش بریتی بوو لە شێوازی خۆ بەڕێوە بردن (خود مختاری) و جیا بوونەوە لە حکومەتی. قانونی ئەساسی وەك بەڵگەیەکی نوسراو کە بنەما و بنچینەکانی حکومەتی دیاری دەکرد، نوسرایەوە. لە هەندێك لە کۆچنشینەکاندا، ئەم بەڵگەنامە یە بریتی بوو لە فەرمانێك کە لە لایەن دەرباری ئینگلیزەوە داوای دروستکردنی داگیرگەکانی کردبوو. بارودۆخی جوگرافی و دووری داگیرگەکان لە ولاتەوە و، ئەو تەنگژە سیاسیەی کە حکومەتی ئینگلیزی لەسەدەی حەفدەیەم دا تێ کەوتبوو، وای کرد کە ئەو وولاتە دەستێوەردانەکانی لەنێو کاروباری داگیرگەکان و ئەنجومەنی ویلایەتەکاندا کەمتر بکاتەوە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی لەسەر گەشەکردنی سیاسی و ئەزموونی حکومەتی سەربەخۆی ئەمریکا هەبوو. فەرمانی دامەزراندنی کۆچنشینی نوێ، هۆکارێکی دیکەی دامەزراندنی ئەنجومەنی ویلایەتەکان بوو. ساڵی ١٦١٩، حکومەتی ئینگلیز بڕیاری دامەزراندنی داگیرگەیەکی نوێ ی دەرکرد کە ناوی ڤێرجینیای لێنرا و بەهۆیەوە ئینگلیزەکانی دانیشتووی نێو داگیرگەکە بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری ناوخۆیان سەربەخۆیەکی تەواویان پێدرا و پاش دەرچوونی بڕیاری ناوبراو، بەڕێوەبردنی کاروباری ڤێرجینیا خرایە ژێر چاودێری ڕاستەوخۆی حکومەتی ئینگلیزەوەو دانیشتوانی ڤێرجینیایش دانیان بە دامەزراوەکانی ئەنجومەنی ویلایەتی دا ناو جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە، کە دانانی هەرجۆرە باجێك لە ناوچەکەدا، پێویستە ڕەزامەندی ئەم ئەنجومەنەی لەسەر بێت. لەساڵی ١٦٣٧ ئەنجومەنی ویلایەتی ڤێرجینیا پاش دامەزراندنی دەرباری ئینگلیز، بە ڕەسمی لەلایەن دادگاوە دانی پێدانرا. داگیرگەکانی دیکەش دەستیان بە دامەزراندنی ئەنجومەنی هاوشێوەی ئەم ئەنجومەنە کرد.

لەناوچەی ماساچۆسێت، کاریگەری ((پیوریتنەکان)) لەسەر کاروباری کۆمەڵایەتی بەهۆکاری سەرەکی پێشکەوتنی سیاسی دادەنرێت. ئەم گروپە بەویەری ئیمان و بیرو باوەڕی خۆیانەوە، سووربوون لەسەر ئەوەی کە پەیوەندی یە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان زیاتر پەرە پێبدەن و کۆمەڵگەیەکیش پێکبهێنن کە لەسەر بناغەیەکی ڕێك و پێك و دیاریکراو ڕاوەستابێت. بۆ ئەم مەبەستەش لە پەیمان نامەیەکدا کە لەلایەن یەکەمین دەستەی کۆچبەرانی ماساچۆسێتەوە ڕێك و پێك کرا، جەختیان لەسەر بونیاد نانی کۆمەڵگەیەکی سیاسی یەکگرتوو کردەوە و،

بەڵێنیاندا کە ((چەند یاساو ڕێسا و کۆڵەکەیەك دەست نیشان بکەن و هەوڵی دروست کردنی چەند دادگایەك بدەن و گوێڕایەڵی و ڕەخنەکانی خۆیان لە بەرامبەر بڕیارەکانی ئەم دادگاییانەدا)) ڕابگەیەنن.

ڕێزگرتن لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و بڕیارەکانی یاسا بووە هۆی ئەوەی کە لە ((نیو ئینگلەند)) یەکەمین نیشانەکانی دروستکردنی ئەنجومەنێکی ئازاد و پشت ئەستوور بە توانا و لێهاتوویی تاکەکان سەرهەڵبدەن. ئەمو ئەزموونە سیاسییەی کە لە ئەنجامی پێکهێنانی ئەنجومەنی ویلایەتەکان و بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆ ـ بەپشت بەستن بە دەسەڵاتی یاسادانان هاتە ئاراوە ـ بونیادی حکومەتی ئەمریکا ی دامەزراند.

باوەڕ بە گرێمانەی سیاسی پەیمانی کۆمەڵایەتی، کە بوونی دەوڵەتی لەسەر بنەمای ڕەزامەندی گەل دەستنیشان دەکرد، لەسەدەی حەڤدەیەمدا گەشەی کرد. لە ئەمریکا، گرێمانەی پەیمانی کۆمەڵایەتی بەتەواوەتی دەستی بەسەر پەیوەندییە سیاسییەکاندا گرت. ((تۆماس هوکر))، وەك یەکێك لە نوێنەرانی داگیرگەی کنکتیکت، پەیمانی کۆمەڵایەتی و ڕێککەوتنی دوولایەنەی بە بنچینەی هەر حکومەتێکی شەرعی دەزانی.

باوەڕ بەخۆبەڕێوەبەری، هەریەکە لە حکومەتە مەحەللییەکانی وەك یەکەیەکی سیاسی سەربەخۆ لێکرد.

((تۆکویل))، کە یەکێکە لە بیرمەندە فەرەنسی یەکان لە ((شیکردنەوەی دیموکراسی ئەمریکا)) دا، ئەم سەربەخۆیی و خۆکارگێڕییەی حکومەتە مەحەللییەکان، بە سیاسەتێکی پۆزەتیڤ و بنەمای سەرەکی دیموکراسی سیاسی دەزانێت : ((لەنێوان زۆربەی وڵاتە ئەوروپیەکاندا ژیانی سیاسی لە کۆمەڵگەدا، لە چینەکانی سەرەوەوە سەرچاوەی گرتووە و هێندی هێندی و بەشێوەیەکی ناتەواو کاری لە چینەکانی دیکە کردووە و بۆناو ئەوان گوازراوەتەوە، بەڵام لە ئەمریکادا، دەتوانین بڵێین بەپێچەوانەی ئەوروپا ژیانی سیاسی لادێ پێش ناحیە و ناحیە پێش شارۆچکە و شارۆچکە پێش ویلایەت و لەکۆتاییی دا ویلایەت پێش حکومەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانەوە دەستی پێکردووە.)) ناوبراو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ((بنچینەی سەربەخۆیی لادێ)) بنەمای ئازادی ئەمریکا پێك دەهێنێت.

[وەك پێشتریش ئاماژەمان پێکرد]، میراتی حکومەتی ئینگلیز لە چەسپاندنی دیموکراسی ئەمریکادا کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەبوو. [بەپێچەوانەشەوە]، ئەمانی دەست تێوەردانی ئینگلیز لە کاروباری ناوخۆی داگیرگەکان، گەشەسەندنی سیاسی، هۆشیاری کۆمەڵایەتی و

ئەزموون لە بەڕێوەبردنی سەربەخۆیانەی داگیرگەکانی لێکەوتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەم ئەزموونە سیاسییانەدا، مافی ئازادی چاپەمەنیەکانیش چەسپا. لەکاتی دادگایی کردنی ڕۆژنامەوانێکدا، بەناوی ((زنگر)) لەساڵی ١٧٣٥، کە چەند بابەتێکی دژ بە حکومڕانی ناوچەی نیویۆرك نوسیبوو، پارێزەری ناوبراو، دادگاکەی ڕاسپارد کە چاپەمەنیەکان لەکۆمەڵگەی ئازاددا بەرپرسیارن لەبەرامبەر گواستنەوەی ڕاستییەکان و ئاگادار کردنەوەی گەلەکەیاندا و، هەمو هەنگاوێکیش لە پێناو ڕێگە گرتن لە بلاّو کردنەوەی ئەم ڕاستییانە، بە دڵنیایەوە سنوور دارکردنی ئازادی یە کۆمەلاّیەتیەکان دەسەلمێنێت. ئازاد کردنی ((زنگر)) و بەرگری کردنی زیرەکانەی پارێزەرەکەی، هەنگاوێکی دیکە بوو لەپێناو پشتیوانی کردنی مافە کۆمەلاّیەتییەکان و ئازادی بلاّو کردنەوەکاندا. ئەو یاسایەش کە بە ئامانجی ڕێگە گرتن لە بلاّو کردنەوەی بابەتی ڕەخنە ئامێز دژ بە سەرۆك کۆمار و ئەندامە پایە بەرزەکانی دەوڵەت دەرچوو بوو، بە هەوڵ و کۆششی ((جفرسۆن)) لەغوو کرایەوە و لەساڵی ١٧٩١ بە دەرکردنی بڕگەی زیادکراوی یەکەمی قانونی ئەساسی، لە پێناو دابینکردنی ئازادی بلاّوکراوەکان و مافی ڕادەربڕین و پێکهێنانی کۆبوونەوە سیاسییەکان، بنەماکانی ئازادییە تاکەکەسیەکان چەسپێنران.

بیری ئازادی و یەکسانی مافی تاکەکان، لەسەردەمی دەسەلاّتی ئینگلیز بەسەر داگیرگەکانەوە گەشەی کردو، بیروڕاکانی سەردەمی ڕۆشنگەری و فەلسەفەی مافی سروشی، کە توخمە سەرەکییەکانی بریتین لە ئازادی و یەکسانی و دەسەلاّتی گەل، لەماوەی یەك سەدەو نیو ئەزمونی سیاسی و حکومەتی خۆبەڕێوەبەری دا، کاریگەریەکی ئیجگار زۆریان لەسەر پەروەردە کردنی بیری شۆڕشگێرانە و سەربەخۆیی ئەمریکا هەبوو. ئەو کاتەی کە حکومەتی ئینگلیز سوربوونی خۆی لەسەر بەڕێوەبردنی ڕاستەوخۆی داگیرگەکان ڕاگەیاند، ڕوبەڕووی ناڕەزاییەکی سەرسەختانەی ئەمریکییەکان بویەوەو، کە لەئەنجامدا بەجیابوونەوە و سەربەخۆیی کۆتایی هات.

مريم



وایکینەکان دەگەنە دنیای نوێ

منداڵێکی نەیتەکان

ویلیام پن

کریستوف کولمبز

کریستوف کولومبس و ماریگالانی



سەفەرە ئیکتشافەکان بەرەو کیشوەری ئەمریکا ١٤٩٢-١٦١٠

نەخشەی ماجەلان لە ساڵی ١٥٢٢



نەخشەی جیهان لە ساڵی ١٦٧٦

کۆچنشینەکانی ئینگلیز لە ئەمریکا

بەشی دووەم:

شۆڕش و سەربەخۆیی

شۆڕشی ئەمریکا، لە دوو ڕوانگەوە بە وەرچەرخانێکی گرنگ و مێژوویی دەژمێررێت، لەو ڕۆژگارەدا. هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتە زلهێزەکانی ئەورووپا، چەندەها داگیرگەیان لەم کیشوەرەدا بۆ خۆیان دامەزراندبوو، بەڵام تا ئەو کاتەش هیچ جۆرە شۆڕش و یاخی بوونێک لە لایەن دانیشتوانی داگیرگەکانەوە دژ بەم هێزە کۆلۆنیالیزمانە ئەنجام نەدرابوو. بەڵام لەماوەی یەک سەدە ـ پاش شۆڕشەکەی ئەمریکاـ زۆربەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیسپانیا و پورتوگال، دژ بەم هێزانە ڕاپەڕین و سەربەخۆییشیان بەدەست هێنا.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەمریکا، بەسوود وەرگرتن لە بیرو ڕاکانی سەردەمی ڕۆشنگەری و فەلسەفەی مافی سروشتی، لە بونیادنانی دیموکراسی و چەسپاندنی (مشروطیت) ی دەسەڵاتی دەوڵەتدا، سەرکەوتنی بەدەست هێنا. سەرکردەکانی ئەمریکا، خۆیان بەشێک بوون لەسەردەمی ڕۆشنگەری و، بەتێکڕا باوەڕیان بەئازادی، یەکسانی و حوکمی گەل و جیاکردنەوەی کاروباری دین لە کاروباری دنیایی هەبوو.

لەم لاشەوە، داگیرگەکانی ژێر کۆنترۆڵی بەریتانیا، بەپێچەوانەی دانیشتوانی داگیرگەکانی تر، کۆمەڵگەیەکی خاوەن داب ونەریت و فەرهەنگێکی شکڵ گرتوو تایبەتی نەبوون و، زۆربەشیان لە خودی ئینگلیزە هاتبوون و، لە پێناو دروست کردنی ژیانێکی خۆشگوزەران لەسەر بنەمای سەروەری یاسار ڕێزگرتن لە مافی تاکەکان کۆچیان کردبوو. بەووتەی ((جۆن ئادامز)) دووەمین سەرۆک کۆماری ئەمریکا و یەکێك لە ڕابەرانی شۆڕش، کۆمەڵگەی ئەمریکا بە بەراورد لەگەڵ ئەورووپا، لاو و سادە و چالاکتر بوو، کە پەیکەرەکەشی لەسەر بناغەی باوەڕ بە عەقڵ و منگق و یاسای سروشت ڕاوەستابوو، هەروەها ((بیرۆکەی شۆڕش و سەربەخۆیی لە بیر و دڵی خەڵکەکەیدا گەشەی کردبوو.)) ئەو گۆڕانکاریانەی کە بە درێژایی یەك سەدەو نیو ئەزموونی سیاسی، لەبیر و

باوەڕ و ڕێباز و ڕای گشتی خەڵکدا سەری هەڵدا، بیری سەربەخۆ بوونیشی لەگەڵ خۆیدا پەروەردە کرد.

یەکێکی تر لە ڕووداوە هەرە گرنگ و کاریگەرەکان لەسەردەمی شۆڕشی ئەمریکادا، بریتی بوو لە نوسراوەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری. سەردەمی ڕۆشنگەری باوەڕی وابوو کە خودی عەقڵ پێوەرێکی مەنگقی تەواوە بۆ هەڵسەنگاندنی چاکی و خراپی ڕەفتارە کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤ و بونیادە شارستانیەکانی. بایەخدان بەم بیرۆکەیە، ڕەتکردنەوەی حکومەتی ڕەها، بەمەی هێنانی یەکسانی یاسایی و دەستنیشان کردنی مافی تاکەکان و ئازادی کۆمەڵایەتیەکان بوو لەگەڵ بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتی یاسا دانان لەگەڵ جێبەجێ کردندا. سەردەمی ڕۆشنگەری باوەڕی بە فەلسەفەی مافی سروشتی هەبوو: تاك بەئازادی دێتە دونیاوەو چەمکی ئازادیش بریتی یە لەوەی کە تاك تا دەتوانێت لە فشار و کارتێکردنی دەوڵەت پارێزراو بێت، پەیوەندی تاك و دەوڵەت لەسەر بنەمای ماف و لێپرسراوێتی گۆڕانکاری تێدا بکرێت، حکومەتیش لەسەر بناغەی یاسایەکی دیاری کراوی عەقڵی دامەزرێت، تاوەکو هەلومەرجێکی لەبار بۆ پەروەردەکردنی بەهرەو تواناکانی مرۆڤ بڕەخسێت و هەروەها لێهاتویی و شایستەیی تاکەکان ببێتە تاکە پێوەر بۆ دیاری کردنی پلەی کۆمەڵایەتیان. ئەم بیرۆکانە بەگشتی جەختیان لەسەر مەنگقی چاکسازی یەکانی لیبراڵ دەکردەوە.

بیرمەندانی سەردەمی ڕۆشنگەری ئەمریکا، لەوانە ((بنجامین فرانکلین))، ((جۆن ئادامز))، ((تۆماس جفرسۆن))، لەگەڵ ئەوەی کە چەندین لێکۆڵینەوەی ووردیان لەسەر بیروڕا فەلسەفیەکانی سەدەی هەژدەیەم بەئەنجام گەیاند، هەوڵێکی زۆریشیان بۆ چەسپاندنی مافی سروشتی و هەڵوەشاندنەوەی بنەماکانی ڕژێمی پێشووی ولاتەکەیان دەداو لەسەم کارو چالاکیانەشیاندا خۆیان بەتەنها نەبوون.

بیرو ڕاکانی بیرمەندانی سەردەمی ڕۆشنگەری ئەورووپا، وەك ((ڤۆلتێر))، ((ڕۆسۆ))، ((بکاریا)) و یان بیرو ڕاکانی ((مۆنتسکیو)) لەنێو داگیرگەکاندا بڵاو دەکرانەوە و لە شێوەی نامیلکەی سیاسی و وتاری ڕۆژنامەکاندا ئاڵ و گۆڕیان پێدەکرا. بۆچوونەکانی ((جۆن لۆك)) لە بواری مافی سروشتی و پەیمانی کۆمەلایەتی، ((مۆنتسکیو)) دەربارەی کۆمەڵگەی ئینگلیزی و ئیمکانی دامەزراندنی دام دەزگایەك کە بتوانێت ئازادی تاکەکان بپارێزێت. نوسراوەکانی ((ڤۆلتێر)) سەبارەت بە پیاوە ئاینیەکان، کە تەنها هۆکاری مانەوەی بیری دیکتاتۆری بوون، ((بکاریا)) لە پێناو چاکسازی یاسای سزادان و،((گرۆتیوس)) و ((پۆفندۆرف)) دەربارەی یاسا

سروشتی یه نێودەوڵەتیەکان و جەوهەری بونیـادە شارسـتانییەکان، بەشـێوەیەکی بـەربلاو لـەنێو داگیرگەکاندا تەشەنیان کرد. گروپە جۆراو جۆرەکان، چ ئەوانەی داوای جیابونەوە و سـەربەخۆییان لە ئینگلیز دەکرد، چ ئەوانەش کە لایەنگری پاراستنی یەکگرتـەکەیان بوون، لـە نوسـینەکانیاندا یان لەکاتی گفتوگۆکردندا [و بۆسـەلماندنی بۆچـونەکانیان] پـشتیان بـە بیروراکـانی بیرمەنـدانی سەردەمی رۆشنگەری دەبەست.

یاسا دەرکراوەکانی ئینگلیز، وەك سەرچاوەیەك بۆ تێگەیـشتن لـەم رووداوە مێژوویانـە، لەگـەڵ بیرکردنەوە عەقلانیەکانی سـەدەی هەژدەیـەم، لەسـەر بۆچـوون و شـێوازی بیرکردنـەوەی ئـەوەی شۆرشگێری ئەمریکی دا رەنگی دایەوە. بیروباوەرە سیاسی و کۆمەلایەتیەکانی ((پیۆرتینەکان))، لەسەر بنەمای پەیوەندی مەعنەوی نێوان تاك و پەروەردگار، لەگـەڵ چـەمکەکانی دادپـەروەری و یەکسانی و مافی تاکەکەسی دا لێکدەدرانەوە و هـەموو ئـەو واتایانـە کاریگەریـەکی گـەورەیان لەسەر بلاوبوونەوەی شۆرشگێریەکان هەبوو.

بناغە و بنچینەی ئەم بیرکردنەوانە، بیروڕا سیاسی و کۆمەلایەتییەکان بوون، کە لە سەردەمی شەڕی ناوخۆی ئینگلیز و سەردەمی ((کرامـۆڵ))ەوە، سەرچاوەیان دەرگـرت. بیروڕاکـانی دژ بـە حکومڕانی ئەم پیۆریتنانەی کە لایەنگری کرامۆڵ بوون و داوای فراوانـی دەسـەلاتی پەرلـەمانیان دەکرد لـە سـەدەی هەژدەیەمـدا و، بۆچـوونی چاکـسازی خـوازانی ئینگلیـز دژ بـە حکومـەتی ((ڤالپۆڵ))، بە بیانوری ئەوەی کە پەرلەمانی ناچار کردووە، تەنها ئەو یاسانە پەسەند بکـات کـە بەدڵی خۆیەتی و دەیەوێ بە بلاوکردنەوە و پەرەپێدانی فەساد، دژ بە بەرژەوەندییـەکانی میللـەت هەنگاو بنێت، لە داگیرگەکانی ئەمریکادا لایەنگرێکی زۆر زۆری پەیدا کرد.

لەنێو داگیرگەکانی ئینگلیزدا، فراوانبوونی خاوەندارێتی زەوی و سـەرهەڵدانی چـینی کۆلکـە سەرمایەدار، ناوەندەکانی هەڵبژاردنی پەرەپێدا و ژمارەی نوێنەرانی ئەنجومەنە مەحەللییەکانیشی زیاتر کرد. ترسان لە دەسەلاتی جێبەجێکردنی حکومەتی ئینگلیز، لەبەکارهێنانی زەبـر و زەنـگ لەپێناو لەناوبردنی خۆبەرێوەبردن و ئازادی داگیرگـەکان، گرنگـی و بایـەخی ئـەم ئەنجومەنانـەی زیاتر کرد.

هێز و دەسـەلات، بەواتای دەسەلاتی کەسێك یان چەند کەسێك بەسەر گیان و ماڵی زۆرینـەی خەڵك دا لێك دەدرایەوە، کە دەرەنجامەکەشـی بریتـی بـوو لـە زەوت کردنـی مـاف و ئـازادی و پشتگوێ خستنی یاسا، ئەمە و جگە لەو گەندەڵیە ئیداریەی کە پێشکەش بە کۆمەلگەی دەکرد. کەسی دەسـەلاتدار، هەرچەندە دەیتوانی ببێتە مرۆڤێکی شەریف و پاك لە ژیانی تایبەتی خۆیـدا،

بەڵام لەکاتی بەڕێوە بردنی کارەکانیدا، وەك کەسایەتیەکی ستەمکارو زۆردار خۆی دەناساند. هێز و دەسەڵات، مرۆڤەکانی مەست دەکرد و ئەوانیش لەبەرامبەریدا چۆکیان دادەدا و خۆیان دەدا بەدەستەوە. ئەم دەسەڵاتە لە داگیرگەکاندا بەشێوەی هێزی سەربازی ئینگلیز ڕەنگی دایەوە ن کە بە وتەی ((جەفرسۆن)) لە جیاتی ئەوەی ببێتە بەشێك لە حکومەتی مەدەنی ئەو سەردەمە، دەبووە هۆی بەهێزتر بوونی ئەو دەسەڵاتە.

لەنێو چوارچێوەی ئەم بۆچون و بیرکردنەوانەدا، واتە بۆچونەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری، ((پیۆرتینەکان)) و ڕێ و شوێن و داب و نەریت و ترسان لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن ـ بیردۆزمیەکی دیاری کراوی سیاسی لە دایك بوو، کە داوای مافی خۆ بەڕێوبەری (خود موختاری) و پاراستنی مافی تاکەکانی نێو داگیرگەکانی ئەمریکای دەکرد. پاش زاڵبوونی هێزەکانی ئینگلیز بەسەر فەرەنسادا، لە ساڵی ١٧٦٣ و، بڕیاری پەرلەمانی ئەو وڵاتە بۆ بەکارهێنانی تۆبزی لە داگیرگەکاندا و، ترسانی دانیشتوانی داگیرگەکان لەو پیلانانەی کە حکومەتی ئینگلیز دژ بە داگیرگەکان دایڕشتووە ـ کە بە واتای بەهێز بوونی ئەو وڵاتە و لەسێدارە دانی ئازادی و خۆبەڕێوەبردنی داگیرگەکان لێکدەدرایەوە ـ بیری شۆڕش و سەربەخۆیی ئەوەندەی تر گەشەی کرد.

ئینگلیز، بەزاڵبوونی بەسەر فەرەنسادا، ئاڵای زلهێزێکی جیهانی لەنێوان وڵاتنی ئەورووپی دا بەرز کردەوە. بە مۆر کردنی ڕێککەوتننامەی ئاشتی پاریسی ساڵی ١٧٦٣، توانی داگیرگەکانی ژێر دەسەڵاتی فەرەنسا بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، هەرچەندە ئەرك و مەسرەفی شەڕەکەو ئەو زیانانەی بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتەکەی لێی کەوتەوە، زۆر قورس و گران بوو. هێزە دەریاییەکانی ئینگلیز، کە خەرجیەکانی لە ڕێگەی خەزێنەی باج و قەرزەکانەوە دابین دەکرا، فەرەنسیەکانیان ناچار بە بەجێهێشتنی خاکی ئەمریکا کرد. جگە لەوەش لەبەر ئەو هەموو شەڕە یەك لە دوای یەکانەی کە ڕووبەڕووی وڵاتەکەی دەبونەوەو و ئەو ئەرکە نوێیانەی کە دەکەوتە سەرشانی، وەرگرتنی باجی قورسی لە لایەن بەتەنها ڕێگا چارەیەك بۆ قەرەبوو کردنەوەی خەرجیەکانی دەزانی و تا ئەو ساتە وەختەش ئەمریکییەکان تەنها باجی مەحەللی و گومرگیان دەدا و، دەرامەتەکەشی ڕاستەوخۆ ڕەوانەی خەزێنە دەکرا، ئەم باجانە بەشێوەیەکی گشتی لە پێناو جێبەجێ کردنی یاسا بازرگانی و دەیاوانیەکان دیاری کرابوون، بۆ ئەوەی بتوانن کارو باری بازرگانی کۆنترۆڵ بکەن و، ئامانجیشیان کۆکردنەوەی دەرامەت بوو. دەرامەتی گومرگی، ئەوەندە نەبوو کە تەنانەت مووچەی کارمەندانی گومرگەکەشی پێبدرێت. لەبەرامبەریشدا کۆچبەران تەنها ئەو باجەیان دەدا کە ئەنجومەنی یاسادانان بۆ خەرجە مەحەللییەکان دایانبوو.

بەدەرکردنی یاسای دەرامەت لە ساڵی ١٧٦٤، دەوڵەتی ئینگلیز لە کاتێکدا کە باجەکانی گومرگی لەناو ئەمریکادا کەم کردەوە، دەستی بەجێبەجێ کردنی بەرنامەیەکی نوێ بە پێی چەند بنەمایەکی دیاری کراو بۆ کۆکردنەوەی باج کرد. دوای ساڵێك هەوڵی دا ، باجێکی دیاری کراو بەسەر پەنابەرانی خۆی لە ئەمریکادا بسەپێنێت، کە بەناسانی پەسەندیان دەکرد. باجی ئاماژە پێکراو بەسەر هەرجۆرە کاغەز و بەڵگەنامەیەکدا دەسەپێنرا، کەسوودی لێوەربگیرێت، لەوانە ڕۆژنامەکان و بەڵگەنامە بازرگانی و حقوقیەکان. لەسەر تاك پێویست بوو، کە بڕێکی دیاری کراو پوول بەوەرەقە یان بەڵگەنامەکەی خۆیدا بلکێنێت.

یاسای پوول جۆرێك دارێژرابوو، کە تەنها یەك لەسەر سێی خەرجی یەکانی پاراستنی هێزە سەربازییەکانی ئینگلیزی لەئەمریکا دا بۆ داگیرگەکان تەرخان دەکرد و، ئەم بارودۆخەش هیچ کات ئەمریکییەکانی نیگەران نەدەکرد، بەدەر لە هەموو ئەو باجە قورسەی کە دەکەوتە سەر شانی داگیرگەکان، بەڵام تەنها شتێك کە مایەی بێزاری و نارەزایی ئەوان بوو، تازەیی ئەو یاسا و فەرمانانە بوو کە ئەوانی زیاتر دەبزواند.

ئەمریکییەکان، پاش سەرکەوتنی ئینگلیز بەسەر فەرەنسادا، چاوەڕوانی بەردەوام بوونی سیاسەتی پێشووی ئەو وڵاتەیان دەکرد، واتە حکومەتی ئینگلیز دەست لە کاروباری ناوخۆی داگیرگەکان وەرنەدات، وازیان لێ بهێنێت و لەکاتی تەنگانەدا پارێزگاری لە بەرژەوەندیەکانیان بکات. لە بەرامبەریشدا ئەمریکا لەسەر پەیوەندی یە ئابوری و سیاسیەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا بەردەوام بێت.

یاسای پوول، ڕووبەڕووی نارەزاییەکی زۆر بوویەوە، بەتایبەت چینی بازرگان ، مافپەروەر و سەرنوسەری ڕۆژنامەکان، کە لەنێو خەڵکدا نفوزێکی زیاتریان هەبوو. یاسای ناوبراو لە ساڵی ١٧٦٦ هەڵوەشایەوە. لە ١٧٦٧، پەرلەمان بەبێ ئەوەی لایەنەکانی پرۆژەکە هەڵبسەنگێنێت، بڕی لە سەپاندنی چەند باجێکی نوێ بەسەر کاڵاکانی وەك پەڕاو و شیشە و مس و چای کە لە ئینگیزەوە بەرەو داگیرگەکان دەهات، کردەوە. ئەم باجانە لە لایەن ((تاونزەند)) سەرۆکی خەزێنەی ئینگلیزەوە پێشنیازکرا، بەڵام جارێکیتر ڕووبەڕووی ڕەخنە بوویەوەو جگە لەسەر بەرو بوومی چای لەسەر شتومەك و کەرەستەکانی تر لابرا. ئەمریکییەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە پەرلەمان مافی ئەوەی نیە کە باجیان لێوەربگرێت، چونکە ئەوان لەپەرلەمانی ئینگلیزدا نوێنەریان نیە.

وەلامی ئینگلیزیش ئەوەبوو، کە پەرلەمان بە هەمان ئەندازە، کە نوێنەری بەریتانیایە، بەو ئەندازەیەش نوێنەرایەتی داگیرگەکانی ئەمریکا کە بەشێك لە ئیمپراتۆریەتەکەی پێك دەهێنن، دەکات و، دەرکردنی یاسایەکیش کە لە پێناو بەرژەوەندی ئیمپراتۆریەت دابێت ، دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو ئەرکانەی کە لە ئەستۆیدایە. ژمارەیەك لە ئینگلیزەکان، کە پشتگیری ڕاپەڕینی چاکسازیان لە پەرلەماندا دەکرد، هاودەنگی خۆیان لەگەڵ دانیشتوانی داگیرگەکاندا دەربڕی و سنوری دەسەلاتی پەرلەمانیان خستە ژێر دوودڵی و گومانەوە.

گۆڕانکاریەکانی پەرلەمانی ئینگلیز دوای ١٦٨٨، هێز و دەسەلاتی پادشایەتی ئەو وڵاتەیان سنوردار کرد. داگیرگەکانیش کەتا ئەوکاتە لەژێر کۆنترۆڵی پادشا یان لەژێر چاودێری ئەودا، بەڕێوە دەبران، ئێستا بە پەرەسەندنی دەسەلاتی پەرلەمان و پێویستییەکانی ئەو وڵاتە لەڕووی داراییەوە شێوازێکی تایبەتیان بەخۆوە گرت.

لەلایەکی ترەوە، داگیرگەکان لە ڕووی بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسییانەوە چالاکتر بووبوون. دووری ماوەی نێوان داگیرگەکان و وڵاتی ئینگلیز، جیاوازی داخوازی یە سەرەکیەکانی خەلکی و ترسانیان لە دەسەلاتی جێبەجێ کردنی ئەو وڵاتە، بووە هۆی ئەوەی زینجیرەیەك یاسای مەحەللی تایبەت بەناوچەکە بڕیاریان لەسەر بدرێت. ئەمریکییەکان باوەڕیان وابوو، کە خەلکی داگیرگەکانیش هەروەکو پەنابەرانی ئینگلیزی، ئازادن و خاوەنی مافی دیاریکراوی خۆیانن، بەلام هیچ کاتێك لە پراکتیك کردنی سیاسەتێکدا، کە پەیوەندی بە بەڕێوەبردنی داگیرگەکانەوە هەبووبێت، بەشداریان نەکردووە.((جفرسۆن)) لەنامەیەکدا بۆ ((جۆرجی سێیەم)) پادشای ئینگلیز، کورتەی بیروڕای ئەمریکییەکانی دەربارەی مافی پەنابەرانی ئینگلیز لە ئەمریکا بەم شێوەیە دەربڕی:((ئێوە بە ڕاوێژکارانی ئینگلیزی گەمارۆ دراون، هیچ وەزیر و ڕاوێژکارێکتان تایبەت بە کاروباری ئەمریکا لە بەردەستدا نیە، چونکە هیچ کام لە ئێمەتان بۆ ئەم ئەرك و لێپرسراوێتیە بانگهێشت نەکردووە.)) بە کردەوەش ئەمریکییەکان سەلماندیان، کە نایانەوێت باج بدەن و پەرلەمانیش ئەیتوانی بەو شێوەیە کە دەیویست دەسەلاتەکەی بەکار بهێنێت.

ساڵی ١٧٧٣، بەهۆی ڕوداوێکەوە نائارامی باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا، کە ئەویش بە هۆی دەرکردنی یاسایەکی نوێ ی تایبەت بە بەروبومی چای بوو، بەم هۆیەوە کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەلات ڕووبەڕووی دژوارییەکی بازرگانی گەورە بوویەوە. چونکە ڕێژەیەکەی زۆر چای چینی بەبێ داوخواست لە خەزێنەکانی حکومەتی ئینگلیزدا مابوویەوە. پەرلەمانیش مۆڵەتی بە کۆمپانیاکە دا، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی کارمەندەکانی خۆیەوە و بەشێوەیەکی مۆنۆپۆڵ (ئنحصار)ی

چایی بە ئەنبار کراوەکە بفرۆشێت. چای، لەو سەردەمەدا، بەیەکێك لە گرنگترین بەرهەمە بازرگانیەکان دەژمێررا. بازرگانە ئەمریکییەکان، کەتا ئەو ساتە وەختە، پردی پەیوەندی شتومەکی خستنە بازاڕ و داوخواست بوون، لەو مافە بێبەش کران. لەبەر ئەوە لە هەموو بەندەرەکانی ئەمریکادا، کڕینی چای کۆمپانیای ناوبراویان قەدەغەکرد. لەشاری بۆستۆن، ئەمریکییەکان، بۆ ئەوەی نەهێڵن، کرێکارانی کۆمپانیاکە بارە چایی یەکانی نێو کەشتییەکان دابگرن، شەوانە پەلاماری کەشتی یە بارهەڵگرەکانیان دەدا و هەموو سندوقەکانیان دەڕژاندە نێو ئاوەکەوە. حکومەتی ئنگلیزیش، لە هەڵبەستێکی نابەرامبەردا، هەموو چالاکییە بازرگانییەکانی شاری بۆستۆنی وەستاند و، هەر لەبەر ئەم هەنگاوەی حکومەت بوو، کە ئەو شارە ڕوو بەڕووی مەترسی وەرشکست بوون بوویەوە. حکومەتی ئینگلیز، هەڵبژاردە مەحەللی یەکان و کۆبوونەوەی شارەکانی قەدەغە کرد و بە پێدانی دەسەلاتی زیاتر بە نوێنەراکانی خۆی، خەڵکی ناوچەکەی زیاتر خستە ژێر فشارەوە. لەم کاتەدا و لە ساڵی ۱۷۷٤، پەرلەمانی ئینگلیز یاسای ((کوبك)) ی دەرکرد، کە بەهۆیەوە ناوچەی فەرەنسی نشینی کەنەدا توانی، لەمافی ئازادی یە شارستانی و مەزهەبی یەکانی خۆی بەهرەمەند ببێت، لەهەمان کاتیشدا سنوورەکانی کوبك بە شێوەیەك دیاری کران، کە تەواوی زەویەکانی باکوری ڕووداهایۆ واتە ویلایەتەکانی ئێستای ویسکۆنسین، میشیگان، ئیلی نوا، ئینديانا و ئۆهایۆ دەکەوتنە نێو چوارچێوەی سنورەکانی کوبکەوە. بەڕای ئەمریکییەکان ئەم یاسا نوێ یە بەربەستێك بوو لەبەردەم پێشڕەوی کردنی ئەواندا بەرەو زەوی یەکانی ڕۆژئاوا و کردارێکیش بوو بۆ پشتیوانی کردنی فەرەنسییە کاتۆلیکەکانی دانیشتووی کەنەدا. ئەم هەنگاوەشیان بە داخستنی بەندەری بازرگانی بۆستۆن و دەست تێوەردانی پۆلیسی ئینگلیزی لەنێو کاروباری داگیرگەی ماساچۆسێتەوە دەبەستەوە. یاسای ئاماژە پێکراو بە یەکێك لەو یاسایانە دەژمێررا، کە خەڵکی ئەمریکای زۆر نیگەران کردو بەڵێنیشیان دا بە هەموو توانایەك لەبەرامبەریدا ڕاوەستن. سیاسەتی ئینلگیز، ڕق و کینی خەڵکی ئەمریکای گەیاندبوویە بینەقاقە و ئەوانی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە ئامادە دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا تا ساڵی ۱۷۷٤، هێشتا بیرۆکەی سەربەخۆیی و جیابوونەوە نەگەشتبوویە قۆناغی کردەیی و، هەموو هەوڵ و کۆششەکانیان لە پێناو پاراستنی سەربەخۆیی ناوخۆدا چڕ کردبوویەوە.

پاش دەرکردنی ئەم یاسایانە، کۆچنشینە جۆراوجۆرەکان پشتیوانیان لە داگیرگەی ماساچۆسێت کرد و چەند نوێنەرێکیان بەمەبەستی بەشداری کردن لە ((کۆنگرەی کیشوەری)) ڕەوانەی فیلادلفیا کرد. ئەم کۆنگرەیە لە ساڵی ۱۷۷٤، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی سیانزە

کۆچنشینی سەرەتایی بەسترا، لە ئەنجامیشدا گەمارۆ خستنە سەری کـالاّی ئینگلیزیـان پەسـەند کرد و، هەڵوێستی حکومەتی ناوبراویش تەنها پەنابردنە بەر زەبرو زەنگ بوو. بەیـەك سـاڵ دوای بڕیارەکە، پاش ئەوەی حکومڕانی ئینگلیزی شاری بۆستۆن، ژمارەیەك سەربازی بۆ دەست بەسـەردا گرتنی ئەنبارێکی چەکی نایاسایی بەرەو کۆنکۆرد لەماساچۆسێت نارد، ئاگری شـەڕ هەڵگیرسـاو تەقە لەنێوان سـەربازانی ئینگلیز و هێزی ڕاپەڕینی بەرگری دا دەستی پـێ کـرد. لـە کۆبوونـەوەی دووەمی ((کۆنگرەی کیشوەری)) داو بۆ هەمان مەبەسـت، بڕیـاری کۆکردنـەوەی تێکـڕای هێـزە سـەربازیەکانیان داو ((جۆرج واشـنگتۆن))، یەکێك لە نوێنەرانی ڤێرجینیای بۆ پلـەی فەرمانـدەیی سوپای داگیرگەکان هەڵبژارد. کۆنگرە هێشتا ئامادە نەبوو پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ئینگلیـزدا بپچڕێنێت. ئەو شتەی کە ئەمریکیەکان دەیانویست، بریتی بـوو لـە هەڵـسووڕاندنی کاروبارەکـان، وەکو ڕابردوو،واتە بەرقەرار کردنی ئەو پەیوەندییـەی کـە لـە نێوانیانـدا هـەبوو، لـە مـافی خـۆ بەڕێوەبەری، هەڵوەشانەوەی یاساکانی بـاج، چاکـسازی کـردن و پـشت ڕاسـتکردنەوەی چـاودێری ئنگلیز لە ڕووی ئاڵوگۆڕی بازرگانییەوە، دامەزراندنی سیـستەمی دادوەری و پێکهێنانی دادگایەك کە دەسـتەیەکی سـوێندخواردنی هـەبێت ـ کـەتا ئـەو کاتـەش بـەهۆی دروسـت کردنـی دادگـا سەربازیەکانەوە پشتگوێ خرابوو ـ و لابردنی هەرجۆرە تەنگ و چەڵەمەیەك کە ڕێگربێت لەبـەردەم پێشڕەوی کردنی ئەمریکییەکاندا بەرەو زەوییەکانی ڕۆژئاوا. هەر لەبەر ئەوەش، نوێنـەرە بەشـدار بووەکانی نێو دووەمین فیلادلفیا، ڕایانگەیاند، ئەمریکییەکان خۆیان پڕچەك کردووە، بـۆ بـەرگری کردن لە ئازادی، کە مافێکی دان پێدانراوی سروشتی خۆیانە و تا ئـەو کاتـەش لێـی بەهرەمەنـد بوون. ئەم خەڵکانە لەگەڵ شێوازی حکومەتکردنی ئینگلیز لەسەدەی حەڤدەیەم و نیوەی یەکـەمی سەدەی هەژدەیەمدا، بـۆ بـەڕێوەبردنی داگیرگـەکان ڕاهـاتبوون و بـەم دەسـەڵاتەش ڕازی بـوون. لەڕاستی دا ئەوان شۆڕشگێڕانێکی ڕازی بوون، تا بزوتنەوەیەکی شۆڕشخواز.

کاتێك پەتی پەیوەندی نێوان حکومەتی ئینگلیـز و خـەڵکی داگیرگـەکانی ئـەمریکا پـچڕا، کۆمەڵگە پێویستی بە بونیادێکی حقوقی نوێ هەبوو. بەشـارەزا بـوونی خـەڵکی لـە فەلـسەفەی حکومەتی((جۆن لۆك)) ، مافی سروشتی و بیرکردنەوەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری، ئـەم ئامانجـە دەکرا بێتەدی. بەسوود وەرگرتن لە نوسراوەکانی((لۆك))، جەفرسۆن هۆکاری کردەیی شۆڕشـەکەی، بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆییدا بـڵاو کـردەوە. لـە مـانگی جێنیـوەری سـاڵی ١٧٧٦،((تۆمـاس پـێن)) بەبڵاوکردنـەوەی نامیلکـە بەناوبانگەکـەی خـۆی((عـەقڵی تەندروست)) بەرگی کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕی لەبەرکرد. ناوبراو دوو ساڵ پێش ئەم ڕووداوانە بـە

گیانێکی ڕاپەڕیو لە ئینگلیزەوە هاتبوو و لە دەوڵەتەکەشی، بەهۆی ئەو زوڵم و ستەمەی کەلەکەسانێکی هاوشێوەی ئەوی دەکرد، زۆر بێزار بوو. لەنامیلکەکەیدا، بەدەربڕینێکی زۆر توند، پێویستی سەربەخۆیی داگیرگەکانی شیکردەوە و، سەربەخۆیی لەگەڵ ئازادی تەواوی مرۆڤایەتی دا هاوتا کرد و حکومەتی ئینگلیزی بەهێمای زوڵم و ستەم ناوبرد. زۆر بە توندی هێرشی کردە سەر((جۆرجی سێیەم)) و سیستەمی حکومڕانی بۆماوەیی، دایە بەر ڕەخنەو ڕوونیشی کردەوە کە نرخی کەسێکی داوێن پاك، چاکەکارو زەحمەتکێش بۆ کۆمەڵگە، لە هەموو((تاج بەسەرە هەرزەکانی ئینگلیز)) زیاترە.

((پەین)) وتی:((خەیاڵێکی خاوە وابیربکەینەوە کە هەتا هەتایە دورگەیەك بتوانێت کیشوەرێك بەڕێوە ببات. هیچ بەڵگەیەك لەبەردەستدا نیە، کە سروشت مانگەکان لە هەسارەی سەرەکی گەورەتر دروست کردبێت و لەبەر ئەوەش کە ئینگلیز و ئەمریکا لە بەرامبەر یەکتری دا، پێچەوانەی یاسای ناسایی سروشت ڕاوەستاون، ڕوون و ئاشکرایە کە ئەو دووانە سەر بە دوو سیستەمی جیاوازن، ئینگلیز هی ئەوروپایە و ئەمریکاش هی خۆی.)) کاریگەری نامیلکەکەی((پەین)) بە ئەندازەیەك بوو، کە لە ماوەی چەند مانگدا هەزاران هەزار ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە. هەروەها نابراو ئاماژەشی بەوە کرد، کە خۆبەدەستەوەدان لە بەرامبەر جەورو ستەم و، گوێڕایەڵی بۆ دابونەریت نی یە کە مرۆڤ بەرەو پەستی و دۆگمابوون دەبات، بەڵکو پەستی و خوار و خێچی ئەو کاتە پەیدا دەبێت کە مرۆڤ خۆی لەبەرامبەر هێزێکدا بدات بەدەستەوە، کە بەلای خۆیەوە ناڕەوایەو بەنەزانی گوێڕایەڵی کەسانێك بکات کە دەستدرێژیکەر و داگیرکەربن. بەم هۆیەوە پێشنیازی دەکرد: یان خۆ بەدەستەوەدان و ڕازی بوون لەبەرامبەر حکومەتێکی ستەمکارو ڕزیو، یان بەهرەمەند بوون لە ناز و نیعمەتی ئازادی و بەختەوەری لە ژێر ڕۆشنایی کۆمارێکی ئازاد و سەربەخۆدا. لە ڕۆژی چوارەمی جولای ساڵی ١٧٧٦ کۆنگرەی فیلادلفیا، ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکای ئاشکرا کرد و بەهۆیەوە ویلایەتە یەکگرتوەکان توانی لە نێوان وڵاتانی گۆی زەوی دا بەمافەکانی یەکسانی و سەربەخۆیی خۆی شاد ببێت.

فەلسەفەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە((جۆن لۆك)) فەیلەسوفی بەناوبانگی ئینگلیزییەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەو ڕستەیەی کە سەرەتای ڕاگەیاندنەکەی پێ دەست پێدەکات، بەڕوونی کاریگەری بیروڕاکانی ((لۆك))ی لەسەر بەرجەستە بووە:((لەبەرئەوەی لە ڕێڕەوی ڕووداوە مرۆڤایەتیەکاندا، لەسەر کۆمەڵێك خەڵك پێویست دەکات کە مامەڵەو پەیوەندی سیاسی خۆیان لەگەڵ میللەتانی دیکەدا بپچڕێنن و پێگە و پلەوپایەیەکی یەکسان و جودا لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا

بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن، کە یاساکانی سروشت و خودای سروشت ئەو مافانەی پێبەخشیون، کەواتە ڕێزگرتنی شیاوی بیروباوەڕی خەڵکان وا دەخوازێت، کە ئەم خەڵکە، ئەو هۆکارانەی کە ئەوانی ناچار بەجیابوونەوە کردووە بەئاشکرا ڕابگەیەنن، پاشان ئاماژە بە گریمانەکەی ((لۆک)) دەربارەی مافی تاکەکەس و پەیمانی کۆمەڵایەتی دەکرێت.((ئێمە دان بەو ڕاستیانەدا دەنێین، کە تەواوی مرۆڤەکان بە یەکسانی دروست کراون هەرتاکێکیش خاوەنی مافێکی ئینگاری نەکراوی خۆیەتی، لەوانە مافی ژیان و ئازادی و هەوڵ و کۆشش بۆ گەیشتن بە بەختەوەری. بەمەبەستی پاراستنی ئەم مافانە بۆ خۆیان چەندەها حکومەت دادەمەزرێنن و بەویست و ئارەزووی خۆیان هێز و دەسەلات بەم حکومەتانە دەبەخشن، هەرکاتێکیش ئەم حکومەتانە لە ئامانجەکەی خۆیان لایاندا، مافی سروشتی ئەو خەڵکەیە، کە حکومەتەکە بگۆڕین یان بڕوخێنن و حکومەتێکی نوێ بهێننە ئاراوە کە بتوانێت بە دەرکردنی یاسای لەبارو گونجاو بەکارهێنانی دەسەلاتی خۆی ئارامی و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکەکەی دابین و بپارێزێت.))

ئەگەر واز لە بنەما گشتییەکانی ڕاگەیاندنەکە بهێنین، [دەبینین] ئەوەی لە ناوەڕۆکی ڕاگەیاندنەکەدا ماوەتەوە، زیاتر لایەنێکی دیاری کراو بەخۆوە دەگرێت. واتە بریتی یە لە پێرستێك لەو ڕەخنە و ناڕەزاییانەی کە لەلایەن دانیشتوانی داگیرگەکانەوە بەرەو ڕووی حکومەتی ئینگلیز بەرز کراوەتەوە . کۆتایی ڕاگەیاندنەکەش دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی، کە لەبەر ئەو هەموو زوڵم و ستەمەی کە لێیان کراوە ئەمریکا جیابوونەوەی خۆی لە ئینگلیز ڕادەگەیەنێت و جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێت ئەو سیانزە کۆچنشینە، ئازاد و سەربەخۆ بن و ن لەهەموو کۆت و بەندەکان ڕزگاریان ببێت و وەك میللەتێکی سەربەخۆو ئازاد ڕەفتاریان لەگەڵ بکرێت.

نوێنەرانی کۆنگرە بە هاوکاری و هاودەنگی ، یەکتریان بە ئەمریکایی ناوبرد و ، سەربەخۆیی خۆیان ئاشکرا کرد و بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئینگلیز ئامادەیی خۆیان ڕاگەیاند . یارمەتی سەربازی دەرەوەش فەراهەم کرابوو. لەساڵی ١٧٧٨ لەنێوان((بنجامین فرانکلین)) باڵوێز و نوێنەری ئەو ویلایەتانەی کەتازە سەربەخۆییان وەرگرتبوو، لەگەڵ ((لویی شانزەیەم)) پادشای فەرەنسادا، ڕێککەوتننامەیەك مۆرکرا و بەپێی ڕێککەوتنەکە فەرەنسا بە فەرمی دانی بە سەربەخۆیی ئەمریکادا ناو یەکەیەکی سەربازی هێزە دەریاییەکانی خۆی بۆ یارمەتی دانی سەربەخۆیی خوازان ڕەوانەی ناوچەکە کرد. جگە لەوەش نەجیب زادەیەکی فەرەنسی کەناوی ((مارکی دولافایت)) بوو، توانی ڕەزامەندی پادشا بۆ ناردنی شەش هەزار سەربازی دیکە بەرەو ناوچەکە بەدەست بهێنێت.

بەم شێوەیە، بەشداری کردنی هێزەکانی فەرەنسا لە جەنگەکانی سەربەخۆیی و شکان و خۆ بەدەستەوەدانی هێزەکانی ئینگلیز بەدەست سوپای ((واشنگتۆن))ەوە، کاریگەریەکی ئێجگار زۆری هەبوو. یارمەتی و هاوکاری کردنی حکومەتی فەرەنسا، زیاتر لەبەر دوو هۆکار بوو: یەکەم، لێسەندنەوەی داگیرگەکانی خۆی کە پێشتر حکومەتی ئینگلیز دەستی بەسەردا گرتبوو. دووەم، بەمەبەستی لاواز کردنی دەسەلاتی ئینگلیز لە ئەمریکای باکور، کە دواتر ئەنجامێکی زۆر قورس و گرانی بۆ((لوی شانزەیەم)) بنەمالەکەی لێکەوتەوە و، بۆماوەی دەساڵ ئاگری شۆڕش فەرەنسای داگرتەوە و کۆتایی بە حکومەتی پادشایەتی ((بۆربۆن)) هێنا.

جەنگەکانی سەربەخۆیی لەساڵی ١٧٧٦ ــ ١٧٨٣ درێژەیان کێشا. قورسترین نەبەردیش لە ساراتۆگا ڕووی دا، کە خۆ بەدەستەوەدانی بەشێکی هێزەکانی ئینگلیزی لێکەوتەوە. لە یۆرک تاون و لەساڵی ١٧٨١ هێزەکانی ئینگلیز خۆیان تەسلیم بە هێزەکانی جۆرج واشنگتۆن کرد. لە ئەنجامدا و بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەی کەلەساڵی ١٧٨٣ لەپاریس مۆرکرا، حکومەتی ئنگلیز بە ڕەسمی دانی بەدەسەلاتی ئەو سیانزە داگیرگەیەدانا ، بەناوی ویلایەتە یەکگرتوەکانەوە.

ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی تەنها بریتی نەبوو لە جیابونەوەی ئەمریکا لە ئیمپراتۆریەتی ئینگلیز . بەڵکو ئاراستەکردنی شۆڕشێك بوو لە دژی حکومەتێکی ڕەسمی تۆمار کراو (مسجّلی). ناوەڕۆکی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە ڕاستی دا وەرگێردراوی فەلسەفەی مافی سروشتی ئەو سەردەمە بوو. لە سیانزە ویلایەتەکەدا، پێشکەوتنێکی گەورە لە ڕووی یەکسانی مافی خەلکی بەگشتی بەدی هات و هەرچەندە بوونی سەرمایە مەرجێکی بنەڕەتی بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکان بوو، بەلاّم ئەم ڕێژەیە بەشێوەیەك هاوسەنگ کرا، کە زۆرێك لە تاکەکانی کۆمەڵگە، کە پێشتر مافی دەنگدانیان نەبوو، بۆ هەڵبژاردنی دەستەی یاسادانان و خزمەتگوزاریە گشتییەکان بەشداری بکەن و، بڕیاریش درا ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان بە شێوەیەکی یەکسان، پێناسەی [نوێنەری] ژمارەیەکی یەکگرتووی خەلکی ئەمریکابن. ئەمەش بابەتێك بوو کە لە ئەنجومەنە پەرلەمانیەکانی ئەوروپادا بەهیچ شێوەیەك باسی لێوە نەکرابوو.

زۆرێك لە دامەزراوە شێوە فیودالیەکان، وەك ئەوانەی کە لە ئەوروپادا هەبوو، ڕیشەکێشکران. ئەو کرێیەی کە لە بەرامبەر بەکارهێنای زەوی کشتوکاڵی لە جوتیاران دەسەنرا، لە زۆربەی ویلایەتە نوێیەکاندا هەڵگیرا. هەندێك مافی وەك بۆماوەیی بنەماڵەکان و مافی تایبەت، کە بەهۆیەوە خێزانە سەرمایەدارەکانی وەك چینی خانەدان ژیانیان پێ دەبردە سەر،

لەناوبران. دەیەکی کڵێسەش وەستێنرا و پلەو پایەی مەزهەبە ڕەسمییەکانی وەك کڵێسەی ئینگلیز لەناوچەی باشوور کەوتە ژێر پرسیارەوە.

بەڵام شۆڕشی ئەمریکا، نە لەرووی کۆمەڵایەتیەوە دەگەیشتە قوڵایی شۆڕشەکەی فەرەنسا ـ کەزۆر بە خێرایی سەری هەڵدا ـ و نە شۆڕشەکەشی بەئەندازەی ئەو شۆڕشەی کە لە ساڵی ١٩١٧ لە ڕوسیا بەرپاکرا فراوان بوو. ماڵ و سەرمایە، لەدەستی گروپێکەوە بۆ گروپێکی دیکە گوازرایەوە. گۆڕانکاریەکی گچکەش لە ڕووی یاسای موڵکدارییەوە ئەنجام دراو، یاسای عورفی ئینگلیزی کە بە میرات بۆیان مابوویەوە، لەهەموو شوێنەکان وەك خۆی مایەوە. لە سەرتاسەری ناوچە کۆچنشینە ئینگلیزییەکانی ئەمریکادا، ئەشوێنەوارێکی سیستەمی خانەدانی مابوویەوە، نە ئەستەفێکی دەسەڵاتدار. لەڕاستی دا، چینی خانەدان و پیاوانی ئاینی ئەو پلەو پایەو دەسەڵاتەی کە لە کۆمەڵگەی ئەورووپی دا هەیانبوو، هیچکات نەیانتوانی لە کۆمەڵگەی ئەمریکی دا بەدەستی بهێنن. لەبەرئەوە شوێنەواری ئەو شۆڕش و هەڵچوونەی کە دژی ئەوان بەرپا کرا، کەمتر کاریگەر بوو. بەڵام شۆڕشی ئەمریکی، هێشتا نەیتوانی گۆڕانێکی ئەوتۆ لە کۆمەڵگەکەیدا بکات. سیانزە ویلایەتەکە کە کۆماری ئەمریکایان پێك هێنا، هەریەکەو بۆخۆی لە ئازادی ناوخۆیی و حکومەتێکی مەحەللی بەرخوردار بوون، لە کاتێکدا کە فەرەنسا حکومەتێکی مەرکەزی و سیستەمی چینایەتی تێدا پەیرەو دەکرا. ئەوەی لە ئەنجامی شۆڕشی فەرەنسی دا هاتە ئاراوە، بریتی بوو لە دەسەڵات گرتنە دەستی چینی ناوەندی کۆمەڵگە، لە کاتێکدا کە کۆمەڵگەی ئەمریکا، پێش شۆڕشیش دەسەڵاتی بەڕێوە بردنی کاروبارەکانی ناوخۆی وڵاتی هەر لە ئەستۆی چینی ناوەندیدا بوو. لەکۆی ئەو پەنجاوپێنج کەسەی کە ڕاگەیاندنی سەربەخۆییان واژوو کرد، لە ٧٥٪ یان، هەریەکەو بەجۆرێك لە سەردەمی داگیرکەکاندا لەکاروباری سیاسی دا بەشداری کردبوو، زۆربەشیان خاوەنی خوێندەوارییەکی باش و ئیمکاناتێکی ماددی لەباربوو. ئەم بەردەوامییە لە ڕابەریەتی سیاسییاندا، سەقامگیری و هێمنیەکی وای هێنابوویە ئاراوە کە زۆرجار لەگەڵ ووشەی شۆڕش دا هەماهەنگ نی یە.

بەو شێوەیەش کە ((تۆکویل)) ئاماژەی پێکردووە:((ئەمریکا بوو بەخاوەنی دیموکراسی بەبێ ئەوەی شۆڕشێکی دیموکراتیکی تێدا ڕوویدات. ئازاد بونیاد نراو بەبێ ئەوەی بیەوێت ئازادی بەدەست بهێنێت.)) شۆڕشی ئەمریکی پێویستی بەوە نەبوو، کە کۆبونەوەی خانەدانەکان و یان کڵێسەی دەسەڵاتدار و خاوەن پلەو پایە هەڵوەشێنێتەوە. گرنگترین دەستکەوتی شۆڕشی ئەمریکا، لە ڕووی سیاسی و چەسپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەتێکی پابەند بەیاسا بوو. [وەك

ئاماژەمان پێکرد]، سەرچاوەی هەموو ئەم بیروباوەڕانە [لە کاتیاوە دەوڵەمەندەکەی] فەیلەسوفی ئینگلیزی ((لۆك))ەوە هەڵدەقوڵا. لەم لاشەوە سەرکردە سیاسییەکانی ئەمریکا خۆیان بەشێك بوو لە سەردەمی ڕۆشنگەری و باوەڕی تەواویان بەم بۆچوونانە هەبوو. بیردۆزەکانی((مۆنتسکیو)) دەربارەی جیاکردنەوەی هێزەکان، بەڵێنی میللەت و قانونی ئەساسی نوسراو، لەو جۆرە بیروباوەڕانە بوون، کەلە ئەمریکادا لایەنگرێکی زۆریان هەبوو. ئەمریکییەکان زیاتر لەهەر میللەتێکی تر، باوەڕیان وابوو، کەدەوڵەت دەبێت، تەنها خاوەنی دەسەلاتێکی سنوورداربێت و، بەپێی مەرجەکانی قانونێکی ئەساسی نوسراو دیاری کراو هەنگاو بنێت. ئەوان، سووربوون لەسەر ئەوەی، کە پێویستە قانونی ئەساسی دەرهاویشتەی یاساو ڕێسایەك بێت، دەسەلاتدار بەسەر پەیوەندییەکانی نێوان میللەت و دەوڵەت و چاودێر بەسەر سیستەمی دەوڵەتەوە.

ویلایەتە یەکگرتووەکان، لەسیانزە ویلایەتی تاقانە و خۆبەڕێوەبەر پێك دەهات. پاش بەستنی پەیماننامەیەك بەناوی پەیمانی((کۆنفدراسیۆن)) لەساڵی ١٧٨١، ویلایەتەکان بەشێوەیەکی نا هاوپەیمان و ئازاددا یەکیان گرتبوو، هەرچەندە دامەزراندنی ئەم شێوازەی حکومەت، کۆمەڵێك گرفتی سیاسی و ئابوری لەگەڵ خۆیدا هێنا.

لەڕووی سیاسەتی دەرەوەوە، کاروباری بازرگانی، ڕێکخستنی بودجەو ڕێك و پێککردنی باجەکاندا، هیچ جۆرە دانوسان و هەماهەنگیەك لەنێوانیاندا نەبوو. پاش ڕاپەڕینی ژمارەیەك لە جوتیاران بەسەرکردایەتی ((دانیەل شیز)) لە ماساچوسێت، سیاسەتەدارانی ئەمریکا بڕیاریان دا، حکومەتێك بەدەسەلاتێکی مەرکەزی لە یەکێتی ویلایەتەکان و بەپێی قانونی ئەساسی دابمەزرێنن. بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێك لە نوێنەرانی ویلایەتەکان لەشاری فیلادلفیادا کۆبونەوەیەکیان سازکرد و تیایدا گفتوگۆیەکی تێروتەسەلیان دەربارەی داڕشتنی قانونی ئەساسی ئەنجام دا.

قانونی ئەساسی لە ساڵی ١٧٨٩ تەواو کراو((جۆرج واشنگتۆن)) ڕابەری سەردەمی شۆڕشی ئەمریکا، وەك یەکەمین سەرۆك کۆماری ئەو وولاتە هەڵبژێررا. قانونی ئەساسی لەپێشەکیەك و حەوت بنەمای سەرەکی پێکدەهات. لەساڵی ١٧٩١ مافە شارستانییەکان دەربارەی ئازادی مەزهەب، ڕادەربڕین، بلاوکراوەکان، ئەنجامدانی کۆبوونەوەو دەربازبوون لە تاوانبارکردنی بێپاساو و لەخۆوە بڕیاریان لەسەر درا و ، تێکڕای تاکەکانی کۆمەڵگەش بەبێ جیاوازی و بەشێوەیەکی یەکسان لەم مافانە بەهرەمەند دەبوون، چونکە ئەم مافانە بەپێی بنەمای یەکسانی تاکەکان لەبەرامبەر یاسادا دەستنیشان کرابوو. هیچ مەزهەبێکی دیاری کراو وەك ئایینێکی ڕەسمی دانی

پێدا نەنراو ئازادی ئاینزا، بۆ هەمووان مسۆگەر کراو حکومەت لەسەر بنچینەی عەقڵ و مەنگق لە مەزهەب جیاکرایەوە. لە قانونی ئەساسی دا، ویلایەتە یەکگرتووەکانیان، نەتەنها بەکۆمەڵگەیەك لە ویلایاتی تاقانە پێناسە کرد، بەڵکو بە یەکیەتیەکیان دانا، کە تیایدا تاکەکان لە پێناو کۆمەڵێك مەبەستی پەنابەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا حسابیان بۆ بکرێت و لەهەمان کاتیشدا ببنە هۆکارێك لەپێناو ئامانجەکانی پەنابەرانی نێو ویلایەتەکانی خۆیاندا.
ئەمە فەلسەفەی حکومەتی فیدراڵی بوو . کۆماری فیدراڵی، تێکەڵبوونی تاکەکان بوو نەك ویلایەتەکان. یاسای نێو ویلایەتەکانیش خرایە ئەستۆی خودی کەسەکان نەك ویلایەتەکان. هەر سیانزە ویلایەتەکە، بەخێرایی دەستیان بە نووسینی قانونێکی هاوشێوەی قانونی ئەساسی فیدراڵ کردوو، هەموویان بە تێکرا، بنەمایەکی دانپێدانراوی یەکگرتوویان لەقانونە ئەساسیەکانی خۆیاندا گونجاند.

لەقانونی ئەساسی دا، هاتووە، سەرچاوەی دەسەڵاتی حکومەت، میللەتەو ،دەوڵەت بۆ پاراستنی مافە سروشتییەکانی تاکەکان دامەزراوە. هەرکاتێك دەوڵەت نەیتوانی ئەرکەکانی خۆی بەرامبەر بە میللەت جێبەجێ بکات، خەڵکی مافی خۆیانە، لەپێناو ئاسایش و خۆشگوزەرانی خۆیاندا، ئەم دەسەڵاتە لە حکومەت بسێننەوەو، دەوڵەتێکی دیکە بهێننەکایەوە. بابەتێکی دیکە، مەسەلەی سەربەخۆیی ویلایەتەکان بوو لەبەردەم حکومەتی فیدراڵی دا. بەشێوەیەك کەحکومەتی فیدراڵ، کاروباری دەرەوە و بەرگری و سیاسەتی گشتی و بازرگانی پێدەسپێردرێت و کاروباری ناوخۆی نێو هەرویلایەتێکیش دەدرێتەوە دەست حکومەتی ویلایەتەکان. دەسەڵاتی سیانی جێبەجێ کردن، یاسادانان و دادوەری، تارادەیەك لە یەك جیاکرانەوە و دەسەڵاتی یاسادانان لەدەرکردنی یاساکاندا سەربەخۆییەکی تەواوی بەدەست هێنا . سەرۆك کۆمار، دەتوانێت بەبەکارهێنانی مافی ڤیتۆ، یاساکان هەڵوەشێنێتەوە، بەڵام کۆنگرێس دەسەڵاتی ئەوەی پێدراوە، کە بەکۆکردنەوەی دوو لەسەر سێی دەنگەکان، بڕیارەکەی سەرۆك کۆمار لەغوو بکاتەوە .
دەسەڵاتی دادوەریش سەربەخۆییەکی تەواوی هەیە. دەسەڵاتی دادگای فیدراڵ، لەلایەن دادگایەکی یەکگرتووەوە بەڕێوە دەبرێت، کەپێی دەوترێت دادگای باڵای وڵات و ئەرکی بەدواداچوون و ڕادەربڕین دەربارەی جێبەجێکردن یانەکردنی یاسا ئاساییەکان لەگەڵ قانونی ئەساسی دا دەگرێتە ئەستۆ. بە ڕوودانی هەر ناکۆکیەك لە نێوان حکومڕانی میللی و ویلایەتیدا، دادگای فیدراڵ بۆ ئەم مەبەستە ڕاوسەرنجەکانی خۆی دەخاتە ڕوو. هەرکاتێك دەستەی یاسادانان بیەوێت سنووری مافەکانی دەسەڵاتی یاسادانان بەزێنێت، یان دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەبازنەی

دەسەڵاتەکەی خۆی تێپەڕ بکات، ئەو کاتە دادگای باڵا دەست بەکار دەبێت و بەدواداچوونی لەسەر دەکات. هەرچەندە دەسەڵاتی جێبەجێکردن ناتوانێت لە سنووری ئەو دەسەڵاتەی کەبۆی دانراوە بچێتەوە دەرەوە، بەڵام هەرهیچ نەبێت دەتوانێت ببێتە کۆسپێکی گەورە لەبەردەم زۆرداری و تاکڕەوییەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردندا. ئەندامانی دادگای باڵا نۆ کەسن و بە پێشنیازی سەرۆك کۆمار و بڕیاری سنا تا کۆتایی تەمەنیان هەڵدەبژێرێن. ویلایەتە یەکگرتووەکان، لەڕووی دادوەرییەوە بەسەر چەند ناوچەیەکدا دابەش دەکرێت، کەلە هەر ناوەیەکدا یەك دادوەری فیدڕاڵی نیشتەجێ دەبێت و ئەو دادگایانەش بە دادگای ناوچەیی ناودەبرێن و جگەلەمانەش دادگاکانی تێهەڵچوونەوە (استئنافی) و لەکۆتاییشدا دادگای ویلایەتی و دادگا جۆربەجۆرەکانی نێو شارۆچکەکان و ناحیەکان، تایبەت بە لێپرسینەوەی مەسەلەکانی ناوخۆی ویلایەتەکان کاریان دەکرد. هەڵبژاردنی ئەم جۆرە دادوەرانەش لە ڕێگەی دەنگدانی گشتی لە ویلایەتەکاندا دەبێت.

کۆنگرێسی ئەمریکا لەهەردوو ئەنجومەنی نوێنەران و سنا پێك دێت. نوێنەرانی ئەنجومەنی کۆنگرێس هەر دوو ساڵ جارێك و، نوێنەرانی سنا هەر شەش ساڵ جارێك بۆ ئەم پۆستە هەڵدەبژێررێن و ژمارەی نوێنەرەکانیش پێویستە بەپێی ژمارەی خەڵکی ناوچەکە لەنێو ویلایەتەکاندا دەستنیشان بکرێت. هەر ویلایەتێك مافی کاندید کردنی دوو سیناتۆری هەیە. جگە لە کۆنگرێسی ئەمریکا، کە لە شاری واشنگتۆن دا جێگیر بووە، هەر ویلایەتێك بۆخۆی خاوەنی ئەنجومەنێکی نوێنەران و سنایەکی مەحەللی دەبێت، کە بە شێوەیەکی تایبەتی کاروباری ویلایەتەکان هەڵدەسەنگێنێت. دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش لەسەرۆك کۆمار و دەستەی وەزیران و ڕاوێژکارانی باڵا پێك دێت. هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار هەر چوار ساڵ جارێك و لەلایەن تێکڕای خەڵکی ویلایەتەکانەوە بەڕێوە دەچێت، وەزیرەکانیش بەپێ ی پێشنیازی سەرۆك کۆمار و پەسەندکردنی کۆنگرێس هەڵدەبژێررێن.

یەکێك لە مەبەستە سەرەکییەکانی قانونی ئەساسی، بریتی بوو لە ڕێزگرتن لە دەسەڵاتی یاسا، کە لە ڕاستی دا بنەمایەکی بەهێزی کۆمەڵگە پێك دەهێنێت. لە ئەمریکا، بەهیچ شێوەیەك بیر لە بەزاندنی سنووری بنەماکانی دەسەڵاتی کۆمەڵگە نەدەکرایەوە و هیچ کاتێکیش سنورێك بۆ ئەو دەسەڵاتە دابنێن، بەڵکو بۆ پاراستن و دابینکردنی ئازادی دەستیان بەدابەش کردن و جیاکردنەوەی هێزەکانی نێو کۆمەڵگە کرد. مەبەستیشیان ئەوەبوو کە دەسەڵاتی کۆمەڵگە فراوان و بێسنوور بێت، بەڵام لێپرسراو و جێبەجێکەرانی، بەهۆی گوێڕایەڵیان بۆ یاسا بچووك و سنوردا بێننەوە. چونکە هەر ئەندازە حکومەت، دەسەڵاتێکی یاسایی سنورداری بۆ بەکارهێنانی

ئیختیاراتەکانی هەبێت، بەهەمان ئەندازەش لە مەترسی تاکڕەوی و زوڵم و زۆرداری کەم دەکرێتەوە. بە وتەی ((مەدیسۆن)) کە یەکێکە لەسەرکردەکانی شۆڕشی ئەمریکا، کەسانی خاوەن دەسەڵات، شایستەی متمانە پێکردن نین، هەرچەندە دواتر لەلایەن مێژوو نووسی بەناوبانگی ئینگلیزی لۆرد ((ئەکتۆن))ەوە بڵاوکرایەوە:((دەسەڵاتی ڕەها، فەسادی ڕەهای لێدەکەوێتەوە.)) ئەم باوەڕەش کە ئارەزووی دەسەڵات ـ چ تاکەکەسی یان بەکۆمەڵ ـ پێویستە بەڕێگایەك کۆنترۆڵ بکرێت، بەزیندوویی مابوویەوە و، لە ڕێگەی دانانی یاسا و چاودێری کردنی یاسا لەسەر هەڵسوکەوتی تاکەکان پراکتیکیان دەکرد. بەوتەی ((جۆن ئادامز)) دووەمین سەرۆك کۆماری ئەمریکا:((لەو شوێنەی کە هەڵبژاردنی تاکەکان لەسەر بنەمای دەنگی زۆرینەو حکومەتی یاسا کۆتایی پێ بێت، زولچم و زۆرداری دەست پێدەکات.))

هەنگاوێکی دیکە کە لەم ساڵانەدا جێبەجێکرا ، بریتی بوو لە بڕیاری پێکهێنانی دامەزراوە سنووردارە دەوڵەتیەکان لە زەوی یە نوێیەکانی ڕۆژئاوادا، کە خاڵی پەیوەندی نێوان ژیانی سنوور نشینی و دامەزراوە ڕەسمی یە ویلایەتیەکان بوون. ئەم بڕیارە بەدەرکردنی فەرمانێکی تایبەت بە زەوییەکانی باکوری ڕۆژئاوا لەساڵی ١٧٨٧ خرایە قۆناغی جێبەجێکردنەوە و، بەڵێنی دروستکردنی چەند ویلایەتێکی نوێیان لەناوچەی باکوری ڕوداهایۆ ـ بەمەرجێك لەهەموو ئەو مافانەی کە بەسیانزە ویلایەتەکەی تر دراوە، بەهرەمەند بێت ـ دا ئەم هەنگاوەش بەتەنها ڕێگایەك بۆ پەرەپێدان و فراوان بوونی زەوییەکان و دامەزراندنی ویلایەتە نوێیەکان لەقەڵەم دەدرا.

قانونی ئەساسی بەڵگەنامەیەکی سیاسییەو بەبەراورد لەگەڵ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، لایەنێکی محافظە کارانەی پێوە دیارە. لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیدا، یەکسانی تێکڕای تاکەکانی مرۆڤایەتی بەڕاشکاوی دانی پێدا نراوە، لەکاتێکدا کە قانونی ئەساسی، بەجەخت کردنەوە لەسەر مافی خاوەنداریتی و سەرمایەو پێشێلکردنی مافی ڕەشەکان ـ کە پاراستنی سیستەمی کۆیلایەتی لێکەوتەوە ـ بنەمای یەکسانی مرۆڤەکانی بەگشتی پشتگوێ خستووە. مێژوو نووسی بەناوبانگی ئەمریکی((چارلز بیرد)) قانونی ئەساسی بەئاکامی چالاکی و بیرکردنەوەی کەمایەتیەك دەزانێت، کەلەبەر هەبوونی دەسەڵاتی ئابوری، داوای بەڕێوە بردنی زۆرینەیان دەکرد. هەڵبەت لە ناوەڕۆکی قانونی ئەساسی دا هیچ ئاماژەیەك بە دارایی و سەرمایە لە ڕووی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی یان پێگەو پیشە بۆ گروپێك یان چینێکی دیاری کراو ناکرێت و بەبەراورد لەگەڵ قانونی ئەساسی فەرەنسا، کە لە ساڵی ١٧٩١ بە ئاشکرا جەخت لەسەر خاوەندرێتی و سەرمایە دەکاتەوە ، ئەم مەسەلەیە بە ئاشکرا دانی پێدا دەنرێت. هەموو ئەو وتارانەی

که((هامیلتۆن))، ((مدیسۆن)) و((جۆن جی)) ـ لەو کەسایەتیە ناودارانەی کە لە نووسینەوەی قانونەکەدا بەشداریان کردبوو ـ بۆ بەرگری کردن لە حکومەتی مەرکەزی بلاّویان دەکردەوە، بەوتاری فیدرالیستی ناوبانگی دەرکرد. لەدەقی ئەو وتارانەدا بەرگری کردن لە خاوەنداریتی تایبەتی و سەرمایە، زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت و، لەواقیعدا بەیەکێك لە چاکترین نمونەکانی لێکدانەوەی ئابوری سیاسی هەژمار دەکرێت و ئامانجیشی هاندان و ناچارکردنی ویلایەتە جۆراوجۆرەکانە، بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی بتەو و ڕاوەستاوی حکومەتی، کە کرنتی دارایەکی پێویست دەستەبەر بکات. بەلگەنامەکانی فیدرالیست، خوێندنەوەیەکی بەماناوبانگ و بەنرخە لەبواری ئابوری سیاسی دا. هەمان ئەندازە کە باوەڕی بە بەمەرج بوونی ((مشروگیت))ی دەولّەت و سەروەری یاسا و مافی کۆمەلاّیەتی تاك هەیە، بەو ئەندازەیەش جەخت لەسەر مافی خاوەنداریتی تاکەکەسی و داهێنانی ئابوری تاك و سەرمایەگوزاری تایبەتی دەکاتەوە. بەشێوەیەکی گشتی ڕۆلّی دەولّەت لە چالاکیە ئابوریەکاندا بە پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی بەرقەرارکردنی ئارامی و دروستکردنی ژینگەیەکی لەبار دەزانێت، کە تیایدا تاکەکان بتوانن بەئاسوودەیی، سەرمایەکانی خۆیان لە چالاکیە ئابوریەکاندا بخەنەگەڕ.((مدیسۆن)) لە یەکێك لە نامەکانی فیدرالیستدا دەنوسێت:((یەکەمین مەبەستی سەرەکی هەر حکومەتێك بریتی یە لە پشیوانی کردن لە مافی دارایی و مافی خاوەنداریتی و دەرکردنی چەند یاسایەك کە سەرمایەداری و مافی دارایی تاکەکان مسۆگەر بکات.))

((هامیلتۆن)) لەوتارە فیدرالیستیەکانی خۆیدا، جەخت لەسەر حکومەتێکی مەرکەزی و بەهێز دەکاتەوە، کە بەپێی تێگەیشتن و زیرەکی بەرژەوەندییەکانی زۆرینەی خەلّك بپارێزێت و بەڕێوەبەرێت.

پاراستنی سیستەمی کۆیلایەتی، بەکرنگترین مەسەلەی نێو ویلایەتەکانی باشور و سەرەکیترین بابەت لەڕووبەڕوو بوونەوەی بیروباوەڕی نێوان ویلایەتەکانی باکور و باشور دەژمێررا. بۆ ڕێگە گرتن لەم جۆرە ڕوو بەڕوو بوونەوانە و بەدەست هێنانی دەنگی دانیشتوانی باشور، لە نوسینەوەی قانونی ئەساسی دا، ئەم مەسەلەیە بە خامۆشی مایەوە و ڕەشپێستەکان وەك هاولاّتییەکی ئەمریکی کە خاوەنی مافێکی دیاری کراوی خۆیان بن دانیان پێدا نەنراو هیچ جۆرە ئاماژەیەکیش بەمەسەلەی ئازاد کردنی کۆیلەکان نەکرا. ((مدیسۆن)) لە نامەیەکدا کە بۆ ((لافایت))ی ناردجەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کەتەنانەت ئاماژە کردن بە مەسەلەی کۆیلایەتی، لەکاتی نوسینەوەی قانونی ئەساسی دا،((وەك بزیسکێك وابووە لەنێو ئەنبارێکی باڕووت))دا.

پاراستنی کۆیلایەتی وپشتگوێ خستنی ئەم گرفتە کۆمەڵایەتییە لە واقیعدا بۆ بەدەست هێنانی دەنگی ڕەزامەندی ویلایەتەکانی باشوور زۆر پێویست و زەرور بوو هەروەها بەتەنها ڕێگایەکیش بۆ پاراستنی یەکێتی و یەکریزی نێوان ویلایەتەکان دادەنرا.

کاریگەری شۆڕشی ئەمریکا لەسەر وڵاتانی ئەوروپا لەماوەیەکی زۆر کورتدا دەرکەوت. بەهۆی ئەو جەنگەی کە لەگەڵ ئەمریکادا بەرپای کرد، ئەرکێکی زۆر قورس کەوتە سەرشانی حکومەتی فەرەنسا و یەکێك لە دەرەنجامەکانیشی سەرهەڵدانی شۆڕشی ناوخۆ بوو لەو وڵاتەدا. لەهەمووی گرنگتر ئەوەبوو ، کە شۆڕشی ئەمریکا بوو بەسەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشگەلێکی ئازادیخوازانە، کە هەندێکیان تا ساڵی ١٨٤٨ درێژەیان کێشا. بەدەست هێنانی سەربەخۆیی ئەمریکا، بەلای ئەوروپیەکانەوە نیشانەی ئەوەبوو، کە دەکرێ، زۆرێك لە بیرو ڕاکانی سەردەمی ڕۆشنگەری، بخرێنە قۆناغی جێبەجێ کردنەوە. بەڵام ئەوەی زیاتر لە هەموو شتێك کاریگەری لەسەر بیری ئەوروپیەکان بەتایبەت وڵاتی فەرەنسا دروست کردبوو، ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و داڕشتنی قانونی ئەساسی بوو. دانای فەرەنسی ((لارو شفوکو)) ڕاگەیاندنەکەی وەرگێڕایە سەر زمانی فەرەنسی و، ئەمەش وایکرد کە گفتوگۆیەکی لەڕادەبەدەر لەسەر ئەم ڕاگەیاندنە لەنێو هەموو چین و توێژەکانی فەرەنسادا سەرهەڵبدات.

مەشروگە خوازی، فیدڕالیزم و، سنووردارکردنی دەسەڵاتەکانی حکومەت، بەلای ئەوروپیەکانەوە شتێکی تازە نەبوو، بنچینەی ئەم بیر و بۆچوونانە لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە سەرچاوەی دەگرت، بەڵام بەو شێوەیەی کە باوبوو - بۆنموونە لەفەلسەفەی مۆنتسکیودا- ئەم بیرکردنەوانە زیاتر لەسیستەمی دەرەبەگایەتی و خانەدانەکانەوە نزیك بوون. شۆڕشی ئەمریکا، شێوازێکی پێشکەوتن خوازانەی بەم بیرکردنەوانە بەخشی . سەرکەوتنی ئەم بیرکردنەوانە و لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ئەوروپا سەریان هەڵدا، بۆچوونی ڕووناکبیرانی دواتری زیاتر لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی دا هەماهەنگ کرد. قوتابخانەیەك لە چاکسازی ڕادیکاڵ خوازی لە ئینگلیز سەری هەڵدا. ئیدی لە ئەوروپا متمانە بە حکومەتی ((زۆرداری بریقەدار)) نەدەکراو باوەڕی خەڵکی بە حکومەتی مەردووم ڕۆژ بەڕۆژ زیادی دەکرد. کردەوەی ئەمریکییەکان، بەشێك لەو بیروباوەڕانەی ئەوروپایان هێنایە سەر ئەرزی واقع و بەشێوەیەکی عەمەلی پێشکەشیان کرد. ئەمەش خۆی بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرا بوو، لەسەر ئەوەی کە فەرەنسیەکان، لەساڵی ١٧٨٩ شۆڕشەکەی خۆیان بەڕاگەیاندنی مافی مرۆ و نووسینی قانونی ئەساسی دەست پێکرد.



جورج واشنگتن



بنجامین فرانکلین

کۆبوونەوەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی

نارەزایی خەڵکی دژی یاسای پوول

سەربازانی ئینگلیز لە شاری بۆستۆن تەقە لە خەڵکی دەکەن

ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ساڵی ۱۷۸۷

کۆمەڵگەیـەدا باردەکـات و زوڵـم و ستەم بـاڵی بەسـەر هەمـوواندا دەکێشێت. حیزبەکـەی ((جفرسۆن)) بەناوی ((کۆمارییخوازی دیموکرات)) ناوبانگی دەرکرد. ئامانجی سەرەکی جفرسۆن و لایەنگرەکانی ئەوەبوو:((ئەگەر لە دامەزراندنی حکومەتێکدا، کە بتوانێت دەسەڵاتی زۆرینـەی خەڵك دەستە بەر بکات، سەرکەوتن بەدەست نەهێنین، درەنگ یا زوو رووبەرووی حکومـەتێکی تاکڕەوی رەها دەبینـەوە.)) چـونکە((لـە کۆمەڵگەیەکـدا کـە لەسـەر بنـەمای یەکسانیەکان دابمەزرێت، تاکەکان بـە رەزامەنـدی خۆیـان ملکەچـی یاسـاکان دەبـن و حکومـەتیش لەبەر پێویستی لە لایەن تێکڕای خەڵکەکەوە رێزی لێدەگیرێت.))

بەشێوەیەکی گشتی((کۆمارییخوازانی دیموکرات))، لایەنگری مـافی تێکـڕای خـەڵك و دژی چڕبوونەوەی دەسەڵات بوون، لە کاتێکدا کە ((فیدرالیستەکان)) داوای چڕبوونەوەی دەسەڵاتیان دەکرد لە ژێر دەستی کەمینەیەکدا، کە لە کۆمەڵگەدا خـاوەنی پێگـەو ناوبـانگێکی تایبـەتی بوون. ئەو پشێوی و ئاڵۆزییەی کە وڵاتی فەرەنسـای گرتـەوە ـ وەك رووخـانی کۆنڤانسـیۆن و دەسـت پێکردنـی سـەردەمی تـیرۆرو حکومـەتی رۆبسـبیر ـ ترسـێکی زۆری خـستە دڵـی ((فیدرالیست))ەکانەوە و ئەوانی لە ئەگەری روودانی هەرجۆرە کارێکی تێکدەرانە نیگەران تـر کرد. لەبەر ئەوە ((فیدرالیستەکان)) کە خوازیاری کەم کردنەوەی دەسەڵاتی زۆرینە بـوون، لـەو سەردەدا سەرنج و بایـەخێکی زیاتریـان پێـدرا.((جـۆرج واشـنگتۆن)) وەك یەکـەمین سـەرۆك کۆماری ئەمریکا، لەلایەن ((فیدرالیست))ەکانەوە هەڵبژێررا و حیزبەکەشی تـوانی بـۆ مـاوەی دوانزە ساڵ جڵەوی دەسەڵات لە ئەمریکا دا بگرێتە دەست. ((جۆرج واشنگتۆن)) دوو کەس لـە کەسـایەتییە ناودارەکـانی نێـو حیزبـە جۆراوجۆرەکـانی بـۆ هاوکـاری بانگهێـشت کـرد، ((هامیلتۆن))ی لە حیزبی ((فیدرالیست)) بـۆ پۆسـتی وەزیـری خەزێنـە و((جفرسۆن)) ی لـە حیزبی ((دیموکرات)) بۆ وەزیری دەرەو و بەشداری کـردن لـە کاروبـاری بـەڕێوەبردنی دەوڵـەت دەست نیشان کرد.

سیاسـەتی ئـابوری ((هـامیلتۆن)) لەسـەر بنـەمای هانـدانی سەرمایەگوزاری تایبـەتی و بەدەستهێنانی پشتیوانی بازرگانەکان و دابینکردنی هۆکاری پێویست بـۆ داهێنـانی تاکـەکان، لەگەڵ پشت بەستن بە دەوڵەتێکی بەهێز دەڕۆشت، کە بتوانێت بەدەستە بەر کردنی هۆکارەکانی بەرقەرار کردنی ئاشتی و ئـارامی و رەخـساندنی هەلومـەرجێکی لـەبارو گونجـا و، هاوکـاری کەسایەتیە ناودارەکان بەدەست بهێنێت و، بەرەو زیاد کردن و وەگەرخـستنی سـەرمایە هانیـان بدات. یەکێك لە پێشنیازەکانیشی بریتی بوو لە، دانەوەی تـەواوی قـەرزەکانی ویلایەتـەکان ـ

کەبەهۆی جەنگەکانی سەربەخۆییەوە لێیان کەوتبوو ـ لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە. بەم شێوەیە بەڵگەی بەهادار کەوتە بەردەستی هاوڵاتیان بەڵام زۆربەی ئەو کەسانەی کە ئەم قەباڵانەیان دەکڕی سەر بەچینی دەسەڵاتدار و دەوڵەمەندی کۆمەڵگەی ئەمریکا بوون.((هامیلتۆن))یش، هەر لەبەرئەوەی ویستبووی، دەسەڵاتی مەرکەزی لە ڕێگەی دەوڵەمەندەکانەوە بەڕێوە ببات، ڕوو بەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر بوویەوە. یەکێکی تر لە پێشنیازەکانی هامیلتۆن دامەزراندنی بانکی مەرکەزی فیدراڵی بوو، کە بتوانێت پارێزگاری لە پاشەکەوتی دەوڵەت بکات و بۆخۆشی مافی دەرکردنی دراوی هەبێت و سەرمایەکەشی بەپارمەتی دەوڵەت و خاوەن پشکەکان دابین بکرێت. ئەم مەسەلەیە نارەزاییەکی زۆر بەدوای خۆیدا هێنا و هۆکاری نارەزاییەکەش ترسان بوو لەوەی کە ئەم پێشنیازە بەهێزتربوونی چینی دەسەلات داری لێبکەوێتەوە.((جەفرسۆن)) پێشنیازی دروستکردنی بانکەکەی ڕەتکردەوە و، باوەڕی وابوو کە ئەم بابەتە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە قانونی ئەساسی دا باسی لێوەنەکراوە، بەڵام ((واشنگتۆن)) و ((فیدراڵیست))ەکانی تر سوور بوون لەسەر دامەزراندنی ئەم بانکە و لەساڵی ١٧٩١، یەکەمین بانکی مەرکەزی فیدراڵیان بونیاد نا.

مەسەلەیەکی دیکە، کە لە سەرەتاکانی دامەزراندنی حکومەتی کۆماری دا ڕوو بەڕووی بوونەوە، مەسەلەی زەوییەکانی ڕۆژئاوای شاخەکانی ئەلگانی بوو، کە پێشتر لە لایەن ئینگلیزەوە هەر جۆرە داگیرکردنێکی تێدا قەدەغە کرابوو. پاش مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی پاریس و سەربەخۆیی ئەمریکا، ئەم بڕیارە هەڵوەشایەوە و ئەمریکییەکان بە مەبەستی دەست بەسەردا گرتنی زەوییەکانی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئەیتڤەکاندا بەشەرهاتن. سوور پێستەکانی ئەو ناوچانە، ژیانێکی زۆر سەرەتایی و فەرهەنگێکی بەتەواوەتی جیاوزیان هەبوو، ئەوان بەهیچ شێوەیەك نەیاندەتوانی لە سیاسەتی کۆچبەرە سپی پێستەکان تێبگەن . لەو لاشەوە، ئەمریکییەکان بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر تامەزرۆی دەست بەسەردا گرتنی زەوییە بەپیتەکانیان بوون.((جەفرسۆن)) پێی وابوو، کە لەسەر کۆچبەرەکان پێویستە، دەرك بەو ژیانە نالەبارو خەمبارەی ئەیتڤەکان بکەن و هەوڵ بدەن، بەشێوەیەك لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەمریکیدا بیانگونجێنن و لەگەڵیان هەڵسوکەوت بکەن. بەڵام زۆرینەی ئەمریکییەکان، سوور بوون لەسەر ئەوەی کە تەنها بەکارهێنانی زەبر و زەنگ دەتوانێت ڕێگای داگیرکردنی زەوییە بە پیتەکانی ڕۆژئاوا واڵا بکات. ئەیتڤەکان، لەو ناوچەیەکەی کە ئەمڕۆ بە ویلایەتی ئۆهایۆ و ئیندیانا و ئیلی نوا ناودەبرێت بڵاو بوو بوونەوە، بەڕووداتی هەر پێکدادانێك ناچار بە پاشەکشێ دەبوون و زەوییەکانیان لەلایەن

ئەمریکییەکانەوە دەستی بەسەردا دەگیرا. پاش زنجیرەیەك شەڕی یەك لەدوای یەك و لەساڵی ١٧٩٤ بەپێی ڕێککەوتننامەیەك، تەواوی زەوییەکانی ئۆهایۆ خرایە ژێر ڕکێفی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە. دواتریش چەندەها ڕێککەوتننامەی لەو جۆرە لە نێوانیاندا مۆرکرا، بەڵام ئەمریکا هیچ کات بەڵێنەکانی خۆی بەرامبەر بەدانیشتوانی ئەو ناوچانە نەبردە سەر.

لە ڕووی سیاسەتی دەرەوەیی دا، حکومەتی ئەمریکا سیاسەتی بێلایەنی پەیرە و دەکرد و ئەم هەڵوێستەش چەند پاڵنەرێکی جۆرا و جۆری لە پشتەوە بوو. ئەم کۆمارە، زیاتر لە هەر شتێك پێویستی بە ڕێکخستن و بتەو کردنی دامەزراوەکانی حکومەتەکەی هەبوو. بە سەرهەڵدانی شۆڕشی فەرەنسی و، بەتایبەت کوژرانی ((لویی شانزەیەم)) و دەست پێکردنی سەردەمی ((ڕۆبسپیر))، ئەمریکییەکان زیاتر لە جاران باوەڕیان بە جێبەجێ کردنی ئەم سیاسەتە پەیدا کرد. لەلایەکیشەوە ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ حکومەتی ئینگلیز دا ن هێشتا گرنگترین بنەمای ئابوری ویلایەتەکانی پێك دەهێنا کە بۆ ئەمریکییەکان بایەخێکی زۆری هەبوو. لەم ڕووەوە لایەنگری کردنی فەرەنسایا لەشەڕی دژ بە ئینگلیزدا بە کارێکی پۆزەتیف نەزانی.

((واشنگتۆن)) لەساڵی ١٧٩٣، ڕاگەیاندنێکی بڵاو کردەوەو جەختی کردەوە کە دەوڵەتی ئەمریکا پێویستی بە هێمنی و ئاشتی هەیە و هەل و مەرجێکی لەباری خۆسازکردنی بۆ ڕەخساوە، لەم ڕووەوە، سیاسەتی ئەمریکا لەسەر بنەمای ڕەفتاری دۆستانە بەرامبەر بە میللەتانی دیکە ئاراستەی وەرگرت .

پاش تەواو بوونی ماوەی سەرۆك کۆمارێتییەکەی لەساڵی ١٧٩٦، واشنگتۆن لە مەیدانی سیاسەت کەنارەگیری کرد و لە نامەیەکدا کە بەیادگاری بۆ هاوڵاتیەکانی بەجێی هێشت، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکای دیاری کرد:((مێژوو، ئەزموون دەری خستووە، کە دەسەڵاتی دەرەوە لە مەترسیدارترین دوژمنانی کۆمارە.گرنگترین ئەرکی ئێمە لە مەسەلەی سیاسەتی دەرەوەدا، پەرەپێدانی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ وولاتانی بێگانە و، تا دەکرێت کەمکردنەوەی پەیوەندییە سیاسیەکانمانە.گیر و گرفتەکانی ئەوروپا بە تەواوەتی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئێمەدا جیاوازە.

لەبەر ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە، ئەگەر خۆم لەکاروباری سیاسی ئەو کیشوەرەدا هەڵقورتێنم. جودایی و دووری وڵاتی ئێمە لە ئەوروپا، هەلومەرجێکی لەباری بۆ ئێمە دەرەخسێنێت کە بتوانین ڕێبازێکی دیکە بگرینەبەر. ئەگەر ئێمە، هەوڵەکانی خۆمان لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتوو، کە لە ڕێگەی حکومەتێکی بەهێزەوە بەڕێوە

ببرێت، بخەینە گەڕ، ئەوا لەماوەیەکی کەمدا، دەتوانین سەرکەوتنێك بەدەست بهێنین کە هەمووان ناچار بەڕەچاوکردنی ئەم بیٚ لایەنیەی ئێمە بێن.))

بەم شێوەیە((واشنگتۆن)) سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن دیاری و دارشت: پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی بازرگانی توند و تۆڵ لەگەڵ وڵاتانی دیکە، کەمکردنەوەی ئەو پەیوەندییە سیاسییانەی کە لەگەڵ بەرژەوەندی ئەمریکادا یەك ناگرێتەوە. لەم ماوەیەی کە وڵاتانی ئەوروپا سەرقاڵی شەڕکردن بوون((واشنگتۆن)) توانی ئاشتی و ئارامی بۆ وڵاتەکەی دەستەبەربکات و سیاسەتی گشتی ئەو وڵاتەش دەست نیشان بکات. پاش وازهێنانی ناوبراو، یەکێك لە کەسایەتیە ناودارەکانی شاری بۆستۆن، کە وەك یەکەمین سەفیری ئەمریکا لە ئینگلیزدا کاری کردبوو هەروەها یەکێکیش بوو لە ڕابەرانی شۆڕشی ئەمریکا ((جۆن ئادامز))، توانی دەسەڵاتی سیاسی وڵات بگرێتە دەست و تەفاهوم و دانوسان لەگەڵ حکومەتی ئینگلیز بکاتە سەرمەشقی کارەکانی . بەڵام لە ڕووی سیاسەتی ناوخۆیدا ڕوو بەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر بوویەوە. بەتایبەت گۆڕانکاری کردن لە یاسای کۆچکردن، کە مەرجەکانی نیشتەجێبوونی کۆچبەرانی بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی ئەمریکا لە پێنج ساڵەوە بۆ چواردە ساڵ درێژ کردەوە، نارەزایی و ناکۆکییەکی زۆری لێکەوتەوە. هەروەها ئەو یاسایەش کە مافی بە دەوڵەتی مەرکەزی دەدا، بۆ ئەوەی بە دواداچوون و لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکات، کە لە ڕێگەی بڵاوکراوەکانەوە بابەت لە دژی سەرۆك کۆمار یان ئەندامانی کۆنگرێس بڵاو دەکەنەوە، بووە هۆی کەمکردنەوەی ئعتبار و خۆشەویستی حیزبی ((فیدراڵیست)) و زیاد بوونی دەسەڵاتی حیزبی ((کۆماریخوازی دیموکرات)).

ئەم کردەوانە دەنگی نارەزایی حیزبەکەی ((جفرسۆن))یان بەرزکردەوە، ((فیدراڵیستەکان)) یان بە پێشێلکردنی مافی تاکەکان تاوانبار کرد و ناکۆکیەکانیش لەنێوانیاندا زیادی کرد. بە مردنی ((واشنگتۆن)) لە ساڵی ١٧٩٩ و، بەردەوام بوونی کردەوە سەختگیریەکانی دەوڵەتی ((ئادامز)) زەمینەیەکی لەباری سیاسی بۆ دیموکراتەکان ڕەخساند. لە هەڵبژاردەکانی ساڵی ١٨٠٠ دا، هیچ کام لە حیزبەکان نەیانتوانی دەنگی پێویست کۆبکەنەوە و سەرەنجام پاش چەند کۆبونەوەیەکی نێو کۆنگرێس،((تۆماس جفرسۆن)) بیرمەندی ناوداری ئەمریکی، ڕابەری شۆڕش و سەربەخۆیی و نوێنەری دیموکراتە، وەك سێیەمین سەرۆك کۆماری ئەمریکا توانی زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێنێت.

سەرۆك كۆمارێتی((جفرسۆن)) دەسەڵاتی لە حیزبی بەرامبەر واتە ((فیدرالیستەکان))ەوە بۆ ((کۆماریخوازانی دیموکرات)) گواستەوە. لەسەردەمی ئەودا سنوری دەسەڵاتی کۆماری زەوییەکانی ڕۆژئاوا و باشوریشی گرتەوە، خۆبەڕێوەبردنی ویلایەتەکان دانی پێدا نرا و لە ڕاستی دا، یەکەمین یەکێتی نێوان هەردووچینی جوتیارو شاری لەم ساڵانەدا هاتە ئاراوە.

لە نێو سەرکردە ناودارەکانی ئەمریکادا،((جفرسۆن)) بە یەکێك لە شایستەترینیان دەژمێرێت. ئەو کەسێکی تێگەیشتوو، شارەزای بۆچوون و بیرکردنەوەکانی سەردەمی خۆی، هۆشیار و باوەڕی تەواوی بە ئازادی و دیموکراسی هەبووەناوبراو لەنێو ڕەوتە فکرییەکانی ئەوروپادا، باوەڕ بەیاسای سروشت و مافی سروشتی و حکومەتی یاسای وەرگرت و سوودێکی زۆریشی لە بۆچونی فیزیۆکراتیەکان ـ کە زەوی و کشتوکاڵیان بەسەرچاوەی سەرەکی دەرامەت دەزانی ـ وەرگرت. ((جفرسۆن))، کۆمەڵگەی جوتیارانی ئازاد و وورده سەرمایەداری، بەناوکی سەرەکی کۆمەڵگمیەکی دیموکراسی دەزانی ئەوانی بە بەرهەمهێنەرانی ڕاستەقینەی ماڵ و سامان و پارێزەرانی سەربەخۆیی و ئازادی ناو دەبرد. متمانەی بە فیدرالیستەکان نەدەکرد، چونکە ئەوانی بە پشتیوانی سیاسەتی ئینگلیز لە قەڵەم دەدا و ئەو سیاسەتەش کە لە ڕووی ئابوورییەوە بۆ چڕ کردنەوەی سەروەت و سەرمایە لەدەستی چینی بانکدار و بە مەبەستی گەشە پێدانی کۆمەڵگەی دیوکراسی پەیڕەویان دەکرد، بە سیاسەتێکی زیانبار وەسف دەکرد. ترس و واهیمەی ((جفرسۆن)) لە چەسپاندنی دەسەڵاتی سەرمایەداری، دامەزراندنی حکومەتێك بوو کە وەکو ((لوایتان)) ـــ ئاژەڵی زەبەلاحی ئەفسانەیی ـ لەبەر بەرژەوەندی خۆیی و دژی بەرژەوەندی گشتی دەست بخاتە نێو هەموو شتێکەوە و هەمووان بتۆقێنێت. بە ووتەی ناوبراو:((چڕ بوونەوەی دەسەلات لەنێو دەستی کەسێك یان دەزگایەکدا، هەردەم لەناوچوونی ئازادی و مافی تاکەکانی لێکەوتووەتەوە.)) جەخت کردنەوەی ناوبراو لەسەر ئەزموونی حکومەتە مەحەللی و خۆ بەڕێوەبەرییەکانی سەردەمی داگیرگەکان بوو، کە وورده وورده و بەشێوەیەکی سروشتی لە کۆمەڵگەی ئەمریکادا گەشەیان کرد. بەبۆچونی ئەو، حکومەتێك شایەنی ستایش کردن بوو، کەوەك ((تۆماس پین)) دەڵێ، سادە و ئاسان بەپێی پێداویستیەکانی کۆمەڵگە دامەزرابێت. ئەمریکای سەردەمی ((جفرسۆن)) دونیایەکی سادە و پشت ئەستوور بە کشتوکاڵ و ژمارەیەك وورده سەرمایەدار بوو، کە مافی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیش لەسەر بنەمای پێداویستی و داواکاریەکانی ناوچە مەحەللییەکان ڕاوەستابوو. ماڵ و سامانی فراوان یان هەژاری تاکەکان، کە جیاوازی چینایەتی و دەست بەسەردا گرتنی زۆرینەی بە پێی

بەرژەوەندی گروپێك لێبکەوێتەوە، لە ئارادا نەبوو. ئاوبراو بەو شێوە بیرکردنەوەیەی خۆی، واتە عەشق بۆ ئازادی و باوەڕ بە حکومەتی دیموکراسی، بە نموونەی کەسایەتیەکی سەرکەوتووی ئەمریکای لاو دەژمێردرێت. ئەو لە هەمانکاتدا سیاسەتمەدارێکی واقع بین بوو، لەو باروودۆخە ناهەموارەی ئەو کاتەدا شێوازی حکومەتەکەی لەسەر بنەمای دانوسان و ئاشتەوایی بەڕێوە دەبرد. لە ووتاری دەست بەکاربوونی سەرۆکایەتییەکەمیدا، هەموو چین و توێژەکانی بۆ دانوسان و هاوکاری کردن بانگهێشت کرد. ئاماژەشی بەوە کرد، کە هەرچەندە داواکاری زۆرینە هەمیشەو هەردەم جێگای ڕێز و جێبەجێ کردنە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا، یاسا بۆ کەمینەش چەند شتێکی دەست نیشان کردووە کە ناکرێت لەبەرچاو نەگیرێن و،جیاوازی بیروڕاش نابێتە هۆی جیاوازی لە بنەماکاندا، چونکە ((ئێمە هەمووومان هەم کۆماریخواز و هەم فیدرالیستین.))

لەو پرۆژە گرنگانەی کە لەسەردەمی سەرۆکایەتی ((جفرسۆن)) دا بەئەنجام گەیەنران، کڕینی ناوچەی لوئیزیانا لە فەڕەنسا و لکاندنی بە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە بوو. پاش ئەوەی کە ئامانجەکانی ناپلیۆن لە دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی فەڕەنسا لە هایتی و ئەمریکای ناوەڕاستی شکستیان هێنا، فەڕەنسا بۆ ئەوەی لەسەر شەڕەکانی خۆی لە ئەوروپا بەردەوام بێت و ڕێگە لەبەردەم یەکگرتنی ئینگلیز و ویلایەتە یەکگرتووەکان دژ بە ولاتەکەی بگرێت، ڕەزامەندی خۆی لەسەر فرۆشتنی ئەو ناوچەیە دەربڕی. بەم شێوەیە لە ساڵی ١٨٠٣ تەواوی ناوچەی لوئیزیانا و ڕۆژئاوای فلۆریدا بە بڕی پانزە ملیۆن دۆلار درایە ویلایەتە یەکگرتووەکان.

کڕینی لوئیزیانا، سەرکەوتووترین هەنگاو بوو کە لەسەردەمی سەرۆکایەتی ((جفرسۆن))دا جێبەجێکراوە. بە کڕینی ئەم ناوچەیە ڕووبەری ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ دوو ئەوەندە زیادی کرد و کەشتیوانی ئازاد لەسەر ڕووباری می سی سی پی ڕاگەیەنرا و لەڕووی ئابوریشەوە ئاسۆیەکی بەرفراوانی دیاری دەکرد. دەکرێ بووترێ، کە((جفرسۆن)) زەمینەی ئەمریکایەکی زلهێزی فەراهەم کرد. ((فیدرالیستەکان)) کە دەترسان بە کڕینی ئەم ناوچانە، لایەنگرانی ((جفرسۆن)) و دیموکراتەکان ئەوەندەی دیکە زیاد بکات، کۆبوونەوەیەکیان ساز کرد و تیایدا پێشنیازیان کرد کە ویلایەتەکانی ناوچەی ((نیو ئینگلاند)) و ویلایەتەکانی نیویۆرك و نیوجێرسی لەیەکیەتی فیدراڵی جیاببنەوە و بۆ خۆیان ویلایاتی هاوپەیمانی باکور دابمەزرێنن. سەرەتا ((هامیلتۆن))یان بۆ سەرپەرشتی پرۆژەکە بانگهێشت کرد، بەلام ئاوبراو داواکەی ڕەتکردنەوە و پاش ئەو هانایان بۆ سیاسەتمەدارێکی دیکە کەناوی ((ئارون بار)) بوو برد، بەلام ئەو داواکەی ڕەت نەکردنەوەو هەر لەبەر ئەم هەلوێستەش ناکۆکیەك لە نێوان ئاوبراو

((هامیلتۆن)) دا ڕووی داو دواتر لە ڕووبەڕوو بوونەوەی دوئێل دا، ((هامیلتۆن)) ی کوشت و بەم شێوەیە ئەو کەسەی کە پایەو بناغەی ئابوری ئەمریکای دامەزراند، ژیانی کۆتایی پێهات. پاش ئەم ڕووداوە ((بار)) بڕیاری دا کە ئیمپراتۆریەتێکی گەورە لە ڕۆژئاوای ئەمریکادا دروست بکات، بەڵام پیلانەکەی ئاشکرا کراو دوای هەموو ئەمانە پەردە لەسەر مەسەلەی ئەو دوو ملیۆنەی کە بڕیار بوو بەشێوەی بەرتیل بۆ دابەشکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئینگلیزی وەربگرێت، هەڵدرایەوە و، ناچار کرا ئەمریکا بەجێبهێڵێت. ئەم ڕووداوە زیانێکی زۆری بە متمانەی((فیدراڵیسەکان)) لەنێو جەماوەردا گەیاند و دەسەڵات و پلەو پایەی ئەوانی خستە ژێیر پرسیارەوە.((جەفرسۆن)) لەساڵی ١٨٠٤ بە ئاسانی و بۆ جاری دووەم بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری هەڵبژێررایەوە.

ناوبراو پاش کڕینی لوئیزیانا، بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و بارودۆخی جوگرافی ناوچەکە، دەستەیەکی دۆزینەوەی بەسەرپەرشتی دوو لاوی ئەمریکی کە ناویان ((لوئیز و کلارك)) بوو بەرەو ڕۆژئاوا ڕەوانە کرد. دەستەی ناوبراو بەو زانیاریانەی کە دەربارەی ناوچەکە کۆیان کردەوە، زەمینەیەکی گونجاویان بۆ بەرەو پێش چوون بەرەو ڕۆژئاوا ئامادە و فەراهەم کرد.

یەکێك لەو کێشانەی کە ڕوو بەڕووی ((جەفرسۆن)) بوویەوە، مەسەلەی ڕێگەگرتن لە دەسەڵاتەکانی دەزگای دادوەری و سەرۆکی دادگای باڵا ((جۆن مارشاڵ)) بوو.((مارشاڵ)) فیدراڵیست بوو هەروەها سوور بوو لەسەر پاراستنی دەسەڵاتەکانی دەزگای دادوەری و سەربەخۆیی ئەو دادگایە بەرامبەر بە دەسەڵاتەکانی دیکە. ئەم هەڵوێستەی ناوبراو لە ڕێز گرتنی قانونی ئەساسی و پەرەسەندنی دەسەڵاتی دادوەری، یەکێك لە گرنگترین کۆڵەکەکانی حکومەتی یاسای لە ئەمریکادا دامەزراند. ئەو لەساڵی ١٨٠١ ـ١٨٣٥ واتە تاکۆتایی تەمەنی لەسەر پۆستەکەی خۆی مایەوە و دەسەڵاتی ئەو دەزگایەی لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی قانونی ئەساسی ئەمریکادا چەسپاند.

((جەفرسۆن)) وەك باقی سەرۆکەکانی تر سیاسەتی بێلایەنی خۆی لەوکاتەی کە ناپلیۆن و ئینگلیز بۆ بەدەست هێنانی دەسەڵاتی جیهانی لە کێبەرکێدا بوون، پاراست. ئەو نەیدەویست لەم مەسەلانەدا تەداخول بکات، متمانەی بە ناپلۆین نەدەکرد و، سیاسەتی ئینگلیزیشی لەدەست بەسەردا گرتنی دەریایی و قۆرغکردنی دەسەڵاتی جیهانی دا دەبینیەوە و لەهەمان کاتیشدا بەنیازبوو، پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ هەموو وڵاتاندا بەرقەرار بکات. بەهۆی ئەو کێبەرکێ دەریاییەی کە لەنێوان فەرەنسا و ئینگلیز دا لە ئارادا بوو، چەندین جار کەشتییە

بازرگانییەکانی ئەمریکا دەستیان بەسەردا دەگیرا و ئینگلیزیش بۆ زیاتر کردنی ژمارەی مەلەوانەکانی خۆی پەنای دەبردە بەر کاری توند و تیژی و کەشتییەکانی بەووردی دەپشکنی. لە یەکێك لەو ڕووداوانەدا، بەهۆی تەقەکردنی کەشتییەکی ئەو وڵاتەوە، سێ مەلەوانی ئەمریکی کوژرا. ((جفرسۆن)) بەناچاری یاسای تایبەت بە پچڕاندنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی ئەمریکا و ئەورووپای خستە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، کە ئەمەش زیانێکی زۆری بە بازرگانی ئەمریکا گەیاند، لەبەر ئەوە دوای یەك ساڵ، بڕیارەکەی هەڵوەشاندەوە. هەموو ئەم ڕووداوانە ئاگریان بۆ هەڵگیرسانی شەڕێکی گەورە خۆشدەکرد.

((مدیسۆن)) و((مۆنرۆ)) ئەو دوو سەرۆك کۆمارەی کە پاش ((جفرسۆن)) حکومەتیان گرتە دەست، بەشێك بوون لە ڕابەرانی سەردەمی سەربەخۆیی. لەسەردەمی ئەواندا، ویلایەتە نوێیەکانی ئۆهایۆ و کینتاکی و تەنسی خرانە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکان، کۆچکردن بەرەو ڕۆژئاوا پەرەی سەند و چەند شارێکی گەورەو مەڵبەندی بازرگانی دروستکران. بەهۆی ئەو پاڵە پەستۆیەی کە لەلایەن ئینگلیزەوە دەخرایە سەر بازرگانی دەریایی ئەمریکا و ئەو فشارەی کە بیر و ڕای گشتی بە ڕابەرایەتی چەند نوێنەرێکی نێو کۆنگرێس، وەك ((جۆن کلهۆن)) و((هێنری کلی)) دەیاخستە سەر حکومەتی ئەمریکا، جەنگی دژ بە ئینگلیز لە ساڵی ١٨١٢ سەری هەڵدا. ئەم ڕوبەڕووبوونەوەیە، بۆ چەسپاندنی مافی بازرگانی و ئاڵوگۆڕی دەریایی و پەیدا کردنی بازاڕی بازرگانی کە بەهۆی سەروەری ئینگلیزەوە لێی بێبەشکرابوون، بەتێڕوانینی سیاسەتمەدارە لاوەکان، زۆر پێویست و زەروور بوو، لەهەمان کاتیشدا هۆکاری بەهێزکردنی ئاستی هۆشیاری و باوەڕ بەخۆبوون و یەکڕیزی نەتەوەیی بوو. هەروەکو((جەکسۆن)) نوێنەری تەنسی ئاماژەی پێدەکات، هۆکاری شەڕەکە ئەوەبوو کە((کەسایەتی نەتەوەیی خۆمان بەهێز بکەین، دەریاوانەکانی خۆمان بپارێزین، مافی بازرگانی خۆمان ڕاوەستاو کەین و، لە بەدەستهێنانی بازاڕە جیهانییەکاندا، کە بەهۆی سەروەری دەریایی ئینگلیزەوە لێی بێبەش بووین، سەرکەوتن بەدەست بهێنین.))

لەساڵی ١٨١٢، سوپای ئەمریکا بەهیچ شێوەیەك ئامادەی شەڕ کردن نەبوو، ژمارەی سەربازەکانی نە دەگەیشتە حەوت هەزار سەرباز و خاوەنی جبەخانەیەکی سەربازی ئەوتۆ نەبوو. هەر لەبەر ئەوەش بوو، کە لە هێرشەکەیدا بۆ سەر کەنەدا شکستی خوارد، بەڵام لە بەشی دەریاچە پێنجینەکانەوە، کەشتییە جەنگییەکانی ئەمریکا، پێشکەوتنێکی بەرچاویاز بەخۆوە بینی و توانیان ناوچەکانی دیترۆین و میشیگان کۆنترۆڵ بکەن و زۆربەی زۆری سوور

پێستەکانی ئەو ناوچانە ناچار بە پاشەکشێ بکەن. تا ئەو کاتەی کە هێزەکانی ئینگلیز سەرقاڵی شەڕەکانی نێو ئەوروپا بوون ، ڕوو بەڕووبوونەوەی ئەمریکا جوجوڵێکی ئەوتۆی تێدا بەدی نەدەکرا. پاش ساڵی ١٨١٤ و دەست لەکارکێشانەوەی ناپلیۆن، هێزەکانی ئینگلیز ڕوویان لەبەرەکانی سوپای ئەمریکا کرد و لە سێ لاوە هێرشیان کردە ویلایەتە یەکگرتووەکان: لە ڕێگەی کەنەدا، ئۆقیانوسی ئەتڵەسی بەرەو شاری واشنگتۆن و، لەباشووری بەندەری نیو ئۆرلیانزەوە.

هێزەکانی ئینگلیز لە پێشڕەوەی کردنیان بەرەو شاری واشنگتۆن، سەرکەوتنێکی باشیان بەدەست هێناو توانیان کۆشکی سەرۆك کۆمار و زۆربەی بەڕێوەبەرایەتیە حکومیەکان بسوتێنن. ((مدیسۆن)) و هاوکارەکانی ، بەرەو ڤێرجینیا هەڵهاتن دوای پاشەکشێ کردنی هێزەکانی ئینگلیز گەڕانەوە و ، ئەوجا بڕیاری دا کۆشکەکەی سەرۆك کۆمار سەر لەنوێ چاك بکاتەوە ، لەو ڕۆژە بەدواوە کۆشکی سەرۆك کۆمار بە ماڵی سپی ناوبانگی دەرکرد .

یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی ئەم جەنگە ئەوەبوو، کە هەر لەسەرەتای دەست پێکردنی جەنگەکەوە، گفتوگۆکانی نێوانیشیان دەستی پێکردبوو، سەرەنجام لە مانگی دیسەمبەری ساڵی ١٨١٤ لەناوچەی ((گنت)) سەر بە وولاتی بەلجیکا، پەیماننامەی ئاشتی نێوانیان واژو کرا، بەڵام داواکەی ئەمریکا لەمەڕ نەهێشتنی ئەو پاڵە پەستۆیەی کە حکومەتی ئینگلیز دەیخستە سەر کەشتی و مەلەوانەکانی ئەمریکا و کەشتیوانی لە ڕووباری می سی سی پی دا بەبێ چارەسەر مایەوە. لە پەیماننامەی ئاشتی نێوانیاندا، هیچ بابەتێك جگە لە ڕاگرتنی شەڕ ئاماژەی پێنەکراوە.

لە ئەنجامەکانی جەنگی ١٨١٢، سەرهەڵدانی گیانی نەتەوایەتی و یەکگرتوویی و یەکڕیزی نێوانیانە، کە تائەو کاتە شتێکی بێوێنە بوو. شەڕ دژی هێزە داگیرکەرەکانی ئینگلیز، کە بەردەوام دەیانویست خاوەندرێتی خۆیان بەسەر داگیرگەکانی ئەمریکادا بپارێزن، زیاتر لە جاران سەربەخۆیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی زەمانەت کردوو، هۆشیاری نەتەوەیی تاکی ئەمریکایی بە یەکێك لە شوێنەوارەکانی ئەو جەنگە دەژمێررێت. ئەنجامێکی دیکەی جەنگەکە، پێشکەوتن و بەرەو پێشەوەچوون بوو بەرەو ڕۆژئاوا. لەو ڕۆژە بەدواوە، تەواوی سەرنج و گرنگی دەسەڵات دارانی ئەمریکا بەدوای پەرەپێدان و چاککردنی باروودۆخی ناوخۆ و پشتگوێخستنی مەسەلەکانی تایبەت بە وڵاتانی ئەوروپاوە بوو. بەشێوەیەك کە گەڕانەوەی ناپلیۆن و دوور خستنەوەی بۆ ((سنت هلن))، دووبارە هاتنەوە سەرکاری بنەماڵەی بۆربۆن لە فەرەنسا و

پێکهێنانی کۆنگرەی ڤیەننا، دەنگۆو هەرایەکی ئەوتۆی لەنێو بڵاوکراوەکانی ئەمریکادا دروست نەکرد. ئەمریکا پاش بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، جەنگێکی تری لەگەڵ ئینگلزدا بەرپا کرد و ڕێگای بۆ سەرکەوتنەکانی داهاتووی خۆی ئاوەڵا کرد . ئەمریکا لەم قۆناغەدا، هەموو هەوڵەکانی خۆی بۆ چاککردن و پەرەپێدانی بارودۆخی ناوخۆ ، گەشەپێدانی پیشەسازی و فراوانکردنی کارگەکان، دامەزراندنی ڕێگای دەریایی و دروست کردنی هێڵەکانی پەیوەندی نێوان ناوچەکاندا چڕ کردبوویەوە. ئەمە قۆناغی سەرەتای شۆڕشی پیشەسازی ئەمریکایە، کە جگە لە زیاد بوونی ڕێژەی دانیشتوانەکەی، پەرەسەندنی ویلایەتەکان و کۆچکردن و گۆڕانکاری نوێ ی لە بواری کۆمەلایەتی و ئابوری ئەمریکادا لێکەوتەوە. لەوانەش سەپاندنی باجی گومرگ بۆ پاریزگاری کردنی کارگەکانی ناوخۆی وڵات، بەهێز کردنی بانکی ویلایەتە یەکگرتووەکان، پلانی دروست کردنی جادە و هۆکارەکانی پەیوەندی کردن، کە ڕێگای بۆ بەرەو پێشەوە چوون بەرەو ڕۆژئاوا خۆش دەکرد یان دروست کردنی کاناڵی ئێریە کە ناوچەی نیۆیۆرکی لە ڕێگەی دەریاچە پێنجینەکانەوە بە ویلایەتەکانی ڕۆژئاواوە دەبەستەوە.

پاش ڕاگەیاندنی ئاشتی نێوانیان، هێدی هێدی ناکۆکیە دەریایی و بازرگانییەکانی خۆیان چارەسەر کرد. لەم ساتە بە دواوە، ئەمریکییەکان مافی ڕاوە ماسی کردنیان لەناوچەکانی باکوری ئۆقیانوسی ئەتلەسی (نیو فونلەند و لابرادۆر) پێدرا. سنوری نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و کەنەدا لەسەر هێڵی ٤٩ پلە دەست نیشان کراو، سەبارەت بە ناوچەی ئۆرۆگۆن بڕیار درا بۆماوەی دەساڵ بە هاوبەشی لە نێوان هەردوو لادا بەڕێوەببرێت و دواتر چارەنووسی یەکلایی بکرێتەوە. ناوچەی فلۆریداش، بەرواڵەت لە ژێر دەسەلاتی ئیسپانیادا بوو، بەلام بەهۆی پشێوی و ئالۆزیەکانی ناو خۆیەوە زۆربە زەحمەت دەیتوانی داگیرگەکانی خۆی لە ئەمریکادا کۆنترۆڵ بکات. نمیتڤەکان کە بەهۆی پاڵە پەستۆی بەردەوامی سپی پێستەکانەوە پاشەکشێیان دەکرد، پەنایان بۆ ناوچەی فلۆریدا برد و جار جاریکیش لەوێوە پەلاماری ویلایەتەکانی باشوریان دەدا.((جەکسۆن))، فەرماندەی هێزە سەربازییەکان، بەمەبەستی لەناو بردنیان، هێرشێکی توندی کردە سەر ناوچەی فلۆریدا. ئیسپانیاش لە بەرامبەردا نارەزایی خۆی دژ بەم هێرشە دەربڕی و لە ئەنجامدا و پاش چەندین گفتوگۆی تێر و تەسەل، دەوڵەتی ئەمریکا بە پشتیوانی فەرەنسا ناوچەی فلۆریدای لە دەوڵەتی ئیسپانیا کڕی.

لەم قۆناغە مێژوویەدا، داگیرگەکانی ئیسپانیا لە ئەمریکا، بەرەو پارچە پارچە بوون دەچوون. لەسەردەمی ناپلیۆندا، وڵاتانی ئەمریکای باشور کە ئازادییەکی ڕێژەییان هەبوو،

توانیان پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئینگلیزدا بەرقەرار بکەن و بەم شێوەیە خۆیان لەژێر چنگی دەسەڵاتی ئیسپانیادا قوتار بکەن، بەشێوەیەك کە لە ساڵی ١٨٢١ زۆربەی وڵاتانی ئەمریکای باشور، توانیان سەربەخۆیی خۆیان ڕابگەیەنن. ویلایەتە یەکگرتووەکانیش دانی بەم شۆڕشانەدا نا. پاش مۆرکردنی پەیماننامەیەك لەگەڵ ئیسپانیادا، سەبارەت بە کڕینی ناوچەی فلۆریدا لەساڵی ١٨٢٢ بڕیاری دا سەربەخۆیی ئەم ویلایەتانە بەهەموو جیهان بناسێنێت و هەموو توانایەکی خۆی بۆ بەدەست هێنانی بازاڕە نوێیەکانی ئەمریکای لاتین خستەکار. ئیسپانیا هێشتا ئەم ناوچانەی بەبەشێك لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی دەزانی و ڕاپەڕینە سەربەخۆیی خوازییەکانی بەشۆڕش لێك دەداتەوە. دوای بەستنی کۆنگرەی ڤیەننا . وڵاتانی نەمسا و ڕوسیاو پروسیا (ئەڵمانیا) بەپێکهێنانی ((هاوپەیمانی پیرۆز دژی هەموو ڕاپەڕینە نەتەوەییەکان و شۆڕشەکان یەکیان گرت. ئەمریکاش بۆ ئەوەی، ئەوەك وڵاتانی ئەوروپی بەبیانوی پشتیوانی کردنی ئیسپانیا، دەست بخەنە نێو کاروباری کۆمارە نوێکانەوە، بڕیاری دا کە دژی ئەم هاوپەیمانی یەتیە بوەستێتەوە. لە لایەکی ترەوە، حکومەتی ئینگلیز کە نەیدەویست وڵاتە ئەوروپییەکان بەبۆنەی پشتیوانی کردنی ئیسپانیا و بەبیانوی کپ کردنەوەی ڕاپەڕینەکانی ئەمریکای باشور دەستیان وەردەنە نێو کاروباری کیشوەری ئەمریکاوە، پشتیوانی کردنی خۆی بۆ ئەو وڵاتە ڕاگەیاند و پەیمانی هاوکاری کردنی خۆی لەڕووی سەربازییەوە بۆ ئەمریکا دوپاتکردەوە.((مۆنرۆ)) سەرۆك کۆماری ئەمریکا، لە نامەیەکدا کە لە ساڵی ١٨٢٣ پێشکەش بە کۆنگرەی کرد و دواتر بە ((بنەمای مۆنرۆ ناسرا، ڕایگەیاند: شێوازی سیاسەتی ئەوروپا بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا دا جیاوازە. فروانبوونی دەسەڵاتی ئەوروپا لەم کیشوەرەدا دەبێتە هۆی لەناوبردنی ئاشتی و ئارامی ناوچەکە و، هەرجۆرە دەستێوەردانێکیش دژ بە سەربەخۆیی وڵاتانی ئەمریکای باشوور، لە ڕوانگەی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، بە هەڵوێستێکی نادۆستانە لەقەڵەم دەدرێت. لەم ڕووەوە، هەرجۆرە خۆ هەڵقورتاندنێکی وڵاتانی ئەوروپای لەم کیشوەرەدا قەدەغە کرد.

بەشێوەیەکی گشتی، مەبەستی ئەم ڕاگەیاندنەی ((مۆنرۆ)) بریتی یە لەڕەتکردنەوەی هەرجۆرە دەستێوەردانێکی وڵاتانی ئەوروپی لەکاروباری ناوخۆی ئەم کیشوەرەدا. جەخت کردنەوە لەسەر جیاکردنەوەی ئەمریکا و ئەوروپا، لە ڕووی مەعنەویەوەو، جیاوازییەکانی نێوان هەردوو کیشوەر، کاریگەریەکی زۆری لەسەر بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەدەی

نۆزدەیەمـدا هـەبوو. سـوپا و هێـزە دەریاییـەکانی ئینگلیـزیش، بـۆ ڕێگـە گـرتن لـە دەستدرێژییەکانی ئەوروپا، سووربوونی خۆیان بۆ پشتیوانی کردنی ڕاگەیاندنەکە دووپاتکردەوە، چونکە لەو ڕۆژگارەدا، ویلایەتە یەکگرتووەکان نەخاوەنی هێزێکـی سیاسـی ئـەوتۆ بـوون، نـە دەسەلاتێکی ئابوری وەهاشی هەبوو کە ئەوروپا چاوی تێببڕێت.

بەلام دەوڵـەتی ئـەمریکا ((بنـەمای مـۆنرۆ)) ی لـە بەرژەونـدی خـۆی بـەکارهێنا. بـە لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئەو بنەمایانە، ڕێگایەکی بـۆ دەسـت بەسـەردا گـرتن و دەسـەلاتی سیاسی و ئابوری خۆی لە ولاتانی ئەمریکای لاتینی دا کردەوە. چـالاکی لـە بـواری بازرگـانی نێودەوڵەتی، هاوکات لەگەڵ بـێ لایـەنی و دەسـت وەرنـەدان لـە کاروبـاری سیاسـی ولاتـانی ئەوروپا، بنچینەی سیاسـەتی دەرەوەی ئەمریکای ئەم سەردەمەیان پێك دەهێنا.

سـالەکانی ١٧٨٣-١٨٢٤، واتـە سـەرەمی پێکهێنـانی کۆمـاری لاو، سـەردەمی گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتیەکانی ئەمریکایە. لەم سالانەدا، شۆڕشی ئەمریکا سەری هەلدا، قانونی ئەساسی نوسرایەوە و، سەرەتای دامەزراندنی سیستەمی دوو حیزبی هاتە ئاراوە. چـەندین گـەورە سیاسـەتمەداری وەك ((جـۆرج واشـنگتۆن)) و ((تۆمـاس جفرسـۆن)) دەسەلاتیان گرتە دەست. ناوچەی لوئیزیاناخرایـە سـەر ئـەمریکا . گەیـشتە ئکتـشافییەکەی ((لوئیز و کلارك)) بەرەو ڕۆژئاوا ئەنجام درا. جەنگی دژ بە ئینگلیز لە سالی ١٨١٢ بەرپاکرا. کارگەکانی ڕسـتن و چنین و کانزاکاری پـەرەیان سـەند، ڕێگاکـانی هاتوچـۆی نێـوان ناوچـەکان، کۆچکردنیان بەرەو ڕۆژئـاوا ئاسـانترکرد، چـەند سیاسـەتمەدارێکی لاویـش دەرفـەتی بەشـداری کردنیان لەکاروباری سیاسـی دا پێـدرا، سیاسـەتی بێلایـەنی دەرەوە و ڕاگەیانـدنی ((مـۆنرۆ)) هەموو ئەو ڕووداوانە بوون کە لەم سالانەدا ڕوویاندا. هەر لەم سالانەدا لەو ئەوروپاش چـەندین گۆڕانکاری گەورە لەسـەرجەم لایەنـەکانی ژیانـدا ڕوویانـدا. شۆڕشـی فەرەنـسی و دەرکـەوتنی ناپلیۆن، شۆڕشی پیشەسازی و کۆمەلایەتی و سـەرهەلدانی ڕاپـەڕینی ڕۆمانتیـك، لـەو جـۆرە گۆڕانکاریانەن. ئەمریکا بە سیـستەمێکی نوێ ی حکومڕانی دەیویـست کۆمەلگەیـەك بونیـاد بنێت کە خەلکەکەی بتوانێت لەژێر سایەی ئەو حکومەتەدا لە مافەکانی ئازادی، یەکـسانی و خاوەندارێتی تایبەتی بەهرەمەنـد ببێـت. ئـەمریکا لـەم سـەردەمەدا، لـەڕووی فەرهـەنگی و کۆمەلایەتـیەوە لەژێر کاریگەری فەرهەنگی ئەوروپادا بوو ـ و لە ڕاستـیشدا فەرهەنگی ئەمریکا درێژکراوەی فەرهەنگی ئەوروپابوو. تـەنها ئـەو بـیر و بـاوەڕ و داب و نەریتـەی کـە کۆچـبەرە ئەوروپییەکان لەگەل خۆیان دەیانهێنا، بەپێ ی کات و شوێن گۆڕانیان بەسەردا دەهات و لەگـەل

ژینگەی نوێدا دەگونجێنران و، زیاتر پشت بەو تایبەتمەندیانە دەبەسترا کە ئەمریکای لە دونیای کۆن جیادەکردەوە. ئەوروپیەکان زۆرجاران ئەم هەستی خۆ بەگەورە زانینەیان بەشتێکی پوچ و بێبنەما لێك دەدایەوە، بەلام بۆ ولاتێکی تازە پێگەیشتوو کە دەیویست ناسنامەی نەتەوەیی خۆی ئاشکرا بکات و کاروباری کۆمەلایەتی و فکری و فەرهەنگی خۆی لە ئەوروپا سەربەخۆ و جودا پەروەردە بکات، ئەم هەستی خۆ بەگەورەزانینە زۆریش غەیرە مەنتقی نەبوو.

ئەو بیر و باوەڕ و بنەمایانەی کە ئەمریکایان گەیاندە سەربەخۆیی، بەرهەمی ڕاپەڕینە گەورەکەی سەردەمی ڕۆشنگەری بوو. سەدەی هەژدەیەم لە دونیای ڕۆژئاوادا، شێوازێکی نوێ ی تێڕوانینی مرۆڤی دەربارەی خودی مرۆڤ، دونیا، خودا و سروشت هێنایە ئاراوە. ئەمریکییەکانی سەردەمی داگیرگەکان، سوودیان لە بیرکردنەوەکانی سەردەمی ژیری وەردەگرت.((جۆن لۆك)) فەیلەسوفی ئینگلیزی یەکێك لە فەرمانە ڕەسییەکانی ناوچەی کارۆلینای نوسیەوە.((ڕۆسۆ))، ((فرانکلین)) و ((مۆنتسکیو)) پێکەوە هاوڕێ بوون و سەردانی یەکتریان دەکرد.((ڤۆلتێر))یش ئەو کاتەی کە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی واژۆ کرد، هێشتا لە ژیاندا مابوو. لە ڕاستی دا ئەم بیرکردنەوە ڕووناکانەی سەدەی هەژدەیەم، بنەماو بنچینەی سیستەمی حکومەتی ئەمریکایان ڕەنگ ڕێژی کرد. سەردەمی ڕۆشنگەری پشتی بە سێ بنەما بەستبوو: چاکسازیخوازی و پەیجوری مرۆڤ بۆ گەیشتن بە کەمال، گرنگی گەشەکردن و پێشکەوتن، سوودمەندی زانست و ژیری. فەیلەسووفانی سەدەی هەژدەیەم وای بۆ دەچوون کە بە جیاکردنەوە و شی کردنەوەی منطقی یانە، مرۆڤ دەتوانێت شێوازێکی نوێ بە ژیان و کۆمەلگەکەی ببەخشێت و بە زانست و منطق، ڕێسا و یاسایەکی وەها دابنێت، کە گەشەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەلگەی تێدا مسۆگەر بکرێت.

شۆڕشی فەڕەنسا، سەردەمی ناپلیۆن و ڕاپەڕینی نوێ ی فیکری ((ڕۆمانتیزم))، شوێنی بیرکردنەوە بریقەدارەکانی سەدەی هەژدەیەمیان گرتەوە. ئەم ڕاپەڕینە زیاتر گرنگی بە تاك دەدا تا کۆمەلگە، هەست و سۆزە تاکەکەسیەکانی زیاتر لە بەلگە و بورهان بۆ دروست کردنی پێکهاتە مرۆڤایەتییەکان بەبەشدار دەزانی و، جەختی دەکردەوە، کە سۆز و عاتیفەکانی مرۆڤ هەمیشە کاریگەری خۆیان لەسەر گۆڕانکاریە مرۆڤایەتیەکان هەبووە و تەنها پێوەری عەقلی نەبوو کە بەسەر کۆمەلگەدا حکومەتی دەکرد.

جەخت کردنەوە لەسەر کەسایەتی تاك هاوکات لەگەڵ بیروراکانی سەردەمی رۆشنگەری، پێویستی گەشەکردن و پێشکەوتنی زانست و مەنگق و، باوەڕ بە چاکسازی کردن لە مرۆڤدا، رۆحیەی کۆمەڵایەتی ئەمریکای پاش سەربەخۆییان پێك دەهێنا.

کۆمەڵگەی ئەمریکا لە راپەڕینی ((رۆمانتیزم))ەوە باوەڕ بە توانا و لێهاتوویی تاکەکەسی بۆ پێشکەوتن و بەرەو پێشەوە چوونی کۆمەڵگە و لەسەدەی هەژدەیەمیشەوە، بایەخی زانست و، گرنگی بنەما زانستییەکان و توێژینەوە هونەری و پراکتیکییەکانی لەجیاتی فەلسەفەی توێژینەوە تیۆرییەکان وەرگرت. لێکۆڵینەوە زانستییەکان گرنگییەکی زیاتریان پێدرا و، بەشە زانستییەکانی وەك پزیشکی و بیرکاری و فیزیا و کیمیا و... پێشکەوتنێکی بەرچاویان بەخۆوە بینی. ژمارەیەك لە کۆچبەرە تازە هاتووەکان، دەستیان بە لێکۆڵینەوەی زانستی کرد، کە توانیان خزمەتێکی گەورە بە مرۆڤایەتی بکەن. یەکێك لەو کۆچبەرانە ((جۆزێف بریستلی)) بوو، کە لە بەریتانیاوە هاتبوو، دواتر بوو بەیەکێك لە گەورەترین کیمیاگەرانی جیهان. زانکۆکان، بەرنامەی لێکۆڵینەوە زانستییەکانی خۆیان پەرەپێدا و زانستە هونەری و تەجریبییەکان، زیاتر لە گرەنە تیۆری و فەلسەفیەکان جەختیان لەسەر دەکرایەوە. ژیانی سەخت و دژواری کۆچبەران و ڕوو بەڕوو بونەوەی گرفتە جۆرا و جۆرەکان، پیاوانێکی چالاك و بەئەزمونیان پێگەیاند، کە زۆر حەزیان بە گفتوگۆکردن دەربارەی بابەتە فەلسەفیەکان نەدەکرد. ((تۆکۆیل)) کە لە ساڵەکانی ١٨٣٠ سەردانێکی ئەمریکای کردووە، پێی وایە، کە لەهیچ شوێنێکی گێتی دا بەئەندازەی ئەمریکا، فەلسەفە و بنەما تیۆرییەکان بێ ئەرزش نییە. بنچینەی فەلسەفەی ئەمریکا، لەسەر بیرکردنەوە ئەزمونیەکانی ((لۆك)) بونیاد نرابوو ـ واتە زانیارییەك کە لەڕووی ئەزموونەوە بەدەست هێنرابوو ـ مەزهەبیش لەڕووی پەیوەندی بە کۆمەڵگە و مافی مرۆڤەوە گرنگی پێدرا، لە قانونی ئەساسی دا ـ بەو شێوەیەی کە جفرسۆن باوەڕی پێ ی هەبوو ـ ئازادی مەزهەب وەك هەمو مافەکانی دی جەختی لەسەر کرایەوە.

لەو بابەتانەی کە پرۆتستانتەکانی ئەمریکا ئاراستەیان کرد، مەسەلەی لێهاتوویی تاکەکانە لە تێگەیشتنی بابەتە مەزهەبییەکاندا. هەڵسەنگاندنی بابەتە ئاینیەکان لەگەڵ فیکر و مەنگقی تاکەکەس، لایەنێکی دیکەیە لە گرنگیدان بە لێهاتوویی تاکەکەس و بیروباوەڕی کۆمەڵگەی ئەمریکی سەبارەت بەتاك و توانایی بەرهەمهێنانی ئەو تاکە لە کۆمەڵگەدا. بەم هۆیەوە، مەزهەب و کلێسە ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەریان لە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ئەمریکی دا گێڕا و زۆرێك لەو پرۆژە گرنگانەی وەك دروست کردنی قوتابخانە، بلاّو

کردنەوەی کتێب، کۆبوونەوە جۆراوجۆرەکان و سازدانی گفتوگۆی جۆراوجۆر، لەلایەن کلێسەوە جێبەجێدەکران، بەلام هیچ کات کلێسەیەکی یەکگرتوو لە ئەمریکادا پێك نەهێنرا و ئاینزایەکی دیاریکراویش بەناوی ئاینی رەسمیەوە دانی پێدا نەنرا.

مەسەلەیەی دیکە کە جەختی لەسەر ماف و ئازادی تاکەکان دەکردەوە و باوەڕی بە یەکسانی تاکەکان هەبوو - ژیانی دژواری سەرەتایی، فراوانی زەویە بەپیتەکان و هەلی ژیانێکی لەبار و خۆشگوزەران بۆ زۆرینەی کۆمەلگە، بیرۆکەی یەکسانی کۆمەلایەتی زیاتر پەروەردە کرد. بە پێچەوانەی ولاتانی ئەوروپا کە سیستەمی دەرەبەگایەتی و چینایەتی تیایاندا بالادەست بو، ئەم کۆمەلگەیە زیاتر چینی مامناوەند و بیرکردنەوەی بۆرژوازی پریان دەکردەوە و باوەڕ بەیەکسانیەکانیش زیاتر لە ولاتانی ڕۆژئاوا، تیایدا ڕەنگی دابویەوە. ڕەخسانی هەل و مەرجێکی لەباری ئابوری، زەوی بەپیتی ناوچەکان و فراوانی سەرچاوە سروشتییەکان، هەلێکی لەباری بەشێوەیەکی یەکسان بۆ هەموو تاکەکان ڕەخساندبو، کە بەبێ جیاوازی چینایەتی بتوانن لە پێناو چاککردنی ژیانی خۆیاندا تێبکۆشن.

تێکڕای ئەم دیاردە کۆمەلایەتیانە، واتە گرنگی دان بە زانست و پیشەسازی، بەکارهێنانی منگق و ژێری پشت ئەستوور بە توانا و لێهاتوویی تاکەکەس، باوەڕ بە پێشکەوتن و بەرەو پێشەوە چوون هاوکات لەگەل ئازادییە تاکەکەسیەکان و مافی کۆمەلایەتی، دەستیان دایە دەستی یەکتر و، پێکەوە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا، ناسیۆنالیزمی ئەمریکایی و فەرهەنگی تایبەت بە ژیانی کۆمەلگەی ئەمریکایان دامەزراند و هێدی هێدی پەروەردەیان کرد.

مارشال

توماس جفرسون



پەرەپێدانی چاندنی لۆکە

جەنگی دژ بە ئینگلیز لە ساڵی ١٨١٣

نەخشەی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەسالی 1803



بەکڕینی ناوچەی لوئیزیانا لە ساڵی ۱۸۰۳، ڕووبەری ئەمریکا بۆ ئەوەندە زیادی کرد
نەخشەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ساڵی ۱۸۱۹

بەشی چوارەم:

دیموکراسی و چارەنووسی یەکلاکەرەوە

لە سەرەتای دامەزراندنی کۆچنشینەکانەوە، ئەمریکا، بابەتێکی گرنگ بوو بۆ پەیڕوی چاودێرانی ئەورووپا. بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە، ئەورووپیەکان زیاتر سەرنجیان بۆ لای سیستەمی دیموکراسی ئەو حکومەتە دەچوو. بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو جۆرە حکومەتە بەرەو ئەمریکا سەفەریان کرد. بەشێك لەو لێکۆڵینەوانە لە شێوەی چەند کتێبێکدا دەربارەی کۆمەڵگە و حکومەتی ئەمریکا بلاّو کرانەوە.((ئەلێکسی تۆکویل)) و ((چارلز دیکنز)) لەو جۆرە لێکۆڵەرەوانە بوون، کە لە دوای خۆیان چەند بەرهەمێکیان سەبارەت بەم کۆمەڵگە نوێیە بەجێهێشتووە. کتێبی ((دیموکراسی لە ئەمریکا)) بەرهەمی ((تۆکویل)) بیرمەندی ناوداری فەرەنسی، بەناوبانگترینی ئەو کتێبانەیە کە لە شێوەی ناوەرۆکێکی کلاسیکی دا بلاّو کرایەوە. تەسك بینی، توانای دەست نیشان کردن و لێکدانەوە و پێشبینیەکانی ئەو سەبارەت بە دامەزراوە حکومی و کۆمەلایەتیەکانی ئەمریکا، بەرهەمەکەی ناوبراوی وەك یەکێك لە بەنرخترین بەرهەمەکانی هاوشێوەی خۆی بە جیهان ناساند. ﴿راستە﴾ هەموو چاودێرە ئەورووپیەکان ئەمریکایان بە چاوێکی پۆزەتیڤ سەیر نەدەکرد، بەڵام بەتێکڕا باوەڕیان وابوو، کە ئەمریکا نمونەی ئەزموونێکی گرنگە لە حکومەتی دیموکراسی سیاسی دا.

لەماوەی نێوان ساڵەکانی ١٨٣٠-١٨٥٠، ئەمریکا، بە پەرەپێدانی مافی دەنگدان، گرنگی دان بە دەنگی زۆرینە، لەگەڵ گۆڕانی لایەنی ئابوری کشتوکاڵی و داگیرکردنی زەوییەکانی رۆژئاوا، زەمینەیەکی لەبارو گونجاوی بۆ گەشەکردنی پیشەسازی و گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەلایەتی کۆمەڵگەکەی دەستەبەرکرد.

لەسەدەی هەژدەیەمدا، رێژەی ئەو کەسانەی کە لەئەمریکا مافی دەنگدانیان هەبوو، بەبەراورد لەگەڵ ولاّتانی ئەورووپا، زۆر زیاتر بوو. هەرچەندە مەرجی سەرەکی بەشداری کردن لە

دەنگدانیش، سەرمایە و دانی باجی ساڵانە بوو، بەڵام زۆربەی چین و توێژکانی کۆمەڵگە دەیانتوانی لەدەنگداندا بەشداری بکەن. وورده وورده و پاش ئەوەی کە بیرۆکەی حکومەت لەسەر بنەمای ڕەزامەندی میللەت، شێوەیەکی واقعی تری وەرگرت، یاسای ویلایەتەکان گۆڕانیان بەسەردا هات و مەرجی هەبوونی سەرمایە و باجی ساڵانە کە مەرجی سەرەکی بەشداری کردنی خەڵك بوو لەکاروباری سیاسی وڵاتدا، ڕاستەوخۆ هەڵوەشایەوە و هەموو پیاوێکی ئازاد بەبێ لەبەرچاو گرتنی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی دەیتوانی لەهەڵبژاردنەکاندا بەشداری بکات.

لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا، ئەم بیرۆکەیە بە پرۆژەیەکی نوێ لە قەڵەم دەدرا. لە فەڕەنسا و تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم، بوونی سەرمایەو دانی باجی دیاری کراو مەرجی سەرەکی بەشداری کردن بوو لە کاری سیاسی دا و، لە ئینگلتەراش چینی کرێکاران، لەسەدەی بیستەمەوە بەم مافەیان شاد بوون. بە ڕازی بوون لەسەر ئەو بۆچوونەی کە تەنها مەرجی بەشداری کردن لە چالاکییە سیاسیەکاندا، بریتییە لە هاوڵاتی بوون، ڕێگا بۆ گۆڕانکاریەکانی ئایندە کرایەوە. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم و پاش ئازاد بوونی ڕەش پێستەکان، مافی دەنگدانیشیان پێدرا و لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ژنانی ئەمریکاش دوای ڕوو بەڕوو بوونەوەیەکی دوور و درێژ ئەو مافەیان بەدەست هێنا. لە ساڵەکانی ۱۸۳۰، ئەو کاتەی کە بیرۆکەی بەشداری کردنی تێکڕای پیاوانی ئازاد، لەکاروباری سیاسی دا بە واقعی چەسپا، دیموکراسی ئەمریکا ڕوو بەڕووی گۆڕانێکی خێرا بوویەوە. تێکڕای بەرپرسانی ویلایەتەکان ؛ بەرێگەی دەنگدانی ڕاستەوخۆ هەڵبژێران و مەرجی بوونی سەرمایەش لە پیشە سیاسییەکاندا بە هەموو شێوەیەك ڕەتکرایەوە ز حکومڕانی ویلایەتەکان، دادوەر و باقی بەرپرسانی دیکە، لە رێگەی دەنگدانی مەحەللییەوە پۆستە جۆراوجۆرەکانیان وەردەگرت. هەر لەم ساڵانەدا، قانونی ئەساسی لە هەموو ویلایەتەکاندا لە ڕووی بڕیاری کۆتاییەوە خرایە دەنگدانی گشتییەوە و هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار کە وەك نەریتێکی هەمیشەیی لەلایەن کۆنگرێسەوە ئەنجام دەدرا، لەسەردەمی ((ئەندرۆ جەکسۆن))ەوە، بۆ دەنگدانی ڕاستەوخۆ گۆڕانی بەسەردا هات و پێکهێنانی ئەنجومەنی گشتی حیزب (کۆنڤانسیۆن)یش ئاسایی بوویەوە.

سنوری ئەم گۆڕانکاریانە زۆر لەوە فراوانتر بوو کە بونیادنەرانی سەربەخۆیی ئەمریکا بیریان لێ دەکردەوە. ((تۆماس جفرسۆن)) و ((پین)) لە خستنە ڕووی بیر و بۆچونەکانیان لە سەرەتای سەردەمی سەربەخۆییدا، نەیاندەتوانی بەو خێراییە بەرەو پێشەوە برۆن. مەترسی دەسەڵات

گرتنە دەستی زۆرینە و دواتریش بەرژەوەندی میللەت بە گشتی، کە هەندێك جار دەسەڵاتی کەمینەیەکی هۆشیاری بەسەر تێکڕای خەڵکی دا دەسەپاند، بابەتی سەرەکی گفتوگۆی نێوان فیدرالیست و کۆماریخوازە دیموکراتەکان، لەسەرەتای دامەزراندنی حکومەتی کۆماریدا.

بەڵام سەردەمی ((جەکسۆن)) بەسەرەتای پەرەسەندنی دەسەڵاتە سیاسییەکان و بەشداری کردنی ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵك لە کاروباری حکومڕانیدا هەژمار دەکرێت. حیزبی دیموکرات لە سەردەمی ئەودا شکڵی گرت و، یەکەمین سەرۆکیش بوو، کە لە نێو بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی ڤیرجینیا و ماساچۆسێت دا بەخێو نەکرابێت. لایەنگری تێکڕای خەڵك و دژی دەسەلات و هێزی ژمارەیەکی دیاری کراو بوو . کێبەرکێ و پڕو پاگەندەکانی هەڵبژاردنی بەپێی بەرنامەیەکی رێك و پێك لە رێگەی رۆژنامە و کۆمیتە و پێکهێنانی کۆبوونەوە جۆرا و جۆرەکانەوە دەست پێکرد و بە پڕ و پاگەندە فراوانەکەی، توانی تێکڕای خەڵکی بۆ لای خۆی رابکێشێت. پاش چەند ساڵێك ((جۆن کوینسی نادامز)) سەرۆك کۆماری پێشتری ((جەکسۆن)) بە زمانێکی گاڵتەجاری رایگەیاند:((ئەم هەڵبژاردنە دەری خست کە بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆك کۆماری، زیاتر لە هەموو شتێك، پێویستی بە پروپاگەندەیەکی خەڵك خەڵەتێنەر هەیە.)) هەرچەندە حیزبی بەرامبەری ((جەکسۆن))ـ کە لەو سەردەمەدا بە ((ویگ)) ناودەبرا ـ هەمان شێواز و رێبازی بۆ کۆکردنەوەی زۆرینەی دەنگەکان و بەکارهێنانی پروپاگەندەیەکی فراوان بۆ راکێشانی سەرنجی گشتی بەکارهێنا.

یەکێك لە بەرنامە گرنگەکانی((جەکسۆن))، جێگۆڕکێ و دامەزراندنی تاکەکان بوو لەنێو دام و دەزگا حکومیەکاندا، بۆ ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە ئەو ئیش و ئەرکەی کە پێیان سپێراوە، بەموڵکی تایبەتی خۆیان و وەك شتێك کە لە باوانەوە بۆیان مابێتەوە حسابی نەکەن و گروپێکی دیاری کراویش بەبێ هیچ جۆرە پاساوێك، سەروەت و سامانی خەڵکی بەتاڵان نەبەن. دابەشکردنی پلە و پایەو پۆستە جیاوازەکان وەك پاداشت بەسەر دۆست و ئاشناکاندا، هەندێك جار دەبووە هۆی سەرهەڵدانی گەندەڵی ئیداری ولەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا بە دەرکردنی یاسایەکی دیاری کراو سەبارەت بە دامەزراندنی خەڵك لە دام و دەزگا حکومیەکاندا تا رادەیەك چارەسەری ئەم دیاردەیە کرا، بەوەی کە خودی کەسەکە پێویستە تاقی بکرێتەوە و توانا و لێهاتوویی لەکاروبارەکاندا هەڵبسەنگێنرێت. ئەم شێوازی هەڵبژاردنە لە ئاستی دەوڵەتی فیدراڵی و ویلایەتەکاندا، لەسەر بنەمای پەرەپێدانی مافی میللەت راوەستابوو هەروەها هۆکارێکی کاریگەریش بوو، بۆ ئەوەی چینێکی جیاواز لە چینەکانی دیکە

سەر هەڵنەدات. زۆرێك لەو كەسانەی كە خاوەنی پیشەیەكی گەورەو معتبر بوون و تەنانەت سەرۆك كۆمار، پاش كۆتایی هاتنی ماوەی دەسەلاتەكەیان دەگەڕانەوە سەر پیشە ئاساییەكەی خۆیان و هیچ كاتێك وەزیری دەزگایەكی جێبەجێكردن، پاش تەواو بوونی ماوەی خزمەتەكەی، دەستكەوتە حكومیەكانی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەكار نەدەهێنا.

بەرەسەندنی دەنگی خەڵكی و هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆك كۆمار، دەسەلاتی دەزگای جێبەجێكردنی زیاتر كرد.((جەكسۆن))، بە پشت بەستن بە پشتیوانی میللەت، زۆرێك لە بڕیارەكانی كۆنگرێسی بە بەكارهێنانی مافی ڤیتۆ هەڵوەشاندەوە و، زیاتر لە هەموو سەرۆكەكانی پێش خۆی ئەم چەكەی بەكار هێنا. بەهەڵبژاردنی سەرۆك و پشت بەستن بە بیروڕای گشتی، دەسەلاتی دەزگای جێبەجێكردن بە مەرجی بوونی سەركردایەتییەكی بەهێز، پەرەی دەسەند. ئەمەش خۆی لە خۆیدا، هۆكارێكی سەرەكی بوو بۆ ئەوەی زۆربەی سەرۆك كۆمارەكان، بەبیانوی ئەوەی كە نوێنەری زۆرینەی ئەندامانی كۆمەڵگەن ، دەسەلاتی دەزگای جێبەجێكردن پەرەپێدەن ـ بەتایبەتی لە سەردەمی ((فرانكلین ڕۆزفلت)) بەدواوە ـ كە دەزگای سەرۆك كۆماری وردە وردە دەسەلاتەكانی جێبەجێكردنی خۆی زیاتر كردووە.

جەخت كردنەوە لەسەر یەكسانی مافی تاكەكان لەسەردەمی((جەكسۆن))دا، وەك بیر و باوەڕێكی گشتی تێكڕای خەڵكی لێهات. هەرچەندە هیچ كات، سیستەمی خانەدانی بەو واتایەی كە لە ئەوروپا هەبوو، لە ئەمریكا سەری هەڵنەدا، بەلام هەڵبژاردنی ((جەكسۆن)) و پەرەسەندنی مافی دەنگدان و دیموكراتیزە كردنی دام و دەزگا ئیداریەكان، باوەڕ بەیەكسانی تاكەكانی زیاتر گەشە پێدا.((تۆكۆیل)) كەلەم ڕۆژگارەدا سەردانی ئەمریكای كردووە، ئاماژە بە یەكسانی و ترسانی خەڵكی ئەمریكا لە سیستەمی خانەدانی دەكات، بەرادەیەك كە تاكەكان ئامادەن، لەسەر هەژاری و زۆرداری و تۆقاندن ئارام بگرن، بەلام سیستەمی خانەدانی لەسەر بنەمای دەسەلاتی چینایەتی بەهەموو شێوەیەك ڕەتدەكەنەوە. خاتوو ((ترولوپ))ی ئینگلیزی كە بە دیدێكی ڕەخنە ئامێزە ئەو گۆڕانكاریانەی هەڵسەنگاندووە، ئاماژە بەو گفتوگۆیە دەكات كە لەگەڵ ژمارەیەك خەڵكی ئەمریكادا ئەنجامی داوە، كە چۆن ڕوو بەڕووی نارەزاییەكی زۆر بووەتەوە لەسەر ئەوەی وتویەتی، هەموو كەسێك شیاوی بەدەست هێنانی پلەی سەرۆك كۆماری نیە.

جگە لەوەش ئەوەی كە باوەڕ بەیەكسانی تاكەكانی زیاتر گەشەپێدەدا، ئەو ئیمكانات و هەلومەرجە لەبارە بوو كە بۆ هاولاتیان ڕەخسابوو. خەلكی ئەمریكا دەیانتوانی دوور لە

هەمرو ئەو کۆسپانەی کە باڵیان بەسەر کۆمەڵگەی ئەورووپیدا کێشابوو [ئایین، خانەدان، چینایەتی] هەوڵی بەدەستهێنانی ماڵ و سامان و دەسەلات و پێگەی سیاسی و کۆمەلایەتی بدەن. وەك ((ئەمرسۆن)) بیرمەندی ناوداری ئەمریکی دەڵێ، هەل و ئیمکاناتی ژیانێکی چاکتر، لەگەڵ ووشەی ئەمریکادا هاو واتا بوون. ئەم بارودۆخەش وای کردبوو کە هیچ کەس بیر لە چوونەناو چینێکی تایبەتی نەکاتەوە. هەرچەندە ئەم یەکسانیە، هەمرو بوارەکانی نەدەگرتەوە و باوەڕ بە خاوەندارێتی تایبەتی و سەرمایەداری وەك باقی بنەماکانی دیکە لە کۆمەڵگەدا گەشەی دەکرد.

بەپەرەسەندنی مافی سیاسی، لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، بیرۆکەی ئازادی ئابوری شوێنی سیستەمی ((مەرکانتالیزم))ی گرتەوە. ئەم بیروبۆچوونانە بە ئاراستەی ڕێبازی لیبرالیزمی گەشەیان کردبوو ، واتە بەمەرج بوونی دەسەلاتی دەوڵەت (مشروطیت)، باوەڕ بەپیاسا دانان و دیاری کردنی مافی تاکەکەسی، کە سەرچاوەکەیان بەمافی سروشتی یان هەتا هەتایی دەزانی. بنچینەی سەرەکی مافی تاکەکەس لە ئاسودەیی گیانی و داراییدا دەستەبەر دەبێت، ئاسودەیی گیانی ـ کە تاك بزانێت لەژێر سایەی یاسادا گیانی لە دەستدرێژی و ستەم لێکردن پارێزراو دەبێت ـ و ئاسودەیی دارایی ـ لە ڕووی ناسینی مافی خاوەندارێتی تایبەتی و دەسەلاتی تاکەکان بەسەر ئەو داراییەی کە بەدەستیان هێناوە. کە ئەم بنەمایە بەیەکێك لە مەرجە سەرەکیەکانی پێشکەوتنی ئابوری و بەشێکی گرنگی بواری ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکان دەژمێررا.

بنچینەی بیروباوەڕەکانی ئابوری لیبرالیزم، لەسەر بنەمای تیۆری ((ئابوری سیاسی)) ڕاوەستاوە. ئابوری سیاسیش لەسەر ئەو بنەمایە ڕاوەستاوە، کە مرۆڤ بەهەر شێوەیەك بێت، بەدوای بەرژەوەندی تایبەتی خۆیی و کۆکردنەوەی سەرمایەی زیاتردا دەگەڕێت. ئەگەر بارو دۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی، بەشێوەیەك بێت کە تاکەکان بەرەو بەدەست هێنانی سەرمایە و کارکردن لەپێنا وبەرژەوەندی خۆیان هانبدات، ئەوا سەرمایەی وەبەرهێنانی میللەت فراوانتر دەبێت و لەپێناو پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا بەکاردەهێنرێت.((ئادەم سمیپ)) لە بونیادنەرانی ئابوری سیاسی، ئامانجی ئەم قوتابخانە ئابوریە بەدەرامەتی زیاتر و مووچەی ئاسانتری خەڵکی لێك دەداتەوە، لەکاتێکدا کە دەست تێوەردانی دەوڵەت لەکاروباری ئابوریدا بگاتە کەمترین ڕادە. لە ڕاستیدا ئەرکی سەرشانی دەوڵەت، تەنها بریتی بوو لە سەقامگیر کردنی ئاسایشی کۆمەلایەتی و جێگیرکردنی سیستەمی حکومەتێکی ڕێك و پێك و یاسایی، تاوەکو لەکاتی

پێویست دا هەلومەرجێکی لەبار و گونجاو بۆ گەشەکردنی ئابوری ولات بڕەخسێنرێت.((ریکاردۆ)) و((جۆن ستیوارت میل)) کە بەدوو نوێنەری بەناوبانگی ئابوری لیبرالیزمی سەدەی نۆزدەیەم دەژمێررێن، باوەریان وابوو کە دامەزراوەو یاساکانی کۆمەلگە و زۆربوونی ڕێژەی دانیشتوان، کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی لەسەر بەرهەمی ئابوری هەیە و، لە بەرامبەریشدا باوردۆخی ئابوری ئەو کاریگەریەی خۆی بۆ سەر گۆرانکاریە فیکریەکان و پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان دەگوازێتەوە. لەم ڕووەوە، لە نێوان پەرەسەندنی ئابوری و زیاد بوونی سەروەت و سامان و باروەدۆخی سیاسی دا پەوەندی و هاوسەنگیەکی ڕاستەوخۆیان دەبینی. بە دەستە بەرکردن و ڕەخساندنی هەلو مەرجێکی لەبار و ئارام، تاکەکان سەرمایەکانی خۆیان بەوپەڕی ئاسودەییەوە وەگەڕ دەخەن و ئەو کاتیش کێبڕکێیەکی (ئاسایی و یاسایی) لە نێوانیاندا دەست پێدەکات. بەپێ ی ئەم بۆچوونانە ، لە شێوەی کێبڕکێی ئازاددا نرخی بەروبومی بەرهەمهێنراو دەگاتە کەمترین ئاست و لەنێوان نرخی کالآی بەرهەم هێنراو و توانای کڕینی هاولآتیاندا، هاوسەنگی پەیدا دەبێت و ئەم سیاسەتە بەشێوەیەکی گشتی بەگەڕ خستن و زۆربوونی سەرمایەی لێ دەکەوێتەوە.

ئەم سیستەمە ئابوریە میراتی هزری لیبرالیزمی، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەم و سەدەی نۆزدەیەم ـ بەتایبەتی لە ئینگلیز ـ سەری هەلدا. دامەزرێنەرە سەرەکیەکانی ئەم ڕێبازە، ئینگلیزی و سکۆتلەندی بوون و ئەمریکی یەکان ئەم سیستەمەیان لەوانەوە وەرگرتبوو، لەپێناو پێشکەوتنی ئابوری ولآتەکەیاندا بەکاریان هێنا. هەر ئەم سیستەمە ئابوریەی ئینگلیزی سەدەی نۆزدەیەم بوو، کە بەرەی نمونەی شیکردنەوەی سەرمایەداری ئەمریکای لێ پێکهات. ڕۆلی دەولەت تەنها لە فەراهەم کردنی هەلومەرجێکی لەبار بۆ بەرەو پێدانی سەرمایەداری لێکدرایەوە و بۆ ئەوەی تاکەکان بتوانن بە ئاسودەیی لەبازاری کێبڕکێی ئازاددا بەشداری بکەن و داهێنانەکانی خۆیان لە چالاکی یە ئابوریەکاندا نمایش بکەن.

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا، کاتێک کە بیرکردنەوەکانی قوتابخانەی ئابوری سیاسی قالبێکی تایبەتی وەرگرت، لایەنی کشتوکالی ڕۆلێکی بەرچاوی لە بواری بەرهەمی نەتەوەییدا دەگێڕا، جگە لەوەش پیشەسازی ڕوو لە پێشکەوتنی ڕستن و چنین و دوورینی قوماش، دەرهێنانی کانەکان و پیشەسازی کانزاو کانزاکاری، بەرەو پێشەوە چوونێکی گەورەیان بە خۆوە بینی.

دەست بەکار بوونی کارگەکان و گۆڕانی ئابوری پیشەسازی ئەمریکا، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم داو لەماوەیەکی کورتدا، کۆمەلگەی ئەمریکای لە کۆمەلگەیەکی

کشتوکاڵیەوە بۆ پیشەسازی گۆڕی، پەیوەندی بە ساڵەکانی پاش جەنگی ۱۸۱۲ ەوە هەیە. ڕەونەقی بازرگانی بە پشت بەستن بە سیستەمی ئابوری ئازاد، بەکارهێنانی ئامێری هەڵمی و ئەزمونەکانی شۆڕشی پیشەسازی ئینگلیز، پەرەسەندنی بەروبومی کارگەکانی نێو ولایەتەکانی وەك ماساچۆسێت و نیۆیۆرکی بەدوادا هات. یەکەمین تاریفەی گومرگی بۆ پشتیوانی کردنی بەروبومی ناوخۆ لەساڵی ۱۸۱٦ دانراو، بەکارهێنانی ووزەی هەڵمی، بەرهەمی پیشەسازی ناوخۆی زیاتر گەشەپێدا. کارگەکانی ڕستن و چنینی ویلایەتی ماساچۆسێت کە زۆرینەی کرێکارەکانیان ئافرەت بوون، بە خێرایی پەرەیان سەند و بەروبومی ئەم کارگانە بەشێکی گرنگ و سەرەکی تێکڕای بەرهەمی ویلایەتە یەکگرتووەکانیان تایبەت کرد بەخۆیانەوە.

((ئیلی ڤیتنی)) داهێنەری ئامێرەکانی لۆکە پاککردن، توانی تفەنگێك دروست بکات کە لە چەند بەشێکی جۆراوجۆر پێکهاتبوو، بەڵەکارکەوتنی هەر بەشێکی بەئاسانی دەیتوانی چاکی بکاتەوە. ئەم داهێنە ،کە کاریگەریەکی زۆری لەسەر دروست کردنی ئامێرە کانزاییەکان، هەر لە مەکینەی درومانەوە تا کاتژمێر و ئامێرەکانی دیکە هەبوو، زەمینەی بۆ داهێنانەکانی تر لە بوارەکانی تردا خۆش دەکرد بەرهەمی پیشەسازی گۆڕانێکی گەورەی بەسەر ئابوری ویلایەتەکانی باکووردا هێنا. هەرچەندە تا پێش ساڵی ۱۸٦۰ لە٦٠٪ی هێزی کار لەبواری کشتوکاڵی ویلایەتەکاندا ئیشیان دەکرد و ئەوانی دیکە لە بواری پیشەسازی و بازرگانی خزمەتگوزاری شارەکاندا، بەڵام هەمان ئەندازەش چالاکی پیشەسازی لە ویلایەتەکانی باکووردا نیشتەجێ کرابوو. لە کۆی ئەو سەدوچوار هەزار دامەزراوەیەی کە لەسەردەمی پێش شەڕی ناوخۆدا کاریان دەکرد ، تەنها لە ۱٥٪ی لە ویلایەتەکانی باشووردا جێگیر بوون. لە کاتێکدا کە یەك لەسەر سێ ی تێکڕای دانیشتوانی ئەمریکا لە باشووردا دەژیان و، تەنها دەیەکی بەروبومی پیشەسازیان بەرهەم دەهێنا. سەرکەوتنی باکووریش بە پلەی یەك بۆ ئەو پێشکەوتنە دەگەڕایەوە کە لە بواری ئابوری پیشەسازی دا بەدەستی هێنابوو.

بە پەرەسەندنی بەرهەمی پیشەسازی، مەسەلەی ئاڵوگۆڕ و پەیوەندی نێوان ویلایەتەکان گرنگی یەکی زۆری پێدرا و لەم پێناوەشدا گەلێك پرۆژەیان بە ئەنجام گەیاند وەك دروست کردنی کاناڵی دەریاچەی ئێریە، کە ناوەڕاستی ئەمریکای لە ڕێگەی ڕووباری هودسن بە نیۆیۆرك و ئۆقیانوسی ئەتڵەسی یەوە دەبەستەوە. ئەم کاناڵە، کاریگەریەکی زۆری لەسەر ئاڵوگۆڕکردنی ئامێرە پیشەسازیەکاندا هەبوو. شاری نیۆیۆرك بە خێرایی گەشەی کردوو بوویە یەکێك لە بەندەرە هەرە بەناوبانگەکان لە ڕووی بازرگانی یەوە. بەکارهێنانی کەشتی هەڵمی، یەکێکی تر

بوو لەو هۆکارانەی کە پەیوەندی بازرگانی نێوان ناوچەکانی ئاسانتر کردبوو. سەرکەوتنی کانالی ئێریە، بووە هۆی ئەوەی کە چەندەها کانالی دیکە بەمەبەستی بەرقەرار کردنی پەیوەندی نێوان رووبارەکانی ناوەوەو کەنارەکانی رۆژهەلات و باشووری ولات دابمەزرێنن. لە رێگەی رووباری می سی سی پی یەوە ـ کە بەزمانی رەسەنی ئەمریکی واتای باوکی ئاوەکان دەگەیەنێت ـ چەندەها کەشتی هەلمی بارهەلگری تایبەت بە گواستنەوەی شتومەکی بازرگانی دەستیان بەکارکرد، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا بازرگانی و پەیوەندی نێوان ویلایەتەکانی ئاسانتر دەکرد. زۆربەی ئەو ناوچانەی کە لە کەناری رووبارەکاندا درێژ بوو بوونەوە، شێوەی شارە گەورەکانیان بەخۆوە گرت. لەوانەش شاری مەمفیس، سین سیناتی، ویلوی ویل، کەلەگەل رووباری می سی سی پی دا دراوسێ بوون.

گرنگترین هێلی پەیوەندی نێوان ناوچەکان، بریتی بوون لە هێلەکانی ئاسن. یەکەمین لۆکۆمۆتیڤی هەلمی لە سالی ١٨٣٠ دەستی بەکارکرد و تا کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم زیاتر لە سێ هەزار میل هێلی ئاسن لە ناوچەکەدا راکێشرا. هێلەکانی ئاسن بە سەرهەلدانی گۆرانکاریە پیشەسازیەکانی پاش شەری ناوخۆ، چەندەها بەرامبەر زیادیان کرد. ئەو جوتیارانەی کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا، بۆ گواستنەوەی بەروبومی خۆیان تەنها پشتیان بە گالیسکە و ئاژەلی بارهەلگر دەبەست، لەماوەی چەند سالێدا و بە سوود وەرگرتن لە هێلەکانی ئاسن و رێگا ئاویەکان، دەیانتوانی پەیوەندی بە بازارە سەرەکی و گرنگەکانی ولاتەوە بکەن. داهێنانی تەلەگراف لەلایەن ((ساموێل مۆرس)) کە لە دوای سالی ١٨٤٤ ەوە لەسەرتاسەری ئەمریکادا بلاو بوویەوە، هۆکارێکی دیکەی پەیوەندی کردن بوو، کە هەموو ناوچەکانی ولاتی بەیەکەوە دەبەستەوە.

پێشتر زانیمان کە پاش شەری ١٨١٢، ئەمریکا بەمەبەستی پەرەپێدانی کاروباری ئابوری و بازرگانی و دامەزراندنی چەند کارگەیەك لە ناوخۆی ولاتدا، بە خێرایی رێگەی پێشکەوتنی گرتە بەر لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندی کارگە پیشەسازیەکانی دەولەتی فیدرالی دا بە پێویستی زانی، کە چەند رێسایەکی گومرگی نوێ دەربکات. بەروبومی سەرەکی ویلایەتەکانی باشوور لۆکە بوو، کە بەرەو ولاتی ئینگلیز دەنێررا و لەبەر ئەوەی کە توانای بەرهەمهێنانی ئەم بەروبومەی لاواز بوو، ناچار دەبوو پێداویستیەکانی خۆی لەدەرەوەی ولاتەوە دابین بکات. دانانی باجی گومرگی لەگەل بەرژەوەندی باشووریەکاندا نەدەگونجاو، بەتوندی نارەزایی خۆیان لەسەری دەربری. لەسالی ١٨٢٠، ویلایەتی کارۆلینای باشوور رایگەیاند، کە دانانی باجی

گـومرگی بەزانـدنی قـانونی ئەساسـی و بڕیـارێکی نادادپەروەرانەیـە، بـەڵام کـۆنگرێس ئـەم ناڕەزاییانەی پشت گوێ خست و سوور بوو لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکانی. لەم ڕۆژە بەدواوە، ئەو بابەتەی کە جێگای مشتومڕی ویلایەتەکانی باشـوور بـوو، بریتـی بـوو لـەوەی کـە ئایـا ویلایەتێك دەتوانێت لە جێبەجێکردنی یاسایەکدا کـە کـۆنگرێس بڕیـاری لەسـەر داوە، خـۆی بەدوور بگرێت یان ئەگەر سیاسەتی دەوڵەتی فیدراڵی بە پەسەند نازانێت، دەکرێت لەو دەوڵەتە پاشەکشێ بکات ؟! دوا بەدوای ئەم گفتوگۆو دەنگ و باسانە، ویلایەتەکانی باشوور پەنایان بـۆ بنەمایەکی دیکە برد کە بە ((بنەمای هەڵوەشانەوە)) ناوی دەرکرد . بەو واتایەی کـە مـادام، هەر ویلایەتێك توانیویەتی بەلایەنی کەمەوە لەڕووی تیۆری یەوە پارێزگاری سەربەخۆی یەکەی بکات، کەواتە مافی گۆڕانی ئەو یاسایەی هەیە، کە لە لایەن کۆنگرێسەوە بڕیاری لەسەر دراوە و یان ئەگەر ئەو یاسایەی بەپێچەوانەی قـانونی ئەسـاسـی و دژ بـە دادپـەروەری زانـی، ئـەوا دەتوانێت بڕیاری جێبەجێکردنی ئەو یاسایە لـە چوارچێوەی ویلایەتەکەیدا هەڵوەشێنێتەوە. بیرۆکەی ((بنەمای هەڵوەشانەوە)) لە لایەن دەسـەڵات دارانـی حکومەتـەوە ـ لەوانـە کلـهۆن جێگری سەرۆك کۆمار کە خۆی خـەڵکی ویلایەتـەکانی باشـوور بـوو ـ پێـشوازی لێکـدەکرا. مشتومڕێکی زۆر لەسەر پەیوەنـدی نێـوان حکومـەتی فیـدراڵ و حکومـەتی ویلایەتـەکان و، بنچینەی ئازادی و یەکێتی ـ لە کۆنگرێسدا ـ سەری هەڵدا، باوەڕیان وابوو کە ئەگەر جیـاوازی بیروڕا لە پێناسە و شیکردنەوەدا ڕوویدات، ئەوا لـە صـلاحیەتی دا دادگـای باڵادایـە کـە لـە مەسـەلەکەدا دەست وەربدات.

نـاکۆکی نێـوان ویلایەتـەکانی بـاکوور و باشـوور، ڕەگ و ڕیـشەیەکی ئـابوری هـەبوو. دانیشتوانی باشوور لەسەر دەرکردنی یاساکانی باجی گومرگی ڕەخنەیان هـەبوو. لـە لایەکـەوە زیاد بوونی بەرهەمی لۆکە وورده وورده نرخەکەی لە بازاڕەکاندا دەهێنایە خوارەوە، لە لایەکی تریشەوە خاوەن پیشەسازیەکانی باکوور نرخی شتومەکە دروست کراوەکانیان بەرز دەکردەوە.

باشووریەکان، کە دەبوو لە بەرامبەر ئەو مـاددە خاوانـەی کـە لـە بـواری کـشتوکاڵدا بـە نرخێکی هەرزان دەیانفرۆشت، بەروبومی پیشەسازی بە نرخێکی گران بهێننە ناوەوە، ناڕەزاییان لەسەر زیاد کردنی مافی (باج)ی گومرگی دەربڕی. لەساڵی ١٨١٢، کاتێـك کـە((جەکـسۆن)) پێرستی نرخی گومرگی کاڵای واژوو کرد و، نوێنەرانی ویلایەتەکانی باشوور دژی وەسـتانەوە و کارۆلینای باشووریش بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند، کە ئەگەر کـۆنگرێس پـێش مێژوویـەکی دیـاری کراو مافی (باج)ی گومرگی هەڵنەوەشێنێتەوە، ئەوا لەو یەکێتی یە دێتە دەرەوە. لەبـەر ئـەوە

کۆنگرێس یاسایەکی دیکەی دەرکرد کە بەپێی ئەو یاسایە، نرخی مافی گومرگی بۆ ماوەی دەساڵ و بە ئەندازەیەك کە زیان بە بەرژەوەندی یەکانی دەوڵەت نەگەیەنێت کەم دەکرێتەوە. بەم شێوەیە دەوڵەتی فیدراڵ بە چاککردنەوەی نرخی گومرگ، پلانی دانوسانی لەگەڵ ویلایەتەکانی باشوردا دارشت.

لە ساڵی ١٨٣٢ ((جەکسۆن)) بۆ جاری دووەم بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار هەڵبژێررایەوە. لەم ماوەیەشدا، ئەو بابەتەی کە زۆرترین باس و گفتوگۆی لەسەر دەکرا، مەسەلەی بانکی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو. ناوبراو دژی درێژ کردنەوەی کارکردنی بانکی مەرکەزی فیدراڵی بوو. بە بۆچوونی ئەو، سەرمایەدارە گەورەکان دەسەلاتێکی دارایی مۆنۆپۆلیان بۆ خۆیان پێکهێناوەو وەك دەستەیەکی خانەدانیان لێ هاتووە، بە رادەیەك کە کاریگەری دەسەلاتەکەشیان لە حکومەتدا هەستی پێ دەکرێت. ئەو باوەری وابوو، کە بوونی ئەم گروپە دەسەلاتدارە دەبێتە هۆی لاوازبوونی بنەماکانی یەکسانی، کە کۆمەلگەی ئەمریکا لەسەر ئەم بنەمایانە بونیاد نراوە.

سەردەمی((جەکسۆن)) لە هەمان کاتدا کە بە سەردەمی پەرەسەندنی مافی سیاسی دەژمێررا، سەردەمی لیبرالیزمی ئابوری و جەخت کردنەوە لەسەر نەهێشتنی دەست تێوەردانی دەوڵەت لە نێو کاروباری ئابوریش بوو، کە هاوکات لەگەڵ دەست پێکردنی سەردەمی شۆرشی پیشەسازی لە جیاتی سیستەمی((مەرکانتالیزم)) بایەخێکی گەورەی پێدرا. پشتیوانی کردن لە سەرمایە گوزاری تایبەتی، بەکارێکی پێویست و زەرور لە قەڵەم دەدرا، بەلام هەرجۆرە دەستێوەردان یان کۆنترۆڵ کردنێکی کاروباری ئابوری لەلایەن دەوڵەتەوە بە پێچەوانەی ئازادی و مافی تێکۆشان بۆ بژێوی ژیان لێك دەدرایەوە. دژایەتی ((جەکسۆن))یش بۆ دامەزراوەکانی بانکی مەرکەزی لەسەر ئەم باوەر راوەستابوو. ناوبراو لایەنگری بانکە مەحەللی یەکان بوو هەروەها لە پێناو لەناوبردنی دامەزراوەکانی بانکی مەرکەزی دا، سەرمایەی دەوڵەتەکەی خەرج کرد و خستیە بەردەستی بانکە مەحەللی یە گچکەکان و مافی دەرکردنی سکە و مامەڵەکردنی دراویشی پێدان. ئەمە یەکەمین قۆناغی مەترسی هەڵئاوسانی نرخی دراو سەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانی ساڵی ١٨٣٧ بوو. لەگەڵ ئەوەشدا ((جەکسۆن)) نوێنەر و خۆشەویستی زۆرینەی میللەتەکەی بوو، سەرەتای سەرۆك کۆمارێتی یەکەشی بە سەرەتای گۆرانێکی کۆمەلایەتی نوێ لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەلگەی ئەمریکی دا دەژمێررێت.

چاکسازییەکۆمەلایەتییەکانی سەردەمی((جەکسۆن)) کاردانەوەی بیروباوەری پێشکەوتنخوازانەی مرۆڤ و هەستی گەشبینی و متمانەکردن بە لێهاتوویی و توانای تاکەکان،

که بە ڕەخساندنی هەلومەرجێکی لەباروگونجا، کۆمەڵگە بەرەو پێشکەوتن و گەشەسەندن دەبات، ئەم چاکسازی خوازە کۆمەلایەتیانە لە بوارە جۆراو جۆرەکاندا دەستیان بە چالاکی کرد و جەختیان لەسەر بەدواداچوون و چاککردنی ژیانی نێو کرتووخانەکان، پەرەپێدانی مافی ئافرەتان، گرنگی دان بە بارودۆخی ژیانی کرێکاران، چاککردنی دام و دەزگا حکومیەکان تا پەرەپێدانی بواری فێرکردنی گشتی و بەخۆڕایی لەم سەردەمەدا دەکردەوە.

هزری پێشکەوتن و گەیشتن یەکەمال لە بیرو ڕاکانی سەردەمی ڕۆشنگەری سەدەی هەژدەیەمەوە وەرگیرا بوو ـ واتە باوەڕ بە مافی سروشتی و یاسای سروشت و پشت بەستن بە ژیری و ڕێنمایی منگق و بورهانی عەقلی. ئەم باوەڕە بەهزری پێشکەوتن خوازی یە لە سەدەی نۆزدەیەمدا لەگەڵ هەست و سۆز و صرۆڤ دۆستی دا ئاوێتە کراو، لە بازنەی سنورداری ڕۆشنگەران و فەیلەسوفان دا چووە دەرەوەو، لە پێناوکارکردن لە ژیانی تێکرای خەلکدا بەکارهێنرا. پێشکەوتنە زانستیەکانی سەدەی نۆزدەیەم، سوود وەرگرتن لە داهێنانە نوێیەکان، گۆڕانی ئابوری پیشەسازی و باوەڕ بە ئەزموون و تاقی کردنەوە، هۆکارێك بوون بۆ ئەوەی بیرۆکەی پێشکەوتنی کۆمەلایەتی بەرگێکی زانستیانەی بکرێت بەبەردا. بەگەشەکردنی هزری سوودمەندی و باوەڕ بەوەی کە مەبەست لە بیرۆکەی پێشکەوتن، دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی تێکرای خەلکەکانە، ئەم بیرۆکانە لە بواری چاکسازیە کۆمەلایەتیەکاندا خرانە گەڕ و ووزە و تینێکی فراوانیان وەرگرت.

ڕاپەڕینی چاکسازیە فەرهەنگیەکان و پەرەسەندنی فێرکردنی گشتی، لە پرۆژە سەرەکی و بەرنامە سەرکەوتووەکانی ئەم سەردەمە بوو. لە بیرۆکەی پێشکەوتن دا، باوەڕ بە فێرکردنی گشتی بۆ پەرەسەندنی حکومەتی دیموکراتیك و گەشەسەندنی کۆمەلایەتی، بە بنەمای سەرەکی دەژمێررێن. هەڵبەت بیرۆکەی پەروەردە کردنی چینی لاو لە کۆمەلگەی ئەمریکی دا هەمیشە و هەردەم جێی بایەخ و گرنگیدان بووە. ((پیوزرتینەکان))ی سەدەی حەڤدەیەم، فێرکردنیان بە بنەمای سەرەکی دامەزراندنی کۆمەلگەی تەندروست زانیوە و، هەوڵ و کۆششەکانی ئەوان بوو کە دروست کردنی چەندەها قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و دامەزراندنی زانکۆکانی وەك هاروارد و ییلی بەدواداهات.

بیری دامەزراندنی قوتابخانەی سەرەتایی لە شارو لادێکانی ئەمریکا، لە ڕێگەی کۆکردنەوەی باج و یارمەتی خودی دانیشتوانی ئەو ناوچانە ـ کەدواتر لەسەرتاسەری ئەمریکادا بلاوبوویەوە ـ بەنەریتێکی کۆنی ((پیوزرتینەکان)) دەژمێررێت. بزوتنەوە چاکسازی

خوازیەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم، ئەم بیرۆکەیەی گشتاند و بەدیاری کردنی باجێکی تایبەت بە مەبەستی فێرکردن لە هەر ویلایەتێکدا، سیستەمێکی نوێ ی فێرکردنی بە خۆڕایی بۆ زۆربەی خێزانە ئەمریکیەکان دانرا. ئەم فێرکردنانەش، غەیرە مەزهەبی و بنچینەیەکی زانستیان هەبوو. فێرکردنی بنەما مەزهەبیەکان لە قوتابخانەکاندا تەرك کراو ئەو ئەرکە خرایە ئەستۆی قوتابخانە ئاینیەکان و بودجەکەشی لەبودجەی قوتابخانە گشتی یەکان جیا کرایەوە. پەیرەوکردنی سیستەمی خوێندنی ئیجباری، لەسەدەی نۆزدەیەم دا کە جەختی لەسەر ناسینی فەرهەنگ و خودی کۆمەڵگەی ئەمریکی دەکردەوە، کاریگەریەکی زۆر لەسەر یەکگرتوویی و یەکیەتی بیروباوەڕی گشتی ـ کەلەهەموو کون و قوشبنێکی ئەم جیهانەوە کۆچیان کردبوو ـ هەبوو. هەستی نیشتمانپەروەری، بیرکردنەوەی شارستانیانەو عورفی و، زانستە سروشتیەکان لە نێو سیستەمی فێرکردنی توێژی لاواندا جەختی لەسەر کرایەوە و، فێرکردنیش بە هۆکارێکی سەرەکی لە چارەسەرکردنی گیروگرفتە کۆمەڵایەتیەکاندا لەقەڵەم دەدرا. قوتابخانە ناوەندیەکان بەوەرگرتنی باجی گشتی، وردە وردە پەرەیان سەند و تا هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ زۆربەی ویلایەتەکانی باکوور و ڕۆژئاوا بەیەك ئاست سیستەمی خوێندنی خۆڕاییان تێدا پەیرەو کرا. بەهۆی پێشنیازەکەی ((مریل))وە کەلەساڵی ١٨٦٢ خستیە ڕوو، گوژمەیەکی تایبەتی لەلایەن دەوڵەتی فیدڕاڵیەوە بەمەبەستی دروستکردنی پەیمانگا کشتوکاڵیەکان خرایە بەردەستی ویلایەتەکان. ئەم هەنگاوەش هۆکاری سەرەکی پەرەسەندنی زانکۆکانی نێو ویلایەتەکان بوو لە سەرتاسەری ئەمریکادا. باوەڕ بە بیرۆکەی پێشکەوتن و بەرەو پێشەوە چوونی کۆمەڵایەتی، چاککردنی باری ژیانی کۆمەڵایەتی ئافرەتانیشی لێکەوتەوە. ژنانی ئەمریکا لەسەردەمی کۆچنشینەکاندا، بە بەراورد لەگەڵ ژنانی ئەورووپی، لە بارودۆخێکی چاکتردا دەژیان و ئەوانەشیان کە هاوسەریان نەکردبوو، هەموو ئەو مافانەیان هەبوو کە بە پیاوان درابوو، بەڵام پاش شوو کردنیان، زۆربەی ئەو مافانەیان لێدەسەندرایەوە و فێرکردنیشیان تەنها لە بوارەکانی خوێندن و نوسین و درومان و گوڵچنین و سەماکردن و فێربوونی مۆسیقادا کورت کرابوویەوە، کە تەنها ژمارەیەکی کەم لە ئافرەتان دەیانتوانی بەشداریان تێدا بکەن، کە ئەوانیش چینی خۆشگوزەران بوون.

ئامانج لەم جۆرە پەروەردە کردنانە، بریتی بوو لە ئامادەکردن و فێرکردنی کچان بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ماڵەوە. لە ساڵی ١٨٢٠،((ئەما ویلارد)) وەك ئافرەتێکی چالاك و بەناگا ، هەستا بە دروست کردنی خوێندنگەیەك، کە زانستە

ئەزموونی بیرکاریەکانی تێدا بووترێتەوە. ((فرانسیس رایت))، ژنە روناکبیری ئینگلیزی لەماوەی گەشتە جۆراوجۆرەکانی دا بۆ ئەمریکا و پێشکەش کردنی چەند وتارێك دەربارەی فێرکردن و مافی ئافرەتان، توانی سەرنجی بیروڕای گشتی بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ژنان ڕابکێشێت. یەکەمین کۆلێژی کچانە، کە هەمان بەرنامەی زانکۆکانی دیکەی پەیڕەو دەکرد لەساڵی ۱۸۳۷ لە ((مۆنت هایلۆك)) دامەزرا، هەرچەندە تا کۆتای یەکانی سەدەی نۆزدەیەمیش ناوی زانکۆی لێ نەنرا. بزوتنەوەی ئازادی ئافرەتان و بزوتنەوە چاکسازی خوازیەکانی دیکەی وەك ڕاپەڕینی ڕوو بەڕوو بوونەوەی کۆیلایەتی، لەم سەردەمەدا سەریان هەڵدا. یەکەمین کۆبونەوەی گشتی سەبارەت بە مافی ئافرەتان لەساڵی ۱۸٤۸ و لەشاری سنکا فالزی سەر بە ویلایەتی نیۆ یۆرك بەسراو، گفتوگۆیەکی زۆریش لەسەر مەسەلەکانی وەك مافی یەکسانی لەگەڵ پیاوان و ڕەخساندنی هەلی گونجاو لە بوارە جیا جیاکاندا ئەنجام دران،((ئیلیزابێت کەدی ئستانتۆن)) و((لوکر سیامات))، کە لە بەناوبانگ ترین ڕابەرانی ئەم ڕاپەڕینانە بوون، بلاّو کراوەیەکی هاوشێوەی ڕاگەیاندی سەربەخۆی یان لەگەڵ هاوکارەکانیاندا بلاّو کردەوە، کە تیایدا جەختیان لەسەر مافی یەکسانی و ئینسانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەی ئەمریکی کردەوە. بزووتنەوەی ئازادی ئافرەتان لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم دا، پشتیوانیەکی تەواویان لە ڕاپەڕینەکانی دژ بە کۆیلایەتی کرد و، تا دەهات چالاکیەکانی ژنان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ئابوری، سیاسی و فێرکردن دا زیادی دەکرد. پاش شەڕی ناوخۆی ئەمریکا، چەندەها کۆلێژی نوێی کچانە لە ویلایەتەکاندا دروست کران و ژمارەیەکی زۆر لە کچانیان لە هەموو بوارەکاندا ناو نووس کرد.

نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم، بە سەردەمی گۆڕانکاریە ئەدەبیەکانی ئەمریکا هەژمار دەکرێت. بە گەشەکردنی بنەماکانی دیوکراسی لەسەردەمی ((جەکسۆن)) دا، پلەو پایەی تاك و ئازادی تاکەکەس لەم سەردەمەدا بایەخێکی زۆری پێدرا. پشت بەستن بە بەها مرۆڤایەتیەکان و بنچینەی تاك، گرنگترین بەشەکانی ئەدەبیاتی ئەم سەردەمی ئەمریکا پێك دەهێنێت، کە لە بەرهەمی نوسەراندا بە چاکترین شێوە ڕەنگی داوەتەوە.((ئەمرسۆن)) بیرمەندی بەناوبانگی ئەمریکی، لەم ڕۆژگارەدا دەژیا. ناوبراو باوەڕی بە دەسەلاتی شێوە خودایی مرۆڤ و جیهانگیری ڕۆح و هەروەها نوێنەری ئایدیالیزم و هەستی گەشبینانەی ئەمریکایە. ئەم سەردەمە لە ڕووی گەشە کردنی ئەدەبیاتەوە بە سەردەمە گرنگەکانی مێژوویی ئەمریکا لە قەڵەم دەدرێت.

((تـۆرۆ))،((لانـگ فلـۆ))،((هـاتۆرن)) و((ملۆیـل)) هـەموویان لـە نوسـەر و بیرمەنـدە بەناوبانگەکانی ئەمریکای پڕ جموجوڵ و لاو و دیموکراتیکی سـەدەی نۆزدەیەمە.

بە درێژایی ماوەی نێوان ١٨١٢ تا شـەڕی ئـسپانیای کۆتـایی سـەدەی نۆزدەیـەم، ئـەمریکا هەموو توانایەکی خۆی لە پێناو چارەسەرکردنی گرفتەکانی ناوخۆ و ئاوەدان کردنەوە و بوژانـەوەی ناوچە نوێیـەکاندا خستە گەڕ. لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم سەردەمە، فراوانکردنی سـنورەکان و چەسپاندنی ناوچە دەست بەسەردا گرتووەکانی ڕۆژئاوا بوو. بەمەبەستی هێنانەدی ئەم ئامانجانـەی دەوڵەت و ویلایەتەکان، حکومەت پشتیوانی خۆی بۆ خەڵکەکەی دووپات کردەوە و، توانی دەست بەسەر کیشوەرێکی گەورەی وەك ئەمریکای باکوردا بگرێت. پەرەپێدانی ویلایەتـەکان و لکانـدنی ئەو زەویە پان و بەرین و بە پیتانە بۆ وڵاتێکی تازە بونیاد نراو، بەو دانیشتوانە فـرە ڕەگەزەیـەوە کە تیایدا دەژیان، کارێکی ئاسان نەبوو. ناکۆکی و دژایەتی نێوان ویلایەتەکان، بوونی مەترسیەکی گەورەی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان لێ دەهات، ئەویش مەتری جیابوونـەوە و دوو بـەرەکی نێـوان ویلایەتەکان بوو. لە ڕاستیشدا سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆی ئەمریکا، لە پێناو بەرەنگاربوونـەوەی ئەم پەرتەوازەیی و دوو بەرەکیە بوو. بـەردەوامی وبـەرگری یەکیـەتی ویلایەتـەکانیش، بـەهێزی بونیادی حکومەتی سیاسی ئەمریکا دەردەخات.

لەساڵی ١٨٠٠، تێکڕای ئەو ناوچانەی کە بە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەناسرا، سنوورەی لە کەناری ڕووباری می سی سی پی بەولاوە تێپەڕی نەدەکرد، ئـسپانیا ناوچـەی فلۆریـدای لـەژێر دەست دا بوو، کە ئەمەش کۆسپێکی گەورەی لەبەردەم ئـەمریکادا بـۆ گەیـشتن بـە کەنـداوی مەکـسیك دروسـت کردبـوو. بەنـدەری سـتراتیجی نیوئۆرلیـانزیش، هـەر لـە ژێـر کـۆنتڕۆڵی ئـسپانیـەکاندا بوو هەروەها فەڕەنسیەکان دەستیان بەسـەر ناوچـەی لوئیزیانـادا گرتبـوو، بـەڵام ئەمریکا لەماوەی نیو سەدەدا توانی سنورەکانی خۆی تا سێ سەد ئەوەن پەرە پێبدات و خـۆی بگەیەنێتە ئۆقیانوسی ئـارام [کـە ئەمـەش شـاکارێکی گەورەیـە]. ئامـانج لـە فراوانکردنـی سـنورەکان و لکانـدنی زەویـە تازەکـان بـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانە، نەلەبەر زۆری ڕێـژەی دانیشتوان بوو، نە لەبەر نەبوونی زەوی کشتوکاڵی پێویست، ئەوەی پاڵی بـە ئەمریکیەکانـەوە بـەرەو ڕۆژئـاواو نیـشتەجێبوون لـەو ناوچـە نوێیانـە دەنـا، تـەنها زەویـە بـەلاش و بەپیتـە کشتوکاڵیەکانی بوو، کە کۆچبەرە ئەورووپیەکانی بۆ ئەم مەبەسـتەو لـە پێنـاو دەسـتەبەرکردنی ژیانێکی خۆشگوزەراندا بەرەوە ئەمریکا ڕادەکێشا. شتێکی ئاسایش بوو، کە لـەماوەی چـەند ساڵێکدا، خێزانێك سێ یان چوارجار شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆی بگوازێتەوە و لە ناوچەیەکی

نوێدا نیشتەجێ ببێت. ((تۆکۆیل)) وەك گەشتیارێکی ئەو ڕۆژگارە دەنوسێت :((ئەمریکیەکان، هەموو ڕۆژێك شوێنی لەدایك بوونی خۆیان بەجێ دەهێڵن و بەهیوای دامەزراندنی زەویەکی کشتوکاڵی گەورەو بەرفراوان ڕوو لە ئەمریکا دەکەن. لە کاتێکدا کە خەلکی هەژاری ئەوروپا، کۆڵیتە بچوکەکانی خۆیان بە مەبەستی نیشتەجێ بوون لە کەنارەکانی ئۆقیانوسی ئەتلەسی دا بەجێ دەهێڵن، تاکی ئەمریکی کە خۆی بۆ خۆی لەم کەنارانەدا لەدایك بووە، زێدەگاکەی خۆی واز لێ دێنێت و بەرەو خەڵوەتگەکانی ناوەڕاستی ئەمریکا کۆچ دەکات...کۆچ کردنەکان لەو بەری ئەوروپاوە دەست پێ دەکەن و بە کەنارەکانی ئۆقیانوسی ئەتلەسی دا تێدەپەڕن و لەخەڵوەتگەکانی دونیای نوێدا کۆتاییان پێ دێت. بە درێژایی ئەم هێڵە، ملیۆنەها مرۆڤ، چاویان بڕیوەتە ئاسۆیەکی دیار و هاوکات بەرەو پێشەوە دەڕۆن. زمان و ڕەوشت و داب و نەریتیان جیاوازە، بەلام مەبەستێکی هاوبەشیان هەیەو بە هەموشیان وتراوە، کە بەختەوەری و سەروەت لە شوێنێکدا چاوەڕێیان دەکات و هەموویان بە ئامەزرۆی یەوە بەرەو پێشوازی لێ کردنی دەچن.)) بە کڕینی ناوچەی لوئیزیانا، بەرامبەر بە ١٥ ملیۆن دۆلار، ناوچەیەکی بەرفراوانی نێوان ڕوباری می سی سی پی تاوەکو چیاکانی ڕاکی خرایە سەر ئەمریکا. بەدەست هێنانی ئەم زەویە نوێ یانە و نیشتەجێبوونی ئەمریکیەکان تیایاندا، بە ئامانجی سەرەکی چالاکی یەکانی ئەو سەردەمە دەژمێررێن، کە بە ڕێگا چارەی هەموو گیر و گرفتە کۆمەلایەتیەکان دادەنرا و باوەڕیشیان وابوو کە گیرو گرفتە ماددی و سۆزداری و ئەو کێشانەی کە ڕوو بە ڕووی خێزانەکان دەبێتەوە بە کۆچ کردنیان بەرەو ڕۆژئاوا و دەست پێ کردنی ژیانێکی نوێ چارەسەر دەکرێن.((تۆکۆیل)) پێ ی وایە :((تاکی ئەمریکی لە پێناو بەدەست هێنانی سەروەت و سامان تێرە ژەهراویەکانی نەیتەکان و نەخۆشیە تایبەتیەکانی بیابانەکان بە گیانی دەکرێت. لە بێ دەنگی دارستانەکان ناترسێت و سڵ لە ڕوو بە ڕوو بوونەوەی ئاژەڵە دڕندەکانیش ناکاتەوە، چونکە هەموو تاکێك عەشق و خۆشەویستی بەهێزتر لە خۆشەویستی بۆ ژیان، بەرابەر و ڕێنوێنیکەری خۆی دەزانێت. لەبەرامبەریدا کیشوەرێکی بێ سەر و بن هەیە، بەلام ئەو بەرادەیەك (شڵەژاوە) و پەلە دەکات کە دەڵێی دەترسێ، ئەوەك شوێنێك بۆ ئەو نەمێنێتەوە و درەنگ بگاتە جێ. من لە مەسەلەی کۆچبردن لە ویلایەتە نوێ یەکانەوە سەرم سوڕ دەمێنێت. لەکاتی دامەزراندنی ویلایەتی ئۆهایۆ وە تائێستا پێنج ساڵ تێدەپەڕێ و بەشێکی گەورەی دانیشتوانی ئەم ویلایەتە کەسانێکن کە لەو شوێنەدا لە دایك نەبوون... زەویەکی کشتوکاڵی بەرفراوان لەو ناوچانەدا هەیە، کە هیچ کەسی تێدا ناژی . لەگەڵ ئەوەشدا

دانیشتوانی وەها ویلایەتێك كۆچكردنیان بەرەو ڕۆژئاوا دەست پێ كردوە و، ئەمرۆ لە ویلایەتی ئۆهایۆدا نیشتەجێ بوون، كە بەرەو لەوەڕگا پڕ لە سەوزایەكانی ئیلی نوا شۆڕ بوونەتەوە و ئێستاش بە ئومێدی بەدەست هێنانی ژیانێكی چاكتر، لەوەتەنی دوورەمی خۆیانەوە كۆچ دەكەن ... بەلای ئەم كەسانەوە، تەماعی بەدەست هێنانی ژیانێكی خۆشگوزەران و ئاسودە وەها گڕوتینێكی دروست كردووە كە خۆی لە خۆیدا، [مرۆڤ]بێزار دەكات.))

تا مەزرۆیی ڕۆشتن بەرەو ڕۆژئاوا و پەرەسەندنی سنورەكانی ئەمریكا لەو سەردەمەدا بە واتای ((چارەنووسی یەكلاكەرەوە)) لێك دەدرایەوە. باوەڕ وابوو كە پەرەپێدانی سنورەكان و نیشتەجێبوون و ئاوەدانی ناوچە تازەكان، قەدەرێكی خوای یەو كە ئەمریكیەكان بەرەو فراوانكردنی شارستانیەتەكەیان و ئاوەدان كردنەوەی ئەم بەشەی دونیای نوێ ڕێ نوێنی دەكات.((جۆن ئوسالیوان)) كە سەرنوسەی كۆڤارێكە لە شاری نیزیۆرك، لە ساڵی ١٨٤٥ لە وتارێكی دا دەنوسێت : ((دەبێت چارەنووسی یەكلاكەرەوە بە پەرپێدانی سنورەكان و داگیركردنی زەویە بەرفراوانەكانی ڕۆژئاوا ، كە پەروەردگار خستویەتیە بەردەستی ئێمە تەواو بكەین و بیگەێنینە ئەنجام.)) واتای ((چارەنووسی یەكلاكەرەوە لەو كاتە بەدواوە بۆ ئاڕاستەكردنی بەرەو پێشەوە چوون بەرەو ڕۆژئاوا بەكار دەهێنرا. كۆشش لە پێناو بەدیهێنانی ئەو ئامانجە و پەرەپێدانی سنورەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكان، بە بەشێكی گرنگی مێژووی ئەو ولاتە لە قەڵەم دەدرێت. ئەم بەشەی مێژوو، كە بە مێژووی پێشەنگەكان بەناوبانگە، سەرگوزەشتەی خەڵكانێكە كە لە ناوچە جیاجاكانی ئەوروپا و ویلایەتە یەكگرتووەكانەوە بە بیر و ڕای جیاواز و بە هیوای كۆكردنەوە ی سەروەت و بەدەست هێنانی ژیانێكی چاكتر بەرەو ئەو ناوچە نەناسراوانەی ڕۆژئاوا كۆچیان دەكرد و ژیانی سەرەتایی و گوند نشینی ڕۆژئاوایان وردە وردە بۆ كۆمەڵگەیەكی گەشە كردوو بە دامەزراوە ئابوری وسیاسی و كۆمەلایەتیە نوێیەكان دەگۆڕی.

تەنها مەبەستی سەرەكی كۆچكردنی خەڵكی بە دەستهێنانی زەوی كشتوكاڵی بوو، كە مژدەی ژیانێكی چاكتر و خۆشتری لەگەڵ خۆیدا دەهێنا، ڕووبەری فراوان و ئەو دیمەنە كراوە و بەڕواڵەت بێ سنورەی كە لە بەرامبەریاندا ڕەخسا بوو، خۆی لە خۆیدا ئازادیەكی تایبەتی بەم كەسانە دەبەخشی. زەویە كشتوكاڵیەكانی ناوچەكانی ڕۆژهەلات، وەك ((نیو ئینگلەند)) زۆر فراوان نەبوو، بەلام بەسەرنجدانی ئەو نوێنگەیەی كە زەویەكانی ڕۆژئاوا نمایشیان دەكرد، واقت وڕ دەما. یاساكانی تایبەت بە خاوەنداریتی، پشتیوانی و پارێزگاریەكی تەواوی مافی ئەو

پیشەنگانەی دەکرد کە دەبوونە خاوەنی زەویەکی بەرفراوان. گروپە جۆراوجۆرەکان، لە چینی بازرگان و مافیەروەرەوە بیگرە تا گروپە مەزهەبیەکان و ئەهلی سیاسەت و رووداوخوازەکان، هەلومەرجێکی لەباری کارکردنیان لەبوارەکانی خۆیاندا بۆ رەخسا. سەفەر کردن بەرەو رۆژئاوا، هەندێك جار تاکەکەسی و زۆرجاریش بە شێوەیەکی دەستە دەستە ئەنجام دەدرا. هەر کۆمەڵێکیش کە لە شوێنێکدا کۆ دەبوونەوە، بانك و قوتابخانە و کتێبخانە و دامەزراوە کۆمەلایەتیەکانی دیکەشیان بۆ خۆیان دروست دەکرد.

نزیکەی یەك سەدەی تەواو، لە ١٧٩٠ تا ١٨٧٠ ، لێشاوی کۆچکردن بەرەو زەویەکانی رۆژئاوا بەرێ کەوتبوو. چەندەها شاری نوێ و ویلایەتی پڕ لە سەروەت و سەرمایە بونیاد نران. پاش شەڕی ١٨١٢، کۆچکردن گەیشتە ئەوپەڕی رادەی خۆی. دروست کردنی هێڵەکانی پەیوەندی نێوان شارەکان. هێڵەکانی ئاسن، بەکارهێنانی کەشتیە هەڵمیەکان لە رێگەی رووبای می سی سی پی یەوە، هۆکارێکی گەورە و سەرەکی پەیوەندی نێوان ناوچەکان بوون. زەویەکانی رۆژئاوای ئەم رووبارە بەشوێنێکی گرنگ و ستراتیجی بۆ کۆچبەران و خەڵکی رِوداو خواز لەقەڵەم دەدران، کە لە پێناو بەدەست هێنانی سەروەت و ساماندا، سڵیان لەهیچ جۆرە رووداوێك نەدەکردەوە. یەکێك لەو پیشە سەرەکیانەی کەبەلای رۆژئاوا نشینەکانەوە بایەخێکی زۆری پێ دەدرا، بازرگانی پێستە بوو. ((ئاستۆر)) کە یەکێك بوو لەو پیاوە پێشەنگانەی، کە سەرکەوتنێکی گەورەی لەم بوارەدا بەدەست هێنا، توانی لە ناوچەکانی دەوروبەری دەریاچەی میشیگان و دۆڵی می سی سی پی، چەند بنکەیەکی بازرگانی دابمەزرێنێت و، لە ساڵەکانی ١٨٢٠ خۆی بگەیەنێتە کەنارەکانی باکوری رۆژئاوای ئەمریکا و ناوچەی ئۆرۆگۆن و دواتر سەروەتێکی ئێجگار زۆر لە رێگەی بازرگانی کردنی پێستی ئاژەڵە کێویەکانەوە کۆ بکاتەوە. ئەم سەرکەوتنە گەورەیەی ((ئاستۆر)) ژمارەیەکی زۆری رِوداوخوازەکانی بەرەو رۆژئاوا و دۆزینەوەی رێگا نوێ یەکان هان دا. یەکێك لەم کەسایەتیە سەرکەوتوانە، ئەفسەرێك بوو بەناوی ((جۆن فرمۆنت)) کە لەگەڵ گروپێکی پلان دانەردا، چەندەها سەفەری ئکتشافی بەرەو رۆژئاوا و ناوچەی ئۆرۆگۆن و کالیفۆرنیا ئەنجام داو توانی بۆ ماوەیەك لە کالیفۆرنیادا کۆمارێکی سەربەخۆو جودا لە دەوڵەتی مەکسیك رابگەیەنێت.

ناوچەی کالیفۆرنیا لە ناوەراستەکانی سەدەی شانزەدا لەژێر دەستی ئسپانیادا بوو، ئسپانیەکان بۆماوەی نزیکەی ١٧٠ ساڵ ـ جگە لە گەشتە کاتی یە دەریاییەکانی ((فرانسیس دریك)) لە ساڵی ١٥٧٩ـ تەنها دۆزەرەوەکانی کالیفۆرنیا بوو. پاش لاوازبوونی دەسەلاتی

ئسپانیا و سەربەخۆیی مەکسیك، ئەم ناوچانە بوون بە شێك لە قەڵەم ڕەوی دەوڵەتی مەکسیك. ڕووداو خوازان و نوێنەری دەوڵەتی ئسپانیا، چەندەها جار هاتبوونە ئەم کەنارانە و، لەوناوەڕاستەکانی سەدەی هەژدەیەم دا، گروپە جیاوازە مەزهەبیەکانیش چەندەها گەشتیان بۆ ئەم ناوچانە بە ئەنجام گەیاند. ئەمانە بانگەشەکارانی مەزهەبی کاتۆلیکی بوون، کە زیاتر بۆ بلاوکردنەوەی ئاینەکەیان لەنێو ئەیتقەکاندا سەفەریان دەکرد، هەرچەندە لەم کاریاندا سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان بەدەست نەهێنا. لە ئەنجامدا و تا کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەم، کێشمەکێشی ئسپانی یەکان لەگەڵ زەوی، سروشت و ئەیتقەکاندا هەر بەردەوام بوو، وورده وورده سپی پێستەکانیش ڕوویان لەم ناوچانە کرد و ئەمریکیەکان بۆ بازرگانی پێستە لە کەنارەکانی ڕۆژهەلاتەوە بە گورژمە دەهاتن و بە تێپەڕ بوونی کات ڕوداوخواز و ئەو کەسانەی کە بەدوای سەروەت و سامانی زۆرتردا دەگەڕان، گەشتنە کەنارەکانی ڕۆژئاوا، بەلام لەبەرئەوەی ژمارەی ئەم کەسانە کەم بوون، کۆچکردنەکانیش بەڕێژەیەکی کەم ئەنجام دەدران. دۆزینەوەی زێڕ لە ساڵی ١٨٤٠، شالاوی کۆچبەر و خەڵکە ڕوداو خوازەکانی بەرەو ئەم ناوچەیە خستە ڕێ و لە ماوەیەکی کەمدا کالیفۆرنیا بوو بە یەکێك لە قەرەباڵغ ترین ویلایەتەکانی ئەمریکا. ناوچەی ئۆرۆگۆن کە بە پێی پەیماننامەیەك لەنێوان ئینگلیز و ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، لەژێر چاودێری هەردوو لادا بەڕێوە دەبرا، بە کۆچکردنی ژمارەیەك خەڵکی ئەمریکا بەرەو ئەو ناوچەیە، ڕوو بەڕووی بارودۆخێکی نوێ بوویەوە و مەسەلەی لکاندنی ئەو ناوچەیە بە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە سەری هەڵدا. لەسەردەمی سەرۆك کۆماریێتی ((جیمز پولك)) دا لە ساڵی ١٨٤٦، ئۆرۆگۆن خرایە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکان و سنوری نێوان ئەمریکا و کەنەدا لەسەر هێڵی ٤٩ پلە چەسپا، کە سنوری ئێستای نێوان هەردوو ولاتیش دیاری دەکات. دەست بەسەردا گرتنی کەنەدا لە لایەن ئەمریکاوە، بەو شارەزاییەی کە حکومەتی ئینگلیز لە ڕووی شوێنی جوگرافیەوە هەیبوو، کە بە بەخشینی حکومەتی خۆبەڕێوەبەری بۆ ئەم ناوچەیە، ئەو حکومەتی خستبوویە ژێر بازنەی دەسەلاتی خۆیەوە، کارێکی زۆر ئەستەم بوو.

بابەتێکی دیکە، کە مشتومڕێکی زۆری لەسەر کرا، مەسەلەی تەکزاس بوو. لەساڵەکانی ١٨٢٠ دا، ژمارەیەکی زۆر لە ئەمریکیەکان بەتایبەت ئەوانەی کە خەڵکی ویلایەتەکانی باشوور بوون، سوودیان لەو یاسا سووك و ئاسانانەی دەوڵەتی مەکسیك سەبارەت بە کۆچکردن بەرەو تەکزاس وەرگرتبوو، بۆ چاندنی لۆکە و کشتوکاڵەکانی دیکە لەگەڵ کۆیلەکانی خۆیاندا

بەرەو ئەم ناوچەیە هاتبوون. ئەم گروپانە سەرەتا لەژێر سەرپەرشتی کەسێك دا بەناوی ((ئاستین))، لەناوچەی تەکزاس دا نیشتەجێ بوون. لەماوەی ئەو سێ سەدەی کە بەسەر دەست بەسەردا گرتنی ئەم ناوچەیەدا تێدەپەڕی، تەنها چوار هەزار کەسی ئسپانی بۆ ئەم ناوچەیە کۆچیان کردبوو. لە کاتێکدا کە ئەو گروپە ئەمریکیەی کە لەگەڵ ((ئاستین)) دا هاتن، لەماوەی سێ ساڵدا ژمارەیان گەشتە پێنج هەزار کەس و لەساڵی ۱۸۳٦ ئەو ژمارەیە بۆ دوو سەد و پەنجا هەزار ئەمریکی زیادی کرد، کە ژمارەیان بە بەراورد لەگەڵ هەموو دانیشتوانی ئسپانی و مەکسیکی یە کاتۆلیك مەزهەبەکانی نیشتەجێ بووی تەکزاس دا، زیاتر بوو. مەکسیکیەکان، کە زۆر لەگەڵ شێوازی ژیان و دابونەریتی ئەمریکیەکان دا ئاشنا نەبوون، ئەوانیان بەحاڵی خۆیان واز لێهێنا. لەساڵی ۱۸۳٤، کە سایەتیەکی سەربازی بەناوی ((سانتانانا)) جڵەوی دەسەڵاتی حکومەتی مەکسیکی گرتەدەست و ناوچەی تەکزاسی بەناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی سەربازی حکومەتی مەکسیك ڕاگەیاند. بەڵام دانیشتوانی ئەمریکی ئەم ناوچەیە، کە ژمارەیان لە مەکسیکیەکان زیاتر بوو، تەسلیمی ئەم بڕیارە نەبوون. سەربازەکانی ((سانتانانا))ش بەمەبەستی سەرکوتکردنی یاخی بووان، گەمارۆی یەکێك لە قەڵاکانیان دا کەناوی ((ئالامو)) بوو، دواتر هێرشیان کردە سەر قەڵاکە و ۱۸۸ هاوڵاتی ئەمریکیان تێدا قەتڵوعام کرد. پاش ئەم ڕووداوە، دروشمی یاخی بووان بەم شێوەیە بوو: ((ئالاموتان لەبیر نەچێتەوە.)) دوا بەدوای ئەم ڕووداوە، یەکێك لە ئەمریکیەکانی تەکزاس بەناوی((سام هۆستۆن))، توانی سوپایەك پێك بهێنێت و بەسەر((سانتانانا)) دا زاڵ ببێت و تەکزاسیش وەك ناوچەیەکی سەربەخۆ لە ساڵی ۱۸۳٦ ڕابگەیەنێت و، خۆیشی ببێتە سەرۆکی حکومەت.((هۆستۆن)) یەکێك بوو لە هاوڕێیەکانی سەرۆك کۆماری ئەمریکا و خوازیار بوو، ناوچەی تەکزاس بە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە بلکێنرێت. هەرچەندە ڕاستەوخۆ ئەم کارە ئەنجام نەدرا، لەساڵی ۱۸٤٤، کۆنگرێسی ئەمریکا ڕەزامەندی لەسەر ئەم کارە دەربڕی. دەوڵەتی مەکسیك نارەزایی خۆی لەبەرامبەر ئەم بڕیارەی کۆنگرێسدا دەربڕی و پێشنیازەکەی ئەمریکای سەبارەت بە کڕینی تەکزاس ڕەتکردەوە. لەبەرئەوە ئەمریکا، شەڕی دژ بەم وڵاتە ڕاگەیاند و لە ئەبەردی ((پالۆ ئالتو))دا، هێزەکانی مەکسیکی شکست پێ هێنا. لە ئەنجامدا بە پێی پەیماننامەی((گوادولوپ هیدالگۆ)) کە لەساڵی ۱۸٤۸ لە نێوانیاندا مۆرکرا، حکومەتی مەکسیك لەسەر پێشنیازەکەی ئەمریکا دەربڕی و نیو مەکسیکۆ و کالیفۆرنیای لە بەرامبەر پانزە ملیۆن دۆلاردا بە ئەمریکا فرۆشت، کە دواتر ویلایەتەکانی کالیفۆرنیا، ئوتادا، نیو

مەکسیکۆ، ئاریزۆنا، کلورادۆ، یوتا، تەکزاس و ئۆکلاهۆمای لیّ پیّك هات. بەم شیّوەیە ئامانجەکانی ((چارەنووسی یەکلاکەرەوە)) هەموویان هاتنە دی و ولاّتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئۆقیانوسی ئەتلەسیەوە تا ئارام پەرەی سەند و پیّ ی نایە قۆناغیّکی میّژوویی نویّ وە.

لەساڵی ١٧٥١ ((بنجامین فرانکلین))، وا تەسەوری دەکرد، کە کیشوەری ئەمریکای باکور ئەوەندە بەرفراوان و گەورەیە، کە ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجیّکردنی چەندەها سەدە دەخایەنیّت، بەلاّم بە پیّچەوانەی بۆچونەکەی ((فرانکلین)) هاتەدی و، لەماوەی کەمتر لە نیو سەدە پاش دامەزراندنی کۆماری ئەمریکا، نیشتەجیّکردن و ئاوەدانکردنەوەی ئەم کیشوەرە لەلایەن ئەو ئەورووپیانەی کە کۆچیان دەکرد بەرەو ئەمریکا، کەوتە قۆناغی جیّ بەجیّکردنەوە.

لە کۆتایەکانی سەدەی نۆزدەیەم دا، ((فردریك جەکسۆن ترنەر)) میّژوو نووسی ئەمریکی، لیّکۆلّینەوە بەناوبانگەکەی خۆی دەربارەی کاریگەری سنورنشینی و رۆشتن بەرەو رۆژئاوا لەسەر بەرقەرارکردنی دیموکراسی لە ئەمریکادا بلاّو کردەوە. ناوبراو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە پەرەسەندنی سنورەکانی ئەمریکا و ئاوەدانکردنەوەی ناوچە نوێیەکان، لەسەر شیّوازی ژیان و رۆحیە و جۆری بیرکردنەوەی کۆمەلّگەی ئەمریکی و چەسپاندنی دیموکراسی دا کاریگەریەکی زۆرتری هەبووە، تاوەکو فەرهەنگ و شارستانیەتی ولاّتانی ئەورووپا. بە بۆچونی ((ترنەر)) دیموکراسی ئەمریکا نەهیچ جۆرە تیۆریّکی سیاسی کاری تیّکردووە، نە لەگەلّ کۆچبەرەکاندا هیّنراوەتەوە ئەمریکا، بەلّکو زەویە پان و بەرینەکان، دارستانە بەرفراوانەکان و زۆری سەرچاوە سروشتیەکان، کۆمەلّگەی دیموکراتیکی ئەمریکایان دامەزراند. هەروەها تایبەتمەندیەکانی کەسایەتی تاکی ئەمریکی، وەك هەستی تاکگەرایی ، متمانە بەخۆبوون، هیّزی راوەستان لە بەرامبەر ئەو گرفتانەی کە روو بەروویان دەبیّتەوە و گۆرانی ژینگەی سروشتی بەرەو کۆمەلّگەیەکی خۆشگوزەرانی، بە ئەنجامی هۆکاری سنور نشینی و رۆشتن و نیشتەجیّبوون بەرەو زەویە فراوان و دەولّەمەندەکانی رۆژئاوای ئەمریکا دەزانی.

ئەو بۆچوونەی، کەلە هەستی نیشتمان پەروەری و بیرکردنەوە رۆمانتیکیەکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە سەرچاوەی گرتووە، لەگەلّ راستیە میّژوویەکاندا زۆر ناگونجیّت.

شەست ساڵ پیّش ((ترنەر))،((تۆکویلّ)) لە ریّگەی ئەو توێژینەوانەی کەلەسەر ئەمریکا ئەنجامی داون، بەووردی بیری یەکسانی یە کۆمەلاّیەتیەکان، وەك یەکی و هاوسەنگی هەلّسوکەوت، دابونەریت و ژیندەگی ئەمریکیەکانی چ لەناو شار و چ لە گوند و ناوچە کەنارگرتووەکانی نیّو دەشتایی جەنگەلّەکاندا روون کردۆتەوە.

ئەو لەگەڵ ئاماژە کردن بەو گفتوگۆیانەی کە لەگەڵ خەڵکی سنور نشینەکانی نێو کۆڵێتە گچکەکاندا و لە ناوجەرگەی سروشت دا ئەنجامی داوە، روونی دەکاتەوە، کە چۆن خەڵکانی ئەو ناوچانە بەتاسەوە ئەو رۆژنامانەیان دەخوێندەوە، کە لە نیۆیۆرك و شارەکانی دیکەدا بڵاو دەکرانەوە و بەو پەڕی حەز و ئارەزووەوە باسیان لەو گۆڕانکاریە هەنوکەییانەی ئەوروپا دەکرد. ((تۆکویل)) گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە شێوازی ژیانی ئەم خەڵکانە، زۆر زۆر سادە و کاتی بووە و بەسوود وەرگرتن لە کەلەپوری فەرهەنگی ئەوروپا، لە ماوەیەکی کورت دا، توانیویانە ئەو دارستانە چڕ و پڕ وچۆڵانە بۆ ئاوەدانی شارە قەرەباڵغەکان بگۆڕن و بنەما فکریەکانی ئەوروپا لەو ناوچانەدا بڵاو بکەنەوە. بەووتەی ناوبرا و: ((بە رواڵەت ئەو شتەی کە کەسێکی پێشەنگی گەمارۆداوە، حاڵەتی سەرەتایی و دەشتەکی خۆی پاراستووە. بەڵام کەسێك کە لەم کۆڵێتە بچوکەدا و لەنێو ئەم سروشتە وەحشیەدا دەژی، کەسێکە کە کەلەپووری هەژدە سەدە ئەزمون و فەرهەنگی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. پۆشاکی ئەو، وەك پۆشاکی شاریەکانە، شێوازی دەربڕینیشی وەك خەڵکی نێو شارەکان وایە. لە ڕابردوو بە ئاگایە. دەربارەی داهاتوو بیر دەکاتەوە و پەیجۆرە. دەربارەی ئێستا لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ دەکات و، بەشێوەیەکی گشتی کەسایەتیەکی شارستانی یە کە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو بە ژیانی نێو دارستانەکان ڕازی بووە و لەگەڵ پەرتوکێکی پیرۆز و تەورێکی داربڕینەوەو ژمارەیەك رۆژنامە چووەتە نێو جەرگەی بیابانەکانەوە. باوەڕ کردن بەوەی کە فەرهەنگ بە چ خێراییەکی سەرنج ڕێکیش لەم بیابانانەدا بڵاو دەبێتەوە زۆر ئەستەمە. من باوەڕم بەوە نیە، کە تەنانەت لە رۆشنبیرترین و قەرەباڵغترین ناوچەکانی فەرەنسادا، وەها بزوتنەوەیەکی فکری بەهێز سەری هەڵدابێت.))

گومانیش لەوەدا نیە کە فەرهەنگی ئەوروپا لە پاراستنی ئەساسی حکومەتی کۆماری ئەمریکا دا کاریگەریەکی زۆری هەبووە. شارستانیەتی ئەمریکا لە ڕاستی دا درێژە پێدەری فەرهەنگی ئەوروپایە، کەلەگەڵ پێداویستیە کاتی و شوێنیەکاندا هەماهەنگ کراوە. زۆربەی ویلایەتەکانی رۆژئاوا، قانونی ئەساسی ویلایەتەکانیان هاوشێوەی قانونی ئەساسی دەوڵەتی فیدراڵی نوسیەوە. گرنگی دان بەمافی تاکەکەس، یەکسانی یە کۆمەڵایەتیەکان و مافی دەنگدانی گشتی و قانونی ئەساسی نوسراو، ئەو بیرۆکانەن کە کۆمەڵگەی ئەوروپای سەدەی حەڤدەیەم پەروەردەی کردن و سەردەمی رۆشنگەری سەدەی هەژدەیەمیش شێوە و فۆرمێکی منگڤیانەی بەم بیرۆکانە بەخشی. هەڵبەت ژینگەی کراوە و بەرفراوانی کۆمەڵگەی ئەمریکا، هەلی ئەزموون و پراکتیزە کردنی بۆ گەشەکردنی ئەم بیرۆکانە رەخساند، بەڵام تەنها

ڕەخساندنی هەلو مەرجی لەبارو گونجا و بۆ پەروەردەکردنی ئەم بیرۆکە دیموکراتیکیانە بەس نیە. لە قۆناغە جیاجاکانی مێژوودا، چەندەها نمونەی هاوشێوەی ئەم زەویە بەرفراوان و بێ سنورە و جێگیر بوونی نەتەوە جیاوازەکان تیایاندا دەبینرێن، بەلاّم هیچ کام لەو ناوچانە، دامەزراندنی حکومەتی دیموکراسی و بڵاو بوونەوەی بیری ئازادی و مافی تاکەکانی تێدا بەخۆوە نەبینیوە. هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی سنورەکانی ئەمریکا ـ بەتایبەتی لە ڕووی ڕۆژئاوایدا ـ ڕووسیاش دەستی بە فراوانکردنی سنوورەکانی ڕۆژهەلاّتی وڵاتەکەی کرد و سیبریای داگیرکرد و تقریبا لە یەك کاتدا هەردوو وڵات گەیشتنە ئۆقیانوسی ئارام. جێگیر بوونی ڕووسیای تزاری لەو ناوچانەدا، هیچ جۆرە کاریگەریەکی لەسەر گۆڕانکاریە سیاسیەکان نەبوو. وەك قەزاقەکانی دەوروبەری ڕووباری ((دن)) کە وەك نەتەوەیەکی دیاری کراو لەسەدەی حەڤدەیەمدا دەرکەوتن و بەداگیرکردنی زەویەکانی دەوروبەری ئەو ناوچەیە هێشتا نەیانتوانی شوێن پێیەکی ئەوتۆ بۆ خۆیان بەدەست بهێنن ـ لەماوەیەکی زۆر کورت دا ستەمکارترین هێزی سەربازی ڕووسیایان لێ پێکهات ـ زۆر ئەستەمە بتوانین کاریگەری ژینگەی کراوە و بەرفراوان و ژیانی ئازادیخوازانەی سنور نشینی لەسەر ڕۆحی یەی ئەمانە بەدی بکەین.

ژیانی شارنشینی لە کۆمەڵگەی ئەمریکادا، ئەگەر بەرگێکی دیموکراسیانەی کرا بەبەردا، ئەوا ڕەهەنی بیرکردنەوەکانی سەردەمی لیبرالیزم بوو. ڕەگ و ریشەی ئەم بیرکردنەوانەش لە ئەورووپا و بۆچوونە فەلسەفی و سیاسیەکانی سەردەمی ڕۆشنگەریەوە سەرچاوەی دەگرت. هەڵبەت سنور نشینی و بوونی سەرچاوەی سروشتی دەوڵەمەند و بەنرخ، هەلومەرجێکی لەباری بۆ کۆکردنەوەی سەروەت و سەرمایەو بەرەو پێش چوونی کۆمەلاّیەتی فەراهەم هێنا، بەلاّم ئەو شێوازەی کە گۆڕانی بەسەر کۆمەڵگەدا دەهێنا، ئەو کەلەپوورە فەرهەنگی یە بوو کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاری تێدەکرد. ئسپانیەکان کە پێش کۆچبەرانی ئینگلیز گەشتنە ئەمریکا، نەیانتوانی گۆڕانێکی سیاسی و کۆمەلاّیەتی ئەوتۆ لە ئەمریکای باشوردا بەدی بهێنن.

فەرهەنگی((ئەنگلۆ ساکسۆن)) کە لە ژێر کاریگەری ڕاپەڕینی سەرمایەداری، گەشەکردنی چینی ناوەند، باوەڕ بە لێهاتوویی تاکەکەس لە چاککردنی ژیانی ماددی لەسەر بنەمای مافی ئازادی و یەکسانی کۆمەلاّیەتی، شێوازێکی دیاری کراوی وەرگرت و لەگەڵ کۆچبەرە ئینگلیزی و ئەڵمانی و ئەسکەندەنافیەکاندا بۆ ئەمریکا گوازرایەوەو هۆکاری سەرەکی بوو، لە پێکهێنانی حکومەتی دیموکراسی ئەمریکادا.

تۆماس پەین

(دانوستانی میسۆری) لە ١٨٢٠-١٨٢١ شوێنی جوگرافی
ویلایەتە کۆیلەدارو بێ کۆیلەکان دیاری دەکات و هێڵی ٣٠-٣٦ پلە سنووری پەرەسەندنی
ویلایەتی دیاری دەکات



بزوتن بەرەو زەویەکانی رۆژئاوا، ئەمریکیەکان تا کالیفۆرنیا نیشتەجێ کرد

هێڵی ئاسن هۆکارێکی کاریگەر بەسەر نیشتەجێ بوونی ویلایەتەکانی رۆژئاوا

بەشی پێنجەم:

کۆیلایەتی و شەڕی ناوخۆ

لەساڵی ١٨٥٠ بەفراوانبوونی زەویەکانی ڕۆژئاوا - پاش لکاندنی ناوچەی ئۆرزگون و واژووکردنی ڕێککەوتننامەی گوادولوپ هیدالگو - وڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکان زەویەکی فراوانی لە ئۆقیانوسی ئەتلەسی یەوە تا ئۆقیانووسی ئارام داگرتەوە، لەماوەی نیو سەدەدا لە سیازدە وولایەتەکەی ڕۆژهەڵات وڵاتێکی گەورە و بەهێز هاتە کایەوە. هەرچەندە هێشتا کانە دەوڵەمەندەکانی مس و یۆرانیۆم و سەرچاوە سرووشتیەکانی دیکەی ژێر زەوی و هێزی ئاوی سوودێکی ئەوتۆیان لێوەرنەگیرابوو ، بەڵام لکاندنی ئەم ناوچە نوێیانە خۆی لەخۆیدا چاکترین هەلی بۆ بەکارهێنانی سەرچاوە سرووشتیەکان لەئایندەدا دەرەخساند. لەرووی ڕێکخستنی سیاسیەوە هاوسەنگیەك لەنێو دەسەڵاتی مەحەلی ویلایەتەکان و سنووری دەسەڵاتی دەوڵەتی فیدراڵی هاتە ئاراوە. پەرەسەندنی مافی سیاسی، گەشەکردنی دیموکراسی ئەمریکای لێکەوتەوە، باوەڕ بەئابووری ئازاد و سوودوەرگرتن لەشۆڕشی پیشەسازی ، کاریگەریەکی گەورەی لەسەر پێشکەوتنی هەمەلایەنەی ئابووری درووستکردو، بەکارهێنانی سیاسەتی بێلایەنانە ئەمریکای لەقەیرانە سیاسیەکانی ئەورووپا پاراست.

ئەو مەسەلە سیاسیەی کەلەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا قسەوباسێکی زۆری لەسەرکرا، مەسەلەی بەرجەستەکردنی میللەتێکی یەکگرتوو لەویلایەتە جۆراوجۆرەکان بوو، ئەوەی کەویلایەتە یەکگرتووەکان دەبێت لەشێوەی یەکیەتیەکی خاوەن بەرژەوەندی هاوبەشدا بەرێوە بچێت و، یان وەك دەستەیەکی ئەنجوومەنی سیاسی یەکگرتووی لێ پێك بهێنرێت. مەسەلەی کۆیلایەتیش زیاتر لەهەر هۆکارێکی دیکە زەمینەی بۆ سەرهەڵدانی ململانێی نێوان دەسەڵاتە مەحەلیەکان و دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی ساز دەکرد. کۆیلە ، گرنگترین و سەرەکی ترین هێزی کارەکەی نێو ویلایەتەکانی باشووری پێك دەهێنا. لەبەرئەوەی بونیادی کۆیلایەتی لەلایەن ویلایەتەکانی باکورەوە هێرشێکی توندی کرایە سەر، مەسەلەی دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی مەرکەزیش هاتە پێشەوە. واتە ئایا حکومەتی مەرکەزی مافی دەست

تێوەردانی کاروباری لەویلایەتەکانی باشووردا لەڕووی مەسەلەی کۆیلایەتییەوە هەیە ، یان بەدەستووردانی خۆی، ئازادی ویلایەتەکان سنووردار دەکات. ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دوو بۆچوونە سیاسیە شەڕی ناخۆی ئەمریکای هەڵگیرساند. ئەم شەڕە چوار ساڵی تەواو ١٨٦١-١٨٦٥ درێژەی کێشا. سەرکەوتنی دەوڵەتی فیدراڵ، دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی زیاتر کرد، بەرەی دانی بەئازادی کۆیلەکان و مافەکانیان دانا. ئەم سەرکەوتنە سیاسییەی حکومەتی مەرکەزی گەرەنتی دروستکردنی میللەتێکی یەکگرتووی دەکرد، هەروەها سەرەتاییکیش بوو بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشێکی گەورەی ئابووری، کەئەمریکای وەك یەکێك لەگەورەترین وڵاتە پیشەسازیەکانی جیهان ناساند.

زۆربەی ئەو ئەورووپیانەی کەلەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا بەرەو ئەمریکا سەفەریان دەکرد، لەگەڵ هەموو ئەو خەسڵەتە پۆزەتیڤانەی کەلەڕووی حوکمڕانی لەنێو ڕێکخراوە ئیداری و کۆمەڵایەتیەکانی ئەمریکادا دەیانبینی، بەڵام هەر نەیاندەتوانی چاویان لەئاست ئەو جیاوازیە کۆمەڵایەتیەی نێوان هەردوو ئەژادی ڕەش و سپی و سیتەمی کۆیلایەتی ئەو وڵاتەدا دابخەن. ((تۆکۆیل))، لەبەناوبانگترین بەرهەمیدا کەلەسەر کۆمەڵگە و حکومەتی ئەمریکا نوسیویەتی، کۆیلایەتی بەگەورەترین گرفتی کۆمەڵایەتی ئەمریکا پێناسە کردوە. ((جۆن ستیوارت میل))، ئاماژە بەو دژیەکیەی کۆمەڵگەی ئەمریکا دەکات، کە ئەو وڵاتە لەکاتێکدا کەبانگەشەی ئەوە دەکات، کەبوونیادە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی لەسەر بنچینەی یەکسانی بونیاد نراوە ، کەچی بەپاراستنی سیتەمی کۆیلایەتی و کەلەپچەکردنی ڕەشەکان ئەو بنەمایە پێشێل دەکات.

پێشینەی کۆیلایەتی ڕەشەکان بۆسەدەی کۆچنشینی و دەسەڵاتی ئەو کاتەی ئینگلیز لەئەمریکادا دەگەڕێتەوە. لەداگیرکەکانی ئینگلیزدا، هێزی کاری پێویست لەبەر دەستدا نەبوو و، کرێکاریش زۆر کەم دەست دەکەوت. کۆمپانیا بازرگانیەکانی ئینگلیز کە بەڕێوەبردنی داگیرگەکانیان لەئەستۆدابوو، تەنها ڕێگا چارەیان لەوەدا دەبینی کەژمارەیەك لەخەڵکی هەژاری وڵاتەکەیان ڕەوانەی ئەمریکا بکەن و، لەبەرامبەر چەند ساڵ ئیشی بەردەوامدا، پارچە زەویەکی بەپیتی کشتووکاڵی لەگەڵ تۆوی کشتوکاڵی و پێداویستە سەرەکیەکانی زەراعەت کردنیان بۆ دابین دەکردن ، تاوەکو بتوانن وەك کرێکارێکی ئازاد لەو زەویانەی خۆیان ئیش بکەن و ببنە یەکێك لە وورده سەرمایەدارەکانی ئەم ناوچەیە. ئەم بڕیارە لەسەر زۆرێك لەخەڵکە بێ دەرەتانەکانی ئینگلتەرا، هەر لەتاوانبارانی سیاسی و لات و لوت و ئاوارەکانەوە

تاوەکو کرێکار و جووتیارە بێ سەرمایەکان جێبەجێ کراوە و ، وەك هێزێکی گرنگی کاریگەر لەچاندنی توتندا سوودیان لێوەرگیرا. خزمەتکارە سپی پێستەکانیش، بەپێی رێککەوتنێك بۆماوەیەکی دیاریکراو ئیشیان دەکرد و لەرووی یاساییەوە بەفێرکار دەژمێران و دەیانتوانی سکاڵا پێشکەش بەدادگا بکەن و، بەکۆتای هاتنی ماوەی رێککەوتنەکە، ئازادیە دانپێدا نراوەکەی خۆیان بەدەست دەهێنا.

یەکەمین دەستەی رەشپێستەکان کەهاتنە ناو کۆچنشینەکانەوە، لەرووی یاساییەوە بەخزمەتکار دادەنران، بەڵام لەبەر ئەوەی بەحەز و خواستی خۆیان نەهاتبوون و، لەکەنارەکانی ئەفریقیاوە لەلایەن چەت دەرباییەکانەوە دەست بەسەر دەکران و بەکەلەپچەکراوی دەهێنرانە ناو خاکی ئەمریکا، نەیانتدەتوانی مافی خاوەنداریەتی خۆیان بەشێوەیەکی یاسیی بەدەست بهێنن و یان پاش کۆتایی هاتنی ماوەی بۆندەکە، وەك کرێکارانی سپی پێست، بەئازادی ببنە خاوەنی زەوی و تیایدا ئیش بکەن.

بۆیەکەمین جار لەساڵی ١٦١٩، لەلایەن کەشتیەکی هۆڵەندییەوە، بیست رش پێست هێنرانە ئەمریکا، بەڵام هیچ گرفتێکی نەژادی لەو کاتانەدا نەهاتە ئاراوە. بەدرێژایی پەنجا یان شەست ساڵی سەرەتا ، نیشتەجێکردنی کۆچ نشینەکان، هاتنی رەشەکان زۆر لەسەرخۆ ئەنجام دەدرا و هێزی کاری پێویست زیاتر لەکرێکارە سپی پێستەکان دابین دەکرا ، کەبەپێی بۆندی نێوان کرێکار و خاوەن کار لەناوچە کشتوکاڵیەکاندا ئیشیان دەکرد و پاش تەواوبونی خزمەتەکەیان وەك کرێکارێکی ئازادیان لێدەهات. لەکۆتایەکانی سەدەی هەڤدەیەمدا هاتنە ناوەوەی رەشەکان بەرە بەرە زیادی دەکرد. رێژەی دانیشتوانی رەشپێستی ڤیرجینیا، کەلەو رۆژگارەدا گەورەترین و بەناوبانگترین داگیرگەی ئینگلیز بوو ، لەئەمریکا و ، مەڵبەندی سەرەکی کشتوکاڵی توتن بوو، گەیشتە نزیکەی لە ٥٠٪ی تێکرای دانیشتوان.

کۆچ نشینەکان لەسەرەتای جێگیر بوونیاندا دژی کۆیلایەتی بوون و چەند یاسێکی جۆراوجۆریشیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم سیستەمە لەڤیرجینیا و ماساچۆسێت دا دەرکردبوو.

ئەوان بەشێوەیەکی گشتی کۆیلایەتیان بەپێچەوانەی بنەما مەزهەبی و ئەخلاقیەکان دەزانی، لەم پێناوەشدا کۆمەڵە یاسایەکیان بۆ رێگەگرتن لەبەکارهێنانی کۆیلە لەکۆچ نشیندا دەرکرد. بەڵام بازرگانە ئینگلیزیەکان تەنها بیریان لەبەرژەوەندیەکانی خۆیان دەکردووە و دەرباری ئینگلیزیش ، پشتیوانی خۆی بۆ ئەم بازرگانانە و پەرەسەندنی بەرژەوەندیەکانیان لەداگیرگەکاندا راگەیاند، ووردە ووردە کەچاندنی توتن پەرەی سەندو سوود و قازانجێکی زۆری

بژئابووری داگیرگەکان لێکەوتەوە، خاوەن زەویە کشتوکاڵیەکان لەکۆچ نشینەکانی ڤیرجینیا، مری لەند، کارۆلینا و ناوچەکانی دیکەی باشور پێشوازیەکی گەرمیان لەبازرگانی کۆیلە کرد و پەرەیان پێدا.

هەموو ئەو رەش پێستانەی کە دەهێنرانە ئەمریکا، سەر بەیەك هۆز و خێڵێکی دیاریکراو نەبوون و بەزمانی جۆراوجۆر قسەیان دەکرد، بەڵام بەگشتی لەکەنارەکانی رۆژئاوای ئەفریقاوە کۆکرابوونەوە و بەکۆت کراوی هێنرابوونە خاکی ئەمریکا. خەڵکی کەنارەکانی ئەفریقای رۆژئاوا، شارەزاییەکی باشیان لەکشتوکاڵدا هەبوو و، هەندێك لەخێڵە بەناوبانگەکانیشیان وەك داهوومی، ئاشانتی و، یۆروبا، جگە لەرووی کشتوکاڵیەوە ئەزموونێکی باشیشیان لەئاڵوگۆڕی بازرگانی و هەندێك پیشەی دیکەدا پەیدا کردبوو.

هەندێکیشیان وەك نەتەوەی یۆروبا، لەگەڵ فەرهەنگی ئیسلامیدا ئاشنا بوون و لەژێر کاریگەری ئیسلامدا، بەبنەماکانی هاوڵاتی بوون و شارستانیەتەوە خۆیان گرتبوو.

دابین کردنی کۆیلە کارێکی ئاسان نەبوو هەروەها بازرگان و کەشتیوان و هەموو ئەو کەسانەی کەلەم بازرگانیە پڕ سوود و قازانجەدا بەشداریان دەکرد، لەپێناو ئامانجەکەی خۆیاندا هەموو جۆرە رێ و شوێنێکیان بۆ وەرگرتنەوەی کاڵاکانیان دەگرتەبەر. زۆرجار یان لەرێگەی خەڵەتاندنی سەرۆك خێڵەکانەوە، لەبەرامبەر مادده بێهۆشکەرەکان، چرا و خۆش نەخش و نیگار و، کەرەستەکانی رازاندنەوەی هەرزان، ئەم ئاڵوگۆڕیان ئەنجام دەدا و یان بەرفاندنی رەشەکان و بەکارهێنانی زەبر و زەنگ ئەوانیان بەرەو کۆیلایەتی پەلکێش دەکرد.

ئامانجی سەرەکی لەم نێوانەدا، ئەو سوود و قازانجە زۆرەبوو کەلەرێگای بەکارهێنانی کۆیلەکان لەبواری کشتوکاڵ، دەرهێنانی کانەکان و، بەرهەمهێنان لەهەموو بوارەکاندا دەستی خاوەنەکانیان دەکەوت و بازرگانەکان، کۆیلەیان لەبەرامبەر ئەو رەواجە گەورەیەی کەلەبازاڕدا هەیبوو بۆزیادکردنی دەرامەت بەکار دەهێنا.

بەم شێوەیە رەشەکان بۆ مەبەستی ئیشکردن لەزەویە کشتوکاڵیەکانی باشوور، بەرەو ویلایەتەکان گوازرانەوە. بەڵام تاکۆتاییەکانی سەدەی هەڤدەیەم بەهۆی نەبوونی پێویستی لایەنی ئابووری سوودێکی ئەو تۆیان لێوەر نەدەگیرا و ژمارەشیان زۆر کەم بوو. لەو هۆکارانەی کە رەشەکان بەرەو کۆیلایەتی رادەکێشا و پۆشاکی خزمەت کاریشی لێ سەندنەوە، لەلایەکەوە مەسەلەی کەمی کرێکاری سپی پێست و لەلایەکی تریشەوە رەونەقی جیهانی بازاڕی توتن و گرنگیدان بوو بەم بەروبومە. هەرچەندە تەگەری شۆڕشیش لەلایەن کرێکارە سپیەکانەوە

هۆکارێکی دیکە بوو. لەساڵی١٦٧٦ ڕاپەڕینی گشتی کرێکارەکان دژ بەحکومەتی ڤیرجینیا، کەبەناوی سەرکردەکەیەوە ، بەیاخی بوونی ((بیکن))ناوبانگی دەرکرد، ترسی کاربەدەستانی ڤیرجینیا لەیاخی بوونی ئەو سپی پێستە ئینگلیزیانەی کە هەمیشە مایەی دەردی سەری ناوچەکە بوون زیاتر کرد و ئەو بیرۆکەیەی لەلا درووستکردن ، تا بەسوود وەرگرتن و بەکارهێنانی سیستەمی کۆیلایەتی شوێن پێی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان بەهێزتر بکەن. پێویست ئەوەش لەبیر نەکەین ، کاتێك کەئاماژە بەڤیرجینیا دەکرێت ، بەهیچ جۆرێك مەبەستمان ئەو ویلایەتە بچووکەی ئێستا نیە. لەو ڕۆژگارەدا ڤیرجینیا بەفراوانترین و قەرەباڵغترینی کۆچ نشینەکان دەژمێررا و نەتەنها ڤیرجینیای ڕۆژئاوای ئەمرۆ ، بەڵکو ناوچە بەرفراوانەکەی باکووری ڕۆژئاوایش بەشێك بوو لەو کۆچ نشینە. لەئەنجامدا زنجیرە یاسایەك لەلایەن ئەنجوومەنی ڤیرجینیاوە دەرکرا ، کەبەرەی دانی بەکۆیلایەتی ڕەشکاندا نا. یەکێك لەو یاسایانە ئەوەبوو کەمنداڵی کۆیلە شوێنکەوتووی ئەو بارودۆخە دەبێت کەدایکی تیایدا ژیاوە، مەگەر لەحاڵەتێکدا کە بەهۆی باوکێکی سپی پێستەوە چاوی بەدنیا هەڵهێنابێت. جگە لەوەش کۆیلەکان لەنێو سنووری کۆچنشینەکاندا، بەبەشێك لەدارایی و ژێردەستەیی دەستەڵاتدارانی ناوچەکە دەژمێرران و خاوەنەکانیان دەیانتوانی ژمارەی کۆیلەکانیان وەکو کەرەستە و بەرووبومەکانی دیکە لەنێو دەفتەری حیسابەکەیاندا بنووسن.

هەرئەندازەکە بازرگانی کۆیلە سوود و قازانجی زیاتری لێ دەکەوتەوە، ژمارەی ڕەشەکانیش کەمی دەکرد. لەسەرەتاکانی سەدەی هەژدەهەمەوە، وورده وورده مافی خاوەنداریەتی و بەدەست هێنانی زەوی، گواستنەوەی چەك و بەشداریکردن لەشەڕ لەڕەش پێستەکان سەندرایەوە. هاوسەرگیری نێوان دوو نەژادی ڕەش و سپی مەنعی یاسایی کرا و ڕەشەکان لەمافی شکات کردن لەدادگاکان و شکایەتی دانیش بێ بەشکران. چەند یاسایەك هاوشێوەی یاساکانی ڤیرجینیا لەدژی ڕەشەکان و لەپێناو بەهێزکردنی سیستەمی کۆیلایەتی لەزۆربەی کۆچنشینەکاندا جێبەجێ کران و سزایەکی سەخت و دژوار بەمەبەستی تەمێ کردن و پەند وەرگرتنیان دەستنیشان کرا. ڕەنگی دەم و چاو و تایبەتمەندیە نەژادیەکان، تائەو ئەوپەڕی ڕاددەی ژێر دەستەیی و کۆیلایەتی پەرەی سەند. ((تۆکۆیل)) جیاوازی نەژاد، بەهۆکاری سەرەکی مانەوەی کۆیلایەتی لەئەمریکادا دەزانێت. بیری پایە بەرزی سپی پێستی ئەورووپی و ئاغایەتی و حاکم بوون ـ کۆیلایەتی لەگەڵ تایبەتمەندیە نەژادیەکاندا ناوێتە کرد. جیاوازی نەژادی و ڕەنگی دەم و چاو ئەم کۆیلانەی لەکۆیلەکانی دونیای کۆن جیاکردەوە. لەم سەردەمەدا

کۆیلەکان سەر بەنەژادی خاوەنەکانیان بوون و پەروەردە و ئاستی رۆشنبیریشیان بۆ پلە و پایەی ئاغاکانیان دەگەرایەوە. تەنها جیاوازی نێوانیان ئازادی بوو، کاتێك کۆیلەیەك ئازاد دەکرا بەئاسانی دەیتوانی بچێتە ناو کۆمەڵگەوە. بەسەرهەڵدانی مەسیحیەت و رووخانی ئیمپراتۆریەتی رۆم، ئازادی کۆیلەکان گشتێنرا و بنچینەی کۆیلایەتی بن و بارگەی خۆی پێچایەوە.

بەڵام بەگۆڕانی سەرمایەداری، درووستبوونی بازارە جیهانیەکان و قەیرانی دەستی ئیشکەر، جۆرێکی نوێ لەسیستەمی کۆیلەداری لەقارەی ئەمریکادا سەری هەڵدا. پێویستی داگیرگەکانی دونیای کۆن، سەرنجی بازرگانە ئەورووپیەکانی بۆ قارەی ئەفریقا راکێشا، تاوەکو لەرێگەی کۆتکردنی رەشەکانەوە هێزی کاری دونیای نوێ دابین بکەن. چەسپاندنی سیستەمی کۆیلەداری لەکیشوەری ئەمریکا، لەهەمان پێویستی سەرمایەداری و گۆڕانی بازرگانی نوێوە سەرچاوەی دەگرت.

گۆڕانی سەرمایەداری و مەبەستی سوود و قازانج لەدونیای رۆژئاوا، رەشەکانی بەرەو کۆیلایەتی پەلکێشکرد و سیستەمی باوك سالاری بەسەر پەیوەندیەکانی ئاغا و کۆیلەدا سەپاند. بەپێچەوانەی ئاغا و غایبەکانی ئەمریکای مەرکەزی ،کەزۆربەیان ئیسپانی بوون، لەکۆچ نشینەکانی باشوری داگیرگەکانی ئینگلیز لەئەمریکا، خاوەن زەویەکان لەناوچە فراوانەکانی خۆیاندا دەژیان و راستەوخۆ چاودێری ئیش و کارەکانی کۆیلەکانیان دەکرد و ، پاش راگەیاندنی قەدەغەکردنی فرۆشتنی کۆیلە لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، چاودێریەکەیان چڕتر کردەوە. لەئەنجامداو لەکۆی ئەو چوار سەد هەزار رەش پێستەی کەبەناوی کۆیلەوە لەئەفریقاوە هێنرانە ئەمریکا ـ لەساڵی١٨٦٠ و دەستپێکردنی شەری ناوخۆ ـ نەوەیەکی بەرچاو لەکۆیلەکان کەزیاتر لە چوار ملیۆن رەش پێستی ئەمریکی دەبوون سەری هەڵدا. کۆمەڵگەی باوك سالاری باشوور ، بەپاراستنی مەودای نەژادپەرستی و چینایەتی و لەسەر بنەمای پێشگیری و پارێزگاری کردن لەکۆیلەکان لەبەرامبەر سوود و قازانج، پەیوەندیەکی دیاریکراوی لەنێوان سەرکەوتو و ژێرکەوتودا بەرقەرار کرد، کەلەبنچینەدا واتای تەسلیم بوون و کوێرایەڵی کردنی بێ کسپ و تەگەرەی لەبەرامبەر خاوەن سەرمایەکاندان دەگەیاند.

جیاوازی نەژاد ، رەنگی دەم و چاو و پێویستی بەهێزی کاری رەشەکان، جیاوازی و نامۆبونێکی کۆمەڵایەتی گەورەی لێکەوتەوە و ، ئەوانی لەئاستێکی پەست تری کۆمەڵگەدا جێگیر کرد. هەرچەندە لەسەردەمی سەربەخۆیدا رابەرانی ئەمریکا دەرکیان بەم گرفتە گەورەیە

کردبوو و ، ((واشنگتۆن))یش بڕیاری ئازادکردنی کۆیلەکانی دەرکرد. بەڵام ئەو کاتە لەبەر بەرژەوەندی سیاسی و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ویلایەتەکانی باشوور لەنوسینەوەی قانوونی ئەساسیدا، مەسەلەی ئازادی کۆیلەکان بەتەواوەتی پشت گوێ خرا. ((جفرسۆن)) لەبیرەوەریەکانی خۆیدا نوسیویەتی :((هیچ شتێك بەنرختر و بەرێزتر لە ئازادی ڕەشەکان نیە. لەم حاڵەتەشدا شتێکی براوەیە کەئەم دوو نەژادە بەشێوەیەکی ئازاد ناتوانن پێکەوە لەژێر سەرپەرشتی یەك حکومەتی یەکگرتوودا بژین. سرووشت، بیروباوەڕ و داب و نەریتەکان، بەربەستێکی کارتێنەکراوی لەنێوانیاندا درووست کردووە.))

((مدیسۆن))یش لەنامەیەکدا بۆ ((لافایت)) نوسیویەتی، کەئاماژەکردن بەکۆیلایەتی لەنێو ئەنجوومەنی ویلایەتەکاندا و لەکاتی نوسینەوەی قانونی ئەساسیدا ((وەك پزیسکێك وابووە لەنێو ئەنبارێکی باروتدا.)) پاراستنی سیستەمی کۆیلایەتی و پشتگوێ خستنی ئەم گرفتە کۆمەڵایەتیە ، لەڕاستیدا بۆ بەدەستهێنای ڕەزامەندی ویلایەتەکانی باشوور بەکارێکی زەروور پێویست دەژمێررا و تەنها ڕێگایەکی پاراستنی یەکیەتی و یەکرێزی بوو. قانونی ئەساسی قەوارەیەکی جوداگانە و دەسەڵاتێکی کەورەی بەحکومەتی فیدراڵی بەخشی و ئەو مافەشی پێدا کەبەناوی میللەتەوە فەرمان دەربکات و پراکتیکیان بکات و ، بشتوانێت لەبەرامبەر دوژمنی هاوبەشدا سەرکردایەتی سوپایەکی میللی بکات. حکومەتی ویلایەتەکان پاش ئەوەی یەکیەتیەکەیان بەناوی خۆیان دامەزراند، مافی بەدواداچونی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیان بەحکومەتە مەحەلیەکانەوە هەبوو بۆخۆیان پاراست و مافی دیاریکردنی پێگەی سیاسی و شارستانی تاکەکان و ڕێکخستنی پەیوەندی تاکەکان لەگەڵ یەکتردا و مافی دادوەری و بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەو مافانەی کەپەیوەندیان بەگشتەوە هەبوو بەڵام پێویستی نەدەکرد کە حەتمەن بخرێتە ئەستۆی حکومەتی مەرکەزیەوە تایبەتکرد بەخۆیانەوە. مەسەلەی کۆیلایەتی لەڕووی ئابووریەوە بۆ ویلایەتەکانی باشوور بایەخێکی زۆر زۆری هەبوو و، وەك مەسەلەیەکی مەحەلی لێك درایەوە و درایە دەست خوودی ویلایەتەکان.

ڕاپەڕینە ئازادی خوازەکان کەلە ئینگلتەرا بە ئازادی بڵاوکراوەکان و چاکسازی پەرلەمان کۆتایی هات و، یان لەئەمریکا یاخی بوونی دژ بە ئینگلیزی لێکەوتەوە و لەفەرەنسا بوو بەهۆی سەرهەڵدانی شۆڕش، نەیاندەتوانی لەبەرامبەر مەسەلەی کۆیلایەتیدا دەستەوسان بوەستن. پاش شۆڕشی فەرەنسا، کۆیلەداری لەهەموو داگیرگەکانی سەر بەفەرەنسادا، لەساڵی١٧٩٤ لەغو کراو لەساڵی١٨٠٨ پەرلەمانی ئینگلتەرا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی

بازرگانی کۆیلەی بەرەسمی ڕاگەیاند. هەر لەم کاتەدا لەئەمریکا لەنێوان بەرژەوەندی ویلایەتەکانی باکور و بەرژەوەندی کۆیلەداری باشووردا دانوسانێك کرا، بەو واتایەی کەبازرگانی کۆیلە لەو ویلایەتیانەی کەسیستەمی کۆیلایەتیان تێدا باو نەبوو، قەدەغەکراو بەردەوامبوونیشی لە ناچەکانی باشوور تاییست ساڵی تر زەمانەت کرا. لەویلایەتەکانی باکووردا، پەیڕەوکردنی ئەم سیستەمە لەڕوی ئابووریەوە بێ سوود و قازانج بوو، لەبەر ئەوە ووردە ووردە بەتاڵکرایەوە و لەویلایەتەکانی باشووریش ئەم بیرۆکەیە گەشەی کرد، کەکۆیلەداری لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە بەردەوام نابێت. توتن وەك بەرووبومێکی سەرەکی باشووریەکان، کە دروستبونی ئەو هەموو زەویە کشتوکاڵیە فراوانە و زیاد بوونی کۆیلەکانی لێکەوتبویەوە، لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا، بازاڕە پڕ ڕەونەق و گەرمەکەی خۆی لەدەست داو لەئەنجامدا بازرگانی کۆیلە بایەخەکەی جارانی نەما و ئەم بیرۆکەیە گەشەی کرد، کەسیستەمی کۆیلەداری هێدی هێدی لەویلایەتەکانی باشووردا بن و بارگەی خۆی دەپێچێتەوە.

دووگۆڕانکاری گەورە لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا، ووزە و تینێکی زیاتری بەبازرگانی کۆیلە بەخشییەوە و دووبارە بازاڕەکەی بوژاندەوە، یەکێك لەم گۆڕانکاریانە دەرئەنجامی شۆڕشی پیشەسازی ئینگلتەرا بوو، کارگەکانی ڕستن و چنینی خستە گەڕ و پێویستی بازاڕەکانی جیهانی بۆ بەرهەمی لۆکە زیاتر کرد. گۆڕانکاریەکی دیکە دروستکردنی ئامێرێکی نوێ بوو، کە بەئاسانی ناوکی پەموەکەی لە قۆزاغەکەی جیادەکردەوە و بووە هۆگارێکی سەرەکی لەپەرەسەندنی بەرهەم هێنانی لۆکە لەئەمریکادا ـ بەرووبومێك کەڕاستەوخۆ پشتی بەهێزی کاری کۆیلەکان دەبەست. ئەم ئامێرە نوێیە لەلایەن ((ئیلی ڤتینی))بەوە کەیەکێك بوو لەدانیشتوانی ناوچەی (کانکتیکت) و دەرچووی زانکۆی یێل، دروستکراو بەخێرایی لەسەرتاسەری ناوچەکانی باشووردا بڵاوبویەوە. چاندنی توتن کەلەبازاڕە جیهانیەکاندا فەشەلی هێنا، شوێنی خۆی بۆ بەرهەمهێنانی لۆکە چۆڵ کرد و کۆیلایەتی دووبارە ڕەواجەکەی جارانی پەیداکردەوە. ئەو ویلایەتانەش کەڕاستەوخۆ چاندنی لۆکەیان تێدا ئەنجام نەدەدرا، بەفرۆشتنی کۆیلەکانیان ناهەنگی بەشداری کردنیان لەم بازرگانیەدا گێڕا. جگە لەمەموو، چاندنی قامیشی شەکر، برنج، کەتان و توتنیش لەزەویە کشتوکاڵیەکانی باشووردا پەرەی سەند. بەرووبومی کشتوکاڵی ویلایەتەکانی باشوور بەهێزی کاری ڕەشەکانەوە بەسترا بوو. زۆربەی سپی پێستەکانی ویلایەتەکانی باشوور، جووتیار و ووردە سەرمایەداربوون، بەتەنهایی ئیشیان دەکرد یان یەك دوو کۆیلەیان بۆ خۆیان کڕیبوو. زەویە کشتوکاڵیە فراوان و بەپیتەکان لەژێر دەستی

چەند بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندا بوون، کەبەکڕینی سەدان کۆیلە بەرووبوومی کشتوکاڵی باشووریان بۆ خۆیان مۆنۆپۆڵ کردبوو. لەسەرتا سەری ویلایەتەکانی باشووردا تەنها چواردە سەرمایەداری سەرەکی هەبوون کە زیاتر لە پێنج سەد کۆیلەیان هەبوو. ژمارەیەکی دیکەیان نزیکەی سەد کۆیلە ئیشی بۆدەکردن، ئەم کۆمەڵە سەرمایەدارە زیاتر لە سێ لەسەر چواری تێکڕای کۆیلەکانیان لەلای خۆیان کۆکردبوویەوە و، زەویە کشتوکاڵیەکانیان لەپێناو بەرهەمهێنانی بازاڕە جیهانیەکاندا ئامادە کرد.

بەردەوامبوونی ژیانی ئابووری باشوور بەبێ پشت بەستن بە سیستەمی کۆیلەداری مومکن نەبوو، لەهەمان کاتیشدا پاراستنی ئەم سیستەمە هۆکاری سەرەکی دواکەوتویی ویلایەتەکانی باشوور بوو. خاوەن زەویە کشتوکاڵیەکان بەپشت بەستن بەهوزەی کۆیلەکان پێویستی بازاڕە جیهانیەکانیان لەبەرووبوومەکانی وەك پەموو، شەکر، کەتان، برنج، توتن و بەردی بەنرخ پڕدەکردەوە و لەبەرامبەریشدا هەموو پێویستی و ئامێرەکانی خۆیان لەڕێگەی ئینگلیز و بازاڕە ئەوروپیەکانی دیکەوە دابین دەکرد. بەرژەوەندیە بەدەستهاتوەکان لەبەرووبوومی ناردەنی، کۆسپێکی گەورەی لەبەردەم هەرجۆرە سەرمایە گوزارییەك لەپێناو چاککردنی بارودۆخی کشتوکاڵی، بەکارهێنانی ئامڕازی چاکتر، دامەزراندنی کارگە و ئامێرە پیشەسازیەکانی دیکەدا درووست کردبوو. ڕەنگدانەوەیەك لەسیستەمی سەرمایەداری، وەك بانکداری، بەکارهێنانی قەرز و متمانە لەباشووردا سەری هەڵدا بوو، بەڵام ئەم ئیمکاناتانە لەژێر دەسەڵاتی سەرمایەدارە گەورەکاندا چڕبووبوونەوە و بۆبەرژەوەندی تایبەتی و ئامانجی خۆیان بەکار دەهێنران، لەئەنجامدا، سەرمایەداری بەو شێوەیەی کە لەویلایەتەکانی باکوور و ڕۆژئاوا گەشەی کرد، لەباشووردا ئەو هەلەی بۆ نەڕەخساو سووربون لەسەر پاراستنی سیستەمی کۆیلەداری، فەنابوونی ئابووری وڵاتی بەدوادا هات.

جگە لەو سوود و قازانجە زۆرەی کەسیستەمی کۆیلەداری بۆ ژمارەیەکی کەمی سەرمایەدارەکانی باشوور دەستە بەریکرد، پشتیوانیکردنی زۆرینەی کۆمەڵگەی سپی پێستی هەژار و کەم دەرامەت بۆ پاراستن و بەردەوامبوونی کۆیلەداری، هیچ پاساو ئابووریانەی نیە. ئەم چینەی کۆمەڵگە هیچ سوودێکیان لەم بارودۆخە نەدەبینی. ئەوەی ئەمانی بۆ پشتیوانی کردن لەسەرمایەدارەکانی باشوور ناچار دەکرد، هەستی نەژاد پەرستی بوو. بەرژەوەندی ئابوری بوو بە هۆکاری سەرەکی جێگیر بوونی کۆیلایەتی و بیرکردنەوەی نەژاد پەرستیانەش هۆکاری پاراستنی. بەدرێژایی ساڵانێکی دوور و درێژ سپی پێستە هەژارەکان بەهۆی تەلقیناتی

سەرمایەدارەکانی باشوورەوە، باوەڕیان وابوو کە نەژادی ڕەش پەستترە لەنەژادی سپی، ئازادکردنی دەبێتە مەترسیەکی گەورە بۆ هەڵوەشاندنەوەی خێزان و بنچینەی ژیانی کۆمەڵایەتیان. تێکەڵکردنی نەژادی دەبێتە هۆی لەناوچوونی نەژادی سپی و، یەکسانی ماف و بەها کۆمەڵایەتیەکان، سپی پێستەکان هەراسان دەکات. بەکورتی باوەڕی باشووریەکان لەسەر ئەم خەیاڵە بەتاڵەیان ڕاوەستاوە، کەڕەشەکان بەهیچ شێوەیەك ((شیاوی ئەوە نین کە لەنێوان سپی پێستەکاندا ئازاد بن.))

ئەم بیرکردنەوە کۆمەڵایەتیە بوو، کەپاش ئازادی کۆیلەکان و لەناوچوونی ئەو شێوازە پڕ سوود و قازانجەی کشتوکاڵکردن لەناوچەکانی باشوور، توند و تیژی ڕاشکاوانەی دژ بەڕەشەکان و بێ بەش کردنیان لەهەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لێکەوتەوە. لەویلایەتەکانی باکوریش هەمان دەمارگیری نەژادی هۆکاری بێ بەشکردنی ڕەشەکان بوو لەزۆربەی مافە کۆمەڵایەتیەکانیان.

لە هزری کۆمەڵگەی سپی پێستدا، وێنەی ڕەش لەگەڵ کۆیلەبوندا یەکیان گرتبوویەوە. ئەو کۆچبەرانەی کە لە هەموو نەتەوە جیاوازەکانەوە ڕویان لە ئەمریکا کرد، بە ئارەزوو و خواستی خۆیان و لەپێناو گەشتن بە ژیانێکی چاکترو بارودۆخێکی ئابووری لەبارتردا نیشتمانەکەی خۆیان واز لێ هێناو ڕەنجی غەریبیان بەگیان کڕی و هیچ کاتێکیش وەك ڕەشەکان بە ژیانی نێو زیندان تاوانبار نەکران و، وردە وردە شوێن و پلەو پایەێکیان لە کۆمەڵگەی سپی پێستی((ئەنگلۆ ئەمریکەن))دا بۆ خۆیان دۆزیەوە. ڕەشەکان زیاتر لە سەدەو نیوێك، بەردەمی لە ژێر ستەمی کۆیلایەتیدا ژیان و لە هەموو مافە کۆمەڵایەتیەکان بێ بەش بوون و پاش ئازاد بونیشیان نەیان توانی تێکەڵ بە سپی پێستەکان بن و وەك خەڵکانی دیکە لە کۆمەڵگەی ئەمریکیدا ژیان بەسەر بەرن .

هەندێك لە مێژوونوس و کۆمەڵناسان بۆ پاساو هێنانەوەی کۆیلایەتی جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە، کەکۆیلەکان بەو بارودۆخەی کەتێیدا دەژیان ڕازی بوون و نەبوونی شۆڕش و یاخی بوون لە لایەن ڕەشەکانەوە چاکترین بەڵگەیە لە سەر ئەم هەڵوێستەیان. هەڵبەت شۆڕشێکی وەها کە بیەوێت کۆیلایەتی لە بنەوە ڕیشە کێش بکات سەری هەڵنەدا، بەڵام ئەمە بەڵگە نیە لە سەر ڕەزامەندی ڕەشەکان لەو بارو دۆخەی کە تیایدا دەژیان. بە شێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵ خەڵکێکی کۆت و زنجیر کراو، بەهیچ شێوەیەك چاوەڕوانی شۆڕش و ڕاپەڕین نە دەکرا. سزای توندو تیژو بێ ڕەحمانە، بەدکاری ستەمی ئاغاکان و، یاسای سەخت ودژواریەکانی

ولایەتەکان دژ بە کۆیلە هەڵهاتوو یان شۆڕش گێڕەکان، هەر جۆرە جم و جوڵێکی ئازادی خوازانەی سەرکوت دەکرد. سیستەمی باوك سالاری و سەر پەرشتیاری، کەخاوەن مولکەکان لە پەیوەندیان لەگەڵ ڕەشەکاندا بە کاریان دەهێنا، پەیوەندیەکی تایبەتی لەنێوان ئاغاو کۆیلەدا دروست کردبوو ـ هەمان پەیوەندی کە لە کۆمەڵگەی فیودالی سەدەکانی ناوەڕستدا ئاغای بە باوك و پشتیوانی ژێر دەستەکانی ناو زەد دەکرد. زۆربەی ئەو کۆیلانەی کە لە کۆشکی ئاغاکانیاندا خزمەتیان دەکرد، بەو هەموو ترس و لەرزەی هەیان بوو، بەڵام هەر بەرامبەر بەخاوەنەکانیان وەفاداربوون و ئەوانیان لە هەر جۆرە پیلان و شۆڕشێك ئاگادار دەکردەوە. ئەوانەشیان کە هەر بە کۆیلەیی[لە ژێر تارمایی] ئەم سیستەمەدا لەدایك بووبوون، بیریان لە بارو دۆخ و ژیانێکی دیکە نەدەکردەوە و، نەبوونی هۆشیاری کۆمەڵایەتی، ئەگەری سەرکەوتن و شۆڕش جەماوەری لاوازتر و ڕاپەڕینە پەرش و بڵاوەکانیشی بێ ئاکام دەکرد. تێکڕای ئەم هۆکارانە کاریگەریکی زۆریان لەسەر دامرکانەوەی هەموو ئەو ناڕەزایانە هەبوو، کە دژ بەکۆیلایەتی و چەوسانەوە ئەنجام دەدران ، بەڵام هیچ کات واتای ڕازی بوونی ڕەشەکانی لەو بارودۆخەی کەبەزۆر بەسەریاندا سەپێنراوە، نەدەگەیاند. ئاوازی ڕەشەکان و گۆرانیەکانیان چیرۆکی غەم پەژارە و کاریگەری قوڵ و برینی سەختی ئەوانی دەگێڕایەوە. هەرکات هەلێکی گونجاویان بۆ بڕەخسایە، هەڵ هاتن و دەرباز بوونیان لەو حاڵ و گوزەرانە بەو هەموو گرفتانەی کە ڕوبەڕوویان دەبوویەوە بەدڵ بەگیان دەکڕی.

ستایش و باوەڕ بە لێهاتووی تاکەکەس، کەلەبیرکردنەوەی پرۆتستاندا گرنگیەکی زۆری پێدراوە، هۆکاری سەرەکی پێشکەوتنی ئابوری سپی پێستەکان بوو و، بە نیسبەت ڕەشەکانەوە بە تەواوەتی پشت گوێ خرا. ڕش پێستی بێچارە بەشێوەیەك تەلقین دەکرا کە مرۆڤێکی تەمەڵ، بێکارە، بێ هۆش و نەزانەو جگە لە ئیش کردنی جەستەی چاوەڕوانی هیچی لێناکرێ. فێرکردنی پەروەردەکردن و پیشەو هونەر بۆ ئەوان قەدەغە بوو. چونکە فێرکردن و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵایەتی ڕەشەکان یەکسان بوو بە شۆڕش و هەستانەوەیان. یاساکانی نێو ولایەتەکان هەموو جۆرە دەرفەتێکی بەرەو پێش چونیان لە ڕەشەکان سەندەوە. سپی پێستەکان باوەڕیان وابوو کە ڕەشەکان لە ڕوی ئاستی ئاوەز و هۆشیریانەوە تەمەڵ و بێ توانان. جیاوازی ڕواڵەتی نێوان هەردوو نەژاد بەڕاستی بەڵگەیە لە سەر عەقڵ و بیرکردنەوایان. سووربون لەسەر بەرزی پلەی نەژادی سپی، باوەڕ بەپەستی فکری و مرۆیی ڕەشەکانی بەهێزتر کرد. ئەم بیرکردنەوانە، تەنها پیشانی دەدا کە بەرژەوەندیە ئابوریەکان هەندێك جار تا چ

ڕادەیەك بنچینەی مرۆڤەکان لە داواکاریەکانی عەقڵی سەلیم دورر دەخاتەوەو لە شانازی و بونیادی مرۆڤایەتی بەری دەکات.

دام و دەزگاکانی کۆیلەداری لە باشوردا کاریگەریەکی قوڵیان لەسەر سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەو ویلایەتانە بەجێ هێشت. لەڕێگەی خاوەن دارێتی کۆیلەوە، چینی سنوورداری سەرمایەداری باشوور، کۆنترۆڵی سیاسی و ئابوری وولایەتەکانیان گرتبوویە دەست. نوێنەرانی کۆنگرەو لێپرسراوە ئیداریەکان بە پشت بەستن بەدەسەڵاتی ئەم گرووپە هەڵ دەبژێردران، و هەموو یاسا ولایەتیەکانیش لە باشوردا بۆ پاراستنی بەرژەوەندی ئەم گرووپە دەسەڵاتدارە کاریان دەکرد. کۆیلەداری، واتای سەروەتی دەگەیاند، باشوریەکان کۆیلایەتیان وەك کەلەپورێکی تایبەت بە خۆیان لێك دەدایەوە، کۆششی سیاسەتمەدارەکانی باشوریش هەمان مەبەست بوو. هزری کۆمەڵایەتی باشور، خۆی بەوەسوەسەی ترسان لە ڕەشەکانەوە سەرقاڵ کردبوو . باشوور بە وەها سەنگەر گیریەك، دەستی بە تەقاندنەوەیەکی فکری کرد. لە ئازادی ڕادەربڕین، بلاۆ کردنەوەی ئەندێشەو بیرکردنەوەی ئەدەبیانە - کەلە ولایەتەکانی باکوردا پشکوتن زانست و زانیاری لێکەوتبویەوە - لە ویلایەتەکانی باشوردا هیچ یەك لەوانە بەدی نەدەکراو، گەندەڵی ئیداری ، خنکاندنی فکری، سنوورداری ئازادی سیاسی و کۆنترۆڵی بیرو باوەڕو هزر، کۆسپێکی گەورەیان لەبەردەم گەشەو پێشکەوتنی باشوردا دروست کرد. ئەم کۆششە بۆ پاراستنی کۆیلایەتی، بە پێچەوانەی یەکێك لە گەورەترین سیاسەت مەدارەکانی دەست پەروەردەی باشوورو پشتیوانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆی ئەمریکا واتە ((تۆماس جفرسۆن)) دەژمێررا.

باشوور، کەلەسەردەمی شۆڕشی ئەمریکیدا بە مەڵبەندی سەرەکی بیرکردنەوەکانی سەردەمی لیبرالیزم دەژمێردرا، لەماوەی پەنجا ساڵدا و لە ژێر کاریگەری سیستەمی کۆیلەداری و هەوڵدان بۆ پاراستنی، لەڕووی فکری کۆمەڵایەتیەوە دواکەوت. بیرکردنەوە چاکسازی خوازەکانی سەردەمی ((جەکسۆن))و ڕێك بەدوادا چوون و چاك کردنی بارو دۆخی زیندانیەکان، پەرە پێدانی مافی ژنان، و بەژداری کردن لەدەنگدان و چالاکیە سیاسیەکان کە لە باکووردا مشت و مڕێکی زۆری لە سەر دەکرا، بە تۆمەتی ئەوەی کە ئەوەی کە ئەم بیرۆکانە پەیوەندیان بەڕاپەڕینی لایەنگرانی هەڵوەشانەوەی کۆیلایەتیەوە هەیە، لەباشووردا قەدەغە دەکران. لەنێو ئەو هەموو بەرهەمە ئەدەبیانەی کەلەم ڕۆژکارەدا بلاۆ کرانەوە، تەنها نووسەرێك کەسەرنجی باشووریەکانی بۆلای خۆی ڕاکێشا، ((ڤاڵتەر نۆسکات))بوو،کە ئاوێتەیەك لە ڕۆحیەی

عافزەکارانەی ئینگلیزی و سیستەمی کۆمەلآیەتی خانەدانی لە نووسراوەکانیدا ڕەنگی دەدایەوە. ئەو داستانە ڕۆمانتیکیانەی کە ((ئۆسکات)) دەربارەی پیاوە دلاوەرەکانی سەدەی ناوەڕاست و سیستەمی خانەدانی ئەو سەردەمەوە ڕاقەی دەکردن، لەگەڵ بیرکردنەوەی باشوریەکاندا چاکتر دەکونجا تا بەرهەمی نووسەرانی وەك ((چارلز دیکنز))، کە یەکێك بوو لەڕەخنەگرە کۆمەلآیەتیکان و بە ناوی کەسێکی کافرو خودا نەناس بەرهەمەکانی لە باشووردا بلآو نەدەبونەوە. لەڕووی دامەزراوەکانی کلێسەشەوە، باشوور شێوازێکی جیاوازی وەرگرت. بۆ پاساو هێنانەوەی ئەخلاقیانەی کۆیلایەتی، لێکدانەوەی کەلامی ئینجیل سنورێکی بۆ دیاری کراو لە ساڵی ١٨٤٠ بەدواوە کلێسەی مەسیحی ((بابتیست))ی باشوور لە دامەزراوەکانی تری کلێسە جیاکرایەوە. هەر ئەندازە کەباشوور لەپێناو بەرگریکردن لە سیستەمی کۆیلایەتی زیاتر هەوڵیدەدا، هەمان ئەندازەش لە گۆڕانکاریە فکری و کۆمەلآیەتیەکانی نیوەی یەکەمی سەدەمی نۆزدەیەم دواکەوت و، لە کۆتایدا هەر بۆ بەرگریکردن لەم ئامانجەی خۆی بوو کە شەڕی لەگەڵ باکوردا هەڵ گیرساند.

کۆیلایەتی نەتەنها بووبە هۆی جیابوونەوەی ویلایەتەکانی باشوور لە بەشەکانی دیکەی ئەمریکا، بەڵکو دامەزراندنی چەندەها ئەنجومەن و ڕێکخراوی جیاوازی دژ بە کۆیلایەتی لە ویلایەتەکانی باکوردا لێکەوتەوە.

بلآو بوونەوە ڕۆژنامەی ((ئازادی))کە یەکەمین ڕۆژنامەی ڕەش پێستەکان بوو، لە ساڵی ١٨٢٧ بە هیممەتی ژمارەیەك لە سپی پێستەکانی باکور ڕەونەقێکی زۆری پەیدا کرد. لەوەش گرنگتر ڕۆژنامەی ((لیبراتۆر)) بوو کە لە ساڵی ١٨٣١دەستی بەکار کرد و سەرنووسەرەکەی ((ویلیام للوید گاریسۆن))بوو، کە یەکێك بوو لە پێشەنگەکانی ڕاپەڕینی دژ بە سیستەمی کۆیلەداری.

ئەم بلآو کراوەیە، هەوڵی بەرزکردنەوەی هەستی ئەژادی و خۆڕاگری ڕەشەکانی دەدا و ئامۆژگاری دەکردن کە سود لە لایەنە چاکەکانی فێرکردن و هاوکاری وەربگرن، جگە لەمەش ئەرکی بلآوکردنەوەی ووتاری لایەنگرانی هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی دەگرتە ئەستۆ.

ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و پیاوان کە لە ڕوداوە چاکسازی خوازیەکانی ئەم سەردەمەدا ئەو پەڕی چالاکیان ئەنجام دەدا، دەستیان بە پشتگیری ڕەشەکان کرد. کۆیلەدارەکانیان بەشایەنی هەر جۆرە بێ ڕێزیەك زانی، سیستەمی کۆیلەداریان لەڕووی ئاکاری و مەزهەبیەوە ئیدانە کردو هەزاران وێنەیان لە نا مرۆڤایەتی بوونی ئەو سیستەمە دەخستە ڕوو.

بزوتنەوەی دژ بەکۆیلەداری لەگەڵ بزوتنەوەی ئازادی ژنان و ڕاپەڕینە چاکسازیە خوازەکانی دیکەی ئەو سەردەمەدا یەکیانگرتبوو. ژنە ناودارەکانی وەك((ئیلیزابێت کەدی ئستانتۆن)) و ((لوکر سیامات)) لەگەڵ پیاوە خۆشمەندەکانی وەك((ویلیام للویدگاریسۆن))،((چارلز سامنر))،((لاو جوی)) و ((ڤیتیر))لە ڕاپەڕینی دژ بەکۆیلایەتیدا هاوڕێ و هاو هەڵوێست بوون. چەند ئەنجومەنێکی جۆراو جۆری دژ بە کۆیلایەتیان پێك هێناو، بۆ دەربازبوونی ڕەشەکان لەکۆت و بەندی زیندانی کردن، جۆرەها چالاکیان بەئەنجام گەیاند، لەو جۆرە چالاکیانەش بریتی بوو لە دامەزراندنی کۆچنشینێك لە کەنارەکانی ئەفریقا کە ڕەشەکانی بۆ کۆچکردن بەرەو ئەو ناوچەیە بانگهێشت دەکرد. بەدامەزراندنی کۆماری لیبریا، ژمارەیەك لە ڕەش پێستەکان خۆیان بۆ گەڕانەوە بەرەو ئەفریقا ئامادە کردو بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی سەربەخۆ هان دران. چالاکیەکی دیکەی ئەم گروپە، بریتی بوو لە یارمەتیدانی ڕەشەکان بۆ ئەوەی لە ویلایەتەکانی باشوورەوە هەڵبێن، کەبەچالاکی ((هێڵی ئاسنی ژێر زەمینی)) ناو بانگی دەرکردو توانی پێداویستیەکانی هەڵهاتن بۆ زیاتر لە هەشتا هەزار کۆیلە بەرەو ویلایەتەکانی باکوور و کەنەدا فەراهەم بکات .

بەڵام هەر ئەندازە ویلایەتەکانی باکوور چالاکیەکانی دژ بەکۆیلایەتیان زیاتر دەکرد، باشووریەکان لەسەر پاراستن و پاسەوانی کردنی ئەم سیستەمە زیاتر سوور دەبوون. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم، بە پەرە سەندنی سنوری وولایەتەیەکگرتووەکان تا کەنارەکانی ئۆقیانوسی ئارام و لکاندنی ویلایەتەنوێیەکان، مەسەلەی کۆیلایەتی بوو بە مەسەلەیەکی سیاسی و ، بابەتی دابەش کردنی ویلایەتەکانی باشوور و درووستکردنی حکومەتێکی جودای هێنایە پێشەوە.

دەر ئەنجامی ئەو ڕووبەڕووبوونەوە سەربازیە و شەڕی ناو خۆش، هەمووی لە پێناو پاراستنی یەکێتی ویلایەتەکان و بەهێزکردنی سیاسەتی ئەمریکا بوو:

قەیرانە ناوچەییەکان:١٨٤٨ ـ ١٨٦١

لکاندنی ناوچە نوێیەکان و پەرەپێدانی ئەو زەویەی کە فراوانیەکەی لە هەموو ئەورووپای ڕۆژئاوا زیاتر بوو، بەدڵنیاییەوە چەندەها گرفتی کۆمەڵایەتی و ئابوری نوێی هێنایە کایەوە. ناوچە جۆراو جۆرەکان، لە ڕوی شوێنی جوگرافی و سیستەمی ئابوریەوەجیاواز بوون. لایەنی ئابوری گرنگترین خاڵی ناکۆکی نێوان باکوروو باشوریوو ئەمەش جیاوازی بیروباوەڕی سیاسی

نێوانیانی لەگەڵ خۆی دەهێنا. ویلایەتەکانی باشوور بەروو بومی لۆکەی خۆیان بۆکارگەکانی ڕستن و چنینی ئینگلیز دەناردو بۆ کڕین ئامێرەپیشەسازیەکانیان پێویستیان بە بازاڕەکانی ئەورووپا هەبوو.

ویلایەتەکانی باکووریش کە خۆی بۆ خۆی خاوەنی چەندەها کارگەی جۆربەجۆر و بەرهەم هێنەری بەرووبومی پیشەسازی بوو، پێویستیەکی زۆری بە پشتیوانی دەوڵەت لە دانانی باجی گومرگ و باجی گشتی هەبوو بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ بەرووبومی هەرزانی ئەورووپیدا ڕکەبەری بکات. کارگەکانی ویلایەتەکانی باکوور و ڕۆژهەلات، بەرووبومی سەرەکی ناوچەکانی ڕۆژئاوایان دابین دەکرد و ویلایەتەکانی ڕۆژئاواش بەروو برومە کشتوکاڵیەکانی خۆیان لە ناوچەکانی باکور و ڕۆژهەلاتدا نمایش دەکرد. دانانی باجی گومرگ لە ویلایەتەکانی باشوور قازانجێکی ئەو توۆی نەدەبوو، لەبەرئەوە نوێنەری ئەو ویلایەتانە لەکاتی پێشنازکردنی ئەو جۆرە باجە لەکۆنگرێسدا بەتوندی نارەزایان لەسەری دەبری. ئەم کێبڕکێ و جیاوازی بیروڕایە مەسەلەی ((بنەمای هەڵوەشانەوەی)) هێنایەکایەو، ویلایەتەکانی باشوور هەر لەبنچینەدا بەرامبەر بەدەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵ بۆ دانانی ئەم جۆرە یاسایانە بەدگومان بوون.

مەسەلەی کۆیلایەتی بەچاندنی لۆکە ڕەواجی زیاتری پەیدا کرد و بەپەرەسەندنی زەویە کشتوکاڵیەکان، بازاڕەکانی کڕین و فرۆشتنی ئەم بەروویبومە پەرەیان سەند. ویلایەتەکانی باشوور لەڕووی سیاسیشەوە داوای پاراستنی سیستەمی کۆیلایەتیان دەکرد. پاش دەرکردنی قانوونی ئەساسی، هەرچەندە کۆیلەکان وەك هاوڵاتیەکی ئەمریکی دانیان پێدا نەنرا، بەڵام بەپێی ئەو یاسایانە هەر کەسێکی ئازاد بەرامبەر سێ کۆیلە لەڕووی مافی دەنگدان و دانی باج و سەرانەوە حیسابی بۆ دەکرا. هەرچەندە کۆیلەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەیاندەتوانی لەهەڵبژاردندا بەشداری بکەن، بەڵام هەر ویلایەتێك کەکۆیلە نشین برایە و دانیشتوانێکی زیاتری هەبوایە، دەیتوانی ژمارەی نوێنەرەکانی خۆی لەکۆنگرێسدا زیاد بکات. ویلایەتەکانی باشووریش کە ئەم قانونەیان بەدەستکەوتێکی سیاسی بۆ خۆیان دەزانی، ئەیان دەویست بەلکاندنی ویلایەتە نوێیە بێ کۆیلەکان، شوێن پێی سیاسی خۆیان لەکۆنگرێسدا لەدەست بدەن و ببنە دەسەڵاتێکی کەمینە. کاتێك ویلایەتی میسۆری داوای لکاندنی بەویلایەتە یەکگرتووەکانەوە دەکرد، بۆ یەکەمین جار مەسەلەی کۆیلایەتی وەك مەسەلەیەکی سیای خرایە ڕوو. ئەم مەسەلەیە مشت و مڕێکی زۆری نێوان ئەندامانی کۆنگرەی لێکەوتەوە و، دواتر بەپێشنیازی ((دانوسانی میسۆری)) لەساڵی ١٨٢١کۆتایی پێهات. بەپێی ئەم ڕێککەوتنە

میسۆری وەك ویلایەتێکی کۆیلەدار بەیەکیەتی فیدراڵیەوە لکێنرا و مین وەك ویلایەتێکی ئازاد و بێ کۆیلە هاوکات دانی پێدا نرا. هەرلەو کاتەوە کەلێنی سیاسی نێوان باکوور و باشور ئاشکرا کراو، بەپێی ڕێککەوتن نامەی ((گوادولوپ هیدالگۆ)) لەکاتی لکاندنی زەویە تازەکانی ڕۆژئاوا، بەشێوەی ویلایەتێکی نوێ، ئەم مەسەلەیە دووبارە سەری هەڵدایەوە. پلانی دانوسان کەلەلایەن یەکێك لە نوێنەرانی کۆنگرێسەوە بەناوی ((هێنری کلی)) پێشنیاز کرا، لەساڵی ١٨٥٠ ڕەزامەندیان لەسەر دەربڕی. بەپێی ئەم پلانە بڕیاردرا کالیفۆڕنیا ببێتە ویلایەتێکی ئازاد و، بەشێك لەتەکزاس بخرێتە سەر نیو مەکسیکۆ، یوتا و نیو مەکسیکۆ سیستەمی کۆیلایەتی لەو ویلایەتانە پەرە پێنەدەن، سەبارەت بەلکاندنی ئەم ویلایەتانە بەیەکیەتی فیدراڵەوە، خۆیان بڕیار بدەن و کۆیلایەتی لەشاری واشنگتۆندا قەدەغە بکرێت. بەدوادا چوونی کۆیلە هەڵاتوەکان و گەڕاندنەوەیان بۆ باشوور کە ئاواتی باشوریەکان بوو، بڕیاری لەسەر درا. بەڵام ئەم پلانی دانوسانە ڕێگاچارەیەکی بنچینەیی نەبوو. ویلایەتەکانی یوتا و نیومەکسیکۆ، بۆ دیاریکردنی بابەتی کۆیلایەتی ئازادیەکی تەواویان پێدرا، بەدوادا چوونی کۆیلە هەڵهاتووەکان غەیرە مومکن دەهاتە بەرچاو ـ چونکە ژمارەیەك لەم کۆیلانە ساڵانێکی دووروودرێژ لەویلایەتەکانی باکوور ژیابوون و خێزانیان پێك هێنابوو. لەگەڵ ئەوەشدا هەمرو ئەو هەنگاوانەی کەبۆ گەڕاندنەوەیان بۆ باشوور جێبەجێ کران، تەنها پەرەسەندنی چالاکیەکانی ڕێکخراوی ((هێڵی ئاسنی ژێرزەمینی)) بەداودەهات، کەبەویەری شەوق و زەوقەوە هۆکارەکانی هەڵهاتنی کۆیلەکانی فەراهەم دەکرد. یەکێك لەو کەسانەی کە چالاکانە لەم بەرنامەیەدا بەشداری دەکرد، لەپاسای بەدواداچوونی کۆیلە هەڵهاتووەکان هەڵگەڕایەوەو، کتێبێکی بڵاوکردەوە کەسەرنجی تێکڕای ئەمریکیەکانی بەرەو ژیانی ڕەشەکان ڕاکێشا. کتێبی ((کۆڵێتی مامەتام)) بەپێنووسی کەسێکی شۆڕشگێڕ بەناوی ((هاریت بچراستۆ))، بلیمەتی، بەدبەختی و بەندکردنی کۆیلەکانی شیکردەوە و کۆیلایەتیشی لەڕووی ئاکاری و مرۆڤایەتی یەوە مەحکوم کرد. بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە لەساڵی ١٨٥٢ کاریگەریەکی زۆری لەسەر ڕاکێشانی سەرنجی گشتی بۆ مەسەلەی کۆیلایەتی هەبوو.

دروستکردنی هێڵی ئاسن لەناوچەکانی ڕۆژئاوا، یەکێکی تربوو لەو مەسەلانەی کە قەیرانە ناوچەییەکانی زیاتر ئاڵۆز کرد. بەشێوەیەکی گشتی لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم، بەپەرەسەندنی ویلایەتەکانی ڕۆژئاوا، دەستبەسەرداگرتنی ناوچە نوێیەکان، دۆزینەوەی زێڕ لەکالیفۆڕنیا و لێشاوی کۆچکردن بەرەو ئەمریکا ـ درووستکردنی ڕێگاو هێڵی ئاسن بەخاڵێکی

هەرەگرنگ و پێویست دەژمێررا. بەمەبەستی پەرەپێدانی لایەنی ئابووری، دروستکردنی هێڵی ئاسنی سەرتاسەری خرایە بەرباس و لێکۆڵینەوە و بۆ ڕاکێشانی هێڵی ئاسن لەشیگاگۆوە بۆ ئۆقیانوسی ئارام، یەکێك لەنوێنەرانی ویلایەتی ئیلی نوا بەناوی ((ویلیام داگلاس)) پێشنیازی کرد کەهەر دوو ویلایەتی نوێی کانزاس و نبراسکا لەناوچەی بەرفراوانی لئونزیانا جیابکرێتەوە و هێڵی ئاسن لەم ویلایەتە تازە دامەزراوانە تێپەڕێت و بەرەو ڕۆژئاوا بکشێت. بەهۆی پێشنیازەکەی ((داگلاس))ەوە پلانێکی ناسراو بەناوی ((یاسای کانزاس و نبراسکا))خرایە پێش چاو، کەتیایدا بڕیاردرا بەدرووستکردنی دوو ویلایەتی نوێ و دانیشتوانەکەشی مافی ئەوەیان هەبوو کەدەربارەی مەسەلەی کۆیلەداری یان ڕەتکردنەوەی ئەو سیستەمە خۆیان بڕیار بدەن. لایەنگرانی کۆیلایەتی و ئەوانەش کەڕەتیان دەکردەوە هەستیان بەچالاکی کردوو ژمارەیەکی زۆر لەخاوەن کۆیلەکان لە کانزاس جێگیر بوون و سنووری ناکۆکیەکان زیادی کرد. ((جۆن براون)) کە یەکێك بوو لە خەباتگێڕە سپی پێستە دەمارگیرەکان، دژ بەم سیستەمە دەستی بە کوشتاری سپی پێستەکان کرد و بەهۆی ئەم کارەیەوە لەو ویلایەتە دوور خرایەوە و لەساڵی ١٨٥٩ لەگەڵ ژمارەیەك لەشوێنکەوتوانی، هێرشێکی کردە سەر بنکەیەکی چەك و تەقەمەنی لە((هارپر زفری))لەویلایەتی ڤێرجینیا و دەستی بەسەردا گرت، ڕۆژێك دوای ئەو ڕوداوە دەست گیر کراو لەبەر ئەو کارانەی سزای سێدارەدانی بەسەردا سەپێنرا. ڕووبەڕووبوونەوەکانی نێوان هەردوو دەستەی لایەنگر و نەیارانی کۆیلایەتی لە کانزاس، نیشانەیەکی دیکە لەو ناکۆکیە بنچینەییەی نێوان باکوور و باشوورە. ئەو گروپە جۆراوجۆرانەی کە نەیاری کۆیلایەتی بوون، بۆ ئامانجێکی هاوبەش پێکەوە کۆبونەوە و حیزبێکی نوێیان دروست کرد کە بە حیزبی ((کۆماریخواز)) ناوبانگی دەرکرد.

لەو بابەتانەی کە پاش مەسەلەی کانزاس و نبراسکا هات و هاوارێکی زۆری نایەوە. داستانی ((دەرد سکات))ی ڕەش پێستێکی ئەهلی میسوری بوو. لەگەڵ خاوەنەکەی بەرەو ئیلی نوا، ویلایەتی ئازاد و بێ کۆیلە سەفەری کردبوو. پاش ساڵانێکی دووروودرێژ بەرەو میسوری گەڕایەوە و سکاڵایەکی پێشکەش بە دادگا کرد و داوای ئازادی کرد.((سکات)) لە داواکەیدا ئاماژەی بەوە کرد، کەپاش نیشتەجێ بوونێکی دووروودرێژ لە ویلایەتێکی ئازاد، ئەرکەکانی (وەك کۆیلەیەك) لە خۆیانەوە هەڵوەشاونەتەوە. دادگای میسوری سکاڵاکەی سکاتی بۆ دادگای باڵا بەرز کردەوە. بۆچونی دادوەرەکانی دادگای باڵا بەم شێوەیە بوو، کەلەبەر ئەوەی بەپێی یاسا کۆیلەکان هی خاوەنەکانیانن و لەمافەکانی پەنا بەریەتی ئەو وڵاتە

بێبەشن، کەواتە ناتوانن سکالاکانی خۆیان بۆ دادگای بالاّ بەرز بکەنەوە. لەکاتێکدا کە ژمارەی ڕەشپێستەکان (سێ ڕەش پێست بەرامبەر بەیەك سپی پێست) لەسەر ژمێریەکانی کاتی هەڵبژاردندا تۆمارکرابوو، ئەم بڕیارەی دادگا بەبڕیارێکی نامەنتیقی دەهاتە بەرچاو. لەسەر ئەم مەسەلەیە گفتوگۆیەکی زۆر ئەنجام درا.

لەساڵی ١٨٥٨، ئەوکاتەی کە ((داگلاس)) بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سیناتۆری لە ویلایەتی ئیلی نوا هوڵی دەدا، ڕوبەڕووی ناڕەزاییی یەکی توندی ((ئابراهام لینکلن))ی پارێزەر بوویەوە. ((لینکلن))ناوبراوی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر مەسەلەی کۆیلەداری بانگهێشت کرد. گفتوگۆی ئەم دوو سیاسەت مەدارە سەبارەت بە ((دەرد سکات)) جارێکی دی جیاوازی بیروڕای لەسەر بنەمای کۆیلایەتی هێنایە ئاراوە. ((داگلاس)) کەوتە مەوقیفێکی سیاسیەوە، ئەگەر دەیووت بڕیاری داگای بالاّ دادوەریەکی ڕاست و درووست نەبووە، باشووریەکانی لەخۆی دەڕەنجاند و بەپێچەوانەشەوە، لایەنگرانی هەڵوەشانەوەی کۆیلایەتی و ئەندامانی حزبی تازەدامەزراوی کۆماریخواز لێی زویر دەبن و ناڕەزاییان لەسەری دەردەبڕی. وەلامی ((داگلاس)) ئەوەبوو، کەئەگەر دام و دەزگای حکومەتی مەحەلی و ویلایەتی پشتیوانی لەکۆیلەداری نەکەن، سیستەمی کۆیلەداری بەردەوام نابێت و بەم پێیەش بەبێ ئەوەی بڕیاری دادگای بالاّ هەڵبسەنگێنێت، مەسەلەی دەسەلاّتی حکومەتی ویلایەتەکانی هێنایە پێشەوە. هەرچەندە ناوبراو لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی١٨٥٨ سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەلاّم گفتوگۆ سیاسیەکانی نێوان ئەم دوو سیاسەتمەدارە بووە هۆی ناوبانگ دەرکردن ((لینکلن)) و لەهەڵبژاردنەکانی ١٨٦٠ ، لینکلن بەو پێشینەیەی کە دەربارەی کۆیلایەتی و لایەنگری هەڵوەشانەوەی ئەو سیستەمە بەدەستی هێنا بوو، توانی متمانەی زۆرینەی ئەندامانی حزبی کۆماریخواز بەدەست بهێنێت و لەلایەن ئەم حیزبە تازە دامەزراوەوە بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری کاندید بکرێت.

بەدرێژایی ماوەی گفتوگۆکانی هەڵبژاردنی ١٨٥٨، ((لینکلن)) وەك سیاسەتمەدارێکی بەرگریکاری مافی ڕەشەکان ناوبانگی دەرکرد. ئەو لەیەکێك لەووتارەکانیدا ڕایگەیاند :((ماڵێك لەنێوان ئەندامەکانیدا دوبەرەکی و پەرتەوازەیی هەبێت، بەردەوام نابێت. دەوڵەتێك بەبارودۆخێکی نیوە کۆیلە و نیوە ئازاد ناتوانێت بەردەوام بێت. من ناڵێم کە یەکیەتیەکەی ئێمە هەڵوەشێتەوە و ئەم ماڵەمان بتەقێنرێتەوە. بەلاّم دەڵێم کەپێویستە دووبەرەکی و جیابوونەوە تیایدا کۆتا و باری خۆی بپێچێتەوە.)) لەوتەیەکی تریدا جەختی لەسەر ئەو یەکسانیە کردەوە کە کۆمەڵگە لەڕووی هەلومەرج و پێداویستیەکانەوە دستە بەری کردبوو،

ئاماژەشی بەوە کرد کە:((رەش پێست لەگەڵ مندا یەکسان و هاوسەنگ نیە، ڕەنگی دەم و چاوی ئێمە جیاوازە و لەوانەشە لەڕووی ئاکار و فیکریشەوە جیاوازیەك هەبێت، بەڵام ڕەش پێست لەمافی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی مووچە و پشت بەستن بەووزەی خۆی لەگەڵ مندا یەکسانە و لەگەڵ هەموو مرۆڤایەتیشدا یەکسانە.)) لەکاتی کێبەرکێکانی هەڵبژاردندا، ((لینکلن)) جەختی لەسەر پاراستنی یەکگرتوویی ویلایەتەکان کردەوە ـ بەپێی لەبەرچاو گرتنی تاك بەرامبەر بەتاك، نەژادێك بەرامبەر نەژادێکی دیکە ـ لەو ڕووەوە کە ((خەڵکی ئەم زەویە پان و بەرینە یەکبگرن و بەسەربەرزی ڕای بگەیێنن کە هەموو تاکەکان و مرۆڤایەتی بەیەکسانی دروستکراون و خاوەنی مافی یەکسانی خۆیانن.))

لەهەڵبژاردنەکانی ١٨٦٠دا، ((ئابراهام لینکلن)) پارێزەری ویلایەتی ئیلی نوا وەك یەکەمین کاندیکرای حیزبی کۆماریخواز بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری هەڵبژێردرا.

لەم سەردەمەدا یەکیەتی فیدراڵ لەهەژدە ویلایەتی ئازاد و پانزە ویلایەتی کۆیلەدار پێکدەهات. لەو هەڵبژاردنەدا تەواوی ویلایەتە ئازادەکان دەنگیان بە ((لینکلن)) داو لەبەرامبەردا، زۆرینەی ویلایەتەکانی باشوور دژ بە سەرۆکایەتیەکەی وەستانەوە. لەسەرتاسەری ویلایەتەکانی باشوور ((لینکلن)) تەنها بیست و چوار هەزار دەنگی بەدەست هێنا. سیاسەتی ناوبراو بۆ پاراستنی یەکرێزی و یەکیەتی ویلایەتەکان بوو، هەروەها لایەنگری ئەو بۆ ئازادکردنی کۆیلەکان و سەرکەوتنی ناوبراو، قەیرانی سیاسی ئەمریکای ئاشکرا کرد. باشووریەکان هەڵبژاردنی ((لینکلن)) یان بەمەترسییەکی گەورە لەسەربەخۆیی خۆیان دەزانی، چونکە ((لینکلن)) لەڕاستیدا نوێنەری تێکڕای ویلایەتەکانی باکوور بوو، (لە٩٩٪ی دەنگەکانی خۆی لە ویلایەتە ئازادەکاندا کۆکربوویەوە)، لەبەر ئەوە ویلایەتەکانی باشوور بڕیاریاندا جیاببنەوە. هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری، وەك نەریتێك لەمانگی نۆڤەمبەردا ئەنجام دەدرێت، بەڵام سەرۆك کۆماری نوێ بەشێوەیەکی ئاسایی لەمانگی مارچدا کاروبارەکان دەگرێتە دەست. لەماوەی ئەم چوار مانگەدا، ویلایەتەکانی باشوور پلانەکانیان بۆ جیاکردنەوەی خۆیان لەگەڵ یەکیەتی فیدراڵ دارشت. بەڵگەشیان ئەوەبوو کەلەبەرئەوەی لەکاتی پەیوەندی کردنیان بەیەکیەتی دەوڵەتی فیدراڵیەوە تەواوی ماف و ئازادیەکانی خۆیان پاراستبوو و بە پارێزکاریکردن لەم مافەنە بووەنەتە ئەندام لەم یەکیەتیەدا، واتە هەرکاتێك کەسایەتی دەوڵەتی فیدراڵی پێچەوانەی بەرژەوەندیەکانیان بێت، ئەوا دەتوانن لەو یەکیەتیە پاشەکشێ بکەن. لەمانگی فێبریوەری ساڵی ١٨٦١، یەك مانگ پاش دەسەڵاتگرتنە دەستی ((لینکلن))

نوێنەرانی ویلایەتەکانی کارولینیای باشوور، می سی سی پی، فلۆریدا، ئالاباما، جۆرجیا، لوئیزیانا و تەکزاس لەشاری مونتگمری سەر بەویلایەتی ئالاباما کۆبوونەوە و جیابوونەوەی خۆیان لەیەکیەتی دەوڵەتی فیدراڵ ڕاگەیاند و ئەو شارەشیان وەك چەقی حکومەتەکەیان هەڵبژارد. یەکێك لەسەرمایەدارە ناودارەکانی ویلایەتی می سی سی پی یان بەناوی ((دیویس)) بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار دەستنیشان کرد. بەم شێوەیەش پێش ئەوەی ((لینکلن)) بەشێوەیەکی فەرمی دەست بەکارەکانی بکات، ویلایەتەکانی باشوور لەم یەکیەتیە جیابوونەوە.

هەموو بنکە حکومیەکانی نێو ئەم ویلایەتانە لەژێر ئاڵای کۆنفدراسیۆنی ویلایەتەکانی باشووردا یەکیان گرت. تەنها دووبنکەی سەربازی لە کارولینای باشوور لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی فیدراڵیدا مانەوە. یەکێك لەو بنکانە ناوی ((فۆرت سومتر)) بوو، کە ڕووبەڕووی پەلاماری سەربازەکانی باشوور بوویەوە. بەم دەست درێژیکردنە، شەڕی ناوخۆی نێوان باشوور و باکووریەکان دەستی پێکرد. شەڕی ناوخۆی ئەمریکا لە ئاپریلی ساڵی ١٨٦١دا دەستی پێکرد و چوار ساڵی تەواو درێژەی کێشا. پاش دەست پێکردنی شەڕەکە ویلایەتەکانی دیکەی باشووریش وەك ڤیرجینیا، تەنسی، ئاراکانزاس، کارولینیای باکوور پەیوەندیان بە کۆنفدراسیۆنی ویلایەتەکانی باشوورەوە کرد.

نووسەرانی قانوونی ئەساسی ئەمریکا لەساڵی ١٧٨٩ هەوڵیان دابوو کە دەسەڵاتێکی جوودا هێزێکی باڵا بەحکومەتی فیدراڵی ببەخشن. ئامانجیشیان ئەوەبوو کەلەکاتی پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتودا، لەنێوان ویلایەتیەکاندا هاوبەشیەك دروست بکرێت و لەهەمان کاتیشدا ویلایەتەکان بتوانن بوون و دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن. بیروباوەڕی گشتیش بەشێوەیەك بور کە تاوەکو ویلایەتەکان پێکەوە یەکگرتوو نەبن و وڵات ناتوانێت دەسەڵاتی تەواو خۆی بسەپێنێت و لەبەر ئەوەی هەموو ویلایەتەکان خاوەنی بەرژەوەندی هاوبەشن، کەواتە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان پارێزگاری لەو یەکیەتیە دەکەن. لەکاتی هەڵگیرسانی شەڕەکەدا، باشووریەکان و مەسەلەی ((بنەمای هەڵوەشانەوە))یان هێنایە باسەوە. لەواقیعیشدا چونکە بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەپێچەوانەی بەرژەوەندیەکانی ویلایەتی باکوور دەبینی، مەسەلەیەکی دیکەشیان هێنایە پێشەوە کە ئەویش ئازادی پێش یەکیەتی بوو. لەم ڕووەوە باشووریەکان باوەڕیان وابوو، کە شەڕی ناوخۆ لەسەر مەسەلەی کۆیلایەتی نەبوو، بەڵکو گرفتی سەرەکی مافی ویلایەتی لەبەرامبەر دەسەڵاتی مەرکەزی بوو و، هەر ئەمەش بووە هۆی

ئەوەی کەدەوڵەتی فیدراڵی بەیارمەتی ویلایەتەکانی باکوور شەڕەکە دەست پێبکات و ڕێگە لەجیابوونەوە و سەربەخۆی باشوور بگرێت.

مێژوونوسانی باکوور بەدانتان بەوەی کە ویلایەتەکانی باکوور هەرگیز خۆیان لەبەرامبەر ((بنەمای هەڵوەشانەوە))دا تەسلیم نەکردووە، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە سیستەمی کۆیلەداری هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆی ئەمریکا بوو. مێژوونوسانی مێژووی ئابووری بۆچوونێکی تریان هەیە، بەو واتایەی کەسیستەمی ئابووری باکوور و باشوور لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم، جیاواز لەیەکتری گۆڕانکاریان بەسەردا هات. مەترسی دابەشبوونی سیاسی و ویلایەتەکانی باشوور، بەهۆی جیاوازی سیستەمی ئابووریەوە سەری هەڵدا، کۆیلایەتی هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی شەڕەکە نەبوو، بەڵگەشیان ئەوەبوو کە ((لینکلن)) ئەوەندە مەبەستی ئازادکردنی کۆیلەکان نەبووە ـ جگە لەوەش یەك ساڵ پێنج مانگ دوای دەستپێکردنی شەڕەکە ئەوجا بڕیاری ئازادکردنی کۆیلەکانی دەرکرد.

ناکۆکی و دژایەتی نێوان هەردووجۆری سیستەمی ئابووری، واتە ڕووبەڕووبونەوەی سیستەمی پیشەسازی باکوور لەگەڵ سیستەمی کشتوکاڵی باشوور، جیاوازی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی نێوان باکوور و باشوور و، دژیەکی دووڕینگەی جیاوازی کۆمەڵایەتی، هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆی ئەمریکا بوون. بەهەر حاڵ تەنها مەسەلەی کۆیلایەتی بوو کەتەواوی ئەم جیاوازی و دژیەکیەی ئاشکراکرد. دەرئەنجامە سیاسیەکانی پەرەسەندنی سنوورەکانی ئەمریکا، تانۆقیانوسی ئارامیش هەر کاریگەری خۆی هەبوو ـ هەرچەندە ئەو کاریگەریە کەمیش بووبێت. بەپیشەسازی بوونی ویلایەتەکانی باکوور و ڕۆژئاوا، دەسەڵاتی مەحەلی لە ویلایەتەکانی باشوورەوە بۆ باکوور دەگوازرایەوە. هاوکات لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانە، بوونی یەکیەتیەکی بەهێز و حکومەتێکی مەرکەزی زلهێز، زۆر بەپێویست و زەروور دەژمێررا، شەڕی ناوخۆ لەپێناوی پاراستنی یەکیەتی سیاسی، یەکڕیزی ئابووری و لەناوبردنی دژیەکی و کۆمەڵایەتی نێوان باکوور و باشوور ڕویدا.

شەڕی ناوخۆی ئەمریکا هاوکات لەگەڵ بەلووتکە گەیشتنی هەستی ناسیۆنالیزمی لە ئەورووپا دەستی پێکرد.

لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، ناسیۆنالیزم هۆکاری سەرەکی یەکیەتی و یەکڕیزی نێوان ئەو میللەتانە بوو، کەهەریەکە و لەبەر هۆکارێکی سیاسی پێکەوە یەکیان نەگرتبوو. یەکیەتی ئیتالیا بەڕابەرایەتی ((کاڤور)) و ((گاریبالدی)) و یەکگرتویی ئەڵمانیا

بەسەرکردایەتی((بسمارك)) لەساڵەکانی نێوان١٨٦٠-١٨٧٠ ئەنجام درا. لەئەمریکاش مەترسی هەڵوەشانەوەی یەکڕیزی و یەکیەتی ویلایەتەکان بوو کە ئەو شەڕە درێژخایەنەی لێکەوتەوە.

شەڕی ناخۆی ئەمریکا چوارساڵی خایاند لە١٨٦١-١٨٦٥. ئاگری شەڕ سنووری هەموو ویلایەتەکانی بەزاند. لەکۆی چواردە ملیۆن پیاوی ئازاد، دوومیلیۆن و هەشت سەد هەزار کەسیان لەڕیزەکانی سوپادا خزمەتیان دەکرد. هێزەکانی باکوور بەدرێژایی ماوەی شەڕەکە لەو سەربازانە پێکدەهاتن کەبە شێوەیەکی خۆبەخش پەیوەندیان بەسوپاوە کردبوو، چونکە تائەو کاتەش خزمەتی سەربازی و بەزۆر سەربازی کردن لەنێو ویلایەتەکانی باکووردا باو نەبوو. لەکۆی ئەم ڕێژەیە ژمارەی سەربازەکانی ویلایەتەکانی باکوور دووملیۆن و هەشت سەد هەزارەکەی دیکە بۆ بەرژەوەندی ویلایەتەکانی باشوور شەڕیان دەکرد.

لەسەرەدەمی ئاشتیدا ژمارەی سەربازەکانی ئەمریکا لە سیانزە هەزار کەس تێپەڕی نەدەکرد. لەڕووی مەشقی سەربازیشەوە ئەزموونێکی وەهایان نەبوو کە شایەنی باسکردن بێت. ئەم شەڕە بۆ هەردوولا شێوازێکی ئەزموونی هەبوو. زۆربەی ئەو سەربازانەش کە پەیوەندیان بەهەردوولاوە دەکرد، خۆبەخش بوون، لەپاش دووساڵی یەکەمی شەڕ یاسایەك تایبەت بەسەربازگرتن دەرکرا. پاش دەرچوونی یاسای سەربازگیری، ئەو کەسانەی کە نەیان دەویست لەشەڕەکەدا بەشداری بکەن بەتەرخان کردنی بڕی سێ سەد دۆلار دەیانتوانی لەشەڕەکە خۆیان بەدوور بگرن. زۆرێك لەڕەش پێستەکان پاش ڕاگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی لەساڵی١٨٦٣، بەشێوەیەکی خۆبەخشانە چوونە نێو ڕیزەکانی سوپای باکوورەوە. زۆربەی کۆچکەرە تازە هاتووەکانی ئەڵمانیا، ئێرلەندا، ئەسکەندەنافیاش ئامادەی خزمەتی سەربازی و سەلماندنی هەستی نیشتیمانپەروەری خۆیان بوون. ژمارەی کوژراوەکان زۆر زۆربوو ـ زیاترلە ٢٠٪ی تێکڕای سەربازەکان بوونە قوربانی. هەڵوێستی قارەمانانەی هەزاران ژن و پیاوی خۆبەخش چ لەڕووی پەرەستاری و تیمارکردنی سەربازان و چ لەبەرەکانی شەڕدا بەڕادەیەك بوو کە ڕەنگی ئەفسانەی بەخۆوە گرتبوو.

لەسەرەتای شەڕەکەوە بەئاشکرا هەست بەبەهێزی باکوورییەکان دەکرا، هەم لەڕووی ژمارەی سەربازەکان و هەم لەڕووی دەسەڵاتی ئابوورییەوە. ڕێژەی سپی پێستەکانی نیشتەجێی ویلایەتەکانی باشوور کەمێك زیاتر بوون لەپێنج ملیۆن کەس، لەکاتێکدا کە ئەم ڕێژەیە لە باکووردا گەشتبوویە نۆ ملیۆن کەس. لەڕووی ئابووریشەوە ژمارەی کارگەکانی باکوور چوار

ئەوەندە و ڕێژەی بەرهەمهێنانیان شەش ئەوەندەی ویلایەتەکانی باشوور بوو. لەڕووی هۆکارەکانی پەیوەندیکردن و گواستنەوەشەوە، باکوورییەکان ئاستێکی بەرزتریان هەبوو، زۆربەی تۆڕی هێڵەکانی ئاسن لەباکووردا ڕاکێشرابوون و ڕێگا سەرەکییەکانی پەیوەندی کردنی ناوچەکان لەدەست ویلایەتەکانی باکووردا بوون. هێڵەکانی ئاسن لەگواستنەوەی ئازوقە و تەقەمەنیدا ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکیان لەدیاریکردنی ئاڕاستەی شەڕەکەدا دەگێڕاو بۆیەکەمین جار لەمێژووی شەڕەکاندا سوود لەهێڵەکانی ئاسن وەرگیرا.

شکست هێنانی ویلایەتەکانی باشوور لایەنێکی غەیرە سەربازی پێوە دیار بوو، چونکە باشوور نەیتوانی دام و دەزگایەکی ئابووری بەهێز بۆ کاتی شەڕەکە پێکەوە بنێت. ناوچە پیشەسازییەکانی باکوور بەدەست پێکردنی شەڕ کارگەکانی خۆیان زیاتر پەرە پێدا، بەڵام لەبەرامبەردا کشتوکاڵی باشوور پێویست بەدوو شتی سەرەکی هەبوو: کڕینی بەرووبوومی پیشەسازی بەتایبەت بەرهەمی پیشەسازی کارگەکانی ئینگلتەرا و زیاد کردنی بەرووبوومی کشتوکاڵی بۆ بەدەست هێنانی ئازوقە و سوود وەرگرتن لەهۆکارەکانی گواستنەوە، بەڵام نەیتوانی بەهیچ کامیان بگات. لەلایەن حکومەتی فیدراڵیشەوە کەنارەکانی باشوور گەمارۆی ئابووری خرایە سەر و ڕێگەیان لەهاتووچۆی ئەو کەشتیانە دەگرت کە بەرووبوومی لۆکەیان بۆ ئەوروپا دەگواستەوە، ئەوانەش کە شتومەك و تەقەمەنی، داو دەرمان و پێداویستەپزیشکیەکان و کەلوپەلی دیکەیان بەرەو باشوور دەهێنا. دەوڵەتی ئینگلیزیش هیچ نارەزاییەکی لەسەر ئەم سیاسەتەی حکومەتی فیدراڵی دەرنەبڕی. کڕینی چەك و تەقەمەنی لەلایەن هێزەکانی باشوور لەووڵاتی ئینگلیز، سوود و قازانجێکی زۆری بەدەوڵەتی ئینگلیز گەیاند. لەلایەکیشەوە هەست و سۆزی دژ بەکۆیلایەتی، کۆسپێکی گەورەی لەبەرامبەر لایەنگیری ئەو ووڵاتەدا بۆ باشوورییەکان درووست کردبوو. هەرلەبەر ئەم هۆیەش بوو حکومەتی ئینگلیز لەشەڕی ناوخۆی ئەمریکادا بێلایەن مایەوە و باشووریش لەگەڵ قەیرانی ئابووریدا دەست بەیەخە بوو ـ قەیرانێك کە لێ دەربازبوونی زۆر ئەستەم بوو.

ئەگەر چارەنوسی شەڕکە بەخێرایی ڕوون دەبویەوە و ماوەکەشی کورت خایەن بوایە، لەوانەبوو باشوورییەکان سەرکەوتنیان بەدەست بهێنایە. بەڵام بەدرێژبوونەوەی ماوەی شەڕەکە، ئامادە باشی ویلایەتەکانی باکوور، لاوازی ئابووری باشوور، شکستی باشوورییەکان مسۆگەر بوو و لەسەر ئەنجامدا هێزەکانی باشور بەسەرکردایەتی ((رابێرت ئی لی)) لەئاپریلی ساڵی١٨٦٥دا خۆیان تەسلیمی سوپای باکوور کرد و شەڕی ناوخۆ کۆتایی پێهات.

شەڕی ناوخۆ چەند دەرئەنجامێکی گرنگی لێکەوتەوە. هیچ کارەساتێك وەك ئەم ڕووداوە کاریگەری لەسەر بەهێزبوونی هەستی نەتەوایەتی و یەکگرتوویی سیاسی ئەمریکا نەبووە. ((ئەمرسۆن)) نووسەری بەناوبانگی ئەمریکی، شەڕی ناوخۆی بەهۆکاری بەهێزبوونی هەستی نیشتیمان پەروەری و نەتەوایەتی و ئەمریکیەکان ناوبرد:((پێش شەڕی ناوخۆ هەستی نیشتیمانپەروەری و نەتەوە خوازی لەرێزگرتنی ئالآوە یادی یاریە ئاگرینیەکان و بۆنەکاندا کورت دەکرایەوە، بەڵام دڵێری ملیۆنەها ژن و پیاو، کوژرانی هەزاران کەس لەپێناو پاراستنی یەکیەتی و یەکرێزی وولآتەکەیان، واتایەکی نوێ و واقیعی بەچەمکی نیشتیمان پەروەری بەخشی.)) ((ئۆلیڤەر فندل هولمز)) دادوەری ناوداری ئەمریکی، سەبارەت بەم شەڕە ڕوونی کردەوە:((ئیمە لە تەمەنی لاویەتیدا بەختەوەر بووین کە دڵمان بەئاگری نیشتیمان پەروەری ڕووناك بوویەوە و فێریش بووین کەژیان گەورە و شکۆمەندە.)) بلآوکردنەوەی بابەتە جۆراوجۆرەکان دەربارەی شەڕی ناوخۆ، نیشانەیەکی گەورەیە لەسەر ئەم هەستە نەتەوایەتیە. لەماوەی شەڕی ناوخۆ تاکۆتایی سەدەی نۆزدەیەم زیاتر لەپێنج سەد کتێب دەربارەی ئەم ڕووداوە بلآوکرانەوە. دوو کتێبی بەناوبانگ کەتائێستاش لەریزی پڕ فرۆشتنی کتێبەکانی ئەمریکادان، لەلایەن دوونوسەری ئافرەتەوە نوسراون و هەردووکیان پەیوەندیان بەشەڕی ناوخۆی ئەمریکاوە هەیە. یەکێکیان ((کۆڵێتی مامە تام)) ئەوی تریان ((بەباد چوو))ە، کەیەکەمیان باس لەهۆکاری شەڕەکە دەکات، ـ واتە مەسەلەی کۆیلایەتی ـ و ئەوی دی لەسەر چارەنوس و ئەنجامی شەڕەکە لەباشووردا ـ واتە کۆتایی سەردەمی ئابووری کشتوکاڵی ـ دەدوێت.

شەڕی ناوخۆ بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا هێزی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و مەرکەزیەتی ئابووری باکووری بەرز کردەوە، هەروەها دەسەلآتی سیاسی دەوڵەتی فیدراڵیشی زیاتر کرد، سەلماندنی حکومەتە ویلایەتیەکان بەتەنهایی ناتوانن گرفتە ئابووری و قەیرانە سیاسیەکان چارەسەر بکەن. ئامانجی شەڕ، درووستکردنی یەکیەتیەکی کامڵی لەنێوان ویلایەتەکان و ئازادی کۆیلەکان بوو. خودی ((لینکۆلن)) باوەڕی وابوو کە یەکیەتی نێوان ویلایەتەکان بەپاراستنی سیستەمی کۆیلەداری دەستە بەر ئابێت، بەڵام بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە جەنگ و ڕاکێشانی هاوکاری ویلایەتەکانی باشوور، بەووردی بەدوای ئەم ئامانجە دەکەوێت. یەك ساڵ و پێنج مانگ پاش دەستپێکردنی شەڕەکە ((لینکۆلن)) ئازادی کۆیلەکانی لەساڵی ١٨٦٢ ڕاگەیاند، جەختی کردەوە کەلە سەرتای جێنیوەری ١٨٦٣ بەو لاوە هەموو کۆیلەکانی نێو ئەو ویلایەتانەی کەسیستەمی کۆیلایەتیان تێدا باوە ئازادن. جگە لەوەش بۆ ئەوەی ڕێگای

دانوسان و ئاشتبوونەوە لەگەڵ باشوورییەکاندا بەکراوەیی بێنێتەوە، پێشنیازێکی خستە بەردەمیان کە ئەگەر لەماوەی نەوەد ڕۆژدا پەیوەندی بکەنەوە بەیەکێتی فیدراڵییەوە، دەتوانن کۆیلەکانی خۆیان بهێڵنەوە و تەنانەت داوای لێکردن کە بەزیادکردنی بڕگەیەك بۆ قانوونی ئەساسی، ئازادی کۆیلەکان زۆر بەهێواشی و وردە وردە تا ساڵی ١٩٠٠ بکەوێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە. بەڵام ئەم پێشنیازە لەکۆتاییدا ڕەتکرایەوە، دواتر ویلایەتەکانی باشوور کە سووربوون لەسەر شەڕ کردن، بەهیچ جۆرە پێشنیازێکیان بۆدانوسان و ئاشتبوونەوە قەبوڵ نەدەکرد. لەکۆتاییداو بەشکست خواردنی باشوورییەکان لەساڵی ١٨٦٥، هەڵوەشانەوەی کۆیلایەتی جێبەجێکراو بەزیادکردنی بڕگەی سیانزەی قانوونی ئەساسی کۆیلایەتی لەهەموو ویلایەتەکانی ئەمریکا سڕایەوە.

سیاسەتی ئابووری ((لینکلن))، هاندانی سەرمایەگوزاری تایبەت و دانانی باجی قورسی گومرگی بۆ پشتیوانی کردنی بەرهەمی ناوخۆبوو. پلانی دروستکردنی هێڵی ئاسنی سەرتاسەری ئەمریکا لەساڵی ١٨٦٢ لەلایەن کۆنگرێسەوە بڕیاری لەسەر دراو بەپشتیوانی و پشتگیری دەوڵەت و سەرمایەگوزاری تایبەتی لەساڵی ١٨٦٩ جێبەجێکراو ناوی هێڵی ئاسنی ((پاسیفیك))ی لێنرا. دامەزراندنی سیستەمێکی بانکی نوێ لەو پڕۆژانەبوو، کەلەلایەن حکومەتی کۆماریخوازەکان و ((لینکلن))ەوە پێشنیاز کرا لەڕووی ئابوورییەوە. بیرۆکەی دامەزراندنی بانکێك کە مەرکەزیەتێکی زیاتر و دەسەڵاتێکی دارایی فراوانتری هەبێت لەساڵی١٨٦٣، دروستکردنی بانکی میللی ئەمریکای بەدوای خۆیدا هێنا. ئەرکی کۆنترۆڵکردنی بانك، دەرکردنی سکەو ڕێگە گرتن لەتزم بوونەوەی نرخی دۆلار و بەرەنگاربوونەوەی هەڵاوسانی دارایی لەبەرنامەکانی دەوڵەتی فیدراڵی بوو.

لەساڵی ١٨٤٨ ((لینکلن))، بۆ جاری دووەم بەبەدەستهێنانی زۆرینەی دەنگەکان بۆ سەرۆك کۆمار هەڵبژێررایەوە و دەورەی دووەمی سەرۆك کۆمارییەتەکەی بەهەڵبژاردنی جێگرێك بەناوی ((جانسۆن)) لەحیزبی دیموکراتی باشوور دەست پێکرد. لەمانگی ئەپریلی ١٨٦٥، هێزەکان باشوور بەفەرماندەیی جەنەراڵ ئی ـ لی خۆیان بەیەکجاری دایە دەستەوە. بەم بۆنەشەوە شاری واشنگتۆنیان لەڕۆژی سیانزەی ئاپریل بەچراکانیان ڕازاندەوە و گرووپە جۆراو جۆرەکانی خەڵك ڕژانە سەر شەقامەکان و شەوی دواتریش کەدەکاتە چواردەی ئاپریل، ((لینکلن))ی سەرۆك پاش ئەوەی بۆ سەیرکردنی شانۆییەك لەو شارە بەشداری لە شانۆگەرییەکەدا کرد، بەدەستی کەسێکی دەمارگیر بەناوی ((جۆن ویلیکس بۆت)) بەگوللە کوژرا. ((جانسۆن))ی جێگری وەك

سەرۆك کۆماری نوێ جڵەوی دەسەڵاتی گرتە دەست و مەرگی لەناکاوی ((لینکلن)) بۆ وولاتێك کەتازە بەتازە لەشەڕێکی دژوار و خوێناوی ڕزگاری بووبوو، کارەساتێکی گەورەبوو. وولاتی ئەمریکا کەوتە ژێر دەسەڵاتی کەسێکەوە کە ئەزموونێکی پێویستی نەبوو، هۆکار و پێداویستیەکانی بۆ فەراهەم نەکرابوون و لەڕاستیدا نەیدەتوانی شوێنی ((لینکلن)) بگرێتەوە و بەتایبەتی لەم ساتەدا کە [دەبوو ئەو ئەرکە گەورەیەی کە پێی سپێرراوە] وەك بژانەوەی وولات، قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی شەڕ و درووستکردنی هەماهەنگی نێوان خەڵکی ویلایەتەکان بەباشی جێبەجێ بکات، شەڕی ناوخۆ بۆ ئەمریکا چەند ئەنجامێکی لێکەوتەوە کە هەندێکیان بەسوود و هەندێکی دیکەشیان زیانبار بوون، لەلایەکەوە شەڕ یەکیەتی و ڕێککەوتنێکی بتەوی درووست کرد، لەو لاشەوە کۆمەڵێك گیر و گرفتی کۆمەڵایەتی و ئابووری زۆری بەدوای خۆیدا هێنا کە پێویستی بەسەرکردایەتیەکی لێهاتوو و کارامە دەبوو بۆ ئەوەی ئەم برینانەسارێژ بکات و شێوەیەکی واقیعی بەڕاگەیاندنی ئازادی کۆیلەکان بدات.

ئازادی و سەر لەنوێ بونیادنانەوە

دەورەی دوانزە ساڵەی پاش شەڕی ناوخۆ بەسەردەمی تازە بوونیادنانەوە ناو براوە. ئامانج و تێکۆشانی دەوڵەتی فیدراڵ لەم ماوەیەدا چەسپاندنی مافی سیاسی ڕەشەکان و ڕووبەڕوو بوونەوەی گیروگرفتەکانی سەردەمی کۆیلایەتی بوو. بڕگەی سیانزەی قانوونی ئەساسی لە ڕووی یاساییەوە ڕەشەکانی وەك کەسێکی ئازاد پێناسە کرد، لەماوەی کەمتر لەپێنج مانگدا بڕگەکانی چواردە و پانزەی قانوونی ئەساسی دەرکان و دانیان پێدا نرا. بەپێی ئەو بڕگانە ڕەشەکان مافی هاوڵاتیەکی (یەنابەر) تەواو، مافی یەکسانی و سیاسی، مافی دەنگدان و بەشداریکردن لە هەڵبژاردنیان هەیە. بۆ چەسپاندنی ئەم مافە دەوڵەتی فیدراڵی بارووداۆخی سەربازی لەویلایەتەکانی باشوور ڕاگەیاند. ئەم ویلایەتانە دابەشکران بەسەر پێنج ناوچەی سەربازیدا و فەرماندە سەربازیەکانیش لەلایەن کۆنگرێسەوە ئەرکی بەدوادا چوونی بارووداۆخی ژیانی ڕەشەکانیان پێ سپێررا. دەست بەسەرا گرتنی سەربازی باشوور تاساڵی ١٨٧٧کەواتە درێژەی کێشاو بۆ چەسپاندنی مافی سیاسی ڕەشەکان، ڕاکێشانی ئەنجوومەنی ویلایەتەکانی بۆ دەرکردنی بڕگەکانی قانونی ئەساسی، پشتگیری و هاندانی ڕەشپێستەکان بۆ بەشداریکردن لەکاروباری هەڵبژاردن و یارمەتیدانیان بۆ دامەزراندنیان لەسەر پیشە جۆراوجۆرەکان بەرنامەیەکی ڕێك و پێك داڕێژرا. ئامانج لەو کۆنترۆڵە سیاسی و سوربازیەی لەباکوور بۆ

ماوەیەکی درێژخایەن لەباشووردا پەیڕەوی دەکرد ئەوەبوو، کەبەهەر شێوەیەك بێت-تەنانەت بەکارهێنانی زەبر و توندو تیژی-باشوورییەکان بەڕازیبوون لەسەر ئازادی و دانان بەمافی سیاسی ڕەشەکان ناچار بکەن. مادەی چاکسازی ژمارە چواردەی قانونی ئەساسی، دەسەڵاتی ویلایەتەکانی بۆ دیاریکردنی پلەوپایەی هاوڵاتی بوون هەڵوەشاندەوە و ڕوونی کردەوە، کەهەموو ئەو کەسانە ی لەئەمریکادا لەدایك دەبن و یان ڕەگەزنامەی ئەو وولاتە دەردێنن، هەموو مافێکی هاوڵاتیەکی ئەو وولاتەیان پێدەرێت. مادەی چاکسازی ژمارە پانزەش مافی دەنگدان و بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکان بەڕەشەکان دەدات. یاسایەکی دیکە کەلە ساڵی ١٨٧٥ دەرکرا، جەخت لەسەر یەکسان بوونی ڕەش و سپی دەکاتەوە لەبەکارهێنانی نامێرە گشتیەکان و بەشداریکردن لەشوێنە گشتیەکانی وەك شانۆگەری، ئۆتێل،هێڵەکانی ئاسن و پێداویستیەکانی دیکە. هەرچەندە دوای چەند ساڵ دادگای باڵا لەساڵی ١٨٨٣ ئەو یاسایەی بەپێچەوانەی قانوونی ئەساسی لێکدایەوە و ڕێگەی لەپراکتیککردنی یاساکە گرت، بەلام تازە ڕەشەکان لەسەر پیشە جۆراوجۆرەکان دامەزرابوون و دوای ماوەیەك چەند نوێنەرێکی خۆیان ڕەوانەی کۆنگرێس کرد، هەڵبەت هەمو ئەو نوێنەرانە هۆشمەند و دانانە بوون و هەندێ جار دەبوونە گاڵتەجاڕی دەستی ژمارەیەك کەسی تاڵانکەر و گەندەڵ. چونکە ماوە حکومەتی سەربازی لەویلایەتەکانی باشووردا لەڕووی ئیداریەوە گەندەڵیەکی زۆری تێدا دەکرا و کۆمەڵێك لەسپی پێستانی باکورر و باشوور دەرفەتێکی لەباریان لەو بارووودۆخە بێ سەرو بەرەی پاش شەڕەکە بۆ پڕکردنی باخەڵی خۆیان قۆستەوە و دەستیان بەکارە نەشیاوەکانی خۆیان کرد. لەژێر کاریگەری وەها بارودۆخێکدا، سەردەمی پاش شەڕی ناوخۆ، ئاشتی و ئارامیەکی وەهای لەنێوان ڕەشەکان و سپیەکاندا نەهێنایە ئاراوە کەشایەنی باسکردن بێت. ڕق و قین، نیگەرانی و دۆڕاندنی شەڕ، خەلکی ویلایەتەکانی باشووری لەئاماغبی باکوورییەکان بەد گومان کردبوو. سیاسەتی باکوریش نەیتوانی چارەسەرێك بۆ ئەو ئالۆزیە بدۆزێتەوە. بەرنامەی تازە بوونیادنانەوە و بووژانەوەی باشوور بەشێوەیەکی گشتی شکستی خوارد. لەجیاتی ڕزگاربوونی باشوور لەو گومان و دڕدۆنگیەی کە دانیشتوانەکەی دژ بە ڕەشەکان هەیانبوو، ئەوانی بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی و کردەوەی ڕەگەز پەرستانە دژ بەڕەشەکان زیاتر هان داو، لەبری بەرقەرارکردنی سیستەمی دوو حیزبی و بەدگومانیان بۆ ئەو کۆماریخوازیانەی کەبووبوونە مایەی شکست خواردنی ویلایەتەکانی باشوور، ئەوانی بەرەو تەشکیلاتی محافقەکارانەی حیزی پەلکێش کرد، حیزبی دیموکراتی باشوور لە جیابوونەوەی سیاسی، ڕق و کین بەرامبەر ئەو

گۆڕانکاریانەی کە باکووریەکان هێنابویانە کایە، دەمارگیری دژ بەڕەشەکان ڕێگایەکی بەتەواوەتی جیاوازی گرتەبەر.

مافی ئابووری ڕەشەکان دەربارەی مافی خاوەنداریەتی کە لەسەرەکیترین مەسەلەکانی باشوور بوو بەتەواوەتی پشت گوێخراو هیچ جۆرە گرنگیەکی پێنەدا.زۆربەی کۆیلەکان ڕویان لەسیستەمی بەکرێ گرتن کرد، بۆنەوە لەبەرامبەر کرێیەکی دیاریکراو لەنێو مولکی خەلکیدا ئیش بکەن یان پارچە زەویەك بەکرێ بگرن تیایدا خۆیان بە کشتوکالکردنەوە خەریك بکەن، بەلام ئەم شێوازەش دەردی ڕەشەکانی دەوا نەکرد، چونکە نرخی کرێی زەوی و ئامێرەکانی کارکردن هەندێ جار ئەوەندە گران بوو کە نەیاندەتوانی بەفرۆشتنی بەرهەمەکەیان کرێی زەویەکە بۆخاوەن زەویەکە بگێڕنەوە. لەسەردەمی حکومەتی ((جەکسۆن))دا کەخۆی لەدیموکراتەکانی باشوور بوو، سیاسەتێکی نەرمتر بەرامبەر بەباشووریەکان گیرایەبەر. ئەو ویلایەتانەی کە خاوەن مولك و کۆیلەدارەکانی لەبەرد ردوو یان خۆیان سەرزەنشت دەکرد و پەشیمان دەبوونەوە لەیەکیەتی فیدرالیدا وەردەگیران و هیچ پرسیارێکی دەربارەی ڕەشەکان نەدەخرایە ڕوو. لەڕاستیدا کاروباری ڕەشەکان خرایە ئەستۆی ویلایەتەکان.

پلانی بووژانەوەی باشوور و کشتنی هێزە سەربازیەکانی باکوور بۆ چەسپاندنی مافی ڕەشەکان سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. هەرچەندە ڕەشەکان ئازادی خۆیان بەدەستهێنایەوە، بەلام مەسەلەی ناکۆکی نەژادی هەروەکو خۆی مایەوە. لەرووی کۆمەلایەتیشەوە ئەو بابەتەی کەباس و خواسی لەسەر دەکرا، بریتی بوو لەوەی کەئایا کۆیلەی پێشوو دەبوو وەك کەسێکی یەکسان لەگەل سپی پێستێك لەکۆمەلگەدا وەربگیرێت و یان کەسێك بێت کەلەمافە کۆمەلایەتیەکان بێبەش بکرێت. ئامانجی سیاسی دەولەتی فیدرالی پشتگیری کردنی ڕەشەکان بوو بۆ چەسپاندنی مافی سیاسیان، نەك پەرەپێدانی مافی کۆمەلایەتیان ـ کەلەوانەیە ڕزی بوون لەسەر ئەم گریانەیە بۆ باکووریەکانیش زۆر ئەستەم بێت. یەکێکی تر لەچالاکیە گرنگەکانی ئەم سەردەمە بریتی بوو لەپەرەپێدانی قوتابخانە دەولەتیەکان لەسەرتا سەری ویلایەتەکانی باشووردا، کەتا پێش شەری ناوخۆش ئەم قوتابخانانە زۆر دەگمەن بوون، فێرکردن زۆرجار بەشێوەیەکی تایبەتی ئەنجام دەدرا و تەنها بنەمالە خۆشگوزەرانەکان سوودیان لێوەردەگرت. لەم سەردەمەدا قوتابخانەی تایبەت بەڕەشەکان کرانەوە کەبارمەتی دەرێکی باش بوو بۆ پەرەپێدانی فێرکردن و هونەری و پیشەیی و بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندەواری لەنێوان نەژادی ڕەشدا، بەلام بەهیچ شێوەیەك هەولی تێکەلکردنی هەردوو نەژادەکە لەئارادا نەبوو.

بەشێوەیەکی گشتی هەرچەندە مەسەلەی ڕەشەکان لەڕووی یاسایی یەوە چارەسەرکرا ـ بەڵام لەڕووی ناکاری و کۆمەڵایەتیەوە لەشێوەی گرفتێکی گەورەی کۆمەڵگەی ئەمریکادا دەرکەوت. سیستەمی کۆیلەداری سڕایەوە، بەلام دڕدۆنگی و دەمارگیری سپی پێست دژ بەڕەشەکان هەر مایەوە، لەویلایەتەکانی باشووردا دامەزراندنی چەند ئەنجوومەنێکی نهێنی نەژاد پەرستانەی وەك ((کولکس کلان))ی تێکەوتەوە.

ئەم ئەنجوومەنە نهێنیە بەمەبەستی تۆقاندن و کوشتنی ڕەشەکان، هەروەها ئەو سپی پێستانەی کەکۆیلەکانی پێشوویان بۆ بەدەستهێنانی مافی سیاسی خۆیان هان دەدا، دامەزرا. ئەم گروپە دەمارگیرە، بەمەبەستی ترساندن و تۆقاندنی ئەو ڕەشە پێشینانەی کەئەزان و نەخوێندەوار بوون جلوبەرگێکی تایبەتیان کە دووقۆڵی بەرینی هەبوو ـ دەمامکێکیش کەتەنها سێ کونی تێکرابوو بۆ بینین و هەناسەدان ـ لەبەر دەکراو زەندەقیان دەبردن. چالاکیەکانی گروپی دژە نەژادی ((کلان)) پاش کۆتایی هاتنی حکومەتی سەربازی لەباشوور، لە (١٨٧٧) بەرادەیەکی زۆر زیادی کرد، بۆماوەیەکی دوور و درێژیش کردەوەکانی ئەم گروپە دژ بەڕەشەکان هەر بەردەوام بوو.

تێکەڵکردنی نەژادی، لەژینگەیەکی پڕ لەدووڕلی و دەمارگیریە نەژادیەکاندا، غەیرە مومکن بوو. بیروڕای گشتی، پرۆسەی هاوسەرگیری نێوان هەردوو نەژادەکەی ڕتکردەوە. بەرواڵەت ڕەشەکان خاوەنی مافی دەنگدان بوون، بەڵام ئەنجومەنە مەحەلیەکان بە زیاتر کردنی مەرجە قورسەکانی وەك دانی باج و باجی تایبەت بەهەڵبژاردن، تاقیکردنەوەی ناستی زیرەکی و خوێندەواری، بەئاشکرا کۆسپێکی ئیجگار گەورەی لەبەرامبەر بەشداری کردنی ڕەشەکان لەدەنگداندا درووست کرد. ئەگەریش بەرێککەوت ڕەش پێستێك هەموو ئەو مەرجانەی تێدا بووایە، تاوەکو دەگەشتە بەردەم سندووقەکانی دەنگدان، دەبوو گیانی خۆی بخاتە مەترسییەکی گەورەوە. لەدەستی بەناو قوڕگی شێران کرد. ئەگەر ڕووبەڕوی ستەم و ناعەدالەتی دەبوویەوە دەیتوانی سکاڵای خۆی بەرز بکاتەوە، بەڵام دادوەرەکان لەسپی پێستە دەمارگیرەکان بوون، لەبەرامبەر تاوانبارە ڕەش پێستەکاندا توندو تیژو لەگەل تاوانبارە سپی پێستەکاندا بەو پەڕی نەرم و نیانی هەڵسەکەوتیان دەکرد. منداڵە ڕەش پێستەکان نیاندەتوانی پێ بخەنە ناو قوتابخانەی سپی پێستەکانەوە و تەنانەت لەیەك کڵێسەشدا نەیاندەتوانی لەگەل سپیەکاندا نزا بکەن. هۆکارەکانی سەفەرکردن و گواستنەوەیان جوودا بوو. لەزۆربەی شارەکاندا تەنها گەڕەکە ڕەش نشینەکان تەنگ و پیس و قەرەبالغ بوون. لەتەنیشت خانوە بچوکەکانیاندا چەندەها

بنکەی بەد ڕەوشتی دروست کرابوون، لەڕووی بەدەستهێنانی پیشەو شارەزاییەوە بێبەشکرابوون. بێکاری و هەژاری مەترسیەکی گەورەی لەسەر ژیانیان درووست کردبوو، ڕەگەز پەرستی تەنانەت پاش مردنیش لەکۆڵیان نەدەبوویەوە، چونکە گۆڕستانەکانیشیان جیاکرابوونەوە.ئەم بڕودۆخە بەئاشکرا بەو پەڕی توندوتیژییەوە لەباشووردا پەیڕەو دەکرا. بەڵام ڕەشەکان لەویلایەتەکانی باکوریش هەڵسوکەوتێکی چاکتر و شیاوتران لەباشوور لەگەڵ نەدەکرا و مەرجەکانی جیاوازی ڕەش و سپی و خەسڵەتەکانی نێوانیان وەك ئاینێکی دانپێدا نراو لەکۆمەڵگەدا چەسپابوو. لەڕاسیدا تاناوەڕاستەکانی سەدەی بیست شوێنەوارەکانی ئەو جیاوازیە کۆمەڵایەتیە، لێکۆڵینەوە و لێ پرسینەوەیەکی جدی لەگەڵدا نەکرا. لەساڵی ١٩٥٤ دادگای باڵای وولات ئەشیکردنەوەی بڕگەی چواردەیەمی قانونی ئەساسیدا فەرمانی تێکەڵکردنی نەژادی لەنێو قوتابخانەکاندا دەرکرد. زنجیرە یاسایەکی چاکسازیش لەپێناو دانان بەمافی شارستانی ڕەشەکان و یەکسانییان لەڕووی فێرکردن، پزشاك، بەدەست هێنانی پیشە و شارەزاییەوە لەساڵەکانی ١٩٦٠دا دەرکران و جێبەجێکران و ئەمریکا چەند هەنگاوێك لەڕووی یەکسانی نەژادیەوە هاتە پێشەوە: هەرچەندە بەتەواوەتی پراکتیککردنی ئەم یاسایانە پێویستی بەباروودۆخ و ماوەیەکی پێویست هەبوو

ویلیام لۆید گاریسۆن



گرووپی کۆکاس کلان

شەڕی ناوخۆ لە ساڵی ١٨٦١

کۆیلەکان لەکاتی لۆکە چنیندا

کاریگەری شەڕی ناوخۆ لەسەر پتسبۆرگ

کاریگەری شەڕی ناوخۆ لەسەر شاری شەقڵاوەدا



پەرەسەندنی پیشەسازی لە باکوور

بازاڕی فرۆشتنی کۆیلە



کۆمەڵێك لە کۆیلەکان لەناو حەوالی خاوەنەکانیان

بەشی شەشەم:

ئەمریکای پیشەسازی

ئەمریکای پاش شەڕی ناوخۆ، کۆمەڵێك گۆڕانکاری گەورەی لەگەڵ خۆی هێنا. لەماوەی نێوان شەڕی ناوخۆ و سەرەتای سەدی بیستەمدا، سەرمایەداری پیشەسازی گۆڕانی بەسەردا هات و کۆمەڵگەی نوێی ئەمریکا هاتە دامەزراندن. گرنگترین ئەو گۆڕانکاریان، دروستکردنی کارگە مەحەلیەکان و کۆمپانیا پشك دارەکان بوو کەلە سەرمەکایەیەکی زۆرەوە وردە وردە بازرگانیە مەحەلیەکان و سەرمایە کچکەکانیان لەنێو خۆیاندا تواندەوە. مۆنۆپۆل و سەنتەریزمی [سەرمایە] شوێنی کێبڕکێی لەئابووری ئازاددا گرتەوە، بەرژەوەندی سەرمایەدارەکان و بازرگانیە گەورەکان لەگەڵ بەرژەوەندیە سیاسیەکاندا تێك ئاڵان و بەرەبەرە دەسەڵاتی سیاسی لەژێر کاریگەری دەسەڵاتی ئابووریدا کەلەپچە کرا و بەسەرکەوتنی ((سەرمایەداری سیاسی)) کۆتایی پێهات و بەهەمان ئەندازەش کاریگەری لەسەر ژیانی کۆمەڵگەی ئەمریکی دروستکرد. ژیانی کشتوکاڵی و نێو گوندەکان خۆی بەژیانی شارنشینیدا، پەرەسەندنی ڕێگاکانی هاتوچۆ، فراوانکردنی هێڵەکانی ئاسن و تەلەگراف و تەلەفۆن، بەرێکەوتنی شاڵاوی کۆچکردن، لەکۆتاییشدا دەرکەوتنی ئەمریکا وەك هێزێکی گەورەی جیهانی ـ هەمرو ئەو گۆڕانکاریانە بوون کەپاش شەڕی ناوخۆ لەماوەیەکی کەمتر لە پەنجا ساڵدا سەریان هەڵدا. سەرکەوتنی ئامێر و پیشەسازی لەگەڵ هەمرو ئەو داهێنانە هونەریانە، هۆکاری سەرەکی دامەزراندنی ئەم هێزە گەورەیەبوو.

خێرایی گەشەکردنی ئابووری ئەمریکا لەم ماوە کەمەدا، لەگەڵ هیچ وڵاتێکی دیکە ناتوانرێت بەراوورد بکرێت، ڕێژەی دانیشتوانی ئەمریکا سێ ئەوەندە زیادی کرد، ژمارەی کرێکاران گەیشتە پێنج ئەوەندە، سەرمایە گوزاری لەبواری پیشەسازیدا بوو بەبیست ئەوەندەی ساڵەکانی پێش شەڕی ناخۆ. پەرەسەندنی پیشەسازی ئەمریکا نێوان ساڵەکان ١٨٦٥ ـ ١٩٠٠ دەتوانرێت بەشۆڕشی ئابووری و سەرکەوتنی ڕژێمی سەرمایەداری لێك بدرێتەوە. هێلەکانی ئاسن لەسی هەزار میلەوە گەیشتە سەدوئەوەدوسێ هەزار میل. سەرمایەگوزاری تایبەتی لەیەك ملیار دۆلارەوە بۆ بیست ئەوەندە زیادی کرد. دانیشتوانی ئەمریکاش لەبیست و سێ ملیۆنەوە بوون

بەحەفتاو پێنج ملیۆن کەس. ژمارەی کرێکاران لەیەك ملیۆن و سێ سەد هەزار کەسەوە گەیشتە پێنج ملیۆن، نرخی بەرووبوومی بەرهەمهێنراوی پیشەسازیش سێ ئەوەندەی جاران بەرز بویەوە.

تانزیکەی ساڵەکانی ١٨٨٠، کشتوکاڵ کردن بەسەرچاوەی سەرەکی سامانی نەتەوە دەژمێررا. لەساڵی ١٨٩٠دا، ڕێژەی بەرووبومی پیشەسازی زیاتر لەبەرهەمی کشتوکاڵی پەرەی سەند و، دوای دەساڵ نرخی بەرووبومی کارگەکان دوو ئەوەندەی بەرووبومی کشتوکاڵی بەرز بوودوە. بەپێی پێوەری جیهانی ئەم پێشکەوتنە زۆر خێرابوو، ئەمریکای لەڕوی نرخی بەرووبومەکانی پیشەسازییەوە لەماوەی پەنجا ساڵدا ئەپلەی پێنجەمەوە گەیاندە پلەی یەکەم. هۆکاری سەرەکی ئەو گۆڕانکاریەی کە بەڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە لەئەمریکادا ڕوویاندا، بریتی بوو لەسیاسەتی دەوڵەتی کۆماریخوازی و ئەو سەرمایە گوزاریە گەورانەی کە دەخانە گەڕ. فراوانی سەرچاوە سرووشتیەکان و زیاد بوونی هێزی کارکەر بەهۆی کۆچکردنی ملیۆنەها ئەورووپی و ئاسیایی بەرەو ئەمریکا، زەمینەیەکی لەباری بۆ گەشەکردنی ئابووری ویلایەتە یەگگرتووەکان فەراهەم کردبوو. یەك لەسەر سێی سەرچاوەکانی ئاسن و دوولەسەر سێی مس و یەك لەسەر سێی کانەکانی سورپی جیهان لەزەویە بەپیتەکانی ئەمریکادا جێگیر بوو بوون و کانە فراوانەکانی خەڵوز و سەرچاوەکانی نەوت لەگەڵ ناوچە سەوزەکان و زەویە بەپیتەکانی هەلومەرجێکی لەباریان [بۆ بەرەو پێش چوون و پێشکەوتنی ئەو وڵاتە] دەستەبەر کردبوو. لەماوەی نێوان ساڵەکان ١٨٦٥ ـ ١٩٠٠ زیاتر لەچواردە ملیۆن کۆچبەر ڕوویان لەویلایەتە یەگگرتووەکان کرد، کەزۆربەیان لەشارەکاندا جێگیر دەبوون و لەکارگەکانیشدا وەك کرێکار دادەمەزران. سەرمایەدارەکان لەلایەن دەوڵەتەوە هان دەدران و پشتگیری دەکران، بەهۆی دانانی یاسا گومرگیەکانی وەك یاسا پێشنیازکراوەکەی ((مریل)) لەساڵی ١٨٦١ پلانەکانی ((مەك کنیلی)) لەساڵی ١٨٩٠، ((ویلسۆن ـ گورمان)) لە١٨٩٤و، ((دینگلی)) لە ١٨٩٧، باجێکی قورستر خرایە سەر بەرووبومی هاوردەی ویلایەتە یەگگرتووەکان، بۆ ئەوەی کارگەکانی ناوخۆی وڵات لەکێبەرکێی وڵاتانی دەرەوە ئاسوودە بن و بەرهەمی پیشەسازی ساوای ئەو وڵاتە زیاتر پێبگات.

حیزبی کۆماریخواز پاش سەرکەوتنی لەشەڕی ناوخۆدا توانی بەسەر سیاسەتەکەی خۆیدا زاڵ بێت. ئامانجی گروپە دەسەڵاتدارەکانی حیزبی کۆماری خوازیش، کە حیزبی سەرمایە و سامان ناوبانگی دەرکرد، پەرەپێدانی کاروباری ئاووری بوو، بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە گۆڕانێك لە بونیادی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بکرێت. مەسەلەی ڕەشەکان پاش هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی بە

فەرامۆشی سپێرا و بۆ گەیشتن بەئامانجە ئابووریەکان سوودێکی زۆریان لەو هەل و مەرجە وەرگرت لەشەڕی ناوخۆ هێنابوویە ئاراوە. دروستکردنی سیستەمێکی میللی بانکی، دانانی باجی گۆمرگی، فراوانکردنی ئیمکاناتی ئعتباری، پەرەپێدانی هێڵەکانی ئاسن و هۆیەکانی پەیوەندیکردن، هاندانی کۆچکردن بۆ دابین کردنی دەستی ئیش کەری پێویست و هەرزان و، دەستەبەرکردنی پێداویستی سەهل و ئاسان بۆ نیشتەجێ کردنی خەڵکی لەناوچەکانی رۆژئاوا بەدانانی یاسای ((هوم ئستەد)) لەپێناو دابەشکردنی زەویەکان، بەرنامەی گشتی کاری کۆماریخوازەکان بوو. بیرۆکەی دروستکردنی بانکێك کەمەرکەزیەتێکی زیاتر و دەسەڵاتێکی ئابووری فراوانتری هەبێت، لەساڵی ١٨٦٣ بەکردنەوەی بانکی مەرکەزی خرایە قۆناغی جێبەجێ کردنەوە. ئاپێش ئەم بەروارەش بارودۆخی بانکەکان لەو پەڕی ئاڵۆزیدا بوو. ئازادی بانکی تەنها مافی دەرکردنی دراو بوو، کەزۆر جاران لەهەموو مەرجێکی نالەباردا و بەپێی پشتیوانی دارایی لەلایەن بانکە جۆراوجۆرەکانەوە ئەنجام دەدرا و تەزویرکردنی دراویش شتێکی ئاسایی بوو. ئەم هەنگاوەی دەوڵەتی کۆماریخوازی بۆ درووستکردنی بانکی مەرکەزی، کاریگەریەکی زۆری لەسەر کۆتایی هێنان بەو ئاڵۆزیە داراییە هەبوو هەروەها گەرەنتی کردنی سەرمایەی بانکی بەدەرکردنی یاسای بانك خرایە ئەستۆی دەوڵەتی فیدراڵی. ئەم هەنگاوە لە چەسپاندن و جێگیرکردنی مامەڵەی بانکی و دەستەبەرکردنی پاشەکەوتی پێویست بۆ سەرمایە گوزاری لەپێناو گەشەکردنی ئابووریدا بەهەنگاوێکی گرنگ و جەوهەری دەژمێرێت. تاریفەی گومرگی بۆ پشتیوانیکردن لەبەرهەمە پیشەسازیەکانی ناوەوەی وڵات، ئاسن، پۆڵا، خەڵوز، خوری، تەختە و رستن و چنینە جۆربەجۆرەکان ئاستەنگێکی گەورەی لەبەردەم بەرووبوومی هاوردەدا دروست کرد. رێگا سەرتاسەریەکان، کەرۆژهەڵات و رۆژئاوای وڵاتی لە ساڵی ١٨٦٩دا پێکەوە دەبەستەوە، بەهۆی سەخاوەتی دەوڵەت و قەرزە جۆراوجۆرەکانەوە درایە بەدەست سەرمایە گۆزارەکان. کۆنگرەی ئەمریکا کە لەژێر دەسەڵاتی کۆماریخوازەکاندا بوو، بۆ دابینکردنی کرێکاری پێویست لەپێناو بەرەو پێش بردنی پیشەسازی وڵاتەکەی، بەدانانی چەند یاسایەکی ئاسانکاری پشتیوانیەکی زۆری لەکۆچکردن و کۆچبەران کرد. لەپێناو ئاوەدانکردنەوەی زەویەکانی رۆژئاوا، یاسای بەخشینی زەوی پوخت بۆ هەرتاکێکی ئەمریکی و کۆچبەرەکان بڕیاری لەسەر درا، کە پێی ئەو یاسایە هەر خێزانێکی دانیشتوی ئەمریکا بڕی سەدوشەست جریب زەوی بەبێ بەرامبەر لەو ناوچانە پێدەبەخشرا، بەمەرجێك کەلەو شوێنەدا نیشتەجێ ببێت و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ئاوەدانی بکاتەوە.

لەم سەردەمەدا چەندەها داهێنانی زانستی و هونەری ئەنجام دران، کە پێشکەوتنی پیشەسازی ئەمریکایان خێراتر کرد. تەلەگراف، کەلەساڵی ١٨٤٤ خرایە بەردەستی هاوڵاتیان، پاش شەڕی ناوخۆ وەك پێداویستیەکی سەرەکی سوودی لێوەر دەگیرا. ((گراهام بێل)) لەساڵی ١٨٧٦ توانی ئامێری تەلەفۆن وەك هۆکارێکی گرنگی پەیوەندی کردنی نوێ نمایش بکات. گلۆپ و بەکارهێنانی هێزی کارەبا، کەکاریگەریەکی زۆری لەبەکارخستنی مەکینە پیشەسازیەکاندا هەبوو، داهێنانە هونەریەکان لەرووی چاپکردنەوە، بەسوود وەرگرتن لەماتۆڕی کارەبایی گۆڕانێکی گەورەیان لەبواری چاپەمەنیەکاندا بەئەنجام گەیاند. پێشکەوتنی چاپەمەنی، ناساندن و نمایش کردنی کاڵا بازرگانیەکانی لەڕێگەی پروپاگەندە و ڕیکلام کردنەوە لێکەوتەوە، کەئەمەش خۆی لە خۆیدا هۆکارێکی گرنگی بەرقەرارکردنی پەیوەندی نێوان بەرهەمهێنەر و بەکار بەربوو.

ئەو پێشکەوتنە خێرایەی ئابووری ئەمریکا وگۆڕانی بۆ وڵاتێکی پیشەسازی گەورە بەهۆی بارودۆخی تایبەتی ژینگەکەیەوە بوو، کەسەرکەتنی سیستەمی سەرمایەداری لەو وڵاتەدا مسۆگەر کردبوو. سامانی سرووشتی فراوان و هەمەجۆر، سەرچاوەی هێزی مرۆیی و، سیستەمی سیاسی دەوڵەتی کۆماریخواز لەحاندانی سەرمایەگوزاری و باوەڕ بە ئابووری ئازاد لەخزمەتی بەرژەوەندی تایبەتیدا، بارودۆخ و دەرفەتێکی لەباریان بۆ نوێگەرانی دونیای پیشەسازی و بازرگانی ڕەخساند بوو، کە بەگرتنە بەری ڕێگای یاسایی یان نایاسایی، هێدی هێدی کۆنترۆڵی ئابووری وڵاتەکەیان بگرنە دەست.

خاوەن کار و سەرمایەدارە نوێیەکان، دەسەڵاتیان لە کۆلکە بازرگان و خاوەن زەویەکان سەندەوە.کێبڕکێ ، کە بنچینەی ئابووری ئازادی پێك دەهێنا، بە چڕبوونەوەی دەسەڵاتی ئابووری و یەکرێزی بەهێزی سەرمایەدارەکان گۆڕا و بۆ قۆرخکاری. چینی بازرگان، بە دەست بەسەراگرتنی هێڵەکانی ئاسن و هۆکارەکانی پەیوەندی کردن، دامەزراندنی چەندەها کۆمپانیای گەورەی بەرهەمهێنانی پۆڵا و پاڵاوتنی نەوت و کۆمپانیاکانی دیکەی بەرهەم هێنان، بەپشتیوانی دەوڵەت بەتەواوەتی کۆنترۆڵی ئابووری وڵاتی کرد. ئەنجامی هەموو ئەم گۆڕانکاریانەش، بریتی بوو لە درووستکردنی کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی و پێشکەوتوو و خۆش گوزەران کەلەلایەکەوە فراوانبوونی دەسەڵاتی سەرمایەدارەکان، گیروگرفتی ئەمریکای شانشینی و بەکارهێنانی خێرای سەرچاوە سرووشتیەکانی بەدوادا حات و، لەلایەکی ترەوە لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا، سەرمایەی ئەمریکیەکانی بۆ کردنەوەی بازارە جیهانیەکان خستە گەڕ.

بەرەو پێش چوونی ئابووری ئەمریکا پاش شەڕی ناوخۆ، بەپاڵپشتی کردنی کۆماریخوازەکان لەسەرمایە گوزاری فراوان و بەربلاو، دەرفەتێکی گەورەی بۆ کۆمەڵێك ڕەخساند، کە بەسوود وەرگرتن لەسەرچاوە سرووشتیەکان، پێگەی سیاسی، دەست بلاوی حکومەت، سامانێکی زۆر پێکەوە بنێن و وەك یەکێك لەرابەرانی دەسەلاتداری ئەمریکا و فەرمان ڕەوایانی سەروەت و سامان خۆیان بنوێنن. ناوی کەسانێکی وەك ((ڤاندەر بیلت))، ((کارنگی))، ((ڕاکفلر)) و ((مۆرگان))، بوو بەهێمای دەسەلات و قۆرخکردن، بەدەست بەسەراگرتنی هێڵەکانی ئاسن، پیشەسازی پۆلا، نوت و بانکداری وولاتدا. ئەو سەرمایەدارە گەورانە لەکاتی شەڕی ناوخۆ تاکۆتایی سەدەی نۆزدەیەم دەسەلاتیان بەسەر دونیای پیشەسازی و بازرگانی ئەمریکادا گرت و بەکۆت و بەندە سیاسیەکان، لێهاتوویی و دووربینی و لەناوبردنی ڕکە بەرەکانیان هەندێك جار بەشێوەیەکی ناجوامێرانە، توانیان نازناوی فەرمانڕەوایانی سەروەت و دەسەلاتدارانی وولات لەگەردن کەن.

یەکێك لەهۆکارە سەرەکیەکانی پێشکەوتنی پیشەسازی، ئەو گۆڕانکاریە بوو کەلەبواری پەیوەندیەکاندا سەری هەلدا. سەرکەوتوویی بازرگانی کەناڵی ئێریە کەهەرێمەکانی ناوەڕاستی ئەمریکای لەرێگەی دەریاچە بنچینەکانەوە بەنیۆ یۆرك و ئۆقیانووسی ئەتلەسیەوە دەبەستەوە و پەرەپێدانی کەشتیوانی بەسوود وەرگرتن لەئامێری هەڵمی لەساڵەکانی ١٨٢٠دا، دەریخست کەهێڵەکانی پەیوەندی نێوان ناوچەکان، یەکێکن لەو هۆکارە سەرەکیانەی پێشکەوتنی کاروباری ئابووری ئەو وولاتە. هێڵەکانی ئاسن لەساڵەکان ١٨٣٠، بوونە هۆی نزیککردنەوەی ناوچەکان لەیەکترو، پاش شەڕی ناوخۆ پێشکەوتنێکی بەرچاویان بەخۆوە بینی، بەڕادەیەك کەئەم هێڵانە هەموو ناوچە گرنگەکانی ئەمریکایان لە ڕۆژهەلاتەوە بەناوەڕاست و ڕۆژئاواوە دەبەستەوە. پەرەسەندنی هێڵەکانی پەیوەندی بەلەبەرچاو گرتنی ڕووبەری ویلایەتە یەکگرتووەکان کەلە ڕۆژهەلاتەوە بۆ ڕۆژئاوا زیاتر لەپێنج هەزار کیلۆمەتر پانتایی هەیە و بەدرێژایی سێ هەزار کیلۆمەتر لەباکوورەوە بۆ باشوور درێژ دەبویەوە، بەئاشکرا دەردەکەوێت. هێڵەکانی ئاسن پشکێکی وەها گەورە و گرنگیان لەگواستنەوەی کالاو بەرقەرارکردنی پەیوەندی ناوچەکاندا هەبوو، کەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمیان بەسەردەمی هێڵی ئاسن یان بە قسەی ((مارك تواین))ی نوسەری ئەمریکی بە(سەردەمی تەقەتەق)ناوبردووە. لەنێوان ساڵەکانی ١٨٣٠ ـ ١٨٦٠، تێکڕای هێڵەکانی ئاسنی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەسێ هەزار میل تێپەڕی نەدەکرد. بەلام لەساڵەکانی ١٨٦٠ ـ ١٨٩٠ کۆی درێژی ئەم هێلانە گەیشتە نزیکەی دووسەد هەزار میل.

واتەدرێژترین هێلی ئاسن کەزیاتر لە لە ٤٠٪ی تێکڕای هێڵەکانی ئاسنی گیتی پێك دەهێنا، ڕاکێشرا. سەرچاوە سرووشتیەکان کەبەشێوەیەکی بەربلاو لەناوچەدوورەکانی ئەو سرووشتە فراوانەدا ئەفرێندرابوون، بەهۆی هێڵەکانی ئاسنەوە بەناوەندەکانی بەرهەمهێنانەوە بەسترانەوە. بوونی کانەکانی خەلوز، مس، سورب و کانزاکانی دیکە یارمەتی دەرێکی باش بوون لەپەرەسەندنی تواندنەوەی کارگەکانی ئاسن و پۆڵا و پیشەسازیە قورسەکانی دیکەدا. سەرمایە گوزاری بۆ فراوانکردنی هێڵەکانی ئاسن و کڕین و فرۆشتنی پشکەکان ڕەواجی پەیدا کرد. لەو کەسانەی کە ڕۆڵێکی گەورەیان لەسەرمایە گوزاری هێڵەکانی ئاسندا گێڕا، دەتوانین ناوی ((ڤاندەر بیلت)) بهێنین، کەپێشتر لەسەردەمی شەڕی ناوخۆدا سەرمایەیەکی زۆریان لەڕێگەی پەرەپێدانی کەشتیوانی لە ڕووباری مێ سی سی پیدا کۆکردبوویەوە. ئەو توانی بەوپەڕی زیرەکی و هوشیاریەوە ڕکەبەرەکانی خۆی وەلاوە بنێت و ئەرکی دروستکردنی هێلی ئاسنی ناوەندی نێوان نیویۆرك و شیکاگۆ بگرێتە ئەستۆ. دروستکردنی ئەم هێڵە بەگرنگترین خالی سەرکەوتنی ((بیلت)) دەژمێررێت، چونکە لەرێگەی ئەم پرۆژەیەوە توانی تێکڕای کانەکانی خەلوزی ئەو ناوچانە و هاتوچۆی نێوانیان بۆخۆی کۆنترۆڵ بکات. ((ڤاندەر بیلت)) بەو سوود و قازانجە زۆرەی کەلەم ڕێگایەوە کۆی کردەوە، توانی یەکەمین ئیمپراتۆریەتی گەورەی هێلی ئاسن دابمەزرێنێت، ڕکا بەری هێنا ئاسنی ناوەندی، سێ سەرمایەداری دیکە بوون کە هێلکانی ئاسنیان تاناوچەکانی ڕۆژئاوا پەرەپێدا. پەرەپێدانی هێلی ئاسنی پاسیفیك کەهێلێکی دیکەی پەیوەندی کردنی نێوان ناوچەکانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوابوو. گرنگی دان و دەست بلاوی دەولەتی فیدراڵ و حکومەتی ویلایەتەکان هۆکارێکی سەرەکی ئەم بەرەو پێشەوە چوونە بوو. لەنێوان سالەکان ١٨٥٠ ـ ١٨٧١ کۆمپانیا تایبەتەکانی هێڵەکانی ئاسن زیاتر لەسەدوسی ملیۆن جریب زەویان بەخۆرایی لەلایەن دەولەتەوە پێ بەخشرا و چل و نۆ ملیۆن جریبی دیکەشیان لە ویلایەتەکان وەرگرت. بەخشینی زەوی لەگەڵ قەرزی زۆر و زەمەندەی دەولەت بە ئارەزووی خودی کەسەکان بوو. لەهەنگاوێکی دیکەدا لەلایەن دەولەت و حکومەتی ویلایەتەکانەوە نزیکەی سەدوپەنجا ملیۆن دۆلار قەرزی نەقدی درا بەسەرمایەدارەکان. هەمان ئەندازەش بەلگەی متمانە لەخاوەنی هێڵەکانی ئاسن کرا. بەشێوەیەکی گشتی یارمەتیەکانی حکومەت و قەرز و پێشکەشکردنی داریی ـ وەك بەخشینی زەوی ـ نزیکەی لە ٦٠٪ی تێکڕای نرخی تێچوونی هێڵەکانی ئاسنی ئەمریکای دابین کرد. پلان و نەخشەی ڕووداو خوازانە، کێشمەکێشی زیرەکانە و، ڕووبەڕووبوونەوەی نائاساییانە، سوود و

قازانجێکی زۆری بەنسیبی سەرمایەدارە زرنگەکانی هێڵەکان ئاسن کرد. ئەو ڕوویەڕووبونەوە و فێڵ و تەڵەکەبازیانە، وێنەیەك بوو لەسیفات و ڕەوشتە باڵاکانی ئەو سەردەمە.

کۆکردنەوەی ماڵ و سامان وەك ئافاتێك کەوتبوویە گیانیانەوە و نەتەنها خاوەن هێڵەکانی ئاسن بەڵکو ئەو کەسانەشی کەبە قۆرخکردنی زەوی و زار و دەرهێنانی کانەکان و دامەزراوە پیشەسازیەکانەوە سەر قاڵ بوون ڕوویەڕووی یەکتر کردەوە. ئەو کاتەی کەبەرژەوەندیان وای دەخواست ـ واتە پاش ساڵەکانی قەیرانی ئابووری ۱۸۷۰ و سەرهەڵدانی گرفتی کرێکاری ـ بەچڕکردنەوەی سەرمایەکانیان و تێکهەڵکێش کردنی دامەزراوە پیشەسازیەکان شوێن پێی خۆیان بەهێز و پتەو کرد. یاساش پشتیوانیەکی تەواوی لێکردن.

بڕگەی چواردەیەمی قانوونی ئەساسی پاش ئازادی ڕەشەکان بڕیارێکی دەرکرد، کە هیچ ویلایەتێك نەتوانێت بەبێ ئەمری یاسا پلەوپایە و مافی کۆمەڵایەتی تاکەکانی نێو ویلایەت یەکگرتووەکان سنووردار بکات و هیچ کەسێکیش لەمافی دان پێدانراوی تاك واتە ژیان، ئازادی و خاوەنداری بێبەش نەکرێت. ئەم بڕگە چاکسازییە لەساڵی ۱۸۸٦بەدواوە سنوورێکی زیاتر و فراوانتری گرتەوە، واتە ئەم یاسایە تەنها شمولی تاکەکانی نەدەکرد بەڵکو دادگای باڵا، ئەم یاسایەی بەسەر کۆمپانیا گەورە پیشەسازیەکانیشدا جێبەجێ دەکرد. بەهۆی ئەم یاسایەوە مافی کۆمپانیا و سەرمایەدارەکان زیاتر چەسپێنراو مافی خاوەنداریەتی خاوەن کۆمپانیاکان لەبەرامبەر هەر جۆرە دەست تێوەردانێکی ویلایەتەکان پشتیوانی لێکراو دادگای باڵا لەم ساڵانەدا وەك بنکەیەکی بەرگری لەسەرمایەدارەکان کاری دەکرد. هەر جۆرە هەوڵدانێکی دەستەی یاسادانان لەپێناو نوسینەوەی یاساکان چاکسازی کۆمەڵایەتی، یان چاککردنی کرێی ڕۆژانە و ماوەی کارکردنی کرێکاران بە چەکی ((پێچەوانە))لەگەڵ قانونی ئەساسی و بڕگەی چواردەیەم پووچەڵ کرایەوە.

ئەو زەمینەیەی کەلەلایەن دەوڵەتی کۆماریخواز و دەزگای دادوەریەوە فەراهەم کرابوو، بەپەرەسەندنی هێڵەکانی ئاسن بۆ پیشەسازی گەورەی دروستکردنی پۆڵا، بووە هۆی ئەوەی کە ((ئەندرۆ کارنگی))یش وەك یەکێکی تر لەفەرمانڕەوایانی سەروەت خۆی بە جیهان بناسێنێت. کارنگی لەکاتی شەڕی ناوخۆدا بەدرووستکردنی کۆمپانیایەکی حەوجۆش ڕێژی و فرۆشتنی پێداویستیەکانی شەڕ سەرمایەیەکی فراوانی پێکەوەنا.

توانا و لێهاتوویی ناوبراو لەڕێکخستن و بەڕێوەبردندا، سوود وەرگرتن لەداهێنانە زانستیەکان لەبواری بەرهەمهێنان و لەگەڵ پەرەپێدانی هێڵەکانی ئاسن کاریگەریەکی زۆری لەسەر بەرەو پێش

بردن و پێشکەوتنی پیشەسازی پۆڵا هەبوو. ((کارنگی))بەلەناوبردنی ڕکەبەرەکانی و فیداکردنی هاورێکانی کەزەمینەی سەرکەوتنی ئەویان دەستە بەرکردبوو، چەندەها کۆمپانیای جۆراوجۆری کڕی و لەساڵی ١٨٩٢ توانی کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی پۆڵا بەتەرخانکردنی ملیۆنەها دۆلار و سەرمایە بونیاد بنێت. دامەزراوەکانی ((کارنگی)) تەنها بریتی نەبوون لەکارگە گەورەکانی دروستکردنی پۆڵا، بەڵکو چەندەها دامەزراوەی دیکەی وەك بەرهەمهێنانی خەڵوزی کوك و کانەکانی خەڵوز و ئاسنیشی لەناوچە جۆراوجۆرەکاندا دەگرتەوە و کۆنترۆڵی تەواوی کارنگی بەسەر دونیای پیشەسازی و بەرهەمهێنانی پۆڵای ئەمریکا دەسەڵاتێکی بێ وێنەی بەناوبراو بەخشی.

هەربەو شێوەیەی کارنگی نازناوی سوڵتانی پۆڵای پێبەخشرا بوو، ((ڕاکفلر)) یش توانیبووی پیشەسازی نەوتی تێکڕای ویلایەتە یەگکرتووەکان بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. دۆزینەوەی نەوت لەساڵی ١٨٥٩ لە پەنسیلڤانیا، ئەمریکای کردە خاوەنی یەکێك لەبەناوبانگترین و بەنرخترین سەرچاوە سروشتیەکانی جیهان ((ڕاکفلر))، ڕاستەوخۆ بەرەزامەندی پاڵاوگەیەك و چاودێریکردنی کاروباری نەوت و ناردنی بۆ شوێنە جیاجیاکان توانی ببێتە یەکێك لەسەرکەوتووترین سەرمایەدارەکانی ئەو سەردەمە. لەسەرەتادا، دۆزینەوەی نەوت پێویستی بە چانسێکی زۆر هەبوو. مەرجەکانی بەرهەمهێنان پێشبینی نەکراو متمانەی پێنەدرا و بوون و زیاتر هەموو شتێك لەڕووی چیەتی نەوتەکە و کار و کارلێکردنەکانیەوە گرفتیان ڕووبەڕوو دەبوویەوە. چونکە نەوتی خاو لەقۆناغی یەکەمدا بەکار نەدەهێنرا و بەرهەمهێنەرەکانی ناچار بوون بۆ پاڵاوگەکان بیگوازنەوە.

((ڕاکفلر)) بۆی دەرکەوت کەبە کۆنترۆڵکردنی هۆکارەکانی گواستنەوە، نەوتی خاو دروستکردنی پاڵاوگەی پێشکەوتوو دەتوانێت هەموو بەرهەمهێنەرە سەربەخۆکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. بەو سەرمایە زۆرەی کەدوای شەڕی ناوخۆ پێکەوەی نابوو، بەخەرجکردنی بڕی یەك ملیۆن دۆلار لەساڵی ١٨٧٠ کۆمپانیای ((ستاندارد ئۆیل ئۆهایۆ))ی دروستکرد، ئەم کۆمپانیایە بەکرنگترین دەزگای پاڵاوتنی نەوت دەژمێررا لەو کیشوەرەدا. کاری بەرهەمهێنانی نەوت لەپەنسیلڤانیا ئەنجام دەدرا، بەڵام بۆ پاڵفتە کردنی دەگوازرایەوە بۆ ئۆهایۆ. بنکەکانی بەرهەمهێنان و پاڵاوتن لەگەڵ هێڵەکانی ئاسندا پێکەوە بەسترانەوە، کێبەرکێ و ململانێی نێوان خاوەن هێڵەکانی ئاسن پشێویەکی زۆری لەنێو بازاڕەکانی نایەوە. ((ڕاکفلر)) ئەم هەلەی بۆ خۆی قۆستەوە و هەموویانی بەردایە گیانی یەکتر و ووردەوورده دەسەڵاتی بەسەر هێڵەکانی ئاسنی

ڕکبەریەکانیدا گرت، یەکیەتیەکی لیپێك هێنان. بەرهەمهێنەر و خاوەن پاڵاوگە سەربەخۆکان کەبەهێزی ململانێی نێوانیانەوە، دووبەرەکیان تێکەوتبوو هەروەها لەبەرئەوەی نەیاندەتوانی شان بەشانی کۆمپانیای ((ستاندارد)) هەنگاو بنێن، لەناو سکی ئەو کۆمپانیایەدا توانەوە. ((ڕاکفلر)) لەم بارەیەوە دەڵێ شێوازی پاڵفتەکردنی نەوت کارێکی زۆر گران نەبوو و، لەبەر ئەوە هەموو جۆرە خەڵکێك هەر ((قەسابەوە بیگرە تا نانەوا مۆم درووستکەر بەم کارەوە سەرقاڵ بوون))، ئەم کەسە ((نەشارەزایانە)) بەرهەمیان زیاد لەداوا خواست خستە بازاڕەوە و لەئەنجامدا نرخی بەرهەمەکان داشکێنران. لەو کاتەدا ((ڕاکفلر)) بە ((پێویست و زەروری)) زانی کەبازاری نەوت پەرە پێبدات و شێوازی پاڵاوتنەکەشی چاکتر بکات، بۆ ئەم مەبەستە ((لەپێناو ڕەونەق و برەودانی زیاتری لایەنی ئابووری هەموو پاڵاوگە بچووك و گەورەکانی)) کرێ و هەمویانی لەشێوەی دامەزراوەیەکی جێگیردا کۆکردەوە. لەو دەرامەتەی کە لەکۆمپانیای نەوتی نۆهایۆوە بەدەستی دەهێنا، چەندەها دامەزراوەی هاوشێوەی ئەو کۆمپانیایەی لە نیۆیۆرك و پەنسلڤانیا، فیلادلفیا و نیوجێرسی درووستکرد.

لەساڵی ۱۸۸۲((ستاندارد نۆیل))، بریتی بوو لەکۆمەڵگەیەك کە پێك دەهاتن لە چەند دامەزراوەیەك کە کاری دەهێنان، پاڵاوتن، گواستنەوە و فرۆشتنی نەوتی تێدا ئەنجام دەدرا. بەپێی ڕێککەوتن نامەیەکی نهێنی تێکڕای پشکەکانی سی و نۆ کۆمپانیای جۆراوجۆر لەناو یەك تێهەڵکێش کران و دەستەیەکی بەڕیوەبردن کە ((ڕاکفلر))لەسەرووی هەموویانەوە بوو بڕیاری دامەزراندنی ((تراست)) ستاندارد نۆیل یان پەسەند کرد. ((تراست)) لەکۆبوونەوەی چەند سەرمایەدارێك و درووستکردنی بەڕێوەبەرایەتیەکی مەرکەزی بەدەسەڵاتیکی مۆنۆپۆلییەوە، بۆ کۆنترۆڵکردنی کاروباری کارگەکان پێك دەهات. لەساڵی ۱۸۹۲ کاتێك کەدادگای باڵای نۆهایۆ دامەزراوەی ((تراست))ی بەدامەزراوەیەکی نایاسایی ناو برد ـ ڕاکفلر داهێنانێکی تازەی دۆزییەوە، واتە لەجیاتی کۆکردنەوەی چەند سەرمایەدارێك بۆ کۆنترۆڵکردنی کاروباری کۆمپانیا ـ بڕیاریدا کەبە کۆکردنەوەی چەند کۆمپانیایەك، سەنترالێکی یەکگرتووی ئابووری بۆ کاروباری تایبەت بەنەوت دابمەزرێنێت و پێش دەرکردنی بڕیاری دادگا واتە لەساڵی ۱۸۸۹ ئەم دامەزراوەیەی لەنیوجێرسیدا جێگیر کرد. بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئەم کۆمپانیانە، بەڕێوەبەرایەتیەکی ناوەندی دامەزراو کۆنترۆڵکردنی کاروبارەکانی تایبەت بەنەوت لەلایەن ((ڕاکفلر))ەوە هەر بەردەوام بوو. ناوبراو توانی لەماوەی دەساڵدا توانی زیاتر لە۹۰٪ی چالاکیە نەوتیەکانی ئەمریکا بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. لەم ڕیگایەشدا، لەپشتەوەی دامەزراوەکە،

ترسناك و مەترسیدارترە، پیاوێكی گوماناوی و باریكەلە دانیشتبوو و لەبەكارهێنانی هەرهۆكارێك كەبێتە هۆی پێشكەوتن و هێنانەدی بەرژەوەندیەكانی سڵی نەدەكردەوە. بەو پەڕی دڵڕەقی و بەهەرشێوەیەك بوویێت ڕكابەرەكانی تێك دەشكاند، لەبەرامبەر مانگرتنە كرێكاریەكاندا بێ ڕەحم و توندووتیژ بوو و، بۆ بەدەست هێنانی بەرژەوەندیەكانی پابەندی هیچ بنەمایەكی ئاكاری نەدەبوو، لە واقیعدا ئەو هێما ڕاستەقینەی سەردەمی خۆی نوێنەری شارستانیەتێكی تایبەت بوو كە سەرمایەداری پیشەسازی هێنابوویە ئاراوە.

شێوازی مۆنۆپۆل (ئنحساری) و دامەزراوەی تراست، پێچەوانەی بنەمای كێبڕكێی ئازاد بوو لەكاروباری ئابووریدا، چونكە كێبڕكێی گچكە و سنووردارەكانی لەناو دەبرد و دەسەڵاتی ئابووری لەناو دەستی كۆمەڵێكدا دەهێشتەوە و، لەهەمان كاتیشدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستتێوەردانی دەوڵەت، هەركاتێك بەرژەوەندی كۆمپانیا گەورەكان پێویستی دەكرد، ئابووری ((لسەفەر)) و ئازادی كاری ئاكەكەسیان لەچالاكیە ئابووریەكان، وەك بنەمایەكی دان پێدانراو بوونیادی لەئابووری ئەمریكادا دەهێنایە كایەوە. ڕاپەڕینی سەنتەریزمی كردنی(تمركز) پیشەسازی و دەسەڵاتی سەرمایە گەورەكان هۆكاری سەرەكی فراوانبوون و بەرەوپێشەوە چوونی سەرمایەداری ئەمریكای ئەو سەردەمە بوو، هەروەها چەندەها شێوازی نوێی لەنێو ئەم سیستەمەدا ـ كاروباری پیشەسازی و بانكی بەیەكەوە دەبەستەوە ـ هێنایە ئاراوە. یەكێك لەو سەرمایەدارە گەورانە كەلەبواری بانكیدا كاری دەكرد ((مۆرگان))بوو، ئەو لەساڵی ١٨٧٧ بەدامەزراندنی سەندیكایەك لە بانكدارە گەورەكان، ئەركی لێپرسراویەتی فرۆشتنی بەڵگەی بەهاداری خەزێنەی گرتە دەست و بەكۆنترۆڵكردنی كاروباری بانكی كەسایەتی و پێگەیەكی نێودەوڵەتی بۆ خۆی درووست كرد.

بانگەكەی مۆرگان و شەریكە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆكانی، دەستیان بەسەر تۆڕێك لەبانكە جۆراوجۆرەكان و سیاسەتی دارایی ئەمریكادا گرتبوو، جگە لەوەش چاودێریەكی ووردیشی خستبووە سەر كاروباری كۆمپانیا گەورەكان. لەلایەكی ترەوە، كاروباری زۆرینەی هێڵەكانی ئاسن، كۆمپانیاكانی هاتووچۆ و گواستنەوە و كەشتیرانی، دامەزراوە بازرگانیەكانی وەك جەنەراڵ ئەلەكتریك و كۆمپانیای تەلەفۆن و تەلەگرافی بەڕێوە دەبرد. بەقسەی یەكێك لەرۆژنامەنووسەكانی سەردەمی مۆرگان، كەلە كتێبی ((سەرمایەداری ئەمریكا)) ئاماژەی پێكردووە :((مۆرگان نوێنەری شارستانیەتێكی تایبەت بوو، ئەو پشك بوو، پەیماننامە بوو، بانك بوو، هێڵی ئاسن بوو، ((تراست))بوو، سەرمایە بوو، فێڵ و تەڵەكە بوو، بەرژەوەندی بوو، بەڵێ، ئەو هەموو ئەم شتانە

بوو. ئەو کەسێك نەبوو کەبەتەواوی کە بەتەواوی مانا بەمانادەمیزاد حساب بکرێت، ئەو بەشێوەیەکی ترسناك نامرۆڤانە بوو. ئەو سێبەری سەردەمی خۆی بوو.))

داروینیزمی کۆمەلایەتی، هاندەری ئەم سەرمایەدارە گەورانە بوو. گریمانەی پەرەسەندنی داروین، بەربەرەکانێ بوو بۆ ژیان، هەڵبژاردنی سرووشتی و مانەوەی چاکتر لەگەڵ بنەماکانی زانستی کۆمەڵناسیدا تاوێتە کران. سوود وەرگرتن لەداهێنانە نوێیە زانستیەکان بۆ پێشکەوتنی پیشەسازی و کۆڕانکاری ئابووری پیشەسازی، لەگەڵ گریمانەی گۆڕان لەژینگەناسیدا و باوەڕ بەپەرەسەندنی تەدریجی لەناو یەکدا تێهەڵکێش کران و بیرۆکەی پێشکەوتن لەسەر بنچینەی کامڵ بوون وەك بیروباوەڕێکی گشتی لێهات، ((سپنسەر)) کەیەکێکە لەپەیڕەوانی ((داروین))، گریمانەی هەڵبژاردنی سرووشتی، پەرەسەندنی تەدریجی و مانەوەی چاکتری لەبواری کۆمەڵناسی و ئابووریدا بەکار هێنا. باوەڕی وابوو، کێبڕکێ و بەرەنگاربوونەوە بۆ ژیان نەتەنها لەسرووشتدا بەڵکو لەڕێکخستنی کۆمەلایەتیشدا هۆکاری سەرەکی و جوهەریە. لەژیانی مرۆڤی سەرەتایی و لە کۆمەڵگا داخراوەکانی پێشوودا، هەموو ئەندامەکان لەڕووی فیکری و پلەوپایەی تاکەکەسیەوە یەکسان و هاوتابوون، وردە وردە کاروباری کۆمەلایەتیان ڕێکخست، کار دابەشکردن هاتە ئاراوە و پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکان لەڕووی ماف و گەرەنتی کۆمەلایەتیەوە یاسا و ڕێسایان بۆ دانرا و پلەو پایەی کۆمەلایەتی و مادی تاکەکان لەیەکتر جیاکرانەوە، ئەو کۆمەڵگانەی کەخاوەنی پێك هاتە و دامەزراوەیەکی ڕێك و پێك تر و بەهێز تربوون، مانەوە و بەرەو ڕووی پێشکەوتن و کامڵ بوون هەنگاریان نا.

گونجاندنی یاسای داروین و مانەوەی چاکتر لەلایەن ((سپنسەر))ەوە لەزانستی کۆمەڵناسیدا ڕەواجێکی لەڕادە بەدەری پەیدا کرد و سەرمایەداری پیشەسازیش پاساوێکی زانستیانەی لە کۆمەڵناسی داروینیدا بۆ هێنرایەوە. ((ڕاکفلر)) پێی وابوو کەفراوانکردنی پیشەسازیەکان و هێزی کارگە گەورەکان، دەرئەنجامی پایەداربوونی بەهێز و مانەوەی چاکترە: ((کوڵێکی سووری جوان کاتێك دەتوانێت ببێتە خاوەنی عەتر و بۆنێکی خۆشی بێ وێنە، کە بەلەناوبردنی خونچەکانی دەوروبەری خۆی یارمەتی گەشەکردنی درابێت.)) نایەکسانیە کۆمەلایەتیەکان، وەك یاسایەکی سرووشتی دەتوانرێت پاساوی بۆ بهێنرێتەوە، چونکە مانەوەی بەهێز شتێکی سرووشتیە، بەواتیەکی تر ((نایەکسانی کۆمەلایەتی لەسەر بنەمای نایەکسانی سرووشتی ڕاوەستاوە و ئەوەش خۆی لەخۆدا لەئەنجامی ئەو جیاوازیە هەییانەوە سەر هەڵدەدات کە لەلێهاتویی و هۆشیاری بە بۆماوەییەکاندا هەیە.)) بیرۆکەی پێشکەوتن بەئاراستەی گۆڕان و بەرەو پێش چوون هەنگاو دەنێت و کۆبونەوەی

دامەزراوە پیشەسازی بازرگانیەکان بە ووتەی ((کارنگی)) بۆ پێشکەوتن و بەرەوپێش بردنی ئایندەی مرۆڤایەتی، بەفاکتەری سەرەکی و جەوهەری هەژمار دەکرێت. هزری ((پیۆرتیانیزم))یش، کرا بەئامێرێکی پاساو هێنانەوەی ناکاریانە لە پایەدار بوونی بەهێزدا، چالاکی تاك، بەتایبەتی ئامانجی ئەو کۆکردنەوەی سەروەت بێت، بەخششێکی ئیلاهییەو هەوڵدان لەپێناو بەدەست هێنانی سەروەت، لەڕاستیدا جێبەجێکردنی ئەرکێکە کە خواوەند لەمرۆڤە باوەڕدارەکان چاوەڕێی دەکات. چونکە ((سوڵتانی مەعنەوی ئێمە، کە خوداوەند بەهرەی کۆکردنەوەی سەروەتی بۆ مەبەستێکی چاك و چاك بەمرۆڤ بەخشیوە)) کە خێر و چاکەی کۆمەڵگەی لێدەکەوێتەوە. قەشە ((لارنس)) لە کڵێسەی ((ئیپیسکوپل))ی ماسا چۆسێت، لەووتارەکانیدا دەڵێت، کە :((تەنها پیاوی سەر بەرز سەروەت کۆدەکاتەوە. ئێمە ئیمانمان بەو هەماهەنگی و ڕێکخستنە دونیاییە هەیە کە خوداوەند ئافراندوویەتی... تەنها بەبیرکردنەوە و ژیندەگی کردن بەپێی بنەما باڵاکانی ئەوە کەنهێنیەکانی سروشت و سەروەتە شاردراوەکانی بۆ ئێمە ئاشکرا دەبێت... دینداری و سەروەت پێکەوە گرێ دراون.))

بەم شێوەیە چڕبوونەوەی سەروەت و دەسەڵات لەنێو دەستی چەند کەسانێکی دیاریکراودا لەگەڵ پاسا ناکاری و مەزهەبییەکاندا گونجێنراو چەمکی ((ئینجیلی سەروەت)) پاسارێکی دان پێدانراوی بۆ هێنرایەوە. چەمکەکانی ئازادی، یەکسانی و دیموکراسیش بەشێوەیەك گۆڕانیان بەسەردا هات کەلەگەڵ فەرهەنگی پارە و کۆمەڵگەی سەرمایەداری پیشەسازیدا هەماهەنگ بکرێت. تاك گۆڕا بۆ مرۆڤێکی ئابووری، دیموکراسی بۆ سەرمایەداری، ئازادی بۆ مافی خاوەنداریەتی، یەکسانیەکان بۆ دەرفەتێك بۆ دەوڵەمەند بوون و پێشکەوتن بۆ گۆڕانی پیشەسازی و کۆکردنەوەی سەروەت و سامان، واتە خودا و سرووشت دەستیان دایە دەستی یەکتر کە ((ئینجیلی سەروەت)) وەك بنەما و بنچینەیەکی دان پێدانراو پێویستیەکی سرووشتی و حاشا هەڵنەگر لێ بکەن.

پەیدابوونی فەرمان ڕەوایانی سەروەت وەك گرێکی کۆمەڵایەتی تایبەت، باوەڕی بە هەڵی سەرکەوتن و پێشکەوتن لە ئەمریکادا زیاتر کرد و ئەمریکا ـ بەواتای وڵاتێك بەرەخساندنی چانسی یەکسان بۆ هەمووان ـ وەك سەر زەمینەیەکی بڕیار لەسەر دراو (موعود) خۆی بەتێکڕای گەلەکەی ناساند. داستانە میللیەکانی ((هۆراشیۆلجەر)) ئەم خەونە ئەمریکاییە و ئەفسانەی پیاوی خۆ دروستکەری بەگوێی تێکڕای خەڵکی ئەمریکادا چرپاند. لەهەموو داستانەکانیدا، پیاوی نەقیر بە کار و کۆشش و دەستپاکی و باوەڕ، بەسەر هەژاریدا زاڵدەبێت و خۆی بەسەروەت و پارە دەگەیەنێت، دەنوسێت: ((لەم مەملەکەتەدا، خۆشبەختانە کەمتر شوێنێك هەیە کە تاکی زەحمەت

کێش نەتوانێت ژیانێکی گونجا و بۆ خۆی درووست بکات و ئەگەر خۆی لە ئیشکردن نەدزێتەوە بەدڵنیاییەوە ڕێگا بۆپێشکەوتن و سەرکەوتن هەموار کراوە.)) ئەندرۆ کارنگی ((پسپۆڕی ووشە کورتەکان)) هێمای بیرۆکەی سەرکەوتن و پارە درووستکردنی ئەو سەردەمەیە، لەوەتەی ئەو ((هەژاری ڕەحمەتێکی ئیلاهییە، چونکە مرۆڤ ناچار بەکارکردن دەکات. پیرۆزبایی و دەستخۆشی لەلاوان بکەن کەلەم بارودۆخەدا لەدایك بوون لەبەرئەوەی کە ناچار دەبن بەو پەڕی توانایانەوە ئیش بکەن)). ((ڕاکفلر)) باوەڕی وابوو، هەرچەندە مرۆڤێك فەقیر تربێت ئەگەری پێشکەوتنی ئەو زیاتر دەبێت و چەندەها دەرفەتی (گونجاو) چاوەڕێی دەکات، تەنها دەبێت فێری زیادە ڕۆیی نەکردن و شێوازی کار و چالاکی بکرێت. بیرۆکەی بەختەوەری و درووستکردنی پارە و ئەفسانەی پیاوانی خۆدرووستکەر، بەرهەمی نوسەرانێکی وەك ((هۆراشیۆئەلجەر))، چاپەمەنی و کڵێساکان بوو. هەر لەم ساڵانەدا چەندەها بڵاوکراوەی جۆراوجۆر دەربارەی ڕێوڕەسمی پارە درووستکردن و کۆکردنەوەی سەروەت وسامان دەرکران و زۆربەشیان لەناوچەکانی باکوور و ڕۆژهەلات کەناوەندێکی سەرەکی پیشەسازی و کارگەکان بوون بڵاودەکرانەوە. ئەم بیرۆکانە لەرێگەی ووتاری قەشەکانی پرۆتستانتیشەوە لەژێر درووشمی ((خودا ناسی و توانایی))دا بۆ خەلکی دەگوازرانەوە.

بەلاّم واقیع لەگەلّ وێنەی ڕەنگینی پیاوی خۆدرووستکەردا نەدەگونجا. سەرمایەدارە ناودارەکان، ئەو گەنجە هەژارانە بوون کە لەلادێکانەوە بەرە و شار هاتبن، نەئەو کۆچبەرانەش بوون کە لە وولاّتە فەقیرەکانی ئەورووپاوە پەنایان بۆ کەنارەکانی ئەمریکا هێنابێت، بەلکو زۆربەیان سەر بەچینی ناوەڕاست و لە نەژادی ئەنگلۆ ساکسۆن بوون، خاوەن بڕوانامەی زانکۆ، ئەزموونێکی تەواویشیان لە بواری ئالوگۆڕی بازرگانیدا هەبوو. جگە لە ((کارنگی)) کەلە ئۆسکۆتلەنداوە بۆ ئەمریکا کۆچی کردبوو و یەك دوانێکی تر، هەموو ئەوانی دی لە ئەمریکادا لەدایك بووبوون و لەژیانێکی تارادەیەك خۆشگوزەرانیشدا، پەروەردە کرابوون، زۆربەشیان ئەو دەرفەتەیان بۆ خۆیان قۆستبوویەوە کە شەڕی ناوخۆ بۆیانی ساز کردبوو، هەرلەو کاتەشەوە ئەو هەموو سەروەت و سامانەیان پێکەوە نابوو، چینی میلیۆنەریش کە خاوەنی ئەو پلەوپایە کۆمەلاّیەتیە تایبەتە بوون، سەر بەم کۆمەڵەیە بوون. بەرژەوەندی سەرمایەداری بەجۆرێك لەگەلّ بیرۆکەی پێشکەوتنی خوازی و پێشکەوتن و سەرکەوتندا لێك درا، کە ڕەش بینی و نائومێدی گشتی دژ بەو ڕژێمە هەمیشە ماوەیەکی کورتی خایاندووە. سەردەمی ڕوودا و پێشکەوتن خوازیەکان پێش جەنگی جیهانی یەکەم، یان سەردەمی چاکسازیەکانی ڕۆزفلت، یان دەیەی ١٩٦٠، کەسەردەمی نارەزاییەکان و دەربڕینی هەستی بەدبینی بوو بەرامبەر بەم تاقمە و مۆنۆپۆلکردنی سەروەت ـ هەمیشە ـ سەردەمی ستایش و شانازی

پێوەکردنی بەدوادا هاتووە. خەونی ئەمریکایی کەمووژدەی ژیانێکی خۆشگوزەران و پێشکەوتنی بەهەر تاکێکی هەژار و زەحمەتکێش دەدا و هەروەها ئەفسانەی ((بزاوتی کۆمەڵایەتی ژندەپۆشان لەهەژارییەوە بۆ دەوڵەمەندی)) لەو ماوەیەدا گوڕ و تینێکی زیاتریان وەرگرت. ساڵانە چەندەها خەلات بەناوی ((هۆراشیۆلجەر))ەوە پێشکەش بە چالاکترین و سەرکەوتووترین سەرمایەدارەکان دەکرا و فرۆشتنی ئەو داستانانەی کە باسیان لەسەرکەوتن و پێشکەوتنی تاکەکەس دەکرد، بازاڕێکی گەرمیان پەیدا دەکرد.

بازرگانە نوێیەکان تازە بە تازە بووبوونە خاوەنی سەروەت و سەرمایە، چینێکی تایبەتیان لەکۆمەڵگەی ئەمریکیدا پێك هێنا و بۆ چاولێکەری یەکتر دەستیان بەدروستکردنی کۆشك و تەلاری پڕ شکۆ و کڕینی کەل و پەلی ڕازاوە و گرانبەها کرد. شەیدای کڕینی کەل و پەلی ئەنتیك و دروستکردنی باڵەخانەی گەورە و زەخم، کە بەکەرەستەکانی جوانکاری ئەفسانەیی و هەندێك جار پێکەنیناوی ئەڕازێنرانەوە، بازرگانی کردن بەکەرەستە و شتوومەکی بەنرخی خانەدانی، پێشبڕکێ کردن لە خوازبێنی کردنی کچانی ئۆچاغ زادەی بێ کار و بێ دەرەتانی ئەورووپی، سازکردن و ڕێکخستنی میوانداری پڕ زەرق و برق، بێ سەر و بەری جۆراوجۆر و دەست بڵاوی لەڕادەبەدەر، بەگشتی نیشانەی فەرهەنگێکی تازە پێگەیشتوو بوو، کە ((مارك تواین)) نووسەری ئەمریکایی بەگاڵتەجاڕییەوە بە((سەردەمی نکلیلی))ناودەبرد. پێشبڕکێی ئەم تاقمەی بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر و دروستکردنی گیانی ڕێزلێنان و یەکسانی کۆمەڵایەتی، لەچالاکیە جۆربەجۆرەکاندا بەئاشکرا دەبینرا. زۆربەی بەرهەمە هونەرییەکانی ئەورووپایان کڕی و چەند مۆزەخانەیەکی جۆراوجۆر لەرێگەی ئەو یارمەتیانەی کە پێشکەشیان دەکرد، وەك مۆزەخانەی ((ناشناڵ گالری)) واشنگتۆن، ((میترۆپۆلتین و ڤێنیی)) لەنیویۆرك و مۆزەی هونەری شیکاگۆ دروستکران. کڕینی شتوومەکی هونەری و دروست کردنی مۆزەی هونەری جۆراوجۆر، بەڵگە لەسەر سەلیقەی هونەری و فەرهەنگ دۆستی ئەوان نەبوو، بەڵکو وەکو هەموو پرۆژەکانی دیکەیان ـ دروست کردنی باڵەخانەکان، زانکۆکان، کڵێسەو کتێبخانە جۆراو جۆرەکان ـ هەموو بۆ دەرخستن و بیانوێکیش بوو بۆ خۆ دزینەوە لەدانی باج ، دەرفەتێك بۆ پەرەپێدانی دەسەڵاتی سیاسیو ئامێرێك بەدەست پێشەنگانی بیروڕای گشتییەوە کە وێنەیەکی موحتەرەمانەی بازرگانەکان پیشانی خەڵك بدەن. لە تێکڕای بەرهەمە هونەرییەکانی ئەم سەردەمە دا هیچ نوسەرێکی بەناو بانگ ، تەنانەت وێنەیەکی بۆ دان پێدانانی ئەم کەسانە نەووتووەو هیچ کام لەم کەسانەشیان بەپاڵەوانی داستان ناوزەد نەکردووە، ووشەیەکیشیان دەربارەی پیاهەڵدان و ستایش کردنیان نەنووسیوە. تەنها شتێك کە ناتوانرێت نکوڵی لێ

بکرێت ـ بە هەموو ئەو هەڵسوکەوتانەی لەڕووی ئەخلاقیەوە پەسەند بوون ـ لێهاتووی لە بواری بازرگانی ، شارەزایی و بەڕێوەبردن و ڕێکخشتنی کاروباری ئابووریان بوو کە ئەرانی گەیاندە ئەو ئاستە .

سیاسەتی ناوخۆی حکومەتی ئەمریکا لەم سەردەمەدا، وەك جاران بەهێز نەبوو. سەرۆك کۆماری ئەم سەردەمە هەرچەندە دەسەلاتی جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنیشیان هەبوو، بەلام لەڕووی کەسێتی سیاسەتیەوە کەسانێکی هام ناوەند بوون. لەسەردەمی پەرەسەندنی پیشەسازی و سەرهەلدانی کارگە گەورەکان و کۆمپانیا پێشکەوتووەکاندا، دەسەلاتی جێبەجێکردنی دەولەتی مەرکەزی کەوتە ژێر کاریگەری دەسەلاتی سەرمایەدارەکانەوە. بانکدارە گەورەو خاوەن پیشەسازیەکان گەورەکان بوون کە کۆنترۆلی کاروبارەکانیان دەکرد. بەدرێژای مێژووی ئەمریکا هیچ کاتێك سیاسەتی ئەو وولاتە وەك سەردەمی بانکدارەکان و خاوەن کارگەکان لاوازو کەم بایەخ نەبووە. لە ڕاستیدا پێشکەوتنی باری ئابووری، یەکسانی و هاوسەنگی دەسەلاتی سیاسی ئەمریکای تێك شکاند. سیاسەتی قۆرخکاری ودونیای پیشەسازی و بازرگانی، دیکتاتۆریەتێکی ستەمکاری ئابووری پێکهێناو بەتوندی دەستی ڕژێمی دیموکراتی ئەمریکای کەلەپچەکرد. لەم بارەیەوە ((جارلز فرانسیس ئادامز))لەنەوەکانی دووەمین سەرۆك کۆماری ئەمریکا، لەساڵی ١٨٧١دا دەنوسێت: ((شێوازی بەکارهێنانی دەسەلات و بەڕێوەبردنی کۆمپانیا گەورەکان هێشتا لەقۆناغی سەرەتایی دایە، بەلام دەسەلاتێکە کەهیچ ناوێکی ناتوانرێت لێبنرێت. ئێمە دەربارەی سیستەمە جۆراوجۆرەکانی حکومەتکردن، لەئەرستۆکراتی و دیکتاتۆریەوە تا دیموکراسی، شتانێك دەزانین، بەلام هیچ دەستەواژەیەك ناتوانێت ئەو حکومەتەی کە لەلایەن بازرگانە بەهێزەکان و کۆمپانیا گەورەکانەوە بەڕێوە دەبرێت پێناسە بکات... هەروەك ئەو سەرمایەدارانەی کە بەڕێوەبردنی کانالی ئێریە یان بۆخۆیان قۆرغ کرد، پێناسی دەسەلاتی ئەوانە لەکۆنترۆلی پرۆلیتاریادا، ئەو کاتەش کە ((ڤاندەر بیلت)) دەسەلاتی ئستیبدادی تزارەکانی بۆ بەڕێوەبردنی [کۆنترۆلکردن] کۆمپانیاکانی هێلەکانی ئاسن بەکار هێنا، چاوەڕوان دەکرێت کە لەقۆناغی دواتردا ئەم سیستەمە ئستیبدادیە ئابووریە و قۆرخکاریەش دەسەلاتی خۆی بەسەر بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکان و پرۆلیتاریدا بسەپێنێت.))

سیمای ئەندامی گۆنگرێس، دادوەرەکان و دەستەی جێبەجێ کەرانی مەملەکەت لەم ماوەی بیست و پێنج ساڵەدا ١٨٧٠_١٨٩٥ هێلکاریەکە لەگەندەڵی، کەم و کورتی و بەرتیل خۆری. سیاسەتی دەستتێوەرنەدانی دەولەت بەکاروباری ئابووری، کۆت و بەند و کێشمەکێشێکی

لەرادەبەدەری سەرمایەدارەکانی لێکەوتەوە. لاوازی کەسایەتی سیاسی خوودی سەرۆك کۆمارەکان بوو بەهۆی ئەوەی کە زۆربەیان ببنە گاڵتەجاڕی دەستی سیاسەتی حیزبەکان. لەشەش دەورەی سەرۆکایەتی کۆماریدا ١٨٧٦ـ١٨٩٦، حیزبی کۆماریخواز چوار سەرۆك کۆمار ڕەوانەی کۆشکی سپی بکات. حیزبی کۆماری خواز حیزبی سەرمایە و سەروەت بوو. سەرکەوتنی شەڕی ناوخۆ و پەرەسەندنی ئابووری ویلایەتە یەکگرتووەکانیش لەئەنجامی پشتگیری و پشتیوانی کۆماریخوازەکانەوە سەری هەڵدا بوو. زۆربەی خاوەن کارگەو سەرمایەکان و چینی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگەش لەنێو ئەم حیزبەدا ئەندام بوون. سیاسەتی حیزبی کۆماریخواز بەشێوەیەك بوو کە هەموو ئەو شتانەی بازرگانەکان داویان دەکرد، وەك (باجی پشتیوانی)، یاسای ئاسانکاری بۆ بەرهەمهێنان، سیستەمی میللی بانکی، زەوی و زاری فراوان، قەرزی زۆرروزبەندە و سیستەمێکی تایبەتی بۆ لێبوردنی گشتی (معاف) لەسەر ئەو باجەی کە پێویست بوو بۆ خەزێنەی دەوڵەتی بیگێڕێتەوە، بۆیانی دەستەبەر دەکرد. ڕەش پێستەکان و سەربازە کۆنەکانی سەردەمی شەڕیش کە ئازادی و سەرکەوتنی خۆیان لەچاوی کۆماریخوازەکاندا دەبینی، پەیوەندیان بەم کۆمەڵەیەوە دەکرد. بەدەست هێنانی دەسەڵاتی سیاسی هەوڵێکی لەباری بۆ کۆماریخوازەکان ڕەخساند، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە دەسەڵات و ئابووری خۆیان و ئەندامەکانیان بکەن. بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانجە سیاسیەکانیان پابەندی هیچ بنەمایەك نەدەبوون، بەرژەوەندی کرداریان لەسەروی هەموو بەرژەوەندیەکانەوە دانا بوو. سیاسەت، هەم بوو بەهێمای بازرگانی کردن، هەم ئامرازێك بوو بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندیەکانی. ڕوون و ئاشکرایە کەهەر سیناتۆرێك تەنها نوێنەری ویلایەتەکەی خۆی نەبوو و بەڵکو بە پێناسی دەسەڵات و بەهای بازرگانیش دەژمێررا. بۆ نموونە بازرگانەکانی پەمووی ویلایەتەکانی باشوور لەلایەن شەش سیناتۆرەوە بەرێوە دەبرا، سیناتۆرەکانی دیکە پشتیوانیان لە بەرژەوەندی هێڵە ئاسنینە سەرتا سەریەکانی یونیۆن پاسیفیك دەکرد، ژمارەیەکی دیکەش بەرژەوەندی کانەکانی پۆڵا و ئاسن و چەند سیناتۆرێکی دیکەش پارێزگاریان لەبەرهەمهێنانی نەوتی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکرد. ئەنجامی ئەم بێ سەروبەری سەروەریە حیزبیە، بەەم شێوەیە بوو کە دەسەڵاتی زەمینەی حیزب لەخەڵکی سەنرایەوە و بۆ چەند سیاسەتمەداری حیزبی، نوێنەری کارگە گەورەکان و ڕێکخراوە حیزبیەکان گوازرایەوە. دام و دەزگا حیزبیەکان بەرادەیەك دەسەڵاتیان بەسەر کاروبارەکاندا گرتبوو کە کاتێك دیموکراسی لەسەردەمی سەرۆك کۆماریەتی ((کلیولەند))دا دەرفەتی گرتنە دەستی دەسەڵاتیان بۆ ڕەخسا، دەرکەوت کەلەنێوان ئەم دووحیزبەدا جیاوازیەکی ئەوتۆ نەبووە، چونکە دەسەڵاتی بازرگانی بەسەر سیاسەتی گشتی وڵاتدا یەکلایی بوویووەوە.

بۆڕێککەوتن لەدەست درێژی کۆمپانیا گەورەکان، چەند یاسایەکی نوێی چاکسازی لەکۆنگرێسدا دەنگیان لەسەر دراو لەوانەش یاسای بازرگانی نێوان ویلایەتەکان بوو. کۆمپانیاکانی هێڵەکانی ئاسن لەگەڵ ئەو هەموو تەنگ و چەڵەمەیەشدا خۆیان لەدانی باج دەدزیەوە و نرخی کرێی هاتووچۆیان بەدڵی خۆیان بەرز و نزم پێدەکرد. ئەم یاسایە سنووری چالاکی ئەو کۆمپانیانەی کەم کردەوە، دەبوو کرێی هاتووچۆ بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دیاری بکرێت و لەسەر کۆمپانیاکانی هێڵەکانی ئاسنیش پێویست بوو بەدارشتنی بەرنامەیەك، باج و دەفتەری حیسابەکانی خۆیان بەمەبەستی پێداچوونەوەیان بخرێنە بەر دەستی لێپرسراوانی دەوڵەت. بەڵام ئەم یاسایە زۆر ڕوون نەبوو و بەڕاشکاوی نرخەکانی دیاری نەدەکرد. لەکۆتاییدا و بەهۆی یاسا پێشنیازکراوەکەی ((شرمان))ەوە کە بەیاسای ((دژە تراست)) بەناوبانگە، لەساڵی ١٨٩٠ تەواوی کاروبارەکانی پەیوەندیدار بە ((تراست)) خرایە ژێر دەسەڵاتی کۆنگرێسەوە. تەڵەکەی بازی و کۆت و بەند و پیلانە بازرگانیەکان بەتەواوەتی قەدەغەکران. بەڵام ئەم یاسایانەش کارێکی ئەو تۆیان لە بارودۆخەکە نەکرد و کۆمپانیا گەورەکان لەسەر کارە نایاسایەکانیان هەر بەردەوام بوون.

لەڕاستیدا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و هاتنە سەر کاری ((تیئۆدۆر ڕۆزڤێلت))ە بوو، کە لەگەندەڵیەکانی دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی تارادەیەك کەم کرانەوە و پلە و پایە و پێگەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن زیادی کرد. هەر لەسەرەتای ئەم سەدەیەشەوە بوو کەپەیوەندی دەسەڵاتی لێپرسراویەتی سیاسی لەلایەکەوە و دەسەڵاتی سەرمایەدارەکان لەلایەکی ترەوە و گۆڕانێکی نوێی بەسەردا هات.

کۆمەڵگەی پیشەسازی ئەمریکا کە هاوکاری سەرمایەدارەکانی بەسەردا زاڵ بوو، لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك گیروگرفتی کۆمەڵایەتی بوویەوە [لەوانە]: کۆچکردن و گرفتەکانی شارنشینی، ڕەگەز پەرستی، ژیانی کرێکاران، ئاڵۆزی ژیانی چینی بەکاربەر و کێشەی جووتیارەکان. پێشکەوتنی پیشەسازی و بەرهەمی کارگەکان پێویستیەکی زۆری بەهێزی کارەکەر هەبوو. لەبەر ئەوە ڕێساکانی کۆچکردن چەند ئاسانکاریەکیان تێدا کرا و کاروانی کۆچبەرانی بەرەو ویلایەتەکان بەڕێخست. ئەو کۆچکەرانەی کەپێش شەڕی ناوخۆ بەرەو ئەمریکا دەهاتن، زیاتر خەڵکی باکووری ئەورووپا بەتایبەت ئیرلەندە و ئەڵمانیا و ئەسکەندەنافیا بوون. زۆربەشیان خوێندەوار و تارادەیەکیش دەوڵەمەند بوون. بەڵام دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆ و لەئەنجامی ئەو گۆڕانکاریە پیشەسازیانەی کەجیهانی پێدا تێپەڕی،ئاراستەی کۆچکردنەکان گۆڕاو کۆچبەرەکان زیاتر لەووڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و باشووروەوە بەتایبەت لەڕووسیا، پۆڵەندا،

ناوچەکانی بالکان و ئیتالیاوە شۆڕ دەبوونەوە و ڕێژەیەکی زۆریشیان جووتیاری نەخوێندەوار و هەژار و یان سەربەئایینی کاتۆلیك و یەهوودی بوون و لەڕووی فەرهەنگیشەوە لەگەڵ کۆچبەرەکانی پێشوودا جیاواز بوون. ئیشە سەخت و دژوارەکانی نێو کانەکان، پیشەسازی ئاسن و پۆڵا و دار و دەزگاکانی ڕستن و چنین هەمووی کەوتبوویە سەرشانی ئەم کۆچبەرانە. ئەمانەهیچ شارەزایی و پسپۆڕیەکی هونەریان نەبوو و، بۆ ئەو ئیشانەش تەرخان دەکران کە بە ((پیشە بیانیەکان)) بەناوبانگ بوون. لەناوچە هەژار نشین و قەرەباڵغەکانی شارەکاندا نیشتە جێ دەبوون و هیچ جۆرە خزمەت گوزاریەکی تەندروستی و خۆشگوزەرانیان لەبەر دەستدا نەبوو. مەرجەکانی کارکردن زۆر سەخت و دژوار بوون و کرێکارەکان زۆربەیان ڕووبەڕووی دەرکردن و لەدەستدانی کارەکەیان دەبوونەوە.

لەسێ ساڵی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، ژمارەی کرێکاران سێ ئەوەندە زیادی کرد بەرێکەوتنی شەپۆلی ڕوو لەزیادی کۆچبەران، سەرچاوەیەکی لەڕادەبەدەری هێزی کرێکارانی خستە بەر دەستی خاوەن کارگەکان و بەرەخسانی ئەم هەلومەرجە لەبارە چیتی بەپێویستیان نەدەزانی ئەوەندە گرنگی بەحاڵ و گوزەرانی کرێکاران بدەن. کەمی کرێی ڕۆژانە، ماوەی کاری دوور و درێژ، ئاڵۆزی پشێوی ژیان ، زەمانەت نەکردنی پیشە، مەرجە قورسەکانی کارکردن و تەوەقوعاتی بێ سنووری خاوەن کارگەکان، لەو گرفتە سەرەکیانە بوون کە لەسەردەمی گۆڕانی پیشەسازیدا ڕووبەڕووی کرێکارەکان دەبوونەوە، مەرجەکانی کارکردنی کرێکارانی کۆچبەر ڕەهەندێکی سەرمایە گوزاری بەخۆوە گرتبوو، هەر ئەم بارودۆخەش بوو کە کرێکارەکانی بەرەو ڕێکخراوەیی بوون هاندەدا.

یاخی بوونی کرێکارەکان زۆرجار توند و تیژی و پێکدادانی لێدەکەوتەوە، یەکرێزی و مانگرتنەکانیشیان بەرەبەری هێزی خاوەن کارگەکان بەریەرچ دەدرایەوە دواتر بەبەکارهێنانی هێزی سەربازی و پۆلیسی تایبەت، بەتەواوەتی سەرکورت دەکران. سێ قەیرانی ئابووری گەورەی یەك لە دوایەك ۱۸۷۳،۱۸۸٦،۱۸۹۳ ڕێژەی سەدی بێکاریان لە ئەمریکا گەیاندە ۱۲٪و ئەم مەسەلەیە چەندەها مانگرتنی خوێناوی بەدوای خۆیدا هێنا. فراوانی هێزی کار، ژمارەی ئەو کرێکارانەی لەکاتی مانگرتنەکاندا ئامادە دەبوون، سیاسەتی خاوەن کارگەکان لە دووبەرەکی نانەوەی نێوان کرێکارەکان و پشتیوانی یاسا و هێزی سەربازی لە بەرژەوەندی سەرمایەدارەکان، یەکرێزی نێوان کرێکارەکانی ئەستەم و مانگرتنەکانی پەرتەوازە دەکرد. ووتەکەی ((جی گۆڵد)) کەیەکێکە لەخاوەن کارگە گەورەکان، پێناسەی ڕەفتار و هەڵوێستی ئەو کەسانەیە: ((دەتوانم نیوی تاکەکانی چینی کرێکاران بۆ کوشتنی نیوەکەی تر دابەزرێنم)).

ڕووبەڕووی نێوان کرێکاران، پاش قەیرانی ١٨٧٣ لەشێوەی مانگرتنی فراوان و جۆراوجۆر لەنێو شارە پیشەسازییەکاندا دەرکەوتن. ژمارەیەک لەو کرێکارانە و ئەوانەش کە مووچەی ڕۆژانەیان کەمبوو، زنجیرەیەک مانگرتنی بەربڵاویان لەشارە پیشەسازییەکاندا ئەنجام دا. لەساڵی ١٨٧٧ مانگرتنی کرێکاران، هێڵەکانی ئاسنی نێوان شارەکانی وەک شیکاگۆ، فیلادلفیا، پتیسبۆرگ، بافلو، تاسانفرانسیسکۆی ئیفلیج کرد. بۆ کپکردنەوەی ئەم شۆڕشانە، سەربازانی دەوڵەتی فیدراڵی و پۆلیسی ویلایەتەکان تەقەیان لەکرێکارەکان کرد و ژمارەیەکیان لێکوشتن. ترس و لەرزی کاربەدەستان لە بیرەوەرییەکەی ((کۆمۆنەی پاریس))ی ساڵی ١٨٧١، ئاسمانی ئەمریکای داپۆشی. فەرمانی دادگاکان سەبارەت بەقەدەغەکردنی هەر جۆرە مانگرتنێک، بەدوادا چوون و سزای مانگرتووەکان، دەرکردنی بەکۆمەڵی کرێکاران و درووستکردنی گاردی میللی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەشارە پیشەسازییەکان لەو جۆرە ڕێوشوێنانەبوون کەبۆ سەرکوتکردنی مانگرتووەکان گیرانە بەر. لەو ڕۆژە بەدواوە کۆکردنەوەی دامەزراوە پیشەسازییەکان و لێکدانی کۆمپانیا بازرگانییەکان بۆ درووستکردنی مەرکەزیەت و قۆرخکردنی چالاکیە ئابوورییەکان، بەخێرایی خرایە قۆناغی پراکتیک کردنەوە، یەکگرتنی خاوەن کارگەکانیش لەلایەکی ترەوە، سەرکەوتنی کرێکارەکانی ئەوەندەی تر ئاڵۆز دەکرد. لەساڵەکانی ١٨٨٠ دەمەقرەی کرێکارەکان زیادی کردوو و لەگەڵ قەیرانەکەی ١٨٨٦دا ئەم ڕەق و قینەیان گەیشتە بینەقاقە. لەم ساڵەدا زیاتر لەشەش سەد هەزار کرێکار لەسەر پیشەکەیان لابران. لەمانگی مارچ ١٨٨٦ خۆپیشاندانێک دژ بە توندوتیژییەکانی پۆلیس لە ((هەی مارکت))ی شیکاگۆ ئەنجامدرا. پاش تەقینەوەی بۆمبێک کەهیچ کاتێک بەڕاستی هۆکاری ئەم تەقینەوەیە نەزانراوە، ژمارەیەکی زۆر لەکرێکارەکان دەستگیر کران و لەشوێنێکی ترسناک و ناخۆش دادگایی کران و ژمارەیەکیش لەسێ دارە دران. پاش ڕووداوەکەی ((هەی مارکت)) شوێن و پلەوپایەی سەندیکای کرێکاران کەوتە مەترسییەوە و زۆرێک لەخاوەن کارگەکان لە دامەزراندنی (استخدام) کرێکارانی ئەندامی ئەم سەندیکایە خۆیان بەدوور گرت، ڕابەرانی گرووپە کرێکارییەکان بەکەسانێکی تێکدەر و ئاژاوەگێڕ ناو زەد کران. لەساڵەکانی ١٨٩٠ مانگرتنی کرێکاران بەتایبەت لەنێو کرێکارانی کانەکان، هێڵەکانی ئاسن، پیشەسازی پۆڵا پەرەی سەند. پیشەسازی، بوو بەمەیدانی سەرەکی موناقەشە و مانگرتنە یەک لە دوایەکەکان. مانگرتنی کرێکارانی بەرهەمهێنای پۆڵا بە ((هوم ستەد))ی پەنسلڤانیا لەساڵی ١٨٩٢ نموونەیەکە لەو جۆرە مانگرتنانە. نزم بوونی ئاستی کرێی ڕۆژانە و باروودۆخی نالەباری ژیان و شێوازی بژێوی، ژمارەیەک لەو کرێکارانەی کەزۆربەیان کۆچبەر بوون، ناچار بەناڕەزایی دەربڕین کرد و لەبەر ئەوەی داواکەیان پشت گوێ خر

یەکیەتیەکەیان بڕیاری مانگرتنی پەسەند کرد. خاوەن کارگەکان بەبەکارهێنانی پۆلیسی تایبەتی ((پینکرتۆن)) و هێزی سەربازی ڕووبەڕوویان وەستایەوە و لەئەنجامی شەڕ پێکدادانی نێوانیاندا ژمارەیەك لەهەردوو لاکوژران. کارگەکە داخراو زیاتر لە سەدوو پەنجا کرێکار بە تۆمەتی پیلان دارشتن سزا دران. ئامانجی خاوەن کارگەکان دەرکردنی کرێکارانی شۆڕشگێڕ و دامەزراندنی کرێکاری نوێ بوو، ئەویش بەمەرجێك ئەندامی سەندیکاکان نەبن و سەر بۆ هەموو فەرمانەکان دانەوێنن. دەرەنجامی مانگرتنەکەی ((هوم ستەد)) کۆتایی هێنان بوو بەدامەزراوەی سەندیکاکان لە بواری پیشەسازیدا، بێ کاری و سزادانی ڕابەرانی مانگرتنەکان، سەرکەوتنی خاوەن کارگەکان.
هەر لەم کاتەدا ((یوجین دبس)) یەکیەتی کرێکارانی هێڵەکانی ئاسنی ڕاگەیاند. چالاکیەکانی ((دبس)) بۆ ڕێکخستنی کرێکاران، ناوبراوی وەك یەکێك لە ڕابەرە ناودارەکانی ڕابەرانی سۆسیالیزمی ئەمریکا ناساند. کرێکارانی دروستکردنی ڤاگۆن لەدەورووبەری شیکاگۆ لەبەر گرانی کرێی خانوو و نرخی ئەو کاڵایانەی کە بەناچاری لەفرۆشگای کۆمپانیاکە دەیانکڕی ناڕەزایی خۆیان دەربڕی. لەساڵی ١٨٩٣ کەسەردەمی قەیرانێکی دیکەی ئەمریکا بوو ڕێژەی بێ کارەکان زیادی کرد و بەپێچەوانەوە کرێی ڕۆژانەی زۆربەی خاوەن پیشەکان کەم کرایەوە. کۆمپانیای ((پۆلمن)) بەبێ گوێگرتن لەداواکاری کرێکارەکان، دەستەی ڕێکخستنی گفتوگۆکانی [نوێنەری کرێکاران] لەسەر کار لابرد و، لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستەی کۆپانیاکەدا کرێکارەکان دەستیان بەمانگرتن کرد. ((دبس))و ئەندامانی یەکیەتی کرێکارانی هێڵی ئاسن هاتنە ڕیزی مانگرتوەکانەوە و بەم شێوەیە سنووری مانگرتنەکە فراوانتر بوو. ئەنجومەنێك لەبیست و چوار خاوەن کارگە بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو یەکیەتیە پێك هێنراو بۆ سەرکوتکردنی ((یاخی بووان)) پەنایان بۆ ((کلیولەند)) سەرۆك کۆماری ئەو کاتە برد و بەبەکارهێنانی هێزی سەربازی دەوڵەتی مانگرتنەکە تێك شکێنرا، زەرو زیانێکی مادی و گیانی زۆری لێکەوتەوە. ((دبس)) و ژمارەیەك لەئەندامانی یەکیەتی کرێکارانی هێڵەکانی ئاسن بەتۆمەتی ((پیلان دارشتن)) دژ بەیاسای دژتراست زیندانی کران. هۆکاری سەرەکی ئەم توندوتیژی و پێکدادانە خوێناویەی کرێکاران، بۆ شێوازی بیرکردنەوەی [تێ ڕوانینی] گشتی خاوەن کارگەکان دەگەڕێتەوە.بەدڵنیایشەوە لەقەڵەمڕەوی دەسەڵاتدارانی قۆرخکاری سەرمایەداریدا، مەحاڵێك بۆ ئاشتی و ڕێزگرتن لەبیروڕای کرێکاران نەمابوویەوە.

یەکیەتی کرێکارەکانی ئەمریکا زیاتر لایەنێکی محافزەکارانەیان پێوە دیار بوو، ڕژێمی سەرمایەداری و بەرهەمهێنانیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی تاك پەسەند کرد. چالاکیەکانیان لەبواری زیادکردنی کرێی ڕۆژانە و مەرجەکانی کارکردن چڕ کردبوویەوە، ئەوانەشیان کە خاوەنی

ئامانجێکی شۆڕشگێڕانە بوون، سەرکەوتنێکی ئەو تۆیان بەدەست نەهێنا. ئەو دوو یەکیەتیە کرێکاریە [سەرەکی]ی کەلەسەدەی نۆزدەیەمدا دامەزران: ((فدراسیۆنی کاری ئەمریکا)) و ((کرێکارە دلێرەکان)) بوون، بەڵام ئەوەی کە محافەزەکارتر بوو، هەروەها بیروبۆچونێکی دۆستانەی لەگەڵ خاوەن کارگەکاندا هەبوو، مایەوە و یەکیەتی ((کرێکارە دلێرەکان))کە ڕێوشوێنێکی سیاسی بۆخۆی گرتبووە بەر و جێی متمانەی خاوەن کارگەکان نەبوو، کشایە دواوە و توایەوە. یەکیەتی ((کرێکارە دلێرەکان)) لە١٨٦٩دا دامەزرا و لەساڵەکانی ١٧٠٠ ژمارەی ئەندامەکانی پتر لە حەوت سەد هەزار کەس دەبوون، ڕەش پێستەکان و ژنە کرێکارەکانیش دەیانتوانی ببنە ئەندام لەم یەکیەتیەدا. پاش ڕووداوەکەی ((هی مارکت))ی شاری شیکاگۆ کە ژمارەیەك لەئانار شیستەکانیش تیایدا بەشدار بوون، یەکیەتی ((کرێکارە دلێرەکان)) کە لێپرسراویەتی خۆپیشاندانەکەیان گرتبووە ئەستۆ، زیانێکی زۆریان لێکەوت و ژمارەیەکی زۆر لەڕابەرانی ئەو یەکیەتیە دادگایی و زیندانی کران و، سەد هەزار لەئەندامەکانی کەنارگیریان کرد و وردە وردە لەمەیدانی چالاکیە کرێکاریەکان پاشەکشێی کرد و کۆتایی بەتەمەنی هات. ((فدراسیۆنی کاری ئەمریکا))، لەلایەن ڕابەرێکی((بلیمەتەوە)) کە ((سامویل گۆمپەر)) بوو، بەڕێوە دەبرا. ئامانجی ئەم دامەزراوە چاککردنی مەرجەکانی کارکردن و کرێی ڕۆژانە بوو لەڕێگەی گفتوگۆکردنی دۆستانە لەگەڵ خاوەن کارگەکان ـ لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی ئایدیۆلۆجیایەکی کرێکاری نەبوو، کرێکاری ژن، کۆچبەر یان ڕەش پێستی وەرنەدەگرت، بەئەندام بوونیش لەو یەکیەتیە تایبەت بوو بەکرێکارانی پسپۆڕ و شارەزا لە بواری پیشەسازیدا، دانی بەڕژێمی سەرمایەداریدا دەنا کە بەڕێگەیەکی ئاشتیانە گیروگرفتی کرێکارەکان چارەسەر بکات. ((فدراسیۆنی کاری ئەمریکا)) هێدی هێدی پەرەی سەند و دواتر وەك یەکێك لە سەرەکی ترین دامەزراوە کرێکاریەکانی سەدەی بیستەمی لێهات. ئەم دامەزراوانە هیچ جۆرە هەڕەشەیەکیان لەسەر بوونی سەرمایەداری درووست نەدەکرد، لەپێناو بەرژەوەندی کرێکارە شارەزاکان ـ بەڵام نەك پێچەوانە لەگەڵ بۆچوونی کارگەکان ـ دامەزرا، دامەزراوەیەکی هاوشێوە کۆمپانیا گەورەکانی پێکەوە نا.

ڕاپەڕینی کرێکاری ئەمریکا نەخاوەنی ئایدیۆلۆجیەکی دیاریکراو و نەڕابەرایەتیەکی ڕووناکبیر بوو، ئامانجی سەرەکی ئەو لەپێناو پاراستنی بوونی خۆی لەنێو ڕژێمی سەرمایەداریدا کورت دەکرایەوە. لەلایەکەوە کرێکاری ئەمریکی هەوڵی دەدا بەوەرگرتنی شێوازی ژیانی ئەمریکایی، ببێتە ئەندام لەچینی مامناوەندی ئەم کۆمەڵگەیە، لەو لاشەوە خاوەن کارگە توانی بەدەستەبەرکردنی بارودۆخێکی ئاڕاددەیەك لەبار ڕەزامەندی ئەو بەدەست بهێنێت. بەرژەوەندی

تایبەتی لەسەرووی هەموو بەرژەوەندیەکانەوە دانراوە و هەر لەبەر ئەوەش بوو کەدام و دەزگا کرێکاریەکان لەپێناو یەکرێزی چینایەتیدا کاریان نەدەکرد. زۆربەی کرێکارەکان بەبێ ئەوەی بچنە نێو هیچ دامەزراوەیەکەوە لەپیشەکەی خۆیاندا لەگەڵ خاوەن کارگەکان ڕێکدەکەوتن و لێك تێگەشتنێکی بەرامبەر کێ لەنێوانیاندا سەری هەڵدەدا.

تایبەتمەندیە گشتیەکانی کۆمەڵگە لەجێگیر بوونی ئەم هەماهەنگیەدا کاریگەریەکی زۆری هەبووە. دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر بنەمای کار و چالاکی تایبەتی [تاکەکەسی]و کۆکردنەوەی سەرمایەی تاکەکەسی دانران. قانوونی ئەساسی ئەمریکا دانی بەسنووری خاوەنداریەتی تایبەتیدا ناو جەختیشی لەسەر [پەیڕەو کردنی] ئەم چەمکە لەبوونیادە سیاسیەکاندا کردەوە. دادگاکانیش پشتیوان و پارێزەری خاوەنداریەتی تایبەتی بوون، جگە لەوەش بەگەشەکردنی باوەڕ بەچانسی یەکسان و بەرامبەر بۆ پێشکەوتن: چەمکی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان شوێنی چەمکی چینایەتی گرتەوە. لەکۆمەڵگایەکدا کە ڕێگای پێشکەوتن و بەرەو پێش چوونی واڵا کرابوو، ڕۆڵەکانیش پێکەوە بەسترانەوە، لە ئەنجامدا جەخت لەسەر هەماهەنگی ئێستا کرایەوە، نەك دوانیە دژیەکەکان و ناکۆکیەکان. هۆکارێکی دیکەش هاتنە ناوەوەی نەتەوە جۆراوجۆرەکان بوو کە دەبوونە ئاستەنگ لەبەردەم یەکرێزی و تەبایی چینایەتیدا. کرێکارە کۆچبەرەکان لەزمانی یەکتر تێنەدەگەشتن و لەرووی فەرهەنگیشەوە جیاواز بوون و جیاوازی ڕەگەزیش، خۆی لەخۆیدا کێشە و گیروگرفتێکی زۆری بەدوادا دەهات. بەڵام یەکرێزی و یەکگرتوویی کرێکاری ئەمریکی لەرووی پیشەییەوە بەرجەستە کرا. ڕابەرانێکی وەك ((کومپەر))کە ئاماغبی دامەزراوە کرێکاریەکانیان لەسەر بنەمای گفتوگۆ لەگەڵ خاوەن کارگەدا بۆ زیادکردنی کرێ و چاککردنی مەرجەکان کارکردن دادەنا، توانیان بەردەوام بن و سەرکەوتنیش بەدەست بێنن. ئەم دامەزراوانە لەسەردەمی ((فرانکلین ڕۆزفلت))دا بەچوونە نێو ((یەکیەتی کرێکارانی پیشەسازی)) توانیان وەك فراوانترین یەکیەتی کرێکاری خۆیان بنوێنن و بەکۆکردنەوە دامەزراوە بچووکەکان لەژێر چەتری پشتیوانیدا، ببنە ڕێکخراوێکی سەرەکی لە ژیانی ئابووری و سیاسی ئەمریکادا. لاوازی ڕاپەڕینی سۆسیالیزم و نەبوونی سەرهەڵدانی حیزبە کرێکاریەکان ـ بەبەراوورد لەگەڵ وڵاتە پیشەسازیەکانی دیکەی وەك ژاپۆن، ئنگلستان، ئەڵمانیا ، ئیتالیا ـ لەتایبەتمەندیە گشتیەکانی کۆمەڵگەی ئەمریکایی ئەو سەردەمە بوو.

هاوکات لەگەڵ گەشەی خێرای پیشەسازی لەناوچەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتدا، لەویلایەتەکانی ڕۆژئاواشدا چەند گۆڕانکاریەك ئەنجام درا، کە ئەم گۆڕانکاریانە دواتر یارمەتی دەرێکی باش بوون بۆ

بەرەو پێش چوونی ئەو ناوچانە لەزۆربەی بوارەکاندا. گەشەسەندنی بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات و دروستکردنی لەوەڕگەی فراوان، پیشەی بەخێوکردنی ئاژەڵی لەوناوچانەدا پەرەپێدا. دۆزینەوەی زێڕ لە کالیفۆرنیا و ویلایەتەکانی رۆژئاوا، سەرنجی زۆرێك لەکۆچبەرانی دەرەوەی بۆناوچەکانی رۆژئاوا راکێشا و سیاسەتی دەوڵەتیش لەبەخشینی زەوی کشتوکاڵی و هاندانی کۆچکردن بەرەو رۆژئاوا یارمەتی دەرێکی باش بوو بۆ نیشتەجێکردنی خەڵکی و ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانە. لەگەڵ پەرەسەندنی پیشەسازیدا، کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە بەکارهێنانی زەویە کشتوکاڵیەکاندا کرا. بەکارهێنانی ئامێری کشتوکاڵی، کوودی کیمیایی و هۆکارەکانی لەناوبردنی ئافاتی رووەك و چاککردنی تۆوی کشتوکاڵی، بەرهەمهێنانی دانەوێڵە، لۆکە و بەروبوومە پیشەسازیەکانی دیکەی چەند سەد ئەوەندە پەرە پێدا. پێش شەڕی ناوخۆ بازاڕی بەرهەمی کشتوکاڵی زۆرکەم بوو، بەڵام ئەو گۆڕانکاریەی کە لەڕووی ئامێرەکانی هاتووچۆوە. ئەنجام دران بازاڕەکانی ناوخۆی ئەمریکای بەناوچەکانی دیکەی جیهانەوە بەستەوە، جووتیارەکان دەسەڵات و کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر بازاڕەکانی فرۆشتندا لەدەستدا، نرخی بەروبوومی کشتوکاڵی لەسەر بنەمای داوخواستی بازاڕە جیهانیەکان دیاری دەکرا، زۆربوونی بەروبوومی کشتوکاڵی لە ئەورووپا، ئوسترالیا، یان ناوچەکانی دیکەی جیهان کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی لەسەر داکشانی نرخی بەروبوومەکانی ئەمریکا هەبوو. جگە لەوەش بەهۆی زۆربوونی بەرهەمی کشتوکاڵیەوە نرخی بەروبوومی کشتوکاڵی ئەو وڵاتە داشکانێکی بێ وێنەی بەخۆوە بینی ـ بەبێ ئەوەی جووتیارەکان لەدیاریکردنی نرخەکاندا بەشداریان کردبێت. ئەو گۆڕانکاریانەی کەبەسەر لایەنی پیشەسازیدا هات کاری لەبیناى دارایی وڵاتیش کردبوو. جووتیاران و کۆلکە بازرگانەکان زیاتر لەهەموو گروپە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە لەژێر پاڵە پەستۆی ئەم کاریگەریەدا بوون و شکانی نرخی بەروبوومی کشتوکاڵی، خراپی ئاووهەواو کەمی ڕێژەی بەرهەمهێنان، سەپاندنی کرێی گران و قورس لەلایەن کۆمپانیاکانی هێڵەکانی ئاسنەوە، هەموو ئەم هۆکارانە هەرەشەیەکی گەورەیان شکست بوونی ئەم گرووپە درووست کردبوو، کە زۆربەشیان زەویەکانیان لەگرەوی بانکەکاندا بوو. ڕاپەرینە پەراگەندەکان لەکۆبوونەوەی جووتیارانی نارازی، لەشێوەی سەندیکا جووتیاریەکانی وەك ((گرانجێرز)) و ئەندامانی گرووپی سیاسی ((گرین بك)) و یەکیەتی جووتیارانی سەندیکا کرێکاریەکانی ((پاپۆلیست))دا دەرکەوتن و هەوڵیاندا شێوەیەکی سیاسی بەناڕەزاییەکانیان ببەخشن. ئەوان لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٨٩٢دا توانیان ژمارەیەك نوێنەر و سیناتۆر ڕەوانەی کۆنگرێس بکەن و چەند حکومڕانێکی ویلایەتی بۆ خۆیان هەڵبژێرن.

بەسەر هەڵدانی قەیرانی دارایی لە ساڵی ١٨٩٣، شۆڕشی جووتیاران پانتاییەکی فراوانتری گرتەوە، بەیەکگرتنی گروپە یاخیبووەکان ڕاپەڕینێکی گەورەی جەماوەری سەری هەڵدا و دواتر بەدامەزراندنی حیزبێکی نوێی بەناوی ((پاپۆلیست)) کۆتایی پێهات، ئەم لەململانێ سیاسیەکاندا بۆ بەدەست هێنای دەسەڵاتی سیاسی مەسەلەیەکی نوێی وورووژاند کە ئەویش مەسەلەی یەکەی دراوی زیوو بوو. هەرچەندە مەسەلەی یەکەی دراوی زێڕ و زیوو بەبەردەوامی جێگای مشت و مڕی سیاسی نێوان گروپەکان بووە. لایەنگرانی سیستەمی دوویەکەی زێڕ و زیوو لایەنگرانی یەکەی زێڕ تاکۆتایی سەدەی نۆزدەیەکیش هەر لەسەر ئەم مەسەلەیە کێشمیان هەبوو. جووتیارەکان وایان دەزانی کە ڕەواجی دراوی زیو گیروگرفتە ئابووریەکانیان چارەسەر دەکات و نرخەکان بەرز دەکاتەوە و بەرەواج پەیداکردنی دۆلاری زیویش نرخی پارە دەبوو ژێتەوە. نوێنەرانی ویلایەتەکانی ڕۆژئاوا. لایەنگرانی دراوی زیو لەکۆنگرەدا یاسایەکیان پەسەند کرد کە بەپێی ئەو یاسایە لەسەر دەوڵەت پێویست دەکرا، کە ڕێژەیەکی دیاریکراو زەوی بکڕێت و دووبارە دۆلاری زیو ڕەواج پەیدا بکاتەوە. بەڵام ئەم سیاسەتی دراوە کێشەی جووتیارەکانی چارەسەر نەکرد. چونکە ڕێگەی لەداکشانی نرخی بەروبومی کشتوکاڵی گرت، نەداشکانی بەهای زیو. بەتایبەت کەمبەدۆزینەوەی کانەکانی زیوی ئاریزۆنا، کلۆرادۆ و ڤنوانئدا و خستنە بازاڕی، بەهای زیو کەمیکردو نرخەکان بەگشتی داشکان. دەوڵەت دەرکردنی دۆلاری زیوی ڕاوەستاند و، ترسی وەرشکست بونی جوتیاران بە ئاشکرا هەستی پێدەکرا، بەتایبەت کە بانکەکانی ویلایەتی ڕۆژئاوا یەکەمین دام و دەزگا بوون کە زیانی ماددیان لێکەوت.

لەکاتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٨٩٦، بەپێکهێنانی هاوپەیمانیەك لەنێوان حیزبی دیموکرات لەگەڵ ((پاپۆلیست))دا توانیان وەك هێزێکی گەورە خۆیان بناسێنن. ((ویلیام جنینگز برایان)) کەووتاربێژێکی زۆر بلیمەت بوو هەروەها لەنێوان گرپە جوتیاری و کرێکاریەکاندا زۆر خۆشەویست بوو، لەلایەن حیزبی دیموکراتەوە بۆ کاندیدی سەرۆك کۆماری پێشنیاز کرا، لەبەرامبەردا حیزبی کۆماریخواز ((مەك کنیلی)) وەك کاندیدی هەڵبژاردنەکانی خۆی دیاری کرد. سەرمایەدارە گەورەکان و بانکداران و کەسایەتیە دەسەڵاتدارە حیزبیەکان لەپێناو هەڵبژاردنی ((مەك کنیلی))و پوچەڵکردنەوەی هەڕەشەی ڕکە بەرەکانی، هەموو جۆرە سەرچاوە و هۆکارێکیان بەکارهێنا. لەزۆربەی شوێنەکاندا کارگەکان ڕووبەڕووی هەڕەشەی داخستن و بێ کاری دەبوونەوە، ئەگەر ((مەك کنیلی)) کاندیدی حیزبی کۆماریخوازی سەرکەوتنی بەدەست نەهێنابایە. کۆمپانیاکانی بیمە بەڵێنیان بەجووتیارەکاندا کەئەگەر حیزبی کۆماریخوازەکان سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بیمەی زەویەکانیان و بەڵگەنامەکانیشیان بۆ ماوەی پێنج ساڵی دیکە تازە دەکەنەوە. ((برایان)) پشتی بەبەدەستهێنانی دەنگی لایەنگرانی

چاکسازی ، جووتیاران، کرێکاران و چینی مامناوەندی کەم دەرامەت بەستبوو، بەڵام هێز و سەرمایە و دەسەڵات، بۆ پشتیوانی کردنی ((کنیلی)) خرابوونە گەڕ، لەئەنجامدا حیزبی دیموکرات بەجیاوازیەکی کەم لەدەنگدانێکی ڕاستەوخۆ شکستی خوارد و دۆڕاندنیان کۆتایی هێنان بوو بە دەسەڵات و چالاکی ڕاستەوخۆی جووتیاران لەکاروباری سیاسی وولاتدا.

لەم قۆناغەی ئەمریکادا کەقۆناغی گواستنەوەی (انتقالی) کۆمەڵگەی ئەمریکایە، هاوڕیزی و یەکگرتوویە نێوان گروپە کرێکاری و جووتیاریەکان سەرنج ڕاکێش بوو ـ هەردوولا هۆکاری سەرەکی بەرهەمهێنان بوون و لەسەرهەڵدانی گۆڕانکاریە پیشەسازیەکاندا ـ گیروگرفتی هاوبەشیان هەبوو. ئەو بیرۆکانەی کە خستیانە ڕوو، هۆکارێکی سەرەکی بۆ چاکسازیەکانی داهاتوو بوون. چاککردنی مەرجەکانی کارکردن، دیاریکردنی هەشت سەعات کاری ڕۆژانە، دەستێوەردانی دەوڵەت لە ڕێکخستنی کاروباری گواستنەوە و هاتووچۆ، دیاریکردنی نرخی هێڵەکانی ئاسن، تەلەگراف و تەلەفۆن، هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سناتۆرەکان و دانانی باجی بەردەوام لەو جۆرە پێشنیازانە بوون کە لەسەدەی بیستەمدا گرنگیان پێدرا و بەکردەیی پراکتیك کران.

ئەوەی لەداواکاری و خواستەکانی ئەم گروپەدا گرنگ و پڕ بایەخ بوو، زەروریەتی دەستێوەردانی دەوڵەت و لێپرسراویەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بوو لەڕێکخستنی کاروباری ئابوریدا، کە دەوڵەت نەتەنها لێپرسراوە لەبەرامبەر بەرژەوەندی سەرمایەدارەکاندا بەڵکو لێپرسراویشە لەبەرامبەر پاراستنی بەرژەوەندیەکانی تێکڕای خەڵکیدا. لەسەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئەمریکاوە درووشمی، ((حکومەتێك چاکترە کە کەمتر حکومەت بکات)) کاریگەریەکی ڕاستەوخۆ لەسەر سیاسەت و کاروباری ئابووریدا درووست کرد. گۆڕانکاریە پیشەسازیەکانی پاش شەڕی ناوخۆ، سیاسەتی دەست تێوەرنەدانی دەوڵەت لەکاروباری ئابووری و هاندان و پشتگیری سەرمایە گوزاری تایبەتی لەگەڵ خۆی هێنا. ڕاپەڕینی ((پاپۆلیست)) یان لایەنگرانی حیزبی گشتی، ئەو گروپانەی لەدەوری خۆی کۆکردەوە، کەزیاتر لەخەڵکانی دیکە لەلایەن ئەم سیاسەتەوە زیانیان بەرکەوتبوو. پێشنیازە چاکسازیەکانیان، سەرنجی دەوڵەتیان بۆ ئەرکە فراوانەکەی خۆی ڕاکێشا و بوون بەهۆکارێکی سەرەکی لە جێبەجێکردنی یاسا و چاکسازیەکانی سەردەمی ڕووداوە پێشکەوتن خوازیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا. گۆڕانی شێوازی ژیانی جووتیاری ئەمریکایی، دەرئەنجامی کاریگەری ڕاستوخۆی بە پیشەسازی بوونی کۆمەڵگە و کاریگەریەکانی شێوازی ژیانی شارنشینی بوو بۆسەر هەموو لایەنەکانی دیکە. بنەما کلتوریەکانی کۆمەڵگە وەك کلێسە و خێزانیش لەژێر کاریگەری ئەم ڕووداوە ئابووری و گۆڕانکاریە پیشەسازیانە. گۆڕانێکی بنەڕەتیان بەسەردا هات.

لویس و کلارک

کۆچی کۆچبەران لە ساڵەکانی ١٨٠٠



گواستنەوەی کۆچبەران بەکەشتی لە ساڵی ١٨٠٨



گروپێك لە کرێکارانی پیشەسازی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم



ژنان له کاری بەرهەمهێنانی پیشەسازی

منالان و ماوەی دوورودرێژی ئیشکردن

بەشی حەوتەم:

سەردەمی ڕووداوە پێشکەوتن خوازیەکان کۆتایی هاتنی کۆشەگیریی سیاسی

ساڵەکانی نێوان ۱۹۰۰-۱۹۱۷ بەسەردەمی ڕووداوە پێشکەوتن خوازیەکان بەناو بانگە. لەم سەردەمەدا چەند ڕاپەڕینێکی چاکسازیخوازانە بۆ ڕێگەگرتن لەکارە دزێوەکانی سەرمایەدارەکا سەریان هەڵدا. کۆمەڵە یاسایەکیش بۆ ڕێکخستنی کاروباری بازرگانی،لەکۆنگرەدا بڕیاریان لەسەر درا. بەگرنگیدان بەو گیروگرفتانەی کە ڕووبەڕووی شارەکان دەبوویەوە، چاککردنی لایەنی بەڕێوەبردنی شارە گەورەکان ، دانانی باج لەسەر دەرامەت، پشتیوانی کردن لەبەکاریەر، هەڵبژاردنی سیناتۆرەکان لەرێگەی دەنگدانی ڕاستەوخۆوە، باشتر کردنی مەرجەکانی کارکردن، وورده وورده نارەزاییەکان کەم بوونەوە و هەوڵێکی زۆریش لەپێناو ڕاستکردنەوەی نایەکسانیەکان درا. ئەم چاکسازیانە پەرچە کردارێك بوون لەبەرامبەر گۆڕانکاریە خێراکانی پیشەسازی وئەو گرفتە کۆمەڵایەتیانەی کەلێی کەوتبوویەوە.یاسای ((دژە تراست))ی شرمان کەلە ساڵی ۱۸۹۰ پەسەند کرابوو، بەزیادکردنی چەند یاسایەکی چاکسازی نوێ پشتیوانی کرا. بەڕێوەبەرایەتیەك بۆ چاودێریکردنی کاروباری بازرگانی لەسەرتا سەری دەوڵەتی فیدرڵیدا دامەزرا. دانانی باج لەسەر دەرامەتی کۆمپانیاکان بۆ یەکەمین جار بایەخی پێدرا. بەجێبەجێکردنی یاسا چاکسازیەکان، بنەماکانی لیبراڵیزم کە کۆمەڵگەی ئەمریکایی لەسەر بوونیاد نرابوو زیاتر بەهێز بوون. لەگەڵ هاتنە سەرکاری ((ڤدرۆ ویلسۆن)) لەساڵی ۱۹۱۲، ئەم چاکسازیانە ناراستەیەکی دیاریکراویان وەرگرت، بیرۆکە چاکسازی خوازەکانی ئەم سەردەمە و بایەخدان بەگرفتەکانی ژیانی شارنشینی و کرێکاری، بوونە هۆی کەم بوونەوەی دەنگی نارەزایی خەڵك و کۆسپێکیش لەبەردەم پەرەسەندنی سۆسیالیزمدا.

((ئەمریکا لەلادێدا لەدایك بوو، لەشاردا گەشەی کرد)) ئەم ڕستەیەی مێژوونوسی ئەمریکی ((هافستارد)) بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لەسەر ئەم گۆڕانکاریانەی کەشۆڕشی پیشەسازی لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لەو وڵاتە هێنایە ئاراوە. لەسەرەتای پێکهێنانی حکومەتی کۆماریدا شارە گەورەکانی ئەمریکا بەپەنجەی دەست دەژمێرران. فیلادلفیا لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەمدا بیست و پێنج هەزار دانیشتوانی هەبوو و بەیەکێك لەگەورەترین شارەکانی ئیمپراتۆری ئینگلیز دەژمێررا، بەڵام ژمارەی شارەکانی هاوشێوەی فیلادلفیا زۆر کەم بوون و تێکڕای شارنشینەکان، ڕێژەیان ١٠٪ تێپەڕیان نەدەکرد. لەسەدەی نۆزدەیەمدا ژمارەی شارنشینەکان زیادیکردوو تاسەردەمی شەڕی ناوخۆ نزیکەی ٢٠٪ی دانیشتوان لەشارەکاندا نیشتەجێ ببوون. گۆڕانکاریە پیشەسازیەکان و پەرەسەندنی کارگەکان و دامەزراوە سەرەکیە بازرگانیەکان، هۆکاری سەرەکی زیادبوونی دانیشتوانی شارەکان بوون ـ بەڕادەیەك کەلەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا لەنێو دە هاوڵاتی ئەمریکیدا چوار کەسیان شارنشینی بوون. سەرژمێریەکی ساڵی ١٩٢٠ لەئەمریکا ، ڕێژەی دانیشتوانی شارەکان بە زیاتر لە ٥٠٪ی تێکڕای دانیشتوان دەخەمڵێنێت.

شارەکان زۆرجار قەرەباڵغ، پیس و پۆخڵ و لەڕووی بەڕێوەبردنیشەوە گەندەڵ بوون، کۆچبەرەتازە هاتووەکانیش، کە لەلادێکانی ئەورووپاوە و لەپێناو ژیانێکی چاکتردا ڕوویان لەئەمریکا کردبوو، زۆرینەی دانیشتوانیان پێك دەهێنا. بەدرێژایی ساڵەکانی سەدەی نۆزدەیەم زیاتر لەسی و هەشت ملیۆن کۆچبەر هاتبوونە نێو ئەمریکا و لەنێوان ساڵەکان ١٩٠٢ ـ ١٩١٢ ساڵانە زیاتر لەنیو ملیۆن کۆچبەر پەنایان بۆ کەنارەکانی ئەو وڵاتە دەهێنا. ئەم کۆچبەرانە زیاتر لەووڵاتە هەژارەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی ئەورپاوە دەهاتن و لەڕووی فێرکردنیشەوە لەکۆچبەرەکانی پێشوو لاواز تربوون. زۆر جاریش لەماڵێکی دیاریکراوی شارەکاندا لەدەوری یەکتر کۆدەبوونەوە و بەپێی کلتور و داب و نەریتی و نەریتی خۆیان بنچینەی ژیانێکی دیکەمیان دادەمەزراند. ئەگەر گیروگرفتێکیشیان ڕووبەڕوو دەبوویەوە، لەبەر نەتوانایی خۆیان بوو لەخۆ گونجاندنیان لەگەڵ ئەم ژینگە نوێیەدا. زۆربوونی دانیشتوان، نەبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی، کێماسی لەدابەشکردنی سەروەت و سیاسەتەداران و لێپرسراوانی گەندەڵی، لەکۆتایەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا کێشە و تەنگ و چەڵەمەیەکی زۆریان ڕووبەڕووی شارنشینەکان کردەوە. بۆنموونە شارێکی وەك شیکاگۆ لەساڵی ١٨٩٠دا نزیکەی ٨٠٪ی تێکڕای کۆچبەرەکان یان نەوەی یەکەمی کۆچبەرەکانی لەخۆ گرتبوو. کۆچبەری

ئەڵمانی، ئایرلەندی و ئەسکەندەنافیایی ئەوەی کۆچبەرەکانی پێشووتریان پێك دەهێناو ژمارەیەکی زۆری کۆچبەرانی پۆڵەندی و چیکی و لیتوانیایی و ئیتاڵی و جوولەکەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتیش، دانیشتووی تازە هاتووی ئەو شارە بوون و، هەریەکە و بەپێی هاوشێوەیی ڕەگەزیان لەچەند گەڕەکێکی جوودا و جیاوازدا کۆدەبوونەوە. ئەم ((گەڕەکانە)) لەبەر ئەوەی دانیشتوانەکەی، خەڵکی کۆچبەر و هەژار بوون، بەو خانوو و باڵەخانە ڕزیوانەی کە تیایدا دەژیان و، ئەو کۆڵانە پیس و پۆخڵ و ناوەڕۆ بۆگەنانە و ئەو ژینگە پڕ لەهەژاری و نەخۆشییەی کە بەنیاز بوون تیایدا بحەسێنەوە، لەگەڵ قەرەباڵغی لەڕادەبەدەری دانیشتوانەکەی، لەبارترین زەمینەیان بۆ نەش و نما کردنی فەساد ڕەخساند بوو. بەد ڕەوشتی، گرفتی ژنانی کۆچبەر، بەکارهێنانی منداڵان لەکارگەکانی بەرهەم هێنان، نیگەرانی و پەرێشانی ئەو کرێکارانەی کەڕووبەڕووی گرفتی کرێی کەم و ماوەی دوور و درێژی کارکردن دەبوونەوە، بارودۆخێکی پڕ لەمەترسی و کارەسات بەسەر شارەکاندا سەپاند. هیچ کام لەم شارە سەرەکیانە خاوەنی سیستەمێکی ڕێك و پێکی سەربازی نەبوون و لێپرسراو و بەڕێوەبەرەکانیان کەتەنها لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان پشتیوانیان لەگرووپێکی دیاریکراو دەکرد، گیروگرفتە کۆمەڵایەتیەکانیان زیاتر دەکرد. پۆلیس بەهۆی ئەو ئەلقەیەی کە لەگەڵ گرووپێکدا گرێی دەدا، دژ بەگرووپێکی تر ڕەفتاری دەکرد. کۆچبەرەکان بەهۆی داب و نەریت و ڕێو ڕەسمی تایبەتیانەوە، هەڵسوکەوتی ((غەیرە ئەمریکیان)) دەنواند و بەدیدێکی کومانـاویەوە سەیری ئەمریکایەکانیان دەکرد.

کۆچبەرە تازەهاتووەکان بەئاسنی لەلایەن کۆمەڵگەی ئەمریکیەوە وەرنەدەگیران. ئەو زمانەی کەئاخاوتنیان پێدەکرد، پۆشاك، خۆراك و شێوازی ژیانیان سەرسوڕهێنەر و نامۆ بوو. زۆرجار ئەوەی یەکەمی کۆچبەرەکان بوون کەهەموو گرفتانەیان ڕووبەڕوو دەبوویەوە و، منداڵەکانیان تاڕادەیەك ئاسانتر دەیانتوانی ببنە ئەندام لەکۆمەڵگەدا. بەفێربوونی زمانی ئینگلیزی و شێوەزارەکانی ئەمریکا، بەئاسانی لەگەڵ ژینگەی نوێدا ئاوێتە دەبوون. بۆچینی لاوان، دابڕان لەداب و نەریتی کۆن و بەسترانەوە بەژینگەی نوێ، هەلێکی لەبار بوو بۆ هەنگاونان بەرەو پێشکوتن و سود وەرگرتن لەدەرفەتە یەکسانەکان . ئەڵمانی و ئیرلەندی، جوولەکە، ئیتالیایی، پۆلەندی و ئەوانی دیکەش کە لە ((نیشتیمانە کۆنەکەیان)) دابڕابوون، بەهەوڵ و تێکۆشانی خۆیان، توانیان ڕێگایەك بۆ چوونە ناو کۆمەڵگەی ئەمریکی بدۆزنەوە. بەڵام ئەو کۆمەڵگەیەی کە کۆچبەرە بیانیەکانی کەم تا زۆر لەنێو خۆیدا جێدەکردەوە، هەمیشە دەرگاکانی بەرەو ڕووی ڕەشەکاندا داخرابوون .

دەمارگیریە نەژادیەکان و بوارێکی گەورەی لەنێو ڕەشپێستەکان و گروپە کۆمەڵایەتیەکانی دیکەدا دروستکرد. ڕەنگی پێست ئەم گروپەی لە کەمایەتیەکانی دیکە جیادەکردەوە. ڕەش بۆهەرشوێنێك بچووبایە ڕووبەڕووی دەمارگیری دەبوویەوە. ئەو یەکەمین کەسەبوو کەلەبارودۆخە ناهەموارە ئابووریەکاندا لەسەر کار لادەبراو کۆتا کەسیش بوو کەلەسەر پیشەیەك دانەمەزرا. لەو کاتانەی کە گیروگرفتی کرێکارەکان دەگەشتە لوتکە، ڕەشەکان بۆ شکاندنی مانگرتنەکان بانگهێشت دەکران. تۆپاڵی هەموو توندوتیژیەکانی کۆچبەر و سپی پێستە هەژارەکانیش لەئەستۆی ئەم ڕەشانەدا بوو. هەر ئەندازە کەرێژەی ڕەشەکان لەنێو شارەکاندا زیادی دەکرد، بەهەمان ئەندازەش توند و تیژی سپی پێستەکان دژ بەو نەژادە چڕتر دەبوویەوە. پیشە و ئیش و کاری کەم دەرامەتی وەك پاك و خاوێنی شارەکان، پاسەوانی کۆشکەکان یان کارەکەری نێو ماڵەکان هەر لەئەستۆی ڕەشەکاندابوو. قوتابخانەکان، کڵێسە و شوێنی ژیانیان لەوانی تر جیادەکرایەوە. گەڕەکەکانیشیان هیچ جۆرە مەرجێکی ژیانی تێدا بەدی نەدەکرا. شووقەکانیان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کاولتر و کۆنتر دەبوون و خاوەن سەرمایەکانیش بەهیچ شێوەیەك ئامادەی بەکرێدانی خانوو بە ڕەش پێست نەدەبوون و هەژاری و پەرێشانی دانیشتوانی ئەو گەڕەکانە تادەهات زیاتر دەبوو. قەیرانی گەڕەکە ڕەش نشینەکان کەبە ((گتو)) ناوبانگیان دەرکرد، ئەنجامی ڕوون و ئاشکرای ئەو هەموو توندوتیژیانەی سپی پێستەکان و پشت گوێخستنی شێوازی ژیانی ئەو نەژادەی مرۆڤەکان بوو. پەرەسەندنی ((گتو)) لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا چەندەها گیروگرفتی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا هێنا. توندوتیژی، فەساد و تاوان وەك دیاردەیەکی ئاسایی و باوی لێهات و هەژاری و داماوی باڵی بەسەر ئەم ناوچانەدا کێشا ـ هەژاریە کەتەنها دانیشتوانی ((گتو)) تێیدا دەبوونە قوربانی.

لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا، لایەنی فێرکردن بەتەنها هۆکار و چارەسەرێك بۆ وەرگرتنی ڕەشەکان لەکۆمەڵگەی ئەمریکیدا دەژمێررا. ((بوکرتی واشنگتۆن)) کە یەکێك بوو لەڕابەرانی ڕەش پێستەکان، چالاکیەکانی خۆی بەدروستکردنی قوتابخانەی پیشەیی و هونەری تایبەت بەڕەشەکان دەست پێکرد و باوەڕیشی وابوو کەپەرەپێدانی بواری فێرکردن ئەنجامێکی پۆزەتیڤی لەڕووی خۆشگوزەرانی و مادیەوە لێدەکەوێتەوە. یەکێك لەڕابەرە بەناوبانگەکانی سەدەی نۆزدەیەم ((دی بویز)) بوو. ناوبراو دەرچووی زانکۆی هاروارد و مامۆستای کۆمەڵناسی بوو لە ئاتلانتا. کتێبێکی بەناوبانگی دەربارەی نیشانەکانی نەژادی ڕەش بڵاوکردەوە و لەساڵی ١٩٠٣ توانی وەك کەسایەتیەکی ناودار و ڕووناك بیری ڕەش پێست خۆی بناسێنێت. هاوڕێزی

ڕەش پێستەکانی لەپێناو ململانێ و ڕووبەڕوو بوونەوەی دیاردە ڕەگەز پەرستیەکان، لەجیاتی دانوسان و ڕێگای ئاشتیانە پێشنیار دەکرد. پێی وابوو کەرەشەکان پێویستە گرنگی بەرەگ و ریشەی فەرهەنگی و نەژادی خۆیان لەگەڵ ئەفریقادا بدەن، چاوەڕێی پشتیوانیکردنی سپی پێستەکان نەبن و وەك گروپی جۆراوجۆر لەکۆمەڵگەدا کاربکەن.
((ئەنجوومەنی میللی پێشکەوتنی ڕەشەکان)) بەیارمەتی ((دی بویز)) لەساڵی ١٩٠٩ دامەزرا. ئەو ئەنجوومەنە لەپێناو ڕلایفۆرمی کۆمەلایەتی، ئاگادار کردنەوەی ڕەشەکان لەو بارودۆخەی کەتیایدا دەژیان و هوشیار کردنەومیان لەڕووی سیاسیەوە هەوڵی دەدا.

گیروگرفتەکانی شارنشینی کرێکاری لەدەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، کاریگەریەکی زۆریان لەسەر پەرەسەندنی ڕاپەڕینی سۆسیالیزمی هەبوو. بۆچونەکانی ((مارکس)) دوای ساڵەکانی ١٨٥٠، لەلایەن گروپێك لەکۆچبەرانی ئەڵمانیەوە لەئەمریکا بڵاوکرانەوە. ئەم کۆچبەرانە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ((مارکس)) و بەتایبەت ((ئینگلز))دا هەبوو. ((مارکس)) بۆماوەیەکی زۆر وتاری بۆ ڕۆژنامەی ((نیۆیۆرك تریبۆن)) دەنوسی. بەلام بازنەی چالاکی سۆسیالیستەکانی ئەمریکا لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا سنووردار بوو و، ئەم بۆچوونانە زیاتر لەناو کۆچبەرە ئەڵمانیەکاندا دەنگیان دەدایەوە و، ئەوانی دیکە وەك دیاردەیەکی بیانی و غەیرە ئەمریکی سەیریان دەکرد. ((فلۆرانس کلی)) یەکێك بوو لەو ژنە خوێندەوارانەی کە پەیوەندی کرد بەم گروپەوە. ناوبراو پاش ئەوەی لەبەر نافرەت بوونی لەبەشی یاسای زانکۆی پەنسلڤانیا، وەرنەگیرا، ڕووی لە زوریخ کرد و لەوێ خوێندنی یاسایی تەواو کرد، دواتر لەگەڵ کۆچبەرێکی خەڵکی ئەمریکای ڕۆژهەڵات خێزانی پێك هێناو لەگەڕانەوەیدا بۆ ئەمریکا نوسراوەکەی ((ئینگلز))ی دەربارە ژیانی چینی کرێکارانی وڵاتی بەریتانیا بۆسەر زمانی ئینگلیزی وەرگێڕاو بڵاوی کردەوە. ئەو ئەندامی حیزبی سۆسیالیستی کرێکارانی ئەمریکا و بەیەکێك لەئەندامە چالاکەکانیش دەژمێراو، لەبواری ڕیفۆرمی کۆمەلایەتی و پشتیوانی کردنی چینی بەکاربەر و ژنان و منداڵاندا چالاکی هەبوو. ((دانیەل دلنۆن)) یەکێکی دیکە بوو لەو ئەمریکاییانەی کەپەیوەندی کردبوو بەم گروپەوە. ئەو سەرنوسەری ڕۆژنامەیەکی وابەستە بەحیزبی سۆسیالیست بوو، کە چالاکیەکانی خۆی لەبواری گشتاندنی بیروڕاکانی سۆسیالیزم لەنێو چینی کرێکاراندا چڕ کردبوویەوە و لەساڵی ١٩٠٥ لەگەڵ ژمارەیەك لەهاوبیرەکانی خۆی کۆمەڵی ((کرێکارانی پیشەسازی جیهان))ی دامەزراند. ((یوجین دبس)) کەلەساڵەکانی ١٨٩٠ سەندیکای کرێکارانی هێڵەکانی ئاسنی دامەزراند و لەکاتی مانگرتنی

کرێکارانی ((پوڵمن))دا پشتگیرییەکی تەواوی لەم هەنگاوەیان کرد، لەسەرەتاکانی سەدی بیستەمدا توانی جەماوەرێکی زۆر لەدەوری حیزبی سۆسیالیستی ئەمریکادا کۆبکاتەوە و لەساڵی ١٩١٢ خۆی بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری کاندید کرد و نزیکەی ٦٪ی تێکڕای دەنگەکانی بەدەست هێنا. ئەم سەردەمە شاهیدی چالاکی بەربڵاوی سۆسیالیستەکانە لەئەمریکادا. ژمارەیەك لەئەندامانی حیزب لەهەڵبژاردنە مەحەلیەکانی شارەکاندا سەرکەوتنیان بەدەست هێناو توانیان دوو نوێنەری خۆیان ڕەوانەی کۆنگرێسی ئەمریکا کرد. پاش هەڵبژاردنی ((ویلسۆن)) بۆ سەرۆك کۆماری، گرفتە کۆمەڵایەتیەکان گرنگیەکی زیاتریان پێدرا. یاسا چاکسازیەکان لەبواری چاککردنی باروودۆخی کارکردن و ڕێگەگرتن لەکارە دزێوەکانی سەرمایەدراەکان، خزانە کار و بەم شێوەیە نفوز و دەسەڵاتی سۆسیالیستەکان هێدی هێدی کەم بوویەوە. لایەنگیری و پشتیوانیکردنی گروپی توندڕەوی ((کرێکارانی پیشەسازی جیهان)) هۆکارێکی دیکەی لاوازبوونی دەسەڵاتی حیزبی سۆسیالیست بوو. سەرکردایەتی کۆمەڵەی ((کرێکارانی پیشەسازی جیهان)) لەئەستۆی ((ئما گۆڵدمن)) ـ وەك ژنێکی خوێندەواری کۆچبەر ـ و ((ئەلکساندەر برکەمن))دا بوو. کرێکاران و چینی خوێندەوار و کۆچبەر، زۆرینەی ئەندامانی ئەم حیزبەیان پێك دەهێناو بەشێوەیەکی گشتی، دژی سیستەمی سەرمایەداری، دامەزراندنی یەکیەتی کرێکاران و بەشداریکردن لەچالاکیەکانی هەڵبژاردن بوون. هوشیاری سیاسی، یەکڕیزی چینایەتی و ڕووبەڕووبوونەوەی کرێکاران لەپێناو تەقاندنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت، زیاتر لەهەموو شتێك سەرنجی ئەم گروپەی ڕادەکێشا. چالاکیەکانی ((کرێکارانی پیشەسازی جیهان)) بەڕێگای ئانارشیستیانە، جێگای ڕەزامەندی دەستەی گشتی کۆمەڵەکە نەبوو و ڕوبەڕووی وەستانەوە. ((ئما گۆڵدمن)) و ((ئەلکساندەر برکەمن)) بەبیانووی ناڕەزایی دەربڕین لەبەرامبەر بەشداریکردن لەجەنگی جیهانی یەکەم لەووڵات دوور خرانەوە. لەساڵەکانی ١٩٢٠، دوو ئانارشیستی کۆچبەری ئیتالی کەناویان ((ساکو)) و ((ڤانزتی)) بوو، بەتۆمەتی ئەنجامدەرانی تاوان دەستگیر کران و لەبارودۆخێکی پڕ لەدەمار گیریدا حکوم و لەسێدارە دران. زۆربەی ئەندامەکانی ((کرێکارانی پیشەسازی جیهان)) گیران و دواتر دوور خرانەوە و ڕاپەڕینەکەیان بەتەواوەتی کپ کرایەوە. ئەم گروپە وەك گروپە توندڕەوەکانی دیکە، لەکۆمەڵگەیەکی محافەزەکار لەگەڵ کرێکارانێکی فرە ڕەگەز و جیاواز، بەپێی هیچ جۆرە هوشیاریەکی چینایەتی بەبڵاوکەردوەی بیروبۆچوونی کۆچبەران ـ بەتایبەت ئەڵمانیەکان ـ و پێناسەی ئایدیۆلۆجیەکانی دەرەوە دەژمێران و، هەمیشە کار و

چالاکیەکانیان بەچاوی شك و گومان سەیر دەکرا و، هەموو ئەم هۆکارانە دژ بەم گروپە بەکارهێنراو پلەو پایە و ئیعتیباری ئەوانی لەکۆمەڵگەدا لاوازتر کرد.

گۆڕانکاریە پیشەسازی و شار نشینیەکان کاریگەریان لەسیاسەتی بەڕێوەبردنی کلێسەکان و ژیانی خێزانەکانیشدا درووستکرد. کلێسە جۆراوجۆرەکانی پرۆتستانت کەناکۆکیەکانی سەدەی نۆزدەیەمیش لەخزمەتی چینی خۆشگوزەراندا بوون، لەگەڵ گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکانی سەردەمدا، سیاسەتێکی پشتیوانی نوێی بۆ ڕاکێشانی کۆچبەرە تازە هاتووەکان و شارنشینە هەژارەکان گرتە بەر. باوەڕ بەوەی کەلەسەر کلێسە پێویستە، پشتیوانی هەژاران بێت و چالاکیەکانی خۆی بۆ چاکسازیکردن لە بواری کۆمەڵایەتیدا تەرخان بکات، گرنگیەکی زیاتری پێدرا. بنکەکانی خەیرکردن لەنێو گەڕەکە هەژارنشینەکاندا جێگیر کران، کۆڕوکۆبونەوەی مەزهەبی جۆراوجۆر بۆ ڕاکێشانی کرێکاران بەرەو کلێسە ساز کران. بۆچوونی ریفۆرمخوازانە لەسەر ئەو بنەمایەی کە مەسیح پشتیوانی هەژارانە و ئەرکی سەرشانی مەسیحیەتە کە لەپێناو ڕەواندنەوەی گرفتە کۆمەڵایەتی و مەزهەبیەکان هەوڵ بدات، گۆڕانکاریەکی گەورەی لە سیاسەتی بەڕێوەبردنی کلێسەکاندا ئەنجام دا.

گۆڕانکاریەکی دیکە لەڕووی ژیانی خێزانیەوە بوو. پەرەسەندنی کارگە پیشەسازیەکان ژمارەی کرێکارانی ژن بەخێرایی زیادی کرد. هەرچەندە پێش شەڕی ناوخۆ بەهەزارەها ئافرەت لەنێو کارگەکانی ڕستن و چنین و دام و دەزگا پیشەسازیەکانی دیکەدا ئیشیان دەکرد، بەڵام گۆڕانکاریە ئابووریەکانی پاش شەڕی ناوخۆ ڕێژەی کرێکارانی ئافرەتی بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز کردەوە و هۆکارێکیش بوو بۆ دیاریکردنی ڕۆڵی ئافرەت لەکۆمەڵگەدا .

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا زیاتر لە ٢٤٪ی هێزی کرێکاری ئەمریکا، ئافرەتان پێکیان دەهێنا. لەساڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەمدا، ڕێژەی ئافرەتانی دانیشتووی ئەمریکا گەیشتە لە ٢٨٪ی تێکڕای دانیشتوان، بەڵام ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی کەکاریان دەکرد بۆ ٥٠٪ بەرز بووەوە. داهێنانەکانی وەك تەلەگراف، تەلەفون، ئامێری نوسین هەلێکی لەباری کارکردنیان بۆ ژمارەیەکی زۆری ئافرەتانی ئەو وڵاتە ڕەخساند. خزمەتگوزاری پیشەیی نوێ لەنێو بەڕێوەبەرایەتیەکان، چاپەمەنیەکان، نەخۆشخانە و قوتابخانەکان خرایە بەردەستی ئافرەتان. لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، ژنان مافی ناو نوسینیان لەزانکۆ پێدرا. چەند کۆلێژێکی نمونەیی کچانە، وەك کۆلێژی ڤاسار ١٨٦١ ، سمیت ١٨٧٠ ، برین مار ١٨٨٥ لەشارەکاندا دروستکران. بەرەخسانی دەرفەتی کارکردن لەدەرەوەی ماڵەکان ــ کەلەئەنجامی گۆڕانکاری

پیشەسازیەوە بوو ـ پشت بەستنی ئافرەت بەپیاوەکەی و مانەوە لکەمتر بوویەوە و توانی سەربەخۆیەکی مادی بۆخۆی دەستەبەر بکات، دەسەلاتی باوکیش بەسەر منداڵەکانیەوە تارادەیەك کەم بوویەوە. قەرەباڵغی دانیشتوانی شارەکان، گۆڕانێکی گەورەی بەسەر شارنشینیدا هێنا، ئاپارتمان نشینی شوێنی کۆشك و تەلاری گەورە و فراوانی گرتەوە، خێزانەکان بەژیانێکی سنووردارتر لەجاران ناچار کران و ژمارەی منداڵەکانیش ڕووی لەکەمی کرد .

گۆڕانکاری پیشەسازی دیسان هۆکارێکی سەرەکی بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئازادی ئافرەتان بوو. لەم قۆناغەدا ئافرەتان زیاتر کاریان لەسەر چاکسازی کۆمەلایەتی، بەدەست هێنانی مافی دەنگدان و بەشداریکردن لەکاروباری سیاسیدا دەکرد. ئەم چالاکیانە لەساڵی ١٩٢٠ و بەپێی بڕگەیەکی قانوونی ئەساسی بەفراوانبونی مافی دەنگدان کۆتایی پێهاتوو ژنانی ئەمریکا بەمافە سیاسیەکانی خۆیان شاد بوون. لەبواری چاکسازی کۆمەلایەتیشدا ئەوەی جێگای سەرنج و بایەخدانی ئافرەتان بوو، مەسەلەی بەدادا چوونی دیاردەی بەدڕەوشتی، قەدەغەکردنی مادە بێهۆشکەرەکان، گرنگیدان بەژیانی هەژاران و ڕێگەگرتن لەزوڵم و زۆری کارمەندە ئیداریەکان بوو. ((جین ئادامز)) بەدامەزراندنی پێگەیەك بەناوی ((هال هاوس)) لەشیکاگۆ، چالاکیەکی بێ سنووری بۆ بەدواداچوونی ژیانی هەژاران و سکالایان لەو هەموو زوڵم و ستەمەی کەلەلایەن لێپرسراوانی شار و پۆلیس و دام و دەزگا سەربازیەکانەوە لێیان دەکرا، دەست پێکرد. ((شارلوت پەرکنیز گیلمەن)) کتێبێکی دەربارەی ژنان و ئابووری لەساڵی ١٨٩٩ بڵاوکردەوە، کەتیایدا جەختی لەسەر پێویست بوونی سەربەخۆیی مادی ژن بۆ بەدەست هێنانی مافی یەکسان و ئازادی مرۆیی دەکردەوە. ئامانجی ئەم چالاکیانە، تەنها و تەنها بریتی نەبوو لەبەدەست هێنانی مافی دەنگدان و بەشداریکردن لەکاروباری سیاسی و ئازادی و ڕزگاربوونی ژن لەهەموو ئەو کۆت و بەندە کۆمەلایەتیانەی کەبەسەریدا سەپێنرابوو، بەڵکو ئەم کار و چالاکیانە بەیارمەتی گۆڕانکاریە پیشەسازیەکان و پەرەسەندنی ژیانی شار نشینی، هەلومەرجێکی لەباری فەراهەم کرد، کەتیایدا ژنانی ئەمریکا توانیان لێهاتوویی و ئیرادەی خۆیان لەئەرکە کۆمەلایەتیەکاندا بسەلمێنن و یارمەتی دەرێکی باشبن بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەك بەڕەخساندنی چانسی یەکسانی زیاتر و لەژینگەیەکی مرۆڤانە تردا .

ئەو کێشە و گیروگرفتانەی کەئەمریکای سەردەمی گۆڕانکاری پیشەسازی ڕووبەڕووی بویەوە، لەبەرهەمی نوسەرانی ئەم سەردەمەدا بەباشی ڕەنگی داوەتەوە. ئاوازی ڕەخنەگرانە و ڕاشکاوانەی نوسەران لەکێشانی وێنەی ڕاستەقینەی بارودۆخ و ژیانی ئەو سەردەمە، سەرنجی

کاربەدەستەکانی بۆلای ئەرك و بەڵێنەکانیان زیاتر ڕاکێشا. ((ئاپتۆن سینکلەر)) بەبڵاوکردنەوەی کتێبەکەی بەناوی ((دارستان))، ڕاستی شێوازی ژیانی کرێکاران، نەبوونی مەرجی تەندروستی کارگەکانی لەقوتوونانی گۆشت و کارگەکانی کەوڵ کردنی شیکاگۆی ئاشکرا کرد و سەرنجی تێکڕای خەڵکی بۆ ئەم مەسەلەیە ڕاکێشا. دەوڵەت بۆ ڕێکخستنی کاروباری تەندروستی دەست پێشخەری کرد و بۆئەم مەبەستەش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، خزمەتگوزاری پێویستی پێشکەش بە خاوەن سەرمایەکان و چینی بەکاربەر کرد. داستانەکانی ((جەك لەندەن)) و ((تیۆدۆر درایزر)) لەو جۆرە بەرهەمانە بوون کە تیایاندا بەزمانێکی سادە و ڕاشکاوانە هەموو گەندەڵیەکانی دام و دەزگا گەورە پیشەسازیەکان و ئەو کارەساتەی کەبەسەر کرێکاراندا دێت شی دەکرتەوە. ((لینکلن ئستیفان)) بەبڵاوکردنەوەی کتێبی ((ڕووسیاهی شارەکان))، فەسادی کۆمەڵایەتی و سیاسی کارمەند و کاربەدەستانی شارەکانی ئاشکرا کرد. چاکسازیە پێشکەوتنخوازیەکانی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، لەسەردەمی سەرۆك کۆماریەتی ((تئۆدۆر ڕۆزفلت)) و ((ۆدرۆ ویلسۆن))دا، بەکاردانەوەیەك لەبەرامبەر ڕەخنە کۆمەڵایەتیەکان، هەڕەشەی کرێکاران و گیروگرفتی نێو شارەکان دەژمێررێت. ئەم چاکسازیانە کاری لەهەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەمریکا کرد. بەگەشەسەندنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵایەتی، هەڵبژاردنی کەسی شیاو بۆ پۆستە ئیداریە مەحەلیەکان و گرنگی دان بە گیروگرفتی کرێکاران، قەیرانەکۆمەڵایەتیەکان چارەسەر کران و بنەماکانی لیبرالیزمی ئەمریکاش خۆیان لەو وڵاتەدا زیاتر بەهێز کرد.

سەرەتای سەدەی بیستەم کۆتای هاتنی گۆشەگیری (جودا خوازی) سیاسی ئەمریکایە. ویلایەتە ئەمریکیەکان پاش بەرپاکردنی شەڕێك لەساڵی ۱۸۹۸ لەگەڵ هێزەکانی ئیسپانیا، خۆویستانە یان خۆنەویستانە، سیاسەتی دەست تێوەرنەدان و بێلایەن لەکاروباری وڵاتانی دیکەی واز لێهێنا. بەهەڵکەندنی کانالی پەناما، خۆی وەك پارێزگاری وڵاتانی ئەمریکای لاتینی ناساند و بەدەست تێوەردانی لەنێو کاروباری ڕۆژئاوای دوور و بەشداری کردنی لەجەنگی جیهانی یەکەم، وەك هێزێکی گەورە لەسیاسەتی جیهانیدا سەری هەڵدا.

حەزکردن بەدەست بەسەراگرتنی زەویەنوێکان و بەردەوامبوونی سیاسەتی فراوانخوازی و بیرۆکەی ((چارەنوسی یەکلاکەرەوە)) بەشێك لەتایبەتمەندیەکانی دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەردەمی سەرۆك کۆمارێتی ((مەك کنیلی)) دەژمێررێت. هەرچەندە سیاسەتی فراوانخوازی مەسەلەیەکی نوێ نەبوو ـ هەر لەسەرەتای دامەزراندنی کۆماریەوە سیاسەتی

فراوانکردنی سنوورەکان و داگیرکردنی زەویە پان و بەرینەکانی کیشوەری ئەمریکای باکوور، بەشێکی سەرەکی مێژووی سیاسی ئەمریکای پێك دەهێنا. ڕۆشتن بەرەو ڕۆژئاوا و دەست بەسەرادا گرتنی زەویە نوێیەکان هەمیشە شەڕو پێکدادانی نێوان هێزەکان و ئەیتەقەکانی لێ دەکەوتەوە. شەڕە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ ئەیتقەکان و هۆزە سوور پێستەکان و پاشەکشێ پێکردنیان لەسەر زەویە بەپیتەکان، جەنگ لەگەڵ مەکسیك و لکاندنی تەکزاس و کالیفۆرنیا و فراوانکردنی سنوورەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان تاکەنارەکانی ئۆقیانووسی ئارام، لەسەدەی نۆزدەیەمدا نیشانەیەکی ئاشکرای سیاسەتی فراوانخوازیە. ئەم سیاسەتە باوەڕ بە ((چارەنوسی یەکلاکەرەوەی)) لەگەڵ خۆیدا هێنا، کەجەختی لەسەر ویستی پەروەردگار بۆ پەرەسەندنی شارستانیەتی ئەمریکایی لەو زەویانە و ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانە دەکردەوە، بەڵام ئەم بزاوتە فراوانخوازیە بەرەو زەویەکانی ڕۆژئاوا سنووری سرووشتی زەویەکانی نەدەبەزاند و لایەنی سیاسەتی ئیستیعمارگەرانەی پێوە دیار نەبوو .

یەکەمین کاریگەری فراوانخوازی لەدەرەوەی سنوورە سرووشتیەکان، لەسیاسەتی ((ویلیام سی دارد)) وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی کۆماریخوازدا ڕەنگی دایەوە، لەساڵی ١٨٦٧ توانی ئالاسکا بەبڕی حەوت ملیۆن دۆلار لەدەوڵەتی تزاری ڕووسیا بکڕێت و دوورگەکانی میدوی لەئۆقیانوسی ئارامدا بکاتە پاشکۆی (چیمە) ئەمریکا. لەگەڵ ئەوەشدا کۆنترۆلکردنی کەنارەکانی ئۆقیانوسی ئارام و لکاندنی ئالاسکا لەساڵەکانی پاش شەڕی ناوخۆ، بوو بەهۆی ئەوەی کەسیاسەتی فراوانخوازی لەدەرەوەی سنوورەکانی ئەمریکادا سەرکەوتن بەدەست نەهێنێت. کڕینی ئالاسکا ڕووبەڕووی گاڵتە جاڕیەکی زۆر بوویەوە و خەرجکردنی ئەو هەموو پارەیە وەك کڕینی یەك پارچە سەهۆڵ لێك دەدرایەوە. پرۆژەکەی ((گرانت)) سەرۆك کۆماری ئەمریکا بۆ لکاندنی سانتۆدۆمینکۆ لەساڵی ١٨٧٠ لەلایەن ((سنا))وە ڕەتکرایەوە، بیروڕای گشتی و سیاسەتی کوللی بەرەو ئاراستەی پێچەوانەی فراوانخوازی دەردکی دەڕۆشت. بەڵام گۆڕانکاری پیشەسازی ئەمریکا باروودۆخەکەی گۆڕی. لەساڵەکانی ١٨٨٠ بیری دەست بەسەردا گرتنی کوبا و فراوانکردنی پانتایی سنووری دەسەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەدەریای کاریبی و مەکسیك دا، لەلایەن گروپە جۆراوجۆرەکانەوە، لەبازرگان و سەرمایەدار و بگرە تارۆژنامەنوس و مافپەروەران جەختی لەسەر دەکرایەوە و هانیش دەدرا. بەگەشەسەندنی ئابووری ئەمریکا پێویستی بەدەستهێنانی بازارە نوێیەکانی جیهان زیاتر هەستی پێدەکرا، لەڕاستیشدا هۆکاری سەرەکی گۆڕانی سیاسەتی گۆشەگیری، گۆڕانکاریەکانی ناوخۆی وڵات بوو. پەرەسەندنی

ئابووری پیشەسازی لەگەڵ جێگیر بوونی سەر زەمینێکی پان و بەرین لەئۆقیانوسی ئەتڵەسیەوە تا ئارام، کۆتایی هاتنی سەردەمی فراوانکردنی سنوورەکانی ناوخۆ بوو. گۆڕانکاریە پیشەسازیەکان کۆمەڵێك گرفتی وەك پەرەسەندنی شارنشینی و نایەکسانی دابەشکردنی سەروەت و سامانی لێکەوتەوە و لەهەمان کاتیشدا ئەمریکای وەك یەکێك لەگرنگترین بەرهەمهێنەرەکانی بەرووبوومی پیشەسازی بەجیهان ناساند. پشت بەستنی لەرادەدە بەدەر بەبازرگانی دەرەوە و ناردەنی لەگەڵ هەموو ئەو گیروگرفتانەی کەلەئەنجامی گۆڕانکاری پیشەسازیدا سەریان هەڵدا، پەنابردنە بەر سیاسەتی فراوانخوازی و کۆتایی هاتنی سیاسەتی گۆشەگیری ئەمریکای حەتمی کرد.

بیروڕای گشتی دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمیش پشتگیری و هانی ئەم سیاسەتەی دەدا. سناتۆر ((هێنری کابوت لاج)) چەمکی فراوانخوازی سەردەمی خۆی بەم شێوە پێناسە کرد: ((حەق وایە کە لە ریوگراندەوە تا ئۆقیانوسی بەستەڵەکی باکوور تەنها یەك ئاڵا بشەکێتەوە. کاناڵێك لەنێوان هەردوو ئۆقیانوسی ئەتڵەسی و ئارامدا درووست بکرێت. بۆ پاراستنی ئەم کەناڵە ویلایەتە یەککرتووەکان ئامادەی لەئەستۆ گرتنی ئەو ئەرکەبێت و بوونی خۆی لەئۆقیانوسی ئارام و دەسەڵاتی بەسەر دوورگەکانی هاواییدا بسەلمێنێت.)) یەکێکی تر لەسیاسەتمەدارانی کۆماریخواز بەناوی ((چانسی دیپۆ)) بۆچوونەکەی بەم شێوەیە ڕاڤە کرد : ((ئەمریکا زیاتر لەدوو بلیۆن دۆلار بەرووبوومی بەرهەمهێنراو زۆرتر لەداوخواست و بەکاربەر دابین دەکات. بەپشتیوانی خوا و ڕابەرایەتی مەك کنیلی و هاوکارە کۆماریخوازەکانی، بازاڕە سەرەکیەکان لەکوبا، پۆرتۆ ریکۆ، هاوایی و فیلیپین بەدەست دەهێنن ـ بەرهەمی زیاتر بەواتای مەسرەفی باشتر، دامەزراندنی کرێکار و دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی مادی لەژێر سایەی پەرەسەندنی بازرگانی دەرەکیدا ـ سیاسەتی سەرەکی حیزبی کۆماریخواز بووە.)) ئەم بیرکردنەوانە لەسەردەمی ((مەك کنیلی)) لەرێگەی ڕۆژنامەکانی لایەنگیری ناسیۆنالیزمی ئەمریکیەوە بڵاودەکرانەوە وخوێنەرێکی بەرچاویان هەبوو. کۆمەڵێك پشتیوانی بیرۆکەی ((چارەنوسی یەکلاکەرەوە)) بوون و باسی فراوانکردنی سنورەکانی ویلایەتە یەگکرتوەکانیان دەکرد. ژمارەیەکی تر دەربارەی ستەمکاریەکانی ئیسپانیەکان لەکوبا و ئەرکی ئەمریکیەکان لەپەرەپێدانی دیموکراسی و ئازادی گفتوگۆیان دەکرد. ئەو بیروباوەڕە ئیستیعمار خوازانەی کە لەلایەن ((رویارد کپلینگ)) شاعیری ئیستیعمارگەری ئینگلیزەوە سەبارەت بەو ئەرکە قورسەی سپی پێستەکان لەبەشارستانی کردنی نەتیڤەکاندا بڵاوکرابوویەوە ـ هزری سیاسەتی

فراوانخوازی ئەمریکای بەهێزتر کرد. هەرلەم سەردەمەدا کتێبێکی بەناوبانگی ((ئالفرێد ماهان)) دەربارەی کاریگەری دەسەڵاتی دەریایی لەمێژوودا، لەچاپ درا، کەباسی لەئەرکی هێزێکی دەریایی بەهێز و ئامادە و کاریگەریەکەی لەسەر دیاریکردنی چارەنوسی میللەتاندا دەکرد. ئەو باوەڕی وابوو، کەئەگەر بانەوێ ببینە خاوەنی دەسەڵاتێکی ئابووری بەهێز، ئەوا بوونی هێزێکی دەریایی ئامادە زۆر پێویستە و تەنها وولاتێك دەتوانێت پارێزگاری کاروباری بازرگانی خۆی بکات، کەهێزێکی دەریایی ئامادەباشی هەبێت. ((ماهان)) دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی ئایندەی هەر وولاتێکی لەبوونی هێزی دەریایدا دەبینی و پەرەسەندنی بازاڕە ئابووریەکانی دەرەوەشی هەر بۆ ئەم مەرجە گەڕاندەوە. دەست بەسەرداگرتنی دوورگەکانی هاوایی بۆ پاراستنی دەریای ئۆقیانوسی ئارام بەپێویستیە زەروریەکان دەژمێررا. زەمینەی لکاندنی هاوایی بە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە هەر لەم سەردەمەدا ئامادە کرا و لەساڵی ١٨٩٨، لەسەردەمی سەرۆك کۆماری مەك کنیلی دا بەفەرمی لەلایەن کۆنگرەوە بڕیاری لەسەر درا و لە ١٩٥٩وەك پەنجایەمین ویلایەتی بە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە لکێنرا.

شەڕی ئەمریکا و ئیسپانیا لەسەر مەسەلەی کووبا بوو. ئەم دوورگەیە لەژێر دەسەڵاتی ئیسپانیادا بوو، پاش ئەوەی سەرمایە گوزاری ئەمریکا لەناوچەکانی بەرهەمهێنانی شەکری کوبا پەرەی سەند، تەیرانی ئابووری ئەمریکا لەساڵی ١٨٩٣ و دانانی باجی گومرگی قورس و گران، وەرشکست بوونی ژمارەیەك سورمایەداری کوبایی لێکەوتەوە و دواتر بووبە هۆی دابەزینی کرێی ڕۆژانەی کرێکارانی ئەو دوورگەیە. لەساڵی ١٨٩٥ شۆڕشێك لەو دورگەیە سەری هەڵداو دەوڵەتی ئیسپانیا بەناردنی هێزێك بەفەرماندەیی جەنەراڵ ((ویلەر)) ڕاستەوخۆ شۆڕشەکەی کپ کردەوە و بەدروستکردنی چەند ئۆردوگایەکی زۆرەملێ کارکردن زیاتر لە دووسەد هەزار کەس لەدانیشتوانی ئەو دوورگەیە زیندانی کرد . هەواڵی ڕەفتاری توندو تیژی ئیسپانیەکان لە ڕۆژنامەکانی ئەمریکادا بڵاوبوویەوە و لەبەرامبەریشدا ئەمریکا داوای سەربەخۆیی کوبایی کرد. دەوڵەتی ئیسپانیا بەبانگهێشت کردنەوەی جەنەراڵ ((ویلەر)) و پێچانەوەی ئۆردووگاکانی تارادەیەك ڕەزامەندی لەسەر داواکەی ئەمریکا دەربڕی. بەڵام ڕۆژنامەکان و دام و دەزگاکانی پڕوپاگەندە کردن داوای ڕاگەیاندنی شەڕیان دەکرد. بەڕێکەوت نامەیەك لەسەفیری ئیسپانیاوە لەواشنگتۆن کەوتە دەستی یەکێك لەڕۆژنامەکانی نیۆیۆرك، لەنامەکە ((مەك کنیلی)) بەسیاسەتمەدارێکی بێ نرخ و لاواز پێناسەکرابوو. بڵاوبوونەوەی ئەم نامەیە مقۆمقۆیەکی زۆری نایەوە و سەفیری ئیسپانیایان ناچار بەدەست لەکار کێشانەوە کرد.

تەقینەوەی کەشتیەکی جەنگی ئەمریکا بەناوی ((مین)) لەکەنارەکانی کوبا ڕووداوێکی دیکە بوو کە ئاگری شەڕی نێوانیانی زیاتر خۆش کرد. بیروباوەڕی گشتی، تاوانی ئەو کردەوەیەی دەخستە پاڵی هێزەکانی ئیسپانیا. لەکۆتاییدا فشاری بیوڕای گشتی، نوسینی نێو ڕۆژنامەکان و ووتاری سیناتۆرەکانی لایەنگری شەڕ، ((مەك کنیلی)) یان ناچار کرد کە لەڕۆژی نۆزدەی ئاپریلی ساڵی ١٨٩٨ لەکۆنگرەدا حاڵەتی شەڕ لەنێوان ویلایەتە یەگگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسپانیادا ڕاگەیاند. هێزە دەریایەکانی ئەمریکا زەرەروزیانێکی گەورەیان بەهێزەکانی ئیسپانیا گەیاند. بەشێك لەهێزە دەریایەکانی ئەمریکا بەڕابەرایەتی ((تیۆدۆر ڕۆزفلت)) هێرشیان کردە سەر دوورگەکانی فیلیپین و کەشتیە جەنگیەکانی ئیسپانیایان تێك شکاند. بەشێکی دیکەشیان هەڵیان کوتایە سەر دوورگەی پۆرتۆریکۆ و، زۆر بەئاسانی دەستیان بەسەر ئەو ناوچەیەدا گرت. ئەم ڕووداوانەش وای کرد کە دەوڵەتی ئیسپانیا لەڕۆژی یەکی ئاگۆستی هەمان ساڵدا پەنا بباتە بەر گفتوگۆکردنی ئاشتیانە. لەدوای ڕێککەوتنێك دەست لەهەردوو دوورگەی کوبا و پۆرتۆریکۆ هەڵبگرێت و وازیان لێبهێنێت. لەئەمریکاش بیری دەست بەسەردا گرتنی فیلیپین بەپشت بەستن بەبیروڕاکانی ((ڕویارد کپلینگ)) دەربارەی ئەرکی سپی پێستەکان لەبە شارستانی کردنی نەتیقەکاندا گەشەی کرد.

((مەك کنیلی)) لەکاتی گفتوگرکردنی لەگەڵ ژمارەیەك قەشەی پرۆستانتدا دەربارەی دەست بەسەردا گرتنی فیلیپین بانگەشەی ئەوەی کرد، کە ئیدایەکی غەیبی لەخەودا پەیامێکی بۆ هێناوە، کە ئەرکی سەرشانی ئەمریکایە بەپەرەپێدانی دیوکراسی و ئازادی، ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری فیلیپین بگرێتە دەست و هەموو ئەو خەڵکانەی بۆ مسیحی و مرۆڤێکی شارستانی بگۆڕێت. وەك بڵێی ناوبراو ڕابەرێك بوو کەبەهاتنی ئیدایەکی غەیبی یان بەهۆی خەونێکەوە خۆی کردوەتە لێپرسراو ڕزگارکەری میللەتێك و ئەو پەیامە غەیبیانەی کردۆتە وەسیلە و بەهانەیەك بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتە تایبەتیەکانی. لەکاتی گفتوگۆکانی ئاشتی دیسەمبەری ١٨٩٨، پێشنیازی کڕینی دوورگەکانی فیلیپین بەبڕی بیست ملیۆن دۆلار خرایە بەردەم دەوڵەتی ئیسپانیا. بەڵام دواتر بەپێی ڕێککەوتنی پاریس، ئەم دوورگانە خرانە ژێر ڕۆکێفی ویلایەتە یەکگرتوەکانەوە. دوورگەکانی گووام و پۆرتۆریکۆش درانە دەست ئەمریکا و خۆ بەڕێوەبەردنی کوباش بەرەسمی دانی پێدا نرا. دەوڵەتی کوبا بەڵێنیدا دووبنکەی دەریایی خۆی بخاتە ژێر کۆنترۆڵی ئەمریکا و لەکاتی ڕوودانی هەرجۆرە پەلامارێکی دەرەکی بتوانێت پشت بە یارمەتی سەربازی ئەمریکا ببەستێت. لەساڵی ١٩١٦ دانیشتوانی پۆرتۆریکۆ، خۆیان

وەك هاوڵاتیەکی ئەمریکی لەقەڵەم داو حکومڕانی ئەو دوورگەیە لەلایەن ئەمریکاوە بۆ بەڕێوە بردنی کاروبارەکانی دەستنیشانکرا.

ئامانجی فراوانخوازی و گەڕان بەدوای بازاڕی ئابووری تازە، دیسان ئەمریکای بۆ دەستتێوەردان لەکاروباری وڵاتێکی دیکە هاندا، کەئەویش ((چین)) بوو. لاوازی ئیمپراتۆریەتی چین لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم، ئەو وڵاتەی وەك بازاڕێکی پێشبڕکێی ئابووری وڵاتانی ئەورووپی لێکردبوو. دەوڵەتە ئەورووپییەکان ئەو وڵاتەیان وەك ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان دابەشکردبوو. جگە لەوەش حکومەتی بەریتانیا لەپێدانی هەرجۆرە باجێکی گومرگی لەساڵی ۱۸۹۹ خۆی دەدزیەوە، لەبەرامبەردا ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕێگەیەکی نوێی بۆ ڕێگەگرتن لەفراوانبوونی دەسەڵاتی ئینگلیز لەناوچەکەدا دۆزیەوە و پێشنیازێکی پێشکەش بە گەورە زلهێزەکانی جیهان کرد، کە بەرەسمی دان بەمافەکانی وڵاتانی بەرژەوەندی هاوبەش لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان لەچین دابنێن و باجی تایبەتی بۆ دەوڵەتی چین بگێڕنەوە. هیچ وڵاتێك یاسایەکی تایبەت دانەنێت کەلەگەڵ بەرژەوەندی وڵاتانی بەرژەوەندی هاوبەشدا نەگونجێت. ئەم سیاسەتە بەناوی ((سیاسەتی کراوە)) ناوبانگی دەرکرد، کەداوای مافی یەکسانی دەکرد بۆ هەموو میللەتانی خاوەن بەرژەوەندی هاوبەش لەخاکی چین دا. بۆ پاراستنی بازرگانی لەگەڵ چین و ڕێگەگرتن لەکێبڕکێی ئیستیعماری ـ بەتایبەت پاش جەنگی ژاپۆن و چین لەساڵی ۱۸۹۸ و سەرکەوتنی ژاپۆن ـ ئەمریکا پێشنیازێکی دیکەی بۆ پارێزگاریکردن و لەبەر چاوگرتنی حوکمڕانی دەوڵەتی چین و یەکسانی مافەکانی وڵاتانی بەرژەوەندی هاوبەش، خستە ڕوو. ئامانجی سیاسەتی ئەمریکا لەڕۆژئاوای دوور پشتیوانیکردنی سیاسەتی کراوە بوو. ((تیئۆدۆر ڕۆزفڵت)) و سەرۆك کۆمارەکانی دوای ئەویش ((تافت و ویلسۆن)) هەمان سیاسەتیان پەیڕەو دەکرد. لەڕاستیدا گەڕان بەدوای بازاڕی ئابووری نوێ و بەرقەرارکردنی بازرگانی لەگەڵ چین، هۆکاری سەرەکی دەستتێوەردانی ئەمریکا بوو لەنێو کاروباری ناوخۆی ڕۆژئاوای دووردا.

مێژوونوسە هاوچەرخەکانی ئەمریکا شێوەی سیاسەتی فراوانخوازی و هەڵگیرسانی شەڕی ئیسپانیان ـ کە کۆتایی هاتنی گۆشەگیری سیاسی ئەمریکای بەدوادا هات ـ بۆ هۆکارە ئابووریەکانی و کاریگەری ڕاستەوخۆی مەسەلەکانی ناوخۆی ئەمریکا، لەدەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمادا، دەگێڕنەوە.

((ویلیام ئیلمەن ویلیامز)) لەکتێبی ((ترازیدیای دیپلۆماسی ئەمریکا)) و ((ڤالتێر لافیبر)) لەکتێبی ((ئیمپراتۆریەتی نوێ : لێکدانەوەیەك لەفراوانخوازی ئەمریکا)) گیروگرفتەکانی

ناوخۆی ئەمریکا (گرفتەکانی گۆڕانکاری پیشەسازی) بەهۆکاری سەرەکی سیاسەتی دەستێوەردان لەکاروباری وولاتانی دیکە دەزانن. لێکدانەوەی مێژوونوسە هاوچەرخەکان زیاتر جەخت لەسەر هۆکاری ئابووری دەکاتەوە. بەپێی ئەم بۆچوونانە پەیڕەوکردنی سیاسەتی فراوانخوازی بۆ سێ هۆکار دەگەڕێتەوە.

١ــ قەیرانی ئابووری ١٨٩٣ کە بووە هۆی زیادبوونی بێکاری، کەم بوونەوەی کرێی کرێکاران، لاوازی برەوی بازاڕ، چەندەها گیروگرفتی کۆمەڵایەتی تر.

٢ــ ئەو دەرفەتە نوێیانەی کە بەهۆی پەرەسەندنی بازرگانی لەگەڵ کیشوەری ئاسیادا فەراهەم کران، بەڕێگا چارەیەکی گونجاو بۆ هەموو گیروگرفتەکانی ناوخۆ لێك درانەوە.

٣ــ نزیك بوونەوەی بەرژەوەندی سەرمایەدارەکان لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتدا و پەرەسەندنی هاوکاری نێوان دەوڵەتی کۆماریخوازی ((مەك کنیلی)) و سەرمایەدارەکان کاریگەریەکی زۆریان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دروست کرد. لەمانگی نیسانی ١٨٩٨ ئەم سێ هۆکارە پێکەوە هەڵگیرسانی شەڕیان لێکەوتەوە و بەرنامەی کۆتایی هاتنی سیاسەتی گۆشەگیری دەرەوەیان ڕەنگ ڕێژی کرد.

وەك ئاماژەمان پێکرد، قەیرانی ئابووری ساڵی ١٨٩٣ بۆ گۆڕانکاری خێرای پیشەسازی ئەو وولاتە دەگەڕێتەوە. گرنگترین ماوەی گۆڕانکاری خێرای پیشەسازی ئەمریکا دەکەوێتە نێوان ساڵەکانی ١٨٧٣ ـ ١٨٩٨ەوە ، ئەم ماوەیە هەرچەندە بووژانەوەی ئابووری سەرجەم بازاڕەکانی ئەمریکای لەگەڵ خۆی هێنا، بەڵام کزی بازاڕی کارو قەیرانێکی مادی سەرسوڕهێنەریشی لێکەوتەوە. لەقەیرانەکەی ساڵی ١٨٩٣دا زیاتر لەیەك لەسەر شەشی هێزی کاری وولات لەسەر کارەکەیان دەرکران، کرێی ڕۆژانەی کرێکاران دابەزی، زۆربەی کارگەکان چالاکیەکانیان ڕاوەستاند، بێکارەکان بەبێ بژێوی و شوێنێك بۆ حەوانەوە لەشارەکاندا پەرتەوازە بوون، مانگرتنە جۆراوجۆرەکانی کرێکاران، وەك ((هۆم ستەد)) و ((پوڵمن)) بەهێزی چەك کپ کرانەوە. جووتیارەکانیش لەبارودۆخێکی زۆر دژواردا دەژیان و لێشاوی بێکارەکانی پێپەتی بەرەو واشنگتۆن کەوتە ڕێ و چەند خۆپیشاندانێکی جۆراوجۆریش بەرپا کران. سەرهەڵدانی گرفتە کۆمەڵایەتیەکان ئەگەری شۆڕش و ڕاپەڕینێکی گەورەی ناوخۆیی هێنایە ئاراوە. لەبەرامبەر ئەم گیروگرفتانەشدا تەنها دوو ڕێگا چارە لەبەردەستدا بوو : یان دەوڵەت و سەرمایەدارەکان بەیارمەتی و هاوکاری یەکتر هەوڵی دابەشکردنی دادپەروەرانەی سەروەت و سامانیان دەدا و بەکەمکردنەوەی جیاوازی چینایەتی و گرنگی دان بەیەکسانی ئابووری هەوڵی

بنەبڕکردنی گرفتەکانیان دەدا، یان بەدۆزینەوەی بازاڕە جیهانیەکان بۆ فرۆشتنی بەرووبوومی زیادە بەرهەم و پەرەپێدانی دەسەلاّتی ئابووری ئەمریکای لاو لەجیهاندا، بەرەو چارەسەرکردنی گرفتە ئابووری و کۆمەلاّیەتیەکانی ناوخۆ هەنگاویا دەنا. بیرۆکەی یەکەم، چ لەڕووی مێژوویی و چ لەڕووی نەریتی کۆمەڵگەی ئەمریکیەوە مقبول نەبوو. جەختکردنەوە لەسەر خاوەنداریەتی تایبەتی، لێهاتوویی تاکەکەس، ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ پێشکەوتن بەپێچەوانەی ئەو جۆرە بیرۆکانە دەژمێررا. وەزیری خەزێنەداری ئەو کاتە لەساڵی ١٨٩٤، ڕێگا چارەیەکی گونجاوی لەڕاپۆرتی ساڵانەیدا خستە ڕوو: ((خۆشگوزەرانی میللی بەئەندازەیەکی زۆر بەفرۆشتنی بەرووبوومی زیادبەرهەم لەبازاڕەکانی دەرەوەدا بەستراوەتەوە.)) بازرگانی لەگەڵ ئاسیا و بەتایبەت لەگەڵ چین تارادەیەك کاریگەری لەسەر ڕەواندنەوەی ئەم گرفتە هەبوو. ((سیاسەتی کراوە)) بۆپاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و وولاّتانی دیکەی خاوەن بەرژەوەندی هاوبەش لەرۆژئاوای دوور و بەتایبەت چین کاریگەریەکی زۆری هەبوو. کۆمپانیا بازرگانیەکانی وولاّتانی خاوەن بەرژەوەندی هاوبەش لەبازرگانی چین دا، پێویستیەکی زۆریان بەپشتیوانی دەوڵەت لەبازاڕەکانی کێبرکێی دەوڵەتە کۆلۆنیالیزم ئەورووپا لەئاسیادا هەبوو و ئەم کارەش خۆی لەخۆیدا نزیك بوونەوە و هاوکاری نێوان دەوڵەت و سەرمایەدارەکانی لێکەوتەوە. ووتەی یەکێك لەسەرمایەدارە کۆماریخوازە دەسەلاّتدارەکانی ئەم سەردەمە بەڵگەیە لەسەر بوونی هاوکاری دولایەنەی پێوانەییانە : ((دیبلۆماسی ، واتای ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی بازرگانی نێو دەوڵەتی دەگەیەنێت.))

ئەو گێروگرفتانەی کەلەم سەردەمەدا لەکوبا سەریان هەڵدا و گرتنەبەری شێوازی توندوتیژی حکومەتی ئیسپانیا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکان، هاوکاری دەوڵەت و کەرتی تایبەتی زیاتر کرد. لە ١٨٩٥ شۆڕشی ناوخۆی کوبا لەدژی حکومەتی ئیسپانیا، سەرمایە گوزاری ئەمریکیەکانی ـ کەزیاتر لەپەنجا ملیۆن دۆلاربوو ـ ڕووبەڕووی مەترسی دەکردەوە. ئەزموونی شەڕ لەگەڵ ئیسپانیا و سەرکەوتنی ئەمریکا لەدەست بەسەردا گرتنی دوورگەکانی دەریای کاریبی، فراوانبوونی دەسەلاّتی سیاسی لە فیلیپین، بەردەوامبوونی هاوکاری نێوان دەوڵەت و بازرگانەکان و خاوەن پیشەسازیەکانی واجب کرد. پەرەسەندن و خۆشگوزەرانی ئابووری پەیوەندی بەپەرەسەندنی بازاڕەکانی دەرەوە هەبوو، پاراستنی بازاڕەکانی دەرەوەش پێویستی بەسیاسەتێکی چالاکانەی دەوڵەتی فیدراڵ هەبوو. لەڕوانگەی سەردەمی ئێستاو لێکدانەوەی مێژوونوسە هاوچەرخەکانی ئەمریکاوە، جەنگی ئەمریکا و ئیسپانیا ڕووبەڕووبونەوەیەکی

کورت و بێ پایانی نەبوو، بەڵکو جەنگێك بوو کەلەپێناو پاراستنی سیستەمی ئابووری و سیاسی ئەمریکادا بەپێویست و زەرور دادەنرا.

لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ۱۹۰۰ ((مەك کنیلی)) بۆ جاری دووەم هەڵبژێررایەوە و ((تێئۆدۆر رۆزفلت))ی کردە جێگری خۆی. بەڵام ئەم جارەی سەرۆکایەتیەکەی زۆری نەخایاند و دوای یەك ساڵ کوژرا و دوابەدوای ئەو رووداوە جێگرەکەی شوێنی گرتەوە. بەکوژرانی ((مەك کنیلی)) و هاتنە سەر کاری ((رۆزفلت)) سەردەمێکی نوێ لەمێژووی ئەمریکا دەستی پێکرد ـ سەردەمێك کە بەزۆر جاران بەسەردەمی پێشکەوتن و رووداوە پێشکەوتن خوازیەکان ناودەبرێت. لەم سەردەمەدا بەرنامەیەکی چەند لایەنە لەپێناو چاکسازیە کۆمەڵایەتیەکان، چاککردنی ژیانی کرێکاران و خۆش گوزەرانی کۆمەڵایەتیدا رەنگ رێژی کرا. لەرووی سیاسەتی دەرەوە ((رۆزفلت)) هەمان سیاسەتی سەردەمی ((مەك کنیلی)) پەیڕەو دەکرد. ئەو هیوای زیادکردنی دەسەلاتی ئابووری و سیاسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی لەجیهاندا دەخواست. ((تێئۆدۆر رۆزفلت)) کە بەچاوێکی وردترەوە چاودێرۆی فراوانبوونی دەسەلاتی ژاپۆنی لەئاسیادا دەکرد، گەشتە ئەو ئەنجامەی کەپێویستی ژاپۆن بەکەرەسەی خاو، ئەو وولاتە ناچار دەکات کە بۆ بەدەست هێنانی بازارە ئابوریەکان سیاسەتی فراوانخوازی بگرێتە بەر. ((رۆزفلت)) باوەڕی وابوو کەئەو وولاتە بۆ هاوایی و فیلیپین پلانێکی داگیرکەرانەی دارشتووە. بەتایبەت پاش رێککەوتن نامەی ژاپۆن لەگەڵ ئینگلیز لەساڵی ۱۹۰۲ و ناکۆکی نێوان ژاپۆن و رووسیا لە چین، سووربوو لەسەر ئەوەی کەلەگەڵ وولاتی ژاپۆن لەسەر مەسەلەکانی تایبەت بەئاسیا پێك بێت و بگاتە ئەنجام. لەبەرئەوە بۆ ئاشتکردنەوەی نێوان رووسیا و ژاپۆن هەنگاوی نا، خەلاتی ئاشتی نۆبلی بۆ ئەم سەرکەوتنە پێ بەخشرا. لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لەفیلیپین بەنهێنی رێککەوتنێکی لەگەڵ ژاپۆندا مۆر کرد، کە بەپێی ئەو رێککەوتنە بەشێوەیەکی رەسمی دانی بەدەسەلاتی ئەو وولاتە بەسەر کۆریادا ناو و لەبەرامبەردا ژاپۆنیش چاوپۆشی لە هەرجۆرە پلانێکی فراوانخوازی کرد بەنیسبەت فیلیپینەوە. پاش یەسەرکەوتنی ژاپۆن بە سەر رووسیادالە ساڵی ۱۹۰٤ ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ساڵی ۱۹۰۸ دانی بە دەسەلاتی ئابوری ژاپۆن لە مەنچووری دانا و لەبەرامبەریشدا پشتیوانی ئەو وولاتەی بۆ ((سیاسەتی کراوە.)) لەبواری بازرگانی چیندا بەدەست هێنا. لەجەنگی جیهانی یەکەمیش پاش ئەوەی ژاپۆن سیاسەتی فراوانخوازی خۆی لە وولاتی چین پەرەپێدا، ئەمریکا جارێکی تر رێککەوتننامەیەکی لەساڵی ۱۹۱۷ لەگەڵ ژاپۆن مۆر کرد و ئەم جارەش بەشێوەیەکی رەسمی

دانی بەبەرژەوەندیە بە تایبەتیەکانی ژاپۆن لەچین دانا و ژاپۆنیش لەبەرامبەردا بەڵێنی دایەوە کە پشتگیری تەواوی ((سیاسەتی کراوە)) لەچین بکات.

سیاسەتی ((تئۆدۆر رۆزفلت)) لەکیشوەری ئەمریکا، بریتی بوو لەهەوڵدان بۆ جێگیرکردنی نفوزی دەستەلاّتی ویلایەتە یەکگرتووەکان. بۆ دەست بەسەردا گرتنی بازرگانی و سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان درووستکردنی کاناڵێك کە هەردوو ئۆقیانوسی ئارام و ئەتلەسی پێکەوە بەستێتەوە بە پێویست دەزانرا .سیاسەتی ((رۆزفێلت)) بە کارهێنانی دەسەلاّت بوو بە شێوەیەکەی مام ناوەند. ئەویت :((پەندێکی بەناو بانگ هەیە، بەنەرمی قسەبکە ،بەلاّم با گۆپاڵێکی قورسیشت پێبێت)) مەبەستی ئەوە بوو لە کاتی نیشاندانی شێوازی نەرم لە سیاسەتی دەرەوەیدا، هێزو دەسەلاّتی جەنگی وویلایەتە یەکگرتووەکان پیشانی جیهان بدات. دروستکردنی کەناڵی پەنەما بۆ هێنانە دی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە کیشوەرەکانی ئەمریکای باشوور زۆر زەروور بوو. لە ساڵی ١٨٨٨ لە لایەن کۆمپانیایەکی فەرەنسی یەوە بە سەرپەرشتی ((فردیناند دولسپس)) هەوڵی هەڵکەندنی کاناڵەکە لە پەنەما درا، بەلاّم هەوڵەکان بەهۆی هۆکاری سیاسی و ئابوریەوە سەریان نەگرت.

((رۆزفلت)) بۆکرینی پشکی ئەو کۆمپانیا فەرەنسیە بری چل ملیۆن دۆلاری پێشنیار کردو ئامادەیشی لە سەر پێدانی دە ملیۆن دۆلارو زیاد کردنی ساڵانە دوو سەدوو پەنجا هەزار دۆلاری دیکەی بۆ کرێ گرتنی ناوچەی پەنەما کە ئەوکات لەژێر کۆنترۆڵی کۆلۆمبیادا بوو دەربری. بەم شێوەیە ئەمریکیەکان لە ساڵی ١٩٠٣ توانیان ڕەزامەندی کۆمپانیا فەرەنسیەکان بەدەست بهێنن. بەلاّم کۆلۆمبیا پێشنیارەکەی ئەمریکای ڕەتکردەوە.دواتر بە وەرگرتنی سەربەخۆی ئەو ناوچەیە گرفتەکەش چارەسەر کرا و بەپێی ڕێکەوتنامەیەك ئیمتیاز هەڵکەندنی کەناڵەکە درا بە ئەمریکا و، نارەزای دەوڵەتی کۆلۆمبیاش بە بری بیست و پێنج ملیۆن دۆلار بێ ئاکام بوو.

دەستێوەردانی ((ویلهلم))ئیمپراتۆری ئەڵمانی لە کاروباری ناوخۆی ڤەنزوێلا و کۆماری دۆمینیکەن ،((ڕۆزفلت))ی هاندا، کە بۆ پشتیوانی کردن لە سەر بەخۆی ناوچەکە ڕاگەیاندنێك وەك لێکدانەوەی ((بنەمای مۆنرۆ))دا دەربکات. بە پێی ئەم ڕاگەیاندنە، ((ڕۆزفلت))، ((بنەمای مۆنرۆ))ی پەرەپێداو ویلایەتەکانی یەکگرتووەکانی بەتەنها پارێزگاری ئەم کیشوەرە لە قەڵەم دا. لێکدانەوەکەی ناوبراو بۆ ((بنەمای مۆنرۆ))ی بەم شێوەیەی لێهات: کەئەگەر لەحاڵەتێکدا وولاّتانی دەرەوەی کیشوەری ئەمریکا بیانەوێت بەپێچەوانەی ((بنەمای مۆنرۆ)) لەکاروباری ناوەوەی ئەو کیشوەرە تەداخول بکەن و ببنەهۆکارێك بۆ تێکدانی پەیوەندی نێوان

کۆمەڵگاکانی ئەم کیشوەرە، ئەوا ویلایەتە یەکگرتووەکان ناچار دەبێت، وەك پشتیوانی کردنی ئەم وولاتانە بۆ بەرقەرارکردنی یاساو ئاسایشی کیشوەرەکەی پەنا بۆبەکارهێنانی هێزی سەربازی ببات.

لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩١٢ حیزبی کۆماریخواز کە لەدوای شەڕی ناوخۆوە بەدرێژایی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم دەسەڵاتی سیاسی ئەمریکای گرتبو بەدەست و چەندەها سەرۆك کۆماری گەورەی وەك ((تیۆدۆر رۆزفلت))ی هێنابوویە نێو مەیدانی سیاسەتی جیهانی، دووبەرەی پەرتەوازەیی و دووبەرەکی حیزبی بوویەوە. ((تیۆدۆر رۆزفلت)) کەلەساڵی ١٩٠٨ خۆی لەمەیدانی سیاسەت دوورخستبویەوە و هاوڕێ و هاوڕێبازە حیزبیەکەی کەناوی ((تافت)) بوو، شوێنی گرتبوویەوە، لەساڵی ١٩١٢ دووبارە بڕیار دا بەشداری کێ بڕکێ کانی هەڵبژاردن بکاتەوە. حیزبی کۆماریخواز بەردەوام پشتیوانی لە ((تافت)) دەکرد و ((رۆزفلت))یش بەلایەنگرەکانی خۆی حیزبێکی نوێی بەناوی ((پێشکەوتنخواز)) دامەزراند، بەناوی کاندیدای حیزبەکەوە چالاکیەکانی خۆی دەست پێکرد. بەهۆی دووبەرەکی حیزبی کۆماریخوازەوە، زەمینەیەکی لەبار بۆ سەرکەوتنی حیزبی دیموکرات فەراهەم کرا. لەساڵی ١٩١٢ ((ڤدرۆ ویلسۆن)) سەر بەباڵی لیبراڵ دیموکرات هەموو ئەم ئەگەر و هەوڵانەی پوچەڵکردەوە و توانی بچێتە نێو کۆشکی سپیەوە.

((ویلسۆن)) نوێنەری میسالی و بیرکردنەوەی دیموکراتیکی ئەمریکای سەدەی بیستەمە. بەدرێژایی ماوەی سەرۆك کۆماریەتەکەی هەوڵی گونجاندنی بنەما شاکاریەکان و سیاسەتی دەدا. زیاتر لەخزمەتکاری مرۆڤایەتی و بانگەشەکاری ئاکار دەچێت تاسیاسەتمەدارێکی دڵ پڕۆکی دەسەڵات خواز. باوەڕی وابوو کەبۆ دەستەبەرکردن و پاراستنی مافی مرۆڤ پێویستە هەموو نەتەوەکان پێکەوە هاوکاری بکەن و دونیاش بۆ گەشەکردنی دیموکراسی نارام و ئامادە بکەن. رۆژگار وای هێنایە پێشەوە کە ((ویلسۆن)) لەسەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی پلەی سەرۆك کۆماری بەدەست بهێنێت و ئەرکی بەرقەرارکردنی ئاشتی ئە جیهانە شلەژاوە بگرێتە ئەستۆ. بەرپەرچی تێکۆشانەوە دەیویست پیشانی بدات کەسەردەمی سیاسەتی بێلایەنی و دەستتێوەرنەدان لەکاروباری جیهان بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکان کۆتایی پێ هاتووە کاتی ئەوەیە کەئەمریکا بەسەقامگیریەکی تەواو ئەرکە نوێیەکانی جیهان قەبوڵ بکات. بۆ بەرەو پێش بردنی بیروراکانی خۆی لە لایەن سنای ئەمریکاوە رەخنەی لێ گیرا و، بە هۆی پشتیوانی لێ نەکردنی بیروڕای گشتی بەوە نەیتوانی جەماوەرێکی زۆر لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە. کۆتایی

هاتنی ئەمەنی ((ویلسۆن)) زۆر دڵتەزێن بوو، لەساڵی ۱۹۱۹ سەکتە لێداو نیوەی لەشی لە کارکەوت و تاکۆتایی هاتنی سەردەمی سەرۆکایەتیەکەی ژیانێکی بێ پشتیوان و تەنیایی بردەسەر.

سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەوسەردەمەدا لەسەر بنەمای دەستێوەرنەدان لەکاروباری ئەمریکا، دەڕۆشت. جەنگ لەگەڵ ئسپانیا، خاڵێکی گرنگ بوو، لەبەرقەرارکردنی پەیوەندی ئەمریکا لەگەڵ وڵاتانی تردا، بەو ناونیشانەی کە سیاسەتی باوی ئەمریکا لەسەر بنەمای دەستێوەردانی کاروباری وڵاتی ئەوروپا هەر بەردەوام بوو، پەرەسەندنی دەسەڵاتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و دەریای کاریبی و ئەمریکای لاتین، بەدواداچوونی چالاکانەی ((سیاسەتی کراوە)) لە چین، بەپارێزگاری کردن و دابین کردنی بەرژەوەندیە بازرگانیەکانی ئەمریکا لێك دەدرایەوە و هەرچەندە بە هەڵگیرسانی جەنگی ئسپانیا، ئەمریکا پێی نایە قۆناغێکی نوێ لەڕووی سیاسەتی دەرەوەیدا، بەڵام بیروڕای گشتی ئامادەیی وەرگرتنی ڕاستیەکانی جیهان و قبوڵکردنی ئەرکە نوێیەکانی تێدا نەبوو. ئەمریکا خوازیاری پاراستنی بێلایەنی و دەستێوەرنەدان و لەهەمان کاتدا دەستەبەرکردنی ئازادی نێو دەوڵەتی بوو.

بێلایەنی لەسەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە، ئەمریکای ڕووبەڕووی باروددۆخێکی ئاڵۆز کردەوە. کەشتیە بارهەڵگرەکانی ئەمریکا کەورەترین باری خواردەمەنی و کەرەستەی جەنگیان بۆ هێزەکانی هاوپەیمانان دەگواستەوە، ئەم هەنگاوەش کەشتیەکانی ئەمریکای ڕووبەڕوو چەندەها هێرش و دەست درێژی ژێر دەریایەکانی ئەڵمانیا کردەوە. سیاسەتی سەربازی ئەڵمانیا، بەکارهێنانی ژێر دەریایەکانی خۆی بۆ پەلاماردانی کەشتیە بازرگانیەکانی هاوپەیمانان، مەبەستی گەمارۆ خستنە سەر ئابووری ئینگلیز، بە پێویست و گرنگ دەزانی. بەپێی ((پەیمانی ساسکس))ی مانگی مەی ساڵی ۱۹۱٦ ئەڵمانیا بەڵێنیدا کەپەلاماری کەشتیە بازرگانی و نەفەربەرەکان نەدات. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کەرەستەیەك لەئارادا نەبوو، ئەڵمانیا تەنها ڕێگای سەرکەوتنی بەسەر هاوپەیمانەکانی لەجەنگی ژێر دەریایدا بینی. پێش ئەم مێژوو لەمانگی مەی ۱۹۱٥ کەشتیەکی نەفەر هەڵگری ئینگلیزی بەناوی ((لوسیتانا)) ڕووبەڕووی هێرشێکی موشەکی جەنگی هێزی دەریایی ئەڵمانیا بوویەوە، ژمارەیەکی زۆر لەسەرنشینەکانی کە سەدوبیست و چواریان پەنابەری ئەمریکی بوون خنکان. ئەم ڕووداوە دەنگی بیروڕای گشتی جیهانی دژ بەئەڵمانیا بەرز کردەوە و ((ویلسۆن))یش ئەم کارەی بەدەست درێژی کردنە سەر مافەکانی مرۆڤ وەسف کرد ـ بەڵام هێشتا بیروڕای گشتی ئامادەی شەڕکردن لەگەڵ ئەڵمانیا

نەبوو. بەئاڵوگۆڕکردنی چەند نوسراوێکی ڕەسمی، ئەڵمانیا بەڵێنیدا بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێش وەخت هێرش نەکاتە سەر کەشتیە بازرگانیەکانی ئەمریکا و لەکاتی ڕوودانی هەرکارەساتێك کەببێتە هۆی تێکشکانی کەشتیەکان، هەوڵی ڕزگارکردنی سەرنشینەکان بدات. ئەمریکاش دەستتێوەردانی خۆی تەنها بەدابینکردنی خواردەمەنی و تەقەمەنی بۆ هێزەکانی هاوپەیمانان تایبەت کردبوو، هەرچەندە ئەم هاوکاریە لەڕێگەی ئەو یارمەتی دارایی‌ەی کەبەشێوەی قەرز بەهێزەکانی هاوپەیمانانی دەدا زیادی کرد.

لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩١٦ ((ویلسۆن)) بەزۆرینەی دەنگ بۆ جارێکی تر پۆستی سەرۆك کۆماری بەدەست هێنایەوە. لەساڵی ١٩١٧ لە ووتارە بەنرخەکەیدا لەسنا، ڕای گەیاند : لایەنگیری ئاشتیە بەبێ سەرکەوتن. چونکە سەرکەوتن لەشەڕدا هەمیشە سەپاندنی بیروڕای سەرکەوتوو بووە. بەسەر ژێرکەوتوودا. ووتیشی ئاشتی تەنها لەگەڵ یەکسانیدا بەردەوام دەبێت و ئەوەش ئاشتیەکە کەئاسایشی وڵاتە گچکەکان، ئازادی دەریاکان و سنووری چەك و تەقەمەنی دەستەبەر بکات و هێزێکی ئامادەش ئەرکی پاراستنی ئاشتی جیهان بگرێتە ئەستۆ. لەسەر بنەمای ئەم بۆچوونانە بوو کە ((ویلسۆن)) لەجێنیوەری ١٩١٨، چواردە بەندە بەناوبانگەکەی خۆی شیکردەوە. گرنگترینیەشی بنەما چواردە بەندەکەی ((ویلسۆن)) پێشنیازی قەدەغەکردنی ڕێککەوتننامەی نهێنی و دەستپێکردنی سیاسەتە ئاشکراکان، دابینکردنی ئازادی دەریاکان، یەکسانی مافی بازرگانی و دورستکردنی ئەنجوومەنی ڕێککەوتنی نێو دەوڵەتی بۆ پاراستنی ئاشتی جیهانیە.

پروپاگەندەکانی دژ بەئەڵمانیا لەلایەن ئینگلیزەوە بۆ ئامادەکردنی بیروڕای گشتی خەڵکی ئەمریکا پەرەیان سەند. ئەم بۆچونەیان بڵاوکردەوە کە ئەڵمانیان دەیەوێت دیکتاتۆریەتێکی سەربازی جیهانی دابمەزرێنێت. بەڵام دوای ئەم هەوڵانەش هێشتا بیروڕای گشتی لە ئەمریکا ئامادەی خۆ هەڵقورتاندنی لەجەنگی ئەورووپیەکاندا نەبوو، ئەوەی لەڕاستیدا بوو بەهۆی تێوەگلانی ئەمریکا لەشەڕەکەدا ، بڵاوبوونەوەی نوسراوێکی نهێنی بوو کە لەلایەن ئینگلیزەوە خرایە بەردەستی ئەمریکاییەکان. لەم نوسراوەدا دەوڵەتی ئەڵمانیا داوای پشتیوانی و یارمەتی مەکسیکی کردبوو لەکاتی ڕوودانی هەر شەڕێك لەگەڵ ئەمریکادا و لەبەرامبەریشدا بەڵێنی دابوو ـ پاش سەرکەوتن ـ ویلایەتەکانی نیومەکسیکۆ و ئاریزۆنا و تەکزاس بۆ مەکسیکیەکان بگەڕێنێتەوە. بڵاوبوونەوەی ئەم نوسراوە ئەمریکیەکانی ئامادەی شەڕکردن کرد و لەمانگی ئەپریلی ١٩١٧ ((ویلسۆن)) ڕۆشتە نێو کۆنگریس و ووتارە مێژوییەکەی خۆی خوێندەوە:

((ئێمە لەگەڵ میللەتی ئەڵمانیدا شەڕ ناکەین، بەڵکو تەنها ڕووبەڕووی دیکتاتۆریەتی سەربازی دەوڵەتی ئەڵمانیا دەبینەوە. دەبێت دونیایەك درووستبکەین کە دیموکراسی تیایدا بپارێزرێت. ئێمە ئێستا لەپێناو ئەو بنەمایە تێدەکۆشین کە بەمانی مرۆیی ناو دەبرێت. بۆ پاسەوانی کردنی مافە ڕاستەکانی نەتەوە بچووکەکان و ئازادیان، بۆ بەرقەرارکردنی لێك تێگەیشتنی نێوان نەتەوە ئازادەکان، بەمەبەستی چەسپاندنی مافی دان پێدانراوی هەریەکەمیان شەڕدەکەین، ئاشتی و ئارامی هەموو وڵاتان لە پێناو دابینکردنی ئازادی جیهاندا دەستەبەر دەکەین.))

لەساڵی ١٩١٧، ئەو کاتەی کە ـ چارەنوسی هاوپەیمانان هێشتا دیار نەبوو ـ فەرەنسا داگیر کرابوو، ئیتاڵیا شکستی خواردبوو هەروەها ڕووسیاش بەرەو دۆڕاندن دەچوو، ئینگلیز بەشێکی گەورەی کەشتیە بازرگانیەکانی تێك شکابوون، ویلایەتە یەکگرتوەکان هاتە مەیدانی شەڕ کردنەوە. گرنگترین پاڵپشتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەشداریکردنی هێزە دەریایەکانی بوو لەشەڕەکەدا. زیاتر لەدووملیۆن سەربازی ئەمریکی ڕەوانەی ئەورووپا کران و سی و پێنج ملیۆن دۆلاریش وەك یارمەتی درا بەهێزەکانی هاوپەیمانان، لەبەرەی فەرەنساوە هێزە دەریایەکانی ئەمریکا زەرەرو زیانێکی گەورەو گران بەکەشتی گەلی ئەڵمانیا گەیاند و هێزەکانی ئەو وڵاتەیان ناچار بەپاشەکشێ کرد. لە ٣ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٨، ئەڵمانیا وەك گفتوگۆکانی ئاشتی، ڕزامەندی لەسەر بنەما چواردە بەندەکەی ویلسۆن دەبڕی. هەر لەم ساڵەی هەڵبژاردندا، کۆنگرێس ژمارەیەکی زۆر لەکۆماریخوازەکانی بۆ سنا ناردبوو، دژایەتی خۆی لەسەر نوسراوەکانی ((ویلسۆن)) دەربڕیبوو. کۆمیتەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی سنای ئەمریکا، بەسەر کردایەتی ((هێنری کابوت لاج)) ڕەخنەی لەسیاسەتی ((ویلسۆن)) گرت ـ سیاسەتی کۆماریخوازەکان بریتی بوو لە پاراستنی بێلایەنی، گەرەنتی پێدانی ئازادی بازرگانی و کراوەیی دەستی ئەمریکا لەبازرگانی جیهاندا.

ئەمریکا وەك نەریتێکی هەمیشەیی و بەبێ هیچ جۆرە کۆسپێك لەڕووی کاروباری وڵاتانی ئەورووپی، ئازادی بازرگانی نێو دەوڵەتی بۆ خۆی بەدەست هێنا بوو، حیزبی کۆماریخواز جوودایی خوازانیش، لەگەڵ بەردەوامبوونیان لەسەر سیاسەتی فراوانخوازی لەئاسیای ڕۆژهەڵات و ئەمریکای لاتینی ـ کە ئەم سیاسەتەیان بۆ برەودان بە بازرگانی و بەرژەوەندی سەرمایەدارە گەورەکان بە پێویستی و گرنگ دەزانی ـ ڕووبەڕووی سیاسەتی ناوبراو بوونەوە و نارەزایان لەسەر تێوەردانی ئەمریکا لەکاروباری ناوخۆی ئەورووپا کە بەپێچەوانەی نەریتی ڕابردوو بوو، دەربڕی. لەوەها بارودۆخێکی ئاڵۆزدا ((ویلسۆن)) بۆ بەشداریکردن لەگفت و گۆکانی ئاشتی

بەرەو شاری پاریس کەوتە ڕێ. پێشنیازی ئاشتی و ئارامی و درووستکردنی ئەنجوومەنی ڕێککەوتنی نێو دەوڵەتی، هەردووکیان لەسنادا ڕووبەڕووی شکست بوونەوە. کۆنگرەیش لەوەها بڕیارێک بەهەمەوو شێوەیەک خۆی دوورخستەوە.

بیرۆکە میسالیەکانی ((ویلسۆن)) لەمەیدانی پڕ فێڵ و تەڵەکەبازی سیاسەتی ئەورووپادا بەبۆچوونی دوور لەڕاستی و واقیع لێك دەدرانەوە و ئەمریکاش سووربوو لەسەر ئەوەی کەبەهیچ شێوەیەك دەست لەنێو کاروباری ئەورووپا وەرنادات. ((ویلسۆن)) زیاتر لەهەمەوو شتێك جەختی لەسەر ئەرکی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەکاروباری سیاسی جیهان دەکردەوە. بیروڕای گشتی ئەمریکا هێشتا ئامادەی قبولکردنی ئەم ڕاستیانەی نەبوو، لەبەر ئەوە مەسەلەی بەشداریکردنی ئەمریکا لەکۆمەڵەی نەتەوەکان و جەختکردنەوە لەسەر ئاشتی و ئارامی لەکۆنگرێسی ئەمریکا شکستی هێنا.

دەستێوەردانی ئەمریکا بەسوودی هێزەکانی هاوپەیمانان و کۆتایی هێنان بەجەنگی یەکەمی جیهانی، خۆویستانە و خۆنەویستانە ئەم وڵاتەی لەکاروباری سیاسی جیهاندا تێوە گلاند و سیاسەتی بێلایەنی و جوودایی خوازی ئەو وڵاتەی کۆتایی پێهێنا. لەم کاتە بەدواوە ویلایەتە یەکگرتووەکان وەك زلهێزێکی جیهانی خۆی بەدونیا ناساند و پشکی ئەم وڵاتەش لەکاروباری جیهاندا بەگرنگ و بنچینەیی ژمێررا.

تمدیسون

فورد

تمبر ویلسون



تله‌گراف

ئۆتۆمبیلی فۆردی بەنرخێکی هەرزان پێشکەش بەئەمریکا کرد

ژنانی ئەمریکا پاش ململانێیەکی زۆر لە ساڵی ١٩٢٠ مافی سیاسیان بەدەست هێنا

بەشی هەشتەم:

فرانکلین ڕۆزفلت وپلانە چاکسازیەکان

سەرکەوتنی ئامێر و پیشەسازی لەگەڵ داهێنانە هونەریەکان، ئەمریکای وەك زلهێزێکی جیهانی بە دونیا ناساند. لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمدا بەپێشکەوتنی ئامێرە نوێیەکان، بەروبوومی پیشەسازی و کشتوکاڵی زیادی کرد و ئەمریکا جگە لەدابینکردنی پێداویستیەکانی ناوخۆ، هەموو هەوڵەکانی خۆشی بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی هێزەکانی هاوپەیمانان، لەبازاڕەکانی دەرەوەدا خستەکار. لەم ساڵانەدا بەپەرەسەندنی بازاڕەکانی ناوخۆ، سوود وەرگرتن لەئامێر و ئامرازە هونەریەکان، پەرەسەندنی سەرمایەگوزاری و سوود و قازانجی کڕین و فرۆشتنی پشك، ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی مادی کۆمەڵگەش زیادی کرد. لەنێو هەڵپەی ئەم ڕەونەقە ئابووریەو خۆشگوزەرانیە مادیەدا هیچ کەس باوەڕی نەدەکرد، کە قەیرانێکی سەخت و دژوار و درودرێژ لەنێو «سەنگەرێکدا» خۆی مەڵاس دابێت. سیاسەتی نێو دەوڵەتی ((ویلسۆن)) بەشداریکردنی ئەمریکا لەجەنگ، کەرەزامەندی زۆرێك لەسیاسەتمەدارەکانی لەسەر بوو، بەخێرایی فەرامۆش کراو سیاسەتی جوداخوازی لەسەر بنەمای پاراستنی بێلایەنی، نەبوونی دەستتێوەردان لەکاروباری ئەورووپا و گەرەنتی کردنی ئازادی بازرگانی نێو دەوڵەتی دووبارە و چڕی پەیڕەو کرایەوە. لەنێوان ساڵەکانی ١٩٢٠ ـ ١٩٣٢ حیزبی کۆماریخواز سێ سەرۆك کۆماری ڕەوانەی کۆشکی سپی کرد. ((وارن هاردینگ)) ، ((کالوین کولیج)) ، ((هربرت هوور)) هەرسێکیان نوێنەری بیرکردنەوەی سیاسەتی باوکی کۆماریخوازەکان بوون. لەهەڵبژاردنەکانی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی ((وارن هاردرینگ)) بەدرووشمی گەڕانەوە ((بۆ ڕەوشی ئاسایی)) کە دەستەواژەیەکی داهێنەری خۆی بوو، سەرکەوتنی بەدەست هێنا. مەبەست لە((ڕەوشی ئاسایی)) ئەوەبووکە ئەمریکا دوور لەچاکسازیە ناوخۆیەکان و ململانێ نێو دەوڵەتیەکان بۆ ڕۆژگارە خۆشەکەی جاران بگەڕێتەوە. پشتیوانیکردنی دونیای بازرگانی و بەهێزکردنی سەرمایەداری

گەورەکان، پەرەپێدانی کاروباری بازرگانی، زەمانەت و پاسەوانی کردنی ئازادی بازرگانی دەرەکی لەگەڵ پاراستنی بێلایەنی سیاسی، لەبەرنامە گرنگەکانی حکومەتی ئەو کاتە بوو. سیاسەتی ساڵەکانی ١٩٢٠، هەروەکو ئەم سیاسەتەی کەلەسەردەمی برەوی بازرگانی پاش شەڕی ناوخۆدا پەیڕەو کرا، لەسەر ئەو بنەمایە ڕاوەستابوو کە ئەگەر دەوڵەت بتوانێت بەپێی بچووکترین دەستێوەردان لەڕێکخستنی کاروباری بازرگانیدا، ئەوپەڕی هەلومەرجێکی لەبار و گونجاو بۆ بازرگانی و پێشکەوتنی پیشەسازی بڕەخسێنێت، بەدڵنیاییەوە کۆمەڵگەیەکی پڕ لەناز و نیعمەت و ژیانێکی خۆشگوزەران بۆ هاوڵاتیان دەستەبەر دەبێت. لەم سەردەمەدا پیشەسازی تایبەتی پشتیوانیەکی تەواوی لێکرا. ((ئەندرۆ ملون))سوڵتانی ئەلەمنیۆم کرا بەوەزیری خەزێنەو سیاسەتی کەوتە ژێر کاریگەری دەسەڵاتی سەرمایەدارە گەورەکان و کۆمپانیا قۆرخ کاریەکان. ((ملون)) سیاسەتی ئەو کاتەی دەوڵەتی لەڕوانگەی دەسەڵاتی سەرمایەداری سیاسیەوە بەم شێوەیە لێك دایەوە : ((دەوڵەت واتە بازرگانی، کەئەرکەکەی تەنها لەپشتیوانیکردنی کاروباری بازرگانیدا)) کورت دەکرێتەوە. ((کالوین کولیج)) سەرۆك کۆماری ئەوکاتیش جەختی لەسەر ئەم ووتەیە کردەوە : ((ئیش و پیشەی سەرەکی ئەمریکا بازرگانیە.)) ڕەخساندنی بارودۆخێك کەگونجاوترین دەرەنجامی لەڕووی برە وو پەرەپێدانی دونیای بازرگانیەوە لێبکەوێتەوە، بەئەرکی سەرەکی دەوڵەتی ئەمریکا لەقەڵەم دەدرا. سەردەمی ڕووداوە پێشکەوتنخوازیەکان بە پەرچە کردارێك دەژمێررا لەبەرامبەر تەشەنەکردنی ناڕەزاییە کۆمەڵایەتیەکان و گرفتە ئابووریەکاندا، بەهۆی ئەو ڕەونەقە مادیەی کە لەساڵەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا هاتە ئاراوە، بەتەواوی فەرامۆش کرا. ڕەونەقی ئابووری لەگەڵ داهێنانە هونەریەکان مژدەی هاتنی ((ساڵە خۆشەکانی)) دەیەی ١٩٢٠ی بەئەمریکیەکان دەدا.

زنجیرە ڕێسایەکی کومرگی نوێ لەنێوان ساڵەکان ١٩٢٢ ـ ١٩٢٨ بۆ پشگیریکردنی سەرمایەدارانی ئەمریکا دەرکران، کەبەربەستێکی نوێتریان لەبەرامبەر شتومەکی هاوردەدا درووستکرد، بازاڕی مۆنۆپۆلکراوی ناوخۆییان خستە بەردەستی پیاوانی دونیای بازرگانی. داتانی باج لەسەر دەرامەتی کۆمپانیاکان کە بەلای قۆرخکارەکانەوە. دڵخۆشکەر نەبوو، هێدی هێدی کەمکرایەوە و لەئەنجامدا هەڵوەشایەوە. یاساکانی چاودێریکردنی کە کاروباری هێڵەکانی ئاسنی خستبوویە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتەوە، گۆڕانی بەسەردا هاتوو بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خرایە ئەستۆی کۆمپانیا تایبەتەکان. دامەزراوە بازرگانیەکان بە هۆی پشتیوانیکردنی بانکەکانەوە، کەمتمانە و قەرزێکی بێ سنووریان دەبەخشی، پەرەیان سەند. لەم سەردەمەدا زۆرێك لەماڵەکان لەسەر بنەمای متمانە هەڵدەسوڕان، ملیارەها پشك لەبواری بازرگانیدا بڵاودەبوونەوە و

کارگەکانیش تائەو پەڕی توانای خۆیان بەرهەمیان دەهێنا. بەڵگەی بەهادار و پشکەکان بەردەوام لەبەرەوپیش چوندا بوون و کۆکردنەوەی سەروەت و سامانیش تاڕادەیەك ئاسان بوو، هەرکەس شتێکی دەکڕی، زەرەری نەدەکرد و هەموو خەڵکیش دەستیان بەکڕین و فرۆشتن کردبوو. پیشەی سەرەکی ئەمریکا بە ووتەی ((کولیج)) بازرگانی بووە هیچ شتێك جگە لەپەیداکردنی سەروەت و سەرمایەگوزاری پڕ سوود و قازانج بایەخی نەبوو، ئەوانەی کە ئیشی کڕین و فرۆشتنی پشکیان دەکرد، پسپۆڕانی بڵاوکردنەوەی پروپاگەندە، بەرهەمهێنەر و فرۆشیارانی کەلوپەلی بازرگانی، بازاڕێکی چاکیان پەیدا کردبوو. بەڵام لەپشت ڕووخساری پڕ بەرەکەتی بازاڕەکانەوە، چەندەها گیروگرفتی گەورە خۆیان حەشار دابوو، کە سەرمایەداریەکی سەروبەری لێکەوتبوویەوە، هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی قەیرانەکەی ١٩٢٩ بوو.

سەروەت و سامانی زۆری سەردەمی جەنگ، هاوکات لەگەڵ پشتیوانی لەڕادەبەدەری دەوڵەت لەدونیای گەورەی بازرگانی و بەکارهێنانی ئامێری پێشکەوتوو، ئابووریەکی بەرواڵەت پڕ ڕەونەقی هێنایە ئاراوە کە کڕین و فرۆشتن و دەڵاڵی پشکی بەتەنها ڕێگایەك بۆ بەدەستهێنانی پلەوپایە و سەروەت دادەنا.

لەم ساڵانەدا کۆمەڵگای ئەمریکا بەرەو کۆمەڵگەیەکی ڕاست ڕەو هەنگاوی دەنا. ئەوەی ئەمریکی و بۆ ئەمریکا دەگەڕایەوە بەلایەوە بەرێز و پیرۆز بوو، دەمارگیریەکی توندی بۆ ڕێوڕەسمی ئەمریکایی پیشان دەدا. گیانی یەکڕیزی لەگەڵ گروپە تایبەت و ئازادەکان و بەسووك سەیرکردنی ئەو گروپانەی کە غەیرە ئەمریکایی بوون بوو بەشتێکی باو. بەچاوی شك و گومانەوە سەیری کۆچبەرە تازە هاتوەکان و بیرکردنەوەی دەرەوەی دەکرا. نەبوونی شەکیبایی لەگەڵ بیر تەسکی و یان ترسان لەئەمریکای گۆڕاو بوو بەناسنامەی ڕوحی کۆمەڵایەتی ساڵەکانی ١٩٢٠. کۆچبەر و سۆسیالیستەکان بەتۆمەتی هەبوونی غەیرە ئەمریکایی خرانە ژێر پاڵە پەستۆیەکی زۆرەوە. هەر لەم ساڵانەدا ژمارەیەك لەهاوڵاتیان بەتۆمەتی بیرکردنەوەی ئازادگێری گیران یان لە وولات دوورخرانەوە. یاساکانی کۆچکردن گۆڕانیان بەسەردا هاتوو دیارەی کۆچکردن سنوورێکی نوێی بۆ دانرا.

گروپی دژ بەڕەگەزپەرستی و دەمارگیری ((کوکلس کلان)) دووبارە سەری هەڵدایەوە. ئەم گروپە لەساڵی ١٩١٥ دووبارە دامەزرایەوە، بەڵام بۆ ماوەیەکی زۆر نەیتوانی لایەنگرێکی ئەو تۆ لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە. پاش شەڕەکەی ١٩١٩ ژمارەی ئەندامەکانی بەخێرایی زیادی کرد و گیانێکی نوێی کرا بەبەردا. کلانە نوێیەکان بەپێچەوانەی جاران، لەسەرتاسەری وولاتدا دەستیان بەچالاکی کرد و جگە لەڕەشەکان ئازار و ئەشکەنجەی هەموو ئەو کۆچبەرە تازە هاتوانەیان دەدا

کەلەهەموو کون و قوژبنێکی ئەم جیهانەوە دەهاتن، بەتایبەت کۆچبەرانی ئاسیایی و جولەکە و کاتۆلیك و سۆشیالیستەکان و، بۆ تەمێکردنی ئەو کەسانەی کە ـ بەبۆچوونی ئەوان ـ ڕێزیان لەبەها پیرۆزەکان ئەمریکایی نەدەگرت ئەو پەڕی توندوتیژیان بەکار دەهێنا. دەرکردنی یاسای قەدەغەکردنی کڕین و فرۆشتنی مادە بێهۆشکەرەکان لەساڵی ١٩١٩، هۆکارێکی سەرەکی بڵاوبوونەوەی فساد و تاوان و کوشتن و بڕین بوو. بەهەزارەها شوێنی نایاسایی بۆ مامەڵەکردنی نهێنی دروستکران و قازانجێکی زۆرورزەبەندەی بەنسیبی گروپە قاچاغچی و چەتەکان کرد. شارە گەورەکانی وەك شیکاگۆ بوون بەشوێنێکی لەبار و گونجاو بۆ نەشونماکردنی گروپە تاوانبارەکان و گروپەکانی مافیا.

ئۆتۆمبیل، ڕادیۆ و سینەما و داهێنانە نوێیەکانی پێشکەوتنی پیشەسازی لەم ساڵانەدا کەوتنە بازاڕەوە و پەیوەندیکردنی ناوچەکانیان ئاسانتر کرد. ئەو گۆڕانکارییەی کە هێڵەکانی ئاسن لە ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی ئەمریکا، لەپاش شەڕی ناوخۆ درووستی کرد، بەخستنە بازاڕی ئۆتۆمبیل، شێوەیەکی نوێی وەرگرت.

هەرچەندە ماوەیەکی زۆر بەسەر داهێنانی ئۆتۆمبیلدا تێدەپەڕی، بەڵام لەبەر گرانی نرخەکەی سوودێکی ئەوتۆی لێوەرنەدەگیرا. ((فۆرد)) ، سەرمایەداری ئەمریکی بەبەکارهێنانی شێوازێکی نوێ، سوود وەرگرتن لە پسپۆڕییەتەکەی، ڕێکخستنی کاروباری کارگەکان، پێدانی کرێی ڕۆژانەی زیاتر بەکرێکارانی شارەزا، خێرایی بەرهەمی ئۆتۆمبیلی گەشە پێدا و ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێلی بەنرخێکی هەرزان خستە بازاڕی داوخواستەوە. ئۆتۆمبێل لەڕاستیدا شۆڕشێك بوو لەژیانی خەڵکی ئەمریکادا، لەلایەکەوە هۆکارێکی سەرەکی بەرقەرارکردنی پەیوەندی ناوچەکان و خێراکردنی کارکردن بوو، لەلایەکی تریشەوە خاڵێکی گرنگی وەرچەرخانی گرنگ بوو لەبواری پیشەسازیدا و، ملیۆنەها کەسی لەبێکاری ڕزگارکرد و بەمەبەستی هاتوچۆکردنی ئۆتۆمبێل چەندەها شارێگەی نوێ درووستکران و گۆڕانێکی گەورەی بەسەر ژیانی شار نشینیدا هێنا. سینەما لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم وەك ئامێرێکی سەرگەرمی و ڕابواردن خرایە بەردەستی هاوڵاتیان و بەسەرهەڵدانی سینەمای قسەکەر (ناطق) لەساڵی ١٩٢٧ بەخێرایی لەنێو کۆمەڵگەی ئەمریکیدا بڵاوبوویەوە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاری لەژیانی تێکڕای خەڵکی کرد. هۆلی هوود، بوو بەکابەی هیوا و ئارەزووەکان، ملیۆنەها دۆلار لەم پیشەسازیە نوێیەدا سەرمایەگوزاری کراو دەرهێنانی فیلم ڕەونەقێکی تێجگار گەورەی پەیدا کرد و چەندەها دەرهێنەری نوێی ناساند. لەیەکەمین فرێتی برایانی ڕایتەوە تا ساڵی ١٩٢٤، فڕۆکە وانی کەبەجۆرێك لەوەرزش و سەرگەرمی دەژمێررا، بەپەرەسەندنی پیشەسازی درووستکردنی فڕۆکە

گۆڕانێکی نوێی بەسەرداهات و لەساڵی ١٩٢٧ ((چارلز لیند بێرگ)) بەفڕینێکی تاك نەفەر بەسەر ئۆقیانووسی ئەتڵەسیدا لەئەمریکاوە بۆ ئەورووپا، ئامێرێکی نوێی پەیوەندیکردنی پێشکەش بە جیهانی پیشەسازی کرد. ڕادیۆش وەك هۆکارێکی تری سەرگەرمی وبواری فێرکردن، خایە بازاڕەوە و لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا ڕۆڵێکی گەورەی لەڕووی پڕوپاگەندە کردنەوە گێڕاو لەماوەی کەمتر لەدەساڵدا وەك پێویستیەکی سەرەکی سەری دەرکرد لەنێو هەموو ماڵێکی ئەمریکیدا.

داهێنانە هونەریەکان و پێشکەوتنە پیشەسازیەکان گیانی گەش بینی هەستی متمانە بەخۆ بوون و دڵنیایان لەکۆمەڵگەی ئەمریکیدا بەهێز کرد. دەسەڵات و سەروەت باڵی بەسەر دونیای نوێدا کێشا و زیادە ڕەویکردن لەئاڵوگۆڕی دارایی و مامەڵەی بێ پشتیوان و کڕین و فرۆشتنی بێ سود و قازانجی پشکەکانی لێکەوتەوە. لەساڵی ١٩٢٧ کاتێك کە (هربرت هوور)) وەزیری بازرگانی دەولەتی کۆماریخواز پۆستی سەرۆك کۆماری پێ سپێررا، کۆمەڵگەی ئەمریکی بەڕواڵەت لەناز و نیعمەت و ڕەونەقێکی ئابووری بێ وێنەدا دەژیا. ((هوور)) کەخۆی بەئەندازیاری ئەم ((سەردەمە خۆش))ە دەزانی، لەووتەیەکیدا ڕایگەیاند : ئەمریکا زیاتر لەهەر کارێکی تر لەسەردەمی بەختەوەری و لەناو بردنی هەژاری نزیك بووەتەوە و ئەوەندەی نەماوە کە لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا سەرکەوتنی تەواو بەدەست بهێنێت. لەلوتکەی سەربەستی و متمانە و گەش بینیدا، هەیور لای قەیرانی ئابووری لەشێوەی ڕووخانێکی لەناکاوی بەهای پشکی کۆمپانیاکاندا دەرکەوت. دوابەدوای ئەم ڕووداوە ڕێژەی بەرهەمهێنان و پیشەی کرێکاران کەمی کرد و لەماوەی کەمتر لەدوو ساڵدا نرخی بەرهەمی نەتەوەیی گەیشتە ٥٠٪ و زیاتر لەدوانزە ملیۆن کرێکار پیشەکەی خۆیان لەدەستدا. دونیای بازرگانی دووچاری وەرشکستبوون هات و هەژاری و وێرانی سەرتاسەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی گرتەوە. نرخی پشکی بۆرسە لە هەشتا و حەوت بلیۆن دۆلارەوە گەشتە نۆزدە بلیۆن، فرۆشتنی شت و مەکی بەرهەمهێنراو بۆ لە ٤٠٪ و بەرهەمی کشتووکاڵی بۆ ٦٠٪کەم بوویەوە، بانکەکانی وولات یەك لەدوای یەك وەرشکست بوونی خۆیان ڕادەگەیاند. لێشاوی بێکاران لەسەرتاسەری وولاتدا کەوتە ڕێ، برسێتی خەڵکی ناچار دەکرد کەلەنێو زبڵدانەکاندا بەدوای پارویەك خۆراکدا بگەڕێن و جووتیارەکانیش بەدەست ئەو باجەی کەلەسەریان دیاری کرابوو دەیان ناڵاند و زەویەکانیان لێ سەنرایەوە و ئاوارەی شارەکان بوون. هەژاری و ووشکە ساڵی و وەرشکست بوونی ئابووری، شوێنی متمانەی میللی گرتەوە. قەیران، واتای لەدەستدانی ئابڕوی سەرمایەدارەکان و درووستکردنی شك و گومانی بیەوڕای

گشتی بۆ ئەرزشی دونیای بازرگانی دەگەیاند، سەرمایەداریە سەرکەوتوەکەی دەیەی ۱۹۲۰ بەیەکجاری لاواز و شکستی خوارد.

دابەشکردنی نادادپەروەرانەی سەروەت، شێوازی مۆنۆپۆل و چڕبونەوەی دەسەلاتی داریی، هۆکاری سەرەکی سەرهەلدانی قەیران بوو. لە ٥٪ی ژمارەی دانیشتوان زیاتر لەیەك لەسەر سێی تێکڕای سەروەت و سامانی ولاتیان بۆ خۆیان قۆرخکردبوو، دامەزراوە سەرەکیەکانی بازرگانی بە فێل و تەلەکەبازی جۆراوجۆر، کڕین و فرۆشتنی نهێنی کۆمپیالە بازی وقۆرخکردن، زۆرترین دەرامەتیان لەژێر دەستی گروپێکی دەسەلاتداردا مۆنۆپۆل کرد. بانکەکانیش کە بەبێ پالپشتی پێویست، قەرز و متمانەیەکی لەرادەبەدەریان دەخستە بەردەم سەرمایەدارەکان، هۆکارێکی دیکەی سەرهەلدانی قەیران بوون. نەبوونی هاوسەنگی بازرگانی دەرەکی و دانی قەرزێکی زۆر بەو ولاتانەی کەزۆر لاواز بوون و توانای دانەوەی قەرزەکانیان نەبوو، باروودۆخەکەی زیاتر ئالۆز کرد. ئەو ولاتە ئەوروپیانەش ـ کە بونیادی دارایییان بەهۆی شەڕەکانەوەلاواز بووبوو ـ توانای ڕاکێشانی بەرووبومی بەرهەمهێنراوی ئەمریکایان نەبوو. لەبەر ئەوە بازاڕەکانی دەرەوە بەڕووی بازاڕەکانی بازرگانی ئەمریکادا داخران و لە ئەنجامدا سەرمایەگوزاری ولات ڕووی لە بازاڕەکانی ناوخۆ و کڕین و فرۆشتنی پشك و بازاڕی بۆرسەی ناوەوە دەکرد. کۆمپیالە بازی نرخی پشکەکانی تارادەیەك لەنرخە ڕاستەقینەکەی خۆی بەرزتر کردەوە و بوونە هۆی بەرزبوونەوەی نائاسایی تێکڕای نرخەکان لەبازاڕی بۆرسەدا. بەرووبومی زیاد لەداوخواست، لەبازەڕەکاندا بەبێ کڕیار دەمایەوە. زۆرینەی خەلك کەچینی بەکاربەری کۆمەلگە بوون توانی کڕینی بەرهەمەکانیان نەدەبوو. لەسالەکانی ۱۹۲۸ ـ ۱۹۲۹ کرێی کرێکاران لەبواری بەرهەمهێناندا نزیکەی ۱۲٪ زیادی کرد، لەکاتێکدا کەقازانجی کۆمپانیاو خاوەن کارگەکان گەیشتە لە ٦٢٪ . بەرزبوونەوەی ئاستی کڕین لەگەل زیاد بوونی مووچەی تێکڕای خەلکی و نزمبوونەوەی نرخی بەرووبومەکان ڕێگاچارەیەکی کاتی بوو، کەئەویش لەو ماوەیەدا گرنگیەکی زۆری پێنەدرا و پشت گوێ خرا. دەولەت کەتەنها نامانجی، پەرەپێدانی دونیای بازرگانی بوو، لەبواری ڕێکخستنی دونیای ئابووریدا هیچ ڕۆلێکی نەدەگێڕاو بەباوەڕ بەئازادی بازرگانی، خوودی سەوداگەرانی لەکارەکانیاندا سەر پشك کردبوو. ئەو بۆچوونەی، کەقەیرانی ئابووری وەك ڕابردوو لەناکاو دەرەوێنێتەوە و پاش تێپەڕبوونی بەنێو هەلکشان و داکشانەکانی ڕێگادا کۆتایی پێدێت، بیرکردنەوەیەکی بەتال بوو.

قەیرانەکەی ۱۹۲۹ دەسالی تەواوی خایاند و هیچ کاتێکیش کۆتایی پێ نەهات، تەنها لەکاتی ئەو ڕەونەقە ئابووریە کە لەئەنجامی جەنگی دووەمی جیهانیەوە هاتە ئاراوە، پاشەکشێی کرد. ئەو پلانە چاکسازیانەی کە لەلایەن دەولەتی دیموکراتی ((فرانکلین ڕۆزفلت))ەوە

جێبەجێکران، بوون بەفاکتەری سەرەکی ڕزگار بوونی کەپیتالیزم و چارە و دەوایەك بۆ ئەو ئابوورییە ناتەندروستییەی کە دونیای بازرگانی درووستی کردبوو.

لەسیاسەتی ئابووریدا دەکرا سێ ڕێگا چارەی سەرەکی ڕەچاو بکرێت : یەکێك لەو ڕێگایانە فرینی بوو لە هێشتنەوەی بارودۆخەکە بەبێ ئەوەی گۆڕانی بەسەردا بهێنرێت و دەستتێوەرنەدانی دەوڵەت لەکار و باری ئابووری و سپاردنی پشت ڕاستکردنەوەی کارەکان بۆ خوودی سەرمایەدار و خاوەن کارگەکان، بۆ ئەوەی بە هەوڵ و تێکۆشانی تاکەکان و داهێنانی دونیای بازرگانی کۆتایی بەقەیرانەکە بهێنێت و شوێن پێی گشتی ئابووری ئەمریکا پتە و ڕێك و پێك بکەن. سیاسەتی ((هوور))سەرۆك کۆماری ئەوکات، لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا هەماهەنگ بوو، بەو هیوایەی کەبەپشتیوانی کردنی لەچینی سەرمایەدار و نەبوونی دەستتێوەردانی دەوڵەتی لەکاروباری بازرگانی و ووردەوورده لەبێ برەوی بازاڕ کەمبکرێتەوە وسەرمایەداری ڕەواج پەیدا بکاتەوە. ڕیگایەکی تر، گۆڕانی بنەماکانی بنچینەی کۆمەڵگە، سنووردار کردنی هێزی سەرمایەداری، یەکسان دابەشکردنی سەروەت و سامان و، هەڵوەشاندنەوەی خاوەنداریەتی تایبەتی هێزەکانی بەرهەمهێنان بوو، کەلەبنچینەدا پێچەوانەی سیستەمی باوی کۆمەڵگەی ئەمریکی بوو. درووستکردنی پردی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و ئابووری، ڕێگایەکی دیکە بوو، بەشێوەیەکە کە دەوڵەت بەدەستتێوەردانی لەکاروباری ئابووری، داهێنان کاری لەهەموو بوارەکاندا بگرێتە دەست و لەڕێگەی سەرمایە گوزاری گشتیەوە بچێت بەهانای دونیای بازرگانیەوە و بە بەکارهێنانی ڕێ و شوێنی نوێ یارمەتی دەربێت بۆ ئەوەی هێدی هێدی سیستەمی سەرمایەداری لەناوەڕۆکەوە چاکسازی لەخۆیدا بکات. گریانەی سەرمایە گوزاری گشتی و دەستتێوەردانی دەوڵەت لەکاروباری ئابووری، بەهاتنە سەر کاری دەوڵەتی دیموکراتی لەسەردەمی سەرۆك کۆماری ((فرانکلین ڕۆزفلت))دا گرنگی زۆری پێدرا. بۆچوونەکانی لۆرد ((کینز)))، ئابووری ناسی بەناوبانگی ئینگلیزی، دەربارەی پەیوەندی دەوڵەت و ئابووری، ڕۆڵی سەرمایەگوزاری دەوڵەتی لەپێناو زیادکردنی دەرامەتەکان و ڕێژەی بەکارهێنان و ڕەونەقی چالاکیە ئابووریەکان، کاریگەریەکی زۆری لەسەر سیاسەتی نوێی ئەمریکا و پلانە چاکسازیەکان درووست کرد. ((بیرۆکەی گشتی ، پیشە و بەهرە)) نوسینی ((کینز)) لەیەکێك لەبەرهەمە ئابوورییە هەرەگرنگەکان دەژمێررێت. زۆرێك لەبیریاران ئەو بەرهەمە بەهاوتای ((سامانی نەتەوەکان))ی ئادەم سمیپ و ((سەرمایە))کەی کارل مارکس دادەنێن. گریانەکەی ((کینز)) لەڕووی زانستی ئابوورییەوە بایەخێکی زۆری هەیە و لەڕاستیدا بەتەواوکەری بیروبۆچوونی ئابوورینناسە کلاسیکەکان لەقەڵەم دەدرێت. لەجیاتی ئەوبۆچوونەی کەخۆهەڵقورتاندنی دەوڵەتی لەکاروباری

ئابووریداقە دەغەدەکرد، ((کینز)) باوەڕی وابوو کە [بەپێچەوانەوە ، ئەم دەستێوەردانە] بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جیاوازی و نایەکسانی نێوان پاشەکەوت و سەرمایەگوزاری زۆر پێویست و زەرورە. ((سەرمایە گوزاری ناپەسەند)) واتای بەرهەمی کەم و بێکاری زۆر دەگەیەنێت و لەپێناو بوژانەوەی ڕەونەقی ئابووری پێویستە ڕێژەی سەرمایە گوزاری زیاتر بکرێت. سەرمایە گوزاری دەوڵەتی، وەك ڕیگاچارە و دەرمان بەکار بهێنرێت، چوونکە ئەم سەرمایەگوزاریە، لەلایەکەوە دەبێتە هۆی زیادبوونی دەرامەتی تاکەکەسی و ڕێژەی بەکار هێنراو و لەلایەکی تریشەوە ڕەخساندنی چەندەها پیشەی نوێ، نزمبوونەوەی ڕێژەی بێکاری لێدەکەوێتەوە. کۆکردنەوەی پاشەکەوتەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و پیشە، بە سەرمایە گوزاری گشتیەوە دەبەسترێتەوە. لەڕاستیدا بۆچوونەکەی ((کینز)) ڕێگای بۆ پەرەپێدانی خزمەتگوزاریەکان و چالاکیەکانی دەوڵەت کردەوە. دروستکردنی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و ئابووری بەبیرۆکەیەکی نوێ لەساڵەکانی قەیراندا دەژمێررا. بەسەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری فاتیحەی سەرمایە گوزاری سەرکەوتوو ، بەلایەنی کەمەوە بۆماوەیەك خوێندرابوویەوە و ئەمریکا پێویستی بەبیرۆکەیەکی نوێ هەبوو کە جگە لەگۆڕانی لەگەڵ بارودۆخ و ژینگەی کۆمەڵایەتیدا، یارمەتی دووبارە زیندوو کردنەوەی ژیانی ئابووری ئەمریکا بدات. ((کینز)) ڕێگاچارەیەکی خوازراوی بۆ ڕزگار بوون لەگێژاوی قەیران خستە ڕوو. قبولکردنی ئەو بیرۆکەیە زیاتر لەبەر ئەو بارودۆخە لەناکاوە و بێ برەویە ئابووریە بوو کەئەمریکا پێیدا تێدەپەڕی. بەهەڵبژاردنی ((ڕۆزفڵت)) بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری لەساڵی ١٩٣٣، سەردەمی ((پێشنیازی نوێ)) و پلانە چاکسازیەکانی دەستی پێکرد.

دووجار پێش ئەم مێژووە، گۆڕانکاریەکی دیاریکراو لەسەر ڕێژەی مێژووی ئەمریکا دروست کردبوو. شۆڕش و سەربەخۆیی، کۆتایی بەسەردەمی کۆچنشینەکان هێنا و بناغەی حکومەت و کۆمەڵگەیەکی نوێی ڕەنگ ڕێژ کرد، شەڕی ناوخۆ کەلەپێناو ڕێگەگرتن لەدابەشبوونی ویلایەتەکان سەری هەڵدا و لەگەڵ گۆڕانی سەرمایەداری پیشەسازیدا، پێشکەوتنی زانستی و پەرەسەندی کارگەکانی لەگەڵ خۆی هێنا. قۆناغی سێیەم، دەورەی سەرۆك کۆماری ((فرانکلین ڕۆزفلت)) و جێبەجێکردنی ((پێشنیازی نوێ))یە، کە پاش قەیرانی ساڵەکانی ١٩٣٠ و ئاشکرابوونی لاوازی سەرمایەداری و وەرشکستبوونی دونیای بازرگانی، لەگەڵ پلانە چاکسازیەکاندا دەستی پێکرد.

گرنگترین هۆکار کەشکستی بازاڕی ئابووری لێکەوتەوە، کۆتایی هێنان بەسەردەمی ((لسەفەر))و سیاسەتی ئابووری ئازاد بوو. دونیای بازرگانی کەنەیاری هەرجۆرە دەستێوەردانێکی دەوڵەت لەکاروباری ئابووریدا بوو، کەوتبوویە گێژاوێکی وەهاوە کە یارمەتیدانی دەوڵەتی بەتەنها

ڕێگەیەك بۆ دەربازبون لەم بارو دۆخە دەبینی. یارمەتیدانی بێکاران، جێگیرکردنی چاودێری دەوڵەتی بەسەر سیستەمی دراو بانکەکانەوە، هاوکاریکردنی کۆمپانیا بازرگانەکان، چاککردنی لایەنی کشتوکاڵی، ڕێکخستن و دابینکردنی مافی کرێکاران، گشتاندنی بیمە کۆمەڵایەتیەکان، دابینکردنی غەرامەی بێکاری و هاندانی بازرگانی، لەو جۆرە چاکسازیانە بوون کە ((ڕۆزفلت)) وەك سەرمەشقی کارەکانی خۆی دەستنیشانی کردن. بەهۆی ئەو یاسایانەی دەری کردن، چاودێری و دەستتێوەردانی دەوڵەتی لەهەموو بوار و زەمینە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکاندا پەرەیێدا و ڕۆڵی دەوڵەت لەکاروباری ئابووریدا بایەخێکی زۆرتری پەیدا کرد. سیاسەتی ((پێشنیازی نوێ)) تەنها لەسەردەمی ڕۆزفلت دا پیادە نەکرا، پاش کۆتایی هاتنی قەیرانەکەش، هەندێك لەداهێنانکاریەکانی هەر کاریان پێکرا و، چوارچێوەی گشتی سیاسەتی ئابووری دەوڵەتی بۆ ساڵەکانی دواتریش دیاری کرد.

بەداخستنی بانکەکان، چاودێریکردنی کاروبارەکانیان دەستی پێکرد. ئەو بانکانەی کە بناغەیەکی مادی بەهێزتریان هەبوو، ڕێی کارکردنیان پێدراو بانکە ئاساییەکانیش هەڵوەشانەوە. سیستەمی بانکی و متمانەیی (ئعتباری) وولات گۆڕانی تێدا کراو کۆمەڵە ڕێسایەکی دیاریکراو بۆ بانکە نوێیەکان دانران. دەزگای بۆرسە، کڕین و فرۆشتنی پشك و بەڵگەی بەهادار خرانە ژێر چاودێری دەوڵەتەوە. لەبواری کشتوکاڵیشدا چەند هەنگاوێك جێبەجێکران. ئەو یاسایانەی کەلەساڵی ۱۹۳۰ بڕیاریان لەسەردرا، بناغەی سیاسەتی کشتووکاڵی ئەمریکایان لەسەر دامەزار. بەرهەمی زۆر و سەرنەکەوتوویی جووتیاران لەپەرەپێدانی بازاردا، کاری لە دابەزاندنی نرخی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان و کەمبوونەوەی دەرامەتی جووتیاران کردبوو. بەڵام یاسای نوێ یارمەتی جوتیارەکانی دەدا بۆ ئەوەی بتوانن ڕێژەی بەرهەمهێنانی خۆیان کەم بکەنەوە، لەسەر دەوڵەتیش پێویست بوو کە بەرووبوومی زیادەی جووتیارەکان بکڕێت، بەرهەمی گەنم بیمە بکات و لەبەرامبەر بەڵێنی کەمکردنەوەی چاندن، متمانەی پێویست پێشکەش بەجوتیاران بکات. لەپرۆژە گرنگەکانی ئەم سەردەمە، بەرنامەی ئاوەدانکردنەوەی دۆڵی تەنسی یە کە کاریگەریەکی زۆری لەسەر گۆڕانکاری ئابووری ویلایەتەکانی باشوور هەبوو. دەوڵەت بەدرووستکردنی بەنداوی جۆراوجۆر لەبەردەم ڕووباری تەنسیدا ، ووزەی کارەبا و ئاوی ناوچەکەی دابین کرد و یارمەتی دەرێکی باش بوو بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانە. سەرمایە گوزاری گشتی کەیەکێك لەئامۆژگاریەکانی ((کینز)) بۆ برەوپێدانی ژیانی ئابووری هەژمار دەکرا، بەشێوەیەکی بەربڵاو لەئاوەدانکردنەوەی ئەو دۆڵەدا بەکار هێنرا. ئەم شێوازە ئەزموونیەی ئابووری تێکەڵاو ـ نیمچە دەوڵەتی و ئازاد ـ کاریگەریەکی زۆری لەسەر پاراستنی سیستەمی سەرمایەداری هەبوو.

دەوڵەتی فیدراڵ بەسەرفکردنی ملیۆنەها دۆلار لەپێناو لەناوبردنی بێکاری لە وڵاتدا دەست پێشخەری کرد، درووستکردنی جادە، پارك و دارستان، بەڕێوەبەرایەتیە نوێیەکان بە پلەی یەکەم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بێکاری و ڕاکێشانی لاوان و گروپە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەکان بەرەو پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە خانە قۆناغی جێبەجێکردنەوە. ئەم ئەزموونە پیشانی دا، کە لەکاتی سەرهەڵدانی هەرجۆرە قەیرانێکدا، دەوڵەتێکی هۆشیار و بەئاگا تاچ ئەندازەیەك دەتوانێت لەگۆڕانکاری کۆمەڵایەتیدا بەسوود و کاریگەر بێت. زیادبوونی هەژاری و بێ ئەوایی کەئەزموونی ڕاستەوخۆی زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگەبوو، دەرکردنی یاساکانی بیمەی کۆمەڵایەتی لێکەوتەوە. بیمە کۆمەڵایەتیەکان بەمەبەستی یارمەتی مادی لەکاتی بێکاری، هەژاری، پیری و نەخۆشیدا پێشکەش دەکران.

گرفتی سەرەکی، ژمارەی بێکارەکان بوو، کەبە هەموو ئەو ڕێ و شوێنانەی کەلەساڵی ۱۹۳۸ لەلایەن دەوڵەتی فیدراڵەوە گیرایە بەر، نزیکەی دەملیۆن کەس دەخەملێنرا. تەنها جوولەیەك کەجەنگی دووەمی لەڕووی ئابووریەوە هێنایە کایەوە، ئەم گرفتەی کۆتایی پێهێنا. بەڵام کۆششی دەوڵەتی فیدراڵ بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارە و ئەو ئەرکەی کەگرتیە ئەستۆ، قەبولکردنی ئەو بیرۆکەیەی مومکن کرد، کە دەوڵەت بەهەرحاڵ لەبەڕێوەبردنی کاروباری ئابووری و دابینکردنی خۆشگوزەرانی گشتیدا لێپرسراو و بەرپرسیارە.

گرنترین پلانی چاکسازی ڕۆزفلت، ڕێکخستنی یەکیەتیە کرێکاریەکان و یارمەتیدانی پاراستن و چەسپاندنی مافی کرێکاران بوو. ((فرانسیس پەرکینز)) وەك یەکەمین وەزیری ئافرەت لەکابینەی ئەمریکادا ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری کرێکارانی گرتە ئەستۆ و لەپێناو چاککردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی کرێکاران و ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی نێوان کرێکار و خاوەن کار هەنگاوی نا.

مافی ئازادی کۆبوونەوەی کرێکارن بەئاسانی دانی پێدا نەدەنرا. بزووتنەوە کرێکاریەکان زۆرجار توندوتیژی لێدەکەوتەوە. مانگرتنە یەك لەدوایەکەکانی ساڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، بەهۆی ڕووبەڕوو بوونەوەی سەرباز و خاوەن کارەکانەوە، بەکارەساتی دڵتەزین و خوێناوی کۆتاییان دەهات. لەدەیەی ۱۹۲۰ کاتێك کەدەوڵەت وازی لەکاروباری بازرگانی هێنا و تەنها ڕۆڵی تەماشاگەر و هاندەرێکی دونیای بازرگانی دەگێڕا، ژیانی کرێکاران لەڕووی دامەزراندنی سەندیکاییەوە بەقۆناغێکی ئاسکدا تێپەڕی. خاوەن کار، کە ئامرازەکانی دادوەری و هێزی سەربازی وڵاتی لەژێر دەستدابوو، ئەو پەڕی دڵڕەقی ڕووبەڕووی داواکاریە ڕەواکانی کرێکاران دەوەستایەوە. قەیرانی دەیەی ۱۹۳۰، بەڵگەیەکی ڕون و ئاشکرا بوو لەسەر لاوازی و

وەرشکست بونی سیستەمی ئابووری لیبرالیزم و دانتان بەو ڕاستیەی کەبەپێی زەمەنەکان، پێویست بوو پێداچوونەوەیەکی گشتی لەسەر هەموو دام و دەزگا ئابووریەکان بکرێت و، دروستکردنی دامەزراوە نوێیەکان بەمەبەستی پشت ڕاستکردنەوە و ڕێکخستنی پەیوەندیە کرێکاریەکان لەو جۆرە هەنگاوانە بوون ((فیدراسیۆنی کاری ئەمریکا)) کە بەسەرکردایەتی ((ساموێل کۆمپەر)) لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم دامەزرابوو، تەنهاکرێکارە پسپۆڕەکانی ـ ئەویش بەپێی مەرجی قورس و گران ـ وەردەگرت و گیانی دانوسان و ڕاهاتن لەگەڵ ئەو دەزگا ئابووریانە، سیاسەتی گشتی ((ساموێل کۆمپەر)) بوو، لەدەستدانی زیاتر لە ٥٠٪ی تێکڕای ئەندامانی ئەو فیدراسیۆنەی لێکەوتەوە. چالاکی ئازادانە، کەدەوڵەت هەموو دامەزراوە کرێکاریەکانی لەسەر هان دەدا، بووە هۆی ئەوەی کە ((جۆن لوئیس)) یەکێك لەرابەرە کرێکاریەکانی پێشنیازێکی نوێ سەبارەت بەوەرگرتنی کرێکارە نەشارەزاکانیش بخاتە ڕوو. بەڵام ((فیدراسیۆنی کاری ئەمریکا)) پێشنیازەکەی ڕەت کردەوە و لەبەر ئەم هەڵوێستە ((جۆن لوئیس)) و ژمارەیەك لەئەندامەکانی تر وازیان لەو یەکیەتیە هێنا و دامەزراوەیەکی نوێیان بەناوی ((کۆنگرەی ڕێکخراوە پیشەسازیەکان)) دروست کرد. بزووتنەوەی کرێکاری کەلەساڵەکانی ١٩٢٠دا بەرەو ئەمان دەچوون، لەناکاو کوڕوتینێکی نوێیان وەرگرت و ((جۆن لوئیس)) و کۆنگرەی ڕێکخراوە پیشەسازیەکان توانی بەبێ‌پیاهەڵدان ملیۆنەها کەس بەدەوری خۆی کۆبکاتەوە. کرێکارانی بەرهەمهێنانی پۆڵا، ئۆتۆمبێل و فڕۆکە، ئاسن و تایەی ئۆتۆمبێل و ڕستن و چنین هاتنە ناو ئەم سەندیکایەوە. گرنگترین ماوەی خۆسەلماندنی هێزە کرێکاریەکان بۆ ئەم ساڵانەی ١٩٣٠ دەگەڕێتەوە، کەتەنها و تەنها بەکار و چالاکیەکانی ڕابەرانێکی وەك ((لوئیس))ەوە نەبەسترا بوونەوە، بەڵکو پشتیوانی ڕاستەوخۆی دەوڵەتی ((ڕۆزفلت)) خۆی لەخۆیدا هۆکارێکی سەرەکی ئەم سەرکەوتنانە بوو. ئەم سیاسەتە کەلەیاسای ((واگنەر))دا ڕەنگی دایەوە، کاریگەریەکی زۆری لەسەر چارەنوسی کرێکاری ئەمریکایی دروست کرد. یاسا پێشنیاز کراوەکەی ((واگنەر)) ئازادی مافی هەڵبژاردنی سەندیکای بەبێ خۆهەڵقورتاندنی خاوەن کار بۆ کرێکاران دەستەبەر کرد، سەندیکای بەتەنها سەرچاوەیەکی کرێکاری لەقەڵەم داو دەستەیەکی بۆ بەداودا چوون و ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی نێوان کرێکار و خاوەن کار دەستنیشان کرد. ئەرکی ئەم دەستەیە ئەوەبوو کە هەڵبژاردنی سەندیکاکان لەڕووی بەئەندام بوونی کرێکار و ڕێگە گرتن لەدەستتێوەردانی خاوەن کار بۆ هەڵبژاردنی ((کەسانی متمانە پێکراو)) بخاتە ژێر چاودێریەوە و جگە لەوەش گوێ لەداواکاری و گرفتەکانی کرێکاران بگرێت. مافی مانگرتن، دامەزراندنی سەندیکا، گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ خاوەن کار و ڕێگە گرتن لە دەرکردنی نایاسایی کرێکاران،

لەو جۆرە ڕێ و شوێنانە بوون کە لەبەرژەوەندی کرێکارەکاندا گیرانە بەر. یاسایەکی دیکەش هەر لەم ساڵانەدا بڕیاری لەسەر درا، کەتیایدا ئەوپەڕی ماوەی کارکردن و کەمترین ڕێژەی کرێی ڕۆژانەی دەستنیشان کرد و کارکدنی منداڵانی قەدەغە کرد. گرنگی دانی دەوڵەتی ((ڕۆزفڵت)) بەمەسەلەی کرێکاران، هۆکارێکی سەرەکی سەرکەوتنی بیروڕاکانی ئەوانبوو.

هەڵبەت دەستێوەردانی دەوڵەت لەکاروباری کرێکاران هەمیشە لەبەرژەوەندی کرێکاراندا نیە. بەپێی یاسایەکی پێشنیازکراوی دیکە، کەلەسەردەمی ((ترومن))داو لەلایەن ((تافت ـ هارتلی))یەوە خرایە ڕوو، دەوڵەت لەو شوێنانەی کە بەپێویستی بزانێت دەتوانێت ڕێگە لەمانگرتنەکان بگرێت و یان کاتی گفتوگۆکان پێش مانگرتن بەنارەزووی خۆی دوا بخات [ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەرژەوەندی کرێکاران دەخاتە مەترسییەوە]. هەر ئەم مەسەلەی دەستێوەردانەی دەوڵەت، جیاوازی لەنێوان سەندیکا کرێکاریەکانی ئەمریکا و سەندیکا هاوشێوەکانی لەئەورپای ڕۆژئاوادا درووست کرد. سەندیکا کرێکاریەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا سەربەخۆیی خۆیان دەپاراست، بەپێچەوانەی کرێکارانی پیشەسازی ئەمریکا کەلەسەریان پێویست بوو، لەکاتی دامەزراندنیاندا پەیوەندی بکەن بەسەندیکایەکەوە و لەم هەڵبژاردنەشدا ئازادیەکی ڕەهایان پێنەدرابوو.

قەیرانی ئابووری، بەرنامەی پشتیوانی دەوڵەت لەکرێکارن و دامەزراندنی سەندیکای کرێکار بەگەورەکان، شوێن و پێگەی ئەم چینەی لەکۆمەڵگەی ئەمریکادا گۆڕی. هەرچەندە ئەم هەنگاوانە نەیانتوانی گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی لەسیستەمی ئابووری ئەمریکادا بکەن، بەڵام بەهەر حاڵ هەنگاوێکی پۆزەتیف بوو کە گۆڕانی بەسەر ژیانی زۆرێك لەئەندامانی کۆمەڵگەدا هێنا. هەڵوەشانەوەی ((فیدراسیۆنی کاری ئەمریکاو کۆنگرەی ڕێکخراوە پیشەسازیەکان)) یەکیەتیەکی گەورە لەکرێکارانی پسپۆڕ و نیمچە پسپۆڕ پێك هێنرا. دەسەڵاتی فراوانی یەکیەتیە کرێکاریە گەورەکان لەپاڵ دەسەڵاتی دەوڵەتی فیدراڵی و کۆمپانیا گرنگەکان یەکیان گرت. لەئەنجامی چاکتربوونی ژیانی کرێکاران و جووتیاران، ژیانێکی ئابووری و سیاسی نوێ پێشکەش بەم دووگروپەی کۆمەڵگە کراو یەکیەتیە گەورەکان خۆیان وەك هێزێکی گەورە بەکۆمەڵگە ناساند. بەقەولی ((گالبریت)) ئابووری ناسی بەناوبانگی ئەمریکی، سیستەمی سەرمایەداری لەجیاتی بنەمای کێبرکێ، بیرۆکەی ((دەسەڵاتی هاوسەنگ))ی هەڵبژارد. هێزی کۆمپانیا بازرگانی و دامەزراوە پیشەسازیەکان، لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتی فیدراڵی و سەندیکای کرێکاری و جووتیاریەکان جۆرە هاوسەنگیەکی هێنایە ئاراوە. بەرهەمی دەیەی ١٩٣٠ ((ژیانی خۆشگوزەران)) بوو کەبەهۆی دەرکردنی کۆمەڵە یاسایەکی وەك یاسای واگنەر و دابینکردنی

غەرامەی بێکاری و یاساکانی ڕێکخستنی کشتووکاڵی بەبەرژەوەندی ئەو کرێکار و جووتیارە پسپۆڕانەی کە بۆ بازاڕە گەورەکان کاریان دەکرد، کۆتایی هات. بەڵام جوتیارنی تۆوکاری هەژار و کرێکارە نەشارەزاو ناپسپۆڕەکان، هیچ سوودێکیان لەم بەرنامەیە نەبینی و یاسا چاکسازیەکان ئەوانی نەگرتەوە. هەر بەو جۆرەی کە ((گالبریت)) بیرمان ئەخاتەوە، کەمەمانە تەنها چەوساوانێك بوون کەسیاسەتمەداران لەبیریان کردن. ئەمانە خەڵکانێك بوون لەنێو پیشە کۆنکرێتیەکاندا و ئاوێتە لەکەمینە نەژادیەکان ـ زۆرێك لەوانە کاتێك هاتنە نێو دونیای ئابوورییەوە ـ وەك ئەوکاتەی کە((کۆنگرەی ڕێکخراوە پیشەسازیەکان)) بەئەندامبوونی ڕەشەکان لەو یەکیەتیەدا پەسەند کرد، کەسانێکی زۆر بەتوانا و لێهاتوویان لێدەرچوو. پلانە چاکسازیەکان و ((پێشنیازی نوێ)) بوون بەفاکتەرێکی سەرەکی لەپەرەسەندنی دەسەڵاتی حیزبی دیموکراتدا و لەڕاستیدا بەهۆی کارەکانی ((ڕۆزفڵت)) و سەرکەوتویی ئەم ڕابەرەسیاسیەوە بوو کەحیزبی دیموکرات توانی بگاتە ئەم ئاستە و ببێتە حیزبی زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگە. دواتریش هەرچەندە بەرنامەکانی ((ڕۆزفڵت)) لەپاش خۆی بەتەواوەتی پەیڕەو نەدەکران، بەڵام حیزبەکەی بەردەوام لەشێوەی حیزبی زۆرینەدا مایەوە. ئەوەی کەشەڕی ناوخۆ لەسەدەی نۆزدەیەمدا بۆ سەرکەوتنی کۆماریخوازەکان هێنایە پێشەوە و حیزبی کۆماریخواز بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ کردە حکومڕانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، قەیرانی ئابووری دەیەی ١٩٣٠ بۆ دیموکراتەکانی هێنایە پێشەوە. پلانە چاکسازیەکانی ((ڕۆزفڵت)) دەربارەی تێکڕای خەڵکی ئەمریکا، لەقۆناغێکی مێژوویی لەبار و گونجاودا بەسوود وەرگرتن لەو دەرفەتەی کە ڕەخسابوو، لەبەرژەوەندی حیزبی دیموکرات کۆتایی پێهات. جووتیارەکان پاش دەرچوونی یاساکانی چاککردنی کشتووکاڵ، کە دەوڵەتی ناچار بەپشتیوانی لەو چینەی کۆمەڵگە دەکرد، زیاتر سەرنجیان بۆلای ئەو حیزبە دەچوو. تاگەشتبوویە ئەو ڕاددەیەی کەلە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٤٩دا، پشتیوانیکردنی جووتیاران بوو بەیەکێك لەهۆکارەکانی سەرکەوتنە چاوەڕوان نەکراوەکەی ((هاری ترومن)) کە تائەو کاتەش لەسەر سیاسەتی ڕۆزفڵت و حیزبی دیموکرات وەفادار مابوویەوە. هەر لەم سەردەمەدا حیزبی دیموکرات توانی ڕەشەکانیش بۆلای خۆی ڕابکێشێت. ڕەشەکان کەلەبەر سەرکەوتنی شەڕی ناوخۆ و ئازادی کۆیلەکان لەگەمارۆی (ڕەهتی) کۆماریخوازەکاندا بوون، ووردەووردە بۆیان دەرکەوت کەحکومەت گرنگیەکی ئەوتۆیان پێنادات. ((ویلسۆن)) یش لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆڵێکی گەورەی لەڕووی سیاسەتی دەرەوە و چەسپاندنی ئاشتی و ئارامیدا دەگێڕا، وەك کەسێکی نمونەیی و مرۆڤ دۆست خۆی ناساند، بەڵام نەیتوانی هیچ جۆرە کاردانەوەیەك لەم بارەیەوە ئەنجام بدات و، جیاکردنەوەی شوێنی کارکردنی ڕەشەکان لەنێو بەڕێوەبەرایەتیە حکومیەکاندا، لەو کاتەوە دەستی پێکردوو

ڕەشەکانیش بەردەوام لەناو زەلکاوی دەمارگیریە نەژادیەکاندا نقووم دەبون. بەدەستبەکاربوونی حکومەتی ((ڕۆزفڵت)) گرنگیدان بەو دیاردە دزێوە کەڕێانی لەرەشەکان تالکردبوو دەستی پێکرد. لەساڵی ۱۹۳۰دا ژمارەی نوێنەرەکانیان لە کۆنگرەدا زیادی کرد. سیاسەتی ((ڕۆزفڵت)) جەختی لەسەر دامەزراندنی رەش پێستەکان لەبەڕێوەبەرایەتیەکان، کارگەکان و بەرنامەکانی ئاوەدانکردنەوە دەکردەوە و لەهەمور کەس زیاتر ((ئەلنۆر))ی هاوسەری بۆ پشتیوانی کردن لەرەشەکان تێدەکۆشا و توانی سەرنجی زۆرێك لەرەش پێستەکان بۆلای خۆی ڕابکێشێت. هەر جۆرە کردارێکی رەگەز پەرستی لەسەر بنەمای نەژاد و ڕەنگی پێست، لەسەندیکا کرێکاریەکاندا قەدەغەکرا و هەرئەم هەنگاوەش بوو کەوای کرد زۆرێك لەرەشەکان بەدەستپێکردنی جەنگی دووەمی جیهانی، پەیوەندی بە هێزەکانی سوپای ئەمریکاوە بکەن و دەرفەتی یەکسانیان وەك گروپە سەربازیەکانی دیکەی ویلایەتە یەکگرتووەکانە بۆ دەستەبەر بکرێت.

ئەگەر ململانێ چاکسازیەکان و ((پێشنیازی نوێ)) لەئەمریکا بایەخێکی شۆڕش گێڕانەی هەبایە، ئەواو هۆکارەکەی بۆ گۆڕانی سیستەمی ئابووری نەدەگەڕایەوە، بەڵکو لەبەر گۆڕانی شێوازی بیرکردنەوەی تێکڕای خەڵك بەرامبەر بە حکومەتی فیدراڵی بوو. لەماوەی چەند ساڵدا، دەوڵەت و دام و دەزگاکانی، کە ئاسنامەکەی تەنها لەکۆکردنەوەی باج و باجی گومرگ و قەدەغەکردنی مادە سڕکەرەکان و دروستکردنی پارکەکاندا کورت دەکرایەوە، بەبەرچاوی تێکڕای هاوڵاتیانەوە، بووبەدۆست و پشتیوانی هەژار و بێنەواکان و تێکڕای خەڵکی ئەمریکا و قەڵغانێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە و گیرگرفتەکانیان.

((فرانکلین ڕۆزفڵت)) بوونیادنەری سەرۆك کۆماریەتی مۆدێرنە. کاتێك کەئەو بوو بەسەرۆك کۆمار پلە و پایە و ڕۆڵی دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئەوپەڕی لاوازی و بێ دەسەڵات سەیر دەکرا. حکومەتەکانی ڕابردوو کرابوون بەئامێرێکی یاریکردن بەدەستی دونیای سەرمایەداریەوە و کاروباری بازرگانیان بەهەمور شێوەیەك پشتگوێ خستبوو. بایەخ وگرنگی ڕۆڵی ((فرانکلین ڕۆزفڵت)) بەبەراورد لەگەڵ ئامۆزاکەی، واتە ((تیئۆدۆر ڕۆزفڵت)) و تەنانەت ((ویلسۆن))یش زیاتر بەرزترە، کۆشکی سپی لەسەردەمی سەرۆك کۆماریەتی ئەودا کرا بەناوەندی بەرێوەبردنی کاروباری وڵات، سەرچاوەیەك بۆ خستنەرووی بیرۆکە نوێیەکان و هۆکارێکیش بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامانە. بەپەرەسەندنی ئیختیاراتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، دەسەڵاتی یاسادانانیش کەوتە ژێرکاریگەریەوە. ((ڕۆزفڵت)) یەکەمین سەرۆك کۆمار بوو کەتوانی لەرێگەی ڕادیۆوە پەیوەندیەکی خۆمانە و خۆشەویستانە لەگەڵ خەڵکیدا بەرقەرار بکات. بەووتارە گەرم و بەپێزەکانی لەپێناو بەدەستهێنانی متمانەی هاوڵاتیان و دڵنەوایی دانەوەیان تێدەکۆشا. لەتاریکترین ڕۆژەکانی

قەیراندا دووپاتی دەکردەوە کە ((تەنھا دەبێت لەترس بترسین.)) گفتوگۆ سادەو پڕ لەخۆشەویستیەکەی، لەناخی هەموو تاکێکی ئەمریکادا هەستی بەیەکەوە بەستنی لەگەڵ دەوڵەت و حکومەتەکەیدا درووست کرد. خەڵکی ویلایەتەکانی دیکەش سەرنجیان بۆ لای دەوڵەتی فیدراڵی و حکومەتی واشنگتۆن ڕاکێشرا و ((فرانکلین ڕۆزفلت)) بەکەسێك لەخۆیان دەزانی.

((فرانکلین ڕۆزفلت)) لەنێو ژینگەیەکی خۆشگوزەراندا پەروەردە کرابوو، ئاستێکی خوێندەواری بەرزی هەبوو، لەتەمەنی لاویەتیدا هێز و ووزە لە پێیەکانی بڕا، بەڵام بەهێزی ئیرادە و پتەوی کەسایەتیەکەی، ئەوی بەسەر هەموو تەنگ و چەڵەمەکاندا زاڵ کرد. لەکاتی سەرۆك کۆماریەتی ((هوور))دا فەرمانداری ویلایەتی نیۆیۆرك بوو، چالاکیەکانی لەهەڵبژاردنەکاندا بەدرووشمی خۆشگوزەرانی ((خەڵکی فەرامۆشکراو)) دەست پێکرد. قسەکانی زۆر دڵگیر بوون و توانی لەدڵی تێکڕای خەڵکی ئەمریکادا جێی خۆی بکاتەوە. هەر بەو شێوەیەی کە ((ویلیام داگلاس)) دادوەری گەورە و بەناو بانگی ئەمریکی نوسیویەتی : ((ڕۆزفلت سەرۆك کۆماری تێکڕای خەڵك بوو نەك سەرۆك کۆمارێك کەتەنھا پشتیوانی لەبەرژەوەندی گروپێکی تایبەت بکات. لەگەڵ خەڵکی بەڕادەیەك سادە و خۆشەویستانە گفتوگۆی دەکرد، کەئەوان خۆیان لەبەڕێوەبردنی کاروباری حکومەتدا بەشەریك و بەشداری دەزانی.)) لەسەردەمی ئەوادابوو کەکرێکاران بەمافە کۆمەڵایەتیەکانیان شادبوون و سەرمایەداری دەستی بەچاکسازی لەناوەڕۆکی خۆی کرد. لەم ڕووەوە سیاسەتی ڕۆزفلت لەگەڵ نەریتە دیموکراتیەکانی ئەمریکادا هەماهەنگ بوو، بەڕادەیەکی زۆر سوودی لە بەرنامەکانی سەردەمی ڕووداوە پێشکەوتن خوازیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم وەرگرت، ((پێشنیازی نوێ))، بەووتەی ((فرانك فریدل)) نوسەری ژیان و بەسەرهاتی ((ڕۆزفلت))، لەچوارچێوەی نەریتەکانی ڕابردووی ئەمریکادا هەنگاوی نا.

((ڕۆزفلت)) و هاوکارەکانی، هەموویان لەنەوەی سەردەمی پێشکەوتوخوازی سەرەتای سەدەی بیستەم بوون و باوەڕ بەدادپەروەری کۆمەڵایەتیان لەو سەردەمەوە وەرگرتبوو. هۆکاری سەرکەوتنی ناوبراو جگە لەلێهاتوویی سیاسی کەپەرەسەندنی حیزبی دیووکراتی لێکەوتەوە، سیاسەتی نەرمی ئەوە، کەلەپێناو ڕزگارکردنی ئابووری وولاتەکەی لەتاقیکردنەوەی هیچ جۆرە ئەزموونێك سڵی نەدەکردەوە. سیاسەتی چاکسازی ((ڕۆزفلت)) هەردوو لایەنی عەینی و کردەیی لەخۆدەگرت، لەم ڕووەوە لەگەڵ فەلسەفەی فێرکردنی پراکماتیکی ((جۆن دیوی)) واتە ((فێربوون لەئەزموون))دا هەماهەنگ بوو. بەڵام ((پێشنیازی نوێ)) نەبووە هۆکاری گۆڕانی سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەمریکا و لەبەرامبەر ناڕەزایی دەسەڵاتی دادوەری و کۆنگرێس و سەرمایەدارەکاندا پشت ڕاست کرایەوە و لەواقیعدا شۆڕشێك بوو کە لەنیوەی ڕێگادا ڕاوەستا.

هاوپەیمانی بەهێزی نێوان باڵی محافەزەکاری حیزبی دیموکراتی باشوور - کە زۆربەیان سەرۆکایەتی کۆمیتە جیاوازەکانی کۆنگرەیان لەدەستدا بوو - لەگەڵ کۆماریخوازە محافەزەکارمیەکانی باکوور، کەبەرگریکاری بەرژەوەندی خاوەن پیشەسازیەکان بوون، زۆرێك لەیاسا شارستانی و پرۆژە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو سەردەمەی پوچەڵ کردەوە. ئەم دژایەتی کردنەی پلانە چاکسازیەکان بەتایبەت لەساڵی ۱۹۳۸ەوە ڕۆژ بەڕۆژ زیادی دەکرد. پێشتر کۆمەڵێك نارەزایی لەلایەن دەسەڵاتی دادوەری و دادگای باڵاوە ئاراستەی دەوڵەتی فیدراڵی کرابوون بەبیانووی ئەوەی کەئەم پرۆژانەی دەوڵەت لەبوارەکانی ڕێکخستنی کاروباری بازرگانی، ئەو یاسایانەی کە پەیوەندیان بەخۆشگوزەرانی گشتییەوە هەیە، یاسای پشتیوانی کردن لەسەندیکا کرێکاریەکان و زۆرێك لەیاسا چاکسازیەکانی تری ڕۆزفلت، بەپێچەوانەی قانوونی ئەساسی ئەمریکا هەنگاو دەنێن. دەسەڵاتی دادوەری کە لەسەردەمی کۆڕانکاری پیشەسازی ئەمریکای پاش شەڕی ناوخۆدا، هەردەم لەپێناو پشتیوانی کردنی لەبەرژەوەندیەکانی سیستەمی سەرمایەداری هەوڵی دابوو، پلانە چاکسازیەکانی ڕۆزفلتی بەدەستتێوەردانی نایاسایی دەوڵەت لەکاروباری بازرگانی لێك دایەوە. دادوەرەکانی دادگای باڵا بەبێ قانوونی ئەساسی لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە و بۆ هەتاهەتایە هەڵدەبژێردرێن و لەسەردەمی ((ڕۆزفلت))دا زۆرێك لەم دادوەرانە سەربەو محافەزەکارانە بوون کە بۆماوەیەکی دوورودرێژ لەخزمەت بەرژەوەندییەکانی خاوەن سەرمایەکاندا کاریان کردبوو. ناوبراو هەوڵیدا ژمارەی داوەرەکانی دادگای باڵا زیاد بکات. بەڵام ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر بویەوە و تاوانی ئەوەیان خستە پاڵ کەگوایە ئەو دەیەوێت حکومەتێکی بەهێزی تاکڕەو لەئەمریکادا دابمەزرێنێت. ململانێی ((ڕۆزفلت)) لەگەڵ دادگای باڵا بۆ زیادکردنی ژمارەی دادوەرەکانی ئەم دادگایە نەگەشتە ئەنجام، بەڵام بەدەست کێشانەوەی یەکێك لە دادوەرکان ڕێگا بۆ هەڵبژاردن هەموار کرا ((ویلیام داگلاس))ی - کە مامۆستای زانکۆی ییل بوو و داوتر بوو بەیەکێك لەبەناوبانگترین ئەو دادوەرانەی کە تاکو ئێستا دەسەڵاتی دادوەری ئەو وڵاتە بەخۆوەی بینیوە - بۆ ئەم پۆستە هەڵبژارد. لەم سەردەمە بەدواوە یاساکان بەپەری ووردبینی و فراوان دیدیەوە لەلایەن دادگای باڵاوە دەخرانە ژێر لێکۆڵینەوە و پاساویش بۆ هەندێکیان دەهێنرانەوە.

ڕۆزفلت لەقۆناغە جۆراوجۆرەکاندا هەوڵی دەدا بەتەرخانکردنی گوژمەیەکی هاوسەنگ، سەرمایە گوزاری گشتی، هاندانی کەرتی تایبەتی، جەخت کردنەوە لەسەر دادپەروەری کۆمەڵایەتی، یارمەتی پێشکەوتنی باری ئابووری حکومەتەکەی بدات. بەڵام بەهۆی دژایەتیکردنی دادگای باڵا و دەستتێوەردانی کۆنگرێسەوە، هەندێك لەبەرنامە چاکسازیەکانی هەڵوەشێنران و ئەویش بەناچاری ڕێگەی میانە ڕەوانەی هەڵبژارد. ((فرانکلین ڕۆزفلت)) تەنها

سەرۆك كۆمارێكە لەمێژووی ئەمریكادا، كەتوانیبێتی بۆ جاری چوارەم متمانەی گەلەكەی بەدەست بهێنێتەوە و ببێتەوە بە سەرۆك كۆمار. گرفتەكانی سەردەمی قەیرانی ئابووری، ئەو بارودۆخە ئالۆزەی كە جیهانی پێدا تێدەپەڕی، كاریگەریەكی زۆریان لەسەر دووبارە هەڵبژاردنەوەی ناوبراو هەبوو. بەڵام زیاتر لەهەموو شتێك كەسایەتی، لێهاتوویی، مرۆڤ دۆستی سەركەوتوویی خودی ((ڕۆزفلت)) لەبەدەست هێنانی پشتیوانی تێكڕای گەلەكەی بوو، كە ناوبراوی بۆ ماوەیەكی درێژخایەن كردە سەرچاوەی دەسەڵات لەوولاتەكەیدا.

((پێشنیازی نوێ)) و پلانە چاكسازیەكان هەموو گرفتەكانیان چارەسەر نەدەكرد. زۆرێك لەبەرنامە چاكسازیەكان چ لەلایەن كۆنگرێسەوە بێت و چ لەلایەن دادگای باڵاوە ئاستەنگێكی زۆریان خرایە بەردەم، هەندێك لەپلانەكان گۆڕانیان بەسەردا هات و هەندێكی تریش هەڵوەشانەوە. پاش مردنی ((ڕۆزفلت)) ژمارەیەكی زۆر لەلایەنگرانی ((پێشنیازی نوێ)) بەتۆمەتی ئەوەی كە بەنیاز بوون سیستەمی ئابووری ئەمریكا بروخێنن و هەوڵی لەناوبردنی كێبڕكێی ئازادیان داوە تاوانبار كران. پلانە چاكسازیەكانیش بەناوی ئەوەی كە دژایەتی و ناكۆكی كۆمەڵایەتیان دووبارە لەكۆمەڵگەی ئەمریكیدا زیندوو كردۆتەوە، ڕەخنەیەكی زۆریان لێگیرا. سەرەتاكانی دەیەی پەنجا، ئەو سەردەمەی كە ئەمریكا بەرەو كۆمەڵگەیەكی ڕاستڕەو هەنگاوی دەنا، لەڕاستیدا بەنیشانەی پەرچەكرداری محافەزەكارانە لەبەرامبەر ((پێشنیازی نوێ)) و كردەوە چاكسازی خوازیەكانی دەوڵەتی ((ڕۆزفلت)) هەژمار دەكرێت.

((پێشنیازی نوێ)) سەركەوتنێكی گەورەی بۆ چینی هەژار و بەشخوراوی كۆمەڵگە دەستەبەر كرد. چاككردنی ژیانی كرێكاران، پشتگیریكردنی جووتیاران و گرنگیدان بەگرفتە كۆمەڵایەتیەكان و هەوڵدان لەپێناوی بنبڕكردنی دیاردەی ڕەگەزپەرستی، لەو جۆرە سەركەوتنانەن. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا سیاسەتی چاكسازی سەردەمی ((ڕۆزفلت)) بەهانای سیستەمی ئابووری سەرمایەداریەوە هات و ڕێك و پێكی كرد. بەڵام كاری چاكسازی كۆتایی پێ نەهات و بەووتەی ((هێنری والاس)) هاوكاری ڕۆزفلت كەسەردەمێك پۆستی جێگری سەرۆك كۆماری لەئەستۆدا بوو : ئەوان ((منداڵانی قۆناغی گواستنەوە)) بوون و ((ڕێبوارانێكیش بوون كەبەئامانجی سەرەكیان)) نەگەشتن. دەستپێكردنی جەنگی جیهانی لەساڵی ١٩٣٩، تێوەگلانی ئەمریكا لەنێو مەسەلە نێودەوڵەتیەكان، سەرنجی دەوڵەتی ((ڕۆزفلت))ی بۆ سیاسەتی دەرەوە ڕاكێشا.

کۆشکی سپی لە ساڵی ١٨٣١



کۆشکی سپی

بەشی نۆیەم:

ئەمریکا لەنێو گێژاوی سیاسی و سەربازیدا

لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٣٠، پەرەسەندنی دەسەڵاتی فاشیزم لە ئەوروپا، دەستدرێژییەکانی ژاپۆن لەئاسیا، ئەمریکای خستە نێو بارودۆخێکی ئاڵۆزەوە. ئیتالیای فاشیست، سنووری ئیمپراتۆریەتەکەی تاوەکو لیبیا و ئەسیوپیا فراوانکرد. ئەڵمانیای هیتلەری بەداگیرکردنی ناوچەی راین، ئەمساو کۆنترۆلکردنی سودت لەچیکۆسلۆڤاکیا، سێبەری شەڕەکەی خستە ناو خاکی ئەوروپاوە. بەو هێرشەی کردیە سەر چین و ژاپۆن، دەستی بەسەرناوچەی مەنچووریدا گرت و بەمەبەستی کۆنترۆلکردنی دووڕگەکانی ئۆقیانوسی ئارام، هێزەکانی خۆی پڕ چەك کرد.

بیروڕای گشتی خەلکی ئەمریکا لەم بارودۆخەدا ئامادەی ڕووبەڕوو بوونەوە و ململانێ لەگەڵ وولاّتانی ئەوروپی و کێشمەکێشمە سیاسیەکانی ناوی نەبوو، بەشکست هێنانی سیاسەتی دەرەوەی ((ویلسۆن)) لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا، جەخت لەسەر سیاسەتی جوودایی خوازی و بێلایەنی لەکاروباری تایبەت بە ئەوروپا دەکرایەوە. بەلاّم ئەمریکا نەیدەتوانی بۆسیاسەتی گۆشەگیری ساڵەکانی ڕابردوو بگەڕێتەوە. هێزی سەربازی ئابووری ئەمریکا لەکۆتایی هێنان بە جەنگی یەکەم، ئەو وولاّتەی خۆویستانە یان خۆنەویستانە بەرەو بەشداریکردن لەسیاسەتی جیهانی ئاراستە کرد.

قەرزی جۆربەجۆر و یارمەتیە مادیەکان، ئەمریکایان لەنێو مەسەلەکانی ئەوروپادا گیرۆدە کردبوو و بەناچاری دەبوو دەست لەسیاسەتی بێ لایەنی و کەنارگیری بشواتەوە و بچێتە ڕیزی وولاّتانی هاوپەیمانانەوە، ((کۆنفرانسی واشنگتۆن)) لەساڵی ١٩٢١ لەپێناو کەمکردنەوە و سنووردارکردنی هێزە دەریاییەکانی وولاّتانی ئەوروپا و ژاپۆن، ڕێککەوتن لەگەڵ وولاّتانی ڕۆژئاوا ژاپۆن بەمەبەستی زەمانەت کردنی سەربەخۆیی چین، ڕێککەوتن نامەی گەرەنتی ئاشتی

نێو دەوڵەتی و خۆ دوورخستنەوە لەبەکارهێنانی هێز ـ کە بەرێککەوتنی ((کلوگ ـ بریاند))ی نێوان وەزیرانی دەرەوەی ئەمریکا و فەرەنسا ناسراوە ـ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکای لەگەڵ چالاکیە نێو دەوڵەتیەکاندا هەماهەنگ کرد. بەڵام سیاسەتی گۆشەگیری لەئەمریکا تائەو کاتەش لایەنگرێکی زۆری هەبوو و لەساڵەکانی ١٩٣٥ و ١٩٣٧، سێ نوسراوی پەیوەندیدار بە مەسەلە جیهانیەکان لەکۆنگرەدا بڕیاریان لەسەر درا. ئامانج لەو نوسرا و بڕیارانە بەهێزکردنی شوێن پێی کۆنگرێس و لێ سەندنەوەی هەندێك لەدەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆماری بوو. زۆرێك لەئەندامەکانی کۆنگرێس لایەنگری پاراستنی سیاسەتی بێ لایەنی بوون و ئەو سیاسەتەیان بەتەنها گەرەنتیەك بۆ ئازادی بازرگانی دەزانی، لەهەمان کاتیشدا دەستێوەردانی ئەمریکایان لەکاروباری ئەوروپادا، بەواتای لەسێدارەدانی ئازادی بازرگانی جیهانی کەئەمریکا وەك نەریتێکی هەمیشەیی بەشدار بوو تیایدا، لێك دەدایەوە.

فرانکلین ڕۆزفلت و وەزیری دەرەوە ((کوردل هال)) دژی بۆچوونی جوودایی خوازی بوون و لەپێناو پەرەپێدانی پەیوەندیە بازرگانیەکان، دەستێوەردانی ئەمریکایان لەنێو کاروباری ئەوروپادا بەپێویست و زەروور دەزانی. لەساڵی ١٩٣٥ ((کوردل هال)) پێشنیازی تیجارەتی بەرامبەرکێی لەگەڵ شەش وڵاتی جیهانیدا خستەڕوو، دواتر بڕیاری پەسەندی لەسەر دراو بەپێی ئەو بڕیارە ئەمریکا ڕەزامەندی لەسەر ئەوە دەربڕی، کەلەمەودوا کەبەهیچ جۆرە گۆڕانکاریەکی ناوچەیی کەبەزۆر بەسەر وڵاتانی ئەورووپیدا بسەپێنرێت، ڕازی نەبێت.

ساڵی ١٩٣٩ ئاگری شەڕ خاکی ئەورووپای هەژاند. داگیرکردنی فەرەنسا لەلایەن ئەڵمانیا، هێرشە سەربازیەکانی ئەڵمانیا بۆ سەر پۆڵەندا، دانیمارك، نەرویج، هۆڵەندا و بەلجیکا بۆمببارانی ئاسمانی ئینگلیز لەساڵی ١٩٤٠، ئەمریکایان بەرەو خۆ هەڵقورتاندن لەکاروباری ئەورووپا پەلکێش کرد. چیتر کەس نەبوو کەبەرگری لەسیاسەتی بێ لایەن بکات. فراوانبوونی دەسەڵاتی ((نازیسم)) لەئەڵمانیا و پەرەسەندنی دەسەڵاتی ((میلیتاریزم)) لە ژاپۆن، ئەمریکای خستە نێو مەیدانی سیاسەتی جیهانیەوە. بڕیاری قەدەغەکردنی ناردنی چەك بەرەو وڵاتانی بەشەڕ هاتوو هەڵوەشایەوە، برگەی ((قەرز و کرێ)) بڕیاری لەسەر درا کەبەپێی ئەو بڕیارە ئەمریکا تەقەمەنی هێزەکانی ئینگلیز و وڵاتە هاوپەیمانەکانی دیکەی لەشێوەی قەرز یان کرێ دابین دەکرد. هێزە دەریاییەکانی ئەمریکا خرانە حاڵەتی ئامادە باشیەوە، سەدان هەزار سەربازی دیکەش قۆناغی فێرکردنی سەربازیان تێپەڕاند، کارگە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنان، چالاکیەکانی خۆیان تایبەت کرد بەبەرهەمهێنانی چەك و تەقەمەنیەوە. هێزە سەربازیەکانی

ئەمریکا، ئایسلەند و گریلەندیان لەباکووری ئۆقیانوسی ئەتڵەسی داگیر کرد و بۆ پاریزگاریکردنی ئینگلیز ئامادەباشی خۆیان راگەیاند. پاش هێرشەکەی ئەڵمانیا بۆ سەر رووسیا، ((رۆزفلت)) و ((چەرچل)) سەرۆك وەزیرانی ئینگلیز، لەمانگی ئاگوستی ۱۹٤۱ لەئۆقیانوسی ئەتلەسی نزیك کەناراوەکانی نیوفوندلەند کۆبوونەوە و راگەیاندنێکیان بەناوی ((گەلالەنامەی ئاتلەنتیك)) دەرکرد کە تیایدا بنچینەی سیاسەتی هاوپەیمانانیان لەبەرامبەر دەست درێژکاریەکانی فاشیزمدا دەستنیشان کرد : رێگەگرتن لەپەرەسەندنی دەسەڵاتی سەربازی وولاتان، بەرەنگاربوونەوەی گۆڕینی سنووری ناوچەکان بەبێ رەزامەندی خەڵکی ئەو ناوچانە، پاراستنی مافی تاکەکان لەدیاریکردنی جۆری حکومەتەکەیان، گەڕانەوەی مافی حکومڕانی و سەربەخۆیی بۆ ئەو وولاتانەی کە دەست درێژیان کرابوویە سەر، ئازادی هاتووچۆ لەنێو دەریاکان و هاوکاری ئابووری نێوان وولاتە جۆراوجۆرەکان، فەراهەمکردنی زەمینەی هاوکاری نێودەوڵەتی و دابینکردن و چەسپاندنی ئاشتی جیهانی، گرنگترین خاڵەکانی ئەو گەلالەنامەیە بوون.

بەشداریکردنی ئەمریکا لەشەڕ، بەو هێرشەی هێزە ئاسمانیەکانی ژاپۆن بۆ سەر بنکەیەکی سەربازی ئەمریکا بەناوی ((پرل هاربر)) لەهاوایی، لەرۆژی ۷ی دیسەمبەری ۱۹٤۱، مسۆگەر کرا.

هێزەکانی ژاپۆن لەیەك کاتدا و لەچەند لایەکەوە هێرشیان کردە سەر دوورگەکانی میدوی، گوام و فیلیپین و زەرەرو زیانێکی زۆریان بە پێگە سەربازیەکانی ئەمریکا گەیاند. لەبەرامبەریشدا ویلاتە یەکگرتووەکان لەرۆژی ۸ی سێپتەمبەردا شەڕی دژ بەژاپۆنی راگەیاند و سێ رۆژ دوای ئەم راگەیاندنە ئەڵمانیا و ئیتالیای یەکگرتوو و ژاپۆن بەرەیەکی بەهێزیان دژ بەئەمریکا دامەزراند و هاتنە مەیدانی جەنگەوە. گۆڕەپانی جەنگی یەکەمی جیهانی تاڕادەیەك دەتوانین بڵێین تەنها سنووری ئەوروپاو ئۆقیانوسی ئەتلەسی گرتبوویەوە، بەڵام جەنگی دووەم سنووری هەموو کیشوەر و دەرکانی بەزاند و [سنووری جەنگەکەش تادەهات فراوانتر دەبوو]. سیاسەتی جەنگ بە پلەی یەکەم سەرنجی بۆلای بەرەی ئەوروپاوە چوو. پێکدادان لەئۆقیانوسی ئارام کەوتە قۆناغی دووەمەوە. لەم بارودۆخە دژوارەدا، ویلایەتە یەکگرتووەکان ئامادەیی هێزە سەربازیەکانی بەمەبەستی رەوانە کردن بەرەو بەرە جۆربەجۆرەکانی جەنگ راگەیاند. رۆڵی ئەمریکا لەجەنگەکەدا و پشتیوانی کردن لەهێزەکانی هاوپەیمانان دژ بە کردەوە داگیرکاریەکانی دەوڵەتانی بەرەی محوەر ((ئەڵمانیا ، ئیتالیا ، ژاپۆن)) لەڕادەبەدەر کاریگەر و تەنانەت هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی هاوپەیمانان و تێکشکانی

بەتەواوەتی هێزەکانی ئەڵمانیای هیتلەری و هاوپەیمانەکانی بوو. پاش جێگیر بوونی هێزەکانی ئەمریکا لەبەرەی ئەفریقا، هێزەکانی متحدین بەسەرکردایەتی جەنەراڵ ((رومل)) ناچار بەپاشەکشێ کراو تاناوەڕاستەکانی ساڵی ١٩٤٣، باکوری ئەفریقا بەتەواوەتی لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە کۆنترۆڵ کرا. ئیتالیای فاشیست شکستی خوارد و مۆسۆلۆنی دانی بەدۆڕانەکەیدا نا. حکومەتە نوێکەی ئیتالیا پەیمانێکی ئاگر بەستی مۆر کرد و پەیوەندی کرد بەبەرەی هاوپەیمانانەوە. بەپێشڕەوی کردنی هێزە سەربازیەکانی ئەمریکا بەرەو کەنارەکانی نۆرماندی بەفەرماندەیی جەنەراڵ ((ئایزنهاوەر)) سەرکردەی بەرەی هاوپەیمانان، ئەڵمانیاش چوونە نێو سەنگەری بەرگری کردنەوە، لەبەرەی ڕۆژئاوادا دەستی بەشەڕ کرد و بەناچاری چەند یەکەیەکی لە وولاتی ڕوسیاوە بانگهێشت کردەوە. هێرشە ئاسمانیە یەك لەدوایەکەکانی ئەمریکا و ئینگلیز و شارەکان و کارگەکان و بنکەکانی چەك و تەقەمەنی ئەڵمانیایان وێران کرد. سوپاکەی یەکیەتی سۆڤیەتیش لەبەر ئەوەی لەجەنگ لەگەڵ ئەڵمانیادا زەرەو زیانێکی گەورەی لێکەوتبوو، لەبەری ڕۆژهەڵاتدا دەستی بەشەڕ کرد و ئەڵمانیەکانی ناچار بەپاشەکشێ کرد. هێزەکانی ڕوسیا لەبولگاریا و ڕۆمانیا و مەجەڕ جێگیر کران و لەڕێگەی سەر سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیاوە پێشڕەویان کرد و خۆیان گەیاندە نزیك بەرلین. سوپای ئەمریکا و ئینگلیزیش پاش ڕزگاربوونی فەرەنسا لەژێر چنگی فاشیزمدا، بەرەو خاکی ئەڵمانیا کەوتنە ڕێ و پەلاماری پێگە و بنکە سەربازیەکانی هێزەکانی ئەڵمانیایاندا. لەمانگی مەی ١٩٤٥ پاش خۆکوشتنی هیتلەر، هێزەکانی ئەڵمانیا کە لەهەردوو بەرەکەدا لاواز و شکستیان خواردبوو، خۆیان بەیەکجاری تەسلیم بەهێزەکانی هاوپەیمانان کرد.

لەئۆقیانوسی ئارام، هێزە دەریایی و ئاسمانیەکانی ئەمریکا پاش چەندەها هێرشی چڕوپڕ و بەردەوام بۆ سەر بنکە سەربازیەکانی ژاپۆن، توانیان هێزەکانی ژاپۆن لە فیلیپین تێك بشکێنن و کۆتایی بەبەرگریکردنی ئەو وولاتە بهێنن. بەڵام وادەردەکەوت کە ژاپۆن هێشتا دەستی لەبەرگری هەڵنەگرتووە، لەمانگی ئاگۆستی ١٩٤٥، لەکاتی دەسەڵاتداریەتی ((ترومن))دا، ئەمریکا تاقیکردنەوەیەکی ناوەگکی بەئەنجام گەیاند و لەو پەلاماردەداو بەبەکارهێنانی موشەکی ئەتۆمی هەردوو شاری هیرۆشیما و ناکازاکی لەگەڵ خاکدا یەکسان کرد. ژاپۆنیش بەبێ هیچ جۆرە مەرجێك خۆی تەسلیم بەهێزە سەربازیەکانی ئەمریکا کرد.

ڕۆڵی ئەمریکا لەسەرکەوتنی هاوپەیمانان و شکانی هێزە سەربازی و فاشیستیەکاندا زۆر کاریگەر بوو. بەشداریکردنیشی لەجەنگ لەلایەکەوە بووە هۆی ڕزگاربوونی وولاتانی ئەوروپا و لەلایەکی تریشەوە ڕۆڵی ئەمریکای لەچەسپاندنی ئاشتی جیهانیدا ڕوون کردەوە.

کۆتایی هاتنی جەنگی دووەم سەرهەڵدانی دوو زلهێزی جهانی : ئەمریکا و یەکیەتی سۆڤیەتی لیَ کەوتەوە. زیاتر لەیەك سەدە پێش ئەم ڕووداوە ((تۆکۆیل)) لەکاتی لێکۆڵینەوەی دیموکراسی لە ئەمریکادا پێشبینی کردبوو : ((ڕووسیا و ئەمریکا دوو میللەتن کەلەسەر دوو بنەمای جیاواز ڕاوەستاون، بەلاَم وادەردەکەوێ بەرەو ئامانجێکی هاوبەش هەنگاو دەنێت... ڕێگای جیاوازیان گرتۆتە بەر و بەرەو پێشەوە دەڕۆن، لەگەڵ ئەمەشدا وادەردەکەوێ کە ویستی غەیبی خوداوەند بەئاراستەیەك دەڕوات کە لەداهاتوودا هەریەك لەوانە چارەنوسی نیوەی جیهانیان لەژێر دەستدا بێت.)).

((ڕۆزفلت)) دانی بەڕاستیەکانی جیهانی پاش شەڕ دانا و لەپێناو بەرقەرارکردنی ئاشتیەکی یەکجارەکیدا هەوڵی دەدا، ئاشتیەك کە تەفاهومی یەکیەتی سۆڤیەتیش لەگەڵ دابێت و لەڕووی سیاسیەوە دەرفەتی هەڵبژاردنی حکومەتی خوازراو بەبێ بەکارهێنانی زوڵم و ستەمبۆ میللەتان دەستەبەر بکات، لەبواری ئابووریشدا بەمەبەستی خستنە بازاڕی بەرووبومی ناوخۆی وولاَت پارێزگاری تەواو لەبازاڕەکانی دەرەوەی وولاَت بکات. دەوڵەتی ((ڕۆزفلت)) لەهەوڵەکانیدا بۆ چەسپاندنی ئاشتی جیهانی، لەساڵی ١٩٣٣بەڕەسمی دانی بەحکومەتی یەکیەتی سۆڤیەت دانا. ئەو باوەڕی وابوو کەلەڕێگەی گفتوگۆکردنی دۆستانەوە دەتوانێت لەگەڵ سۆڤیەتدا دانوسان بکرێت و هاوکاری کردنی ستالینی بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی بەپێویست و زەروور دەزانی. بەپێچەوانەی ((چەرچل)) کەبەچاوێکی گومانئاوی سەیری سیستەمی حکومڕانی ڕووسیای دەکرد و هەمیشە لەوەی هەر لەسەرەتاوە ((بلشویزمی))ی لەسێدارە نەداوە خۆی سەرزەنشت دەکرد. ((ڕۆزفلت)) زۆر بایەخی بەجیاوازی ئایدۆلۆجیەکان نەدەدا و پێی وابوو کەدەکرێت بەرژەوەندیەکانی وولاَتە زلهێزەکان دانوسانیان لەسەر بکرێت و هاوکاری نێوان ئەو دوو زلهێزەی بەهۆکاری سەرەکی بەدیهێنانی ئاشتی جیهانی لەقەڵەم دەدا. جارێکیان زۆر بەڕاشکاوی بە چەرچلی ووت کە خوودی خۆی چاکتر لەهەموو دام و دەزگاکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و ئینگلیز دەتوانێت هاوکاری و سەرنجی ستالین ڕابکێشێت، ((ئەو بەتێڕوانینێکی ئیجابیانە مامەڵ لەگەڵ خوودی خۆمدا دەکات، ئومێدەوارم ئەم نیاز پاکیە هەر بەردەوام بێت.)) بەهۆی ئەو کۆنفرانسەوە جۆراوجۆرەکانی کە لەکاتی جەنگدا دەبەسران، وەك کۆنفرانسەکانی تاران و یالتا، گەورە

بەرپرسانی وڵاتانی پەیوەندیدار کۆبوونەوە و لەپێناو دیاریکردنی چارەنووسی جەنگ و دابینکردنی ئاشتیدا گفتوگۆیان کرد. ئەمریکا بەو پەڕی دڵنیایی متمانە بەدەسەڵاتی ئابووری و وڵاتەکەی و سەرکەوتنی لەجەنگی جیهانیدا، داوای بەدیهێنانی ئاشتیەکی سەرتاسەری لەسەر بنەمای لێك تێگەیشتن بەرامبەر کێی دەکرد. دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، دان نان بەمافی میللەتان بۆ هەڵبژاردنی ڕژێمی حکومەتەکەیان لەدرووستکردنی سیتەمی دراوی نێو دەوڵەتی و کێشانی ڕێنەی داهاتووی بازرگانی جیهانی، جێگای سەنج و بایەخی ویلایەت یەکگرتووەکان بوو. ڕووسیاش لەپێناو بەریەرچ دانەوەی هە هێرشێکی چاوەڕوان نەکراو هەوڵی بەهێزکردنی سنوورەکانی ڕۆژئاوای وڵاتەکەی دەدا و بۆ ئەم مەبەستەش درووستکردنی ناوچەیەکی ژێر کۆنترۆڵی خۆی لەنیمچە دوورگەی بالکان بەپێویست دەزانی. ئەم بابەتانە لە ((کۆنفرانسی یالتا))ی نێوان ((ڕۆزفلت)) و ((ستالین))دا گفتوگۆیەکی تێروتەسەلیان لەسەر کراو هاوکاریکردنی ڕوسیاش لەبەرەی ئۆقیانوسی ئارامدا بۆ شکاندنی هێزەکانی ژاپۆن جەختی لەسەر کرایەوە.

ساڵی ١٩٤٤ ((ڕۆزفلت)) بۆ جاری چوارەم لەلایەن حیزبی دیموکراتەوە کاندید کرایەوە. ((ڕۆزفلت)) لەیەکەم هەنگاویدا ((هێزی والاس))ی - کەپێشتر جێگری خۆی بوو - لەبەر بەرژەوەندی حیزبی لەسەر کار لابرد. ((والاس)) کەسێکی ئازادی خواز، واقیع بین و شارەزا بەسیاسەتی جیهانی بوو، گروپە محافەزەکارەکانی حیزبی دیموکرات زۆر کەمیفیان پێ نەدەهات و ((ڕۆزفلت)) بەمەبەستی بەدەستهێنانی پشتگیری ئەم باڵە بەهێزە ((هاری ترومن)) سیناتۆری میسیۆری بۆ پۆستی جێگری خۆی هەڵبژارد. ((ترومن)) دەست پەروەردەی حیزب لەمسیۆری و لەڕووی سیاسیشەوە محافەزەکارو بێ تەجروبە بوو. بەمەرگی لەناکاوی لەناکاوی ((ڕۆزفلت)) لە ١٢ی ئەپریلی ١٩٦٥ واتە ماوەیەکی کورت پاش ((کۆنفرانسی یالتا))، ((ترومن)) شوێنەکەی گرتەوە و ئەمریکا یەکێك لەگەورەترین سەرکردە سیاسیەکانی خۆی لەدەستدا.

((فرانکلین ڕۆزفلت)) بەبەناوبانگترین سیاسەتمەداری ئەمریکا لەسەدەی بیستەم دەژمێررێت. ئەو کاتێك بو بەسەرۆك کۆمار، کەقەیرانی ئابووری بوون و ﴿ئاسنامەی﴾ وڵاتی خستبووە مەترسیەوە و ڕەوشی سیاسی جیهانیش بەسەرهەڵدانی فاشیزم لەو پەڕی ئاڵۆزیدا بوو، بەڵام پێش ئەوەی ماڵئاوایی لەم دونیایە بکات، توانی ئابووری وڵاتەکەی بگەیەنێتە لووتکە و حکومەتەکەی وەك گەورەترین هێزی سیاسی بەجیهان بناسێنێت. ناوبراو بەتێگەیشتن لەڕاستیەکانی جیهان، هاوکاری نێوان دەوڵەتەکانی بەتەنها فاکتەرێك بۆ چەسپاندنی ئاشتی

هەژمار دەکرد. گلەیی و گازەندەیی لەو جۆرە کەگوایە ((ڕۆزفلت)) لەبەرامبەر کۆمۆنیزمدا توندوتیژی پێویستی بەکارنەدەهێنا و کەسایەتیەکی ئایدیالیزمی بوو، گریمانەیەکی بەتاڵە. کەسێکە وەك ((نیکسۆن)) کەهەمیشە بەناوی قارەمانی بەرەنگاربوونەوەی کۆمۆنیزم لەئەمریکا شانازی بەخۆیەوە دەکرد، دوای ماوەیەکی دوورو درێژ و باش ئەزموونە تاڵەکەی ڤێتنام، ئەوجا گەیشتە ئەو ڕاستیەی کە ئاشتی و ئارامی جیهانی بەهاوکاری و لێك تێگەشتنی وڵاتەکانەوە بەستراوەتەوە نەك جیهادی ئایدیۆلۆجی و جەنگ و ململانێ خوازی.

جەنگی دووەمی جیهانی، ئەمریکای بۆ هەمیشە لەسەنگەری سیاسەتی جودایی خوازی هێنایە دەرەوە. ڕۆڵی ئەمریکا لەجەنگ و پشکی لەئاشتیدا، ئەو وڵاتەی لەمەفامی زلهێزێکی جیهانیدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ئەرك و لێپرسراویەتی نوێ کردەوە.

زنجیرەیەك ڕووداوی یەك لەدوایەك پاش جەنگی دووەم، ناکۆکیە سیاسی و عەقیدەیەکانی نێوان ئەمریکا و سۆڤیەتی توندتر کرد و بارودۆخێکی پڕ لەترس و گومان باڵی بەسەر جیهاندا کێشا، ئەو سەردەمەی کەلەساڵی ١٩٤٧ بەدواوە بەسەردەمی جەنگی سارد ناوبانگی دەرکردوو دەستی پێکرد. هەردوولا لەپێناو ئاشتی هەوڵیان دەدا، بەڵام پێشینەی مێژوویی، ڕێ و شوێنی سیاسی و، گۆڕانکاریەکانی ناوخۆی هەردوولا، بووە هۆی ئەوەی کەهەر یەکە ڕێگایەکی جیاواز بۆ گەشتن بەم ئامانجە بگرنە بەر. جیاوازی بیروباوەڕ، متمانەی سەردەمی شەڕی لەناو برد و بارودۆخێکی ڕەخساند کە دواتر بەجەنگی سارد کۆتایی هات.

ئەمریکا لەسەر ڕێڕەوی گۆڕانی مێژوویی وڵاتەکەی بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ جۆرە بەربەستێکی دەرەکی ببێتەوە و وەك هێزێکی گەورەی جیهانی لێهاتبوو. بنەما دیموکراتیەکانی دوور لەهەر جۆرە کێشە و گرفتێکی وڵاتانی ئەورووپی چەسپان و لەنێو ئەمریکیەکاندا باوەڕ بەبوونی چارەنوسی جوودا و جیاواز لەووڵاتانی دیکەی ڕەنگ ڕێژی کرد. لەگەڵ ئەوەش، بیرۆکەی گەورەیی ڕێ و ڕەسمی ئەمریکایی واتە سیستەمی سەرمایەداری، خاوەنداریەتی تایبەتی و دیموکراسی سیاسی بەهێزتر کرد. ئەم هەستی ڕابەرایەتی و خۆ بەگەورە زانینە، بەجێگیر بوونی کۆمۆنیزم لەڕووسیا، ڕووبەڕووی لاوازی گومان بوویەوە، ترسان لەتەشەنەکردنی کۆمۆنیزم، بێبەشی لەدەستدانی بازاڕە جیهانیەکان و سنووردابوونی بازرگانی نێودەوڵەتی ئەمریکای لەگەڵ خۆیدا هێنا. لەدەیەی بیستدا بەرەنگاربوونەوەی هزری سۆسیالیستی لەڕادەبەدەر زیادی کرد و دان بەحکومەتە نوێیەکەی ڕووسیادا ـ تاساڵی ١٩٣٣ ـ نەنرا. ((ڕۆزفلت)) بەهەموو توانایەکیەوە هەوڵی بەدەستهێنانی متمانەی ((ستالین)) و هاوکاری بەرامبەری لەپێناو چەسپاندنی ئاشتیدا دەدا. ناوبراو باوەڕێکی تەواوی بە دانانی یاسایەکی نوێی جیهانی هەبوو هەروەها بەباشی دەیزانی

که مرۆڤ لەکاتێکدا کەپێداویستیەکانی لەناوبردنی خۆی بەتەواوەتی دەستەبەر کردووە، جیهانیشی بەگوشراوی و بچووککراوەیی درووست کردووە. پاراستنی ئەم هاوسەنگیە مەترسیدارە پێویستی بەتێرامان و ﴿وورد بوونەوەیەکی﴾ نوێ لەهاوکاری نێو دەوڵەتیدا هەبوو. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کەلەساڵی ١٩٤٥ دامەزرا، وەڵامدانەوەیەك بۆ پێویستی جیهانی بۆ دابینکرن و پاراستنی ئاشتی بوو، بەڵام بەتەنها بەس نەبوو و لێك تێگەیشتن و دانوسانی نێوان هەردوو دەسەڵات، بەگەرمتیەك بۆ گەیشتن بەم ئامانجە دەژمێررا. جێگرەکەی ((ڕۆزفلت)) نە ئەو ئەزموون و شارەزاییەی هەبوو، نەلەگەڵ ئەم شێوازە نوێیەی کەپێویستی بەگەمە سیاسیەکان، گفتوگۆ، نەرم و نیانی و دانوسان هەیە، ئاشنایی هەبوو. ئەمریکا بەپشت بەستن بەسەرکەوتن لەجەنگ، ئابووری پێشکەوتوو و گەشەدار، هەبوونی چەکی ئەتۆمی داوای ڕابەرایەتی جیهان دەکرد. پاش مردنی ((ڕۆزفلت)) نێرراوی ((ترومن))، ((هاری هاپکینز)) بۆی ستالینی خستەوە کە سیاسەتی ڕۆزفلت و بەشێوەیەکی گشتی ئەمریکا، لەسەر بنەمای ئاشتی یەکجارەکی لەگەڵ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا ڕاوەستاوە و بەردەوام دەبێت.

((چەرچل)) کە پێشتر بەچاوێکی گومانەوە سەیری سیستەمی حکومڕانی ڕووسیای دەکرد، باوەڕی وابوو کەتەشەنەکردنی دەسەڵاتی یەکیەتی سۆڤیەت لەئەورووپای ڕۆژهەڵات کۆتایی نایەت، هەر لەبەر ئەوە بۆچوونەکانی لەگەڵ ((ترومن))دا هەماهەنگیەکی زیاتری هەبوو. لەمانگی جولای ١٩٤٥ جارێکی دی بەرپرسانی ئەمریکا و ڕوسیا و ئینگلیز لەپتسدام ـ نزیك بەرلین کۆبوونەوەیەکیان ساز کرد و پێکەوە بارودۆخی ئەوکاتی جیهانیان تاوتوێ کرد. ئەم دیدارەی نێوان ستالین و ترومن کە بۆ یەکەم جاربوو ئەنجام دەدرا، ماوەیەکی کەم پێش هێرشە ئەتۆمیەکەی ئەمریکا بۆ سەر شاری هیرۆشیما سازدرا و بەپشت بەستن بەم سەرکەوتنە سەربازی و پیشەسازیە، گفتوگۆکانیان دەست پێکرد و بەڕاشکاوی بە ((مولوتۆف))ی ڕاگەیاند کەسیاسەتی خۆبەدەستەوەدانی ڕۆزفلت لەبەرامبەر ستالین ئیدی کۆتایی پێهاتووە.

((ترومن)) و ڕاوێژکارەکانی کەچەرچلیشیان لەنێواندا بوو، سیاسەتی سەختگیری لەبەرامبەر ڕووسیەکانیان بەهۆکاری سەرەکی ڕێگە گرتن لەپەرەسەندنی کۆمۆنیزم دەزانی. پێشنیازی بەردەوامبوونی داگیرکاری سەربازی ئەڵمانیا و دادگایکردنی هاوکارانی هیتلەر بەتۆمەتی تاوانی جەنگی ،لەلایەن هەردوو دەسەڵاتەوە جەختی لەسەر کرایەوە، بەڵام ڕازی بوون بەدەست بەسەراگرتنی بالکان لەلایەن یەکیەتی سۆڤیەتەوە، کەلە ((کۆنفرانسی یالتا))دا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕێك کەوتبوون لەسەری، لەگەڵ سیاسەتی نوێی ئەمریکادا نەدەگونجا. بەشێوەیەك کەیەکێك لەمێژوونوسانی ئەمریکی بەناوی ((ئالپرویتز)) لەکتێبی ((دیپلۆماسی ئەتۆم :

هێرۆشیما و پتسدام))دا دەنوسێت : ترومن وای دەزانی کەبوونی چەکی ئەتۆمی، یەکیەتی سۆڤیەت ناچار دەکات کەدان بەهەموو بۆچوون و داواکاریەکانی ئەمریکادا بنێت بۆ ئەوەی ناوچەکانی ژێرکاریگەری سوپای سوور چۆڵ بکات و لەدامەزراندنی حکومەتێکی ملکەچی مۆسکۆ لەئەوروپای ڕۆژهەڵات چاوپۆشی بکات. بۆمبارانکردنی هێرۆشیما و بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی بە وتەی ((ئاپرویتز)) تەنها لەبەر کۆتایی هێنان بەجەنگ لەئاسیاو خۆبەدەستەوەدانی ژاپۆن نەبوو، بەڵکو زیاتر بۆ دەرخستنی هێز و توانای سەربازی ئەمریکا بوو، سیاسەتی ((ترومن))یش بەپشت بەستن بەم هێز و دەسەڵاتە ناڕاستەیەکی توند و چەق بەستووتری دەرکرد. دەرئەنجامی وەها سیاسەتێك زیاتر بوونی گومانی ((ستالین))، پەرەسەندنی دەسەڵاتی یەکیەتی سۆڤیەت لەبالکان و دەستپێکردنی جەنگی سارد بوو.

((ستالین)) بەهەر جۆرێك بوو بەبەکارهێنانی دەسەڵاتی خۆی لەنێو لیوای حکومەتی پۆلیسیدا، دەسەڵاتی یەکیەتی سۆڤیەتی لەئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا فراوانتر کرد ـ لەبەر داخرانی ڕێگاکانی گفتوگۆ ـ دەستی بۆ بەکارهێنانی سیاسەتی داگیرکاریانە زیاتر کرایەوە، کەسایەتیە پڕ لەگومان و متمانە پێنەکراوەکەی لەبەرامبەر فشاری ئەمریکا و دەرخستنی هێزە سەربازیەکەیدا، ئەوەندەی دیکە سەرسەخت و توندوتیژ تر دەبوو. ((ستالین)) چاك دەیزانی کەسەرکەوتنی ڕوسیا لەجەنگ، لەئەنجامی پشتیوانی و دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی دونیای سەرمایەداریەوە هاتبوویە ئاراوە، ئەگینا ((دیکتاتۆری پرۆلیتاریا)) بەدەستی فاشیزمەوە لەسێدارە درابوو. بەڵام واقیعیەتی جیهانی پاش جەنگ ڕازی بەسەروەری و گەورەیی ڕۆژئاوا نەدەبوو، بەڵکو داوای دانوسان و تەبایی دەکرد تاوەکو ئاشتی جیهانی سەقامگیر بکرێت.

جەنگی سارد لەسەردەمی دەمارگیری، چەق بەستوویی و دەربڕینی بیروڕا ووشك و بەردین بوو. ململانێی نێوان هەردوو سیستەمی کەپیتالیزم و کۆمۆنیزم، کێبرکێ و پێشبڕکێ لەپێناو پەرەپێدانی هێز و دەسەڵات لەجیهان، لەنێوان ئەمریکا و یەکیەتی سۆڤیەتدا دەستی پێکرد. لەنێو هەراو هوریای ئەم جەنگە خاچپەرستیە نوێیەدا، سیاسەتمەداری ئەمریکا هەرگیز باوەڕی نەدەکرد کە یەکیەتی سۆڤیەت ڕابەری ڕەهای دونیای کۆمۆنیزم نەبێت و یان جیاوازی بیروڕا لەنێوان وڵاتە کۆمۆنیستەکاندا سەر هەڵبدات. بۆچوونی پەسەندکراو تائەم دواییەش، جەنگی ساردی بەپەرچە کردارێکی شەهادەتەندانەی دونیای ئازاد لەبەرامبەر دەست درێژی کۆمۆنیزم لەقەڵەم دەدا، هەرچەندە دەستەواژەی ((جیهانی ئازاد)) کەبەوڵاتانی دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی کۆمۆنیزمی دەوترا، ئعتبارێکی ئەوتۆشی نەبوو، بەڵام ناتوانرێت ڕژێمی فرانکۆی ئیسپانیا بەحکومەتێکی دیموکراتیك و ئازاد دابنرێت، کەچی هەمان ئەندازە کە وڵاتانی لەو جۆرە

پەیوەندییەکی دۆستانەیان لەگەڵ ڕۆژئاوادا هەبوو، حکومەتەکەیان ـ بەو هەموو ئاڵۆزی و گێژاوەی کە ڕووبەڕووی ناوخۆی وڵاتەکەیان بووبوویەوە ـ لەگەڵ بۆچوونەکانی ئەمریکادا هەماهەنگ بوون و دژی کۆمۆنیزم دەوەستانەوە، لەریزی وڵاتانی ئازاددا هەژمار دەکران. جەنگی سارد تەنها ڕووبەڕووبوونەوەی دوو زلهێز نەبوو، بەڵکو کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆشی لەسەر چارەنوسی هەندێك لەوولاتان هەبوو هەروەها گۆڕانی بەسەر ڕێڕەوی سیاسیاندا هێنا.

((چەرچل))لە ووتارە بەناوبانگەکەی خۆیدا لە ((فۆلتۆن))ی میسیزری و بە ئامادەبوونی ترومن ڕایگەیاند، کە ((پەردەی ئاسنین)) بەزوترین کات لەئەورووپادا دێتە خوارەوە : ((هیچ کەس نازانێت کەڕووسیا و هاوکارەکانی چ پلان و پێشنیازێکیان بۆ داهاتوو هەیە و چ سنوور و ئەندازەیەك بۆ سیاسەتی فراوانخوازی و تەشەنەکردنی خۆیان دادەنێن.)) بەڵام دواتر زنجیرەیەك ڕووداوی پاش جەنگ سیاسەتی دەست درێژیکارانەی ستالینی ئاشکرا کرد.

هێزە سەربازییەکانی یەکیەتی سۆڤیەت، بەپێچەوانەی پەیمانە نێو دەوڵەتییەکان، پاش کۆتایی هاتنی جەنگ بەهیچ شێوەیەك خاکی ئێرانیان بەجێ نەهێشت و لە ئازەربایجان ئەوپەڕی هەوڵی خۆی بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی ئەڵقە لەگوێی مۆسکۆ خستە گەڕ. دەوڵەتی ئێران سکاڵای خۆی بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی بەرز کردەوە و دواجار بەهۆی کاریگەری بیروڕای جیهانی، هێزەکانی ڕووس ناچار بەچۆڵکردنی خاکی ئێران کران. ڕووسیەکان خۆیان لەهەموو جۆرە هاوکاریکردنێکی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەدوور دەگرت، کەئەمەش پێچەوانەی ڕێککەوتنە نێو دەوڵەتیەکان بوو، هەروەها بەئەندامبوون لەبانکی جیهانییان ڕەت کردەوە و خۆیان لەگەڕاندنەوەی ئەو قەرزە یەك بیلیۆن دۆلاریەی کە ساڵی پێشتر ((مۆلۆتۆف)) وەزیری دەرەوەی یەکیەتی سۆڤیەت لە ئەمریکای داوا کردبوو دزیەوە. فشارێکی زۆریان بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی ڕێگا ئاوییەکانی بسفۆڕ و دەردەنێل خستە سەر وڵاتی تورکیا، جگە لەمانەش ڕازی بەچوونە ناو ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆنترۆلکردنی چەکە ئەتۆمیەکان نەبوون. بڕیاری دواهەمینیان بەهۆی بێ متمانەیی و ترسانیان لە ڕۆژئاوابوو. ((ستالین)) کەسەرچاوەی بەد گومانیەکە بوو، ئەم پێشنیازەی بۆ پلانی ڕۆژئاوا بۆ دەست بەسەرداگرتنی جیهان دەگەڕاندەوە.

لەم لاشەوە ((ترومن)) لەساڵی ١٩٤٧ بەمەبەستی پتەوکردنی هێزی سەربازی وڵاتەکەی، قۆڵی لێ هەڵماڵی. تێکڕای یەکەکانی هێزی سەربازی چ زەمینی و دەریایی و ئاسمانی لەنێو وەزارەتی بەرگری ((پنتاگۆن))دا جێگیر کرد، ئەنجوومەنی ڕاوێژکارانی ئاسایشی نەتەوەیی دامەزراند کە ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێری سەرۆك کۆماردا بەڕێوە بچێت، دەزگای سیخوری ((سی ئای ئەی)) درووست کرد، هەموو ئەم دامەزراوانە لەماوەیەکی کەمدا پاش مردنی ((ڕۆزفلت))

بەمەبەستی پشتیوانیکردن لەسیاسەتێکی دیاریکراوی دەرەکی ـ کە بەجەنگی سارد ناوبانگی دەرکرد ـ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی یەکیەتی سۆڤیەت هاتنە ئاراوە. هاوکارەکانی پێشووی ڕۆزفلت و سیاسەتمەدارانی ((پێشنیازی نوێ)) کەبەکارهێنانی شێوازی شەڕخوازی و بەرەنگاربوونەوەیان پێ باش نەبوو، بەیەکجاری لەسەر کار لابران. ((هێزی والاس)) جێگری سەرۆك کۆماری سەردەمی ڕۆزفلت و وەزیری بازرگانی ((ترومن)) ئەم ڕێ و شوێنە نوێیەیان پەسەند نەدەکرد. لەساڵی ١٩٤٦ لەووتارێکدا، مەسەلەی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی دەوڵەتە زلهێزەکانی ووروژاند و ئەمریکای بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم گۆڕانکاریانە بەچاوێکی واقیع بینانە بانگهێشت کرد : ((بەشێکی گەورەی گرفتی ئێمە لەگەڵ ڕووسیا، گرفتی ئاسایی ڕووبەڕووبوونەوەی هەردوو دەسەلاتە)) کە لەرێگەی دووربینی و واقیع بینی دەتوانرێت پشت ڕاست بکرێتەوە ((ئێمە پێویستە دان بەوەدا بنێین کە مەسەلەکانی ووڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەلات هیچ پەیوەندیەکی بەئێمەوە نیە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ڕووسیاش بزانێت کە لەکاروبارەکانی ئەمریکای لاتینیدا نابێت دەست وەربدات.))

هەر لەساڵی ١٩٤٧ ((ترومن)) پێشنیازێکی دیکەی لەمەڕ پێشکەشکردنی یارمەتی دارایی و سەربازی بەووڵاتانی یۆنان و تورکیا خستە بەردەم کۆنگرێس و بەهۆی جەخت کردنەوەی سیناتۆر ((واندنبرگ))، لەکۆماریخوازە دەسەلاتدارەکانی نێو کۆنگرێس، کە مەترسی کۆمۆنیزمی بەگەورەترین مەترسی وەسف کرد، ڕەزامەندی کۆنگرەی بەتەرخانکردنی بڕی چوارسەد ملیۆن دۆلار لەقۆناغی یەکەمدا بەدەست هێنا. لەم پێشنیازەدا ((ترومن)) ڕایگەیاند کە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەسەر پێشوازیکردنی خەلکی جیهانی ئازاد ڕاوەستاوە، کەنایانەوێ لەبەرامبەر زوڵم و ستەمی دەسەلاتی کۆمۆنیزمدا ملیان کەچ بکەن. ((بنەمای ترومن)) دوو ئامانجی هەبوو: بەهێزکردنی هێزی سەربازی و درووست کردنی چەکی نوێ بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا ڕێگە لەپەرەسەندنی دەسەلاتی کۆمۆنیزم بگیرێت و، دەستەبەرکردنی بارودۆخ و ژینگەیەکی لەبارو خۆشگوزەران و چاککردنی باری دارایی کۆمەلکە هەژارەکان ـ لەرێگەی یارمەتی مادی ـ بۆ ئەوەی ئەو کۆمەڵگانە بتوانن و وورده وورده خۆیان لەبەرامبەر نفوزی بیروبۆچوونی کۆمۆنیستیدا ڕابگرن و ببنە [سەنگەرێك] کەبەرگری لەبنەماکانی جیهانی ئازاد بکەن. خستنە ڕووی پێشنیازەکەی ((مارشال)) وەزیری دەرەوە بۆ یارمەتیدانی ئەورووپای گۆڕەپانی شەڕ، لەبواری چاککردنی ژیانی ئابووریدا سەرکەوتنێکی گەورەی بۆ ئەمریکا دەستەبەر کرد. بەپێی ئەو پێشنیازە، پارە و کالا و ئامێری پێویست دەخرایە بەردەم ووڵاتانی ئەورووپی، تەنانەت ئەورووپای ڕۆژهەلاتیش دەیتوانی سوود لەم پێشنیازەی مارشاڵ وەربگرێت، بەلام لەبەر

نارەزایی ((ستالین)) پێشوازیەکی ئەوتۆی لێنەکرا. لەساڵی ١٩٤٨ بەرلین لەلایەن سۆڤیەتەوە گەمارۆ درا و ئەڵمانیای رۆژئاوا و بەرلین لێك دابران و هاتووچۆی نێوانیان راگیرا. بەڵام ئەمریکا لەرێگای ئاسمانیەوە خۆراك و کەلوپەلی پێویستی گەیاندە شارەکە. پێشنیازی پەیمانی ئاتلەنتیکی باکوور (ناتۆ) لەساڵی ١٩٤٩ بۆ رێگەگرتن لەهێرشی سەربازی یەکیەتی سۆڤیەت بۆ سەر ئەورووپای رۆژئاوا شێوازێکی دیاریکراوی بەخۆوە گرت. ئەمریکا بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی پەرەسەندنی کۆمۆنیزم لەگەڵ وولاتانی ئەورووپای رۆژئاوا بوو بەهاوپەیمان. ئەمە یەکەمین جاربوو کە ئەمریکا بۆ ماوەیەکی دووردرێژ لەگەڵ وولاتانی ئەورووپی پەیمانی سەربازی ببەستێت. پێش ئەو رووداوە تەنها تەکجار لەساڵی ١٧٧٨ لەسەردەمی سەربەخۆییدا لەگەڵ فەرەنسادا پەیمانی سەربازی مۆرکردبوو، کەماوەیەکی کەمی خایاند و لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆرشی فەرەنسیدا هەڵوەشایەوە.

رێگەگرتن لەپەرەسەندنی کۆمۆنیزم، بوو بەبابەتی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەم سەردەمەدا. بۆ یەکەمین جار لەمێژووی ئەمریکا ـ بەرگریکردن لەجیهانی ئازاد ـ کۆمەڵێك رێکەوتنی سەربازی قورس و گرانی لەسەردەمی ئاشتیدا بەسەر ئەمریکادا سەپاند، داواکاریەك لەدوای یەکەکانی کەرەستەی جەنگی، ژمارەیەکی زۆر لەکارگەکانی ئەمریکای خستە کار، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا سەرچاوەیەکی سەرەکی کۆکردنەوەی سەروەت و سامان بۆ سەرمایەدارەکان بوو. ئەمە دەسپێکی سیاسەتێك بوو، رووبەرووبونەوەی کۆمۆنیزم ، ئەمریکای زلهێزی خستە نێو گێژاوێکی سیاسی و سەربازی درێژخایەنەوە، کە تاجەنگی ڤێتنام و ساڵەکانی حەفتاش درێژەی کێشا.

شکستی ژاپۆن لەئاسیا و شەری ناوخۆی چین خاڵێکی نوێی ململانێ و ناکۆکی نێوان ئەمریکا و سۆڤیەت بوو لەکیشوەری ئاسیادا. خۆ بەدەستەوەدانی بێ کۆت و بەندی ژاپۆن بەهێزەکانی ئەمریکا ـ لەساڵی ١٩٤٥ـ هاتنە سەرکاری ((مەك ئاتور))ی ژاپۆن بەدواوادا هات. مەبەستی ئەمریکا سنووردار کردنی هێزی سەربازی ژاپۆن، بەهێزکردنی بونیادی دارایی و زیادکرنی رەونەقی ئابووری و، لەپەرەپێدانی دیموکراسی و حکومەتی پارلەمانی بوو. ((مەك نارتوەر)) لەم بارەیەوە رێ و شوێنێکی عاقلانەی گرتەبەر. ئابووری ژاپۆن وەك ئەڵمانیا، لەرێگەی یارمەتیە داراییەکانی ئەمریکاوە بەرەو پێشکەوتن و پەرەسەندن هەنگاوی نا، کەئەمەش کاریگەریەکی زۆری لەسەر سەقامگیری باری ئابووری رۆژئاوا و جیهانی سەرمایەداری هەبوو. چین بەدەست جەنگی ناوخۆوە دەیناڵاند، هەرچەندە ئەمریکا داوای دامەزراندنی حکومەتی چیانکایچك و هێزی میلیۆنی لەو وولاتە دەکرد، بەڵام پێشنیازەکەی مارشال لەپێناو چاککردنی

باری ئابووری چین بەهەموو شێوەیەك ڕەت کرایەوە. ڕووسیا و ئەمریکا هەردوکیان سەرنجیان بۆ لای ئەورووپا دەچوو و لەئەنجامدا پێشڕەومیکردنی کۆمۆنیستەکان لەچین زیاتر پەیوەندی بەباروودۆخی ناوخۆی وولات و گۆڕانکاریە سیاسیەکانەوە پەیدا کرد، تاوەکو پشتیوانیکردنی یەکیەتی سۆڤیەت، کە لەڕاستیدا هیچ کاریگەریەکی لەسەر گۆڕانی باروودۆخەکە نەبوو. (دین ئاچسن) وەزیری دەرەوەی سەردەمی ((ترومن)) پاش سەرکەوتنی ((مائو)) لەساڵی ١٩٤٩ ڕوونی کردەوە، کەئەم سەرکەوتنە لەئەنجامی گۆڕانکاریەکانی ناوخۆی ((چین))ەوە هاتوەتە ئاراوە و تەنانەت دەستتێوەردانی ئەمریکاش نەیدەتوانی ڕێگای لێبگرێت. هەر لەم ماوەیەدا یەکیەتی سۆڤیەت یەکەمین بۆمبی ئەتۆمی خۆی تاقیکردەوە و دەنگۆیەك بڵاوبوویەوە کە گوایە [چەند کەسێك]یان هۆکارێك لەئەمریکا یارمەتی ڕووسیایان بۆ گەیشتن بەم سەرکەوتنە داوە. ژن و مێردێك بەناوی ((ڕوزنبرگ)) تۆمەتەکەیان خرایە پاڵ و لەسێدارە دران. هەرچەندە بەتەواوەتی ڕوون نەبوویەوە کەئەم دووانە بەڕاستی کارەکەیان ئەنجام دابێت.

ئەم ڕووداوانە کاریگەریەکی زۆریان لەسەر بیروڕای گشتی هەبوو، ناڕەزایەکانی دژ بەکۆمۆنیزم زیادی کرد و ترس و بیم کۆمەڵگەی ئەمریکای داپۆشی، شەبەحی گۆمۆنیزم وەك کراسەکەی حەزرەتی (عسمان (ر.ج)ی لێهات و گروپە جۆراوجۆرەکان وەك سەرچاوەیەك بۆ هێنانەدی بەرژەوەندیەکانیان بەکاریان هێنا. لاوێکی ئەندام لەنێو کۆنگرە کەبەدوای نازناوێك بۆ خۆی دەگەڕا، بەناوی ((ڕیچارد نیکسۆن)) وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای بەتۆمەتی کارکردن و لایەنگیری کۆمۆنیزم تاوانبار کرد و بەمەشەوە نەوەستا تەنانەت ((الجرهیس))ی ـ کەیەکێك بوو لەیاریدەدەرانی ((دین ئاچسن)) ـ بە تۆمەتی سیخوری کردن بۆ ڕوسیا هێنایە بەردەم دادگای وولات و. سناتۆرێك بەناوی ((جۆزێف مەك کارتی)) کە لەپشێوی ئانەوەدا زۆر بلیمەت بوو، بنەمای سیاسەتەکەی لەسەر بنچینەی ترسان لە کۆمۆنیزم دانا، مەترسی لەناوچوونی وڵاتی هێنایە نێو قسە و باسان و خەڵکی بەبێ هیچ بەڵگەو نیشانەیەك بەچالاکی کۆمۆنیستی تاوانبار دەکرد، دام و دەزگاکانی دەوڵەتی بەلاتکەی کۆمۆنیزم ناو دەبرد. ((مەك کارتی)) بەو پشتیوانیەی کە لەلایەن گروپە جیاوازەکانەوە لێی دەکرا، ڕۆژبەڕۆژ چاونەترس و ئازاتر دەبوو. ئەو کۆچبەرانەی کە تازە دەهاتن و یان ئەو کرێکارانەی کەلەم ڕێگەیەوە دەیانویست نیشتیمانپەروەری خۆیان بسەلمێنن، سیاسەتمەدارانی محافەزەکار و، تەعەووسەتە نەژادپەرستیەکانی وەك ((جۆن بیرچ))، هەمرو ئەو تاك و گریانە بوون کە پشتیوانیان لەم سیناتۆرە هەڵ قۆزەر و جەنجاڵیە دەکرد، کە بەمەسەلەی کراسەکەی عوسمان لێکردنی شەبەحی کۆمۆنیزم هەوڵی لەناوبردنی ئازادیەکانی کۆمەڵگەی ئەمریکای دەدا.

((مەك كارتیزم))، واتە ئەو شێوازە ڕاست گەرایيەی كە سیناتۆر ((مەك كارتی)) بەهات و هاوار بەرپێی كرد، لەڕاستیدا تۆلەیەك بوو كە لەلیبرالیزمی سەردەمی ((ڕۆزفلت)) سەنرایەوە. ژمارەیەكی زۆر لەڕووناك بیران خرانە نێو ((لیستی ڕەش))ەوە، ژمارەیەكی تر لەسەر كار لابران و هەندێكیش خرانە نێو گرتووخانەكان و هونەرمەندانێكی وەك ((چارلی چاپلین))، نوسەرانێكی وەك ((ئارتور میلەر))، دەرهێنەرانێكی وەك ((جۆزێف لوسی)) بەتۆمەتی كار و چالاكی بۆ كۆمۆنیزم تاوانبار كران. حیزبی دیموكراتیش تۆمەتی خیانەتی لەوولاَت خرایە پاڵ و ئەندامانی حیزبی كۆمۆنیست ناچار بەناو نوسین لەدادگادا كران. تۆمەتی بێ بنەما ، غەرەزی شەخسی، لەگەڵ بەكارهێنانی دەسەلاَت لەلایەن كەسانی نامەسئولەوە ڕێگا خۆشكەر بوون بۆ ئەوەی ((مەك كارتی)) بۆ ماوەیەك دەسەلاَت بەسەر باروودۆخەكەدا بسەپێنێت. نەشارەزایی ((مەك كارتی)) زیاتر لەوەلاَمدانەوە سادە و ساكارەكانیدا ڕەنگی دەدایەوە : چین بوو بەكۆمۆنیست چونكە ((خائینەكانی)) وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا وایان دەویست، یەكێتی سۆڤیەت بوو بەخاوەنی بۆمبی ئەتۆمی، چونكە سیخوڕەكانی ئەمریكا یارمەتیان دان و ئەمریكیە كۆمۆنیستیەكانیش پلانێكی نێودەوڵەتیان بۆ لەناوبردنی كۆمەڵگەی ئەمریكی داڕشت. لەكۆتایدا ڕایگەیاند كەهەركەس دان بە مەنتیقی بوونی بۆ چوونەكانیدا نەنێت، دژی ئەمریكا و دوژمنی مرۆڤایەتیە. لەو جۆرە كەسانەی كەزۆر بەجورئەت و ئازایانە ڕەخنەیان لە ((كارتی)) و شێوازە نامرۆڤانەكەی گرت، هەردوو سیناتۆری ئەمریكی ((فۆلبرایت)) و ((مارگارێت چیس نسمیت)) بوون، بەلاَم بەگشتی كۆمەڵگەی ڕاست گەرایی پاش جەنگ ئامادەیی قبولكردنی كەسانێكی وەك ((مەك كارتی)) تێدابوو. كۆمیتەی چالاكیەكانی ((دژە ئەمریكایی)) لەسنا، كرا بەناوەندی فەرماندەیی ((مەك كارتی)) و بەبێ گوێ دانە یاسا، بەبێ هیچ جۆرە پاساو و بەڵگەیەك خەڵكی تاوانبار دەكرد و دەیخستە زیندانەوە و دواتر ڕەوانەی گۆڕستانی دەكرد. ((مەك كارتیزم)) كاریگەریەكی زۆری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی كۆمەڵگەی ئەمریكی هەبوو. دادگای باڵا یاسایەكی كەبەهۆیەوە هەركەس بیەوێت چالاكی شۆڕشگێڕانە ئەنجام بدات دەبێت سزا بدرێت، پەسەند كرد. گۆڕانكاری لەمەرجەكانی كۆچكردن بەرەو ئەمریكا كراو كۆمۆنیستەكان لەو مافە بێ بەش كران، بلاَوكردنەوەی بەرهەمی زۆرێك لەو نوسەرانەی كەبۆچوونێكی چەپیان هەبوو قەدەغەكرا.

بەلاَم ((مەك كارتی)) بەو هەموو دەنگ و هەرایەی كە نایەوە، نەیتوانی خۆی وەك یەكەمین هیتلەری ئەمریكا بنوێنێت. چونكە دامەزراوەی سیاسی و كۆمەلاَیەتیەكانی ئەمریكا هێشتا بنەما و نەریتە ئازادیخوازەكانی خۆی نەدۆڕاند بوو ـ ئەو نەریتانەی كە ڕێگایان بەكەسانێكی وەك ((مەك كارتی)) بۆ سنووردار كردنی ئازادیە تاكەكەسیەكان و سەروەری سیاسی نەدەدا. ((مەك

کارتیزم)) بەو خێراییەی کەسەری هەڵدا بەهەمان شێوەش تواییەوە. لەساڵی ١٩٥٤ کاتێك کەداوا کاریەکەی ((مەك کارتی)) بۆ دامەزراندنی یەکێك لەهاوکارەکانی لەریزەکانی سوپای ئەمریکادا ڕەت کرایەوە، ناوبراو وەك نەریتی هەمیشەیی خۆی دەستی بەهات و هاوار کرد، سوپای ئەمریکای بەو تۆمەتەی کەخستیە پاڵ حیزبی دیموکرات تاوانبار کرد. بەڵام ئەمجارە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەخستنە رووی چەند بەڵگەنامەیەك نهێنیەکانی ئاشکرا کرد، کەسایەتیە بەرژەوەندی خوازیەکەی بۆ هەموان دەرخست. چەند مانگ دوای ئەو ڕووداوە سنای ئەمریکا بە زۆرینەی دەنگ بەتاوانی بێ ڕێزی کردن بەرامبەر پلە و پایەی سنا بریاری دەستگیر کردنی ناوبراوی دەرکرد دوای سێ ساڵ لەو پەڕی نائومێدی و پەرێشانیدا سەری نایەوە. دیوانی باڵا بەدانانان بەیاساکانی لیبراڵ لەناوەراستەکانی دەیەی پەنجا، فەرمان بەتێکەڵکردنی نەژادی لە قوتابخانەکان ، هەڵوەشاندنەوەی سزادانی چوارده گیراوی کۆمۆنیست، وەك دەسەڵاتێکی یاسایی بەرێز و سەربەخۆ مایەوە. لەساڵی ١٩٥٢ حیزبی دیموکرات سناتۆر ((ئادلای ئستیونسۆن))ی ـ کەلەسەرمایەدارە لیبراڵەکان و درێژەپێدانی قوتابخانەی ڕۆزفلت بوو ـ بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری کاندید کرد، بەڵام ئە هەڵبژاردنەکاندا بەرامبەر بەرکابەرە کۆماریخوازەکەی واتە ((ئایزەنهاوەر)) شکستی خوارد. ((ئایزەنهاوەر)) کەسێکی نەرم و نیان و میانەرەو بوو، بەڵام دەتوانرێت دەستنیشانکردنی ((جۆن فاستر دالس)) بۆ پۆستی وەزیری دەرەوە بەیەکێك لەهەڵەکانی ناوبراو دابنرێت، چونکە بەهەڵبژاردنی ((دالس)) دژایەتی و بەرەنگاربوونەوەی کۆمۆنیزم چڕ و توند تر کرایەوە و وەك جیهادێکی پیرۆزی نێوان فریشتە و ئەهریمنی لێهات.

لە ١٩٥٠ قەیرانێکی سیاسی لەنیمچە دوورگەی کۆریا سەری هەڵدا کە بەخێرایی شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازی گەورەی بە خۆوە گرت. ئیمە دوورگەی کۆریا حکومەتێکی دەست نیشاندەری چین بوو، لەساڵی ١٩١٠ بەدواوە یەکێك بوو لەداگیرگەکانی ژاپۆن. پاش جەنگی دووەمی جیهانی ، کۆریا بۆ دوو ناوچەی ژێردەسەڵاتی ڕووسیا و ئەمریکا دابەشکرا، بۆ ئەوەی دواتر بە هەڵبژاردنی ئازاد یەکیەتی هەردوو ناوچەکە دەستەبەر بکرێت. بەڵام بەو شێوەیەی لێ ئەهات و بارودۆخ و پشێوی جیهانی پاش جەنگ، پێویستی بە پراکتیککردنی وەها بەڵێنێك نەدەکرد. حکومەتەکانی ئەڵقە لەگوێی ڕووسیا و ئەمریکا لەنیمچە دوورگەی کۆریادا بەرەسمی ڕاگەیەنران. لەساڵی ١٩٥٠ بەهۆی ئەو دەست درێژیەی کە لەلایەن هێزە سەربازیەکانی کۆریای باکوورەوە کرایە سەر کۆریای باشوور، ویلایەت یەکگرتووەکان لەژێر چاودێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هێزەکانی خۆی بۆ پشتیوانیکردن لەکۆریای باشوور خستە حاڵەتی ئامادە باشیەوە. ((مەك ئارتور)) فەرماندەی هێزە سەربازیەکانی ئەمریکا لەئاسیای ڕۆژهەڵات، باوەڕی

وابوو کەپێویستە بەبەکارهێنانی بۆمبی ئەتۆمی، ئەنجامی جەنگەکە ئەکلایی بکرێتەوە، بەڵام ((ترومن)) داوای جەنگێکی سنووورداری دەکرد لەگەڵ کۆریادا. ئەمەش وای لە ((ئارتور)) کرد کە دژایەتی خۆی بۆ پێشنیازەکەی سەرۆك ڕابگەیەنێت و بەتوندی ڕەخنە لەسیاسەتی وڵاتەکەی بگرێت، لەبەرامبەریشدا حکومەتی ئەمریکا هەستا بەبانگهێشت کردنەوەی ((ئارتور)) و کۆتایی بە ئیقتیداری سەربازی ناوبراو هێنا. ئەم هەڵوێستەی ترومن لەسەردەمی گەیشتنە لووتکەی دەسەڵاتی ((مەك کارتیزم))دا ـ دژ بەسەربازەکان ـ هەنگاوێکی بەجەرگانە بوو، هەرچەندە نارەزایی نەیارانی حیزبی دیموکراتی لێکەوتەوە و ئەوانیان بە تۆمەتی هاوکاریکردن لەگەڵ کۆمۆنیزم تاوانبار کرد. بەهەر حاڵ ((ترومن)) و ((دین ئاچسن)) وەزیری دەرەوە و ڕاوێژکارە سیاسیەکانی توانیان پارێزگاری لەسنووردار بوونی جەنگەکە بکەن، بەڵام لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی١٩٥٢دا حیزبی دیموکرات نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنن و جڵەوی دەسەڵاتی بۆ کۆماریخوازەکان چۆڵ کرد. ((ئایزنهاوەر)) فەرماندەی سەربازی ئەمریکا لەجەنگی دووەمی جیهانی و پاڵەوانی سەرکەوتنی بەرەی هاوپەیمانان پۆستی سەرۆك کۆماری بەدەست هێنا، جەنگی کۆریا لە ١٩٥٣ کۆتایی پێهات و سنووری ناوچەکانی باکوور و باشوور ، بەپێی هێڵی ٣٨ پلە دیاری کران.

جەنگی کۆریا گۆڕانێکی نوێبوو لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا. ئەمریکا نەتەنها خۆی لەنێو کاروبارەکانی تایبەت بە ئەورووپادا هەڵقورتاند، بەڵکو چەندەها ڕێککەوتنی نوێی لەئاسیا و ئۆقیانوسی ئارامدا مۆرکرد. لەگەڵ دەست بەکاربوونی وەزارەتەکەی ((دالس)) قۆناغێکی نوێی جەنگی سارد دەستی پێکرد و ئەمریکا بەڵێنەکانی خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی جیهانی ئازاد و کۆمۆنیزمدا فراوانتر کرد. ((دالس)) دانی بەدەوڵەت نوێکەی چیندا نەناو دژی بەئەندامبوونی ئەو وڵاتە لەنێو ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان وەستایەوە، حکومەتی ((چایکانچك)) لەدوورگەی تایوانی بەتەنها نوێنەرێکی ڕەسمی میللەتی چین ناوزەد کرد. بەمردنی ((ستالین)) لەساڵی ١٩٥٣ و دەست پێشخەری وڵاتی چین بۆ بەرقەرارکردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەمریکا، ئەو بارودۆخەی کە لەئەنجامی جەنگی ساردەوە هاتبویە ئاراوە، گۆڕانی بەسەردا هات. بەدەرکەوتنی هەندێك لەسەرچاوە نوێیەکانی دەسەڵات وەك چین، بزووتنە نەتەوەییەکانی وڵاتانی جیهانی سێ یەم، سیاسەتی جیهانی پێویستی بەنەرم و نیانیەکی زیاتر بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان هەبوو، بەڵام وەزیری دەرەوەی ئەمریکا واتە ((دالس)) تەنها سیفەتێك کەتیایدا نەبوو ئەم نەرم و نیانیە بوو، چونکە ئەو کەسایەتیەکی تابڵێی ووشك و توند بوو. بەتێڕوانینی ئەو، جیهان لەنێوان دوو بۆچوونی سەرمایەداری و کۆمۆنیستیدا دابەشکرابوو، کەوەکو دوو هێزی ئەهورایی و ئەهریەنی

پێکەوە شەڕیان دەکرد و، هەموو شتێك بەشێوەیەکی ڕەها یان سپی یان ڕەش بوو. ناسین و دانانان بەڕاستیە نوێیەکانی ژیان بەلایەوە زۆر گران بوو.

((جۆن فاستەر دالس)) قەشەزادەیەکی پرۆستانت بوو، کە باوەڕی وابوو لەلایەن مەسیحەوە پەیامێکی نوێی بۆ جیهانی شارستانی هێناوە. جەنگی ساردی بەرووبەڕووبوونەوەی کلاسیکی نێوان ڕاستی و درووستی لەگەڵ گوناە و ناشیرین لێك دەدایەوە و کۆمۆنیزمی لەگەڵ هەر شتێکی پیس و ئەهریمەنی یەکسان دەکرد. کەسایەتی دەمارگیر و بیرکردنەوەی ووشکی ئەو لەبەرەنگار بوونەوەی کۆمۆنیستە ((کافرەکان))، کە لەگەڵ دادوەری ئاکاری لەکاروباری سیاسەتی دەرەوە، وێنەیەك لە ((دالس)) پیشان دەدات، کەنووسەری بەسەرهاتی ئەو ((تاونزەند هوپ)) لەکتێبی ((شەیتان و جۆن فاستەر دالس))دا کێشاویەتی. ئەو لەتەمەنی ٦٥ ساڵیدا پۆستی وەزیری دەرەوەی پێ سپێررا. باوکی بانگەشەکاری ئاینی پرۆستانت لە وولاتی چین بوو، پێش خۆی دووکەس لەبنەماڵەکەی کرابوونە وەزیری دەرەوە و، بڕوانامەی زانکۆی پرینستۆنی هەبوو، هەروەها ئەرك و پیشە جیاوازەکانی وەك کاروباری دارایی لە ((ڤاڵ ئیستریت)) ناوەندی بازرگانی نیۆیۆرك، ڕاوێژکاری مافەکان لە واشنگتۆن و، ئەندام لەدەستەی سیاسی ئەمریکا بۆ ڕێکخستنی پەیمانی هاوکاری لەگەڵ ژاپۆنی گرتبووە ئەستۆ. بەڵام بەم هەموو ئەزموونەی کەپەیدای کردبوو هێشتا نەیدەتوانی دەرك بەگرفت و تەنگ و چەڵەمەکانی جیهانی پاش جەنگ بکات.

((دالس)) بزووتنەوە نەتەوەییەکان، شۆڕش و هەستانەوە دژ بەحکومەتە دیکتاتۆریەکان و ڕاپەڕینی دژ بەکۆلۆنیالیزمی لەئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتینی ـ کە زۆربەیان پەیوەندیان بەجەنگی ساردیشەوە نەبوو ـ بە ((پیلانی کۆمۆنیزمی نێو دەوڵەتی)) ناودەبرد.

((ئایزنهاوەر)) لەساڵی ١٩٥٢ بوو بەسەرۆك کۆمار، ئەو کەسێکی سەربازی میانەڕەو، ئاشتی خواز و سادە بوو. وەك ((ویلیام شانون)) لەکتێبی ((سەردەمی سەرۆك کۆماری ئایزەنهاوەر))دا نوسیویەتی : ئەو کەسایەتیەکی هاوسەنگ لەگەڵ شعورێکی سیاسی مامناوەند بوو، کە زیاتر لەپاسەوانی بنەماکانی سیاسەتی وولاتەکەی دەچوو تاکەسێکی داهێنەر بەکۆمەڵێك بەرنامەی چاکسازیخوازانەوە، ئەو سەربازێکی قارەمان و سەرکەوتوو بوو کە زیاتر لەهەموو شتێك بایەخی بەپاراستنی ڕەوشتی هەنووکەیی وولاتەکەی دەدا تاوەکو کەسێك بەدوای جموجوڵ و گۆڕاندا بگەڕێت. بەڵام دەستنیشانکردنی ((دالس)) بۆ پۆستی وەزیری دەرەوە لەگەڵ ئەو سیاسەتە میانە ڕەوانەدا هەماهەنگ نەبوو. بەهاتنە سەرکاری ((دالس)) زروێك لەکادیرانی وەزارەت لەسەر کار لابران. ((جۆرج کنان))کە زیاتر لەهەر دیبلۆماسێکی تر شارەزای کاروباری

[مەسەلەکانی] تایبەت بەیەکیەتی سۆڤیەت بوو، خانەنشین کرا، سیاسەتی جەنگی ساردیش گەیشتە لووتکە.

بەهێزکردنی ووزەی ئەتۆمی پەرەپێدانی چەکی ناوەکی، ئامادەکردنی هێزێکی سەربازی پێشکەوتوو بەپشت بەستن بە پێشکەوتنی پیشەسازی، یارمەتی دارایی و سەربازی وولاتانی تازە پێگەیشتوو بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی کۆمۆنیزم و بەستنی چەندەها رێککەوتننامەی سەربازی لەناوچە جیاجیاکانی جیهان سیاسەتی دەرەوەی دەیەی پەنجا پێك دەهێنێت. هەندێك لەیارمەتیە داراییەکانی ئەمریکا وەك پێشنیازەکەی مارشال لەئەوروپا ئەنجامێکی باشی بۆ ئەمریکا بەدەست هێنا و رەونەقێکی نوێی بەژیانی ئابووری وولاتانی ئەوروپا بەخشی. هەرچەندە ئەم یارمەتیانە بەتەواوەتی گرفتەکانیان چارەسەر نەکرد، بەلام چەندەها بەڵێن و رێککەوتنی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان بەدواوە بوو. لەباشووری رۆژهەلاتی ئاسیا و لەپێناو رووبەرووبوونەوەی کۆمۆنیزم، هاوکاری خۆی بۆ هێزەکانی فەرەنسا دژ بەوولاتانی هیند و چین دوویات کردەوە. لەو شوێنانەی کەدەرفەتی گفتوگۆکردنی لەگەڵ لایەنەکانی بەرامبەر بۆ دەرەخسا، دەرئەنجامی زۆرباشی لێدەکەوتەوە، وەك ئەو رێککەوتنەی نێوان ئەمریکا و سۆڤیەت لەساڵی ١٩٥٦، پاش رووداوی خۆماڵیکردنی کەناڵی سوێس، کەتیایدا جەخت لەسەر بەکارهێنانی هێز لەبەرامبەر ئیسرائیل و پشتیوانە فەرەنسی و ئینگلیزەکانی کرایەوە و بوو هۆی پاشەکشێ پێکردنی هێزەکانی ئیسرائیل لەسوێس و نیمچە دوورگەی سینا. بەلام بیری یەکپارچەیی دونیای کۆمۆنیزم بوویە کۆسپێکی گەورە لەبەردەم هەڵسەنگاندنی ئەو گۆرانکاریە جەوهەریانەی کە لەئەوروپای رۆژهەلاتدا رویان دەدا. لەوانە سەربەخۆیی دەوڵەت کۆمۆنیستەکانی وەك یوگسلافیا لە مۆسکۆ، راپەرینی مەجەر لەساڵی١٩٥٦، کەبەو پەری توندوتیژی و زەبری سەربازی یەکیەتی سۆڤیەت دامرکایەوە، ناکۆکیەکانی نێوان چین و سۆڤیەت. داڕێژەرانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، هێشتا لەسەر سیاسەتی جەنگی سارد بەردەوام بوون و بەدوای جەنگێکی خاچ پەرستی نوێ کەوتن. ((دالس))یش زۆر بەشەیدایی بەبەستنی چەند پەیماننامەیەکی جۆراوجۆر خۆی لەکاروبارەکانی ئاسیای رۆژهەلات و رۆژئاوادا سەرقاڵ کرد.

((جۆرج کنان)) دیپلۆماتی ئەمریکی کە ((سیاسەتی گەمارۆ دراو)) ی جیهانی کۆمۆنیزمی پێشنیاز کردبوو، دوای چەند ساڵێك لەبیرەوەریەکانی خۆیدا دەنوسێت : ((سیاسەتی دەرەوەی ئێمە لەرووبەروبوونەوی کۆمۆنیزمدا پەنای بۆ هێزی سەربازی برد و ئەو دەرفەتانەی کە بۆ بەرقەرارکردنی ژینگەیەکی دۆستانە رەخسابوون لەدەستدا، لەئەنجامدا داتی بەدابەشبوونی ئەوروپا بۆ دوو بلۆکی رۆژهەلات و رۆژئاوا دان... بەمردنی ((ستالین)) و گۆرانکاریەکانی جیهانی

کۆمۆنیزم، سەردەمی جەنگی سارد بەرەو کۆتایی دەچوو ، بەڵام سیاسەتی ئێمە هێشتا لەسەر شێوازە دوژمنکاریەکانی هەر بەردەوام بوو.))

هەرچەند ((ئایزنهاوەر)) وەکو خۆی هەمیشە خوازیاری درێژەدان بەسیاسەتی میانە ڕەوانە بوو، کار و کردەوەکانی لە چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەو بارودۆخە ترسناکەی سەردەمی ((مەك کارتیزم)) و سیاسەتی سەردەمی ستالین بەرز دەنرخێنێت، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، ئەوەیە کە ئەگەر لەجیاتی هەڵبژاردنی ((دالس)) بۆ پۆستی وەزیری دەرەوە، گوێی لەبیروڕاو بۆچوونەکانی وەك ((جۆرج کنان)) بگرتبایە و، بەرامبەر بەگۆڕانکاریەکانی جیهانی سێیەم و ڕاپەڕینە نەتەوەییەکان لێك تێگەیشتنێکی زیاتری پیشان بدایە و بەچاوێکی وورد تر سەیری گۆڕانکاریەکانی جیهانی کۆمۆنیزمی بکردایە، ئەوا ئەگەری زیاتری هەبوو کە لەدوای کۆتایی هاتنی هەشتساڵی سەرۆکایەتیەکەی جیهانێکی ئارامتر و دوور لەمەترسی شەڕ بەجێ بهێڵێت.

لەڕووی سوننەتی مێژووییەوە، ئەمریکا هەمیشە پشتیوانی لەهێزی یاسا بەرامبەر بە دەست درێژی و زۆرداری کردوە و شێوازی سیاسەتی دەرەوەی لەسەر بنەمای پیلان دارشتن، گفتوگۆی نهێنی، ڕەت کردۆتەوە، جەختی لەسەر سیاسەتێك کردۆتەوە کە لەسەر بنەمای دادپەروەری، پاراستنی ئازادی و خۆ بەڕێوەبەری، لەگەڵ هاوکاری و لێك تێگەیشتن نێو دەوڵەتی بونیاد نرابێت. بەڵام دوای جەنگی دووەمی جیهانی ، ئەمریکا لەچوارچێوەی ڕابەری جیهانی ئازاد، بەرادەیەك خۆی گیرۆدەی بەرگریکردن لەم ئامانجانە کرد و بەئەندازەیەك پشتی بەرێ و ڕەسمی ئەمریکی وەك نموونەی کۆمەڵگەیەکی چاکتر بەست، کەلەپێناو بەرگریکردن لەو بەها پیرۆزانەی خۆی لەنێو گێژاوێکی سەرباز و سیاسی درێژخایەندا گرفتار کرد. ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کە لەدەمیەی پەنجا بەدواوە وەك داڕێژەری سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕۆڵی دەبینی، بەبێ هیچ جۆرە گرنگیدانێك بەراستیەکانی جیهان بۆ درێژەدان بەم سیاسەتە، ئەو پەڕی هەوڵەکانی خۆی خستە گەڕ. دەرئەنجامەکەشی شکستە تاڵەکەی ڤێتنام بوو.

سەرکەوتنی ئەمریکا لە جەنگی ناوەندا

وێنەی چوار سەرکردەی ئەمریکا کە بەشاخێکەوە هەڵکۆڵدراوە

جۆرج واشنگتۆن، تۆماس جەفرسۆن، تیۆدۆر رۆزفلت و ئەبراهام لینکۆڵن

بەشی دوەم:

دەیەی پڕ لەناژاوە و گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکان

دەیەی ۱۹٦۰ لەڕووی گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکانەوە بەیەکێك لەسەردەمە سەرنج ڕاکێشەکانی مێژووی ئەمریکا دەژمێررێت. کۆشش لەپێناو دەستەبەرکردنی یەکسانی مافی شارستانی ڕەشەکان و نارەزایی دەربڕین دژ بەرەگەز پەرەستی، چالاکیەسیاسی و کۆمەڵایەتیەکان هاوکات لەگەڵ چاوکرانەوە و هۆشیاری توێژی لاوان سەبارەت بەبەهاو نەرکەکانی دەوڵەت لەبەرامبەر هاوڵاتیان، بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزایی دژ بەجەنگی ڤێتنام، ڕەت کردنەوەی هەر جۆرە جیاوازیەکی ڕەگەز و هەوڵدان بۆ بەرجەستەکردنی مافی کۆمەڵایەتی نافرەتان، ئەو تایبەتمەندیانە بوون کە ئەمریکای ئەم سەردەمەی لەڕابردووی خۆی جیاکردەوە.

بەهەڵبژاردنی ((جۆن کەنەدی)) بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری لەساڵی۱۹٦۰، لیبرالیزمی ئەمریکا هێز و ووزەیەکی نوێی وەرگرت و سەرنجی کۆمەڵگەی ئەمریکی بۆ لای نادادپەروەریەکانی ئەو کات ڕاکێشا. نزیکەی یەك لەسەر چواری تێکڕای دانیشتوانی ئەمریکا بەدەست هەژاریەوەدەیناڵاند، دەمارگیری نەژادی نەتەوەی ڕەشی لەچوارچێوەی توندوتیژیە کۆمەڵایەتیەکاندا کۆت کردبوو، ژنان لەگەڵ وەرگرتنی مافە سیاسیەکانیان، بەڵام هێشتا لەزۆربەی خزمەت گوزاریە کۆمەڵایەتیەکانیان بێ بەش دەکران.سەردەمی سەرۆك کۆماری((کەنەدی)) سەردەمی ئومێدەواری وگەشبینی بوو.ئەو لاوترین کەس بوو کە توانیویەتی لەتەمەنی ٤٣ ساڵیدا ببێتە سەرۆك و بەو پەری باوەڕ بەچارەسەر کردنی گرفتە کۆمەڵایەتیەکان، بەمتمانە بەخۆبوون و ڕوحیەتی لاویەتی و گەشبینی و ئومێدەواری، دەیەی سەر سوڕهێنەری شەستی بەبیرکردنەوەیەکی نوێوە دەست پێکردبوو.

ئەم سەردەمە بەبەراورد لەگەڵ دەیەی پەنجا زۆرجیاوازە. لەدەیەی پەنجا کۆمەڵگەی ئەمریکی زیاتر بایەخ و گرنگی بەئاسایش و خۆشگوزرانی مادی دەدا لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی پڕ لەئازونیعمەت. خۆشگوزەرانی پاش جەنگ، بازارەکانی ئەمریکای لەبەرووبوومە جۆراوجۆرە ڕەنگاوڕەنگەکان پڕ

کردەوە.بەبەکارهێنانی ئامرازوئامێری کارەبایی، سوود وەرگرتن لەئامێرەنوێیەکانی ناوماڵ، بیناکاری فراوان لەدەوروبەری شارەکان، بەسوود وەرگرتن لە پێشکەوتوو ترین ئامێرەکان، مژگێنی ژیانێکی ئاسوودەی مادی بەچینی ناوەندی کۆمەڵگەی ئەمریکی دەدا. خەڵکی ئەمریکا بەبێ گرنگیدان بەجەنگ و ئەو گرفتە کۆمەڵایەتیانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە،ڕوویان لەبازاڕەکانی بەکار بردن کرد، هەموو لەهیچ جۆرە هیوایەك بۆداهاتوو بەپشت گوێخستنی لایەنی کۆمەڵایەتی دڵیان بەخۆشگوزەرانی مادیەوە خۆش کرد. زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگە بەژیانی پڕ لەنازونیعمەت و یەکسان، خانووی هاوشێوە و یەك جۆرە بیرکردنەوە ڕازی و خۆشحاڵ دەبوون. کۆمەڵە هۆکارێکی جۆراوجۆر لەپشت ئەم دیاردەیەوە بوون.

قەیرانی ئابووری ساڵەکانی سی، کۆمەڵگەی ئەمریکی لەناباوەڕی و ترسان لە هەژاری و وەرشکست بوون نزیك کردەوە. هەندێکیان لەژیان بێ بەش کران و ئومێدیان بە ئایندە لەدەستدا. بەڵام سیاسەتی ئابووری ((ڕۆزفلت))، لەگەڵ بەرەو سەندنی لایەنی مادی ساڵەکانی جەنگ، بارودۆخەکەی هێور و ئارام کردەوە.ئەوەی پەنجاکان کە هێشتا بیرەوەریە تاڵەکانی سەردەمی هەژاری و پەرێشانیان فەرامۆش نەکردبوو،لەهیچ جۆرەهەوڵدانێکبۆ پڕکردنەوەی پێداویستیە مادیەکانیان سڵیان نەدەکردەوە. لەلایەکی ترەوە کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی،دوو گەورە زلهێزی سۆڤیەت و ئەمریکای ڕووبەڕووی یەکتر کردەوە. جەنگی ئایدۆلۆجی و کێبڕکێی سیاسی، بۆ پاراستنی سنووری دەسەڵاتی جیهانی ئازاد و کۆمۆنیزم، قەیرانی ساڵەکانی جەنگی ساردی هێنایە پێشەوە کە تاشەستەکانیش هەر بەردەوام بوو. ترسان لەکۆمۆنیزم، سەرنجی بیروڕای گشتی بۆ لای سیناتۆرێکی بێ ناونیشانی وەك ((جۆزێف مەك کارتی)) ڕاکێشا.گروپە ڕاست ڕەوو محافزەکارەکان بەهێزتربوون وکۆمەڵگەی ئەمریکی زیاتر لەهەموشتێك هەوڵی پاراستنی ڕەوشی هەنووکەیی دابین کردنی ئاسایشی مادی دەدا. سەرۆك کۆمارێتی ((کەنەدی)) شەوق و زەوقێکی نوێی بەچاکسازیخوازان و توێژی لاوان بەخشی. لەشەستەکان، خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی، ترسی داهاتووی ڕەواندەوە و سەرنجی ئەمریکای بۆلای دیاردەی ڕەگەزو پەرستی و بێ سەروبەریەکانی ناوخۆڕاکێش.((کەنەدی)) کەسێکی خوێندەوار، لاوو، یەکەمین سەرۆك کۆماریش بووکەکە لەلایەن بنەماڵەیەکی کاتۆلیکەوە پەروەردەکرابێت.بەبەراوورد لەگەڵ ((ئایزنهاوەر)) ماوەی سەرۆکایەتی ((کەنەدی)) بەسەرتای بەشێکی نوێ لەمێژووی سیاسی ئەمریکا دەژمێررا. ((ئایزنهاوەر)) لەتەمەنی ٧٥ ساڵیدا بوو بەسەرۆك کۆمار لەکاتێکدا کە ((کەنەدی)) توانی لەتەمەنی چل و سێ ساڵیدا ئەم پۆستە بەدەست بهێنێت.

بەپێچەوانەی ((ئایزنهاوەر)) کە زۆرینەی هاوکارەکانی سەر بەچینی سەرمایەداری و بازرگانە گەورەکانی ئەمریکا بوون ،کەنەدی توانی ژمارەیەکی زۆر لە توێژی لاوان، قوتابیانی زانکۆ،ماف پەروەران لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە.

بەڵام لەرووی هەڵسوڕاندنی کاروباری ناوخۆییەوە لەگەڵ ئەو هەموو گوڕوتینەی کە لەپێناو پراکتیزەکردنی دادپەروەری وکۆمەڵایەتی دەیدا ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر بوویەوە.پێشنیازە چاکسازیەکانی لەبواری تەندروستی گشتی، فێرکردن، ڕێکخستنی شارەکان، ریفۆرمی باج و مافی شارستانی ڕەشەکان نایانتوانی ڕەزامەندی ئەندامانی کۆنگرێس بەدەست بهێنن. جگە لەمانش، کەنەدی ناوی لەگەڵ خاوەن سەرمایە ودەسەڵاتەخوازاوانەکەیان لەکاروباری سیاسیدا نەدەچوو بەجگۆیەکدا. کۆمپانیای پۆڵای ئەمریکا کە یەکێك لەدامەزراوە هەرە گەورەکان بوو،داوایەکی لەمەڕ زیادکردنی نرخەکان پێشکەش کرد،لەبەرامبەریشدا ((کەنەدی)) بەمەبەستی بەرپەرچدانەوەی خواستەکانی ئەو کۆمپانیایە، یاسای دژە تراستی خستە گەڕ و مەسەلەی [لێکۆڵینەوە] بەدوادا چوونی کاروباری ناوخۆی کۆمپانیاکەی هێنایە ئاراوە. لەبەرامبەر ئەم سەخت گیریەی ((کەنەدی))دا بەرێوەبەرانی کۆمپانیای پۆڵا لەسەر داواکەیان پاشگەز بوونەوە و کۆتاییان بەمەسەلەکە هێنا.

شێوازی ((کەنەدی))، لەگرنگیدان بەفەرهەنگ و هونراوە و مۆسیقا و هاندانی هونەرمەندان و ڕوناکبیران لەگەڵ بیرکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لەسیاسەتمەدارە کۆنەکاندا نەدەگونجا. وەکو یەکێك لەنوێنەرە دەسەڵاتدارەکانی کۆنگرێس دەڵێ ((مۆزیکی مۆتسارت، هونراوەی رابێرت فراست و شانۆگەری بالە و گفتوگۆی فەلسەفە و ئەدەبیات کە ئەم ڕۆژانە کۆشکی سپی بەخۆوە سەرقاڵ کردوە، لەرادەبەدەر ئەرستۆکراتیانەیە.))

بەواتایەکی تر، سیاسەتمەدارە محافزەکارەکان بەم شێوازەی ((کەنەدی)) زۆر بێزار دەبوون و دانیان بەو هەوڵ و کۆششەی ئەو لەپێناو چاکسازیە کۆمەڵایەتیەکاندا نەدەنا.((کەنەدی)) ناچار دەبوو زۆر بەووردی کارەکانی ڕاپەڕێنێت و ئومێدەواربوو کە لەدەوری دووەمی سەرۆکایەتیەکەیدا بەهێز و وزەیەکی زیاترەوە پەرە بەچاکسازیەکان بدات. ناوبراو لە ٢٢ی نۆڤەمبەری ١٩٦٣،کاتێك بەئۆتۆمبیلێکی سەر بەتاڵ بەشەقامەکانی ((والاس)) ئەتەکزاسدا تێدەپەڕی، ڕووبەڕووی هێرشێکی چەکداری بویەوە و کوژرا. مەرگی لەناکاوی ((کەنەدی)) ئەمریکا و جیهانی سەرسام کرد. حکومەتە یەك هەزار ڕۆژەکەی ((کەنەدی)) کەچاوی بەئاسۆیەکی ڕوناکتر بڕیبوو، کۆتایی پێهات و جیهانی دڵگران کرد. ئەو نمونەی نموەیەکی لاوو ئومێدەواری ئەمریکا بوو، هەروەها ئەو گوڕوتینەی کە خستیە دڵی چاکسازیخوازانەوە، دەسپێکی گۆڕانکاریەکانی دەیەی شەست بوو، دەیەیەك کە چاوەڕوانی سەرکەوتنی دادپەروەریە کۆمەڵایەتیەکانی لێدەکرا.

گرفتی سەرەکی ((کەنەدی)) لەسیاسەتی دەرەوەیدا چارەسەرکردنی قەیرانی کوبا بوو. رژێمە نوێیەکەی کوبا بەسەرکردایەتی((فیدل کاسترۆ)) کە لەکۆتاییەکانی دەورەی سەرۆکایەتی ((ئایزنهاوەر))دا دەستی بەکار کرد، بۆ ئەمریکیەکان مایەی نیگەرانی بوو، هەر لەو کاتەوە دەزگای ((سی ئای ئەی)) و حکومەتەکەی ئایزنهاوەر بەمەبەستی لەناوبردنی پلانێکیان دارشت و پاش وەرگرتنی رەزامەندی ((کەنەدی)) لەئاپریلی١٩٦١ خرایە قۆناغی جێبەجێکردنەوە. ژمارەیەك لەکوباییەکانی دانیشتووی ئەمریکا و نەیاری ((کاسترۆ)) ئامادەیی خۆیان بۆ گەڕاندنەوە بەرەو کوبا و بەپاکردنی شۆڕشێکی ناوخۆی دژ بەحکومەتی وڵاتەکەیان راگەیاند. بەڵام ئەم پلانە سەری نەگرت و لەکەنداوی ((خوکها))ی نزیك کەنارەکانی کوبا، شکستێکی قورسیان خوارد و پلانەکەشیان ئاشکرا کرا. ((کەنەدی)) دانی بەشکستەکەیدا ناو،لێپرسراویەتی پلانەکەی گرتە ئەستۆ:((سەرکەوتن بەسەدان باوکی هەیە بەڵام دۆڕان تەنهاوەهەتیوە...من لێپرسراوی دەوڵەتم ولێپرسراویەتی ئەم شکستە بەتەنهایی قەبوڵ دەکەم.))

کاتێك یەکێتی سۆڤیەت فەرمانی ناردنی چەند موشەکێکی بەرەو کەنارەکانی کوبا دەرکرد، ((کەنەدی)) بەجەرگانە رووبەرووی وەستایەوە. قەیرانی مووشەکەکان لەمانگی ئۆکتۆبەری ١٩٦٢، ئەگەری شەڕێکی دیکەی هێنایە ئاراوە. ((خرۆشچۆف)) کە لەوانەیە رکابەرە نوێیەکەی بەکەسێکی لاو بێ ئەزموون دانابێت،بەجێگیرکردنی مووشەکەکانی یەکێتی سۆڤیەت لەوڵاتەکەی تاقیکردنەوەیەکی مەترسیداری ئەنجام دا. سوور بوونی ((کەنەدی)) وهەڕەشەکانی بۆبەرەنگاربوونەوەی سەربازی ڕاستەوخۆ پاشەکشێ کردنی سۆڤیەت و هەڵگرتنەوەی مووشەکەکانی لێکەوتەوە. لەگەڵ ئەو هەموو ململانێ مەترسیدارەی کەلەنێوان ئەمریکا و سۆڤیەتدا روویدا، بەڵام ((کەنەدی)) توانی بنچینەی سیاسەتی پێکەوە ژیان و ئاشتەوایی رەنگ رێژی بکات. ئەو بەتەواوەتی پێویستی لێك تێگەیشتن و هاوکاری نێوان هێزەکانی روون کردەوە و دانی بەوەدا نا کە: ((دەبێت دان بەو راستیەدا بنێت کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەهێزترین وڵاتی جیهانی نیەو ئێمە تەنها ٦٪ی تێکرای دانیشتوانی جیهان پێك دەهێنین و ناتوانین بۆچوون و ویستی خۆمان بەسەر لە٩٤٪ی دیەکەدا بسەپێنین. ئێمە ناتوانین هەر جۆرە هەڵەیەك چارەسەر بکەین و نەهەر جۆرە خراپە و ستەمێك لەناو ببەین. کەواتە ناتوانرێت ڕێگا چارەیەکی ئەمریکایی یان رووسی بۆ هەر جۆرە گرفتێکی جیهانی دابنرێت.))

کەنەدی زیاتر لەهەموو سەرۆك کۆمارەکانی تر بەلای وڵاتانی ئەمریکای لاتینیەوە خۆشەویست بوو. دامەزراندنی سوپای ئاشتی، جەختکردنەوە لەسەر ((رێکخراوی یەکیەتی بۆ پێشکەوتن)) لەگەڵ پرۆژەکانی یارمەتیە دارایەکانی وڵاتانی ئەمریکای باشوور پێشوازیەکی گەرمی لێکرا.

بەرەچاوکردنی ئەوەی کەبارمەتیە دارایەکانی ئەمریکا لەرابردوودا زیاتر بۆ بەهێزکردنی حکومەتە سەربازیەکانی ئەمریکای لاتین تەرخان کرابوون، پلانی نوێ زیاتر گرنگی بەلادێکان و ژیانی چینی چەوساوەی کۆمەڵگە دەدا، تاوەکو پرکردنی گیرفانی ژمارەیەك دەسەڵاتدار. لەم ڕووەوە، بەرقەرارکردنی پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ وڵاتە سەربازیە دیکتاتۆریەکانی ئەمریکای لاتین ڕەت دەکردەوە.

((کەنەدی)) لەحکومەتە هەزار ڕۆژیەکەیدا لەگەڵ هەموو ئەو گیروگرفتانەی کە لەسەرەتای ماوەی سەرۆکایەتیەکەی ڕوویەرووی بوویەوە - وەکو قەیرانی کوبا - بیرۆکەی ڕێککەوتن و هاوکاریکردنی یەکیەتی سۆڤیەتی درێژە پێدا و تارادەیەکیش سیاسەتی جەنگی ساردی پشت ڕاست کردەوە. گرنگیدان بەمەسەلەکانی جیهانی سێیەم ، سیاسەتی ئەو بەرامبەر بەبزووتنەوە نەتەوەییەکان، چارەسەرکردنی قەیرانی کۆنگۆ وای پیشان دەدا، کە بەبەردەوامبوونی سەرۆکایەتیەکەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا نەرمتر و واقیعی تر دەبێت، هەمان شێواز کەلەسەردەمی نیکسۆن و کی سینجەردا گیرایە بەر و بەرەو لێك تێگەیشتنی زیاتری لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و چین لێکەوتەوە.

گرنگترین ئەو مەسەلانەی کەبوونە هۆی بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕەزایی و ڕق و قینی خودی ئەمریکاییەکان لەناوخۆیاندا، گرفتی نەژادی و تێکۆشان لەپێناو بەرجەستە کردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆ ڕەشەکان، فراوانبونی جەنگی ڤێتنام و خۆپیشاندانی خەلکی دژ بەجەنگ لەئەمریکا، یاخی بوونی لاوان لەژێر کاریگەری دیاردەی جیاوازی نەژادی و جەنگی ڤێتنام، لەکۆتایشدا ڕاپەڕینی ئازادی ئافرەتان بوو.

گەرمتی مافی شارستانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆ ڕەشەکانی ئەمریکا لەگرنگترین مەسەلەکانی ساڵەکانی شەست هەژمار دەکرێت. هەوڵدان لەم پێناوە بۆ ساڵەکانی ناوەڕاستی پەنجا دەگەڕێتەوە. لەساڵی ١٩٥٤ دادگای باڵای وڵات ڕایگەیاند کەجیاکردنەوەی نەژادی قوتابیان لەقوتابخانەکان لەگەڵ قانوونی ئەساسیدا یەکانگیرنیە. قوتابخانە سەرەتایی ناوەندیەکان تائەو کاتە بەشێوەیەکی جوودار بەپێی نەژادەکان وانەیان تیا دەوترایەوە. ئەو دامەزراوانە لە بنچینەدا چیژکی نایەکسانی کۆمەڵایەتیان دەگێڕایەوە و هۆکارێکیش بوون بۆ دابەزاندنی ئاستی خوێندەواری ڕەشەکان. بڕیاری دادگای باڵا بەهەنگاوێکی شۆڕشگێڕانە لەنێوان پەیوەندیە نەژادیەکانی ئەمریکا و سیستەمی فێرکردنی وڵات دەژمێررا. هەرچەندە ئەم بڕیارە تەنها قوتابخانەکانی دەگرتەوە، بەلام بەدڵنیاییەوە ئەنجامێکی باشی بەدەست هێنا و کاریگەری لەسەر تێکڕای یاساکانی جیاکردنەوەی ویلایەتەکانیش دەبێت. زۆرێك لەویلایەتەکان ناچار دەکران کە گۆڕانکاری لەسیاسەتی نەژادی خۆیان بکەن.

پراکتیککردنی ئەم بڕیارە کارێکی وەها ئاسان نەبوو، لەویلایەتەکانی باشوور بەرەنگاربوونەوە دژ بەتێکەلکردنی نەژادی بەشێوەیەکی هەمەچەشنە سەری هەلدا. یەکێك لەو شێوازانەی بەرەنگار

بوونەوە، داخستنی قوتابخانە گشتیەکان و یان ڕێگەگرتن لەناونوس کردنی قوتابی ڕەش پێست لەقوتابخانە بوو. لەساڵی ١٩٥٧ چوونە ژوورەوەی نۆ قوتابی ڕەش پێست بۆ قوتابخانەیەکی ئامادەیی لە ((لیتل ڕاك))ی سەر بە ویلایەتی ئارکانزاس زنجیرەیەك ئاژاوە و پشێوی گەورەی لێکەوتەوە و دەوڵەتی فیدراڵی ناچار تەداخولی کرد. یەکە سەربازیەکانی دەوڵەتی فیدراڵی بەمەبەستی ڕێگەگرتن لەپەرەسەندنی ئاڵۆزی و پشتیوانیکردنی قوتابیانی ڕەش پێست ڕەوانەی ناوچەکە کران و بەجێگیربوونی هێزەکان لەو شوێنانە، لەسەر قوتابخانەکان پێویست کرا کە بەبێ جیاوازی قوتابیە ڕەشەکانیش ناونوس بکەن. لەسەردەمی ((کەنەدی))یشدا بۆ جارێکی تر، هێزەکانی دەوڵەتی فیدراڵی بەمەبەستی پشتگیریکردنی قوتابیەکی ڕەش پێستی زانکۆی می سی سی پی ڕەوانەی ناوچەکە کران. بەم شێوەیە وردە وردە سیاسەتی بەرەنگاربوونەوەی سپی پێستەکان پشت ڕاست کرایەوە و ڕێگای بۆ ڕازیبوونی ڕژێمی لەپێناو تێکەڵکردنی نەژادیدا خۆش کرد.

بڕیاری دادگای باڵا بۆ تێکەڵکردنی نەژادی قوتابخانەکان چوارچێوەیەکی فراوانتری بەخۆوە بینی و ململانێ و نەبەردی ڕەشەکانی لەپێناو بەرجەستە کردنی یەکسانیە کۆمەڵایەتیەکان توندوتۆڵتر کردەوە. ژمارەیەك ڕێکخراوی نوێ بۆ بەرگریکردنی گشتی، لەبەرامبەر جیاوازیە نەژادیەکان هاتنە ئاراوە، چەندەها شێوازی نوێتریش بەکار هێنرا و لەنێوانیاندا ڕابەرێکی ڕەش پێست بەناوی ((مارتین لۆتەر کینگ)) لەهەموان زیاتر ناوبانگی دەرکرد. بەکارهێنانی ئامێرەکانی هاتوچۆ بەبێ جیاوازی وەك چالاکیەکی سەرەکی لەم قۆناغەوە دەستی پێکرد. لەساڵی ١٩٥٥ لەشاری مۆنتگمری سەربە ویلایەتی ئالاناما ئازەزاییان دژ بەم شێوازە دەربڕی و ((لۆتەر کینگ)) لەگەڵ ژمارەیەك لەهاوڕێیانی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئارام و ڕەخنەگرانەیان دەست پێکرد، ڕەشەکانیش لەدانیشتن لەو شوێنە تایبەتیانەی کە لەنێوان باسەکان بۆیان دیاری کرابوو، خۆیان بەدوور گرت و ڕووداوەکە بەشێوەیەکی بەربڵاو لەچاپەمەنیەکاندا بڵاوکرایەوە و، ویژدانی سپی پێستەکانی بەخەبەر هێنایەوە و ژمارەیەك لەلاوە سپە پێستەکان لەویلایەتە جۆراو جۆرەکانەوە هاتن بەهانای ((کینگ))ەوە و پەیوەندیان بەڕاپەڕینی بەرگری ڕەشەکانەوە کرد.

لەساڵی ١٩٥٦ دادگای باڵا بڕیاری نایاسایی بونی جیاکردنەوەی ڕەش و سپی بۆ بەکارهێنانی ئامێرە گشتیەکانی گواستنەوە پەسەند کرد و ئەم بڕیارە سەرکەوتنێکی دیکەی بۆ ڕاپەڕینی مافی شارستانی ڕەشەکان دەستەبەر کرد. لە ١٩٦٠ پاش ئەوەی ژمارەیەك قوتابی ڕەش پێست لەکۆلێژێکی ویلایەتی کارولینای باکوور بەنیازبوون بچنە نێو چێشتخانەیەکەوە کە تایبەت بوو بەقوتابیانی سپی پێست، ڕێگەیان لێگیراو ئەوانیش لەبەرامبەردا دەستیان بەمانگرتن کرد. بەبڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، مانگرتنی ڕەش پێستەکان بۆ نێو زۆربەی چێشتخانەکانی قوتابخانە و شارەکان ـ کەتایبەت بوون

بەشێی پێستەکان ـ تەشمەنەی کرد و چەند ڕۆژێکیش بەردەوام بوو و تەنها بەبەکارهێنانی هێزی سەربازی، ویلایەتەکان دەیانتوانی مانگرتنەکان بڵاوە پێبکەن. بەڵام ئاکامەکەی هەر تێکەڵکردنی شوێنە گشتییەکان و ڕێستورانتەکان بوو. بەمەبەستی دابینکردنی مافی شارستانی و ئازادی و پیشە ڕێکخراوە جۆربەجۆرەکانی ڕەشەکان بڕیاریاندا ڕێپێوانێکی بەر فراوان بەرەو واشنگتۆن ساز بدەن. ژمارەیەکی زۆر لەسپی پێستەکان و ئەمریکییەکان پەیوەندیان بەراپەڕینەکەوە کرد. زیاتر لە دووسەد هەزار ئەمریکی، ڕەش و سپی، پیر و لاو کە هاوینی ١٩٦٣ بەرەو واشنگتۆن کەوتنە ڕێ و ڕێپێوانێکی بەرفراوانیان بەرپا کرد، ڕێپێوانێك کەوەکو ((کەنەدی)) دەڵێ ، ئەمریکا دەیتوانی شانازی پێوە بکات، چونکە ئامانج لەم ڕێپێوانە دووبارە جەخت کردنەوەی قانوونی ئەساسی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بوو،کە تیایدا دووپاتی کردەوە کە هەموو هاوڵاتیانی ئەمریکا لەبەرامبەر یاسادا یەکسانن. ئەم ڕێپێوانە هەوڵێك بوو لەپێناو دابینکردنی مافی شارستانی و ئاگادار کردنەوەیەکیش بوو بۆ کۆمەڵگەی ئەمریکا، کە چیتر ڕەشەکان نایانەوێ ساڵەهای ساڵ لەچاوەڕوانیدا بن، تاوەکو بەو مافانە بگەن کە لەقانوونی ئەساسیدا دانیان پێدا نراوە. بەم شێوەیە کۆمەڵگەی ئەمریکی ناچار بوو دان بەمەرگەکانی خۆیدا بنێت و بەشێوەیەکی جدی لەپێناو دەستەبەرکردنی مافە سەرەکییەکانی ڕەشەکان هەنگاو بنێت.

بەدەست بەکاربوونی ((لیندۆن جانسۆن)) جێنشینی ((کەنەدی))، کۆمەڵێك نوسراوی تایبەت بەدیاریکردنی مافی شارستانی ڕەشەکان لەلایەن گۆنگرەی ئەمریکاوە بڕیاریان لەسەر درا. لەم نوسراوانەدا بابەتەکانی وەك هەڵبژاردن، شوێنی نیشتەجێ بوون، ئاسانکاری پیشەیی جەختیان لەسەر کراوەتەوە و هەر جۆرە کردارێکی ڕەگەز پەرستی یان ڕێگەگرتن لەمافی بەشداربوون لەهەڵبژاردنەکان، هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێ بوون، یان جیاوازی کردن لەنێوان تاکەکان لەکاتی دامەزراندنیاندا لەبەر نەژاد یان ڕەگەز بەپێی ئەم یاسایە قەدەغەکرا و ئەنجامەکەشی بەنەمانی جیاوازی نەژاد لەشوێنە گشتییەکان و هۆیەکانی هاتووچۆ لەسەرتاسەری وڵات کۆتایی هات. بەڵام سنوورداربوونی جێبەجێکردنی یاسان بەئاشکرا هەستی پێدەکرا و ئەو گرفتانەی کەڕووبەڕووی سیستەمی فێرکردن، پیشە و یان نیشتەجێبوون لەناوچە و گەڕەکە ڕەش پێستەکان دەبوونەوە بەزەبری یاسا چارەسەر نەدەکران.

مانەوەی هەموو ئەم [کێشە] وناڕەزاییانە، ڕەشەکانی بەرەو دامەزراندنی گرووپە یاخی بووەکان ڕاکێشا، یەکێك لەو گرووپانە، کۆمەڵەی موسوڵمانانی ڕەش پێست بوو ، ئەم گرووپە لەسەرەتاکانی دەیەی شەستەوە بەسەرکردایەتی کەسێك ناسراو بە ((ئیلیجاه موحەممەد)) لەشیکاگۆ و ناوچەکانی دیکەی ئەمریکا دامەزرا، ئەو داوای جیاکردنەوەی بەتەواوەتی ڕەش و سپی دەکرد و باوەڕی وابوو

کەپێویستە لەرووی ئابوورییەوە تەنها پشت بەخۆ ببەستن. موسوڵمانانی ڕەش پێست، کار و کۆشش و زیادە ڕۆیی نەکردنیان کردە سەر مەشقی کارەکانیان. بەکێڵانی زەوی، کۆکردنەوەی بەروبووم، دروستکردنی دووکانی تایبەت بەخۆیان و ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆر لەبێ نەوایان بۆ لای خۆیان، سوود وەرگرتن لەتواناکانیان، لەپێناو گەیشتن بەخود کیفایی، هەنگاوی جددیان نا. باوەرهێنانیان بەئاینی پیرۆزی ئیسلام لەبەر ئەوەبوو، کە ژمارەیەکی زۆر لەووڵاتانی کیشوەری ئەفریقا موسوڵمان بوون و [لەئیسلامدا] ڕەنگ و نەژاد لەبیروباوەری مەزهەبیدا هیچ کاریگەرییەکی نیە. ئیسلام ئەم ڕووەوە شێوازێکی ئازادیخوازانەی بەخۆوە گرتبوو. یەکێکی تر لەرابەرانی خاوەن پلە و پایە و هوشیاری ڕەشەکان ((مالکم ئیکس)) بوو، کەلەنێو شاری نیۆیۆرك و بەتایبەت گەرەکی هارلم، لەرووی بانگەوازی ئاینی ئیسلام و کۆکرنەوەی ڕەشەکانەوە ناوبانگی زۆری پەیدا کردبوو. ئەو بەهێمای ڕق و قینی ڕەشەکان دەژمێررا. ڕۆشن فکرە ڕەش پێستەکان و گروپەکانی تریش ڕێزێکی تایبەتیان بۆ دادەنا، بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی لەنێوان گروپی موسوڵمانانی ڕەش پێست لەنێو خۆیاندا، ((مالکم ئیکس)) گومانی خراپی خرایە پاڵ و نەگەری پەرتەوازەیی و دووبەرەکی نێوان گروپەکەی ئەو و ((ئیلیجا موحەممەد)) بووە هۆی مردنی.

گروپەکەی ((مارتین لۆتەر کینگ))، کە باوەرێکی تەواوی [بە پەیرەوکردنی] شێوازێکی ئارام و ئاشتیخوازانە هەبوو، زۆرینەی ڕەشەکانی بۆلای خۆی ڕاکێشا. ئامانجی ئەم گروپە ئاشتیخوازە ئەوەبوو کەبەرێگەی گفتوگۆ دەربرینی ناڕەزایی بەبێ پەنابردنە بەر زەبر و توندوتیژی، ویژدانی کۆمەڵگەی سپی پێستی ئەمریکایی بەئاگا بهێنێتەوە و لەرێگەی ئاشتیانە بەئامانجەکانی خۆی بگات.

هەستی خۆ بەکەمزانینی نەژادی ڕەش پێست لەسەرەتاکانی دەیەی شەستەوە سەرچاوەی دەگرت. ناوێتە بوونی پایەبەرزی نەژادی ڕەش لەگەڵ بێ بەشکردنی لایەنی ئابووری، سەرهەڵدانی درووشمی ((هێزی ڕەش))ی بەدوادا هات، بۆ ئەوەی گروپە جۆراوجۆرەکانی نەژادی ڕەش وەك ئامێرێك بۆ باشتر کردنی ژیانی خۆیان و دەربرینی ناڕەزایی خۆیان بەکاری بهێنن. ((هێزی ڕەش)) گرنگی بەرەگ و ریشە فەرهەنگیەکانی نەتەوەی ڕەش و خوێندنەوەی مێژووی ئەفریقا، سەرکەوتنی ڕەشەکان لەوەرزش، مۆسیقا، ئەدەب و هونەرە نمایشیەکان دەدا و جەختی لەسەر چڕبوونەوەی دەسەڵات لەدەستی ڕەشەکان و وەلاخستنی ئەو سپی پێستانەی کەلەگەڵ ڕاپەرینی شارستانیدان، دەکردەوە. بەردەوامبوون لەسەر گرنگیدان بە دروشمی ((هێزی ڕەش)) بەکاری گێرەشێوێنی و دامەزراندنی گروپە چەکدارەکانی وەك حیزبی ((پڵنگە ڕەشەکان)) گۆتایی پێهات. درووشمی ئەم گروپە نوێیە پەنابردنە بەر توندوتیژی و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی بوو لە ((رێگەی دەمانچەوە.))

خرۆشی ڕەشەکان لەناوەڕاستی دەیەی شەستدا ئاژاوە و پشێوییەکی زۆری نایەوە. لەگەڕەکێکی ڕەش پێست نشینی شاری لوس ئانجلوس ناسراو بە ((واتس)) یاخی بووان شۆڕشێکی خوێناویان بەرپاکرد کە دواتر سنووری شاری لوس ئانجلسی بەزاند و بەخێرایی شارەکانی تریشی گرتەوە. شۆڕشە نەژادیەکان زیاتر دژ بەهێزی پۆلیس و دەمارگیرییە نەژادیەکان بەرپا دەکران، کەهەندێ جار زەرەروو زیانێکی گیانی و مادی زۆریان لێدەکەوتەوە.

((کۆمیسیۆنی بەدواداچوونی کارە توندوتیژییەکانی شارەکان)) کەلەلایەن ((جانسۆن))ەوە ئەرکی لێکۆڵینەوەی گێرەوگرفتی شارەکان و دیاردەی ڕەگەز پەرستیان پێ سپێردرابوو، پاش چەند مانگ دیراسەو لێکۆڵینەوە، ڕاپۆرتێکی لەم بارەیەوە بڵاو کردەوە کەسەرنجی زۆرێك لەخەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. بە پێی ڕاپۆرتی ئەم کۆمیتەیە دەمارگیری نەژادی کۆمەڵگەی سپی پێست کە بنچینەیەکی قوڵی مێژوویی و کۆمەڵایەتی هەیە، هۆکاری سەرەکی یاخی بوونی ڕەشەکان و ڕاپەڕینی شارەکان بوو. لەواقیعیشدا ڕاپەڕینی ڕەشەکان زیاتر دژ بەهێماکانی دەسەڵاتی کۆمەڵگەی سپی پێست بوو، تاوەکو خودی سپی پێستەکە. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، ئەو هۆکارانەی کەیارمەتی دەربوون بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشی نێو شارەکان بریتی بوون :لەتوندوتیژی هێزەکانی پۆلیس بەرامبەر بەو کێشانەی کەڕووبەڕووی ڕەشەکان دەبوونەوە، بێ کار و ئاڵۆزی دەستکەوتنی کار و پیشە، باروودۆخی نالەباری شوێنی نیشتەجێ بوون، نەبوونی پێداویستیەکانی فێرکردن یان گەشت و گوزار، پشت گوێخستنی داواکاری و سکاڵای ڕەشەکان لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە، گرنگی نەدانی دەوڵەت بەباشکردنی ئاستی خۆشگوزەرانیان. کەواتە هەموو ئەم هۆکارانە ڕۆڵی سەرەکیان لەسەرهەڵدانی بێ سەر و بەری و زیادبوونی هەژاری و پشێویدا دەگێڕا. توندوتیژی و تاوان و بێ ڕەوشتی و بەکارهێنانی مادە بێ هۆشکەرەکان و پەرەسەندنی فەساد و تاوان لەشارەکانیش لەدایك بووی ئەم فاکتەرانە بوون. داواکارییە سەرەکیەکانی لێپرسراوانی لێکۆڵینەوە دەربارەی ڕق و یاخی بوونی ڕەشەکان، دیاریکردنی گوژمەیەکی تایبەت و فراوان بۆ ڕیشە کێش کردنی هەژاری، چاککردنی مەرجەکانی فێرکردن و شوێنی نیشتەجێبوون، ئەمە و جگە لەڕاهێنانی هێزەکانی پۆلیس و کارمەندە ئیدارییەکان و ترسان لەکۆمەڵگەی ڕەش پێست پشت ڕاست بکەنەوە، جەختیان لەسەر کرایەوە.

بەدانانان بەو ڕاستیەی کە کۆمەڵگەی ئەمریکی، بەڕەش و سپی یەوە تەنها هوشیاری و هاوکاریەکی دوور لەدەمارگیری نەژادی، دەتوانێت ئەم ئەم گرفتە گەورەیە چارەسەر بکات، شێوازی ئاشتیانە و دووربینیان لەجیاتی کردەوە توندوتیژیەکان - کەڕێگا چارەیەکی کاتی بوو - پێشنیاز دەکرد.

لەگەرمەی ڕاپەرینە یەك لەدوایەکەکانی نێو شارەکان و جۆش و خرۆشی ڕەشەکاندا، مەرگی ((مارتین لۆتەر کینگ)) کۆسپێکی گەورەی لەبەردەم دەستەبەرکردنی مافی یەکسانی ڕەشەکاندا درووست کرد و دژواریەکانی زیاتر کرد. ئەو لەمانگی ئاپریلی ساڵی ١٩٦٨داو لەشاری مەمفیس لەویلایەتی تەنسی ڕووبەڕووی هێرشێکی چەکداری بوویەوە و کوژرا. ئەم کارەساتە بۆ هەندێ کەس واتای بێ نرخ بوونی سیاسەتی خۆبەدوور گرتن لەبەکارهێنانی توێزی و فەلسەفەی نەبوونی توندوتیژی دەگەیاند، بەتایبەتی کەئەم کارەساتە لەکاتێکدا ڕوویدا کە تەنها دوو مانگ بەسەر کوژرانی ((رابێرت کەنەدی)) برای سەرۆك کۆماری پێشوودا تێپەڕی، کە ناوبراو لەلایەن ڕەش پێستەکانەوە لەڕادەبەدەر خۆشەویست بوو.

کردەوە توندوتیژیەکان، پێکدادانی خوێناوی لەگەڵ هێزە سەربازیەکان و پشێوی نێو شارەکان، بەکۆتایی هاتنی دەیەی شەست کۆتاییان پێهات. بەڵام ئەو چالاکی و هەنگاوانەی کەلەپێناو بەدەست هێنانی یەکسانیە کۆمەڵایەتیەکان و دابین کردنی مافی شارستانیدا نران، ئەنجامێکی پۆزەتیف و بوونیاد نەرانەیان لێکەوتەوە. کۆمەڵگەی سپی پێستی ئەمریکا دانی بەو ڕاستیەدا نا کەدەمارگیری نەژادی تاچ ئەندازەیەك بارمتی پەرەسەندنی ئەم گرفتە کۆمەڵایەتیە دەدات کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگە بووەتەوە. چەسپاندنی مافی شارستانی ڕەشەکان و هەنگاوە یاساییەکانی سەردەمی جانسۆن تاڕادەیەك گرێ کوێرەی ئەم گرفتەی کردەوە و ڕەشەکانی بەشێوەیەکی چالاکانە هێنایە نێو پرۆسە سیاسیەکانەوە.

بەپەرەسەندنی پێداویستیەکانی هەڵبژاردن، زیاتر لەپێشوو ڕەش پێست بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری شارەکان، ژمارەیەکیش بۆ نوێنەرایەتی کۆنگرە و هەندێکی دیکەش وەك کارمەندی فیدڕاڵی، مافی بەشداریکردنیان لە کاروباری سیاسی پێدرا. دەرگای قوتابخانە و زانکۆکان بەڕووی ڕەشەکاندا کرانەوە، خوێندنی فەرهەنگی نەژادی ڕەش وەك بەشێکی گرنگ و وانەیەکی سەرەکی نێو زانکۆکان دەستنیشان کرا. لەساڵەکانی حەفتا، ژمارەیەکیزۆر لەڕابەرانی ڕەش پێست گەیشتنە ئەو باوەڕەی کەپێویستە لەپێناو چوونە نێو کۆمەڵگەی سپی پێست و بەدەستهێنانی دەسەڵات لە وولات پشت بەڕێگای یاسایی ببەستن و خۆیان لە پەنابردنە بەرکاری توێزی و توندوتیژی بەدوور بگرن. فێرکردنی ڕەشەکان، پەرەسەندنی ئیمکاناتی ئابووری، چاکتربوونی شوێنی نیشتە جێبوون، لەو جۆرە پرۆژانە بوون کە سەرکەوتنێکی بەرچاویان بەدەست هێنا. هەرچەندە دیاردەی دەمارگیری بەتەواوەتی بنبڕ نەکرا، بەڵام بەبەراورد لەگەڵ ساڵەکانی ڕابردوو هوشیاری و چالاکی ڕەشەکان دەرفەتێکی باشتری بۆ بەدەست هێنانی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی بۆ ڕەشەکان و بەرقەرارکردنی تەفاهومێکی زیاتر ڕەخساند.

جەنگی ڤیێتنام، دەنگی نارەزایی ژمارەیەکی زۆری ئەمریکیەکانی دژ بەسیاسەتی دەوڵەتەکەیان بەرز کردەوە. ڤیێتنام کەمێشتر بەشێك لەهیند و چین و فەرەنسای پێك دەهێنا، بەشکانی هێزەکانی فەرەنسا بەرامبەر بەڤیێتنام لەساڵی ١٩٥٤ بۆ دوو وڵاتی جیاواز دابەشکرا. دوابەدوای کشانەوەی هێزەکانی فەرەنسا لەڤیێتنام شەڕ لەنێوان حکومەتی کۆمۆنیستی باکوور و حکومەتی باشووردا دەستی پێکرد. ئەوەبوو کەئەمریکای بۆ پشتیوانی کردن لەڤیێتنامی باشوور تارادەیەك دەستی لەنێو کاروباری چین و هیند وەردا، بەڵام تاسەردەمی ((کەنەدی)) هیچ جۆرە بەشداریەکی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ئەمریکا لەجەنگی ناوخۆی ڤیێتنامدا نەسەلمێنراوە، تەنها ئەو گروپە نەبێت کەبەناوی ڕاوێژکاری سەربازی لەوێدا جێگیر کران. پاش کوژرانی ((دیەم))، ڕژێمی سایگۆن ڕووبەڕووی قەیرانێکی ئاڵۆزتر بویەوە و وەك ((جانسۆن)) دەڵێ، لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکان پێویست بوو، لەپێناو پاراستنی سەربەخۆیی ڤیێتنامدا تێبکۆشێ، کەچی پشتیوانیەکی تەواوی لەکۆماری ڤیێتنامی باشوور کرد. گیرۆدەبوونی ئەمریکا لەڤیێتنام بەخێرایی چوارچێوەیەکی فراوانتری بەخۆوە گرت. چارەنوس کەسێکی خستە نێو کۆشکی سپیەوە، کەلەساڵی ١٩٦٤ ووتی : سەرۆك کۆمارێك نابێت ئەگەر بهێڵێت ((ڤیێتنام بەرێگای چیندا بڕوات)). دەوڵەتی ((جانسۆن)) وای دەبینی کەپێویستە ڕێگە لەپەرەسەندنی دەسەڵاتی چین و یەکیەتی سۆڤیەت لەباشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بگرێت. لەهاوینی ١٩٦٤ لەدوای هێرشێکی هێزە سەربازیەکان ڤیێتنامی باکوور بۆ سەر کەشتیەکی جەنگی ئەمریکا لەکەنداوی ((تونکین)) لەنێو خاکی ڤیێتنام، ((جانسۆن)) داوایەکی پێشکەش بەکۆنگرە کرد بۆ ئەوەی بەدەرکردنی بڕیارێك ڕێگە بەدەسەڵاتی جێبەجێ کردن بدات کە بەهەر شێوەیەك بەباشی دەزانێت هێزە سەربازیەکانی ئەمریکا ڕەوانەی ڤیێتنام بکات. دەرکردنی ئەم بڕیارە، دەستی دەوڵەتی ((جانسۆن))ی بۆ هێرشی سەربازی لەڤیێتنام کردەوە. لەساڵی ١٩٦٦ ئەمریکا زیاتر لەدووسەد و پەنجا هەزار سەربازی ڕەوانەی ئەو وڵاتە کرد و لەساڵی ١٩٦٧ ئەم ژمارەیە گەیشتە نیو ملیۆن سەرباز و بوجەیەکی زۆریشی بۆ تەرخانکرد. بەناردنی ئەم هێزانە پێکدادانەکانی ئەمریکا لەڤیێتنام شێوازێکی فراوانتری بە خۆوە گرت، بەڵام پاش چوار ساڵ جەنگی بەردەوام، ئەمریکا نەتوانی ڕژێمەکەی ڤیێتنامی باکوور بڕوخێنێت، نەرێگە لەهێرشی تۆپخانەکانی ((ویت کۆنگ)) بگرێت. ویت کۆنگەکان ژمارەیەك گوند نشینی ڤیێتنامی باشوور بوون کە لەپێناو خزمەتکردنی وڵاتەکەیان ئامادەی هەموو جۆرە فیداکاریەك بوون. زۆربەشیان جوتیارانی سادە و نەخوێندەوار بوون کە گیانی خۆیان بەهۆی خۆشەویستیان بۆ نیشتیمان بەخت دەکرد. شارەزای بیروباوەڕی کۆمۆنیستی نەبوون و تەنها فێری ئەوە کرابوون کەپێویستە دلێرانە و فیداکارانە لەپێناو ڕزگارکردنی وڵاتەکەیان بجەنگن و بکوژرێن. لێپرسراوانی واشنگتۆن بەدانانان بە یەکپارچەیی جیهانی کۆمۆنیزمدا، ئەگەری شۆڕشی میللی و بەرگری ناوخۆیان

ڕەت کردەوە و تۆباڵی ڕاپەرینەکانی لادێکانی باشوور دەخستە پاڵ ڕژێمی هانۆی و دەوڵەتە زلهێزە کۆمۆنیستەکانی ئەو سەردەمە. هەر ئەندازەش کە لەهێنانەدی ئامانجەکانیاندا ڕووبەڕووی شکست بوونەوە، لەسەر پشتگیریکردنی ڕژێمی سایگۆن و ڕەوانەکردنی سەرباز و چەك و تەقەمەنی بەرەو ڤێتنام زیاتر پێداگیریان دەکرد. بەهۆی تۆپبارانکردنی ڤێتنامی باکوور و تەشەنەکردنی جەنگ بەرەو لادێکانی ڤێتنام، ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی مەدەنی ئەو ناوچانە گیانیان لەدەستدا. لەسەردەمی سەرۆك کۆماری ((جانسۆن))دا ژمارەی کوژراوەکانی ئەمریکا گەیشتە بیست و هەشت هەزار سەرباز و لەو کاتەوە نارەزایی سەربازەکانیش دژ بەم بارودۆخە دەستی پێ کرد. شەڕێکی بێ سوود کەوادەردەکەوت هەرگیز کۆتایی نایەت، ئەمریکا لەنێو بارودۆخێکی ئاڵۆزدا ڕووبەڕووی گیروگرفتێکی زۆر کردەوە.

خەڵکی ئەمریکا بەهۆی درێژخایەنی شەڕەکەوە ڕۆژبەڕۆژ نیگەرانتر دەبوون. پەیمانە داراییەکانی ئەمریکا و ئەو بوجە سەرسوڕهێنەرەی کەلەلایەن دەوڵەتەوە بۆ جەنگی ڤێتنام تەرخانکرا، کۆسپ و تەگەرەیەکی گەورەی لەبەردەم جێبەجێکردنی بەرنامە چاکسازیەکان ناوخۆی ئەمریکادا درووست کرد و شتێکی وەهای بۆ بەرەنگاربوونەوەی فەقیری و گیروگرفتە نەژادیەکان نەدەهێشتەوە. ئەو گوژمەیەی بۆ جەنگی ڤێتنام سەرفکرا، هەڵئاوسانێکی ئابووری سەرنج ڕاکێشی بەدوادا هات. کە سەری بووجەی ئەمریکا کە بەهۆی سیاسەتە ڕووداو خوازیەکانی دەوڵەت لەباشوور و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و هەروەها سەرمایە گوزاریە گەرەو فراوانە دەرەکیەکانیەوە هاتبویە ئاراوە، دۆلاری ئەمریکای ڕووبەڕووی گیروگرفت کردەوە.

ژمارەیەك لەسیاسەتمەدارانی ئەمریکا، جەنگی ڤێتنامیان بەرووبەڕووبوونەوەیەکی بێ هودە دەزانی، کەدەسەلاتی جێبەجێکردن بەوەرگرتنی ئیختیاراتی بێ سنوور پەرەی پێدا. ئەنجامەکەشی بریتی بوو لەو بەڵێنانەی کە ئەمریکا بە حکومەتی سایگۆنی داو، زیادبوونی ژمارەی کوژراوەکان بەبێ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکرا و مەترسی پڕ چەك بوونی بەرامبەر. سیناتۆر ((فولبرایت))یش یەکێك بوو لەو کەسانەی کەباوەڕی وابوو، ئەمریکا بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە بەرژەوەندیەکی ئابووری یان سەربازی لەجەنگی ڤێتنامدا پاڵی پێوە بنێت، بەشداری لەجۆرێك لە خۆکوشتنی سیاسیدا کردوە. لەواقیعدا ڤێتنام وەك ((زەلکاوێکی شەیتانی و کاولکەر)) وابوو کە مۆرفەکان، پسپۆڕیەتیەکان، بووجەیەکی فراوانی قووت دەدا، لەم جەنگەدا ئەمریکای زلهێز وەك فیلێکی زەبەلاح وابوو لەبەرامبەر سوپایەك مێروولەدا کە بەهەموو توانایەوە نەیدەتوانی بەسەر ئەو گیاندارە ((وورد و عەجولانە))دا زاڵ بێت.

لەلایەکی تریشەوە دەنگی نارەزایی لاوانی ئامادە کرد بۆ خزمەتی سەربازی، دژ بەجەنگ بەرزبوویەوە. ئەوان زۆر ڕقیان لەسیستەمی خزمەتی سەربازی دەبوویەوە و خۆیان لەسەربازی بەدوور

گرت و کارتی ڕەوانەکردنیان بۆ شوێنی خزمەتەکانیان لەخۆپیشاندانەکانی دژ بەجەنگدا سوتاند. جەنگی ڤیێتنام لەرێگەی کەناڵەکانی تەلەفزیۆنەوە خۆی کرد بەماڵی هەموو خێزانێکی ئەمریکیدا. هەر تەلەفزیۆن بوو کە بەبڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تایبەت بە ڤیێتنام، کارەساتەکەی بۆ ناو خاکی ئەمریکا گواستەوە. خۆپیشاندانی گەورە و بەر فراوانی دژ بەجەنگ لەسەرتاسەری ئەمریکادا سەری هەڵدا، ژمارەیەکی زۆر لەئەندامانی چینی ناوەندی کۆمەڵگە بۆ یەکەمین جار ڕژانە سەر شەقامەکانی ئەمریکا. قوتابیانی زانکۆ لەویلایەتی کالیفۆرنیاوە تا نیویۆرك دەستیان بەخۆپیشاندان کرد، ئاشتیخوازان، پشتیوانانی مافی شارستانی ڕەشەکان، لایەنگرانی هەڵوەشانەوەی سیستەمی خزمەتی سەربازی، ئەوانیش [هاودەمی و هاوخەمی] خۆیان بۆ خۆپیشاندەران دووپات کردەوە، لەسیاسەتی دەوڵەتەکەیان کەوتنە گومانەوە و ڕەخنەیان لەبەکارهێنانی هێزی سەربازی حکومەتیان لەپێناو سەپاندنی بیروباوەڕی خۆی بەسەر خەڵکی دیکەدا گرت.

کۆمەڵێکی تر لەلاوانی ئەمریکا، کەرتێ و ڤینیان لەبارودۆخی ناوخۆی وڵات و پەرەسەندنی جەنگەکان گەیشتبوونە بێنەقاقە، ڕوویان لەئەمریتی کۆنی پشێوی ئاتەوە کردەوە. پێکەوە ژیان، گرنگی دان بە ئاینزاکانی ڕۆژهەڵات، بەکارهێنانی داودەرمانی بێ هۆشکەر و ڕوو وەرگێڕان لە کۆمەڵگەی پڕ ناز و نیعمەتیان کردە پیشەی خۆیان.

دەیەی پڕ لەئاژاوە و هەوراز و نشێوی سەختی شەست، سەردەمی دەربڕینی ناڕەزایی بوو. ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر بەجەنگ، نایەکسانیە کۆمەڵایەتیەکان، خۆشگوزەرانی مادی، پیس بوونی هەواو سەرچاوە سروشتیەکان، جیاوازی ئەژادی و نایەکسانی لەنێوان هەردوو ڕەگەزی [نێر و مێ]، چوارچێوەیەکی فراوانتریان بەخۆ گرت و گۆڕانکاریەکی گەورەیان هێنایە ئاراوە.

هەوڵەکانی ژنان لەپێناو یەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووری، شێوەی ڕاپەڕینێکی سەرکەوتووی بە خۆوە گرت.

لەساڵەکانی ١٩٢٠ ژنان بەمافە سیاسیەکانیان گەیشتن و مافی بەشداریکردنیان لەکاروباری وڵات پێدرا، زۆربەشیان خۆیان بەئیش و کاری دەرەوەی ماڵ سەرقاڵ کرد. بەسەرهەڵدانی جەنگی دووەمی جیهانی چالاکی ژنان لەبواری کاروباری کۆمەڵایەتیدا پەرەی سەند.پیاوان ڕوویان لەبەرەکانی جەنگ کرد و ژنانیش شوێنی ئەوانیان لە کاروبارەکاندا گرتەوە. پاش کۆتایی هاتنی جەنگ و گەڕانەوەی سەربازەکان بۆ سەر پیشەکانیان، چالاکیە کۆمەڵایەتیەکانی ژنان تەسك تر بوویەوە و بە گەشەسەندنی باری ئابووری لە پەنجاکان، خۆشگوزەرانی مامناوەندی چینی مامناوەندی کۆمەڵگەش زیادی کردوو بەدابین کردنی دەرامەتی پێویست بۆ خێزانەکان، ژنان چیتر پێویستیان بەچالاکی کۆمەڵایەتی نەدەبوو. ژنانی خۆشگوزەران، هیچ جۆرە ئیش و کارێکیان جگە لەماڵداری و

خۆڕازاندنەوە و بەشداریکردن لەدانیشتن و کۆبوونەوەی دۆستانەو گەشت و گوزار نەبوو. هاوکات لەگەڵ خۆشگوزەرانی مادی، گرنگیدان بەئارایشت و جوانی شوێن کەوتنی مۆدی نوێ زیادی کرد. جوانی و ژنیەتی، بوو بەیەکێك لەتایبەتمەندیە سەرەکیەکانی ڕەگەزی مێ لەو سەردەمەدا. قوتابخانە تایبەتیەکان بۆ فێرکردنی چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن دامەزران، شێوازی لەبەرکردنی جل و بەرگ و ئارایشت بایەخێکی ئێجگار زۆری پێدرا. چەندەها کتێبی جۆراوجۆر لەبوارەکانی ڕێو ڕەسمی ماڵداری و میوانداری و هاو سەر گرتن بڵاوکرانەوە. بەدەمەوە بوون و گرنگیدانی ژن بەهاوسەرەکەی بوو بەئەرکی سەرەکی ئافرەتان لەو سەردەمەدا.

ئەدەبیاتی ئەو سەردەمە، جگە لەگرنگیدان بەبێ تاوانی، پاکی و بێ گەردی و ڕوونی لە پیاهەڵدانی دیمەنی سەرنج ڕاکێشی ئافرەت کرد. لەئەنجامدا ژن وەکو بوونەوەرێکی لاواز و ناسکی لێهات کەدەبوو پشتیوانی لێبکرێ و ئەرکی سەرەکی زیاتر خۆ جوانکردن و خۆڕازاندنەوە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پیاوەکان بێت. خوێندنی باڵا لەبەشەکانی زانستی و لێکۆڵینەوەی بەرهەمە بەنرخەکان بۆ ژنان سنووردار کرا. فێرکردن تائەو ئەندازەیە بەپێویست دەژمێررا کە ژن وەك «کانینیکی» نەرم ونیان، دلۆڤان، خاوەن داب و نەریت و پەروەردەکراو پیشان بدات، بەگشتی باوەڕیان وابوو کە ئەگەر چی ژن کۆمەڵە زانیاریەکیش لەمێشکدا کەڵاڵە بووبێت، بەڵام نابێت لەبەرامبەر پیاودا ئەو بیروڕایەی خۆی ئاشکرا بکات، چونکە لەسەرنج ڕاکێشی و شانت و شکۆی کەم دەکاتەوە.

بڵاوبوونەوەی کتێبی ((ئەفسانەی ژنایەتی)) بەرهەمی ((بێتی فریدان)) لەساڵی ١٩٦٣ قەڵەمی بەتاڵبوونەوەی بەسەر هەموو ئەم بیروباوەڕانەدا هێناو کاریگەریەکی گەورەشی لەسەر بەئاگا هێنانەوەی ژنان و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی مافە کۆمەڵایەتیەکانیان درووست کرد. ئەم بەرهەمە سەرنجی تێکڕای ئافرەتانی بۆ نایەکسانیەکان ڕاکێشا. بەگوێرەی ئەو ئامارانەی کەبڵاوکرانەوە، ژمارە ئەو ژنانەی کە لەخوێندنی باڵادا وەردەگیران بەبەراورد لەگەڵ ساڵەکانی ١٩٢٠، تارادەیەك کەم بووبوونەوە، ژمارە ئەو ژنە خاوەن پیشانەی کە لەپیشەگرنگەکاندا بەئەرەی بەرز وەردەگیران بەپەنجەی دەست دەژمێران. بەڕێوەبردنی قوتابخانە و بڕیاردان لەسەر چۆنیەتی کاروبارەکانی فێرکردن لەچوارچێوەی دەسەڵاتی پیاواندا بوو، هەژاری و بێکاری بەتایبەت لەنێو ژنە ڕەش پێستەکاندا زیادی کرد، ئەو ژنانەی کەپیشەکەیان هاوشێوەی پیشەی پیاوان بوو مووچەیەکی کەمتریان وەردەگرت. یاسا ویلایەتیەکانیش زۆرجار گیروگرفتیان لێدەکەوتەوە. لەهەندێك ویلایەت ئافرەتان نەیاندەتوانی وەك ئەندامێکی دەستەی تێهەڵچوونەوە (منصفە) لەدادگادا بەشداری بکەن، تەنانەت لەمۆرکردنی گرێبەستەکانی پەیوەندیدار بە کڕینی خانوو زەوی و ئۆتۆمبێل و زۆرێك لەئاڵوگۆڕە داراییەکان بێ بەش دەکران، هەندێك جاریش مافی خاوەندارێتی (موڵکداری) خۆیان لێدەسەندرایەوە. ئەو ژنانەش

کەلەچالاکیە سیاسیەکاندا بەشداریان دەکرد زۆرجار ڕوبەڕووی گاڵتە پێکردن دەبوونەوە، پێیان دەوترا باشتر وایە سیاسەت بۆ پیاوان وازی لێبهێنن و خۆتان بەوانە ووتنەوە و فێرکردنەوە خەریك بکەن.

لەدەیەی شەستدا کۆمەڵە هۆکارێکی جۆراوجۆر کاریان بۆ سەرکەوتنی ژنان لەکاروباری کۆمەڵایەتیدا کرد. زیادبوونی هێزی کاری ژنان، بیرۆکەی هەوڵدان بۆ یەکسانی موچەی کارکردن و کۆتایی هێنان بەکرفتی پیشەیی لێکەوتەوە. بەرنامەکانی ڕێکخستنی خێزان و ڕێگەگرتن لە حەملی نەخوازراو، ژنانی لەزۆربەی کۆت و بەندەکان ڕزگارکرد. درووستکردنی دایەنگەو دام و دەزگاکانی تر کە هەلی بەخێوکردنی منداڵەکانی بەدرێژایی ڕۆژ دەستەبەر دەکرد، دەرفەتی کارکردنی بۆ ژمارەیەکی زۆر لەژنان ڕەخساند. ڕاپەڕینی مافی شارستانی ڕەشەکان و خۆپیشاندانی دژ بەجەنگی ڤێتنام، ئەزموونێکی پێویستی لەپێناو ڕێك و پێك کردنی چالاکیەکانی ژنان بەدەست خست. چالاکیەکانی ژنان زیاتر لایەنی فێرکردنی کۆمەڵایەتی و بەرجەستەکردنی یەکسانیان دەگرتەوە. بەرەنگاربوونەوەی بیروباوەڕی پڕوپوچ و دەمارگیریانە کە ژنانی بەئامراز یان کەرەستەیەکی یاریکردن دادەنا، گرنگیدان بەخوێندنەوەی مێژوو و فەرهەنگ وڕۆڵی ژن لەکۆمەڵگە، تێکۆشان لەپێناو بەدەست هێنانی یەکسانیە کۆمەڵایەتیەکان، شکڵ و فۆرمێکی دیاریکراوی بەڕاپەڕینی ئازادی ئافرەتان بەخشی.

برگەی بیست و حەوتی قانوونی ئەساسی، لەسەر بنەمای یەکسانی تەواوی ژن و پیاو، کە چاوەڕوان دەکرا، لەلایەن کۆنگرەوە بڕیاری لەسەر بدرێت، بەسەرکەوتنێکی گەورە بۆ ڕاپەڕینی ئازادی بەخشی ژنان لەقەڵەم دەدرا.

هاوینی ١٩٦٨ لوتکەی خۆپیشاندانەکانی دژ بەجەنگ و ڕوویەڕووبوونەوە نەژادیەکان بوو. جەنگی ڤێتنام کە ناڕەزاییە ناوخۆییەکانی خەڵکی ئەمریکای بەدوادا هات بۆ خودی ((جانسۆن)) کارەساتێکی گەورەبوو. بەچڕکردنەوەی کردەوە سەربازیەکانی ئەمریکا لەڤێتنام، متمانەی خەڵکی ئەمریکا بەسەرۆك ((جانسۆن)) کەمبوویەوە و لەئەنجامدا و لەکاتی نزیك بوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٦٨ کاتێك کەناویراو خۆی دەیزانی چانسی سەرکەوتنی دووبارەی زۆر کەمە، کەنارگیری خۆی لەکێبڕکێکانی هەڵبژاردن ڕاگەیاند. دیوکراتەکانیش ((هەمفری))یان ـ کەجێگری سەرۆك کۆمار بوو لەبەرامبەر پاڵێوراوی کۆماریخوازەکان ((ریچارد نیکسۆن)) ـ بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کاندید کرد. بەکوژرانی ((کینگ)) لەبەهاری ١٩٦٨، شۆڕشی ڕەشەکان لەشارەکاندا زیاتر پەرەی سەند. لەم لاشەوە ((ڕابێرت کەنەدی))بەدرووشمی ئاشتی لێك تێگەیشتنی نەژادی، چالاکیە سیاسیەکانی خۆی بۆ بەدەستهێنانی زۆرینەی دەنگەکان دەست پێکرد. بەڵام مەرگی لەناکاو بواری نەدا ـ پاش دوومانگ بەسەر کوژرانی کینگدا ـ لەکالیفۆرنیا کوژراو، ئەم کارەساتەش لەکاتێکدا بوو کە چەندەها هەزار لاوی ئەمریکی بەتاسەوە چاویان بڕیبوویە ئەو ساتەی کەهەواڵی سەرکەوتنی کاندیدکراوەکەیان بدرێت

بەگوێیاندا. هەڵبەت ئەگەری سەرکەوتنیشی لەئارادا بوو. نیگەرانی لاوان، گروپە ئاشتیخوازەکان و ڕەشەکان زیادی کرد و پێکهێنانی کۆبوونەوەی حیزبی دیموکرات لەهاوینی ۱۹٦۸ لەشیکاگۆ، شێوە پێکدادانێکی نێو شەقامەکانی بە خۆوە گرت. خۆپیشاندانە خوێناویەکەی شیکاگۆ بوزیانی دیموکراتەکان کۆتایی پێهات و سەرکەوتنی ((نیکسۆن))ی لەهەڵبژاردنەکان لێکەوتەوە.

سیاسەتی ((نیکسۆن))، کۆتایی هێنان بەجەنگی سارد. یەکلاییکردنەوەی مەسەلەی ڤێتنام بوو. هەروەها کەمکردنەوەی ژمارەی سەربازەکای ئەمریکا لەبەرەی ڤێتنام و پشتگیریکردنی دەوڵەتی سایگۆن بەمەبەستی درێژەدان بەوادەی جەنگ، بەرنامەی کاری داهاتووی حکومەتی پێك دەهێنا. هاوکات لەگەڵ بەردەوامبوونی گفتوگۆکان لەپاریس لەپێناو ڕاگرتنی جەنگ و ئاشتی ڤێتنام، ((هێنری کی سینجیر))ی وەك ڕاوێژکاری کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی، کاری نەخشە دارێژانی سیاسەتی دەوڵەتی پێسپێردرا. پلانەکەی ((کی سینجیر)) بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا واتای کۆتایی هێنان بەجەنگی ساردی دەگەیاند. گۆڕانی سیاسەتی نێو دەوڵەتی و گۆڕانکاریەکانی دیکەی ساڵەکانی شەست، زیاتر لەجاران پێویستی بەناسینی ڕاستیەکان هەبوو. لەدەیەی شەستدا سیناتۆر ((فولبرایت)) کەئەرکی سەرۆکایەتی کۆمیتەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی سنای پێ سپێررابوو، زیاتر لەهەر کەسێکی تر لەهەوڵی بەدواداچوونی هۆکارەکانی تێوەگلانی ئەمریکا لەجەنگی ڤێتنامیدا، بەرەخنەگرتن لەسیاسەتی دەرەوەی وولاتەکەی، ئەوپەڕی خزمەتی لەپێناو هۆشیارکردنەوەی میللەتەکەی لەسەر ڕاستیەکانی جەنگ پێشکەش کرد.

((فولبرایت)) هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ((پێویستە لەگەڵ ڕاستیە جیهانیەکاندا ڕووبەڕوو ببنەوە، کە ئەمەش دەری دەخات کەهیچ شتێك بەشێوەیەکی باش یان خراپی ڕەها، بوونی نیە.)) بیرۆکەی یەکپارچەیی دونیای کۆمۆنیزم، پێشنیازی پلانی نێو دەوڵەتی بۆ دەست بەسەرداگرتنی جیهانی بەبیرۆکەیەکی بەتاڵ زانی و، باوەڕی وابوو کەدونیا کۆمۆنیزم لەزۆربەی لایەنەکانەوە دابەش بووە، لەبەر ئەوەی زۆربەی میللەتەکانیش لەپێناو گەیشتن بەبەرژەوەندیەکانیان تێدەکۆشان و دانیان بە ڕابەرایەتی مۆسکۆدا نەدەدا، ((فولبرایت)) ئامۆژگاری دەکرد کەپێویستە سوود لەبارودۆخەکە بۆ چاککردنی پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان وەربگرێت.

((کی سینجیر)) بەناوی دارێژەری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاوە، دانی بەم ڕاستیانەدا نا : ((ئاشتی و ئارامی جیهانی پێویستی بەهاوکاری هەیە، ئەمریکا لەمەیدانی سیاسەتی دەرەوەدا، سەرکردایەتیەکی ڕەهای نیەو دەبێت لەڕێگەی گفتوگۆ و هاوکاریەوە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان بدرێت)). لەسەفەرەکەی ((نیکسۆن)) بۆ چین لەساڵی ۱۹۷۲ هەنگاوێکی گەورە بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی و کۆتایی هێنان بەگیروگرفتەکانی سەردەمی جەنگی سارد بوو. بەرقەرارکردنی پەیوەندیە

سیاسەکان لەگەڵ چین و وەرگرتنی ئەو وڵاتە لەنێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گەورەترین کۆسپەکانی سەر ئەم ڕێگایەی لابرد.

هاوکات لەگەڵ ئەم سیاسەتە نوێیە، کۆمەڵێك گۆڕانکاری نوێ لەئەورووپای ڕۆژئاوا، کاریگەریان لەسەر چەسپاندنی ئاشتی و نزیك کردنەوەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەبوو. ((ویلی برانت)) سەرۆك وەزیرانی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بەسەفەر کردن بەرەو هەندێك لەووڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات، بەرەسمی دانیان نا بەحکومەتی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و بەرقەرارکردنی پەیوەندیە بازرگانیەکانی لەگەڵ بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا، توانی لاری و ناکۆکیەکانی ئەوسای ناوچەکە پشت ڕاست بکاتەوە. لەم لاشەوە گەشتەکەی ((نیکسۆن)) بەرەو یەکیەتی سۆڤیەت، بەمەبەستی سنووردارکرنی چەکی نەتۆمی و کەمکردنەوەی کێبرکێ سەربازیەکان، هاوکاری نێوان هەردوو لای زیاتر کرد.

دەوڵەتەکەی ((نیکسۆن)) لەرووی سیاسەتی دەرەوەیدا زۆر سەرکەوتوانە کاری کرد. دانثان بەڕاستیەکان جیهانی پاش جەنگ، جەختکردنەوە لەسەر پێکەوە ژیانی ئاشتیانە، یەکلایکردنەوەی جەنگی ڤیێتنام لەساڵی ۱۹۷۳ ئەو ڕووداوانە بوون کە کۆتاییان بە سەردەمی جەنگی سارد هێنا.

هەرچەندە ((نیکسۆن)) لەرووی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوەوەی وولاتەکەیدا زۆر سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەدەیەی حەفتادا، هەموو ئەو گێروگرفت و ناڕەزاییانەی کە سەرتا سەری ئەمریکایان گرتبوویەوە، پشت ڕاست کرانەوە. مافی شارستانی ڕەشەکان دانی پێدا نرا، کۆششی ژنان لەپێناو یەکسانیە کۆمەڵایەتیەکان جەختی لەسەر کرایەوە و پشتیوانی لێکرا و خۆپیشاندانەکانی دژ بەجەنگیش کۆتاییان پێهات. ناڕەزایانی دەیەی شەست بۆیان دەرکەوت کەباشترین شێواز بۆ گۆڕینی ڕەوشی کۆمەڵایەتی هەوڵدانە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری لەرێگەی یاساوە و بەم میتۆدە تاڕاددەیەك توانیان بەئەنجامێکی گونجاوتر بگەن. پێشکەوتنی بەرچاوی ڕەش پێستەکان لەکاروباری سیاسیدا، گروپە یاخیبووە ڕەش پێستەکانی خستە چوارچێوەیەکی تەسك ترەوە و بەگرنگیدان بەچاککردنی باری خانووبەرە و خۆشگوزەرانی گشتی، ناڕەزاییەکانی خەڵکی کەمتر بوویەوە.

گرفتی سەرەکی ((نیکسۆن)) لەبواری ناوخۆدا، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کەسانە بوو کە ڕەخنەیان لەپەرەسەندنی دەسەڵاتی دەزگای سەرۆك کۆماری و ئیختیاراتەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەگرت و ئەو شێوازەیان بەتەواوەتی بەپێچەوانەی قانوونی ئەساسی دەزانی. دەوڵەتی ((نیکسۆن))یش درووشمی ((ڕێسا و یاسا))ی وەك چەك و ئامرازێك بۆ دامرکاندنەوەی نەیارەکانی بەرز کردەوە و دەزگا سیخوڕیەکانی ئەمریکای بۆ بەدواداچوونی ئەو گومان لێکراوانە ئاراستە کرد و، بەرێکخستنی پشك و بەناوی ((پێرستی دوژمنان)) دژایەتی خۆی بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە بەهەر شێوەیك دەیانەوێ

دژایەتی سیستەمە بەهێزەکەی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆی ئەمریکا بکەن، ڕاگەیاند. ((ڕێسا و یاسا))کەی ((نیکسۆن)) واتای کوژاندنەوەی نەیاران، تێکار کردنی مافی شارستانی تاکەکان و لەواقیعدا پێشێلکردنی ئازادیە تاکەکەسیەکانی دەگەیاند. بەڕای ناوبراو، دەوڵەت دەسەڵاتێکی سنووردارى هەبوو، هەر لەبەر ئەمەش بوو کە ئیختیارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەسەردەمی ئەودا زیادی کرد.

بەناوی پارێزەری ئاسایشی نەتەوەییەوە، سوئیستیفادەی لەدەسەڵاتەکەی کرد و کۆنگرێس و دەسەڵاتی دادوەری پشت گوێ خست. پاش ماوەیەك لەسەر ڕووداوەکەی ((واتر گیت)) لەساڵی ١٩٧٤ ناچار بەدەست لەکار کێشانەوە کرا و ئەمەش بۆ یەکەمین جاربوو لەمێژووی ئەمریکادا کە دەوڵەتێك بەو شێوەیە دەسەڵاتەکەی کۆتایی پێ بهێنرێت.

زۆرینەی خەڵکی ئەمریکا سیاسەتی دەرەوەی ((نیکسۆن))یان ڕێز لێدەگرت و بەپەسەندیان دەزانی. ئەو دووەمین دەورەی سەرۆکایەتیەکەی بەسەرکەوتنێکی ئاسان لەهەڵبژاردنەکاندا دەست پێکرد، بەڵام بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە خۆی و هاوکارەکانی هێنایانە ئاراوە، ناچار بەوازهێنان لەکورسی دەسەڵات کرا. ژمارەیەك لە هاوکارەکانی ناوبراو کە لەنێو کۆمیتەی دووبارە هەڵبژاردنەوەی ناوبراوداکاریان دەکرد، بەمەبەستی کەشفکردنی بەرنامەکانی داهاتووی ڕکابەرەکەی، دەستێکیان لەسەنتەری حیزبی دیموکرات لەبالەخانەی ((واتر گیت)) لەواشنگتۆن وەشاند. چۆنیەتی ڕووداوەکە لەلایەن پاسەوانی باڵەخانەکەوە ئاشکرا کرا و پاش بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیەکی بەردەوامی دوو پەیامنێری ((واشنگتۆن پۆست)) ڕاستی و دروستی ڕووداوەکەیان ڕوون بوویەوە. دەرکەوت کەهەڵسوڕێنەرانی دەسەڵاتی سەرۆك کۆماری و پیاوانی کۆشکی سپی و خودی نیکسۆنیش بەشداریان لەپەردەپۆشکردنی ڕووداوەکەی ((واتر گیت))دا کردووە. پاش ئەوەی ڕووداوەکە خرایە بەردەستی کۆنگرێس، بەشداربوونی ((نیکسۆن)) بەتەواوەتی سەلمێنرا و بەپێی قانوونی ئەساسی، کۆنگرێس بڕیاری دادگایی کردنی و لەسەر کار لابردنی ناوبراوی دەرکرد. لەژێر کاریگەری ئەم بارودۆخەدا، نیکسۆن دەستی لەکار کێشایەوە و جێگرەکەی ((جراڵد فۆرد)) بۆ تەواوکردنی ناوەندی سەرۆکایەتیەکەی شوێنی گرتەوە. گۆڕان و ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات هیچ جۆرە ئاژاوە و یاخی بوونێکی بەدوادانەهات و ئاڵۆزی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەو مەرجانەی کە لەقانوونە ئەساسیدا پێشبینی کرابوو، کۆتایی پێهات. ئەزموونی ((فۆرد)) چەند ساڵ خزمەتی دووردرێژ بوو لەنێو ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکادا. ڕووبەڕووی دیاردەکانی وەك ڕەگەز پەرستی، بێکاری، نرخ هەڵئاوسان، قەیرانی وزە و کێشەکانی دەرەوەی وڵات بوویەوە و هەرچەند لەماوەی ئەو دووساڵەی سەرۆکایەتیەکەیدا نەیتوانی خۆی وەك سەرکردەیەکی بەهێز بەخەڵکی ئەمریکا بناسێنێت، بەڵام بەڕاستڕەوی و ڕاستگۆیی

خۆی، بێ متمانەیی هاوڵاتیانی بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن کەمکردەوە، بەهاوکاری ((کی سینجێر))، سیاسەتی ڕابردووی حکومەت بۆ پاراستنی ڕەوشی هەنووکەیی وڵات درێژەی پێدرا.

ساڵی ١٩٧٦ ڕوخسارێکی نوێ و بێ ناونیشان لەمەیدانی سیاسەتی ئەمریکادا دەرکەوت. ئەو ((جیمی کارتەر)) حکومڕانی پێشووی ویلایەتی جۆرجیا. خەڵکی باشووردا، کە چالاکیەکی بەربلاوی لەپێناو بەدەستهێنانی پێویستی سەرۆك کۆماری ئەنجام دا. سیاسەتی بەڕێوە بردنی حکومەتی لەسەر بنەمای ڕاستی، پاکی، بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خەڵك، جێبەجێکردنی پلانە چاکسازیەکان بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە نەژادیەکان، بێکاری، هاوکاری نێوان زلهێزەکان لەڕووی سیاسەتی دەرەوەدا، ڕەنگ ڕێژی کرد.

دەیەی شەست ، سەردەمی گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکان بوو. ئەزموونە تاڵەکەی ڤێتنام و قەیرانە نێو نەتەوەییەکان، بوو بەهۆی ئەوەی لەسیاسەتی هاوکاری و تەفاهومی نێوان زلهێزەکان، شوێنی سیاسەتی کێبڕکێی سەردەمی جەنگی سارد بگرێتەوە. هەرچەندە لەدەیەی حەفتادا، ئەمریکا، گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی قەیرانی ووزە و نەبوونی سەرکردەیەکی لێهاتوویی تەجروبە کرد. بەڵام پێکهاتە سەرەکیەکانی کۆمەڵگە، بەڕووداوی جەنگی ڤێتنام، کوژرانی سەرۆك کۆمار، زیادەڕۆیی کردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەبەکارهێنانی هێز و ئیختیارەکانی [وەك ئاوی بیرێك کە هەرگیز ڕەشەبا شەپۆلی تێدا درووست ناکات] بەهێز و بتەوبیانەوە. بەپێچەوانەوە، ئەم ئەزموونانە، کۆمەڵگەی ئەمریکای هۆشیارتر کردەوە، بۆ ئەوە واقیعبینانەتر سەیری گۆڕانکاریەکانی جیهان بکەن. ((کارتەر)) سەرۆك کۆماری دیموکراتی ئەمریکا لەساڵی ١٩٧٧ بەدواوە ئەرکی سەرۆکایەتی کۆماری گرتە ئەستۆ، پێناسەی ئەم روحیە نوێ یەیە: بەرێزگرتن لەبەها کۆمەڵایەتیەکان، هاوکات لەگەڵ پابەندبوون بە سنوورداربوونی دەسەڵات، سوور بوو لەسەر پاراستنی بنەماکانی دیموکراسی ئەمریکا و پابەندیش بوو بەبەرقەرارکردنی ئاشتی و ئارامیەوە لە جیهاندا. ((ڕینۆڵد نیبور)) فەیلەسوفی ئەمریکی جارێکیان ووتبووی : ((میللەتانی زیادە خواز، هەمیشە لەگەیشتن بەئامانجەکەیان بەجێ دەمێنن.)) وا دەردەکەوێت کەئەم وڵاتە، بەو ئەزموونانەی کەلەم ساڵانەی کۆتاییدا بەدەستی هێناوە، ئەو ڕاستیەی بۆ سەلمابێت و بەتێڕوانینێکی نوێوە ڕووبەڕووی گرفتە جیهانیەکان بۆتەوە.

مارتین لوتەرکینگ

جۆن کەنەدی لەکاتی دەست بەکاربوونیدا



نارەزایی دژ بەجەنگی ڤێتنام

دور رابعری دموکرات: جان کندی

جیمی کارتر

سەرچاوەکان

ناوی ویلایەتەکگرتووەکان ئەمریکا بە پێی مێژووی دانپێدانانیان:

١- ویلەر ١٧٨٧
٢- پەنسیلڤانیا ١٧٨٧
٣- نیو جێرسی ١٧٨٧
٤- جۆرجیا ١٧٨٨
٥- کنتیکت ١٧٨٨
٦- ماساچوسێت ١٧٨٨
٧- مریلەند ١٧٨٨
٨- کارۆلینای باشوور ١٧٨٨
٩- نیوهەمپشایەر ١٧٨٨
١٠- ڤێرجینیا ١٧٨٨
١١- نیویۆرگ ١٧٨٨
١٢- کارۆلینای باکوور ١٧٨٩
١٣- رۆرئایلەند ١٧٩٠
١٤- ڤرمۆنت ١٧٩١
١٥- کنتاکی ١٧٩٦
١٦- تەنسی ١٧٩٦
١٧- ئۆهایۆ ١٨٠٣
١٨- لوئیزیانا ١٨١٢
١٩- ئیندیانا ١٨١٦
٢٠- می سی سیپی ١٨١٧
٢١- ئیلینویز ١٨١٨
٢٢- ئالاباما ١٨١٩
٢٣- مین ١٨٢٠
٢٤- میسۆری ١٨٢١
٢٥- ئارکانزاس ١٨٣٦
٢٦- میشیگان ١٨٣٧
٢٧- فلۆریدا ١٨٤٥
٢٨- تەکزاس ١٨٤٥
٢٩- ئایوا ١٨٤٦
٣٠- ویسکۆنسین ١٨٤٨
٣١- کالیفۆرنیا ١٨٥٠

٣٢- مینه سوتا ١٨٥٨
٣٣- ئۆرگۆن ١٨٥٩
٣٤- کانزاس ١٨٦١
٣٥- ڤیرجینیای رۆژئاوا ١٨٦٣
٣٦- نوادا ١٨٦٤
٣٧- نبراسکا ١٨٦٧
٣٨- کۆلۆرادۆ ١٨٧٦
٣٩- داکۆتای باکوور ١٨٨٩
٤٠- داکۆتای باشوور ١٨٨٩
٤١- مۆنتانا ١٨٨٩
٤٢- واشنگتۆن ١٨٨٩
٤٣- ئایداهو ١٨٨٩
٤٤- ڤلیومینگ ١٨٩٠
٤٥- یوتا ١٨٩٦
٤٦- ئەکلاهما ١٩٠٧
٤٧- نیومە کزیکۆ ١٨١٢
٤٨- ئاریزۆنا ١٩١٢
٤٩- ئالاسکا ١٩٥٩
٥٠- هاڤایی ١٩٥٩

ناوی سەرۆک و جێگرەکانی کۆماری ویلایەتەیەکگرتووەکان:

١- جۆرج واشنگتۆن ١٧٨٩ – ١٧٩٧
جۆن ئادامز
٢- جۆن ئادامز ١٧٩٨ – ١٨٠١
تۆماس جفرسۆن
٣- تۆماس جفرسۆن ١٨٠١ - ١٨٠٩
ئاروون بار
جۆرج کلینتۆن
٤- جیفر مدیسۆن ١٨٠٩ – ١٨١٧
جۆرج کلینتۆن
ئیدربج گەری
٥- جیفر مۆنرۆ ١٨١٧ - ١٨٢٥
تامپینکز
٦- جۆن کۆینسی ئادامز ١٨٢٥ – ١٨٢٩
جۆن کلهۆن
٧- ئاندرۆ جەکسۆن ١٨٢٩ – ١٨٣٧

جۆن كلهۆن

مارتن ڤان بورن

٨- مارتن ڤان بورن ١٨٣٧ — ١٨٤١

ريچارد جانسۆن

٩- ويليام هارسيۆن ١٨٤١ — ١٨٤١

١٠- جۆن تیلەر ١٨٤١ — ١٨٤١

١١- جيمز پولك ١٨٤٥ — ١٨٤٩

جۆرج دالاس

١٢- زاخاری تیلەر ١٨٤٩ — ١٨٥٠

میلارو فیلمۆر

١٣- میلارو فلیمۆر ١٨٥٠ — ١٨٥٧

١٤- فرانكلن پیرس ١٨٥٣ — ١٨٥٧

ويليام كینگ

١٥- جيمز بوكانان ١٨٥٧ -١٨٦١

جۆن بركریج

١٦- ئابراهام لینكۆلن ١٨٦١ — ١٨٦٥

هانیبال هاملین

ئەندرۆ جانسۆن

١٧- ئەندرۆ جانسۆن ١٨٦٥ — ١٨٦٩

ويليام سی وارو

١٨- یۆسیس گرانت ١٨٦٩ — ١٨٧٧

كلفاكس

هێنری ویلسۆن

١٩- راتفۆردهیز ١٨٧٧ — ١٨٨١

ويليام ويلەر

٢٠- جيمز گارفیلد ١٨٨١ — ١٨٨١

چستەر ئارگوور

٢١- چستەر ئاركور ١٨٨١ — ١٨٨٥

٢٢- گروور كليفلەند ١٨٨٥ — ١٨٨٩

هندریك

٢٣- بنجامین هاریسۆن ١٨٨٩ — ١٨٨٩

لوی مۆرتۆن

٢٤- گروور كليفلەند ١٨٩٣ — ١٨٩٧

ئەدلای ئستیڤنسۆن

٢٥- ويليام مەك كینلی ١٨٩٧ — ١٩٠١

گارت هوبارت

تیۆدۆر رۆزڤێلت

٢٦- تیۆدۆر رۆزڤێلت ١٩٠١ - ١٩٠٩

چارلز فیر بنکس

٢٧- ویلیام تافت ١٩٠٩ - ١٩١٣

جیمز شرمەن

٢٨- ڤدرۆ ویلسۆن ١٩١٣ — ١٩٢١

توماس مارشاڵ

٢٩- ڤارن هاردینگ ١٩٢١ — ١٩٢٣

کالوین کۆلیج

٣٠- کالوین کۆلیج ١٩٢١ — ١٩٢٩

چارلز داوز

٣١- هربرت هوور ١٩٢٩ - ١٩٣٣

چارلز کرتیس

٣٢- فرانکلین رۆزفلت ١٩٣٣ — ١٩٤٥

جۆن گارگانەر

هێنری ڤالاس هەری ترومن

٣٣- هەری ترومن ١٩٤٤ - ١٩٥٣

ئامن بارکلی

٣٤- دوایت ئایزنهاوەر ١٩٥٣ — ١٩٦٣

ریچاردنیکسۆن

٣٥- جۆن کنەدی ١٩٦١ — ١٩٦٣

لینرۆن جانسۆن

٣٦- لینرۆن جانسۆن ١٩٦٣ — ١٩٦٣

هوبرت هنفری

٣٧- ریچاردنیکسۆن ١٩٦٩ — ١٩٧٧

ئسپرۆ ئاگونیو

جرالد فۆرد

٣٨- جرالد فۆرد

جۆن راکفلەر

٣٩- جیمی کارتەر ١٩٧٧

ڤالتەر ماندل

٤٠- رۆنالد ریگان

٤١- جورج بۆش (باوک)

٤٢- بیل کلنتون

٤٣- جورج بۆش (کور)

٤٤- دیک چینی.

پەراوێزە ئینگلیزییەکان

Aaron, Daniel. Men of Good Hope. New York, 1951.

Aaron, Daniel; Hofstadter, Richard; and Miller, William. The Structure of American History. 2nd ed., Englewood Cliffe, N. J., 1974.

Adams, Henry. The Education of Henry Adams. 3rd ed., Boston, 1961.

Alperovitz, Gar. Atomic Diplomacy. New York, 1965.

Andrews, C. M. The Colonial Period of American History. 4 vols, New York, 1934-38.

Arnold, Matthew. Civilization in The United States. Boston, [illegible].

Arnold, Thurman. The Folklore of Capitalism. New Haven, 1937.

Bailyn, Bernard. The Ideological Origins of The American Revolution. Cambridge, Mass., 1973.

----------------. The Origin of American Politics. New-York, 1968.

Banner, James M., Jr; Bernstein, Barton; and Hackney, Sheldon. eds., Understanding The American Experience. 2 vols., New York, 1973.

Beard, Charles. An Economic Interpretation of The Constitution. rev. ed., New York, 1962.

Beard, Charles and Mary. The Rise of American Civilization. 2 vols., New York, 1927.

Bell, Daniel. The Coming of Post Industrial Society. New York, 1973.

-----------. ed., The Radical Right. New York, 1962.

Bellamy, Edward. Looking Backward. New York, 1888.

Blum, John M. et al. eds. The National Experience. 3rd ed., New York, 1973.

Boorstin,Daniel. The Americans. 2 vols., New York, 1953.

---------------.The Genius of American Politics.Chicago, 1953.

Borden,Martin. ed., America's Eleven Greatest Presidents. Chicago, 1971.

Boyd, Maurice; and Worcester D. American Civilization. 2nd ed., Boston, 1969.

Brogan, D. W. The American Character. New York, 1944.

Bryce, James. The American Commonwealth. 3rd ed.,2 vols., New York, 1901.

Chafe, William. The American Woman. New York, 1972.

Commager, Henry Steele. The American Mind. New Haven, 1950.

--------------------- and Nevins, Allen. A Short History of The United States. 5th ed., New York, 1966.

Cooke, Alistair. A Generation on Trial. New York, 1950.

Corey, Lewis. The House of Morgan. New York, 1930.

Curti, Merle. Growth of American Thought. New York,1943.

Daly, Charles, ed. Urban Violence. Chicago, 1969.

Davis, Allen F. Spearheads for Reform. New York, 1965.

--------------. and Woodman H. Conflict and Consensus in American History. 2 vols. 4th ed., Lexinton,Mass., 1976.

Davis, David Brion. The Problem of Slavery in The Age of Revolution 1770-1823. Ithaca, 1975.

-----------------. The Problem of Slavery in Western

Culture. Ithaca, 1966.

Degler, Carl. Out of Our Past. Rev. ed., New York, 1970.

-----------. et al. The Democratic Experience. 3rd ed., Glenview, Ill., 1973.

Diggins, John P. The American Left in The Twentieth Century. New York, 1973.

Dickens, Charles. American Notes. London, 1842.

Fine, Sidney, Brown G., eds. The American Past. 2 vols., New York, 1970.

Fitzgerald, Frances. Fire in The Lake. New York, 1972.

Flexner, Eleonor. Century of Struggle. Cambridge, Mass., 1959.

Foner, Eric. Tom Paine and Revolutionary America.Oxford, 1977.

Franklin, John Hope. From Slavery To Freedom. 3rd ed., New York, 1967.

Friedan, Betty. The Feminine Mystique. New York, 1963.

Friedel,Frank. The New Deal in Historical Perspective. Washington D. C . , 1953.

Gaddis, John Lewis. The United States and The Origin of The Cold War, 1941-47. New York. 1972.

Galbraith, John Kenneth. The Affluent Society. Boston, 1958.

---------------------. The Great Crash, 1929.New York, 1953.

Genovese, Eugene D. The Political Economy of Slavery. New York, 1967.

-----------------. Roll Jordan Roll, The World Slaves

Made. New York, 1976.

-------------. The World The Slaveholders Made. New York, 1971.

Glazer, Nathan, Moynihan D. P. Beyond The Melting Pot. Cambridge, Mass., 1963.

Goldman, Eric. Rendezvous With Destiny. New York, 1952.

Goodwin, Richard. The American Condition.New York,1975.

Graham, Otis L., Jr.ed; Perspectives on 20th Century America. New York, 1973.

Griffith, Robert. The Politics of Fear. New York, 1970.

Halberstam, David. The Best and The Brightest. New York, 1972.

Handlin, Oscar. The Uprooted. 2nd ed., Boston, 1973.

--------------. ed. This Was America. New York, 1964.

Hartz, Louis. The Liberal Tradition in America. New York, 1955.

Higham, John. Strangers in The Land. New York, 1955.

Hofstadter, Richard. Age of Reform. New York, 1956.

------------------. American Political Tradition.New ed., New York, 1973.

-------------------. "Turner and The Frontier Myth". American Scholar, XVIII (Fall, 1949), 433-43.

Hoopes, Townsend. The Devil and John Foster Dulles. Boston, 1973.

Josephson, Matthew. The Robber Barons. New York, 1934.

Kennan, George F. American Diplomacy,1900-1950.Chicago. 1953.

Kolko, Gabriel. Main Currents in Modern American His-

tory. New York, 1976.

----------.The Triumph of Conservatism: A Reinterpretation of American History 1900-1916. New York, 1963.

Labaree, Leonard W. Conservatism in Early American History. 6th ed., Ithaca, 1972.

LaFeber, Walter. The New Empire. Ithaca, 1971.

Laski, Harold J. The American Democracy. New York,1948.

Lasch, Christopher. The New Radicalism in America. New-York, 1965.

-----------------. The World of Nations. New York, 1974.

Lerner, Max. America as a Civilization. Vol. 1, 10th ed., New York, 1957.

Leuchtenburg, William. Franklin D. Roosevelt And The New Deal 1932-1940. New York, 1963.

--------------------. ed., The Unfinished Century: America Since 1900. Boston, 1973.

Link, Arthur. Wilson The Diplomatist. Baltimore, 1957.

Lukacs, John. A New History of The Cold War. New York, 1966.

Lynd, Robert and Helen. Middletown: A Study in Modern American Culture. New York, 1929.

May, Ernest R. The World War and American Isolation 1914-1917. Cambridge, Mass., 1959.

May. Henry. The Enlightenment in America. Oxford, 1976.

Mead, Margaret. And Keep Your Powder Dry: An Anthropologist Looks At America. New York, 1942.

Miller, J. C. The Federalist Era. New York, 1960.

Miller, Perry. Errand Into The Wilderness. Cambridge,

Mass, 1956.

-------------. The New England Mind: The Seventeenth Century. Cambridge, Mass., 1953.

Miller, William. A New History of The United States. 3rd ed., New York, 1968.

Moore, Laurence. ed., The Emergence of An American Left: Civil War To WWI. Ithaca, 1973.

Morgan, Edmund S. The Birth of The Republic. Chicago, 1956.

O'Neill, W., and Gardner L. Looking Backward, A Reintroduction to American History. New York, 1974.

Parrington, Vernon. Main Currents in American Thought. 3 vols., New York, 1927.

Patterson, James T. America in The Twentieth Century. New York, 1976.

Perkins, Frances. The Roosevelt I Knew. New York, 1946.

Perlman, Selig. A Theory of The Labor Movement. New York, 1956.

Perry, Ralph Barton. Characteristically American. Boston, 1949.

Peterson, Merrill. Thomas Jefferson and The New Nation: A Biography. New York, 1970.

Pierson, George. Tocqueville and Beaumont in America. New York, 1938.

Potter, David M. People of Plenty. Chicago, 1954.

Reich, Charles A. The Greening of America. New York, 1970.

Reies, David. Korea: The Limited War. New York, 1964.

Report of The National Advisory Commission on Civil Dis-

order. Otto Kerner, Chairman. Washington, D.C. 1968.
Riesman, David. The Lonely Crowd: a Study of The Changing American Character. New Haven, 1950.
Rossiter, Clinton. The American Presidency. New York, 1956.
Ryan, Mary P. Womanhood in America. New York, 1975.
Schlesinger, Arthur M., Jr. Age of Jackson. Boston,1945.
------------------------. A Thousand Days: John F. Kennedy in The White House. New York, 1965.
------------------------. The Vital Center. New York, 1962.
-------------------------. "Origins of The Cold War", Foreign Affairs, XLVI, (Oct., 1957),22-52.
Shannon, William V. "Eisenhower As President: A Critical Appraisal of The Record", Commentary, XXV, (Nov., 1958) 380-98.
Spanier, John. American Foreign Policy Since World War 11. 6th ed., New York, 1973.
Stampp, Kenneth. The Peculiar Institution. New York,1956.
Therstrom. Stephan. Poverty and Progress. Cambridge, Mass., 1964.
Tocqueville, Alexis, de .Democracy in America. 2 vols, New York, 1954.
Turner, Fredric Jackson, The Frontier in American History. New York, 1920.
Ulam, Adams. The Rivals: America and Russia Since WW11. New York, 1971.
Welter, Barbara. The Woman Question in American History.

Hillsdale, Ill., 1973.

White, Morton. Social Thought in America. New York,. 1949.

Williams, William Appleman. the Roots of the Modern American Empire. New York, 1970.

-------------------------. the tragedy of American Diplomacy. New York, 1972.

Woodward C. Van. ed., The Comparative Approach To American History. New York, 1968.

---------------. Strange Career of Jim Crow. 2nd rev. ed., New York, 1966.

Zinn, Howard. ed., New Deal Thought. Indianapolis, 1966.

تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

سەرەتای دۆزینەوەی ئەمریکا لەلایەن گەشتیارە ئەورووپییەکانی وەک کریستۆف کۆلۆمبز، دواتر کۆچکردن و نیشتەجێبوونی بەلێشاوی خەڵکە ئەورووپییەکانی لێکەوتەوە، بەرەو ئەم سەرزەوییە پان و بەرینە، جگە لە پەیداکردنی سەروەت و سامان و بەرژەوەندی، هەڵگری کۆمەڵێک بیر و بۆچوون و ئایدیای نوێ و جیاواز بوون و توانیان بە تێپەڕبوونی کات و زیادکردنی ژمارەی دانیشتووانی و قەتلوعامکردنە ئەنیقەکانی (سوورپێستەکان) و پەیڕەوکردنی سیستەمی کۆمەڵایەتی، شوێن پێی خۆیان بۆ بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانیان پتەو کرد. بەم شێوەیە و بە داڕشتنی کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای دیاریکراو و بەکارهێنانی عەقڵ و زیری و بە پشت بەستن بە ئایدیاکانی دەرەوە، دواتر سەقامگیریی ئابووری و سیاسی و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی لێکەوتەوە و بناغەی کۆمارێکی تازەبونیادیان داڕشت.

بنکەی توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی
موکریانی
MUKIRYANI
Establishment for Research & Publication